# کۆلانی میدەق

**ڕۆمانی : نەجیب مەحفوز**

**وەرگێڕانی : حەمە کەریم عارف**

پێشکەشە بە :

مامۆستای دڵپاک و هەقبێژ ، سۆفی تەبیعەت و بێ منەت لە تەماحی دنیا ، یاخی لە هەر ڕامبوونێکی ئایدۆلۆژی ، مامۆستا ئەحمەد مەمەند بابەکر میراودەلی .

حەمە کەریم عارف

پیاوێک لە بارانی وشەی بەردەوام!

(شێرکۆ بێکەس)

ئەو وەختەی بە عشقەوە ئەنووسیت وئەبیتە هاودەمی زمانی بەخشین وداهێنان. ئەو کاتەی هەموو ژیانت ئەدەیتە دەست قەڵەم وئەبیت بە پەروانەی دەوری وشە وچرای کتێب ورستەیەکی جوان. تۆ ئیتر لەوە دەرئەچی بە تەنها بۆ خۆت بژیت وتۆ ئیتر تەمەنت ئەبێ بە تەمەنی گەڵاوگوڵی خۆشەویستی وژیانت بە ژیانی میللەتێک وتێکەڵ بە ئایندە ئەبی ولەگەڵ باراندا ئەباریت ولەگەڵ هەتاودا هەتاو!

حەمەکەریم عارف

پیاوێک لە شەونخونی و

لە ڕێژنەی وشەو

خۆشنەکردنەوەی قەڵەم و

پەنجەرەیەک بۆ خەمی کەسک و

گزنگی بەیان.

حەمەکەریم عارف

ژێ یەک بۆ خۆشەویستی ئەبەدی

ئەدەب وچاوی مرۆڤایەتی و

گۆرانیی هەمیشە پاراوی

گەرووی ژیان!

هەشتا ئەستێرەی کتێب لەو تەمەنەدا

هەشتا جۆگەی روون لەو دارستانەدا.

هەشتا فڕین لەو ئاسمانە زیوینەدا.

هەشتا ماچی منیش لەم نووسینەدا!

ئەمشەو بە تەنها خۆم لەسەر مێزەکەم

ئەم مۆمی رێزلێنانەم بۆ ئەو عاشقە داگیرسان!

بە تەنها خۆم وچەند دێڕە شیعرێکی جاویدان.

بە تەنها خۆم وپەپوولەیەکی غەمگین و

چەند کاغەزێکی سپی چاوەڕوان.

بە تەنها خۆم کەوتمە هەڵدانەوەی

لاپەڕەی چاو بەشەونمی ئەو مێرگەو

خوێندنەوەی هەناسەکانی ئەو گۆمەو

گێڕانەوەی حیکایەتی باڵندەیەکی

دەنگ زامدار!
بە تەنها خۆم، نە حەمەکەریم خۆی زانی و
نە رۆژنامەیەک ونە گۆڤارێک و
نە شەقامێکی کەرکوک ونە مەقامێکی
عەلی مەردان، تەنها هەر خۆم ومێزەکەم
کەسی تر نا.
کەرکوکییەک
پڕ پڕ لە کوردستان و
لێوانلێو لە جیهان!
کەرکوکییەک
هەموو دنیا دێنێتە ناو ئەم پەیڤەوەو
پەیڤیش ئەبێ بە گوڵی سان.
لە دنیاوە
چەندین دەریاچەی ڕۆمانی
ڕژانە ناو ئەم وڵاتی زمانەوە.
چەندین نزاری چیرۆکی
هێنایە ناو ئەم رووبەری زمانەوە.
چەندین ئاوێنەی دیرۆکی
بە دەوونماندا هەڵواسی.
کەرکوکییەک
باخی نووسی و
کێڵگەی نووسی و ڕانەوەستا!
کەرکوکییەک..
خۆرەتاوی ناو جیهانی بۆ وەرگێڕاین
مانگە شەوی بۆ وەرگێڕاین
عەشقی گەورەی ئەفراندنی بۆ وەرگێڕاین
ئەلبێر کامۆ. ئەلکساندەر فەدایەف. هیرب میدۆ. قاسمۆف. کازانتزاکیس. چیخۆف. گوینتەر دیشنەر. فنسنت ڤان گۆگ. مالرۆ. شەکسپیر. م.گۆرکی. هۆمیرۆس. چرنیشفسکی. چایکۆفسکی. ئیدگار ئالان پۆ. جاک لەندەن. گۆگۆل. سیرۆس پرهام. بلیخانۆف. کریس کۆچرا. مەهدی حسێن. سابت رەحمان. ئەحمەد مەحموود. سەمەدی بیهرەنگی. عەزیز شەریف. نەجەف قولی پسیان. ئەشرەفی دیهقانی. مەسعود ئەحمەدزادە. گەوهەر مراد. یەڵماز گونای..چەندین وچەندین کەژو دەریاچەو دەشت و رووباری تریش...

له سی وپێنجساڵیدا هەشتا چراوگی
بە ژوورەکانی ئەم زمانەدا هەڵواسی.
له سی وپێنج ساڵیدا..هەشتا رێگای تازەی
لەم نەخشەیەدا کردەوە
هەشتا تۆوی گوڵی شەست پەڕ
هەشتا پەیژە،هەشتا شەبەنگ و
هەشتا تابلۆ
لەم زمانەدا...ئەم گەرووی چریکانە دەگمەنن.
لەم رەنگانەدا..ئەم تۆنی دەنگانە دەگمەنن.
لەم هەورانەدا..ئەم بارینانە دەگمەنن.
لەم دەغڵانەدا..ئەم گوڵە گەنمانە دەگمەنن.
من ئەمشەو تەنیا هەر خۆم وچەند شیعرێ
ئەم چرای رێزلێنانە لە سەر مێزەکەم دائەگیرسێنم.
بۆ کەرکوکییەک کە سەر رێژە لە وشەو
کە لێوانلێوە لە خۆرەتاو..سڵاو ئەی بارانە
جوانەکەی زمانی کوردی.سڵاو ئەی
کەرکوکی خۆشەویست!سڵاو!

سلەیمانی ٢٠٠٩/٧/١٥

ئەدەب وهونەر/ ژمارە (٦٤٣)/ پێنجشەممە/٢٠٠٩/٧/٢٣

زۆر بەڵگە هەن کە شایەدی ئەوە دەدەن کۆڵانی میدەق لە جوملەی توحفە کۆنەکانی سەردەمانی کۆن بووە و ڕۆژانێک لە مێژووی قاهیرەی سەرفرازدا وەکو گەوهەری نایاب درەوشاوەتەوە . کام قاهیرەم مەبەستە ؟ ... قاهیرەی فاتمیان ؟ ... مەمالیک ؟ سوڵتانان ؟ هەرخودا خۆی و کەوناراناسان عیلیمیان بەمە هەیە . بەڵام بەهەر حاڵ ، شوێنەوارە و ، شوێنەوارێکی دەگمەن و پڕبەهایە . بۆدەگمەن وبەهادار نەبێت ؟ ڕێگا سەلبەند و بەردڕێژەکەی ڕاستەوخۆ بۆ سەنادقیە ، بۆ ئەو پێچە مێژووییە دادەگەڕێ، بۆ چاخانەکەی ، کەبە چاخانەی کەرشە بەنێوبانگە ، دادەگەڕێ . دیوارەکانی ئەم چاخانەیە لە چەپۆکی ڕۆژگار نەخەلەسیوە ولە زۆر لاوە داڕووخاوە ، بەڵام هێشتا نەخش ونیگاری جوانی ئەرابێسکی پێوە ماوە وبۆن وبەرامەی حەکیمی و پزیشکگەری زەمانی کۆنی لێدێت ... !

ئەم کۆڵانە هەرچەندە پشتی کردووەتە دنیای دەوروبەری و گۆشەگیری هەڵبژاردووە ، بەڵام وێڕای ئەوەش ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و ، ژیانێک کە ڕەگی لە قوڵایی ژیاندایە و زۆر ڕازو نەهێنی دنیای ئاڵۆزی لە سینگی خۆیدا پاراستووە .

❊❊❊

هەتاو بەرەو ئاوابوون دەچوو ، خەرمانەی تاریکی ئاسۆی خۆرئاوا خەریک بوو لە کۆڵانی میدەق دەئالا . دیوارەکان کە هاماجی ( فەزا ) کۆڵانەکەیان لە سێ لاوە تەڵەئاسا دەورە دابوو ، تاریکیەکەیان زیاتردەکرد . دەرگایەک لە سەنادقیەوە بەسەر کۆڵانەکەدا دەکرێتەوە ، پاشان هەورازێکی ناڕێک و پێک تا ناو کۆڵانەکە بەردەوام دەبێت . بەرێکی کۆڵانەکە دووکانێک و قاوەخانەیەک ونانەواخانەیەکە ، بەرەکەی تری دووکانێک و کاروانسەرایەکە ، پاشان زۆر زوو — وەکو چۆن شکۆ وجەلالی ڕابردووی کۆتایی هات — بە دوو بینای دیوار بە دیوارەوە ، کە هەر یەکێکیان لە سێ نهۆم پێکهاتووە ، کۆتایی دێت .

نەبزی ژیانی ڕۆژانە لە لێدان کەوت و ژیانی شەوانە بەرە بەرە دەستی پێکرد ، ئیدی سرتەیەک لێرەو ورتەیەک لەوێ : ئەی خۆدا ، ئەی پشت وپەنا . ئەی ڕازق و بەخشندە . ئاخر خێرمان بکە . هەموو شتێک بە دەستی خۆیەتی . جەماعەت ئێوارەتان باش . فەرموون ئیدی شەوە . با لە خزمەتتاندابین . هاپۆ کامیل ڕابە ودوکان دابخە . ئەهای سەنقەر ئاوی نێرگەلەکە بگۆڕە . جەعدە تەنوورەکە بکوژێنەوە . دڵم پڕە ، هەرچەندە پێنج دانە ساڵە ، تاڵاوی بەڵاو نەگبەتی دەچێژین ، بەڵام هەمووی خەتای خۆمانە ، خۆمان بە نەعلەت بین .

دووکانەکەی هاپۆ کامیلی بەسبوسە فرۆش ( جۆرە کێک و شیرینیەکە ) کە لە دەستی ڕاستی دەروازەی کۆڵانەکەدایە و دەلاکخانەکەی حلو کە لە دەستی چەپی دەروازەی کۆڵانەکەدایە ، بە ماوەیەکی کەم دوای خۆرئاوا ،

ئەوسا دادەخرێن . هاپۆ کامیل عادەتی وایە ــ حەقی خۆیەتی — لە بەر دووکانەکەیدا ، لە سەر کورسییەک دادەنیشێت و مێشکوژەکەی لە باوەشیا دادەنێ و خەو دەیباتەوە . ئیدی مەگەر مشتەرییەک گازی بکات ، یا عەباس حلو سەربکاتە سەری و خەبەری بێتەوە . خەرمانە گۆشتێکە لەو گۆڕە ، کە لاقی لە ژێر دزداشەکەیەوە دەردەکەون ، لە تۆوایە دوو مەشکەن . سمت و کەفەڵی لە دواوە لە باڵۆنێک دەچێت کە چەقەکەی لەسەر کورسی بێ و دەوراندەورەکەی لە هەوادا لە مولەقدابێ . ورگی بەقەد بەرمیلێکە ، مەمکەکانی هەموو سینگ و بەرۆکیان داگیرکردووە . ملی دیارنییە . ڕوخسار و دەمو چاوێکی خڕی ئاوساوی پڕخوێن لە بەینی هەردوو شانیەوە قوت بووەتەوە و لە بەر قەڵەوی هێڵەکانی ڕوخسار وسیمای دیارنییە ، ئیدی نە هێڵێک ، نە نیشانەیەک ، نە کەپوو و نەچاو ، بە پانتایی ڕوخسارییەوە نابینی ، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە سەرێکی ڕووتاوەی چکۆلە دەبینرێ ، کە لە ڕەنگە سپی و سوورەکەی دەم و چاوی جیا ناکرێتەوە . بەردەوام هانکە هانک وپرخە پرخیەتی . لە تۆ وایە مەودایەکی زۆری بە غاردان بڕیوە . هێشتا لە فرۆشتنی پارچە بەسبوسەیەک نەبووەتەوە ، کە خێرا خەو دایدەگرێتەوە . زۆرجار پێیان گوتووە : لە ناکاوا دەمرێت ، غەز و بەز گوشار دەخاتە سەردڵت و دەتکوژێ . خۆشی هەمان قسەی خەڵکەکەی دەگوتەوە . بەڵام چ قەیدیە با بمرێ ، هەموو ژیانی خەوتنە ! بەردەوام خەوتووە !

دەلاکخانەکەی حلو ، دووکانێکی چکۆلەیە ، لە دووکانە جوانەکانی کۆڵانەکەیە . جگە لە ئامێر و ئەوزارێن پیشەکەی ، دوو ئاوێنە و کورسییەکی تیایە . خاوەنەکەی پیاوێکی ڕەنگزەردی دەستە باڵای مەیلەقەڵەوی ، دەم وچاو هێلکەیی و چاو درشتە ، قژە خاوەکەی مایلە بەلای زەردا و ، کابرایەکی گەنم ڕەنگە ، قات لەبەر دەکات ، بە چاولێکەری گەورە وەستایان ، بەرکۆشە لەبەر دەکات !

ئەم دوانە ، دووکانیان داناخەن تا دەرگاکانی کاروانسەرا و فرۆشگا گەورەکەی تەنیشت دەلاکخانەکە دادەخرێن و کرێکارەکانی دەڕۆن و دوا کەس کە لەوێ دەڕوات ، خاوەنی کاروانسەراکە جەنابی سەلیم عەلوانە ، بە خۆ و جبە و عەباکەیەوە ، هێدی هێدی بەرەو ئەو گالیسکەیە دەڕوات کە لەبەر دەرگای کۆڵانەکە چاوەڕوانی دەکات ، بەو پەڕی ویقارەوە سەردەکەوێت ، لە پێشا سمێڵە زل و چەرکەسیەکەی دەباتە سەرەوە و پاشان کەلەشە گۆشتنەکەی کورسییەکە پڕدەکاتەوە . عەرەبانەچییەکە بەپێ زەنگەکە لێدەدا و ئیدی گالیسکە تاک ئەسپییەکە ، لە ( غوریە ) وە بەرەو حلمیە نشێو دەبێتەوە . دوو خانووەکەی پێشەوە ، لە تاو سەرما پەنجەرەکانیان داخستووە . ڕووناکی گڵۆپەکانیان لە درزی پەنجەرەکانەوە دەڕژێتە دەرەوە . ئەگەر گڵۆپی قاوەخانەکەی کەرشە ، کە مێش ومەگەز بە سەر تەلەکانیەوە هێلانەیان کردبوو ، ئەو ناوەی ڕووناک نەکردباوە و ئەگەر شەو بێداران بۆ ئەوێندەر نەچووبان ، ئەوا کۆڵانەکە لە تاریکیدا نقووم دەبوو . قاوەخانەکە ژوورێکی چوارگۆشەیە . دیوارەکانی ، وێڕای کۆنیان ، بە نەخش ونیگاری ئەرابیسک ڕازابووەوە . هەموو شکۆ وجەلالێکی ئەم چاخانەیە (قاوەخانە) تەنیا مێژووەکەی و چەند

تەختێکە کە لە دەوراندەوری ڕیزکراون . کرێکارێک خەریک بوو لە دەروازەی چاخانەکەدا ، ڕادیۆیەکی نیوە عەمری لە سەر ڕەفەیەک دادەنا . چەند نەفەرێکی کەمی ئەنگوست ژمار لە سەر تەختەکان ڕونیشتبوون و نێرگەلەیان دەکێشا و چایان دەخواردەوە . لە نزیکی دەرگای چاخانەکەوە ، کابرایەک ، چوارمشقی لە سەر تەختێک دانیشتبوو کە تەمەنی پەنجا ساڵ دەبوو ، ئەمە دیزداشەیەکی یەخەداری لەبەر کرد بوو وەکو ئەفەندییان بۆینباخی بەستبوو ، عەینەکێکی زێرینی کردبووە چاوە پرووشەکانی ، قاپقاپەکانی داکەندبوو و لە سەر ئەرزەکە و لە شوێنی پێیەکانی دانابوو ، وەکو پەیکەرێک بێ جووڵە دانیشتبوو ، وەکو مردووان بێدەنگ و بێئەوەی ئاوڕ بەهیچ لایەکدا بداتەوە ، دەتگوت لەم دنیایەدا بە تاقی تەنیایە . پاشان پیرەمێردێکی شڕو شەپرێو بۆ چاخانەکە هات ، کە ڕۆژگار داری بەسەر بەردەوە نەهێڵابوو ، ساغی لە ئازایدا نەبوو . کوڕیژگەیەک ، بە دەستی چەپ بکێشی دەکرد و کتێبێک و ڕەبابەیەک بە بن هەنگڵی ڕاستیەوە بوو . کابرای پیرەمێرد سڵاوی لە ئامادە بوان کرد . بلەز بەرەو تەختێک چوو کە لە ناوەندی چاخانەکە و لە ڕیزی پێشەوە بوو . کوڕیژگەکە یارمەتی دا تا دانیشێت و ئەوسا خۆی لە تەنیشتییەوە دانیشت ، ڕەبابە و کتێبەکەی لە نێوان هەردووکیاندا دانا . کابرای پیرەمێرد کەوتە خۆ ئامادەکردن ، تەمەشای سەرو سیمای ئامادەبووانی دەکرد ، دەتگوت کاریگەری ئامادەبوونی خۆی لە ڕوخساری ئەواندا تاقیب دەکرد ، ئەوجا چاوە سیس و کز و ئاوساوەکانی بڕییە سەنقەری ، شاگرد چایچییەکە ، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کرد هەستیکرد ، یارۆی شاگرد بە ئانقەست فەرامۆشی دەکات ، بێدەنگییەکەی شکاند و بەدەنگێکی زبر گوتی :

—__ ئەهای سەنقەر ... چای ! ...

سەنقەر بە ئاستەم لای لێکردەوە ، سووکە هەڵوێستەیەکی کرد و پاشان بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات ، داواکەی فەرامۆشکرد و پشتی تێکرد . یارۆی پیرەمێرد ، هەستی بە سارد و سڕی و فەرامۆشکاری شاگردەکە کرد ، هەڵبەتە جگە لەمە پێشبینی هیچی لێنەدەکرد ، بەڵام کۆمەکی ئاسمانی فریای کەوت ، ڕێک لەو ساتەدا ، پیاوێک بە سەراهات کە گوێی لە گلەیی پیرەمێردەکە بوو بوو و بەچاوی خۆی فەرامۆشکاری شاگردەکەی بینی بوو و بە زمانی ئەمر کردنەوە بە شاگردەکەی گوت : __ ئەهای کوڕۆ ، چای بۆ جەنابی بەیت بێژ بێنە .

یارۆی بەیتبێژ ، بە منەتبارییەوە ڕوانییە کاورای تازە هاتگ و بەزمانێکی گازندە ئامێزەوە گوتی :

—__ مەمنوونم دکتۆر بوشی ...

دوکتۆر سڵاوی لێکرد و لە نزیکییەوە دانیشت . دوکتۆر دیزداشەی لەبەر وکڵاوی لە سەر و قاپقاپی لە پێدابوو ! ئەم پیاوە دوکتوری ددان بوو . بەڵام ئەم کار و پێشەیە لە ژیانەوە فێر بوو بوو ، بە ئەزموون فێری بوو بوو ، نەچوو بووە هیچ زانستگەیەکی پزیشکی یان هیچ قوتابخانەیەکی دی . لە سەرەتادا بوو بوو بە شاگردی دکتۆرێکی

ددان له جه‌مالییه وئیدی ئه‌م پیشه‌یه فێر بوو بوو و به‌زیره‌كی خۆی تیایا قاڵ بووه‌وه ! پاشان له ڕێگه‌ی ڕه‌چه‌ته به سوده‌كانی خۆیه‌وه ناو و شۆره‌تی په‌یداكرد . دوكتۆر بوشی ، هه‌ڵكێشانی ددانی به ئاسانترین چاره‌سه‌ر و ده‌رمان ده‌زانی ، ئه‌گه‌رچی ئه‌م كاره له عیاده گه‌ڕۆكه‌كه‌ی ئه‌ودا ، زۆر به ئازاربوو ، به‌ڵام هه‌رزان ده‌كه‌وت . به یه‌ك قرش بۆ هه‌ژاران و به دوو قرش بۆ ده‌وڵه‌مه‌ندان ( هه‌ڵبه‌ته بۆ ده‌وڵه‌مه‌ندانی كۆڵانی میده‌ق ) . خۆ ئه‌گه‌ر ددانێك تووشی خوێنبه‌ربوون بوایه — كه ئه‌مه حاڵه‌تێكی كه‌م نه‌بوو — ده‌درا به‌ملی خوادا و خۆ ئه‌گه‌ر به سه‌لامه‌تیش ده‌رچووبا هه‌ر ده‌درایه پاڵ خودا ! ... دكتۆر تاقمێك ددانی زێڕی بۆ وه‌ستا كه‌رشه دروست كردبوو ، ته‌نیا به دوو جونه‌ی ، له‌وه زیاتری لێنه‌سه‌ندبوو . له كۆڵانه‌كه و گه‌ڕه‌كه‌كانی ده‌وروبه‌ردا به دوكتۆر ناو ده‌برا و ڕه‌نگه یه‌كه‌م دوكتۆر بووبێ كه عینوان و نازناوه‌كه‌ی له نه‌خۆشه‌كانیه‌وه وه‌رگرتبوو .

سه‌نقه‌ر له سه‌ر قسه‌ی دكتۆر چای بۆ به‌یتبێژی چاخانه‌كه هێنا ، كابرا په‌رداخه‌كه‌ی له ده‌می نزیك كرده‌وه وكه‌وته فوولێكردنی تا ساردی بكاته‌وه. چه‌ند فرێكی یه‌ك له دووی یه‌كی لێدا تا ته‌واوی كرد و ئه‌وسا په‌رداخه‌كه‌ی له‌لاوه دانا . ڕێك له‌و كاته‌دا ، به‌د ڕه‌فتاری شاگرد چایچییه‌كه‌ی وه‌بیر خۆی هێنایه‌وه و خێسه‌یه‌كی لێكرد و به تووڕه‌یی و له‌بن لێوانه‌وه گوتی :–_ بێ ئه‌ده‌ب ...

هه‌نگێ ڕه‌بابه‌كه‌ی هه‌ڵگرت ، ژێیه‌كانی تاقیكرده‌وه و كۆكی كرد و هه‌وڵیدا له نیگا تووڕه‌كانی سه‌نقه‌ری بپارێزێ و كه‌وته ژه‌نینی ئاهه‌نگێكی خۆش .

قاوه‌خانه‌كه‌ی كه‌رشه ، به درێژایی بیست ساڵی ته‌مه‌نی خۆی یا زیاتر ، هه‌موو شه‌وێك نه‌وای سازه‌كه‌ی ئه‌وی بیستبوو . پیره‌مێرد هاوكات ده‌گه‌ڵ ده‌نگی سازه‌كه‌دا ، جه‌سته لاوازه‌كه‌ی جووڵاند و كۆكه‌یه‌كی كرد ، تفێكی كرده عاردی و ناوی خوای لێهێنا و به ده‌نگێكی كز ده‌ستی پێكرد :

یه‌كه‌م كاری ئه‌مرۆمان سڵاواته له دیداری پێغه‌مبه‌ر . پێغه‌مبه‌ری هه‌ڵبژارده‌ی عه‌ره‌بی نه‌وه‌ی عه‌دنان . ئه‌بو سه‌عده‌ی زناتی ده‌ڵێت ...

ده‌نگێكی گڕ ، ئاوازه‌كه‌ی پێبڕی ، ده‌نگه‌كه ، ده‌نگی یارۆی چایچی بوو كه ڕێك له‌و كاته‌دا هاته ژووره‌وه و هاواری كرد :

_ وس ! ... به‌سه ئیدی ، ببیره‌وه ...

یارۆی به‌یتبێژ ، چاوه سیسه‌كانی له سه‌ر ڕه‌بابه‌كه هه‌ڵبڕی ، وه‌ستا كه‌رشه‌ی به باڵا درێژ ولاواز و ڕوخساره ڕه‌شتاڵه‌كه‌ی و چاوه لێڵ و خه‌واڵووه‌كانیه‌وه بینی ، حایر و حه‌په‌ساو چاوی تێبڕی ، بۆ ساتێك حه‌په‌سا ، پێده‌چوو

باوەڕ بە گوێی خۆی نەکات . لێبڕا خۆی لە شەڕی لابدات و بایدایەوە سەر سروودەکەی : –ـ ئەبو سەعدەی زناتی دەڵێت ...

بەڵام یارۆی چایچی بە ڕق وکینەوە هاواری بە سەردا کرد :

ـ چیە بە دەنگی بەرزتر دەیلێی ؟! تەواو ... تەواو ... بیبڕەوە ... ئەدی هەفتەی پێشوو ئاگادارم نەکردبوویتیەوە ؟

پەستی نیشتە سەر ڕوخساری یارۆی بەیتبێژ ، بە دەنگێکی گلەیی ئامێز گوتی :

ـ زۆر بە کەیفی ها ، کەست نەدۆزیوەتەوە پێ ڕابوێری من نەبێ ؟

چایچییەکە ، تووڕە بوو و بە دەنگێکی بەرز گوتی :

ـ مێشکی سەرم چوو ... خڵەفاوی ، قسەی بەلاش دەکەی ... من خۆم دەزانم چیم دەوێ ، پێتوایە ڕێگەت دەدەم لە چاخانەکەمدا بەیتبێژی بکەیت و پاشان بەو زمانە پیسەت قسەم پێ بڵێی ؟

یارۆی بەیتبێژ دایە باریکی و هەوڵیدا کابرای تووڕە و تڕۆ هێور بکاتەوە و بەزەیی و سۆزی بجوڵێنێ و گوتی : ـ ئەمە چایخانەی منیشە ، مەگەر بیست دانە ساڵ بەیتبێژی ئێرە نەبووم ؟

وەستا کەرشە ، لە پشت سەندووقی تکتەکانەوە دانیشتبوو و گوتی : ئێمە هەموو ئەم بەیت و چیرۆکانە دەزانین ، هەموویمان ئەزبەرە ، پێویست ناکات سەر لە نوێ گوێیان لێبگرین ، خەڵکی ئەم ڕۆژگارەی ئێمە حەز لە بەیت و بەیتبێژی ناکەن ، ڕادیۆیان لە من دەوێ . ئەوەتا وا ڕادیۆ دادەنەین ، وازمان لێبێنە ، خوا ڕزق و ڕۆزیت بدات . بۆ خۆت شوێنێکی دیکە پەیدا بکە ...

کابرای بەیتبێژ سەرو چاوی دا بە یەکا و بەوپەڕی کڵۆڵی و داماوی ئەوەی بیرکەوتەوە کە چاخانەکەی کەرشە ، دواچاخانە و لە ڕاستیدا دوا مەکۆ و ئەوزاری ڕزق و ڕۆزی ئەوە لەم دنیایەدا .

دوێنێ ، پێرێ چاخانەکەی قەلاش جوابیکرد . تەمەنێکی درێژ و ڕزقێکی بچڕ بچڕ ، چ بکات ؟ ڕاهێنان ومەشقدانی کوڕەکەی لە سەر ئەم پیشەیە ، کە تەواو کەساد بووە ، چ سوودێکی هەیە ؟ ئایندە چی بۆ حەشار داوە ... ئایندەی کوڕەکەی چۆن دەبێ ؟ نائومێدی زۆری بۆ هێنا و بە ڕوخسارییەوە دەرکەوت ، کە مکووڕی وجدیەتی بە ڕوخساری یارۆی چایچییەوە بینی بە داخ و کەسەرەوە گوتی : __ لە سەرخۆ وەستا کەرشە ... هێدی هێدی ... هیلالی (جۆرە بەیتێکە) تەڕی و تازەیی خۆی هەیە ، ناژاکێ و کۆن نابێت و ڕادیۆ هەرگیز جێی ناگرێتەوە .

بەڵام کەرشە لێبڕاوانە گوتی : ــ تۆ وا وێنادەکەی ، بەڵام مشتەرییەکان وێنایەکی دیکەیان هەیە . ماڵم وێران مەکە . هەموو شتێک گۆڕاوە !

یارۆی بەیتبێژ بە نائومێدییەوە گوتی : ــ مەگەر خەڵکی لە زەمانی پەیغەمبەرەوە ، درووەدی خوای لێ بێ ، بە دڵ و بە گیان گوێیان لەم بەیت و چیرۆکانە نەگرتووە ؟

کەرشە بە توندی کێشای بە سەندووقی تیکتەکاندا و هاواری بە سەردا کرد :

ــ گوتم هەموو شتێک گۆڕاوە !

لەم کاتەدا ، بۆ یەکەمجار ، ئەو پیاوە سەرگەردان و بێ جووڵەیەی کە دیزداشەیەکی یەخەداری لەبەر و بۆینباخی بەستبوو و عەینەکێکی زێڕینی لە چاو کردبوو ، نیگای بڕییە میچی چاخانەکە و ئاهێکی وەهای هەڵکێشا ، کە ئامادەبووان وایان هەست کرد کابرا پارچەیەک لە جگەری هەڵهێنایەوە ، بە دەنگێکی وێرد ئامێزەوە گوتی :

ــ ئاه هەموو شتێ گۆڕاوە ... بەڵێ هەموو شتێ گۆڕاوە خانمەکەی من ! هەموو شتێک گۆڕاوە تەنیا دڵی من نەبێ کە بە ئەشقی ئەهلی بەیت ئاوەدانە ...

هەنگێ سەری لە بەر خۆنا و بەحەرەکەیەک کە بەرەبەرە خاو دەبووەوە ، بە ڕاست و بە چەپدا بای دا ، تا گەڕایەوە سەرهەمان بێ جووڵەیی و خامۆشی جاران و لە بێخودی خۆیدا نقووم بوو . چ کەسێک لەوانەی کە بە حاڵیان دەزانی ، ئاوڕی لێنەدایەوە . تەنیا یارۆی بەیتبێژ نەبێ کە لە فریاڕەسێک دەگەڕا ، بە دەنگێکی پاڕانەوە ئامێزەوە لێی پرسی :

ــ شێخ دەروێش تۆ بەمە ڕازیت ؟

بەڵام شێخ کە هێشتا لە بێخودی خۆیدا بوو ، هیچی نەگوت ، زاری لە بەر یەک هەڵنەهێنا . ڕێک لەم کاتەدا کەسێکی تازە هات کە هەموو ئامادەبووان بەڕێز وخۆشەویستییەوە چاویان تێبڕی و زۆر بە گەرم وگوڕی سڵاوەکەیان سەندەوە . ئەم تازە هاتگە جەنابی سەید ڕەزاون حوسەینی بوو ، پیاوێک بوو بەسام و هەیبەت ، باڵابەرز و ناوشان پان ، عەبایەکی ڕەشی پان و پۆڕی بە شانیا دابوو ، دەموچاوی پان و سوور و سپی ، ڕدێنێکی شەرابی بەردابووەوە ، نوور لە ڕوخساری دەباری و جوامێری و لێبوردەیی و ئیمانی دەنواند . سەری دانەواندبوو و بە کاوەخۆ دەهات ، بزەیەک نیشتبووە سەر لێوی کە خۆشەویستی خەڵک و خواو هەموو بوونی دەنواند . لە شوێنی هەمیشەیی خۆی ، کە تەختەکەی ئەولای یارۆی بەیتبێژ بوو ، دانیشت . بەیتبێژەکە خێرهاتنی کرد و زۆر زوو گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوە و سەیدیش بە کەماڵی ئارەزوو گوێی بۆ ڕادێرا بوو و زۆر چاک دەیزانی کە نیگەرانی چییە ،

چەندین جار هەوڵی دابوو وەستا کەرشە لە بڕیاری جوابکردنی یارۆی بەیتبێژ ژێوان بکاتەوە ، بەڵام بێهودە . کاتێ یارۆی بەیتبێژ داخی دڵی خۆی بۆ هەڵڕشت ، ئەو کەوتە دڵدانەوەی و بەڵێنی دایێ کە کارێک بۆ کوڕەکەی بدۆزێتەوە کە پێی بژی . هەنگێ دوور لە چاوی خەڵی ، پارەیەکی خستە دەستی کابرای بەیتبێژەوە و بە گوێیدا چپاند : " ئێمە هەموومان ، لە ئادەمین ، ئەگەر هەر پێویستییەکت هەبوو ، بە برای خۆت بڵێ ، ڕۆزی ڕۆزی خودایە و بەخشەندەیی هەر لە خۆی دەوەشێتەوە " ڕوخساری سەید دوای ئەوقسانە هێندەی دی گەشایەوە . حاڵەتی بابایەکی جوامێر و بەخشندەی هەبوو کە چاکەی بەلاوە گرینگە و چاکە دەکات و بەو چاکەکارییە شادمانی دروست دەکات و جوانی دەئافەرێنێ . هەمیشە تاسەمەندی ئەوە بوو کە هیچ ڕۆژێکی ژیانی بەبێ چاکە نەگوزەرێ و هیچ کەسێک بە نائومێدی لەبەردەرگایماڵەکەی نەگەڕێتەوە . ئەوەندە جوامێر وبەخشەندە و دەست و دڵ کراوە بوو ، کە زۆر دەوڵەمەند و زەنگین دەهاتە بەرچاو ، بەڵام لە ڕاستیا جگە لە خانووەکەی دەستە ڕاستی کۆڵانەکە و چەند هیکتار زەوی و زار زیاتری نەبوو . کرێچی یەکانی ئەو بریتی بوون لە کەرشەی چایچی لە نهۆمی سێهەم و هاپۆ کامیل و عەباس حلو لە نهۆمی یەکەما . خاوەن خانوویەکی بە دڵ و دەست و خۆش معامەلەبوو . تەنانەت چاوپۆشی لەو هەقە زیادەیەش ، کە حکومەتی عورفی ڕێی دەدا کرێی نهۆمی یەکەم زیاد بکات ، چاوپۆشی کرد . چونکە بەزەیی بە کرێچییە دەست کورتەکانیا دەهاتەوە . ڕووی بکردایە هەر شوێنێ خێرو بەرەکەتی دەگەڵ خۆیدا دەبرد . ژیانی ، بە تایبەتی لە سەرەتاوە ، پڕ بوو لە نائومێدی و ڕەنج و ئازار ، دەورانی خوێندن و قوتابیەتی لە ئەزهەردا ، بە ناکامی شکایەوە . تەمەنێکی درێژی لە دالانەکانی ئەزهەردا ، بەسەربرد بێئەوەی هیچ بە هیچ بکات . منداڵەکانی یەک لە دوای یەک مردن ، ئەگەرچی منالی زۆری خستەوە ، هیچ منالێکی بۆ نەمایەوە . تامی تاڵی ناکامی و نامرادی بە ڕادەیەک چەشت کە نائومێدی خەریک بوو دڵی پڕدەکرد ، خەم و پەژارە بەرچاوی تاریک کرد ، ماوەیەکی زۆر بێقەراری و بێ ئوقرەیی باڵی بە سەردا کێشا و دنیای لە بەرچاو تاریک بوو ، بەڵام باوەڕ و ئیمان ، لە نێو هەورێن تاریکی خەم و پەژارەوە دەری هێنا و بەرەو ڕووناکی خۆشەویستی و ئەشق ، ڕێنوێنی کرد و دڵی لەوە بە دوا خەم و پەژارەی لە بیر برد و بوو بە نموونەی سەبر و ئارامی و خێرخوازی ، خەم و پەژارەی دنیای لە بن پێ نا و بە باڵی دڵ بۆ ئاسمان فڕی و خۆشەویستی ئەو هەموو خەڵکێکی گرتەوە . هەر کاتێ ڕۆژگار سەرسەختی دەگەڵ بکردایە ، ئەشق و سەبری ئەو زیاتر دەبوو . ڕۆژێک کە جەنازەی یەکێک لە منداڵەکانی بۆ داری بەقا بە ڕێدەکرد ، خەڵکی تەمەشایان کرد ، بە ڕووی گەشەوە قورئان دەخوێنێ ، ئیدی سەرخۆشیکاران لە دەوری خڕبوونەوە و سەرخۆشییان لێکرد . بەڵام بە ڕوویانەوە پێکەنی و بە دەم ئاماژە کردنەوە بۆئاسمان گوتی :" خۆی داویە و خۆی دەیباتەوە ، هەموو شتێک لە دەستی توانای ئەودایە و هەموو شتێک بەدەستی ئەوە ، خەمخواردن کوفرە ، گوناحە ". ئیدی هەموو خەمەکەی ئەو ئەوەندە بوو . دوکتۆر بۆشی لەم پێوەدانگەوە ، دەربارەی ئەو دەیگوت : " ئەگەر نەخۆشکەوتی بڕۆ بۆ لای سەید حوسەینی چاک دەبیتەوە و ئیفاقەت بۆ دێ ، ئەگەر نائومێدی

سەرو دڵی گرتیت ، بڕاونە ڕوخساری نوورانی ئەو ، ئومێد و گەشبینیت وەبەردا دێتەوە ، ئەگەر خەمبار بوویت ، گوێ لە دەم و دووی بگرە ، شاد دەبیت " . سەرو سیمای، ئاوێنەی دڵ و دەروونی بوو ، کە یەکپارچە جوانی و شکۆ بوو .

بەڵام یارۆی بەیتبێژ ، کە بە ناچاری کەمێک قاییل بوو ، و سووکە سوکناییەکی پێدا هاتەوە ، لە سەر تەختەکە هەستا و کوڕیژگەکەش کتێبەکە و ڕەبابەکەی نایە بن هەنگڵی و خۆی ئامادەکرد بابی بەرێ ، یارۆی بەیتبێژ تەوقەی دەگەڵ سەید ڕەزوان حوسەینی کرد ، خوا حافیزی لە ئامادەبووان کرد و وەستاکەرشەی فەرامۆشکرد و ، بە ڕقەوە تەمەشایەکی ڕادیۆکەی کرد کە تازە لە دانانی بوو بوونەوە . هەنگێ دەستی دایە دەست کوڕیژگەکە و کەوتنەڕێ و لە چاو ون بوون . دووبارە ژیان وەبەر شێخ دەروێش کەوتووە . سەری بۆ ئەولایە وەرگێڕا ، کە ئەو دوانەی قووت دا . ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی :

- نەقال و بەیتبێژ ڕۆیی و ڕادیۆ هات . ئیدی ئەمە سوننەتی خوایە . ئیدی ئەمە حەتمیەتی مێژووە کە بە ئینگلیزی ( History ) پێدەڵێن ، بەمجۆرە سپێڵ دەکرێ : ئێچ ، ئای ، ئێس ، تی ، ئۆ .

بەر لەوەی سپێڵەکەی تەواو بکات ، هاپۆ کامیل و عەباس حلو ، کە دووکانەکانیان داخستبوو ، هاتن . هەوەڵجار عەباس حلو پەیدا بوو ، دەم و چاوی شۆردبوو و قژە ئاماڵ زەردەکەی خاو کردبووەوە . هاپۆ کامیل لە دوای ئەوەوە بوو کە هەنگاوی هەڕاوی دەنا و وەکو کەژاوە خەرامان خەرامان دەهات . سڵاویان لە حازری کرد و لە تەنیشت یەکەوە ڕۆنیشتن و چایان داواکرد ، هێشتا بە تەواوەتی شوێنی خۆیان خۆش نەکرد بوو ، کە دەستیان بە قسەکرد .

عەباس حلو گوتی :

- خەڵکینە گوێبگرن : هاپۆ کامیلی برادەرم لەلای من گلەییکرد کە هەرکاتێ بمرێ ، دەمرێت و ئەگەر بمرێت ئەوەندەی لە پاش بە جێنامێنێ کەبەشی کفن و دفنەکەی بکات .

هەندێک لە ئامادەبووان گوتیان :- ئومەتی محەمەد سەلامەت بێ .

هەندێکی دی گوتیان :- ئەوەندەی بەسبوسە لە پاش دەمێنێ ، بەشی کفن و دفنی یەک خێڵ دەکات.

دوکتۆر بۆشی بە دەم پێکەنینەوە ڕوویکردە هاپۆ کامیل و گوتی :

- هەمیشە باسی مردن دەکەیت ... بەڵام بەزاتی خوا دەمێنی تا هەمووومان بە دەستی خۆت کفن دەکەی .

هاپۆ کامیل ، بە دەنگێکی بەرزی بێگەردی منداڵانە گوتی :

- پیرەمێرد لە خوا بترسە ، من پیاوێکی بەلەنگاز وبێنەوام ...

عەباس حلو ، لە سەری ڕۆیی :

- خەڵکینە : هاپۆ کامیل هێندەی بەگوێدا دام و خوا هەڵناگرێ چونکە فەزڵی بەسبوسەکەی بەسەر هەموومانەوە هەیە ، ئیدی کفنێکم بۆ کڕیوە و ، بۆ ڕۆژی تەنگانە لە شوێنێکی ئەمیندا هەڵمگرتووە ، بۆ ئەو کاتەی کە کەس لێی دەرباز نابێت .

ئەوجا ئاوڕێکی لە هاپۆ کامیل دایەوە و گوتی : " ئەم نهێنییەم لە تۆ شاردبووەوە . ئێستا بۆیە لە حوزووری هەمووانا دەیلێـم ، تا هەموو شایەد بن بە سەرمەوە و مەسەلەکە ببێ بە ماڵ بە سەرمەوە .

گەڵێک لە ئامادەبوان وایاننواند کە بەغیلی پێدەبەن ، تا هاپۆ کامیل کە بە خۆشباوەڕی بە ناوبانگ بوو ، مەسەلەکەی لێببێ بە ڕاست ،کەوتنە ستایشی جوامێری و پیاوەتی و کەرەمی حلو و گوتیان : دەربارەی ئەو پیاوەی کە خۆشی دەوێ و لە یەک شۆقەدا دەژین ، بە جۆرێ ڕەفتار دەکات کە دەڵێی لە گۆشت و خوێنی خۆیەتی ، هەڵوێستێکی جوامێرانەی نواندووە . تەنانەت سەید ڕەزا حوسەینیش بزەیەکی ڕەزامەندانەی کرد و هاپۆ کامیل ، بە ساویلکەیی و ساکاری و سەرسامی خۆیەوە ڕوانیە گەنجەکە و گوتی :- ئەوە بە ڕاستتە عەباس ؟

- هیچ گومانت نەبێ هاپۆ کامیل .

دوکتۆر بوشی گوتی :

- باوەڕبکە هاپۆ کامیل من پێشتریش ئەم قسانەی برادەرەکەتم بیستبوو ، بەم چاوانەی خۆم کفنەکەم دیتووە ، کفنێکی یەجگار عال و نایابە ... خۆزی منیش کفنێکی وەهام هەبووایە .

شێخ دەروێش بۆ جاری سێهەم جووڵاو گوتی :

- خەنی لە خۆت ، خۆش بە حاڵت ، شانست هەیە ، کفن جلکی ڕۆژی پەسڵانە کامیل ، سوود لە کفنەکەت وەربگرە ، پێش ئەوەی ئەو سوود لە تۆ وەربگرێ . دەبی بە خوراکێکی بە لەزەتی کرمان ، گۆشتە فشەڵەکەت وەکو بەسبوسە دەخۆن و قەڵەو دەبن ، بەقەد بۆقێکیان لێدێت کە بە ئینگلیزی ( Frog ) ی پێدەڵێن و سپێڵەکەی بەمجۆرەیە : ئێف ، ئاڕ ، ئۆ ، جی .

هاپۆ کامیل باوەڕیکرد ، دوای ئەوەی پرسیاری جۆر و ڕەنگ و ئەندازەی کفنەکەی لە حلو کرد ، ماوەیەکی زۆر دوعای بۆ کرد و بەو پەڕی شادمانی سوپاسی خوای کرد . ئەوسا دەنگی گەنجێک کە لە ڕێوە دەهات بەرز بووەوە وگوتی :- شەوباش ...

خودانی دەنگەکە ، بەرەو ماڵەکەی سەید ڕەزوان حوسەینی ڕۆیی . خاوەنی دەنگەکە حوسەین کەرشەی کوڕی وەستا کەرشە بوو . گەنجێکی بیست ساڵانی وەکو بابی ڕەشتاڵە بوو ، بەڵام باریکەلە و شووش بوو ، سەرو سیمای زیرەکی و زیتەڵی پێوە دیاربوو ، کراسێکی سوفی شین و پانتۆڵێکی خاکی لەبەر بوو . شەپقەیەکی لە سەر و جووتێ پێڵاوی قورسی لە پێدا بوو . سەرو سیمای لەو کەسانە دەچوو کە کاریان بۆ سوپای ئینگلیز دەکرد و هەنووکە بە مادوونی یان وەکو دەڵێن بە (ئەرنس) لە وێندەر دەگەڕایەوە . زۆرێک لە ئامادەبووان بە ستایشەوە سەیریان کرد و حەسوودیان پێدەبرد ، ( حلو ) ی دۆستی بۆ چاخانەکە دەعوەتی کرد ، بەڵام ئەو سوپاسی کرد و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیی .

***

تاریکی باڵی بە سەر کۆڵانەکەدا کێشابوو . تەنیا ئەو تۆزە ڕوناکییە هەبوو کە لە گڵۆپی چاخانەکەوە دابووی لە عاردی و چوار گۆشەیەکی ڕووناکی دروستکردبوو ، کە هەندێ لای لە سەر دیواری کاروانسەرایەکە دەشکایەوە . ئەو تیلماسکە ڕووناکییانەی کە لە درزی پەنجەرەکانەوە سەرەتاتکێیان دەکرد ، یەک لە دووی یەک دەکوژانەوە و شەو بێدارانی چاخانەکە دەستیان بە دۆمینە و کومی دەکرد ، جگە لە شێخ دەروێش کە نوقمی بێخودی خۆی بوو و هاپۆ کامیل کە سەری بە سەر سینگیا شۆڕ بوو بووەوە و وەنەوزەی دەدا . سەنقەر ، لە جم وجووڵی بەردوامدا بوو ، داوای مشتەرییەکانی جێبەجێ دەکرد ، تکتەکانی لێوەردەگرتن و دەیخستنە سەندووقەکەوە . وەستا کەرشە بەچاوە قورسەکانیەوە کە وای هەستدەکرد کە لەسەر پەڕی قوو پاڵکەوتووە و لە کەماڵی ئیسراحەتدایە ، بە وردی پەیگیریان دەکرد . لەشکری شەو کەوتە پێشڕەوی ، سەید ڕەزوان حوسەینی ، چاخانەکەی بەرەو ماڵ بەجێهێشت . دوای کەمێکی دی دوکتۆر بۆشی هەستاو و بەرەو شوقەکەی خۆی ، لە قاتی یەکەمی خانووەکەی دەستەچەپدا ، ڕۆیی . پاشان عەباس حلو و هاپۆ کامیلیش هەستان و بەرەو ماڵ بوونەوە . تەختەکان یەک لە دووی یەک چۆڵ دەبوون . کە بوو بە نیوەشەو جگە لە سێ کەس ، کەسی دی لە چاخانەکە نەما : چایچییەکە و شاگردەکەی و شێخ دەروێش .

چەند وەستایەکی هاوکاری وەستا کەرشە هاتن و هەموویان بۆ ژوورێکی دارینی سەربانی ماڵەکەی سەید ڕەزوان سەرکەوتن و لە وێندەر لە دەوری مەقەڵییەک خڕبوونەوە . لەوێ شەوبێرییەکی تازەیان دەستپێکرد کە تا بەرەبەیان

درێژەی دەکێشا . سەنقەر ، ڕووی کردە شێخ دەروێش و بە میهرەبانی گوتی :- شەو لە نیوە بوریوە شێخ دەروێش ...

شێخ دەروێش لە دەنگی وی وەخۆهاتەوە . چاویلکەکەی داکەند و بە گۆشەی دیزداشەکەی پاکی کردەوە ، دیسان لە چاوی کردەوە ، هەنگێ بۆینباخەکەی ڕێک خستەوە و هەستا و قاپقاپەکانی لە پێ کرد و بیئەوەی ورتەی لێوەبێ ، چاخانەکەی بەجێهێشت . تەقەتەقی قاپقاپەکانی لە کۆڵانە چۆڵەکەدا ، بێدەنگییەکەی دەشڵەقاند . دنیا کپوکپ و بێدەنگ بوو ، دەرگاکان داخرابوون و کۆڵانەکان چۆڵ بوون . ئەو جڵەوی خۆی بەلاقەکانی سپاردبوو ، بەرەو نادیار هەنگاوی دەنا ، چونکە نە ماڵی هەبوو و نە ماوایەک و لە تاریکییەکەدا ون بوو .

***

شێخ دەروێش لە گەنجیا ، لە یەکێک لە قوتابخانەکانی ئەوقافدا مامۆستا بوو ، مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو ! مامۆستایەکی کۆشیار وجدی بوو ، لە کارەکەیا سەرکەوتوو بوو و سەرگەڤاری خانەوادەیەکی بەختەوەر بوو . بەڵام کاتێ قوتابخانەکانی ئەوقاف خرانە سەر وەزارەتی پەروەردە ، دەگەڵ زۆرێک لە هاوکارەکانیا ، کە ئەوانیش شادەتنامەی بەرزیان نەبوو ، لە یەک ئاست و خانەدا دانرا ، لە ئەوقافدا بوو بە کاتب ( میرزا بنووس ) ، لە دەرەجەی شەشەوە داگیرا بۆ دەرەجەی هەشتەم و مووچەکەی بە گوێرەی ئەو دەرەجەیە دیاریکرا ، هەڵبەتە ئاسایی بوو کە ئەم چارەنووسەی لە بەر گران بێ . شۆڕشێکی گەورە لە دڵ و دەروونیا پەیدابوو کە هەندێجار باسیدەکرد و هەندێجاریش ، خەمین و دڵشکاو ، دەیشاردەوە . هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆی خستەگەڕ ، پاڕایەوە ، تکا ورجای کرد ، شەفاعەتی لە لای بەرپرسان کرد ، سکاڵای کرد کە ڕەشە خێزانێکی بە سەرەوەیە ، بێسوود بوو ، فایدەی نەبوو . سەرەنجام دوای ئەوەی ئەعسابی تێک شکا ، ڕادەستی نائومێدی بوو لە وەزارەتخانەدا ، وەکو فەرمانبەرێکی خۆشگلەیی و ناڕازی ، سەر سەخت و عیناد ، تووڕە و ترۆ ، شەڕانی ، ناوبانگی دەرکردبوو ، ڕۆژ نەبوو شەڕێک نەنێتەوە ، زۆر بە خۆی دەفشی و کەسی بە هیچ نەدەزانی . ئەگەر بەینی دەگەڵ کەسێکدا تێکچووبا — کە زۆرجار ئەمە ڕووی دەدا — خۆی هەڵدەکێشا و بە ئینگلیزی بەرانبەرەکەی دەدوان . خۆ ئەگەر بەرانبەرەکەی بە خۆڕایی گلەیی لێکردبا کە بۆ زمانی بیانی بەکاردەبات ، بە تانە و تەشەرەوە پێی دەگوت : " تۆ جارێ برۆ فێربە ، ئەوسا وەرە قسەم دەگەڵ بکە " . هەواڵی کەچ ڕەفتاری و دەمەقاڵەکانی دەگەییە یەک بە یەکی بەرپرسەکانی ، بەڵام چاوپۆشییان لێدەکرد ، لە لایەکەوە بەزەییان پێدا دەهاتەوە و لەلایەکی ترەوە خۆیان لە شەڕی لادەدا . بۆیە ئەوەندەی بیری بێ ، هیچ کاتێک تووشی سزای قورس نەهاتبوو و ، زیاتر ئاگاداریان دەکردەوە و یەک دوو ڕۆژێک نەیان دەدواند . بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ، زیاتر شووڵی لێ هەڵدەکێشا و لاف و گەزافی لێدەدا ، تا ڕۆژێک لێبڕا بە ئینگلیزی نووسراو و نامە ئیداری وکارگێڕییەکانی بنووسێت و هەرواشی کرد ، بیانووی ئەم ڕەفتارەشی ئەوەبوو کە

ئەو فەرمانبەرێکی تەکنیکییە و وەکو هەر کاتب و میرزا بنووسێکی دیکە نییە . ئیدی ئەمە کردیە کارێک کە بەرێوەبەرەکەی زۆر بە تووندی بەرخورد و مامەڵەی لە تەکدا بکات . بەڵام قەدەر لە نیازونیەتی بەرێوەبەرەکەی خێراتر بوو ، کابرا ، رۆژێک داوای دیدار و چاوپێکەوتنی یاریدەدەری وەزیری کرد و داواکەی قەبووڵ کراو و ئیدی دەروێشەفەندی وەکو عادەتی باوی ئەو سەردەمە ، زۆر بە هێمنی و ویقارەوە خۆی بە ژووری یاریدەدەری وەزیردا کرد و بە کەماڵی دڵنیایی و متمانەوە روویکردە یارۆی یاریدەدەر و گوتی :- جەنابی یاریدەدەر ، خواوەند بنیادەمی خۆی هەڵبژاردووە .

یاریدەدەری وەزیر داوای لێکرد بە راشکاوی قسەی دڵی خۆی بکات . ئەویش بەو پەڕی ویقارەوە گوتی :- من نێردراوی خواوەندم بۆ لای تۆ ، بەڵام لە قاڵبێکی تازەدا .

بەمجۆرە ژیانی لە ئەوقاف کۆتایی هات . بەمجۆرە پەیوەندی دەگەڵ ئەو ئەنجوومەنە کۆمەڵایەتییەدا برا ، کە بە خۆی یەکێک بوو لەوان . ئیدی کەس وکار و ماڵبات و برایان و ئاشنایانی ، خۆی گوتەنی چوون بۆ دنیای خواوەند ، لە شوێنەواری رابردوو جگە لە چاویلکەیەکی زێرین چیتری بۆ نەمایەوە ولە دنیای تازەیدا بێیار و یاوەر ، بێ ماڵ و ماوا مایەوە . بەڵام ژیانی ئەو دەیسەلمێنێ کە هەندێ خەڵک هەن ، دەتوانن لەم دنیا چەپەڵەدا ، بێ ماڵ وماوا ، بێیارو یاوەر درێژە بە ژیان بدەن و بێ خەم وخەیاڵ ، دنیا بدەنە بەر کلکان و هیچ رۆژێک برسی و رووت و رەجاڵ نەبوو و ئاوارەش نەبوو . ئیدی گەییە ئارامی و خۆشی و سەفایەک کە هەرگیز بە خۆوەی نەدی بوو . راستە ماڵەکەی لە دەست دابوو ، بەڵام هەموو دنیا بوو بوو بە ماڵی ئەو ، راستە مووچەکەیان بڕی بوو ، بەڵام تەماعی پارەی لا نە مابوو ، راستە کەس وکار و یاوەرانی لە دەست دابوو ، بەڵام هەموو خەڵکی بوو بوون بە کەس وکاری . کە دیزداشەکەی کۆن دەبوو ، دیزداشەیەکی تازەی بۆ دەهات . کە بۆینباخەکەی خراپ دەبوو ، بۆینباخێکی تازەی بۆ دەهات ، رووی بکردایە هەرشوێنێ خەڵکی پێشوازیان لێدەکرد . لەوە دەترسێت کە ئەگەر رۆژێ نەچێت بۆ چاخانەکە ، وەستا کەرشە غەریبی بکات . وێڕای ئەمەش هیچ نیشانەیەک لەو نیشانانەی کە خەڵکی بە پەرجوو کەرامات و غەیبزانیان دەزانی ، لەو پیاوەدا نەدەبینرا . هەندێجار مات و پەرێشان و هەندێجاری دی ، بێئەوەی گوێی بە شوێن و کات و مەجلیس بدات ، هەرچییەکی لەدڵدا بێ ، هەڵی دەرێژێ . بە هەر حاڵ پیاوێکی خۆشەویست و موبارەکە ، خەڵکی بوونی ئەویان لە ناو خۆیاندا بە نیشانەی خێرو بەرەکەت دەزانی . لە بەینی خۆیاندا دەڵێن وەلییەکە لە وەلییانی خوا ، بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی وەحی و سروشی بۆ دێ .

بە نیگایەکی دوور لە هەر ئیراد و بیانوو ، یان بە گوتەیەکی دی بە ڕەزامەندییەوە ڕوانییە ئاوێنەکە . ئاوێنەکە دەم وچاوێکی درێژکۆڵەی نواند کە برۆکانی و چاوەکانی و گۆنا و لێوەکانی تەواو تێک چووبوون . ڕووی بە ڕاست و بە چەپدا وەرگێڕا و بە قامکەکانی زوڵفەکانی ڕێک خست ، بە دەنگێکی نزم کە بە ئاستەم دەبیسترا ، کەوتە چپەدوو : " عەیبی نییە ، جوانە ، بە زاتی خوا جوانە " . ئەوی ڕاستی بێ ڕوخسارێک بوو پەنجا دانە ساڵی لەم دنیایەدا بە سەر برد بوو و دنیا هیچ دەم وچاو و ڕوخسارێک بە درێژایی نیو سەدە بە سەلامەتی نایەڵێتەوە . جەستەی وەکو ژنانی کۆڵانەکە باسی دەکەن ، لاواز و سیسەڵە ، سینگی ساف ، کراسێکی جوان دای پۆشی بوو . ئەمە خات سەنیە . عەفیفی خاوەنی خانووی دووەمی کۆڵانەکە بوو ، ئەو خانووەی کە دوکتۆر بۆشی لە نهۆمی یەکەمیا دەژیا . ئەو ڕۆژە لێبڕا بوو بچێتە دیدەنی داکی حەمیدە کە کرێچی شوقەی نهۆمی ناوەڕاست بوو . عادەتی نەبوو زۆر بێتە دیدەنی هیچ کەسێک . تەنیا هەوەڵی هەر مانگێک بۆ وەرگرتنی کرێ دەچوو بۆ ئەم خانووە . بەڵام هەنووکە ئەنگیزەیەکی دیکە ڕەگی لە دڵیا داکوتا بوو و کردبوویە کارێک کە دیدەنی داکی حەمیدە ، زەرووری و پێویست بێ . ئیدی بەم نیازە لە ماڵ وەدەرکەوت و بە قاڵدرمەکاندا داگەڕا و، لەبن لێوانەوە نزای دەکرد و دەپاڕایەوە : " خودایا ، ئاوات و ئارەزووەکان بێنەدی " . بە ناولەپە ئارەقاوییەکانی لە دەرگای دا ، حەمیدە دەرگای لێکردەوە و بەبزیەکی دەستکردەوە پێشوازی لێکرد . بۆ ژووری میوانی برد ، پاشان ڕۆیی داکی ئاگادار بکاتەوە . ژووری میوان ، ژوورێکی بچووک بوو ، دوو قەنەفەی کۆنیان لەمبەر و ئەو بەری بەرانبەر یەک دانابوو . لە ناوەندی ژوورەکەدا مێزێکی کاڵەوە بووی شەق و شڕ دانرابوو ، کە تەپڵەکێکی جگەرەی بە سەرەوە بوو . حەسیرێک لە ئەرزەکە ڕاخرابوو . زۆری پێنەچوو ، داکی حەمیدە ، کە عەزیزی ماڵەوەی گۆڕی بوو ، بە هەشتاو هات . جووتە ژن بە گەرم وگۆڕی سڵاویان لە یەکدی کرد و یەکتریان ماچکرد و لە تەنیشت یەکەوە ڕونیشتن و داکی حەمیدە گوتی :

– خێر هاتی خا سەنیە ، سەرچاوان ، ماڵەکەت ڕووناک کردینەوە ، پێغەمبەر هاتووەتە دیدەنیمان .

داکی حەمیدە ، ژنێکی دەستەباڵای مەیلەو قەڵەوی شەست ساڵان بوو ، بەڵام ساغ و سەلامەت دەهاتە بەرچاو . چاوەکانی درشت و گۆناکانی کونج بوون ، دەنگی ئەستوور وگڕ بوو، کە قسەی دەکرد لە تۆ وایە نەعرەتە دەکێشێت . ئەم دەنگە وەختێ لەگەڵ دراوسێکانیا بە شەڕ دەهات ، تاقە چەکی دەستی بوو . هەڵبەتە ئەم سەردانەی پێخۆش نەبوو ، چونکە سەردانی خاوەن موڵک ، بێ مەڵامەت نییە و زۆر جار ئاقیبەتی خێر نابێ . بەڵام ئەو ئاردی خۆی بێژابوو و سوسی ڕێژابوو ، بۆ هەموو شتێک ئامادە بوو ، خێر خێر و شەڕ شەڕ . بە حوکمی ئیشەکەی کە ، دەلاڵی خوازگاری بوو ، کەسێکی تیژبین بوو . دەماوەرێکی وەهابوو بۆ قسە دا نەدەما ، ئاگای لە هەڵس وکەوت و هاتوو چۆی هەر کەسێکی کۆڵانەکە و هەرماڵێکی گەڕەکەکە هەبوو . تۆمارێک بوو کە زیاتر هەواڵی ناخۆشی دەگێڕایەوە و بە فەرهەنگ و قاموسی وشەی درێو و جنێوان دەهاتە ژماردن .

ئیدی بە پێی عادەت کەوتە مجامەلە و خێر هانینی میوانەکەی و زۆری ستایش کرد و دەستی بە گێڕانەوەی هەندێک هەواڵ و دەنگوباسی کۆڵانەکە و گەڕەکەکانی دەور وبەر : هەواڵی کارە نەنگینە تازەکەی وەستا کەرشەت بیستووە ؟ کارێکی نەنگینی وەکو کارەکانی پێشووی کردووە و هەواڵەکە بە ژنەکەی گەییوەتەوە و لە گەڵی بە شەڕ هاتووە و توووند یەخەی گرتووە و جبەکەی دڕاندووە . حوسنیەی نانەوا دوێشەو مێردەکەی داوەتە بەر کوتەک و ناوچەوانی شکاندووە و خوێن بە باڵایدا هاتووەتە خوارەوە . سەید ڕەزوان حوسەینی پیاوی خوا و بە دین ، زۆر خراپ لە ژنەکەی داوە ، باشە ئەگەر ئەم ژنە ، ژنێکی شڕندە و دڵڕەش نەبوایە ، ئەم پیاوە باشە ، بۆ ئەو بەرخورد ومامەڵەیەی لە تەکدا دەکرد ؟ ... دوکتۆر بۆشی کە خۆی بە پیاوێکی بەڕێز دادەنێ ، کچۆڵەیەکی بردووەتە وچخانەکە و پیاوێکی بە ڕێز لێیداوە . کچەکەی ماوردی دارفرۆش دەگەڵ نۆکەر و خزمەتکارەکەیاندا هەڵاتووە و باوکی لە پۆلیسخانە سکاڵای تۆمار کردووە ... نانەواییەکەی کفراوی ژێراو ژێر نانی خالیسە دەفرۆشێت ...

خا سەنیە عەفیفی بە نەبەدڵی گوێی دەگرت ، چونکە زیاتر مژووڵی ئەوکارە بوو کە بۆی هاتبوو و عەزمی جەزم کردبوو تا ئەوەی ماوەیەکی زۆر بوو لە دڵیا پەنهانی کردبوو ، بە هەر شێوەیەک بووە ، ئاشکرای بکات . بەو مەبەستە گوێی لە گفتوگۆیەکە دەگرت ، تا زەمینەیەکی لەبار وگونجاو فەراهەم ببێ . ئەم دەرفەت و دەلیڤەیە ڕەخسا ، بە تایبەتی کاتێ داکی حەمیدە لێی پرسی :

- دەی خا سەنیە بڵێ بزانم حاڵت چۆنە ؟ چی دەکەی ؟

خا سەنیە ، برۆی وێکهێنایەوە و گوتی :- بەخوا ، گیانەسەر بووم داکی حەمیدە .

داکی حەمیدە برۆکانی وێکهێنایەوە و بە ناڕەحەتی گوتی :- گیانە سەر ؟ بەڵا دوور ! ...

خا سەنیە ، بێدەنگ بوو تا حەمیدە — کە لەم کاتەدا هاتبووە ژوورەوە- سینییە چایەکەی لە سەر مێزەکە داناو و بە هەمان ڕێگای خۆیدا گەڕایەوە و ، ئەوسا بە بێزارییەوە گوتی :

- ماندووم داکی حەمیدە گیان ، بۆ نموونە هەر کۆکردنەوەی کرێی دووکانەکان ، بهێنە بەرچاوی خۆت کە ژنێکی وەکو من بڕوات و لە بەردەم پیاوێکی نامەحرەمدا بوەستێ و داوای کرێ بکات ..

داکی حەمیدە کە گوێی لە وشەی کرێ بوو دڵی داخورپا ، بەڵام بە تۆنێکی خەمبارەوە گوتی :

- ڕاست دەکەی خانم . خوا یارمەتیت بدا .

بەڵام خاڵێکی گرنگ سەرنجی ڕاکێشا . لە دڵی خۆیدا پرسی : " بۆچی ئەم ژنە ئەم هەموو گلەییە دەکات و دەستبەردار نابێ ؟ ئەوەی بیرکەوتەوە کە چەندینجار گوێی لەم گلەیی و سکاڵایەی ئەو بووە ! و ئەوەشی بیرکەوتەوە کە ئەمە جاری دووەم یان سێیەم بوو ، پێش سەری مانگ هاتبووە دیدەنی . بیرۆکەیەکی سەیری بە مێشکا هات ، بەحوکمی پیشەکەی نەیدەتوانی هەروا بە ئاسانی و لامسەرلایی مەسەلەکە تێبپەڕێنێ ، لەم جۆرە مەسەلانەدا لە ڕادە بەدەر وریا و زیرەک بوو ، لێبڕا ناخی میوانەکەی کەشف بکات و بزانێ بۆچی هاتووە و چ مەبەستێکی هەیە ، بۆ ئەوەی دای پشکنێ گوتی: - یەکێک لە نەرێنییەکانی تەنیایی ئەمەیە . تۆ ژنێکی تەنیای خا سەنیە . لە ماڵەوە تەنیای ، لە ڕێگاوبان تەنیای ، لە ناو جێگەدا هەر تەنیایت ، بۆچی دەستبەرداری ئەم تەنیاییە نابی ؟

خا سەنییە ، بە قسەکانی ئەم ژنە ، کە ڕێک دەتگوت قسەی دڵی ئەو دەکات ، وەکو گوڵ گەشایەوە . شادمانییەکەی شاردەوە و گوتی :

- چبکەم ، خزم و کەس و کارەکەم هەموو ماڵ و حاڵی خۆیان هەیە ، من جگە لە ماڵەکەی خۆم لە هیچ شوێنێکی دی ناحەوێمەوە ، ئاسوودە نابم . بەڵام وێڕای ئەوەش لە خودا مەمنوونم ، کە پێویستم بە هیچ کەسێک نییە .

داکی حەمیدە ، زیرەکانە دەستی ئەوی خوێند بووەوە ، بۆیە لە دەرگایەکی دیکەوە بۆی هات و گوتی : - هەزارجار سوپاس بۆ خوا ، بەڵام توبی ئەو خوایە پێم بڵێ : بۆچی ئەم هەموو ساڵەت بە سەڵتی وبێ هاوسەر بە سەر برد ... ؟!

دڵی خا سەنیە کەوتە لێدان ، چونکە خۆی لە هەنبەر ئەو شتەدا دیتەوە کە دەیویست ، بەڵام هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە بێزارییەکی دەستکردەوە گوتی :

- بەسە ، ئەو تاڵاوەی لە سۆنگەی مێرد دارییەوە چەشتم ، بەسە ... !

خا سەنیە عەفیفی ، لە گەنجیدا ، شووی بە پیاوێکی عەترفرۆش کردبوو . بەڵام زەماوەندێکی ناکام بوو ، شووەکەی لەگەڵیا خراپ بوو ، ژیانی لێحەرام کردبوو ، سەروەت و سامانەکەی لێکێشابووەوە و پاشان تەڵاقی دابوو و دە دانە ساڵ بە بێوەژنی مابووەوە و بە درێژایی ئەم ماوەیە بە سەڵتی ژیابوو ، خۆی گوتەنی ژیانی خێزانداری لە بەرچاو کەوتبوو .

هەڵبەتە ئەم قسەیەی تەنیا درۆیەک نەبوو کە بە هۆی ئەوەی پیاوان ئاوڕیان لێنەدەدایەوە ، بۆ خۆی هەڵبەستبێ ، بەڵکو بە ڕاستی لە شوو و شووداری بێزار بوو ، خۆشحاڵ بوو بەوەی کە ئازادی و ئاسایشی خۆی بە دەست

هێنابووەوە ، ماوەیەکی زۆر بەو سەڵتیە مایەوە و دڵی بەو ئازادییەی خۆش بوو . ئیدی بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەم هەست و سۆزەی بە فەرامۆشی سپاردبوو و دەیویست بۆ جاری دووەم ، ئەگەر خوازگاری هەبێت ، بەختی خۆی تاقی بکاتەوە . ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ بەو هیوا و ئومێدە دەژیا ... بەڵام کارەکە درێژەی کێشا و خوازگار پەیدا نەبوو . نائومێدی بە سەرا زاڵ بوو ، رووی لە هیوا و ئومێدی درۆین وەرگێڕا و قەناعەتی بە خۆی هێنا ، کە بەو ژیانەی خۆی قاییل بێ بەڵام خۆ دەبێ لە ژیانا شتێک هەبێ کە بنیادەم دڵی پێخۆش بکات و بەو ئومێدەوە بژی . شتێک کە بشێت مانا و بەهایەک بە ژیانی ببەخشێت . تەنانەت ئەگەر شتێکی خەیاڵی و هیچیش بێ . ئەویش گوم گەشتەی خۆی دۆزیبووەوە و شتێک نەبوو کە بێوەژنێکی وەکو ئەو لە عۆیەی نەیات ، ئیدی خووی دایە قاوە و جگەرەو پارە کۆکردنەوە . ئەوەی ڕاستی بێ هەندێ چرووکی دەکرد ، یەکێک بوو لە مەعمیلە کۆنەکانی سەندووقی پاشەکەوت . پاشان خووی دایە هیوایەتێکی تازە ، کە دەگەڵ مەیل و ئارەزووە کۆنەکەیدا تێکی دەکردەوە . ئەسکەناسە بەهادارە تازەکانی لە سەندووقێکی عاجنیشانی بچکۆلە دەنا و لەحەوت پریاسکەوەی دەپێچان و پێنج پێنج و دە دە جیای دەکردنەوە و سەفتەی دەکردن و دەیخستنە بنەبانی کومەدی جلەکانی خۆیەوە ، زۆری لەزەت لە تەماشاکردنیان و ژماردن و ژماردنەوەیان دەبینی ، چونکە ئەسکەناسەکان ، بە پێچەوانەی سکەکانەوە ، دەنگیان لێوە نە دەهات ، سەرەنجی دەغەڵبازان و مشەخۆران و دەستبڕانی میدەقی ڕانەدەکێشا ، هیچ مەترسییەکیان لە سەر نەبوو . ئیدی دڵی بەم سەروەت وسامانەی خۆشبوو و ئەمەی کردبوو بە بیانوو بۆ شوو نەکردنەکەی . لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " شوو بە هەر کەسێک بکەم ، وەکو مێردە ڕەحمەتیەکەم ، دارو نە دارم تاڵان دەکات ، لە چاو تروکانێکا ، بەری ڕەنجی ئەم هەموو ساڵەم بەبادا دەدا " . بەڵام هەرکە کەڵکەڵەی شووکردنی دەکەوتە سەر ، هەموو بیانوو و ترسەکانی فەرامۆشدەکرد . دیارە سەرچاوە و ئەنگیزەی ئەم گۆڕانکارییە سەیرە ، چ بە ئانقەست و چ بە بێ مەبەست داکی حەمیدە بوو کە باسی شووکردنی ئەوی بە پیاوێکی میانە ساڵی بێ ژن کرد بوو . ئیدی ئەمە بوو بە خولیای و بە جۆرێ بە سەر ویست و ئیرادەیدا زاڵ بوو ، کە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکی لە بەردەمدا نەدەبینی ... ڕاستە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێبڕا کە شووکردن لە بیر بکات ، بەڵام چونکە لە ناخا مەبەست و ئاواتی شووکردن بوو ، ئیدی هیچ شتێکی دیکەی وەکو پارە و جگەرە و قاوە و ئەسکەناسی بەهادار ، ڕازی نەدەکرد و سوکنایی پێ نە دەبەخشی . بەو پەڕی بێتاقەتی گلەیی لە خۆی دەکرد کە : چۆن ئەو تەمەنەی بە خۆڕایی بە فیرۆ داوە ؟ چۆن دە ساڵی بە تەنیا و بێهوودە بە سەر بردووە و تەمەنی نزیکی پەنجا ساڵ بووەتەوە ؟! و گوتی : ئەمە ئەو پەڕی شێتایەتییە و گوناح و تاوانەکەی خستە ئەستۆی مێردە ڕەحمەتییەکەی و لێبڕا کە بە زووترین کات ، ئەمڕۆ بەر لە سبەی قەرەبووی ئەمە بکاتەوە .

دەڵاڵ و خوازگارەکە ، کە بە وردی گوێی لە ئاه و ناڵە ساختە و دەستکردەکەی گرتبوو ، لە دڵی خۆیدا گوتی : " ئەم مەکر ونازە بە سەر مندا تێناپەڕێ خانم ... " ئەوسا بە زمانێکی پڕ تەشەر ڕووی تێکرد و گوتی :

– خا سەنیە ، زۆریش نیگەران مەبە ، دروستە شووی یەکەمت باش نەبوو ، بەڵام ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا پڕە لە زەماوەندی شاد وباش ...

خا سەنیە ، کە فینجانی قاوەکەی دەخستەوە سەر سینیەکە گوتی :

– عینادی و سەر سەختی دەگەڵ بەختی نووستوودا کاری ئاقڵان نییە .

داکی حەمیدە ، بەر پەرچی دایەوە و گوتی :

– ئەم قسانە چییە خانمی ئاقڵان ؟ ژنێکی ئاقڵی وەکو تۆ نابێ ئەم قسانە بکات . تەنیایی بەسە ... زۆرت تەنیایی کێشا ئیدی ...

ژنەی تاین دەستی چەپی بە سینگە سافەکەی خۆیدا کێشا و بە نکۆڵی کردنێکی دەستکردەوە گوتی: – واوەیلێ ... دەتەوێ خەڵکی پێم بڵێن شێت بووە ؟

– کامە خەڵک ؟ ڕۆژ نییە خەڵکانی لە تۆ گەورەتر زەماوەند نەکەن .

خا سەنیە دەستەواژەی ( لە تۆ گەورەتر ) ی لە بەر گران بوو و بە ئەسپایی گوتی :

– ئەوەندەش گەورەنیم کە تۆ تەسەوری دەکەیت ... خوا دوای خەم و خەفەت ببڕێ ...

– مەبەستم ئەمە نەبوو کە ... دڵنیام لەوەی کە هێشتا بە بەرتەوە ماوە ... دوای خەم ببڕێتەوە کە چی بە بەشەر دەکات !

خا سەنیە ، خەیاڵی ئاسوودە بوو ، بەڵام هێشتا مکووڕ بوو لە سەر ئەوەی ڕۆڵی کەسێک بگێڕێت کە بە بێ مەیلی و نە بەدڵی شووکردن قەبووڵ دەکات . دوای کەمێک دوو دڵی گوتی :

– باشە عەیب نییە دوای ئەو هەموو ساڵە ، دوای ئەو هەموو بێوەژنییە شوو بکەمەوە ؟

داکی حەمیدە لە دڵی خۆیدا گوتی : " ئەدی بۆچی هاتووی بۆلام ، حورمێ ؟ " هەنگێ بەرسڤی دایەوە :– عەیبی چییە ... مەگەر بێ شەرعی دەکەی گیانە ؟ تۆ خانمێکی ئاقڵ و داوێنپاکی ، هەموو عالەم شایەتیت بۆ دەدەن . شووکردن نیوەی ئیمانە گیانەکەم ، خودا بە حیکمەتی خۆی حەڵاڵی کردووە ، سوننەتی خوا و پێغەمبەرە درووودی خوای لێبێ ...

خا سەنیە ، لە کانگای دڵەوە و بە هەموو باوەڕێکەوە دوو بارەی کردەوە :–درووودی خوای لێبێ ...

- ئەدی مەعنای چی گیانەکەم ! پێغەمبەری عەرەبی ، خودا بەندەکانی خۆی خۆشدەوێ .

دەم و چاوی خا سەنیە لە شەرما سوور هەڵگەڕا ، دڵی پڕ بوو لە شادی ، دوو جگەرەی لە پاکەتەکەی دەرهێنا و گوتی :- باشە کێ بە من ڕازی دەبێت ؟

داکی حەمیدە ، قامکی شادەی دەستەچەپی خوارکردەوە و بە برۆیدا هێنا و بەو پەڕی ناڕەزاییەوە گوتی :- هەزار و یەک پیاو هەیە مەمنوونت دەبن !

خا سەنیە لە کانگەی دڵییەوە پێکەنی و گوتی :- یەک پیاو بەسە ...

داکی حەمیدە ، بە ئەرخایەنیەوە گوتی :

- پیاوان هەموو لە ناخا حەزیان بە ژنهێنانە ، کە باسی ژن بێتەگۆڕێ ، زاریان ئاو دەکات ... تەنیا پیاوانی ژندار گلەیی و گازندەیان هەیە . زۆر پیاوی سەڵت هەیە کە گوایە ژنخواز نین ، هەرکە پێیان دەڵێم " یەکێکم بۆ بنیات ناوی " خێرا لە خۆشیا چاوی پرشنگ دەدات و بزە دەنیشێتە سەر لێوی ، ئیدی وەکو قیری کەوای سپی پێمەوە دەنووسێت و دەپرسێت : " بە ڕاست ! ... کێیە ! کێیە ! " . پیاو ئەگەر زەمینگیریش بێ هەر حەزی لە ژنە ، ئیدی ئەمە حیکمەتی خوایە .

خا سەنیە بە ئاسوودەیی سەری لەقاند و گوتی :- ماشەڵڵا لە حیکمەتی !

- بەڵێ خا سەنیە ، پەروەردگار دنیای بۆ ئەمە دروستکردووە . خۆ دەیتوانی دنیا هەر لە پیاو یا هەر لە ئافرەت پڕبکات ... بەڵام نێر و مێی دروستکردووە و ئەقڵیشی داونەتێ کە لە مەبەستی تێبگەن ئیدی ناکرێ پشت بکرێتە زەماوەند .

خا سەنیە عەفیفی ، بزەیەکی کرد و بە نەرمی گوتی :

- قسەکەت شەکرە داکی حەمیدە گیان !

- خودایا ژیانت شیرین بێ و شاد و بەختەوەر بی .

خا سەنیە ، جورئەتی پەیداکرد و گوتی :

- ئیشەڵڵا ، بە خواستی پەروەردگار و لوتفی تۆی ئازیز .

- من ژنێکی له خوا بەزیاد بێ ، موبارەکم ، دەستم بەخێره . چرای جۆرەها ماڵم هەڵکردووە ، منداڵی دنیام هێناوەتە دنیاێی ، جۆرەها دڵانم خۆشکردووه ، ئیدی تەوەکەلت هەوەڵ بەخوا و پاشان به من بێ ...

- ئەوی ڕاستی بێ زەحمەتی تۆ به پاره قەرەبوو ناکرێتەوه .

داکی حەمیده له دڵی خۆیدا گوتی : " نا .. نا حورمێ ، دەبێ به پاره قەرەبوو بکرێتەوه ، به پارەیەکی زۆریش . خێرا بچۆ سەر سەندووقی پاشەکەوتەکەت و وێمده ، پارەت بۆ کەیه ، دەست له چرووکی و ڕژدی هەڵگره .." ئەوسا وەکو بازرگانێک که له زەمینه سازی بۆ سەودا و مامەڵەیەک بوو بێتەوه و بیەوێ بێتە سەر ئەسڵی بابەتەکه ، به متمانەوه گوتی :

- پێموایه ، پیاوێکت پێ باشه که پێی نابێتە ناو ساڵەوه ؟!

ژنەی تاین ، تیا مابوو چ وەڵامێکی بداتەوه . دیاره تەماحی له پیاوی گەنج نه بوو ، گەنجانی بۆ تەمەنی خۆی به گونجاو نه دەزانی ، بەڵام زاراوەی ( بەتەمەن ) یشی لێخۆش نه دەهات . گفت و گۆیەکەیان درێژەی کێشا تا تەواو له گەڵ داکی حەمیدەدا ، هەستی به هادڵی و نزیکی کرد و تەواو هۆگری بوو و بەدەم پێکەنینەوه ، نیگەرانییەکەی شاردەوه و گوتی :

- به سەلکێ پیاز به ڕۆژوو دەبم و بەربانگ دەکەمەوه !

داکی حەمیده به دەنگی بەرز پێکەنی ، جا پێکەنینێکی ناخۆش و تەواو دڵنیابوو له سەرگرتنی ئەو مامەڵه و سەودایەی که ئەو دەستی دابوویه ، ئەوجا به تەشەرەوه گوتی :

- دەزانم مەبەستت چییه خانم گیان ، لێت تیدەگەم . من به ئەزموون بۆم دەرکەوتووه که سەرکەوتووترین زەوجین ، ئەوه بووه که ژنەکه له پیاوەکه گەورەتر بووه ، بۆ تۆ پیاوێکی سی ساڵان باشه . هەڵبەته ئەگەر تۆزێ گەورەتریش بێ عەیبی نییه .

ژنەی تاین به نیگەرانییەوه پرسی :- باشه قاییل دەبێ ؟

- هەڵبەته قاییل دەبێت و ئەولاتریش ، تۆ ژنێکی جوان و دەوڵەمەندی !

- بێ بەڵا بی ، بێوەی بی ئیشەڵڵا !

ڕوخساری کونج و ئاوڵاوی داکی حەمیده ، ویقار و جدییەتی تێکەوت و گوتی :

– پێی دەڵێم خانمێکی ناڤساڵە ، کە نە منداڵی هەیە و نە کەس سەرباریەتی . بە وێڵ و ماریفەت ، بە ئەدەب و حەیا ، چەند دووکانێکی لە حەمزاوی و خانوویەکی دووقاتی لە کۆڵانی میدەق هەیە .

بزەیەکی نەرم ونیان کەوتە سەر لێوی خا سەنیە و وای هەستکرد کە داکی حەمیدە لە ژمارەی نهۆمی خانووەکەدا هەڵەی کردووە ، بۆیە ویستی بۆی ڕاست بکاتەوە و گوتی : " سێ نهۆم ... گیانەکەم ".

بەڵام داکی حەمیدە بەر پەرچی دایەوە و گوتی :

– تەنیا دوو نهۆم ، چونکە نهۆمی سێیەم منی تیام و تا لە ژیانابم کرێت نادەمێ .

خا سەنیە بە شادییەوە گوتی :– چاویشم بۆ تۆیە داکی حەمیدەگیان .

– چاوت خۆش بێ ، خوا خێرت بنووسێت .

خا سەنیە ، سەری لەقاند و وەکو یەکێک سەرسام بێ گوتی :

– سەیرە ، من تەنیا بۆ سەردان هاتبووم ، کەچی قسە بۆ کوێی ڕاکێشاین ، من کە هەنووکە دەڕۆم وەکو ئەوەیە مێردم کردبێ ؟!

داکی حەمیدەش ، بە سەر سامی پێکەنی و لە دڵی خۆیدا گوتی : " حورمێ تۆزێ خۆت قورس بگرە ، پێتوایە ئەم مەکرانەت بە سەر مندا تێدەپەڕێ ؟ " ئەوجا گوتی :

– خوا بیکا ، مەگەر هەموو شتێک بە دەستی خۆی نییە ؟

خا سەنیە عەفیفی ، بەو پەڕی خۆشحاڵی و شادمانییەوە بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە . بە دەم ڕێوە خۆی دەنواند و دەیگوت : " نایەوێ تا ماوە کرێ بدات ، چەند ژنێکی تەماعکارە " ! .

( ٣ )

دوای ئەوەی خا سەنیە ڕۆیی ، حەمیدە خۆی بە ژوورا کرد ، کەوتە شانەکردنی قژە قەترانیەکەی کە بۆنی نەوتی لێدەهات . ڕەشی قژە درەخشانەکەی حەمیدە کە تاخوار ئەژنۆی درێژ بوو ، سەرنجی داکی حەمیدەی ڕاکێشا و بە کەسەرەوە گوتی :

– چۆن دڵت دێ بیەڵی ئەسپێ لەم قژە جوانەت بدات ؟

چاوە ڕەش و ڕشتەکانی حەمیدە لە ژێر برژانگە درێژ و هەڵگەڕاوەکانیەوە پرشنگیان دا ، چاوە تیژەکانی بڕینە ژنەی تاین و گوتی :

– ئەسپێ ؟! بە پێغەمبەر ، شانەکە تەنیا دوو ئەسپێی پێوە بوو !

– بیرت چووەوە کە دوو هەفتە لە مەپێش سەرم بۆ شانە کردیت بیست ئەسپێم بۆ کوشتی ؟

بە خەمساردی وەڵامی دایەوە :– سەرم دوو هەفتە بوو ، نە شۆرابوو ، ئاوی پێنەکەوتبوو …

لە لای دایکیەوە دانیشت و بە جدیتر کەوتە شانەکردنی قژی . تەمەنی بیستساڵ بوو ، دەستەباڵا و شووش و باریک ، ڕەنگ برۆنزی و دەم و چاوی درێژکۆڵە بوو ، زۆر جوان و تەڕ و بڕ بوو . بەڵام ئەوەی جیای دەکردەوە و مایەی سەرنج بوو چاوە ڕەش و درشتەکانی بوو کە جۆرە خێلیەکی زۆر جوانی تیابوو ، ئەگەر لێوە تەنکەکەی لێک بنابایە و چاوی تیژ بکردایە ، تووڕەییەکی وەهای دەنواند کە لە هیچ ژنێکدا نەبێت ! تووڕەیی و غەزەبی بە جۆرێ بوو کە تەنانەت لە کۆڵانی میدەقیشدا حیسابی بۆ دەکرا . داکی کە بە توندی و سەختی بە ناوبانگ بوو خۆی لێدەپاراست . ڕۆژێ کە بوو بە دەمەبۆڵەیان پێی گوت : " هیچ پیاوێ بە تۆ ڕازی نابێ ، چ پیاوێک بەوە ڕازی دەبێ پشکۆیەک ئاگر بخاتە باخەڵی خۆیەوە ! " . زۆر جار دەیگوت : کاتێ تووڕە دەبێ شێتایەتی دەیگرێت ، دەمارێکی شێتی تیایە ، بۆیە ناوی ( خەمسین ) ی لێنابوو ، کە ناوی جۆرە گژەبایەکە . بەڵام هەرچەندە دایکی ڕاستەقینەی نەبوو و هەڵی گرتبووەوە ، زۆری خۆشدەویست . دایکی ڕاستەقینەی ، لە کاری دەوا و دەرمان و شتی عەتاریدا شەریکی ئەم بوو ، ئەوسا لە ڕۆژگارێکی تەنگانەدا ، لەو خانووەدا ، کە لە کۆڵانەکەدا هەی بوو ، کردی بە شەریک و سەرەنجام بە بەرچاوی ئەمەوە مرد و منداڵە شیرەخۆرەکەی بە سەر ئەمدا مایەوە . داکی حەمیدە ، منداڵەکەی خستە ژێر باڵی خۆی و ژنەکەی وەستا کەرشەی چایچی ، حوسەینی هەبوو کە هاوزای حەمیدە بوو ، ئەرکی شیردانی کچەی گرتە ئەستۆ ، کە هەنووکە بە خوشک و برای شیری دەژمێردران .

حەمیدە ، بە دەم شانەکردنی قژە ڕەشەکەیەوە ، چاوەڕوانی ئەوە بوو ، کە دایکی ، باسی میوانەکە و هۆی سەردانەکەی بۆ بکات ، بەڵام چونکە بێدەنگییەکەی درێژەی کێشا ، کچەی گەنج گوتی :

– چەندی درێژەتدایە ، ئەوە باسی چیتان دەکرد ؟

دایکی بە تەشەرەوە پێکەنی و لە بن لێوانەوە گوتی :– دەی هەڵیبێنە !

کچە کە زۆر کونجکاو بوو بوو ، پرسی :– هاتبوو کرێیەکە زیاد بکات ؟

- ئەگەر ئەمەی بکردایە ، بەڵایەکم بە سەری دێنا کە بە ئەمبوڵانس بیانبردایەتە دەرێ .

حەمیدە هاواری کرد :- چما شێت بووی ؟

- وای دابنە شێت بووم ، بەڵام هەڵی بێنە ... بۆچی هاتبوو ؟

کیژێ پەست بوو وگوتی :- ئەزیەتم دەدەی !

ژنە برۆکانی جووڵاند و چاوێکی داگرت و گوتی :-خانم ئارەزووی شووکردنی هەستاوە !

حەمیدە ، بە سەرسامی گوتی :- شووکردن ؟

- بەڵێ ، پیاوێکی گەنجیشی دەوێ . دڵت بە خۆت بسووتێ کە ناتوانی گەنجێک پەیدا بکەی و خوازگاریت بکات !

کچە ، کە ئێستا پرچەکەی دەهۆنییەوە ، خێسەیەکی لێکرد وگوتی :

- زۆر کەس هەن بەڵام تۆ دەلاڵ و خوازگارێکی ناکامی و دەتەوێ ناکامی خۆت پەردەپۆش بکەی  مەگەر من عەیبم چییە ؟ بەڵام وەکو گوتم تۆ ژنێکی ناکامی ، ڕاستیان گوتووە ، گۆزەگەر لە گۆزەی شکاو ئاو دەخواتەوە .

داکی حەمیدە بە دەم بزەیەکەوە گوتی :

- ئەگەر خا سەنیە عەفیفی شوو بکات ، هیچ ئافرەتێک نامێنێتەوە . هەق نییە هیچ ئافرەتێک نائومێد بێت .

حەمیدە ، نیگایەکی تووڕەی کرد و بە توندی گوتی :

- من خۆم نامەوێ ، دەنا خوازگار وەکو خۆڵە .

- وایە وا ، دۆتمیری کچی میرانی !

کیژێ ، چاو پۆشی لە تەشەرەکەی داکی کرد و بە هەمان زمان و تۆنی توند گوتی :

- باشە لەم کۆڵانەدا کەسێکی ماقووڵ هەیە ؟

دایکەکە ، لە ڕاستیدا ترسی ئەوەی نەبوو کچەکەی بمێنێتەوە و گومانی لە جوانی کچەکەی نەبوو . بەڵام لە خۆ پەسندی و غرووڕەکەی دەترسا . بە پەستی گوتی :

- زەمی کۆڵانەکە مەکە ، خەڵکەکەی باشترین خەڵکی دنیان .

- باشترین خەڵکی دنیای تۆن . بوون و نە بوونیان وەکو یەکە ، تەنیا یەکێکیان نەبێ ، کە ئێوە کردووتانە بە برای من !

مەبەستی حوسەین کەرشە بوو کە بە برای شیری دەژمێردرا . دایکی ئەمەی لەبەر گران بوو ، بە زمانێکی تووڕە و گلەیی ئامێزەوە گوتی :

- چۆن قسەی وادەکەی ؟ ئێمە نەمانکردووە بە برات ، ئێمە ناتوانین نە برا و نە خوشک بۆ کەس دروست بکەین ، بە حوکمی خوا برای شیریتە ...

دیسان شێت ئاسا بە گلەییەوە گوتی :

- باشە نە دەکرا من لە مەمکێک شیرم بخواردایە و ئەو لە مەمکەکەی دی ؟

دایکی کێشای بە پشتیا و هاواری بە سەردا کرد :- خوا بتکوژێت ...

کچە ، بە تووڕەیی و لە بن لێوانەوە گوتی :- کۆڵانی عەدەم !

- هەڵبەتە تۆ شایستەی فەرمانبەرێکی زۆر گەورەی .

کچە بە توندی گوتی :- چما فەرمانبەر خوایە ؟

دایکە ، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی :

- ئاە ... خۆزگە لە کەری شەیتان دەهاتیە خوارەوە و ... !

حەمیدەش ، بە هەمان تۆنی دایکی گوتی :

- خۆزگە تۆش ، لە ژیانتا تاقە جارێک ئینسافت ڕەچاو بکردایە ! ...

- دەخۆیت و دەخۆیتەوە و سەرباقیشت دەوێ ؟ بیرتە چۆن لە سەر کراسێک چ قەرقەشەیەکت نایەوە ؟!

حەمیدە بە سەرسامی گوتی :

- چما کراس کەمە ؟! دنیا بە بێ جلکی نوێ چ بایەخێکی هەیە ؟ کچێک کە نەتوانێ بە جلکی نوێ خۆی برازێنێتەوە ، هەر بۆ ئەوە باشە خۆی زیندە بە چاڵ بکات .

هەنگێ تۆنی دەنگی گۆڕی و لە سەری ڕۆیی :

- خۆزگە کچانی کرێکارت دەبینی ! خۆزیا کچە کرێکارە جولەکەکانت دەبینی ! هەموویان جلکی جوان لە بەر دەکەن . ئاخر دنیا بە بێ جلکی جوان چییە ؟!

دایکی ، بە دەم سەرزەنشت کردنیەوە گوتی :

- لەوەتی چاوت بەکچانی کرێکار و ئەم کچە جولەکانە کەوتووە ، ئەقڵت لە سەرا نەماوە ، لەوە ناچێ بتەوێ وەخۆبێیتەوە ...

حەمیدە قسەکانی داکی بە هەند وەر نەگرت . لە هۆنینەوەی پرچی بوو بووەوە . ئاوێنەیەکی چکۆلەی لە گیرفانی دەرهێنا . لە سەر دەسکی قەنەفەکە داینا ، کەمێک لە بەردەمیا دانەوییەوە تا تەماشای خۆی بکات . ئەوسا بە دەنگێکی ستایش ئامێزەوە و لەبن لێوانەوە گوتی :

- حەیف بۆ تۆ حەمیدە ، بۆچی لەم کۆڵانەدا چاوت هەڵێناوە ؟ بۆچی دایکت دەبێ ژنێک بێ کە فەرقی تەڵا وتەپاڵە نەکات ؟!

پاشان تا ناوقەدی لە تاقە پەنجەرەی ژوورەکەوە ، کە بە دیوی کۆڵاندا دەکرایەوە ، بردە دەرەوە ، دەستی درێژ کرد و هەر دوو تاکە کراوەکەی ڕاکێشا و بە ڕادەیەک لێکدی نزیک کردنەوە کە تەنیا درزێکی باریکیان لە نێواندا مایەوە . ئیدی لەو درزەوە کەوتە ملەقوتێ و تەمەشاکردنی کۆڵانەکە ، ئەوسا وەکو یەکێک خۆی بدوێنێ ، بە تەوەسەوە گوتی :

- ئافەرین ئەی کوچەی شادمانی و خوشبەختی ، هەر بژی ، خۆت و خەڵکە بە ڕێزەکەت . بەهبەە لەم دیمەنە ، بەهبەە لەم خەڵکە ، چ دەبینم ؟! حوسنیەی نانەوا ، وەکو خەروار لە بەر نانەواکە دانیشتووە ، چاوێکی لە سەر جەعدەی مێردیەتی و چاوەکەی تری لە نانەکانە . مێردەی داماو بە دەم کارکردنەوە ، چاوەڕوانی ئەو مست و شاپانەیە کە لەگینە لە هەر دەمێکدا بە سەریا داببارن ، ئەوەش وەستا کەرشەی چایچییە ، سەری بە سەر سینگیدا شۆڕ کردووەتەوە کەسێک نەزانێ وا وێنادەکات خەوتووە . هاپۆ کامیل ، لە غوڕابی خەودایە و ، مێش و مەگەز بە سەر سینیە بەسبوسەکەیەوە بێ هەڤڕک سەما دەکەن ... و ئاە ئەوەش عەباس حلوە ، ژێراو ژێر دەڕوانێتە پەنجەرەکە و وادیارە دڵنیایە کە بەم چاوبڕکێ و تەمەشاکردنە ، دەکەومە سەر دەست وپێی و ئاشقی چاوی کاڵی دەبم . هیزە فریام کەون تا تیا نەچووم ، نەیخۆی تاڵە . ئەمەش جەنابی سەلیم عەلوانی خاوەن کاروانسەراکەیە ، چاوی هەڵبڕی و ڕوانیە سەرەوە ، چاوی داخستەوە ، نەخێر دووبارە هەڵیڕوانی ، گریمان تەمەشاکردنەکەی یەکەم

ڕێکەوتەکی بوو ، ئەدی دووەم سەلیم بەگ ؟! خودایا ئەمەش جاری سێیەم ! پیرەمێری بێ حەیا چیت دەوێ ؟ ... یانی هەموو ڕۆژێک و لەم کاتەدا ڕێکەوتەکییە ؟! خۆزگە ژن و منداڵت نەبوایە ، هەنگێ تەمەشایەکم دەکردیت و لەوەیە چاک و خۆشیەکم لە گەڵت بکردایە ... ئیدی ئەمە هەموو شتێکە . کۆڵانەکە سەری بگری و بنی بگری هەر ئەمەیە ، ئیدی حەمیدە بۆ سەری بشوات تا ئەسپێ تێی نەدات ؟! ... ئاه ... ئەوەش شێخ دەروێشە ، کە قاپقاپەکانی بە تەقە تەق ، بە عاردیدا بکێش دەکات و دێت ...

لێرەدا داکی ، قسەکەی پێبڕی و بە تەشەرەوە گوتی :

– هەقە شوو بە شێخ دەروێش بکەی !

حەمیدە بێئەوەی ئاوڕ لە دایکی بداتەوە ، سمت و کەفەڵی بۆ بادا و گوتی :

– پیاوێکی زۆر بە تاقەت وتوانایە ! ... دەڵێت سەد هەزار جونەیهی بۆ زەینەب خانم خەرج کردووە ، تۆ بڵێی دە هەزاری بۆ من لەچاو بێ ؟!

لە ناکاوا ، ڕووی بۆ ناو ژوورەکە وەرگێڕا ، لە تۆ وایە لە تەماشاکردن بێزار بوو ، بۆ لای ئاوێنەکە گەڕایەوە ، تەمەشایەکی خۆی کرد و هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :

– حەیف و مخابن بۆ تۆ حەمیدە .

( ٤ )

هەوای کۆڵانەکە ، لە هەوەڵی ڕۆژەوە فێنک و شێدار و سێبەرە . هەتاو تا نەگاتە ناوەندی ئاسمان و لە دیوارەکانی دەور وبەری کۆڵانەکە ڕەت نەبێ ، لە ناو کۆڵانەکە نادات . بەڵام لە بەیانی زووەوە ، جم وجوڵ لە گۆشە و کەنارەکانیا دەست پێدەکات . سەنقەری شاگردی چاخانەکە ، دەرگا دەکاتەوە ، تەختەکان ڕێکدەخات و وەجاخەکە دادەگیرسێنێ و ، ئەوسا کرێکارانی کاروانسەراکە ، تاک تاک و دوو دوو دێن ، پاشان جەعدە بە خۆ و تەشتە هەویرەکەیەوە پەیدا دەبێت ، تەنانەت هاپۆ کامیلیش لەم کات و سەعاتەدا دووکانەکەی دەکاتەوە و بە دەم وەنەوز و باوێشکدانەوە تێشت و نانی بەیانی دەخوات ! هاپۆ کامیل و عەباس حلو پێکەوە قاوەڵتی دەکەن . سینیەکە لەبەینی هەردووکیاندا دادەنەن کە قاپێ پاقلەی سوورەوە کراو و برێک تەڕەپیاز و ترشیات و خەیارشۆری بە سەرەوەیە و هەریەکەیان لە نانخواردندا ، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە . حلو لە نانخواردندا زۆر خێرا و لەزگینە ، لە چاو تروکانێکا نانەکەی دەخوات و هەڵدەستێتە سەرپێیان . بەڵام هاپۆ کامیل خاوە ، پارووەکەی بە کاوەخۆ دەجووێت ، بە ڕادەیەک خەریکە لە دەمیا دەتوێتەوە ، زۆر جار دەڵێت خواردنێک باش و بە سوودە کە لە پێشا لەناو دەما

هەرس ببێت . بۆیە حلو لە خواردن دەبێتەوە و چای دەکات بە سەرا و نێرگەلەکەشی دەکێشێ ، ئەو هێشتا هەر پارووەکەی دەجوێت و قەپ لە پیازەکە دەگرێت . بۆیە ، بۆ ئەوەی حلو دەست بۆ بەشەکەی ئەو نەبات پاقلەکەی لە گەڵدا دەکات بە دوو بەشەوە و ڕێگە نادات حلو ، دەست بۆ بەشەکەی ئەم بێنێ . هاپۆ کامیل ، وێڕای ئەوەی زۆر زەلامە ، بەڵام لە چاو خۆیدا زۆر خۆر نییە ، بەڵام سەبارەت بە شیرینی زۆر نەوسنە . شیرینی سازێکی زۆر کارامە و مەعلانە ، بەڵام سوودێکی ئەوتۆ لەم هونەرەی نابینێ ، مەگەر ئەو کاتەی کە خەڵکانی وەک ئاغای عەلوان و سەید ڕەزوان حوسەینی و وەستا کەرشە ڕای بسپێرن ، شیرینیان بۆ دورست بکات . لەم ڕووەوە بە ناوبانگە ، شۆرەتی لە میدەق تێپەڕیوە و گەییوەتە سەنادقیە و غوریە و ساغە . بەڵام دەستکەوت و دەرامەتی بەشی ژیانە سادە و ساکارەکەی دەکات و تەواو . هەڵبەتە کە لە لای عەباس حلو ، سکاڵای دەکرد و دەیگوت کە بمرێ بەشی کفن ودفنەکەی لە پاش بەجێ نامێنێ ، درۆی نەدەکرد . ئەو بەیانییە ، دوای قاوەڵتی بە عەباسی گوتبوو :

- ئەرێ تۆ گوتت کە کفنت بۆ کڕیوم ، ماڵت ئاوابێ و خێر بێتەڕێت ، باشە بۆ نایەی لە ئێستاوە بمدەیتێ ، ها ؟

عەباس حلو ، کە مەسەلەی کفنەکەی ، وەکو عادەتی درۆزنان ، لە بیرکردبوو ، بە سەرسامی پرسی :- بۆچیتە ، دەتەوێ چی لێبکەی ؟

کابرا بە دەنگە بەرزەکەی کە لە دەنگی کوڕیژکان دەچوو ، گوتی :

- دەیفرۆشمەوە ! ... ئەدی نەتبیستووە کە نرخی قوماش بەرز بووەتەوە ؟

حلو ، پێکەنی و گوتی :

- هەرچەندە وادەنوێنی کە کەسێکی سادە و ساویلکەی ، بەڵام بەش بە حاڵی خۆت فێڵبازی ، دوێنێ هاوارت لێ هەستابوو ، کە ئەگەر بمریت بەشی کفنەکەت لە پاش بەجێ نامێنێ و ئێستا کە کفنم بۆ کڕیویت ، دەتەوێ بیفرۆشیتەوە . بەڵام شتی وا مەحاڵە ، من بۆیە کفنم بۆت کڕیوە ، بەڵکو ، بە خواستی پەروەردگار ، دوای عومرێکی درێژ ، لە جەستەی موبارەکتی وەپێچم ...

هاپۆ کامیل . بە دەم بزەیەکی پەرێشانەوە گوتی :

- وای دابنە تەمەنم ئەوەندە درێژ ببێت تا جەنگ تەواو دەبێت و ڕەوشەکە وەکو جارانی پێش جەنگی لێدێتەوە . ئەوسا کفن هەرزان دەبێت و ئێمە زەرەر دەکەین .

- ئەدی ئەگەر سبەی مردیت ؟

هاپۆ کامیل برۆی وێکهێنانەوە و گوتی :- خودا نەکات ...

عەباس حلو ، بە دەم پێکەنینەوە گوتی :

- بە خۆڕایی دەتەوێ ژێوانم بکەیتەوە ... کفنەکە لە شوێنێکی ئەمین هەڵدەگیرێت ، تا ئەو ڕۆژەی خوا ...

دیسان پێکەنی ، ئەوەندە پێکەنی تا پێکەنین یارۆشی گرت ، هەنگێ عەباس سەرزەنشتی کرد و گوتی :

- عەجەب پیاوێکی بێ خێرو فەڕی ! بە عەمراتم خێری پولێکم لە تۆ دیتووە ؟! هەرگیز ، نە ڕدێنت هەیە نە سمێڵ . سەریشت کەچەڵە و تاڵە موویەکی پێوە نییە ، تاقە موویەک بەم خەرمانە گۆشتەوە ، کە ناوت ناوە بەدەن ، نییە ، کە بۆتی بتاشم و خێری پولێکت لێ ببینم ، ماڵتم ئاواکرد ...

هاپۆ کامیل بە دەم بزەیەکەوە گوتی :

- جەستەیەکی پاک و خاوێن کە کەس بە شۆردنیەوە زەحمەت ناکێشێت .

دەنگێکی وەکو لوورە گفت و گۆیەکەی پێبڕین ، ڕوانیانە ناو کۆڵانەکە ... سەیریان کرد وەستا حوسنیەی نانەوا ، بە سۆل و نەعلان بەر بووەتە وێزەی جەعدەی مێردی و کابراش لە بەردەمیا ، پاشەو پاش دەکشێتەوە و هاواری دەگاتە حەوێقی ئاسمان و جورئەت ناکات کەمترین داکۆکی لە خۆی بکات . هەردووکیان پێکەنین و عەباس حلو ، هاواری کرد :

- وەستا حوسنیە ، بیبەخشە .

بەڵام ژنەی تاین دەستبەردار نەبوو ، تا جەعدە کەوتە خاک و پای و خۆی هاوێشتە سەرلاقی و بە دەم گریانەوە داوای بوردنی کرد .

عەباس ، کە بە هەمان دەقەوە پێدەکەنی ، بە هاپۆ کامیلی گوت :

- ئەم سۆلانە بۆ بەدەنی تۆ باشە ، تا چەورییەکەی بتوێنێتەوە .

لەم کاتەدا ، حسەین کەرشە پەیدا بوو ، لە ماڵەوە دەهات ، پانتۆڵ و کراسی لەبەر و شەپقەی لە سەربوو ، فڕناخ و لە خۆ ڕازی دەیڕوانییە سەعاتەکەی دەستی . چاوە چکۆلە و تیژەکانی یەکپارچە فیزو ئیفادە بوو . سڵاوی لە دۆستە دەلاکەکەی کرد و یەکراست خۆی بە دووکانەکەدا کرد و لە سەر کورسییەکە دانیشت تا لە ڕۆژی پشووەکەی خۆیدا سەری چاک بکات . هەردوو دۆست لە کۆڵانی میدەقدا گەورە بوو بوون و لەیەک ماڵدا چاویان بە دنیا

هەڵهێنابوو – ماڵەکەی سەید ڕەزوان حوسەینی – بەڵام عەباس حلو ، سێ ساڵ بەر لە هاوڕێکەی ئەم نوور و ڕۆشناییە دنیاییەی ، بینی بوو . حلو، لەو زەمانەدا و بەر لەوەی هاپۆ کامیل بناسێت و بۆ ماوەی پازدە ساڵ ، لە هەمان شووقەدا بژی ، لە سایەی داک و بابیدا دەژیا ... جووتە برادەر تەمەنی منداڵی و نەوجەوانیان ، پێکەوە بە سەربرد ، خۆشەویستی و ئولفەتێکیان کەوتبووە نێوان . ئەم ڕەفاقەت و هاودڵییە درێژەی کێشا ، تا ئەوە بوو کار لێکدی دابڕین . عەباس لە ( سکەالجدیدە ) بوو بە شاگرد دەلاک و حوسەین لە ( جەمالیە ) بوو بە شاگرد پاسکیلچی . هەر لە سەرەتاوە ئەتوار و ڕەفتاریان لێکدی جیاواز بوو لەوە دەچێ ئەم جیاوازییە ، گرینگترین فاکتەری بەردەوامی و مانەوەی دۆستایەتی و خۆشەویستیەکەیان بوو بێ . عەباس حلو بە ئێستاشەوە – کەسێک بوو گوێڕایەڵ و میهرەبان و دڵپاک ، بە تەبیعەت کەسێکی نەرم و ئاشتیخواز و لێبووردە بوو ، لاشەڕ و هێمن بوو . دەچووە چاخانە تا نێرگەلە بکێشێت و یاری ( کومی ) بکات ، ڕقی لە شەڕ و ئاژاوە بوو ، ئیدی بە بزەی شیرین و بە ڕستەی ( ماڵت ئاوا بێ هاپۆ ) خۆی لە شەڕ و ئاژاوە دوور دەگرت و دەپاراست . نوێژیدەکرد و ڕۆژووی دەگرت ، هیچ نوێژێکی هەینی لە ئیمامزادە حوسەین نەدەبوارد . دروستە کە ئێستا هەندێک لەم ئەرک و فەرزانەی فەرامۆش دەکرد ، هەڵبەتە نەک لە ڕووی بێ ئیمانییەوە ، بەڵکو لە ڕووی تەمەڵییەوە . بەڵام وێڕای ئەمەش نوێژی هەینی و ڕۆژووی ڕەمەزانی دەکرد و زۆر جار وا ڕێکەتبوو کە حوسەین کەرشەی دۆستی سەری دەکردە سەری تا تووڕە و دەهری بکات ، بەڵام ئەو خۆی دەگرت و کۆنترۆڵی لە دەست نەدەدا . ئەم پیاوە بە ئارامی و خۆڕاگری بە نێوبانگ بوو . ماوەی دە دانە ساڵ بە شاگردی مایەوە ، هەمووی پێنج دانە ساڵ بوو کە دووکانە چکۆلەکەی کردبووەوە ، وای وێنادەکرد بە باڵاترین ئارەزوو و ئاواتی خۆی گەییوە و هەستی ڕەزامەندی و خۆشحاڵی سەراپای بوونی گرتبووەوە و چاوە گەش و نیگا ئارامەکانی و جەستەی بەتین و ڕۆح سووکییە هەمیشەییەکەی ، بەڵگەی ئەم حاڵەتە بوون .

بەڵام حوسەین کەرشە ، بە زیرەک و زیتەڵی کۆڵانەکە دەژمێردرا ، ئیدی بە گۆساخی و زیرەکی و جورئەت بە ناوبانگ بوو ، خۆ ئەگەر پێویستی بکردایە ، لە خراپە و شەڕیش نە دەپرینگایەوە . لە سەرەتاوە لە چاخانەکەی بابیدا کاری دەکرد ، بەڵام پێکەوە نە سازان و ڕۆیی و چوو لە دوکانی پاسکیل چییەکەدا بوو بە شاگرد . لەوێ مایەوە تا ئاگری جەنگ هەڵایسا و هەنگێ پەیوەندی بە سوپای ئینگلیزەوە کرد و دەرامەتی ڕۆژانەی گەییە سی قروش . لە حاڵێکدا لە کارەکەی پێشوویدا ڕۆژانە سێ قروشی وەردەگرت . دوای ئەوەی گیرفانی گەرم بووەوە و حاڵی گۆڕا ، ئیدی کەوتە خزمەتی خۆی ، بێ دڵی خۆی نە دەکرد ، جلکی تازەی لەبەر دەکرد ، دەچووە خوارنگان و گۆشتی زۆر دەخوارد ، کە بە بۆچوونی ئەو بە خواردنی خەڵکانی بەختەوەر دەژمێردرا ، هاتوچۆی سینەما و کابارەی دەکرد ، مەی دەخواردەوە و تێکەڵاوی ژنانی دەکرد . هەر کاتێ کەیفی ساز بوایە ، هاوڕێکانی دەعوەت دەکرد ، دەیبردنە سەربانی ماڵەکەیان و خواردن و شەراب و حەشیشەی دەرخوارد دەدان ، لە یەکێک لەم بەزمانەیدا

— وەکو دەڵێن — بە هەندێک لە میوانەکانی گوتبوو : لە وڵاتی ئینگلیزدا بەو خەڵکانەی وەکو من ، کە خەریکی ڕابواردن و خۆشگوزەرانین دەڵێن لارج: ( Large ) جا چونکە خەڵکانی وەکو ئەو لە حەسوودی حەسوودان بە دوور نابن ، ناویان نا ( حوسەین لارج ) و پاشان ئەم ناز ناوە بوو بە ( حوسەین گەراج ) .

عەباس حلو ، دەستی دایە مەکینەی سەر تاشییەکەی و بە دڵ و بە گیان کەوتە چاککردنی قەراخ و دەورو بەری سەری هاوڕێیەکەی . بەڵام خۆی لە قژە لوولەکەی ، کە زبر و تێک ئاڵاو بوو و لەگین بوو ببێتە مایەی خاوی کارەکە ، نزیک نەبووەوە . هەرکاتێ دەرفەتی دیداری ئەم دۆست و هاوڕێ دێرینەی دەڕەخسا ، جۆرە هەستێکی خەمینی دایدەگرت . بەڵام هێشتا هەر دۆست و برادەر بوون ، بەڵام ڕەوشی ژیان گۆڕا بوو و حوسەین کەرشە وەکو جاران شەوانی لە شەو بێرییەکانی چاخانەکەی بابیدا بە سەر نە دەبرد ، بۆیە جووتە دۆست بەدەگمەن یەکدیان دەبینی . یارۆی بەر بەر ( دەلاک ، سەرتاش ) هەرکاتێ ئەم جودایی و لێکدابڕانە گەورەیەی نێوان خۆیانی بیردەکەوتەوە هەستێکی بەغیلی ئامێز لە دڵیا سەری هەڵدەدا . بەڵام لە حەسوودی و بەغیلییەکەشیدا — وەکو ژیانی — کەسێکی ئاقڵ و لۆژیکی بوو ، نە بە خراپە باسی برادەرەکەی دەکرد و نە هیچ هەڵەیەکی دەکرد ، لە تۆ وایە خۆزیای پێدەخوازێ نەک حەسوودی و بەغیلی پێ ببات . زۆر جار ئاقڵ و بەردەبار لە دڵی خۆیدا دەیگوت :

" ڕۆژێک دێ ، جەنگ تەواو دەبێت و حوسەین وەکو چۆن بە دەستی بە تاڵ کوچەکەی بەجێهێشت ، بەو ئاوایە بە دەستی خاڵی دەگەڕێتەوە ."

حوسەین ، وەکو هەمیشە ، چەنەبازی و زۆربڵێی دەکرد ، باسی ژیانی ( ارنس )ی بۆ برادەرەکەی دەکرد ، باسی کرێکاران و مووچە و ئەو دزیانەی بۆ دەکرد کە دەکران . باسی ئەو نۆکتە و شۆخیانەی دەکرد کە لە نێوان ئەو و ئینگلیزەکاندا دەکران و ، دەیگوت سەربازەکان ڕێزی دەگرن و خۆشیاندەوێ و دەیگوت : " ڕۆژێ عەریف جولیان ، پێی گوتم کە من تەنیا بە ڕەنگ لە ئینگلیزان جیاوازم ! ... زۆر جار ئامۆژگاریم دەکات کە دەستباد نەبم و دەست بە پارە و پوولەوە بگرم . بەڵام ئەم بازووەی ( لێرەدا ، بەلاف و گەزافەوە بازووی تەکان دا ) کە لە کاتی هەرا و هەنگامەی جەنگدا پارە پەیدا بکات ، لە کاتی ئاشتیدا ، دوو چەنانە پەیدا دەکات . بە بۆچوونی تۆ کەی جەنگ تەواو دەبێ ؟ بە شکستی ئیتاڵییەکان مەخەڵەتێ ، ئەوانە لەم جەنگەدا هیچ حەسابێکیان بۆ ناکرێت . بەڵام هیتلەر بیست ساڵی دیکەش دەجەنگێ ! ... عەریف جولیان ، ئازایەتی منی زۆر بە دڵە ، متمانەیەکی کوێرانەی بە من هەیە . لەبەر ئەم متمانەیەیە کە منی تێکەڵاوی کار وسەودا و مامەڵەکانی خۆی کردووە ، ئیدی بازرگانیەکی فراوان دەکات ، لە تووتن و جگەرەوە بیگرە تا دەگاتە چەقۆ و چەتاڵ و کەوچک و چەرچەفی سەر جێگاوبان و گۆرەوی و پێڵاو ... دونیا !

عەباس حلو ، لە فکران ڕۆچوو و لە بن لێوانەوە گوتی :- دنیا !

حوسەین لە ئاوێنەکەدا تەمەشایەکی خۆی کرد و گوتی :

- دەزانی ئێستا کێوە دەڕۆم ؟ ... بۆ باخی گیانداران ... دەزانی لەگەڵ کێدا ؟ ... لە گەڵ کچێکی وەکو کەرە و هەنگوین ( ماچێکی سێکس ئامێزی هەواکەی کرد ) لەوێوە بۆ تەمەشای قەفەزی مەیموونەکانی دەبەم .

بە قاقا پێکەنی و ئەوسا لە سەری ڕۆیی : دڵنیام کە دەپرسیت بۆچی مەیموونان ؟ دیارە ئەم پرسیارە بۆ کەسێکی وەکو تۆ کە جگە لە مەیموونی قوون سوور ، هیچ مەیموونێکی دیکەی نەدیتووە ، ئاساییە . دەی کەرپیاو ئەوە بزانە کە مەیموونانی باغی گیانداران ، بە کۆمەڵ لە قەفەزاندا دەژین و لە ڕووی شێوە و بێ ئەدەبییەوە زۆر لە بەشەر دەچن . ڕووت و قووت بە بەرچاوی خەڵکییەوە ، ئاشقێنی و سێکسبازی لە گەڵ یەکدا دەکەن . ئەگەر کچێک بۆ ئەوێندەر بەرم ئیدی هەموو دەرگاکانم بە ڕوودا دەکرێتەوە !

حلو ، بە دەم کارەکەیەوە لە بن لێوانەوە گوتی :- دنیا !

- ژنان دنیایەکی بەرینن ، بە ئاسانی نایەنە ناسین . هەر قژی لوول بە تەنیا بەس نییە .

حلو پێکەنی ، لە ئاوێنەکەدا تەمەشای خۆی کرد ، بە دەنگێکی کز گوتی :

- من پیاوێکی بێنەوام !

حوسەین ، لە ئاوێنەکەدا ، خێسەیەکی لێکرد و بە تەشەرەوە گوتی :

- ئەدی حەمیدە ؟!

دڵی ، حلو داخورپا . چونکە چاوەڕوانی بیستنی ئەم ناوە ئازیزە نەبوو ، وێنەی ئەوی ( حەمیدە ) هێنایە بەر چاوی خۆی ، ڕوخساری سوور هەڵگەڕا ، نا ئاگایانە و لەبن لێوانەوە گوتی :

- حەمیدە ؟!

- بەڵێ حەمیدەی کیژی داکی حەمیدە ...

کابرای بەربەر پەنای وەبەر بێدەنگی برد و دڵتەنگی بە ڕوخسارییەوە دەرکەوت . حوسەین ، بە توندی گوتی :

- داماوی ، نەگبەتی ، بەلەنگاز . چاوەکانت نوستوون ، دووکانەکەت لە پرخەی خەوی خاودایە . هەموو ژیانت خەوە ، ئەی مردووی بێخەم و خەیاڵ ، با بێدارت بکەمەوە . پێتوایە بەمجۆرە بە ئاوات و ئارەزووەکانت دەگەیت ؟ هەیهات . چەند هەوڵ و ڕەنج بدەی ، قەت نان و پێخۆرێکت ناگەنە یەک..

چاوە ئارام و مەنگەکانی عەباس ، وایان دەنواند کە لە فکران ڕاچووە ، قەدەرێک بەو دەقەوە مایەوە ، ئەوجا بە جۆرە خەمینییەک گوتی :

- هەرچیەک لە لای خواوە بێ بە خێر بێ .

حوسەین بە تەشەرەوە گوتی :

- هاپۆ کامیل ، چاخانەی کەرشە ، نێرگەلە ، کومی ؟!

حلو ، بە سەر سامی گوتی :- بۆچی گاڵتە بەم ژیانە دەکەیت ؟

- تۆخوا ئەمە ژیانە ؟ ... ئەم کۆڵانە ، جگە لە مەرگ هیچی تری تیانییە ، تا لەم کۆڵانەدا بی ، پێویستت بە ناشتن نابێ ، ڕەحمەتت لێبێ .

حلو ، دوای کەمێک دوو دڵی ، هەرچەندە وەڵامەکەی ئەوی دەزانی ، پرسی :

- دەتەوێ من چی بکەم ؟

حوسەین بە دەنگی بەرز گوتی :

- زۆر جارم پێگوتیت ، زۆر کەڕەتم ئامۆژگاری کردوویت ، شەقێک لەم ژیانە هیچە هەڵدە . ئەم دووکانە دابخە . لەم کۆڵانە برۆ . چاوت لە دیتنی کەلەشی هاپۆ کامیل ڕزگاربکە . پەیوەندی بە سوپای ئینگلیزەوە بکە . سوپای ئینگلیز گەنجێکە لەبن نایەت . گەنجی حەسەن بەسرییە ئەم شەڕە وەکو گەوجان دەڵێن ، بەڵا نییە بەڵکو خێر و بەرەکەتە . نیعمەتێکە خوا ناردوویەتی تا ئێمە لەم کوێرەوەری و نەداری و هەژارییە ڕزگار بین ، خوای دەکرد ڕۆژێ هەزار کەڕەت بۆردمان دەکراین ، مادام زێڕمان بە سەردا دەبارێنن . پێم نەگوتیت پەیوەندی بە سوپاوە بکە ؟ ئێستاش دوو بارەی دەکەمەوە ، تا دەرفەت ماوە ، لە کیسی خۆتی مەدە ، ئێستاش نەچووە بچێت . دروستە کە ئیتاڵیا شکستی خواردووە ، بەڵام ئەڵمانیا ماوە و ژاپۆنی لە پشتە و ، ئەم جەنگە بیست دانە ساڵ دەخایەنێت . بۆ دواجار پێت دەڵێم ، هێشتا دەرفەتی باش لە ( تل الكبير ) گرێ مەزن ماوە .. تا زووە خۆت بگەیەنە ئەوێندەر !

حلو ، دەبیرەوە چوو ، خەیاڵ بردییەوە ، هەستی بە ڕادەیەک بزوا ، کە هەستیکرد ، خەریکە کۆنترۆڵی کارەکەی لە دەست دەدا . ئەمە باندۆر و کاریگەری قسەکانی ئێستای حوسەین نەبوو ، بەڵکو زادەی سووربوونی بەردەوامی حوسەین بوو ، هەرکاتێ دەهاتە دیدەنی ، ئەو قسانەی بە گوێدا دەدا ، بەڵام فایدەی نەبوو . هەڵبەتە پیاوێکی بە قەناعەت بوو ، تەمەڵ بوو ، لە هەرشتێکی تازە دەترسا و دوژمنی سەرسەختی سەفەر بوو . ئەگەر وازیان لێهێنابا ، کۆڵانی میدەقی بە هیچ شوێنێکی دنیا نە دەگۆڕییەوە . ئەگەر هەتا هەتایە لێرە بماباوە ، نە لێی بێزار دەبوو و نە لە بەر چاوی دەکەوت ، نە خۆشەویستی بۆ کەم دەبووەوە . بەڵام دوای خەوێکی قورس ، بێدار بووەوە ، تەماح گرتی ، هەرکاتێ لە ڕۆحیا دەجۆشا ، لە ناخیا دەگەڵ وێنەی حەمیدەدا تێکەڵ دەبوو . دووریش نەبوو هەر حەمیدە بێداری بکاتەوە و کەڵکەڵە و خولیایەکی تازەی بخاتە سەر، ئارەزووەکانی و وێنەی حەمیدە بوو بوون بە یەک شت و لێکدی جیا نە دەبوونەوە . وێڕای هەموو ئەمەش دەترسا ئەمە بە خۆی بڵێ ، پێدەچوو بیەوێ دەرفەتێک بە خۆی بدات ، تا دانیشێت و بە هێمنی بیربکاتەوە . بۆیە لە ڕووی بێ مەیلیەوە گوتی :- سەفەر هی کەرە .

حوسەین پێی بە عاردیدا کوتاو و هاواری بە سەردا کرد :

- تۆ کەری ، حەوت پشتت کەرە ، سەفەر زۆر لەم کۆڵانە باشترە . لە هاپۆ کامیل باشترە . سەفەر بکە و پشت بە خوا ببەستە . تۆ هێشتا لە دایک نەبووی ، چیت خواردووە ؟ چیت لە بەرکردووە ؟ چیت دیتووە ؟ ... باوەڕم پێبکە کە هێشتا لە دایک نەبووی .

عەباس بە کەسەرەوە گوتی :- حەیفێ کە بە دەوڵەمەندی لە دایک نەبووم .

- حەیفێ کە بە کچی لە دایک نەبووی ! ئەگەر بە کچی لە دایک بوای بۆ خۆت یەکێک دەبووی لە ژنە قەیمەکان ، ژیانت لە ماڵەوە بەسەر دەبرد و وەقفی خزمەتی ماڵەوەت دەکرد . ئیدی نە دەچوویتە سینەما ، نە دەچوویتە باخی ئاژەڵان ، تەنانەت نە دەچووی بۆ موسکی کە حەمیدە ، هەر نەبێ عەسرە پیاسەیەک لە وێندەر دەکات .

کە ناوی حەمیدە هات ، عەباس تەواو پەشۆکا ، زۆری لە بەرگران بوو ، کە حوسەین بە تەشەرەوە باسی کرد و ناوی برد ، وەکو ئەوەی ناوێکی هیچ و پوچ بێ و لە هیچ دڵێکدا شیرین نەبێ ، بۆیە کەوتە داکۆکی لە خۆشەویستەکەی و گوتی :

- حەمیدەی خوشکت کچێکی نەجیبە و هیچ عەیب نییە ئەگەر بڕوات بۆ موسکی و پیاسەیەک بکات و بایەکی باڵی خۆی بدات و دڵی بکرێتەوە .

– هەڵبەتە ... بەڵام گومانم لەوە نییە کە کچێکی بەرزە فرە و ئەگەر خۆت نەگۆڕی و فریای خۆت نەکەوی دەستت نایگاتێ ...

دڵی عەباس کەوتە لێدان ، دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا و نیگەرانی و خەم و پەژارە باڵی بە سەردا کێشا . لە چاککردنی قژی حوسەین بووەوە ، بە بێدەنگی سەری بۆ شانە دەکرد ، بەڵام نیگەرانی بەرۆکی بەر نە دەدا . ئەوسا حوسەین کەرشە هەستا و کرێیەکەی دایە . بەڵام پێش ئەوەی دووکانەکە بەجێ بێڵێ بیری کەوەتەوە کە دەستە سرەکەی بیر چووە ، بۆیە بە هەشتاو بۆ ماڵ زڤرییەوە.

عەباس ، لە شوێنی خۆیەوە ، کەوتە تەماشاکردنی ، زۆر چالاک و چەلەنگ هاتە بەر چاوی ، دەتگوت یەکەمجارە بەو چالاکی و گورج و گۆڵییە دەیبینی . " ئەگەر خۆت نەگۆڕی دەستت نایگاتێ ... "

حوسەین ، هەڵبەتە ڕاستی دەکرد . ژیانێکی سەختی هەبوو ، کار و کاسبیەکەی ، هەرئەوەندە بوو کە بژی ومەمر پێی دەژیا . خۆئەگەر بیەوێ لەم ڕۆژگارە دژوارەدا ، لانە وکاشانەی خۆی بونیات بنێت ، هیچ چارێکی نییە ئەوەنەبێ کە دەست بداتە فەتحێکی دیکە . تا کەی گۆشەگیر و دەستە وەستان . دڵ بە خەون و خەیاڵان خۆشبکات ؟ بۆچی بەختی خۆی تاقی نەکاتەوە و وەکو خەڵکی مل بە ژیانەوە نەنێ ؟ حوسەین دەڵێت " کیژێکی بەرزە فرە " هەرچەندە ئەم هیچ شتێک بە دڵنیاییەوە نازانێ ، ڕەنگە حوسەین باشتری بناسێت ، چونکە ئەو ( عەباس ) هەمیشە بە چاوی ڕێز و خۆشەویستیەوە تەمەشای کردووە . جا ئەگەر گراوێکەی سەرکێش و بەرزە فرێ ، ئەویش هیچ چارێکی نامێنێ ، دەبێ سەرکێش و بەرزە فڕ بێ . ڕەنگە حوسەین سبەینێ بڵێ — بزەیەکی بۆ دەکات — ئەو بێداری کردووەتەوە و کەسێکی تازەی لێدروست کردووە ، بەڵام خەڵکی هەموو دەزانن ئەگەر لە بەر خاتری ئەو خۆشەویستە نازەنینە نەبوایە ، هێز نەبوو بتوانێ تەبیعەتی گوێڕایەڵانە و ئارامی ئەو بگۆڕێت. عەباس لەم دەمە هەستیار و تایبەتیەی خۆیدا ، هەستی بە هەژموونی خۆشەویستی و دەسەڵات و ئەفسوونی سەیری خۆشەویستی کرد . هەر وەها بە شێوەیەکی هەندێک ئاڵۆز وگونگ هەستی بەوە کرد کە خۆشەویستی سەرچاوەیەکی زۆر گرینگی داهێنان و ئاوەدانییە ، خۆشەویستی لە دڵی ئێمەدا ، مەڵبەند و سەرچاوەی داهێنان و تازەبوونەوەیە . هەر بۆیەش پەروەردگار بەشەری بە ئاشقی خوڵقاندووە و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی بوونی بە ئەشق سپاردووە ، واتە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی بوون ، ئەمانەتە لە ئەستۆی ئەشق و خۆشەویستیدا . عەباس ، لە ناخەوە جۆشی دەسەند و بە سۆز و گودازەوە لە خۆی دەپرسی : بۆچی سەفەر نەکات ؟ ئایا نزیکەی چارەکە سەدەیەکی لەم کۆڵانەدا بە سەر نەبردووە ؟ چ خێرێکی بینیوە ؟ کۆڵانێکە ، کە عەدالەت لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا بەرپا ناکات ، بە گوێرەی ڕێز و خۆشەویستی هەریەکێک بۆ کۆڵانەکە ، پاداشتی ئەو یەکە ناداتەوە . لەوەیە بە ڕووی ئەو کەسانەدا بگرژێتەوە کە دەیبوغزێنن ، و ئەو کەسانە ببوغزێنێ کە خۆشیان دەوێ و ڕزق و ڕۆزیان بەرێتە قاتی، کەچی بۆ کەسێکی وەکو

سەلیم ڕزق و ڕۆزی بە سەرا دەبارێنێ و ئەوەندەی پارە و ئەسکەناس لە دەور خڕدەکاتەوە کە لە دوورەوە بۆنی بڵاوببێتەوە ، کەچی بۆ ئەم پارە چووەتە قاتی ، ئەوەندەی نایەتە دەست ، بژی و مەمەر پێی بژی . کەواتە دەبێ سەفەر بکات و دەبێ ڕووی ژیان بگۆڕێت .

بە خەیاڵ ، ئەو ڕێگا دوور و درێژەی تەیکرد ، بە دەم ئەو خەیاڵاتەوە هاتە بەر دەرگای دووکانەکەی ، کەوتە ڕوانینی هاپۆ کامیل ، کە لە غورابی خەودا بوو و مێشکوژەکەشی بە باوەشەوە بوو . ئەوسا گوێی لە دەنگی پێیان بوو کە لە سەرووی کۆڵانەکەوە نشێو دەبووەوە . ڕووی کردە سەمتی دەنگەکە و حوسەین کەرشەی بینی کە بە هەنگاوی هەڕاو دەگەڕێتەوە . دڵتەنگی و نیگەرانی دووبارە لە دڵ و دەروونی گەڕا . وەکو چۆن قومارچییەک تەمەشای گۆی ڕۆڵێت دەکات ، عەباس بەو ئاوایە تەمەشای کرد ، چاوی لێنەگواستەوە تا گەییە ئاستی و خەریک بوو لێشی ڕەت دەبوو ، هەنگێ دەستی نایە سەرشانی و لێبڕاوانە گوتی :

– حوسەین ، دەمەوێ دەربارەی بابەتێکی گرینگ قسەت لە گەڵدا بکەم .

( ٥ )

عەسرە ...

کۆڵانەکە ، بەرە بەرە لە تاریکی ڕۆدەچوو . حەمیدە خۆی لە عەباکەیەوە پێچابوو ، بە تەقەتەقی قاپقاپەکانیەوە بە قاڵدرمەکەدا دادەگەڕا ، بەو نیازەی لە کۆڵانەکەوە وەدەربکەوێ و بۆ پیاسە و گەڕان بڕوات . بە کاوەخۆ ، هێدی و هێمن بەلار و لەنجە و  خۆبادان بە ناو کۆڵانەکە کەوت ، چونکە دەیزانی چاوانێکی تیژ و کونجکاو پەیگیری دەکەن ، چاوانی سەلیم عدوانی خودانی کاروانسەراکە و چاوانی عەباس حلوی بەربەر . دەیزانی کە کۆنی جلە کاڵەوە بووەکانی ، لە چاوی وان بە دوور نابێ .

کراسێکی کۆن و عەبایەکی کاڵەوە بوو و جووتێ قاپقاپی پاژنە سواو ، بەڵام عەبایەکەی بە جۆرێ لە خۆوە پێچا بوو ، کە هەموو جوانی بەژن وباڵا شووش و زڕافەکەی بەرجەستە دەکرد ،سمت و پاشەڵی تەواو بەرجەستە دەکرد، مەمکە قوتەکانی خەریک بوو کراسیان دەدڕی . نیوەی پاو پۆزە گۆشتنەکەی دەردەخست و ، قژە ڕەشەکەی و ڕوخسارە برۆنزیە جوانەکەی دانەدەپۆشی . بە ئانقەست ئاوڕی لە هیچ شتێک نەدەدایەوە و لە سەنادقیەوە بەرەو غوریە پێچی دەکردەوە و لەوێوە بۆ السکە الجدیدە و ئەوسا بۆ موسکی . کە لە نیگا تیژ و نەوسنەکان دەرباز دەبوو ، بزەیەک دەنیشتە سەر لێوانی و چاوە ڕەشەکانی بە شەقامە ڕووناک و پڕ هاتۆچووەکاندا دەگێڕا . حەمیدە کیژێکی هەتیو و بێکەس نەبوو و نەدار بوو . بەڵام متمانەی بەخۆ هەبوو ، ڕەنگە جوانییە بێوێنەکەی هۆیەک بوو بێ لە هۆیەکانی ئەم متمانە بە خۆبوونەی . بەڵام ئیمتیازی ئەو تەنیا جوانییەکەی نەبوو . هەڵبەتە کەسێکی بە ورە و بە

باشار بوو ، بە درێژایی تەمەن بۆ ساتێک ئەم هەستی بەهێزییە ، بەری نەدەدا . ئەم هەستە بە ئاشکرا بە چاوانییەوە دیار بوو . هەندێک پێیان وابوو ئەم حاڵەتە لە جوانییەکەی کەم دەکاتەوە ، بەڵام هەندێکی دی پێیان وابوو جوانییەکەی زیاتر دەکات . هەمیشە گیرۆدەی هەستێک بوو کە بەرەو شەڕئەنگێزی و خۆنوێنی دەبرد . لە هەنبەر پیاواندا پەنای وەهێز دەبرد ، وەکو چۆن هەوڵی دەدا بە زۆر دایکی کۆنترۆڵ بکات . خراپترین کاتی نواندنی ئەم هێز و شەڕەنگێزییە ، ئەوکاتانە بوو کە دەگەڵ ژنانی کۆڵاندا دەبوو بە شەڕە جوێنیان . هەر هەموو دەیان بوغزاند ، دەمیان لێ نەدەپاراست و پیسترین جنێویان دەدایە ، خراپترین قسەیەک کە دەیاندایە پاڵی ئەوە بوو کە ڕقی لە منداڵە ، منداڵان دەبوغزێنێ ، بە هۆڤی و کێویان لە قەڵەم دەدا و دەیانگوت لە نیعمەتی مێیایەتی بێ بەشە . ئەم ناسازگاریانەی حەمیدە ، کردبوویانە کارێک کە ژنەکەی وەستا کەرشەی چایچی — کە دایکی شیری بوو — دوعای ئەوەی لێبکات کە خۆی ومنداڵەکانی ، لە سایەی مێردێکی ستەمکاری ئەوتۆدا بدینێ ، کە شەوان بە شەق بیخەوێنێ و بەیانی بە شەق بێداری بکاتەوە ! خۆزیای دەخواست کە لە سایەی پیاوێکی وەهادا شیر بە منداڵەکانی بدات ! لە سەر پیاسەی خۆی بەردەوام بوو ، چاوی لە جامخانەی موغازەکان ( دووکان ، فرۆشگا ) نە دەگواستەوە ، زۆری حەز لە تەمەشای ئەو دووکان و موغازانە بوو کە جل و بەرگی جوان و قاپ و ئامان و کەل وپەلی گرانبەهایان هەبوو ، ئەمە هێندەی دیکە ئارەزووی هێز وهەژموونی لە لا دەمەزەرد دەکردەوە ، ئیدی ئەم خەونی هەژموون خوازییە ، خولیای سەروەت و ماڵدۆستی لە لا دروستکرد ، بەو ئیحتوبارەی ، کە کلیلی جادوویی کۆنترۆڵکردنی دنیا و هەموو هێزە پەنهانەکانی ئەوە . ئەوەندەی خۆی دەناسی زیاتر خەونی بە سەروەت و ماڵەوە دەبینی ، ئەو سەروەتەی کە جلکی دابین دەکرد ، ئارەزووەکانی دڵی بەدی دەهێنا . لە خۆی دەپرسی : " تۆ بڵێی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە ئاوات و ئارەزووەکانی بگات ؟ " هەڵبەتە لە حەقیقەتەکان غافڵ نەبوو ، بەڵام وێڕای ئەوەش هەمیشە چیرۆکی کیژێکی خەڵکی سەنادقییەی لە بەر چاو بوو ، کچێک بوو وەکو ئەم هەژار ، بەڵام بەخت وای هانی کە شووی بە کابرایەکی قۆنتەراتچی دەوڵەمەند کرد و لەو چاڵەی دەرهێنا و لە ئەرزەوە گەیاندییە ئاسمان و حاڵ وباڵی تەواو گۆڕا ، چی تیایە کە ئەگەر ئەم چیرۆکە دووبارە ببێتەوە و لەم کۆڵانەدا بەخت دوو جاران بە پیری خەڵکەوە بێ ؟ لە جوانیا ، هیچی لە کیژی ناوبراو کەمتر نییە ، ئەو بەختەی کە ڕووی لەو کچە کردبوو ، دەتوانێ دووبارە و چەندبارە ببێتەوە ، بێئەوەی هیچ کێشە و سەرئێشەیەک دروست بکات یا خەسارەتێک بدات . بەڵام سنووری ئەم بەرزە فڕییانە ، قەفەزێکی تەنگ بوو کە لە ئاقاری مەیدانی ( مەلیکە فەریدە ) هێوەتر نە دەڕۆیی . نە ئاگای لەو دیوی ئەم ئاقارە هەبوو ، نە ئاگای لە ئاپۆڕای ئەو خەڵکە هەبوو کە لەم دنیا بەرینە دەژیان ، نە ئاگای لەوەش بوو ، کە کێیان لە خێر وخۆشیا دەژی و کێیان وەکو ئەو سەرگەردانە ، حایر و حەیران ، هیچ لەنگەرگایەک شک نابات . لە نزیکی ئەم شوێنە دۆستەکانی — ئافرەتە کرێکارەکان — خۆی بەدی کردن کە لە دوورەوە دەهاتن ، بە هەشتاو بەرەو پیریان چوو و خۆی لە بەندی هەموو خەیاڵەکان ڕزگارکرد و ڕووی گەشایەوە . بە پەلە چاک و

خۆشیان کرد و یەکسەر کەوتنە قسەو باسی تورەهات . حەمیدە ، بە وردی دەیڕوانیە ڕوخسار و جل و بەرگەکانیان و بە غیلی بە ئازادی و پێگەی وان دەبرد . ئەمانە کچۆلانی خەڵکی ( دراسە ) بوون کە بە حوکمی ژیانی هەژارانەی خۆیان و بە حوکمی هەل و مەرجی جەنگ ، لە داب و نەریتی ئاسایی و باو لایاندابوو و ، بە چاولێکەری ژنان و کچانی جوولەکە ، لە دەرێی ماڵ وشوێنە گشتییەکاندا ، شانیان دابووە بەر کارکردن . ئەمانە هەموو خەمبار و بێنەوا و لەڕ ولاواز هاتبوون و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بوژابوونەوە و گۆڕا بوون ، دوای برسێتی تێر بوون ، دوای ڕووت وڕەجاڵی ، پۆشتە و پەرداغ بوون . دوای ئەوەی بوژانەوە و کەمێک گۆشتیان گرت ، ئیدی بە چاولێکەری ژنە جوولەکەکان ، کەوتنە بایەخدان بە ڕواڵەتی خۆیان و بە خۆیان ڕادەگەیشتن . هەندێکیان بە چەند قسەیەکی خۆش دەکەوتنە داوەوە و کۆیان لەوە نە دەکردەوە کە لە شەقامە چۆڵ و چەپەکەکاندا قۆڵ بە قۆڵی پیاواندا بکەن و ئاشقێتی بکەن . ئیدی ئەمانە پیشەیەک فێربوو بوون و دەستیان بە کار کردبوو و ژیانیان دەئازموو و تاقی دەکردەوە . بەڵام ئەو تەمەن بەجێی دەهێشت و بێهودە لە جێی خۆی هەنگەڵە شەلێی دەکرد و بە چاوی حەسرەتەوە تەمەشای ئەوانی دەکرد ، بەغیلی بە ژیانی خۆش و جلە جوانەکان وگیرفانی پڕیان دەبرد . بە درۆوە لە گەڵیاندا پێدەکەنی و بەغیلی و حەسوودی دڵی کرمێ دەکرد ، و ئەوسا ، لە ژێر پەردەی شۆخی و سوعبەتدا ، تەشەری لێدەدان . ئەمیان کراسەکەی کورت و حەیابەرەیە ، ئەویان زەوقی نەخۆشە ، فلان بە چاوە زەقەکانی ڕێ لە پیاوان دەگرێ ، فیسار ، ئەو ڕۆژگارەی بیرچووەتەوە کە ئەسپێ وەکو مێرووله بە گەردنیا هەڵدەگەڕا . دیارە ئەم دیدارانە ، بە یەکێک لەو ئەنگیزانە دەژمێردرا کە سەرکێشییە بەردەوامەکانی دەمەزەرد دەکردەوە . بەڵام لە هەمان کاتدا ، ئارامبەخش و سوکنایی بەخشی دڵەی خەمینی بوو . ئیدی ڕۆژێک ئاهێکی هەڵکێشا و بە دایکی گوت :- بە ڕاستی ژیانی جوولەکەکان ژیانە !

دایکی پەست بوو و گوتی :- تۆ لە توخمی شەیتانی و خوێنی من لە دەمارەکانتدا نییە .

کیژەی گەنج ، کە بە ئانقەست دەیویست ، تووڕەتری بکات گوتی :

- ناشێت ، ئەگەر بە حەرامیش بووە ، لە توخمی پاشایان بم !

ژنەی تاین ، سەرێکی لەقاند و بە تەوەسەوە گوتی :

- ڕەحمەتییەکەی باوکت لە ( مەرجوش ) دەستگێڕی دەکرد .

بە نێو دۆستەکانیا دەڕۆیی و بە جوانیەکەیەوە دەنازی . چەکی دەستی زمانە درێژەکەی بوو . لەزەتی لەوە دەبینی کە چاوەکان ، بە شێوەیەکی ڕەوتەنی بە سەر ئەواندا دەڕۆیشتن و لە سەر ئەم دەگیرسانەوە . کە ئەوان خەریک بوو لە ناوەندی موسکی ڕەت دەبوون ، ئەم ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە ، عەباس حلوی بینی کە بە

فاسیلەیەکی کەم لە دووی ئەوانەوە دێت و بە هەمان نیگای ئاشنا لەم دەڕوانێ . لە دڵی خۆیدا پرسی ، چۆنە لەم کاتەدا دووکانی داخستووە ، ئەمە قەت عادەتی ئەو نەبووە . ئایا ، دوای ئەم کەوتووە ؟ ئایا بە چاوبڕکێ سووکنایی نایەت ؟ عەباس ، وێڕای هەژاری و نەداری ، وەکو زۆربەی هاوپیشەکانی کەشخە بوو . حەمیدە ، دەرکەوتنی ئەوی پێناخۆش نەبوو . لە دڵی خۆیدا گوتی :" هیچ یەکێک لە دۆستەکانی تەماحی لە مێردێکی لەو باشتر نییە " . هەستێکی سەیر و گونگی ، سەبارەت بەو لە لا هەبوو . لە لایەکەوە تاقە گەنجی کۆڵانەکە بوو ، کە شایستەگی هەڤسەری ئەوی هەبوو و ، لە لایەکی دیکەشەوە ، خەونی بەوەوە دەدی شوو بە کەسێکی دەوڵەمەندی وەکو ئەو قۆنتەراتچییە بکات ، کە کچە هەژارەکەی گەڕەکی سەنادقییەی خواستبوو و بەختەوەری کردبوو .

حەمیدە ، عەباسی خۆش نەدەویست ، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووشی لێوەر نەدەگێڕا و بێ ئومێدی نەدەکرد ، لەوە دەچوو ، لەزەت لە نیگا تامەزرۆ و تاسەمەندەکەی بدینێ !

عادەتی وابوو ، کچەکان بگەیەنێتە کۆتایی ( دراسە ) و هەنگێ لەوێندەرەوە بە تەنیا بۆ کۆڵانەکە بگەڕێتەوە . دەگەڵ کچەکاندا ڕێی دەکرد و ژێراو ژێر و بە دزییەوە سەیری دەکرد ، ئیدی هیچ گومانی لەوە نەما کە بە ئانقەست پەیگیری دەکات و دووی دەکەوێ و بەنیازە نیازی دڵی خۆی بۆ کەشف بکات . دیارە گومانەکەی لە جێی خۆیدا بوو ، چونکە هەرکە خواحافیزی لە دوا کیژ کرد و ویستی بگەڕێتەوە ، عەباس بەرەو لای ئەو پێچی کردەوە ، هەنگاوەکانی شپرزە و ڕوخساری پەرێشان دیار بوو ، بەرە بەرە هات تا گەییە ئاستی ، ئەوجا بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی :

- ئێوارەت باش حەمیدە .

حەمیدە ، وەکو ئەوەی بێزاربێ و بەم دەرکەوتنە لە ناکاوەی ئەو غافڵگیر بوو بێ ، برۆکانی وێکهێنایەوە و بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات ، پێی هەڵگرت ، ڕوخساری عەباس سوور هەڵگەڕا. بەڵام بە دەنگێکی گلەیی ئامێزەوە ، دیسان گوتی :- ئێوارەت باش حەمیدە .

حەمیدە ، دەترسا ئەگەر هەروا بێدەنگ بێ و بەو پەلە پەلە ڕێبکات ، بەر لەوەی عەباس فریا بکەوێ نیازی دڵی بڵێ ، دەگەنە مەیدانە جەنجاڵ و ئاوەدانەکە ، دیارە حەزیشی دەکرد گوێی لە قسەکانی ببێ ، بۆیە بە تۆنێک کە بۆنی بێزاری لێبێ گوتی :

- ئەیەڕۆ ! تۆ دراوسێیت و وەکو بێگانەیەک ڕەفتار دەکەی ! ...

عەباس ، بە خەمبارییەوە گوتی :

- هەڵبەتە دراوسێم ، وەکو بێگانەش ڕەفتار ناکەم ، چما قسەکردن لە گەڵ دراوسێ حەرامە ؟

حەمیدە بە گرژییەوە گوتی :

- بەڵێ ، دراوسێ دەبێ دراوسێ بپارێزێ ، نەک پەلاماری بدات …

عەباس ، ڕاستگۆیانە گوتی :

- من ، دراوسێم و ئەرکی دراوسێتی دەفامم . هەرگیز ئەوەم بە بیردا نەهاتووە ، خوا نە خواستە پەلامارت بدەم . تەنیا دەمەوێ دوو قسەت لە گەڵدا بکەم . هیچیش عەیب نییە ، دراوسێ قسە دەگەڵ دراوسێدا بکات .

- چۆن قسەی وادەکەی ؟! شەرم نییە کە ڕێگەم پێبگریت و ئابڕووم بەریت ؟ …

عەباس ، قسەکەی ئەوی لە بەر گران بوو ، بە کەسەرەوە گوتی :

- ئابڕوو بردن ؟ … حەیفت نەکرد حەمیدە ، من نیەتم پاکە و باوەڕم پێبکە ، بە گیانی حوسەین ، جگە لە خێری تۆ هیچم ناوێ ، کەسێ نەمرێ بە چاوی خۆت دەبینی هەموو شتەکان بەو ئاقارەدا دەڕوات کە خودا ئەمری پێ فەرمووە ، نەک بە ئاقاری ئابڕوو بردندا … تەنیا کەمێک گوێم لێبگرە . دەمەوێ دەربارەی مەسەلەیەکی گرینگ قسەت دەگەڵدا بکەم ، وەرە با بڕوین بۆ شەقامی ئەزهەر ، با لە چاوی دۆست و بناژۆیان دوور بین …

حەمیدە بە دەم ڕەنجانێکی دەستکردەوە گوتی :

- دوور لە چاوی خەڵکی ؟! ماشەڵڵا ! بە ڕاستی دراوسێی چاکی ! خوا سایەتان لە سەرمان کەم نەکات !

عەباس ، کە بە هاتنە قسەی حەمیدە ، جورئەتی پەیدا کرد بوو ، بە گەرمی گوتی :

- گوناهی دراوسێ چییە ؟! … یانی دەتەوێ قسەی دڵی بباتە گۆڕەوە !

حەمیدە ، بە تەوەسەوە گوتی :- خوا بەو ڕۆژە نەکات …

عەباس ، خەمین و خەمبار ، بێزار لەوەی کە لە مەیدانە جەنجاڵەکە نزیک دەبوونەوە ، گوتی :

- وە ئیمام حوسەین ، نیازم پاکە . ئەوەندە خێرا مەڕۆ حەمیدە ، با لادەین بۆ شەقامی ئەزهەر ، دەمەوێ بابەتێکی گرینگت لە گەڵدا بکەمەوە . دەبێ گوێم لێبگریت . هەڵبەتە دەزانی دەمەوێ چ بڵێم ، نازانی ؟ هەست ناکەی ؟ … دڵی باوەڕدار ڕێنوێنی ئەوە .

حەمیدە ، وەکو ئەوەی توورە بوو بێ ، گوتی :

- پێت لە بەرەی خۆت زیاتر ڕاکێشاوە . نا ، نا ... وازم لێبێنە ...

- حەمیدە ، من دەمەوێ کە ... من تۆم دەوێ ...

- ئەیەرۆ ، حەیام چوو . وازم لێبێنە ، دەتەوێ لە بەر چاوی خەڵک ئابڕووم بەری .

گەیی بوونە مەیدانی حوسەین . حەمیدە لەو جیابووەوە و بە دەستە چەپا لایدا و پێی هەڵگرت ، ئەوسا بە دەم بزەیەکی کاڵەوە بەرەو غوریە پێچی کردەوە . دەیزانی عەباس دەیەوێ چ بڵێ ، ئەوەشی لە بیر و لە خەیاڵ بوو ، کە ئەو تاقە گەنجی کۆڵانەکە بوو ، کە بە کەڵکی هەڤسەری ئەم دەهات ، نیشانەی ئەشق و خۆشەویستی لە چاوەکانیا خوێندەوە ، وەکو چەند جاری دیکەش لە درزی پەنجەرەکەوە ، ئەم ئەشقەی لە چاوانیا خوێند بووەوە . بەڵام ئایا هەر هەموو ئەمانە ، توانیان دڵی بەردئاسای حەمیدە نەرم بکەن ؟ باری دارایی عەباس ، کە حەمیدە لە نزیکەوە ئاگاداری بوو ، توانای نەرم کردنی ئەم بەردەی نەبوو ، بەڵام خۆی ، کوڕێکی نەرم ونیان و ئارام دیار بوو ، بێ فیزی و گوێڕایەڵی بە چاوانیەوە دیار بوو ، ئەمە دەیکردە کارێک کە دڵی پێخۆش بکات ، دڵی کە ئاشقی هەژموون و دەسەڵاتخوازی بوو ، بەو بسپێرێت . وێڕای ئەمەش هەستی دەکرد ، حەزی لێناکات ، هەڵبەتە بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ و نەیدەزانی چی دەوێ ؟ ... باشە ئەگەر ئەم کوڕە گوێڕایەڵ و هێمنە ، ڕازی نەکات ، لەمە باشتری لە کوێ دەست دەکەوێ ؟ هەڵبەتە هیچ وەڵامێکی قەناعەتبەخشی بۆ ئەو پرسیارە نەبوو ، نەفرەت و بێزارییەکەی دەگەڕاندەوە بو هەژاری و نەداری کوڕەکە ! پێدەچوو ، هۆی دەسەڵاتدۆستییەکەی بگەڕێتەوە بۆ تەبعی سەرکێشانەی ، ملی بۆ ئاشتی نە دەدا ، دڵی بە سەرکەوتنی ئاسان دا نە دەکەوت . هەستێکی ئاڵۆز و گونگی هەبوو ، خۆیشی نەیدەزانی چی دەوێ ، ئەم هەستە گونگە ، هێندەی دی حایر و نیگەرانی کرد بوو .

عەباس حلو ، لە ترسی چاوی خەڵکی نەیدەوێرا لەوەی پتر بەگەڵی بکەوێ ، بە دڵی پڕ لە ناکامی و حەسرەتەوە ، پاشەکشەی کرد ، بەڵام زۆر لە نائومێدی دوور بوو ، بە ئارامی ڕێی دەکرد و بێئەوەی تەمەشای دەوروبەری بکات ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " ماوەیەکی زۆر قسەی دەگەڵدا کرد ، خۆ ئەگەر نیازی ئەوەی هەبوایە دەست بە ڕوویەوە بنێ و جوابی بکات ، کەس ڕێی نە دەگرت و ئەمیش هیچی لە دەست نە دەهات ، کەوایە پێی ناخۆش نییە ، ڕەنگە وەک هەر کچێک نازبکات ، لەوەشە لە شەرما نەیویستبێ ، مجامەلەی بکات " . کۆڵی نەدا و ئومێدبڕ نەبوو ، ئومێدی سەرکەوتنی لە دڵی خۆیدا پەروەردە کرد ، خۆی بۆ جارێکی دی ئامادە دەکرد . دڵی بە بۆنی خۆشی نەشئەیەکی جادوویی ئەوتۆ مەست بوو بوو کە پێشتر هەرگیز شتی وای بە خۆوە نەبینی بوو . ئاشقێکی ڕاستەقینەی ، پڕ سۆزی ئاگرین بوو ، لە حانای چاوە گەش و جوانەکانی خۆشەویستەکەیدا ، هەستی بە ملکەچی

تەواو دەکرد ، هەستی بە خۆشی و لەزەتێکی بێسنوور دەکرد ، هەستی بە ئەشقێکی نەمر و جاویدان دەکرد . هەڵبەتە لاوانی هاوتەمەنی ئەو ، مەیلیان بۆ هەر ژنێک دەجووڵێت ، بەڵام ئەو لە کۆترێک دەچوو کە بەرزایی ئاسمانی خستبێتە ژێر باڵی فڕین و بە دەور و بەریا بسووڕێتەوە و سەرەنجام بە دەم فیکەکێشانی خاوەنەکەیەوە بێت و لە جێگای دیاریکراوی خۆی بنیشێتەوە . جێگاکەی ئەو هەر ژنێک نەبوو ، بەڵکو لە نێو هەموو ژناندا ، تەنیا حەمیدە بوو و بەس . بەڵێ ئەم ریسکەی خۆی بە بێهودە نە دەزانی ، گوڵی هیوا ، لە سەر چڵی خەونانەوە سەرەتاتکێی دەگەڵدا دەکرد ، شاد و خوڕەم بە ئەشق و جوانییەکەی ، بە خۆشی و شادییەوە گەڕایەوە و هەرکە بە سەمتی سەنادقیەدا پێچی کردەوە ، ڕوو بە ڕووی شێخ دەروێش بووەوە کە لە سەمتی ئیمام زادە حوسەینەوە دەهات ، لە سەرەتای کۆڵانەکەدا گەیینە یەکدی ، لە شێخ چووە پێشەوە تا بە نیازی تەبەڕۆک تەوقەی دەگەڵدا بکات . بەڵام شێخ بە قامکی شادە ، ئاماژەی کردێ و لە پشت عەینەکە زێڕینەکەیەوە ، چاوە پەژمردە و کزەکانی بڕینە ڕوخساری عەباس و گوتی :

- بە بێ تەربوش ( جۆرە کڵاوێکە ) مەسوڕێوە ! لەم جۆرە کەش و هەوا و دنیایەدا ، بە سەری کۆت مەگەڕێ . مێشکی گەنج دەبێ بە هەڵم و دەچێت بە ئاسماندا ، ئەمە مەسەلەیەکە لە تراجیدیادا ، کە بە ئینگلیزی ( Tragedy ) پێدەڵێن ، بابەتێکی بە ناوبانگە و سپێڵەکەشی بەمجۆرەیە : تی ، ئاڕ ، ئەی ، هی ، جی ، دی ، وای ...

( ٦ )

وەستا کەرشە ، بە کارێکی گرینگەوە مژووڵ و سەرگەرم بوو ، بە دەگمەن ساڵێک بە سەر ژیانیا دەبووری ، بێئەوەی بەم جۆرە کارەوە مژووڵ بێ ، کارێک بو کە خەم و پەژارە و دژمنایەتی بۆ چێدەکرد . پیاوێک بوو بێ ئیرادە و بێ باشار . حەشیشە هیچ ئیرادە و باشارێکی بۆ نەهێشتبووەوە . وێڕای ئەوەش ، بە پێچەوانەی زۆربەی بازرگانانی بواری ئەم پیشەیەوە ، لە خانەی هەژاراندا دادەنرا ، نەک لە بەر ئەوەی بازرگانییەکەی سوودی نەبوو ، بەڵکو لە بەر ئەوەی پیاوێکی دەستباد بوو — هەڵبەتە دەستباد بۆ ماڵ و منداڵی خۆی نا — دەرامەت و دەستکەوتی خۆی بە فیڕۆ دەدا . زیادە مەسرەفی دەکرد ، لە هیچ فیعلێک نە دەگەڕایەوە ، بە دووی ئارەزووەکانی دەکەوت و داوێن پیسێکی بەتڕەف بوو و کەم و زۆر لەم دەردە بێدەرمانە نە دەپرینگایەوە .

کاتێ کە خۆر ئاوا بوو ، بێئەوەی سەنقەر ئاگادار بکاتەوە کە کێوە دەڕوات ، عەبا ڕەشەکەی بە شانیا داو و دارعاسا ئەستوورەکەی هەڵگرت و هێدی هێدی بە هەنگاوی قورس ، لە چاخانەکە وەدەرکەوت ، هەرچەندە چاوە تاریکەکانی لە پشت پێڵوە ئەستوورەکانیەوە پەنهان بوون ، بەڵام ڕێگاکەی بە باشی دەبینی و دڵی لێیدەدا ! دڵ ،

ئەگەر خاوەنەکەی بگاتە پەنجاش هەر لێدەدا . سەیر ئەمە بوو کە وەستا کەرشە عومرێکی لە ژیانی نائاساییدا بە سەر برد بوو ، بە ڕادەیەک ئاوێتەی پوخڵەواتی ژیان بوو بوو ، کە ئەم ژیانەی بە ئاسایی دەزانی . ژێراو ژێر بازرگانی مەوادی هۆشبەری دەکرد . کابرایەک بوو وازی لە ژیانی ئاسایی هێنابوو و ڕووی کردبووە ژیانی نائاسایی و بوو بوو بە نێچیری شزووز ، بە ڕادەیەک دیل و ئەسیری ئارەزووەکانی بوو بوو ، کە نە سنووری دەناسی و نە ژێوان دەبووەوە و نە چاوەڕوانی تۆبەی لێدەکرا . بەڵکو گلەیی لە حکومەت دەکرد کە تاقیبی خەڵکانی وەکو ئەوی دەکرد ، نەفرەتی لەو کەسانە دەکرد کە لادانە سێکسیەکانی ئەویان دەکرد بە دەستئاوێز و دەیان بوغزاند و بە سووک و چروکیان دەزانی ، سەبارەت بە حکومەت دەیگوت : " شەرابێ کە خوا حەرامی کردووە ، حەڵاڵ و حەشیشەی کە خوا حەڵاڵی فەرمووە حەرام کردووە! یانەو مەیکەدەکان کە ژەهر دەفرۆشن دەگرێتە ژێر باڵ ، بەڵام حەشیشخانەکان کە شیفابەخشی جەستە وگیانن ، قەدەخە دەکات " . بە داخ و کەسەرەوە سەری دەلەقاند و دەیگوت : " ئاخر حەشیش عەیبی چییە ؟ ئاسوودەیی ئەقڵە ، شیرینی گیانە و جگە لە مەش ئارەزوو بزوێنە !" بەڵام سەبارەت بە دەردەکەی دیکەی – هۆمۆسێکسواڵی – بە هەمان تۆنی هەمیشەیی دەیگوت : " عیسا بە دینی خۆی و موسا بەدینی خۆی ! " = ( لكم دينكم ولى دين ) . بەڵام هەرچەندە هەمیشە نازی ئارەزووەکانی خۆی دەکێشا و بێ دڵی خۆی نە دەکرد ، بەڵام هیچ جارێ نەبوو ، کە بێتە سەر هەوەسێکی تازە دڵی دانەخورپێ . بە غوریەدا دەڕوییی و لە خۆیدا غەرق دەبوو و بە دڵێکی پڕ لە ئومێدەوە دەیگوت :" ئەی شەو چیت حەشاردواە ؟ " . هەر چەندە دەبیرەوە چوو بوو ، بەڵام هەستێکی گونگی سەربارەت بە ڕیزە دووکانەکانی ئەمبەرو ئەو بەری هەبوو . ناو بە ناو سڵاوی هەندێک لە ناسیاوەکانی دەسەندەوە . هەڵبەتە لەم جۆرە سڵاو و چاک و خۆشیانە بە گومان بوو ، نەیدەزانی کە ئاخۆ هەر سڵاوی ڕووت بوون ، یان چیرۆکێکی ترو مەبەستێکی تریان لە پشتەوەیە . خەڵکی ناحەوێنەوە ، دەمی خۆیان ناگرن ، خوانەکا شتێکیان بکەوێتەدەم . قسە بکەوێتە زاران ، دەیڵێنەوە هەزاران . وا گوتیانەوە و هەزار بارەشیان کردەوە ، لەم وتن و ناز ناوانە چییان دەست دەکەوێت ؟ هیچ ! هەردەمی خۆیان هیلاک دەکەن . تەحەدای دەکردن و ئەوەی لە دڵیا بوو ئاشکرای دەکرد ، بەو جۆرە ملی ڕێگای خۆی گرت تا لە دوا دووکان نزیک بووەوە کە کەوتبووە دەستەچەپی ئەو دیوی ئەزهەرەوە . دڵی کەوتە لێدان و سڵاوی ئەو خەڵکانەی لە بیر بردەوە کە گومانی لە سڵاوەکانیان هەبوو ، ڕووناکییەکی ترسناک و شەڕانی ، لە چاوە کزەکانیەوە پرشنگی دا ، بە زاری بەش و لێوانی شۆڕەوە ، لە دووکانەکە نزیک بووەوە و لە بەر دەرگاکەی وەستا . دووکانێکی بچکۆلە بوو ، کە پیرەمێردێک لە پێشیەوە و لە پشت مێزێکی بچکۆلەوە دانیشتبوو ، کوڕێکی تازە هەڵچووی جوان ، شانی دابوو بە یەکێک لە ڕەفە پڕ لە کەل و پەلەکانەوە . هەر کە چاوی بە تازە هاتگەکە کەوت ، پشتی ڕاست کردەوە و وەکو فرۆشیارێکی کارامە بە بزەیەکی شیرین پێشوازی کرد . کەرشە بۆ یەکەمجار پێڵوە قورسەکانی هەڵبڕی و ڕوانیە جەوانەکە و پاشان بە میهرەبانی سڵاوی لێکرد و جەوانەکەش بەو پەڕی نەزاکەتەوە سڵاوەکەی سەندەوە . لە یەکەم

ساتەوە هەستی بەوەکرد ، کە ئەمە جاری سێیەمە ، ئەم پیاوە لە زەرفی سێ ڕۆژی دوا بە دوای یەکدا لێرە دەبینێ . لە دڵی خۆیدا پرسی : " باشە بۆچی ، هەموو پێویستییەکانی بە کەرەتێ ناکڕێ و تەواو ؟ " .

وەستا کەرشە گوتی :- کوا چ جۆرە گۆرەوییەکت هەن نیشانمی بدە ...

کوڕەکە ، چەند نموونەیەکی بۆ هێنا و خستیە سەر پێشخوانەکە . وەستا کەرشە بە دەم هەڵگێڕ وەرگێڕی گۆرەوییەکانەوە ، ژێراو ژێر تەمەشای سەرو چاوی کوڕەکەی دەکرد و کوڕەکەش هەستی بەمە کرد و سووکە بزەیەکی کەوتە سەرلێو . کەرشە ، بە ئانقەست درێژەی بە ژێراو ژێر کردنی گۆرەوییەکان داو و پاشان بە ئەسپایی بە کوڕەکەی گوت :

- لێم مەگرە کوڕەکەم چاوم کزن ... دەتوانی بە زەوقە جوانەکەی خۆت ڕەنگێکی گونجاوم بۆ هەڵبژێری ...

ساتێک بە بێدەنگی ڕوانییە ڕوخساری کوڕەکە و ئەوسا بزەیەک کەوتە سەر لێوە شۆڕەکانی و لە سەری ڕۆیی :- وەکو دەم و چاوە جوانەکەت ...

کوڕە جوانەکە خۆی لە گێلی دا ، واینواند کە گوێی لە قسەکانی نەبووە و جۆرە گۆرەوییەکی نیشاندا . کەرشە لە سەری ڕۆیی :- شەش جووتم بۆ بپێچەوە .

چاوەڕوانی کرد ، تا کوڕەکە کەوتە پێچانەوەی گۆرەوییەکان ، ئەوجا گوتی :

- وا چاکە بیکەی بە دوازدە جووت ... سوپاس بۆ خوا من لە ڕووی داراییەوە ، لە هیچم کەم نییە !

کوڕەکە ، بە بێدەنگی ڕاسپاردەکانی بۆ پێچایەوە و بەستەکەی دایە دەستی و گوتی :

- پیرۆزە ...

وەستا کەرشە بزەیەکی بۆ کرد ، بە گوتەیەکی دی زاری بە شێوەیەکی میکانیکی کردەوە و پێڵوەکانی بە ئاستەم جووڵا و ، بە نیاز گڵاویەوە گوتی :

- سوپاس کوڕەکەم . ( ئەوجا دەنگی نەوی کرد و لە سەری ڕۆیی ) سوپاس بۆ خوا !

دوای ئەوەی پارەی گۆرەوییەکانی دا ، بە هەمان نیگەرانییەوە کە هاتبوو ، لە دووکانەکە وەدەرکەوت و بەرەو شەقامی ئەزهەر وەڕێکەوت ، ئەوسا بە هەشتاو لە شەقامەکە پەڕییەوە و خۆی گەیاندە ئەو بەر ، لە ژێر دارێکی بەرانبەر دووکانەکە ، ڕاوەستا ، تاریکی دنیا بەرە بەرە سێبەرەکەی تاریکتر دەکرد . وەستابوو ، بە دەستێک خۆی

به سەر دارعەساکەیدا دابوو و بە دەستەکەی دیکەشی گۆرەوییەکانی هەڵگرتبوو ، و لە دوورەوە چاوی بڕیبووە دووکانەکە . کاتێ چوو بووە دووکانەکە ، کوڕەکەی دیبوو ، کە هەر دوو دەستی لە سەر سینگی تێک ئاڵاندبوو ، هەنووکە کە تەماشای دەکرد جگە لە تاپۆ و تارماییەکی گونگی ئەو ، هیچی دیکەی نە دەبینی . بەڵام ، یادگە و خەیاڵ ، قەرەبووی چاوە نەخۆشەکانی بۆ کردەوە ، ئەوەی بە چاو نەیدەبینی بە خەیاڵ دەیبینی . لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " بێگومان بە مراز دەگەم !" ئەوجا لوتف و میهرەبانی و نەزاکەتەکەی وەبیر هێنایەوە . دووبارە دەنگی لە گوێی ئەمدا زندوو بووەوە کە لەبن لێوانەوە گوتبووی : " پیرۆزە " دڵی فێنک بووەوە و لە کانگای دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشا ، چەند ساتێک بە نیگەرانی و پەرێشانی لە جێی خۆی وەستا ، تا بینی دووکانەکە دادەخرێ . هەنگێ پیرەمێردەکە بەرەو (ساغە) کەوتەڕێ و کوڕەکەش خۆی بە شەقامی ئەزهەردا کرد . وەستا کەرشەش هێدی هێدی لە درەختەکە دوور کەوتەوە و دوور و نزیک دووی کوڕەکە کەوت . کوڕەکە سێیەکی ڕێگاکەی تەی کرد بوو ئەوسا هەستی بەو کرد ، بەڵام گوێی نەدایە و وای وێناکرد بە ڕێکەوت ڕێگەیان یەکی گرتووە . درێژەی بە ڕێی خۆی دا ، بەڵام وەستا کەرشەی چاپچی لێی نزیک بووەوە و بە میهرەبانی گوتی :

– ئێوارەت باش کوڕەکەم .

کوڕەکە تەمەشای کرد ، سووکە بزەیەک نیشتە سەر چاوانی و لە بن لێوانەوە گوتی :

– ئێوارە باش قوربان .

کەرشە ، تەنیا بۆ ئەوەی بیهێنێتە قسە و گفت و گۆ ، پرسی :

– دووکانەکەت داخست ؟

کوڕە ، هەستیکرد ، کابرا بە ئانقەست دەیەوێ پێ قورس بکات . وەکو ئەوەی داوا لەویش بکات پێ قورس بکات ، بەڵام کوڕە بە هەمان ڕەوتی خۆی بەردەوام بوو و گوتی :

– بەڵێ قوربان .

ئیدی کەرشە ناچار بوو پێ بە پێی ئەو ڕێبکات ، پێکەوە بە سەر شۆستەکەدا دەڕۆیشتن و وەستا چاوی لێی نەدەگواستەوە . دوای تۆزێک گوتی :

– ماوەی کارەکەت زۆرە ... خوا یارمەتیت بدات .

کوڕەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی :

- چارچییە ؟ ژیان و نان بە بێ ڕەنج نابێ ...

وەستا کەرشە ، ئەم گفت و گۆیەی کوڕەی لە گیان خۆشبوو ، ئەم هاوڕێیەتیەی ئەوی بە نیشانەی خێر وەرگرت و گوتی :- خوا ڕزقت بدات کوڕەکەم ...

- سوپاس قوربان .

کەرشە ، کە زەوقی هەستا بوو ، گوتی :

- ژیان بە ڕاستی سەختە ، بەڵام بە دەگمەن ڕێکدەکەوێ ، خەڵکانی ڕەنجبەر هەقی تەواوی ئەو ڕەنجە وەربگرن کە دەیدەن ، ئەم دنیایە پڕە لە کرێکارانی مەزڵووم .

ئەم قسەیە ، لە کانگای دڵی کوڕەدا گیرسایەوە و بە بێزارییەوە گوتی :

- ڕاست دەکەی قوربان ، وایە . ئەم دنیایە پڕە لە کرێکارانی مەزڵووم ...

- ئەگەر سەبرت هەبێ بەرسیلە دەبێ بە ترێ ، وایە مەزڵوومان یەجگار زۆرن ، ئەمە مانای وایە زاڵمانیش زۆرن ، بەڵام بە لوتف و کەرەمی خوا ، دنیا لە خەڵکانی میهرەبان و دلۆڤان خاڵی نییە . لە پیاوچاکان خاڵی نییە ...

کوڕەکە پرسی :- ئەدی ئەم خەڵکە دلۆڤانە لە کوێن ؟

چیوای نەمابوو کەرشە وەڵامی بداتەوە و بڵێت :" یەکێک لەوانە منم" بەڵام جڵەوی خۆی گرت و بە تۆنێکی گلەیی ئامێزەوە گوتی :

- ڕەشبین مەبە کوڕەکەم ، خوا گەورەیە ( ئەوجا تۆنی دەنگی گۆڕی و گوتی ) : بۆچی پەلە دەکەی ؟ ... پەلەتە ؟

- دەبێ بۆ ماڵ بڕۆمەوە و جلەکانم بگۆڕم .

کەرشەی چایچی ، دەسەپاچە بوو و پرسی :- ئەدی دوای ئەوە ؟

- دەڕۆم بۆ چاخانە .

- کام چاخانە ؟

- چاخانەی ڕەمەزان .

وەستا کەرشە بزەیەکی ئەوتۆی بۆ کرد کە ددانە زێڕەکانی لە تاریکییەکەدا درەوشانەوە ، بە تۆنێک کە کوڕە ڕابکێشێت پرسی :- بۆچی نایەی بۆ چاخانەکەی ئێمە ؟!

- کام چاخانە قوربان ؟

وەستا کەرشە ، بەرخەبەبەی پڕ لە باکرد و گوتی :

- چاخانەی کەرشە لە میدەق ، بەندەی موخلیستان وەستا کەرشەم !

کوڕە سوپاسی کرد و بە سوپاسەوە گوتی :

- دێم وەستا ، ئەم چاخانەیە بە نێوبانگە .

وەستا ، زۆر خۆشحاڵ بوو و بە تۆنێکی پڕ لە ئومێدەوە گوتی :

- دێیت ؟

- بە ئومێدی خوا ...

یارۆی چایچی کە کاسەی سەبری سەر ڕێژ بوو بوو ، گوتی :

- هەموو شتێک بە ویستی خوایە ، بەڵام حەزدەکەم بزانم کە بە ڕاستی دێی یا لە کۆڵ خۆتم دەکەیەوە ؟

کوڕە ، بزەیەکی بۆ کرد و بە نازەوە گوتی :

- بە ڕاستی دەمەوێ بێم ...

- ئەمشەو ؟

کە کوڕەکە هیچی دیکەی نەگوت ، یارۆی چایچی ، کە لە خۆشیا لە پێستی خۆی نە دەهێوری ، دووپاتی کردەوە :- حەتمەن ...

کوڕەکە ، لە بن لێوانەوە گوتی :- بە ئومێدی خودا ..

کەرشە ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و ئەوسا گوتی :

- لە کوێ دادەنیشێت ؟

- لە پێچی کاروانسەراکە ...

- تەقریبەن دراوسێین ... ژنت هێناوە ؟

- نا ... دەگەڵ داک و بابمدا دەژیم ...

کابرا ، بە نەرمی گوتی :

- لە هەوەڵەوە دیار بوو کە لە بنەماڵەیەکی باشیت . گۆزەچی تیا بێ ئەوەی لێدەڕژێ . دەبێ بایەخ بە ئایندەی خۆت بدەی ، خۆ ناکرێ هەموو تەمەنت بە شاگردی لە دووکانێکدا بە سەر بەری ... ڕوخساری جوانی کوڕە گەشایەوە و پرسی :

- یانی کەسێکی وەکو من دەتوانێ ئارەزوویەکی لەوە گەورەتری هەبێت ؟!

وەستا کەرشە ، یەکسەر بەرسڤی دایەوە :

- خۆ لاڕەشەمان نییە نەتوانین هیچ کارێک بکەین ... باشە هەموو ئەم خەڵکە بە گەورەیی لە دایک بوون ؟ هەموو هەر بچووک نەبوون ؟

- با ، بەڵام خۆ هەموو هەر نابن بە بازرگان ...

وەستا کەرشە ، قسەی کوڕەکەی تەواو کرد :

- مەگەر هەلی بۆ هەڵبکەوێ ! با ئەمڕۆ کە تەعاروفمان کردووە ناو بنەین دەرفەت و هەلی گەورە ... کەواتە ئەمشەو چاوەڕوانت دەکەم !!

کوڕە ، کەمێک سڵەمیەوە و پاشان بە دەم بزەیەکەوە گوتی :

- دەستی کەرەم ڕەت ناکرێتەوە ، لە گەورەیی خۆتانە ...

تا دەروازەی متەوەلی بە دەم گوت و بێژەوە ڕۆیشتن و لەوێ تەوقەیان کرد و وەستا کەرشە گەڕایەوە و بە لەقە لەق لە تاریکیەکەدا ون بوو . کابرای سەرگەردان وەخۆ هاتەوە و گەرمی شادمانی لە دڵ و دەروونی گەڕا . لەو دنیای فەرامۆشیەی کە تێی کەوتبوو بێدار نەبووەوە ، مەگەر شەپۆلێکی توند و بە هێزی ئارەزووە چەپەڵەکانی لێبدابایە . لە گەڕانەوەدا ماوەیەکی زۆر بە تاسەوە ڕوانیە دووکانە داخراوەکە . کە گەیشتەوە کۆڵانەکە ، دووکانەکانی داخرابوون . خۆ ئەگەر ڕووناکی چاخانەکە نەبوایە ، سەرانسەری کۆڵانەکە دەبوو بە تاریکستان . هەوای چاخانەکە

به پێچەوانەی هەوای ساردی دەرەوە ، گەرم بوو . دووکەڵی نێرگەلە و هەناسەی خەڵکەکە و گڕی وەجاخەکە ، هەوای ناو چاخانەکەیان گەرم دەکرد . ئامادە بووان لە سەر تەختەکان ، چوارمشقی دانیشتبوون ، قسەیان دەکرد ، چاو قاوەیان دەخواردەوە و ڕادیۆکە ئیشی دەکرد ، بەڵام کەس گوێی لێنەدەگرت ، لە گوتاربێژێکی خوێن تاڵ دەچوو کە وەعز بۆ کۆمەڵێک کەڕوکاس بخوێنێ . سەنقەر وەکو هەنگ دەخولایەوە ، نە ئارامی هەبوو ، نە ساتێک بێدەنگ دەبوو . وەستا کەرشە بە ئارامی و بە کاوەخۆ ، بە پارێزەوە چوو بۆ شوێنەکەی خۆی و لە پشت سەندووقی تکتەکانەوە ڕونیشت . هاتنەوەی بۆ چاخانەکە ڕێک لە کاتێکا بوو کە هاپۆ کامیل ، داوای لە دۆستەکانی دەکرد کە قەناعەت بە عەباس حلو بکەن ، ئەو کفنەی بداتێ کە گوایە کڕی بووی و ، بۆی هەڵگرتبوو ، بەڵام دۆستەکانی قەبووڵیان نە دەکرد و داواکەیان بە ڕەوا نەدەزانی . دوکتۆر بۆشی پێی گوت :

– جلەکەی ئەو دنیات زایە مەکە . ئینسان زۆرجار لە دنیادا بە ڕووتی دەژی ، بەڵام مردوو ، چەند هەژاریش بێ ، بە ڕووتی لە قەبر نانرێ ...

ئەم داوایە چەندین و چەندین جار لە لایەن ئەم پیاوە ساویلکەیەوە دووبارە و چەندبارە کرایەوە ، بەڵام هەموو جارێک بە ڕەفز و تەوسەوە پێشوازی دەکرا ، تا کابرا بە ناچاری وازی هێنا .

پاشان عەباس حلو ، بە برادەرانی ڕاگەیاند کە لێبڕاوە پەیوەندی بە سوپای ئینگلیزەوە بکات و دەگەڵ ئەواندا کار بکات . گوێی لە بۆچوون و ئاگادارییەکانی وان گرت ، هەر هەموویان لە گەڵ بۆچوونەکەی ئەودا بوون و هیوای سەرکەوتن ودەوڵەمەند بوونیان بۆ خواست . سەید ڕەزوان حوسەینی ، خەریکی یەکێک لە گوتارە دوور و درێژە پەند و ئامۆژگاری ئامێزەکانی بوو ، سەری بە لای گوێگرەکەیەوە دانەواند و گوتی :

– ... قەت بێزاری دەر مەبڕە ، بێزاری کوفرە . بێزاری ئافەتی ئیمانە . بە ناشوکری دەژمێردرێ ، ناڕازی بوونە لە ژیان ، ژیان نیعمەتی خوای گەورەیە . ئیدی چۆن دەشێت خەڵکی ئیماندار کوفری نیعمەت بکات یان لێی بێزار ببێت ؟ بۆ نموونە دەڵێی لەمەو لەوە بێزار بووم . من لێت دەپرسم کە ئەمە و ئەوە لە کوێوە هاتووە ؟ لە خواوە نەهاتووە ؟ کارەکان بە تەکبیر و ڕاوێژ چارەسەر بکە ، لە کاری خوا عاسی مەبە . هەر حاڵەتێکی ژیان جوانی و تامی تایبەتی خۆی هەیە ، بەڵام تاڵیەکانی نەفسی خراپەخواز ، تام و لەزەتە خۆشەکان دەشێوێنێ . باوەڕم پێبکە کە نائومێدی و پەژارەش لەزەتی خۆی هەیە ، مەرگیش عیبرەتی خۆی هەیە ! هەموو شتێک جوانی و لەزەتی خۆی هەیە ! ئیدی چۆن پەست و بێزار ببین ، ئاسمان شینی خۆی هەیە ، زەوی سەوزی خۆی هەیە ، گوڵ ئەم بۆنەی هەیە ، دڵ ئەم توانا گەورەیەی خۆشەویستی هەیە ، ڕۆح ئەم توانا بێ سنوورەی ئیمانی هەیە ، ئاخر بە چ هەقێک پەست و بێزار بین لە کاتێکا دنیا پڕە لەو کەسانەی خۆشمان دەوێن ، لەو کەسانەی کە شیفتەیانین ، لەوانەی

خۆشیان دەوێین ، شیفتەمانن . شەیتان بە نەحلەت بکە و پەنا بە خوا بەرە و مەڵێ بێزار بووم ، وەڕەز و بێتاقەت بووم .

فرێکی لە چایە دارچینیەکەی دا و پاشان وەکو ئەوەی پەردە لە سەر نیهاد و ویژدانی خۆی هەڵماڵێت لە سەری ڕۆیی :

– دەبێ بە کۆمەکی ئەشق ڕوو بە ڕووی مسیبەت و بەڵایان ببینەوە و بەسەریا زاڵ بین ، ئەشق و خۆشەویستی باشترین شیفا بەخشە . لە بەڵا و نەهامەتیانیشدا ، شادی هەیە ، وەکو دەماری ئەڵماس لە نێو کانە بەردانداا ، با خۆمان بەحیکمەتی ئەشق تەڵقین بدەین .

ڕوخساری پەمەیی دەدرەوشایەوە و ڕدێنە شەرابییەکەی وەکو خەرمانەی مانگ دەورەی دابوو . هەرچیەکی لە دەور بوو ، بە بەراورد دەگەڵ ئارامی و ئاسوودەیی ئەودا ، نیگەران و پەرێشان دەینواند. تیشکی چاوەکانی ساف و پاک و زەلاڵ ، ئیمان و چاکە و خۆشەویستی لێدەباری ، دوور بوو لە هەر ئارەزوویەک . لەوە بوو بگوترێ لەوساوە کە لە خوێندنی ئەزهەر ناکام بوو و شکستی هێنا و ، کە جەرگی بە منداڵەکانی سووتا ، ئیدی نائومێد بوو و دنیای لە بەر چاو کەوت ، ئیدی لێبڕا ، شکستی خۆی بە خۆشەویستی و بەخشەندەیی پەردەپۆش بکات ، بەڵام کیهان نسیبەتدیدە هەمان ڕێگەی ئەویان گرتەبەر ، کیهانیان شێت بوون و چەندیان ، ڕقی خۆیان بە سەر دین ودنیادا ڕشت ؟!

بە هەر حاڵ ڕازی دڵی ئەو هەرچییەک بێ ، گومان لە دڵسۆزی ئەو نییە ، ئیمانداڕێکی ڕاستگۆ و ئاشق و عارفێکی ڕاستگۆ و بەخشەندەیەکی ڕاستگۆ بوو . سەیر ئەوە بوو ئەو پیاوە — کە شۆرەت و ناوبانگی خێرخوازی و ئەشق و بەخشەندەیی ئەو دنیای پڕکردبوو — لە ماڵەوە کەسێکی بە زەبر وزەنگ و بە نەزم و زاکون و زبر و ڕژد بوو — دەیانگوت چونکە لە دەسەڵاتی واقیعی بە سەر هەر شتێکی دنیاوە نائومێد بووە ، ئیدی دەسەڵاتی خۆی بە سەر تاقە کەسێکدا کە مل بۆ ئیرادەی ئەو دەدات ، دەسەپێنێ ، ئەو کەسە ژنەکەی بوو ! ئیدی تامەزرۆیی ، ئارەزووی دەسەڵاتداری خۆی بە چەوساندنەوەی ژنەکەی دەشکاند . هەڵبەتە نابێ باندۆری داب و نەریتی باوی زەمان و ژینگە و شوێن ، لە سیاسەت و فەلسەفەی ژن بە دەربێنین و حیسابی بۆ نەکەین . زۆربەی ئەوانەی کە هاوچینی ئەو بوون ، پێیان وا بوو دەبێ وەکو منداڵ مامەڵە دەگەڵ ژندا بکرێت ، هەڵبەت لە بەر خاتری شادمانی ژنەکە خۆی . هەڵبەتە ژنەکەی وێڕای ئەمەش هیچ گلەییەکی لە مێردەکەی نەبوو . خۆ ئەگەر زامی جەرگ سووتان و مەرگی منداڵەکانی نەبوایە کە زامێکی هەمیشەیی خستبووە دڵی ، خۆی بە ژنێکی بەختەوەر دەزانی و شانازی بە مێردەکەی و ژیانی خۆیەوە دەکرد .

بەڵام وەستا کەرشە هەر چەندە بە جەستە ئامادە بوو ، بەڵام بە دڵ لێرە نەبوو . زۆر نیگەران و بێ قەرار بوو ، بە بێدەنگی تاڵاوی چاوەڕوانی دەچەشت . هەر سا نا ساتێ هەڵدەستا و لە دەرگاکەوە سەری دەکێشایە دەرەوە و تەمەشای ئەو سەری کۆڵانەکەی دەکرد ، دووبارە بە ناچاری دەگەڕایەوە بۆلای سەندووقی تکتەکان و لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " بێگومان دێت ، وەکو چۆن پێشتر براکانی هاتن ... " . ڕوخساری کوڕەکەی لە بەر چاو بەرجەستە دەبوو ، تەمەشای ئەو کورسییەی نێوان خۆی و ئەو تەختەی دەکرد کە شێخ دەروێش لە سەری دانیشتبوو . کوڕەی بە چاوی دڵ و لە دنیای خەیاڵدا دەبینی و کەمێک ئارام و ئوقرەی دەهاتێ . جاران جورئەتی نە دەکرد دەعوەتی خەڵکانی وەکو ئەم گەنجە بۆ چاخانەکەی بکات ، شەرمی دەکرد و ئەم فیعلەی لە خەڵک دەشاردەوە . تا ئەوە بوو کەشف بوو و دەهۆڵی ڕیسواییان لە سەرانسەری بازاڕەکە بۆ لێدا ، دوای ئەوە دەستی کرایەوە و چیتر ئەم فیعل و گوناحەی پەردەپۆش نە دەکرد . ئیدی واتەوات و قەرقەشەی نەنگین دەکەوتە بەینی ئەو و ژنەکەی و دەماو دەم بڵاو دەبووەوە . دەبوو بە داستانی سەرزاری خەڵکانی وەکو دوکتۆر بۆشی و داکی حەمیدە ، بەڵام ئەو گوێی بە هیچ نە دەدا . هەر کاتێ ئاگری جگەری ڕووی لە کزی بکردایە ، بە بەد کرداری خۆی چڵ و چێوێکی دەخستە سەر و دەیگەشاندەوە . لە ئەنجامدا دەتگوت لەزەت لە ئاشکرابوونی ئەم فیعلە خراپە دەبینێ و بە ئاشکرا لە دووی دەگەڕا . بەو جۆرە پەرێشان و نیگەران دانیشتبوو و هەرچی دەکرد و دەکۆشا ، سووکنایی بە دەروونی چەپەڵ و نەخۆشیا نە دەهات . دەتگوت لە سەر ئاگر دانیشتووە ، ئەوەندەی ئاوڕدایەوە ، خەریک بوو ملی خوار بێ و لێی بێتەدەنگ ، تەنانت دکتۆر بوشی هەستی پێکردو بە تەشەرەوە بە عەباس حلوی گوت :

– ئەم ملە قۆتێیە نیشانەی ئەوەیە مەوعیدەکەی نزیک بووەتەوە .

لەم کاتەدا شێخ دەروێش لە ناکاوا بێدەنگییەکەی شکاند و سرودێکی ئاشنای گوت :

"ئاە خاتوونی من ... ئەشق ملیونان دێنێ ، لە پێناوی ئەشقی تۆدا خاتوونی من ... سەد هەزار جونەیم هەڵڕشت ، بەڵام سەد هەزار لە هەنبەر ئەشقی تۆدا دەکاتەچی . "

***

ئەنجام دکتۆر بۆشی سەیری کرد و وەستا کەرشە ، زۆر بە پەرۆشەوە چاوی بڕیوەتە دەروازەی کۆڵانەکە ، بینی کە ڕاست دانیشتووە و بزەیەک نیشتووەتە سەر ڕوخساری ، ئێستا چاوی بڕی بووە دەرگای چاخانەکە ، زۆری پێنەچوو کە دەرکەوتنی سەرو سیمای جوانی کوڕێک ، ڕوخساری گەشاندەوە و ئەوسا چاوە نیگەران و قورسەکانی بە سەر مشتەرییەکاندا گێڕا .

نانەواخانەکە ، بە تەنیشت ماڵەکەی خا سەنیە عەفیفییەوەیە ڕێک لە هەمان ڕیزی چاخانەکەی کەرشەدایە ... بینایەکی تەقریبەن چوارگۆشەیە ، لایەکانی نارێکن ، کۆمەڵێک تاقچە لە دیوارەکانیا دروست کراون . تەنوورەکە لە دەستی چەپدایە ، سەکۆیەک لە نێوان تەنوورەکە و دەرگاکەدایە ، کە هەردوو خاوەن ماڵ لە سەری دەنوون : وەستا حوسنیە و جەعدەی مێردی . ئەگەر ڕۆشنایی ئاگری تەنوورەکە ، لە زاری تەنوورەکەوە بلێسە نەسەنێت ، ئەوا زۆربەی کات شەو و ڕۆژ ، تاریکی باڵی بە سەر شوێنەکەدا دەکێشا . دیوارەکەی بەرانبەر دەروازەی نانەواکە ، دەرگایەکی دارینی بچووکی پێوەیە کە بە سەر کەلاوەیەکا دەکرێتەوە کە یەکپارچە بۆن و بۆگەنی زڕ و زبڵ و خاشاک و پیسییە . تەنیا دەلاقەیەکی لە دیوارەکەی بەرانبەر دەروازەکەدا تیایە کە دەڕوانێتە حەوشەی ماڵێکی کۆن . کەمێک لەو لای دەلاقەکەوە ، چرایەک لە سەر تاقێکی درێژ دەسووتێ و ڕووناکییەکی کز بە دەور وبەردا پەخش دەکات و زەوییەکە بە ئاستەم ڕووناک دەکاتەوە کە ئەوەندە پیسە لە تۆ وایە گوڤەک و سەرانگوێلکە . ئەو تاقچەیەی کە چراکەی لە سەر بوو ، زۆر درێژبوو ، لەم سەر دیوارەکەوە بۆ ئەو سەر دیوارەکە بوو ، جۆرەها شووشەی گەورە و بچووک و ئامێری جیاواز و پەتی لە سەر ڕیز کرابوو ، ئەگەر پیسییە بێ وێنەکەی نەبوایە ، لە تاقچە و ڕەفەی دەرمانخانان دەچوو . لە سەر ئەرزەکە و ڕێک لە ژێر دەلاقەکەدا ، شتێک لە سەر ئەرزەکە گرمۆڵە بوو بوو ، کە ئەگەر ئەندام و گۆشت و خوێن ، وێڕای هەموو شتێک ، مافی ئەوەی نەدابایە ، کە ناوی مرۆڤی لێبنرێ ، ئەوا لە ڕووی چەپەڵی و ڕەنگ و بۆنەوە هیچ فەرقێکی دەگەڵ زەویەکەی ئەوێدا نە دەبوو . ئەم دەعبایە زیتە بوو ، کە ئەم کەلاوەیەی لە وەستا حوسنیەی نانەوا بە کرێ گرتبوو . ئەگەر تاقە جارێک بتدیبا ، هەرگیز لە بیرت نە دەچووەوە ، کابرایەک بوو زۆر ساوێلکە ، جەستەیەکی لاوازی ڕەش بوو . دیزداشەیەکی دەڵبی ڕەشی لە بەر بوو ، ڕەش لە سەر ڕەش . خۆ ئەگەر سپیەتی ترسناکی چاوەکانی نەبوایە، وەکو تۆپەڵە ڕەشاییەک دەینواند . زیتە کابرایەکی قولەڕەش نەبوو ، بەڵکو لە ئەسڵا میسرییەکی ڕەشتاڵە بوو . بەڵام ئەو چڵکەی بە درێژایی تەمەن نیشتبووە سەر جەستەی ، هێندەی دی ڕەشی کردبوو . دیزداشەکەشی لە هەوەڵەوە ڕەش نەبوو ، بەڵام لەم کەلاوەیەدا ڕەش بوون چارەنووس و قەدەری هەموو شتێک بوو . ئەم پیاوە هیچ پەیوەندییەکی بە کۆڵانەکەوە نەبوو ، حیسابی مردووی بۆ دەکرا ، نە هیچ کەسێک سەری دەدا و نە دەچووە دیدەنی هیچ کەسێک . نە خێری بۆ کەس هەبوو ، نە کەسیش خێری بۆ ئەو هەبوو . مەگەر دکتۆر بۆشی و ئەو باوکانە نەبێ ، کە سەر و ڕوخساریان بۆ ترساندنی منداڵەکانیان بە کاردەبرد . بەڵام کار و پیشەکەی لەلای هەمووان ئاشکرابوو ، ئەگەر لە بەر خاتری بۆشی نەبوایە ، نازناوی دکتۆریان بەویش دەدا . ئەم پیاوە عەیب و نوقسانی بۆ خەڵکی دروستدەکرد . عەیب و نوقستانی دەستکرد و تازە ، نەک عەیبی ئاسایی . مشتەرییەکانی ئەو کەسانە بوون کە بە نیازی گەدایی بوون . ئیدی بە هونەری سەیری خۆی — کە کەرەستە وتفاقەکانی لە سەر ڕەفەیەک ڕیز کردبوو — هەر مشتەرییەک ڕووی تێکردبا ، عەیبێکی بۆ دروستدەکرد کە دەگەڵ لەش و جەستەیدا بگونجێ . ئیدی بە ساغ و سەلامەتی دەهاتنەلای و بە کوێری

و لەنگی و قەمووری و دەست ولاق براوی دەگەڕانەوە . لە ئەزموونی ژیانەوە فێری ئەم هونەرە بوو بوو و تیایا مەعلان بوو بوو . یەکێک لەو ئەزموونانە ئەوە بوو کە ماوەیەکی زۆر لە سیرکێکی گەڕۆکدا کاری کردبوو . پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆی بە خێڵی گەدایان و دەرۆزەکارانەوە هەبوو ، ئەم پەیوەندییە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی منداڵی ، بۆ ئەو کاتەی کە لەسایەی داک و بابێکی سواڵکەردا دەژیا . ئیدی ئەم پەیوەندییە بووە هاندەرێک تا ئەو هونەر و فەندەڵ فێڵانەی لە سێرکەکەوە فێری بوو بوو ، بە سەر هەندێک لە گەدایاندا جێبەجێ بکات . لە هەوەڵەوە ئەم کارەی تەنیا بۆ سەرگەرمی دەکرد ، پاشان لە ژێر گوشار و دژوارییەکانی ژیاندا کردی بە پیشە و سەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی ، بژێوی خۆی پێ دابیندەکرد . کێشەی گەورەی کارەکەی ئەمە بوو کە دەبوایە بە شەو ئەنجامی بدات ، یا بە گوتەیەکی دی دەبوایە لە نیوە شەودا ئەنجامی بدات . بەڵام بەرە بەرە لە گەڵیا ڕاهاتبوو . بەڵام بە ڕۆژەوە لە کەلاوەکەی وەدەر نە دەکەوت ، دەستەو ئەژنۆ دادەنیشت ، نانی دەخوارد یان جگەرەی دەکێشا و ژێراو ژێر تەمەشای وەستا حوسنیەی نانەوا و مێردەکەی دەکرد ، بە لەزەتەوە گوێی بۆ گفت وگۆیەکانیان هەڵدەخست . لە کونی دەرگاکەوە تەمەشای ژنەی تاینی دەکرد کە ئێوارە و بەیانی بە کوتەک بەر دەبووە مێردەکەی . کە شەویش دادەهات دەیبینی ئاشت و تەبا ، وەک ئەوەی نەبایان دی بێ نە باران ، ژنە دەچوو بەلای مێردە مەیموون ئاساکەیەوە و شۆخی دەگەڵدا دەکرد . زیتە زۆری ڕق لە جەعدە بوو و حەزی نە دەکرد فەساڵی بدینێ ، لە لایەکی دیکەشەوە بەغیلی پێدا دەهات کە خواوەند بە سەری کردووەتەوە و ژنێکی تەواوی داوەتێ ! ئەو گوتەنی ژنێکی مانگا ئاسای داوەتێ . زۆر جار دەربارەی ئەم ژنە دەیگوت : ئەم ژنە لە دنیای ژناندا ، هاوتای هاپۆ کامیلە لە دنیای پیاواندا ! یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی دوورکەوتنەوەی خەڵکی کۆڵانەکە لە زیتە ، بۆنە بۆگەنەکەی بوو . ئاو بە دەم وچاو یا بەدەنی نەدەکەوت ، گۆشەگیری و تەریکی لە حەمام و خۆ شۆردن ، پێ خۆشتر بوو ! ڕقی لە خەڵکی بوو ، بێزاری خەڵکەکەشی لە خۆی قەبووڵ بوو ، هەرکاتێ بیژنەفتایە کەسێک مردووە و شین و شەپۆڕی بە دیارەوە بکرایە ، لە خۆشیا بسکەی سمێلی دەهات وەکو ئەوەی مردووەکە بدوێنێ دەیگوت : " هەنووکە نۆرەی تۆیە ، تامی خاک و خۆڵ بچەژی . ئەو خاک و خۆڵەی کە ڕەنگ وبۆنی بە سەر منەوە عەزابی دەدایت " . زۆر جار کاتی دوور ودرێژی دەستبەتاڵی خۆی ، بە خەیاڵ و تەسەوری جۆرەها ئەشکەنجە بە سەر دەبرد ، کە بۆ خەڵکی بە ئاواتی دەخواست . زۆری لەزەت لەم خەیاڵپڵاوانە دەبینی . زۆر جار بە خەیاڵ جەعدەی دەهێنایە بەرچاوی خۆی کە بە هەزاران تەور گیانیان ئەنجن ئەنجن کردووە ! .. یان سەلیم عەلوانی دێنایە بەرچاوی خۆی کە لە عاردی ڕاکشاوە و ڕۆڵەیەک بە سەریا دێت و دەڕوات و پانی دەکاتەوە و خوێنی لە بەر دەڕوات و بەرەو سەنادقیە ڕێچکە دەبەستێ ... یان بە خەیاڵ سەید ڕەزوان حوسەینی دێنایە بەرچاوی خۆی کە خەڵکی ڕدێنە سوورەکەیان دەگرت و دەیان خستە تەنوورەکەوە و پاشان وەکو کۆتەرەیەکی نیوەسوت دەریان دێنایەوە .. یان بە خەیاڵ وەستا کەرشەی دەبینی کە کەوتووەتە ژێر ترامێکەوە هەنجن هەنجن بووە و پارچەکانی لە پاڵتۆیەکی پیسەوە دەپێچن و بە سەگبازانی

دەفرۆشن ... زۆر شتی دیکەی لەو بابەتانەی سەبارەت بە خەڵکانێکی بێتاوان دێنایە بەرچاوی خەیاڵ . کاتێک کە مشتەرییەک دەکەوتە بەر دەستی و داوای دەکرد عەیب و نوقسانیەکی بۆ دروست بکات ، لە ژێر پەردەی نهێنی پیشەوە ، بە جۆرێ ئەزیەتی دەدا ، کە ئاه و ناڵەی لێ بەرز ببێتەوە ، کە گوێی لە ئاه وناڵەی ئەوانە دەبوو ، چاوە ترسناکەکانی لە خۆشیا پرشنگی شێتانەیان لێدەبووەوە . بەڵام وێڕای ئەوەش ، زۆر دڵی بە گەدایان دەکرایەوە و ئازیزترین خەڵک بوون بەلایەوە ، خۆزیای دەخواست زۆربەی خەڵکی سەر زەوی دەرۆزەکار و سواڵکەر بن .

❊❊❊

ئیدی زیتە ، بە دەم ئەم خەیاڵانەوە دانیشتبوو و چاوەڕوانی هاتنی کاتی کارەکەی دەکرد . کە نیوە شەو نزیک بووەوە ، هەستا ، فوویەکی لە چراکە کرد و کوژایەوە و تاریکیەکی خەست باڵی بە سەر دەور وبەردا کێشا . ئەوسا بە کوێرەکوێر بەرەو دەرگاکە چوو و بە ئەسپایی کردییەوە و لە نانەواخانەکەوە تێپەڕی و بەرەو کۆڵانەکە داخزی . لە ڕێگادا تووشی شێخ دەروێش بوو کە لە چاخانەکەوە دەگەڕایەوە . زۆر جار نیوە شەوان دەگەیینە یەکدی بێئەوەی تاقە قسەیەک دەگەڵ یەکدیدا بکەن . بۆیە شێخ لەو دادگا و ئەشکەنجەخانەیەی کە زیتە لە خەیاڵی خۆیدا بۆ بەشەری دادەنا ، شوێنی تایبەتی هەبوو . ئیدی سورەتگەری گەدایان ، بە هەنگاوی کورت وقورس بەرەو ئیمامزادە حوسەین دایکێشا و ، بە پاڵ دیواری ماڵەکاندا درێژەی بە ڕێی خۆی دا . کە هێشتا لێرەو لەوێ لە هەندێ لە ماڵەکانەوە تیلماسکە ڕووناکییەک دەڕژایە دەرەوە و تاریکییە ڕەهاکەی دەڕوشاند ، ئەگەر کەسێک لە بەرانبەرەوە بهاتبایە ئەمی نەدەبیی ، مەگەر چاوە بریقەدارەکانی بدیبایە کە وەکو بەرەزوانەی کەمەربەندی حەسحەسان دەبریقایەوە . بە دەم ڕێگاوە هەستێکی شادمانی و پڕ لە خۆپەسەندی دایگرتبوو ، ئەم پیاوە تەنیا لەبەر خاتری ئەو گەدایانە لە لانەکەی خۆی دەهاتە دەرێ کە ئەمیان بە سەروەری ڕەهای خۆ دانا بوو . لە ( مەیدانی حوسەینەوە ) بەرەو ( باب الاخضر ) داگەڕا و گەییە (قبوالقدیم) ئەوسا چاوە ترسناکەکانی بە سەر یەک بە یەکی ئەو گەدایانەدا گێڕا ، کە لەمبەر ولەو بەری قەبوەکەدا جێی خۆیان خۆش کرد بوو ، خەریک بوو لە خۆشیا باڵ بگرێ ... خۆشی سەروەرێک کە بە سەروەری خۆی بنازێت و خۆشی بازرگانێک کە کاڵای بە نرخی بە دەست هێنابێ . لە یەکێک لە گەداکانی نزیکی خۆی نزیک بووەوە دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو و سەری نابووە سەر ئەژنۆکانی و دەی پرخاند ، کەمێک بە دیارییەوە وەستا و لێی ورد بووەوە ، دەتگوت دەیەوێ بزانێ کە ئاخۆ بە ڕاستی خەوتووە یان بە درۆوە خۆی کردووەتە خەو . ئەوجا نووکە شەقێکی لە سەرە ڕووتاوەکەی دا ، کابرا ، بێئەوەی بشڵەژێ ، بێدار بووەوە ، وەکو ئەوەی قامکانێکی میهرەبان نەوازشتیان کردبێت . بە کاوەخۆ سەری هەڵبڕی ، بە نینۆک کەوتە خوراندنی قەبرغەکانی و پشتی و سەری . چاوی بەو تاپۆیە کەوت کە بە دیارییەوە وەستا بوو . بۆ ساتێک بەو حاڵەوە مایەوە ، بەڵام وێڕای کوێرییەکەی ، یەکەمجار ناسییەوە ، کابرا ئاهێکی هەڵکێشا و دەنگێکی وەکو حەپەی سەگ لە

سینگیەوە دەرچوو . پاشان دەستی کرد بە بەریکیا و دراوێکی دەرهێنا و تەپاندییە دەستییەوە . زیتە چووە سوراغی گەداکانی دیکە ، دوای ئەوەی سەردانی هەموو ئەوانەی کرد کە لە سەمتی ڕاستی قەبووەکە چوارمشقی دانیشتبوون ، ڕوویکردە لایەکەی دی و پاشان هەموو کوچەو کۆڵانەکانی دەور وبەری ( مزگەوتی گەورەی ) دایە ژێر پێوە و هیچ گەدایەکی ئەو دەور وبەرەی نەپەڕاند . هەڵبەتە مەشغەڵەتی بە دەست هێنانی ڕۆژانەکەی ، ئەوەی لە بیر نە دەبردەوە ، کە بە مشتەرییەکانی ڕابگات و لە عەیب و نوقسانییەکانیان بپرسێت . بۆ نموونە لەمی دەپرسی : " فلان کوێرییەکەت چۆنە ؟ " و لەوی دەپرسی " لەنگیەکەت چۆنە ؟ " . هەڵبەتە ئەوانیش بەرسڤیان دەدایەوە : " لە خوا بە زیاد بێ و سوپاس و ستایش بۆ خوا ... " ئەوسا بە دەوری مزگەوتەکەدا سووڕایەوە و بە دەم ڕێگاوە نانێک و تۆزێک حەڵوای بە ئارد و کەمێک توتنی کڕی و بۆ کۆڵانەکە گەڕایەوە . کۆڵانی میدەق لە باوەشی بێدەنگیدا ئۆقرەی گرتبوو . بەڵام ناو بە ناو دەنگی پێکەنینێ یان کۆکەیەکی شەوبێدارانی حەشیشەکێش لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکەی سەید ڕەزوان حوسەینییەوە ، کە میوانی کەرشەی چایچی بوون ، بەرز دەبووەوە و بێدەنگییەکەی دەشڵەقاند . زیتە بە ئەسپایی و بە جۆرێ کە ژن ومێردی خاوەن خانووەکە بێدار نەکاتەوە خۆی بە نانەواییەکەدا کرد . دەرگا دارینەکەشی بەو پەڕی پارێزەوە کردەوە و دایخستەوە . بەڵام زبڵدانەکەی وەکو ئەوسای کە لە ماڵ وەدەرکەوت تاریک و نوتەک نەبوو . چۆڵیش نەبوو . چراکە دەسووتا ، سێ زەلام لە ئەرزەکەدا و ڕێک لە ژێر چراکەدا دانیشتبوون . زیتە بە ئارامی خۆی بە نێوانیاندا کرد ، چونکە نە ترسی لێیان هەبوو و نەهاتنەکەیانی بەلاوە ناخۆش بوو . بە وردی تەمەشای کردن . دوکتۆر بۆشی لە نێویاندا ناسییەوە . هەموو بە ڕێزەوە لەبەری هەستان . دوکتۆر بۆشی دوای چاک وخۆشی گوتی :

– ئەم دوو پیاوە بە ستەزمانە هانایان بۆ من هێناوە کە تۆ یارمەتیان بدەیت .

زیتە ، جۆرە خەمساردی و بێ موبالاتییەکی نواند و وەکو یەکێک زۆر بێزار و ناڕەحەت بێ گوتی :

– یانی بەم درەنگە شەوە ... دوکتۆر ؟

دوکتۆر دەستی خستە سەر شانی و گوتی :

– شەو سترە و پەروەردگاریش ئەمری بە ستركردن داوە .

زیتە ، هەناسەیەکی هەڵکێشا ، نەفەسی تازە کردەوە و گوتی :

– بەڵام ئێستا ماندووم ! ...

بۆشی بە دەم تکاو ڕەجاوە گوتی :– دەست بە ڕوومانەوە مەنێ ..

دوو پیاوەکەی دیکەش کەوتنە پاڕانەوە و دوعا و نزا بۆی ، ئەویش وای نواند ، کە بە ناچاری ملی داوە . خواردن و توتنەکەی خستە سەر ڕەفەکە و بە کاوەخۆ لە بەردەمیاندا وەستا و لە نزیکەوە کەوتە دیقەتدانیان . ئەوسا نیگای لە سەر کابرا درێژترەکەیان گیرسایەوە ، کابرایەکی زەبەلاحی تۆکمە بوو . زیتە سەری لە دیمەنی سوڕما و لێی پرسی : " دەقاو دەق لە قاتر ( هێستر ) دەچیت ، هیچت لە قاتر کەم نییە ، ئیدی بۆچی دەتەوێ ببیتە گەدا ؟!

کابرا بە دەنگێکی زەبوون گوتی :

- لە هیچ کارێکا شانسم نییە ، دەستم دابێتە هەر کارێک ، تەنانەت ئەم گەداییەش ، شانسم نەبووە و هیچم بە هیچ نەکردووە . بەختم ڕەشە ، ئەقڵم بە هیچ شتێکدا ناشکێ ، نە لە هیچ تێدەگەم و نە دەزانم هیچ بکەم .

زیتە بە ڕقەوە گوتی :

- تۆ دەبوایە بە دەوڵەمەندی بێیتە دنیا .

کابرا لە مەبەستەکەی زیتە حاڵی نەبوو . هەوڵیدا بە گریانێکی دەستکرد دڵی ئەو نەرم بکات و بە دەنگێکی بۆڕە ئاسا گوتی :

- لە هەموو شتێکدا شکستم هێناوە ، تەنانەت بە گەداییش نەمتوانیوە ، سۆز و بەزەیی چ کەسێک بجووڵێنم و لایەکەم بەلادا بکاتەوە . هەموو خەڵکی دەڵێن تۆ کابرایەکی بە مل ومل قەویت بۆ ناڕۆی کارێک بکەیت . بەمە مەمنوونم ئەگەر جنێو بارانم نەکەن و دەرم نەکەن ... نازانم بۆ ؟!

زیتە بە دەم خوراندنی سەری خۆیەوە گوتی :

- سەیرە ... تەنانەت ئەمەش نازانی ؟

- خوا ڕاوەستاوت بکات ... سەرفراز بیت ..

زیتە بە دەم بیرکردنەوەوە ، دەیڕوانیە سەراپای ، ئەوجا لە کاتێکا لە ئازای ئەندامی ورد دەبووەوە ، لێبڕاوانە گوتی :

- تۆ کابرایەکی مل ئەستووری ، ساغ و سەلامەتی ، هیچ عەیبێکت نییە . باشە تۆ چی دەخۆی ؟

- جگە لە نان ، ئەویش ئەگەر دەستبکەوێ ، دەنا هیچی دی ناخۆم .

- ئەمە جەستەیەکی ئەهریمەنیە . خۆ ئەگەر وەکو ئەو حەیوانانەی کە خوا خێر ونیعمەتی خۆی بە سەرا ڕشتوون ، خوراکت بخواردایا چیت لێدەهات ؟!

کابرا ، زۆر ساکارانە گوتی :- نازانم .

- بێگومان ، بێگومان ... تۆ هیچ نازانی ، ئەمە تێدەگەم . ئەمە باشترین شتە ، ئەگەر بتزانیبایە تێبگەیشتیتایە وەکو یەکێک لە ئێمە مانان دەبوویت . گوێ بگرە گیانە ، ئەگەر بتەوێ ئازایەکت بگۆڕم ، فایدەی نابێت .

ڕووی گاجووتەکە گرژ بوو . خۆ ئەگەر زیتە زوو دەستی بە قسان نە کردبایە ، دوور نەبوو دیسان دەست بە گریان بکاتەوە . زیتە گوتی :

- زۆر زەحمەتە لاقێک یان دەستێکت بشکێنم ، خۆ ئەگەر ئەمەشت بۆ بکەم ، کەس بەزەیی پێتا نایەتەوە . قاترانی وەکو تۆ ڕوو بکەنە هەرشوێنێ دوژمن و ناحەز بۆخۆ پەیدا دەکەن . بەڵام نائومێد مەبە ( دوکتۆر بۆشی بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو قسەیەی دەکرد ) جۆرەها شێواز و ڕێگە هەیە ، بۆ نموونە دەکارم هونەری گەمژەییت فێربکەم . بۆ خۆشت خوا هەقە ئەو سیفەتەت تیایە ، بەڵێ گەمژەیی . هەندێ سروودی ستایشی پێغەمبەرت پێ ئەزبەر دەکەم .

ڕوخساری کابرا گەشایەوە و دوعایەکی زۆری بۆ کرد . تا زیتە قسەکانی پێبڕی و گوتی :

- بۆ ناچی دزی و ڕێگری بکەیت ؟

کابرا بە دەنگێکی تێکشکاو گوتی :

- من کەسێکی دڵپاکی داماوم . خراپەی کەسم ناوێ ،ماڵباتی پێغەمبەرم خۆشدەوێن .

زیتە بە تەشەرەوە گوتی :- دەتەوێ بەم قسانە من کەر بکەی ؟

ئەوجا ئاوڕی لە پیاوەکەی دی دایەوە . کابرایەکی ڕیوەڵەی کورتە باڵای مردەلۆخ بوو ، زیتە بە خۆشحاڵییەوە گوتی :- هەموو مەرجێکی تیایە .

بزەیەک نیشتە سەر ڕوخساری کابرا و بە منەتبارییەوە گوتی :

- هەزار جار سوپاس بۆ بەشی خوا .

- ڕێک بۆ ئەوە دروست بووی کە کوێر و ئیفلیج و زەمینگیر بیت .

کابرا بە شادییەوە گوتی :- ئەمەش لە مەرحەمەتی خودایە .

- زیتە سەری لەقاند و بە ئەسپایی گوتی :

- عەمەلیاتەکە زۆر ورد و ترسناکە . با پرسیاری خراپترین ئەگەرت لێبکەم ، وەرە پێشەوە ، وای دابنە بە ڕاستی و بەهۆی هەڵەیەکەوە یان خەمساردییەکەوە چاوت لە دەست دا ، ئەوسا چیدەکەی ؟

کابرا بۆ ساتێک سڵەمییەوە و پاشان بە بێموبالاتی گوتی :

- نیعمەتێکە لە خواوە ، من چ خێرێکم لە چاوم دیتووە ، تا ئێستا خەفەت بۆ لە دەستدانی بخۆم ؟

زیتە بەخۆشحاڵییەوە گوتی :

- بەم ورەیەوە ، بەم دڵەوە کە تۆ هەتە دەتوانی ڕوو بە ڕووی دنیا ببیتەوە .

- بە ئومێدی خودا قوربان . ڕۆح و گیانم لە خزمەت تۆ دایە . هەر خێرێکم لە لایەن خێرۆمەندانەوە پێبکرێ ، برابەش نیوەی هی تۆیە ، ڕۆحمت بوێ ، دەتدەمێ .

زیتە ، خێسەیەکی لێکرد و بە توندی گوتی :

- ئەم قسانە بۆ من مەکە . ئەم پەڵانە بە منەوە مەنێ ، جگە لە هەقی عەمەلیاتەکە ، ڕۆژێ دوو قروشم بەسە . هەڵبەتە ئەگەر تەماح بتگرێ و بتەوێ چاو وڕاوم لێبکەی و دەستی دەستیم پێبکەی ، زۆر چاک دەزانم دەبێ چۆن هەقی خۆم وەربگرم .

لێرەدا بۆشی ، خۆی لە قسەکانیان هەڵقورتاند وگوتی :

- بەشە نانەکەت لە بیرمەکە .

زیتە ، لە سەری ڕۆیی :

- هەڵبەتە ... هەڵبەتە ... وئێستاش دەست بە کاردەبین ، عەمەلیاتەکە قورسە ، با جارێ بزانین توانای بەرگە گرتنت چەندە ، تا دەتوانی دان بە خۆتا بگرە ...

ئەو دەرد و ئازارەی ، کە ئەم بەدەنە لاوازە لە ژێر دەستە بێ ڕەحمەکانی ئەودا بەرگەی دەگرت ، هێنایە بەر چاوی خۆی و بزەیەکی ئەهریمەنی نیشتە سەر لێوەکانی .

هەرا و زەنای کاروانسەرایەکە ، ڕۆژ تا ئێوارێ نە دەبڕایەوە . کرێکارێکی زۆر ، لەوێدا ، تەنیا ئەو ماوە کورتەی کە نیوە ڕۆژەیان تیا دەخوارد ، بە بەر دەوامی کاریان دەکرد ، ئیدی ئەو کەل وپەل و کاڵایانەیان ، دەگواستەوە کە بۆ کاروانسەراکە دەهات ، یان لە کاروانسەراکەوە دەردەچوون . هاڕە هاڕ وسەر وسەدای لۆری و کامیۆنانی گەورە ، سەنادقیە و دەور وبەری و غوریە و ئەزهەری پڕ دەکرد ، کرێکاران و مشتەرییان پێکدا دەچوون . کاروانسەرایەکە ، فرۆشگایەک بوو ، جوملەفرۆشی و تاکفرۆشیشی تیا دەکرا . سەری هارو ماری تیا دەستدەکەوت ، گیادەرمانی و عەتر و دەرمان و هەموو وردە واڵەیەکی هەبوو . هەڵبەتە نەهاتنی کاڵا لە هیندەوە ، بە هۆی جەنگەوە ، کاری لە بازاڕی کاروانسەرایەکە کرد بوو ، بەڵام کاروانسەرایەکە ، وێڕای ئەوەش ، ناوبانگ و پێگەی خۆی پاراستبوو . هەل ومەرجی جەنگ ، بازاڕ و قازانجی کاروانسەراکەی گەرم و زۆر کردبوو . هەڵبەتە هەل و مەرجی جەنگ کرد بوویە کارێک کە جەنابی سەلیم عەلوان ، ڕوو بکاتە بازرگانی هەندێ کاڵای وەکو چای ، کە جاران بەلایا نە دەچوو . ئیدی ئەم تەماحە کردیەکارێک بچێتە بازاڕی ڕەشەوە و قازانجێکی مۆڵی بە دەست هێنا .

جەنابی سەلیم عەلوان ، لە نووسینگە گەورەکەی خۆیدا ، کە کەوتبووە ئەو سەری ڕاڕەوەکەوە ، دادەنیشت . ئەم ڕاڕەوە دەچووەوە سەر حەوشەی کاروانسەرایەکە کە چوار دەوری عەمار وکۆگا بوون . جێگای نووسینگەکە بە جۆرێ هەڵبژێردرا بوو کە دەیڕوانیە ناوەوە و دەرەوەی کاروانسەراکە ، بۆیە دەیتوانی بە ئاسانی چاودێری کرێکارەکان و لۆری و مشتەرییەکان بکات . ئەمە جگە لەوەی ئێرەی زۆر پێ باشتر بوو لەوەی کە بە تەنیا و لە ژوورێکی چەپەکدا دانیشت ، واتا هەمان کاری دەکرد کە گەورە بازرگانانی هاوکاری دەیانکرد . چونکە بازرگانی ڕاستەقینە ، ئەو گوتەنی : " دەبێ هەمیشە چاو وگوێ کراوە بێ " . ئەم پیاوە بە ڕاستی نموونەیەکی کردەیی سەرکەوتوو بوو ، لە کار وپیشەکەیدا کارامە بوو ، بە چاکی کارەکانی ڕادەپەڕاند . لەو تازە پێیا کەوتوانە نەبوو کە نانی جەنگیان دەخوارد ، خۆی گوتەنی :" بابەل باب هەر بازرگان بووە" . بەڵام لە سەرەتاوە لە دەوڵەمەندە ناسراوەکان نەبووە ، بەڵام کاتێ بازرگانی و کار وکاسبیەکەی کەوتە سەردەمی جەنگی یەکەمەوە زانی چۆن ڕەفتار بکات ، سەرکەوتوانە دەرباز بوو و سەروەت و سامانێکی زۆری بە سەردا باری . بەڵام وێڕای ئەوەش لە ترس وپەژارە بە دەر نەبوو ، چونکە کەسێکی تەنیا باڵ بوو وهیچ یار و یاوەرێکی لە مەیدانی کار وکاسبیدا لە دەوری خۆی شک نە دەبرد . ڕاستە کابرایەکی ساغ و سەلامەت و چالاک و چەلەنگ بوو ، توانایەکی ئەوتۆی هەبوو کە بە سەر هەموو ترس و پەژارەکانیدا زاڵ بێت ، بەڵام نەدەکرا بیر لە ئاینده و ئاییندەی دوور نەکاتەوە . ئاییندەیەک کە پیر دەبێ و توانای ئەوەی نامێنێ کاروانسەراکە بەڕێوە بەرێت . بە ڕاستیش جێگەی داخ بوو کە هیچ یەکێک لە سێ کوڕەکەی ئامادە نەبوو بیر لەوە بکاتەوە کە یارمەتی بابی بدات ، هەر سێکیان بە هەمان ئەندازە خۆیان لە کاری بازرگانی دەدزییەوە

، چەندی هەوڵ لە گەڵدا دان کە ژێوانیان بکاتەوە ، فایدەی نەبوو ، بۆیە ناچار بوو بە تەمەنی پەنجا سالییەوە ، بە خۆی هەموو کارو بارێکی کاروانسەراکە بەڕێوەبەرێت ... بە هەرحاڵ مەسئولیەتی ئەم ئاکامە ناخۆشە ، بەرۆکی ئەوی دەگرت . بە هەر حاڵ کابرا ، وێڕای ئەقڵیەتی بازرگانانەی ، بەلای کەمەوە لە ماڵی خۆیدا و لە ناو ماڵ ومنداڵەکەیدا پیاوێکی جوامێر و دەست ودڵ تێر بوو . ماڵەکەی لە رووی جوانی بینا وتەلارکارییەوە ، لە رووی ئاوەدانی ناو ماڵەوە ، لە رووی خزمەتکار و دەست و پێوەندەوە ، بە کۆشکێکی گەورە دەچوو . وێڕای ئەمەش پاش ئەوەی ژنی هێنا ، لە ماڵە کۆنەکەی کە لە ( جەمالیە ) بوو ، گواستیەوە بۆ ماڵێکی زۆر گەورە لە (حلمیە) . منداڵەکانی لە ژینگەیەکی تازە پەروەردە بوون ، کە زۆر لە دنیای بازرگانی و ناوەندی بازرگانییەوە دوور بوو ، ژینگەیەک بوو کە لێرەدا بە چاوی سووک تەمەشای پیشە وکارێن ئازادیان دەکرد ، ئەوانیش بە حوکمی ژینگەکەی دەور وبەری خۆیان و بێئەوەی گوێ بەکار وکاسبی و ژیانی بابیان بدەن ، بیرکردنەوە و ئایدیایەکی دیکەیان هەڵبژراد و کە بابی ئامۆژگاری دەکردن ، بە گوێیان نە دەکرد و تەنانەت نەچوونە قوتابخانەی بازرگانیش ، نەبا پاشان ببێ بەداوێک و بەوهۆیەوە گیرۆدەی کاری بازرگانی ببن . رووبانکردە ماف و پزیشکی ، یەکێکیان لە ( قصر العینی ) دا بوو بە پزیشک ودوانەکەی تریان لە دەزگای دادڤانیدا ، سەرقاڵی ئەوقاتی ودادوانی بوون . لەگەڵ ئەمەشدا ژیان بە خۆشی دەرۆیی . شوێنەواری ئەو ژیانە ، بە جەستەی پڕ و تۆکمەیەوە ، بە ڕوخساری گۆشتن و گەشییەوە ، بە جم و جوڵ و هەڵس وکەوتی چالاک و چەلەنگییەوە ، دیاربوو . ئەم خۆشی و شادییە ئەوەی دەنواند کە هەموو شتێک بە کامی دڵ دەڕوات ، بازرگانی باش ، سحەت و ساغڵەمی تەواو ، خانەوادەی بەختەوەر ، کوڕانی سەرکەوتوو ، کە هەریەکەیان پێگەی خۆی هەبوو و ئایندەی مسۆگەر بوو . جگە لەم کوڕانە چوار کیژیشی هەبوو ، کە هەموویان شوویان کردبوو . لە گەڵ ماڵ ومێردی خۆیان ڕازی بوون . ئیدی هەموو شتیک خۆش و بەکامی دڵ بوو ، هیچ خەمێکی نەبوو ، جگە لەوەی کە ناو بە ناو بیری لە چارەنووسی کاروانسەراکە دەکردەوە و خەفەتی لە ئایندەی تیجارەتخانەکە دەخوارد . ئیدی بە تێپەڕبوونی کات ، کوڕەکان هەستیان بە کێشەکانی بابیان کرد ، ئەوان مەسەلەکەیان لە ڕوانگەیەکی دیکەوە هەڵسەنگاند . ترسیان لەوە بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ، جڵەوی کار وبارەکان لە دەستی بابیان بەربێ ، یان لە ناکاودا کارەکان بە ملی ئەواندا بدات و ئەوان تیا بمێنن و نەزانن چیبکەن . قازییەکەیان ، واتە محەمەد سەلیم عەلوان ، پێشنیازی کرد ، کە کاروانسەراکەی جەم وجۆر بکات وهەق و حیسابی خۆی پاک بکاتەوە و دای بخات و دوای ئەو هەموو کار وکاسبی و ماندووبوونە ، بۆ خۆی ئیسراحەت بکات ، بەڵام ئاغای عەلوان ، ئەم پێشنیازەی لە بەر گران بوو ، بێئەوەی ئەو هەستەی بشارێتەوە گوتی :" دەتەوێ بە زیندوویەتی میراتەکەم بەری ؟" . قازی کە چاوەڕوانی ئەم جۆرە وەڵامە نەبوو ، دڵی داخورپا ، چونکە ئەو وبراکانی بە ڕاستی باوکیان خۆش دەویست و هیچ یەکێکیان ، تەنانەت بە خەیاڵیش ، بیریان لەو مەسەلە ترسناکە نەدەکردەوە . بەڵام مەسەلەکە لێرەدا نەبڕایەوە ، ئەمجارەیان هەڵبەتە دڵنیابوون لەوەی کە ئەمجارە بابیان زویرنابێ

، ئەوەیان دا بە گوێیدا ، کە کڕینی ئەرزە و دروستکردنی تەلاران ، لەوە باشترە کە پارەکانی بخاتە بانقەوە . ئەو کە ئەزموون و شارەزاییەکی زۆری لەمەڕ پارە و دنیای کاسبی و پارە پەیدا کردن هەبوو ، ئەم بۆچوونە لۆژیکیەی بەلاوە پەسند بوو و زۆر چاک دەیزانی بازرگانیەک کە بە لێشاو پارە بێنێ ، لەگینە لە چاوتروکان و کەفلەکونێکا ، بتخاتە سەر ساجی عەلی و دار ونە دارت گسک بدات ، دەیزانی کە بازرگانی وریا و ئایندەبین و دووربین ، دەتوانێ بۆ نموونە بەکڕینی موڵکی چاک ئایندەی خۆی مسۆگەر بکات و ئەگەر کێشەیەکی لەو بابەتەی بێتەڕێ دەتوانێ — بە تایبەتی ئەگەر ئەو موڵکانەی بە ناوی منداڵەکانی یان ژنەکەی کردبێ — دەتوانێ بە سەرفکردنی بڕێک پارە لەو تەنگانەیە دەرباز ببێت . هەڵبەتە ئەگەری ئەوەش هەیە کە ناچاربێ قوربانی بە پارەیەکی زۆر بدات ، بەڵام دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەر ناچێت . ئەو لە نزیکەوە ئاگای لە چارەنووسی بازرگانێک هەبوو کە قازانج و پارەیەکی مۆڵیان کەوتبووە دەست و پاشان ، نیشتبوونە سەر ساجی عەلی و دوو چاری هەژاری ونەداری بوو بوون و پەنایان بردبووە بەر خۆکوژی یان لە سداخا مردبوون . بەڵێ ، ئاگای لە هەموو ئەم دیاردە ورووداوانە هەبوو و ، دەیزانی لەم ڕووەوە هەق بە کوڕەکانیەتی . هەڵبەتە ئەم بیرکردنەوەیە بۆ ئەو تازە نە بوو ، خۆیشتی بیری لێکردبووەوە ، بەڵام ئایا هەل ومەرجی جەنگ ڕێگەی ئەوەی دەدا دەست بەم پرۆژەیە بکرێت ؟ نەخێر ... ئەمە وەکو ڕۆژی ڕووناک عەیانە . کەواتە تا ئەو هەل ومەرجە دێتە ئاراوە ، دەبێ واز لەم بیرۆکەیە بهێنرێ و بەردێکی بخرێتە سەر و چاوەڕوان بکات . گومان لەوەدا نەبوو کە هێشتا لە ژێر باری ئەم خەمە دەر نەچوو بوو ، کە کوڕە قازییەکەی پێشنیازێکی دیکەی بۆ کرد ، ئەویش ئەوەبوو هەوڵبدات لەقەب ونازناوی (بەگ) بە دەست بێنێ . پێی گوت :" بۆچی تۆش بەگ نەبی ، لە کاتێکا شار پڕە لەو بەگ وپاشایانەی کە نە سەروەت وسامانی تۆیان هەیە و نە پلە وپایەی تۆ ؟" .

ئەم پێیا هەڵدان و ستایشەی لە گیان خۆشبوو — بە پێچەوانەی بازرگانانی دوور ئەندێشەوە — ئاشقی شۆرەت و ناو بانگ بوو ، بەو پەڕی ساویلکەیی کەوتە تاقیبی ئەوەی چۆن بەم پایەیە بگات . ئیدی هەموو ئەندامانی خانەوادە و ماڵباتەکە کەوتنە هاندانی ، هەریەکە و بە جۆرێ هانی دەدا ، هەندێکیان پێشنیازی ئەوەیان کرد کە تێکەڵاوی سیاسەت بێ بەڵکو لەو ڕێگایەوە شتێک بە شتێ بکات ، بە ڕاستی جەنابی سەلیم عەلوان ، جگە لە بازرگانی ، هیچی دیکەی لە کاروباری دنیا نەدەزانی ، بیرو بۆچوون و باوەڕی ، بۆ نموونە لە بیر وباوەڕی عەباس حلو ، هێوەتر نە دەڕۆیی ، وەکو ئەو ملکەچ و گوێڕایەڵ ، بە دیار نزرگەی ( ئیمامزادە حوسەین ) ەوە دەگریا ، وەکو ئەو ڕێزی شێخ دەروێشی دەگرت و بە پیرۆز و موبارەکی دەزانی . بە کورتییەکەی بریتی بوو لە گەدەیەکی بە هێز و جبەیەکی جوان و نایاب . هەڵبەتە سیاسەتیش لە زۆر ڕووەوە لەمە زیاتری گەرەک نییە . ئیدی سیاسەت پیس لە کەللەی دابوو . بەڵام ( عارف سەلیم عەلوان ) ی کوڕی کە کاری پارێزەری دەکرد ، فریای کەوت و ئاگاداری کردەوە و گوتی :

– سیاسەت ماڵ وێرانمان دەکات و بازرگانیەکەمان لە بەین دەبات ، کاتێ بەخۆ دەزانی ، ناچار دەبی حیزب بەخێو بکەی ، مەسرەفی بکێشیت ، دوو ئەوەندەی خەرجی خۆت و خانەوادەکەتی بۆ تەرخان بکەیت ... لەوەیە بۆ پەرلەمان کاندید بکرێی ، هەڵبژاردن پارەیەکی زۆری دەوێ ، هیچیش خۆیا نییە کە کورسی بە دەست بێنی . ئەمە جگە لەوەی پەرلەمان لە وڵاتی ئێمەدا وەکو کابرایەکە نەخۆشی دڵی هەبێ و لە هەر ئان وساتێکدا تووشی سەکتە ببێ ! پێم ناڵیی کام حیزب هەڵدەبژێری ؟ ئەگەر جگە لە حیزبی ( وەفد ) هەر حیزبێکی دی هەڵبژێریت ، ئەوا لە ناوەندی کارەکەتدا لاواز دەبیت . خۆ ئەگەر حیزبی وەفدیش هەڵبژێریت ، ئەوا لە سەرۆک وەزیرێکی وەکو سدقی پاشا ناخەلەسیت کە بازرگانیەکەت بە بادا دەدا .

ئاغای عەلوان ، کەوتە ژێر باندۆری (کاریگەری) قسەکانی کوڕەکەیەوە . عەلوان متمانەیەکی فرەی بە کوڕە خوێندەوارەکانی هەبوو . ئیدی کەوتە بیری ئەوەی کە ، کەڵکەڵەی سیاسەت ، کە هیچی لێنەدەزانی و سەری لە پێچ وپەناکانی دەر نە دەکرد ، لە مێشکی خۆی دەربکات . عەلوان ، لە سیاسەتدا ، جگە لە خۆشەویستی و ڕق سەبارەت بە هەندێ ناو کە لە زەمانی سەعد زەغلولەوە لە بیری مابوونەوە ، هیچی دیکەی نەدەزانی .

هەندێکی دی پێشنیازی ئەوەیان کرد ، کە بڕێک پارە بدات بە پرۆژەیەک لە پرۆژە خێرخوازییەکان . بەڵکو لەو ڕێگەیەوە ، بە پلە وپایەی دڵخوازی خۆی بگات . لە هەوەڵەوە ئەم پێشنیازەی بە دڵ نەبوو ، چونکە غەریزەی بازرگانی و کاسبی  کە ڕەگی لە ڕۆحیا داکوتابوو ، بە تەبیعەت دژی بەخشش و بەخشەندەیی بوو ، بەڵام ئەم کارە پێچەوانە و هەڤدژی جوامێرییە خودییەکەی نەبوو ، چونکە ئەو جوامێری و بەخشندەییە بۆ خۆی وماڵ و ماڵباتەکەی خۆی بوو . بەڵام وێڕای ئەمەش پشنیازەکەی بە تەواوەتی ڕەفز نەکرد . هێشتاش تەماحی لە لەقەب و نازناوەکەدا هەبوو و حەزی لێدەکرد . بە تەواوەتی بۆی دەرکەوتبوو کە بە دەستهێنانی ئەو لەقەبە ، بەلای کەمەوە پێنج هەزار جونەیهی لە سەر دەکەوێ . بۆیە نەیدەزانی چ بکات ... هەرچەندە بە کوڕەکانی گوتبوو ( نا نەخێر ) بەڵام هێشتا بە تەواوەتی خۆی ساغ نەکردبووەوە و نەیدەتوانی بڕیاری یەکجارەکی بدات . ئیدی خەمی ئەم لەقەب و پایەیەش ، چووە سەر خەمەکانی دیکەی ، وەکو ئیدارەی کاروانسەراکە و کڕینی موڵک و .. هەر هەمووی بۆ ئاییندە و زروف هێشتەوە .

***

بە هەرحاڵ ئەم جۆرە نیگەرانی و خەمانە ، مەترسی ئەوەیان لێدەکرا کە ئارامی و خۆشی ژیان بشێوێنن ، بە تایبەتی ژیانی پیاوێک کە ڕۆژ تا ئێوارێ کاری دەکرد و شەوی بە غەریزە دەسپارد . ئەلهەقی کە مژووڵ و سەرگەرمی کار دەبوو ، جگە لە کار بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە . لە نووسینگەکەی دادەنیشت و بە دڵ

وبە گیان گوێی بۆ قسەی دەلاڵێکی جوولەکە ڕادەوێرا ، هێندە بە وریایی و هوشیارییەوە گوێی بۆ دەگردت و غەرقی قسە وکردارەکانی دەبوو ، هەر گێلێک بیدیتبا وای وێنادەکرد دۆستی گیانی بە گیانیەتی . بەڵام لە ڕاستیدا پڵنگێک بوو بۆی چوو بووە بۆسەوە و چاوەڕوانی دەرفەت بوو. واوەیلا بە حاڵی ئەو کەسەی گیرۆدەی دەبوو . بە ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو کە ئەم خواجەیە و هاوشێوەکانی ئەم خواجەیە دژمنانێکن ، دەبێ بە ناچاری دۆستایەتیان دەگەڵ بکرێت ، وناوی نابوون ( ئەهریمەنی بە سوود ) . کابرای جوولەکە . بۆ مامەڵەیەکی چای ، مسۆگەر و پڕ قازانجی هاندەدا .

سەلیم عەلوان ، وەکو هەر کاتێک کە بیری لە هەر کارێک بکردباوە ، کەوتە بادانی سمێڵە ئەستوورەکەی . کابرای جوولەکە دوای ئەوەی لە مامەڵەی چایەکە بووەوە ، کەوتە هەوڵی ئەوەی موڵکێکی باشی پێ بفرۆشێت — ئاگاداری ئەوە بوو کە حەزی لە کڕینی موڵکێکە — بەڵام بەڕێز عەلوان ، لێبڕا بوو ئەو پڕۆژەیە هەڵگرێت بۆ دوای جەنگ . بۆیە گوێی خۆی لەو مامەڵەیە خەواند . ئیدی کابرا بە یەک مامەڵە قەناعەتی کرد و کاروانسەراکەی بەجێهێشت .

جگە لەم خواجەیە خەڵکانێکی دیکەش هاتن . سەلیم عەلوان بە هەمان هیمەت و مکووڕی خۆیەوە ، درێژەی بەکاری خۆی دا ، لە نیوەڕۆدا ، هەستا بۆ نانخواردن . لە ژوورێکی ڕێک وپێک وڕازاوەدا نانی دەخوارد ، کە جێگایەکیشی بۆ نیوەڕۆ خەو تیا تەرتیب کرابوو . فراڤینەکەی بریتی بوو لە سەوزی و پیاز و یارەڵماسی و سینییەک گۆشت و قەرەخەرمان . کە لە فراڤین دەبووەوە ، دەچووە سەر تەختە خەوەکەی و بۆ ماوەی یەک — دوو سەعات دەخەوت و لەو ماوەیەدا کاروانسەراکە جووڵەی تیا نەدەما و هەموو کۆڵانەکە لە بێدەنگیدا نقووم دەبوو . ژەمە قەرەخەرمانەکە ، چیرۆکێکی هەبوو هەموو خەڵکی کۆڵانەکە دەیانزانی . ئەمە لە هەمان کاتدا هەم خواردن بوو هەم دەرمان .

یەکێک لە کرێکارە نزیکەکانی خۆی بۆی ئامادە دەکرد ، ئیدی ئەمە نهێنییەک بوو لە بەینی هەردووکیاندا ، هەرچەندە زۆر زەحمەت بوو هیچ سرێک لەم کۆڵانەدا بە نهێنی بمێنێ . ئەم خواردنە بریتی بوو لە فەریکە گەنمی سوورەوە کراو بە گۆشتی کۆترەوە و تۆزێ ئاردی (جەوزەتول تەیبی) تێکەڵ دەکرا ، ئیدی ئەمەی بە ناوی فراڤینەوە دەخوارد و ، دوای ئەوە هەر سەعاتەی یەک — دوو کوپ چای دەخواردەوە . شەو کاریگەرییەکەی دەردەکەوت و باندۆری شادی بەخشی ئەم دەرمانە دوو دانە سەعات بەر دەوام دەبوو .

ئیدی ئەم جۆرە خواردنە بە نهێنی مایەوە ، جگە لەم دوو پیاوە و حوسنیەی نانەوا کەسی دی پێی نەدەزانی . خەڵکی کۆڵانەکە کە دەیانبینی وایاندەزانی خواردنی ئاساییە و تەواو ، هەندێ دەیانگوت : " نۆشی گیانی بێ " و هەندێکی دی لە بن لێوانەوە دەیانگوت " بە ژەهری ماری بێ " . تا ئەوە بوو ڕۆژێک وەستا حوسنیە تەماع گرتی

ئەم خواردنە لە جەعدەی مێردیا تاقی بکاتەوە ، بە شێکی زۆری لە سینییەکە دزی و شوێنەکەی بە فەریکە گەنم پڕکردەوە  ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە کردی بە عادەت کە بەدزی ئاغاوە بەشی خۆی ببات . تاقیکردنەوەکەی ئەنجامێکی باشی بە دەستەوە دابوو ! بەڵام جەنابی سەلیم عەلوان ، دوای ماوەیەکی کەم هەستی بە گۆڕان کرد ، شەوانی وەکو شەوەکانی پێشوو نەبوو ، لە سەرەتاوە کەوتە گلەیی لەو کرێکارەی کە خواردنەکەی بۆ ئامادە دەکرد . بەڵام کاتێ کرێکاری ناڤبری بێگوناحی خۆی سەلماند ، عەلوان گومانی لە حوسنیەی نانەوا پەیدا کرد ، بە ئاسانی مەسەلەی دزییەکەی کەشف کرد ، ژنەی نانەوای بانگکرد و سەرزەنشتی کرد و لەوە بە دواوە سینییەکەی بۆ نانەواکەی ئەو نەنارد و دەینارد بۆ نانەواخانەیەکی فەرەنگی لە ( السکەالجدیدە ) . ئیدی نهێنییەکە کەشف بوو . دەماو دەم بڵاو بووەوە ، قسە بکەوێتە زاران ، دەیڵێنەوە هەزاران ، ئەم ڕازە گەییە گوێی داکی حەمیدە ، تڕ بێ و بکەوێتە بەردەمی ڕەشەبا ، ئەمە بەس بوو کە هەموو خەڵکی کۆڵانەکە پێی بزانن و بە تەوس و توانجەوە باسی ( سینیە فریک= قەرەخەرمان )کە بکەن . جەنابی عەلوان ، زۆر تووڕە بوو ، بۆی دەرکەوت کە ڕازەکەی کەوتووەتە سەر زاران ، بەڵام دوای ماوەیەک ئیدی لە لای بوو بە شتێکی ئاسایی . بەڵێ عومرێکی لەو کۆڵانەدا بە سەر بردبوو ، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان حیسابی خەڵکی ئەوێندەری بۆ نەکرابوو وئەمیش حیسابی بۆ هیچ یەکێک لەوان نەکرد بوو ، خۆ ئەگەر سەید ڕەزوان حوسەینی و شێخ دەروێش نەبان ، خوا نەکا دەستێک بەرزبکاتەوە و سڵاو لە کەسێک بکات ، ئیدی ( سینیە فریک ) کە ماوەیەک خەریک بوو دەبوو بە مۆدەی هەموو کۆڵانەکە ، خۆ ئەگەر خەرجی ئامادە کردنەکەی زۆر نەبوایە هیچ کەسێک دەستبەرداری نەدەبوو .  وەستا کەرشە و دوکتۆر (بۆشی)ش تاقیانکردەوە ، تەنانەت سەید ڕەزوان حوسەینیش ، دوای ئەوەی دڵنیابوو کە هیچ ماددەیەکی تیانییە کە شەرع حەرامی کرد بێ ، تامی کرد ، بەڵام جەنابی سەلیم عەلوان ، هەندێجاری زۆر کەم نەبێ ، ڕۆژبێری نەدەکرد . لە ڕاستیا بێزار دەبوو ، ڕۆژی لە کاروانسەراکەدا بەسەر دەبرد ، شەوانی ، لە هەر شەو بێری و کات بە سەر بردنێک دوور بوو ، نە چاخانەیەک ، نە یانەیەک و نە کابارەیەک ، بۆیە هەموو سەرگەرمییەکی هاتبووە سەر ڕابواردنی سێکسی دەگەڵ خێزانەکەیدا و لە تامی دەرکرد بوو .

❊❊❊

کەمێک پێش عەسر لە خەو ڕابوو ، دەستنوێژی هەڵگرت و نوێژەکەی کرد . جبە و دیزداشەکەی لەبەرکرد و بۆ نووسینگەکەی گەڕایەوە ، تەمەشای کرد کووپە چای دووەم ئامادەیە ، بە لەزەتەوە خواردی ، قرقێنەیەکی وەهای دایەوە کە لە حەوشە بچووکەکەدا دەنگی دایەوە .  بە هەمان تین وتاوی دانی بەیانی ، کەوتە کارکردن ، بەڵام وا دەهاتە بەرچاو کە ناو بە ناو بێتاقەتی و نیگەرانییەک بیگرێت . تەمەشای کۆڵانەکەی دەکرد . سەیری سەعاتە زێڕینە گەورەکەی خۆی دەکرد ، بە بێ ئەوەی بە خۆی بحەسێت پەنجەی بە لوتیا دەکرد . هەرکە هەتاوەکە گەییە

سەرووی دیواری چەپی کۆڵانەکە ، کورسییە خولاوەکەی خۆی بەرەو کۆڵانەکە وەرسوڕاند . ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە کۆڵانەکە . ئەوسا گوێی هەڵخست و گوێی بە دەنگی سۆلان ، کە بە سەر سەلبەندی کۆڵانەکەدا دەهات ، زرینگایەوە ، چاوانی پرشنگیان دا ، دوای چەند چرکەیەکی کەم حەمیدە بە بەر کاروانسەراکەدا تێپەڕی . بە دەم سمێڵ بادانەوە ، کورسییەکەی بەرەو نووسینگەکە وەرسووڕاند و شادی نیشتە سەر چاوەکانی ، بەڵام ئاسوودە و ڕازی نە دەهاتە بەرچاو ! ماقوول نەبوو دوای یەک سەعات چاوەڕوانی و نیگەرانی و ترس و دوودڵی ، بە دزە نیگایەک سووکنایی بێت و قەناعەت بکات . تەنیا لەم کاتەی ڕۆژدا دەرفەتی دیتنی هەبوو ، مەگەر لە هەندێجاری کەمدا ، بە دزییەوە ، نیگایەکی پەنجەرەکەی بکردایا ، ئەویش ئەو کاتانە بوو کە قیروسیای دەکرد و دەهاتە بەر کاروانسەراکە ، بە بیانووی ئەوەی کە سڕی پێی دەردەکات و بایەکی باڵی خۆی دەدا ، هەڵبەتە ئەمەشی زۆر بە پارێزەوە دەکرد ، لەبەر ئەوەی نەبا پێگە وکەرامەتی بڕوشێت . چونکە ئەم جەنابی سەلیم عەلوانە و ئەویش کچێکی هەژار وبێنەوایە و ، کۆڵانەکە پڕە لە زمانی هەرزە و چاوانی جاسووس . لە کار وەستا ، بە دەم بیرکردنەوەوە ، بە سەری قامکان لە مێزەکەی بەردەمی دەدا . بەڵێ ئەو بەلەنگاز و هەژارە ، بەڵام هەوەس و ئارەزوو ئامانی نییە ، نەفس مایل بە خراپەیە ! ڕاستە ئەو هەژار وداماوە ، بەڵام ڕوخساری برۆنزی وڕەشی چاوەکانی و قەد وباڵای شووش وزراڤی ، هەر هەموو یەکانگیر دەبوون وگاڵتەیان بە جیاوازی چینایەتی دەهات ! سوودی خۆ بە زلزانی و فەخرفرۆشی چییە ؟ ئەو ئاشق وشەیدای چاوانی فەتانە و ڕوخساری دڵگیر و لەش ولارێک بوو کە ناز ونوزی لێدەباری . ئەم سمت وساتانەی کە گاڵتەی بە پارسایی وخواپەرستی پیرەمێردان دەهات . کاڵایەک بوو ، بەهادارتر لە هەموو ئەو کاڵایانەی کە لە هیندەوە دەهات . ئەم کچۆڵەیەی لە منداڵییەوە دەناسی ، لەو زەمانەوە دەیناسی کە هێشتا منداڵ بوو وهاتوچۆی کاروانسەراکەی دەکرد ، تا پێداویستییەکانی دایکی ، لەخەنەو وسمە و دەرمانی گیایی بکڕێت . لەوساوە کە بە ئاستەم بناغەی مەمکی دانا بوو تا ئێستا کە بوو بوون بە دوو هەنار ، پەیگیری سینگ و بەرۆکی کردبوو ، تەمەشای سمت وکەفەڵی کردبوو کە هێشتا بناغەیەک بوو ساف ولووس هیچی لە سەر ڕۆ نەنرا بوو ، بەرە بەرە خڕ دەبوو و وای لێهات مێیاتی لێدەچۆڕا ، ئێستا ژنێک بوو کە جوانی لە سەراپای دەچۆڕا و کابرا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەماحی تێدەکرد ، تا لە ئەنجامدا مەیل و ئارەزوویەکی ئاگرین ئۆقرەی لێبڕی بوو . کابرا بە حاڵی خۆی دەزانی و هەوڵی نەدەدا نکۆڵی لێبکات وزۆر جار بە خۆی دەگوت :" خۆزگە بێوەژنێک بوایە وەکو خا سەنیە عەفیفی !" . ئەگەر بێوەژن بوایە هەر چۆنێ بوایە ڕێگەیەکی بۆ خۆی دەدۆزییەوە . بەڵام ئەم کچە ، دەبێ بە وردی بیری لێبکاتەوە . زۆر جار لە خۆی دەپرسی :" دەبێ چ بکات ؟ تەگبیری چییە" دیارە ئەم خەیاڵانەی لە مێشکی خۆیدا تاوتوێ دەکرد ، بێئەوەی ژنەکەی و منداڵەکانی ئاگادار بن . ژنەکەی ئافرەتێکی زۆر بەرێز وحورمەت ، هەموو سیفەتێکی دڵخوازی پیاوی تیابوو ، هەر لە مێیاتی و دایکایەتیەوە بیگرە تا دەگاتە دڵسۆزی و کابانی وماڵ بەڕێوەبردن . لە گەنجێتیدا ژنێکی جوان و زایا بوو . کابرا نەیدەتوانی هیچ گلەییەکی لێبکات . سەرباری ئەمانەش لە

بنەماڵەیەکی خانەدان ورِەسەن بوو ، کە لە ئەسڵ وفەسلا زۆر لە سەرووی ماڵباتی مێردەکەیەوە بوو . ئەو دانی بە هەموو فەزڵ ورِەسەنایەتی ژنەکەیدا دەنا . لە کانگای دڵەوە خۆشی دەویست ، بەڵام خەفەتی ئەوەی دەخوارد ، کە جوانییەکەی بە سەر چوو بوو و جۆش و خرۆشی دامرکابووەوە ، خۆی لە مێردەکەی دەدزییەوە و ، بەرگەی هاوباخەڵی ئەوی نەدەگرت . مێردەکەی لە چاو ئەوا — بە هۆی دڵتەرِی وبە زەوقی لە رِادە بە دەرییەوە — گەنجێک بوو نەوسن ، کە بەو دانەدەمرکایەوە و لە رِووی سێکسییەوە ، سوکنایی بەو نە دەهات ! بەخۆیشی نەیدەزانی ئایا ئەمە بایسی ئەوەبوو کە خوو بداتە حەمیدە ، یان ئەشقی حەمیدە کرد بوویە کارێک کە هەست بەم بۆشاییە پرِئازارەی بکات ؟ بە هەرحاڵ ، ئاگری ئەشق و ئارەزوویەکی ئەوتۆ هەڵی گرتبوو کە بە هیچ کلۆجێ دانەدەمرکایەوە و حەوانەوەی لێ هەڵگرتبوو ! بە رِاشکاوی بە خۆی دەگوت: "بۆچی شتێک لە خۆم حەرام بکەم ، کە خوا حەلاڵی کردووە ؟!" ئەم پیاوێکی بەرِێز وحورمەت بوو ، زۆری حەزدەکرد خەڵکی رِێزی لێبگرن . زۆری پێناخۆش بوو ببێ بە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی خەڵکی . یەکێک بوو لەو پیاوانەی کە حیسابی زۆری بۆ رِاو بۆچوونی خەڵکی دەکرد ، وەکو زۆربەی خەڵکی دەیوت : " خواردن بۆ خۆت بخۆ ، جل وبەرگ بۆ خەڵکی لەبەربکە .." ئەو حەزی لە ( سینیەفریک = ژەمە قەرەخەرمان ) دەکرد و بۆ خۆیی دەخوارد ، بەڵام حەمیدە ... خودایا ! ئەگەر لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوایە ، یەکسەر و بێ هیچ دوو دڵییەک خوازبێنی دەکرد . بەڵام چۆن دەبێ حەمیدە ببێت بە هەوێی خات عیفەت ؟ چۆن دەلاڵکی وەکو داکی حەمیدە ، ببێ بە خەسووی وشوێنی خاتوو ئولفەتی رِەحمەتی بگرێتەوە ؟! یانی دەشێت حەمیدە ببێ بە ژنی بابی محەمەد سەلیمی قازی و عارف سەلیمی پارێزەر و حەسان سەلیمی دوکتۆر ؟! کۆمەڵێک پرسی دیکەش هەن کە — لە مانە کەمتر نین — ودەبێ بە وردی بیریان لێبکرێتەوە . بێگومان –لەم حاڵەتەدا– دەبێ ماڵێکی تازە دابنرێ ، ماڵی تازە مەسرەفی تازەی دەوێ ، کە دوور نییە زۆر لە مەسرەفەکانی جاران زیاتری بوێ ، میراتگری تازە پەیدا دەبن کە لەگینە دوو بەرەکی بخەنە خانەوادەکەوە ، تۆماری پاک وپرشنگداری بنەماڵەکە بە کەرب وکین و دوژمنایەتی بلەوتێنن . ئەم هەموو سەر یەشەیە لە پای چی ؟ ... لە پێناوی مەیل و ئارەزووی پیاوێکی — بەڵکو مێرد و باوکێکی — پەنجاساڵان بۆ کیژێکی بیست ساڵان ؟! لە هیچ یەکێک لەم چەرمە سەریانە غافڵ نەبوو ، چونکە پیاوێک بوو زۆر ورد حیسابی بۆ هەموو شتێک دەکرد ، بە تایبەتی شتێک پەیوەندی بە سەروەت وپارە وچۆنیەتی ژیانەوە هەبوایە .. بێ ئۆقرە و حایر ودوو دڵ ، بە خودی خۆیدا دەچووەوە و حەوانەوە و هێورینی نەبوو . ئەم هەست وسۆزە یەکێک بوو لە خەمە گەورەکانی ژیانی .تێکرِای زنجیرە کێشە هەڵواسراوەکانی وەک ئیدارە و ئایندەی کاروانسەراکە و کرِینی موڵک و دروستکردنی کۆشک و تەلاران و لەقەب وپایەی بەگایەتی بەلایەک و ئەمە بەلایەک ، کە تەواو خەمبار و پەرێشانی کرد بوو .

کە دەگەڵ خۆیدا تاک دەبووەوە لە زەینی خۆیدا بیری لە هەموو ئەمانە دەکردەوە ، بەڵام کاتێ حەمیدە بە بەردەمیا رِەتبوایە ، یان تاپۆی نازەنینی لە پەنجەرەکەوە دەرکەوتبا ، تەنیا بیری لەو دەکردەوە .

خەم لە دڵی داکی حوسەیندا — هاوسەری وەستا کەرشە — هێلانەی کردبوو . تەرک کردنی عادەتێکی باو ، مایەی پرسیارە ، هەر وا بە ئاسانی تێناپەڕێت ، بە تایبەتی تەرک کردنی لە ڕابردوودا هەمیشە مایەی شەڕێکی پەنهان بوو بێ . وەستا کەرشە کە عادەتە دڵگیرەکەی تەرک کردبوو ، ئەمە موویەکی تیابوو ، بە بێ هۆیەکی ترسناک ، شتی وا مەحاڵ بوو . لەم دواییانەدا شەوبێرییەکانی خۆی لە دووری ماڵ بە سەر دەبرد . جاران هەموو شەوێک هاوڕێ ئالوودەکانی دەبردە باڵاخانەکە تا بەرەبەیان لەوێ و بە دەم جۆرەها سەرگەرمییەوە دەمانەوە . بیرەوەرییە خەم ئەنگێزەکانی ژنەی تاین بە سۆراغیەوە هاتن و خۆشی وشادی ژیانیان لێ تاڵکرد ، بۆچی شەوانی لە دەرێی ماڵ بە سەر دەبات ، کێ هانی دەدا ؟ هۆی ئەمە چییە ؟ ئایا هەمان هۆیە کۆنەکەیە ؟ هەمان دەردە بێ دەرمانەکەیە ؟ ئەم تاوانبارە ڕوو ڕەشە دەڵێت ، گۆڕانکارییەکە ، بۆ ڕەواندنەوەی بێزاری ، یان گواستوویەتیەوە بۆ شوێنێک کە لەگەڵ زستاندا بگونجێت ، بەڵام هەیهاتە ، ژنەی داماو ، ئەم بیانووە درۆینانەی پێ هەرس بکرێت ، چونکە ئەویش وەکو هەموو خەڵکی لە ڕاز ونهێنییەکەی ئاگادارە . بۆیە خەم لە دڵی ژنەدا لانەی کرد بوو ، ئامادەبوو هەر کارێک بکات و ئەنجام چی دەبێ با ببێ . ئەم ژنە هەرچەندە تەمەنی نزیکەی پەنجا ساڵ دەبوو ، بەڵام ژنێکی بەهێز و شنگ بوو ، هەندێجار لە ڕادە بە دەر بوێر و ئازابوو . بە یەکێک لە ژنە دڕەکانی کۆڵانەکە — وەکو حوسنیەی نانەوا و داکی حەمیدە — دەژمێردرا و هیچی لەوان کەمتر نەبوو . پیاوەکەی لە سەر ئەوەی هاوڕەگەز بازبوو ، کردبووە کونەوە . ئەم ژنە بە لووتە گەورە و پانەکەی بەناو بانگ بوو . ژنێکی زایا بوو ، شەش کیژ وکوڕێکی بوو بوو ، کوڕەکەی حوسەین کەرشە بوو . کچەکانی هەموو شوویان کردبوو ، ژیانی خێزانداریان ناجێگیر بوو ، ژیانیان بەڕێوەدەچوو ، ڕاستە لە مێردەکانیان جیا نەبوو بوونەوە ، بەڵام بێ کێشە و قەرقەشەش نەبوو . هەرە بچووکەکەیان ڕیسواییەکی بە سەر هاتبوو ، کە تاماوەیەکی زۆر بوو بوو بە وێردی سەر زمانی خەڵکی کۆڵانەکە . لە ساڵی یەکەمی شوو کردنەکەیدا ، لە ناکاوا ون بوو و پاشان لە ماڵی کرێکارێکدا لە (بولاق) دۆزییانەوە . ئەم ڕووداوە بە زیندانی کردنی هەردووکیان واتە ژنەکە و کرێکارەکە شکایەوە . هەڵبەتە ئەم ڕیسواییەی کیژێ ، بۆ ماڵی بابی ، کارەساتێکی گەورە بوو ، بەڵام ئەمە تاقە کارەساتی ئەم خێزانە نەبوو ، خودی وەستا کەرشەش ، بۆ خۆی مایەی بەد ناوی بوو . داکی حوسەین ، ڕێگەی چوونە بنج وبناوانی کارە پەنهانەکانی مێردەکەی بە باشی دەزانی . هاپۆ کامیلی داپشکنی و سەنقەری — شاگردی چاخانەکە — ی هێنایە گیروگاز، تا ئەو کوڕیژگەیەی بۆ دەرکەوت کە لەو دواییانەدا فێری چاخانەکە بوو بوو و وەستا کەرشە بە باشترین شێوە پێشوازی و خزمەتی دەکرد ، بە خۆی چای بۆ تێدەکرد و لە بەردەمیا دایدەنا ! ئیدی بە دزییەوە کەوتە تاقیبی ئەو مشتەرییانەی کە دەهاتن بۆ چاخانەکە ، تا بە چاوی خۆی کوڕیژگەکەی بینی کە لە دەستە ڕاستی وەستا کەرشەدا دانیشت و بە چاوی خۆی بینی کە وەستا کەرشە چ پێشوازییەکی گەرمی لێکرد ، هەنگێ کەللەی شۆرتی کرد وزامی کۆنە ونوێی کولانەوە ،

شەوی لێ بوو بە دۆزەخ ، گڕ لە سەراپای دەبووەوە ، ئۆقرەی نەدەگرت و لە ناخی ناخەوە دەکولآ ، بەلآم نەیدەزانی چ بکات ، چ ڕێگایەک بگرێتەبەر . پێشتر زۆرجار بە گژیا چوو بوو و هیچ فایدەی نەبوو ، دیارە دەیتوانی ئەمجارەش بە گژیا بچێت و سووک وڕیسوای بکات ، بەلآم دانی بە خۆیدا گرت . هەڵبەتە ئەم دان بە خۆدا گرتنەی لە بەر ئەوە نەبوو کە دەرفەتێکی بداتێ ، بەڵکو لە بەر ئەوە بوو کە ناحەزان پێی خۆش نەبن . لەم کاتەدا حوسەین کەرشەی کوڕی خەریک بوو لە ماڵ دەربکەوێ تا بڕوات بۆ سەر کارەکەی ، ژنە بە هەڵچوونەوە بەرەو ڕووی چوو ، بەو پەڕی تووڕەیی گوتی :

- کوڕەکەم ، دەزانی بابت خەریکە ریسواییەکی ترمان بۆ دەنێتەوە ؟

حوسەین یەکسەر لە مەبەستەکەی داکی حاڵی بوو ! قسەکەی داکی ڕوون وزەلآڵ بوو ، جگە لە مانایەکی زەق ودیار ، هیچ لێکدانەوەیەکی دیکەی هەڵنەدەگرت ، ڕوخساری سوور هەڵگەڕا ، چاوە چکۆلەکانی گڕیان لێدەبووەوە . ئەم ژیانە سوودی چ بوو ، کە ڕۆژ نەبوو ، بە بێ کێشە وڕیسوایی تێ بپەڕێ . خۆی کێشە و سەریەشەی کەم بوو ، ئەمجا ئەو ڕیسواییانەشی بێتە سەر . لە هەر هەموو شتەکانی دەور وبەری بێزار بوو ، وا دیارە ئەم بێزارییانە کرد بوویانە کارێک کە خۆی بخاتە باوەشی سوپای ئینگلیزەوە . ئەم ژیانە تازەیەی لەبری ئەوەی ببێتە مایەی ئارامی گیان و ئاسوودەیی خەیاڵی ، هێندەی دی بێزاری دەکرد . لە بەر ئەمە بوو نەفرەتی لە خۆی و ماڵباتەکەی وهەموو کۆلآنەکە دەکرد . قسەی دایکیشی وەکو ئەوە بوو، نەوت بێ بکرێت بە ئاگردا ، بەو پەڕی تووڕەییەوە گوتی :

- چیت دەوێ ؟ من دەتوانم لەم بەینەدا چبکەم ؟ کاتی خۆی چەند جارێک تەدەخولم کرد وهەوڵمدا ئەم ڕەوشە چاک بکەم ، بەلآم فایدەی نەبوو ، لەزگ بوو بە گژ یەکدا بچین و بە سەر وپۆتەلآکی یەکدیدا بدەین . یانی دەتەوێ بەرۆکی بابم بگرم و لە گەڵیا دەستەو یەخە ببمەوە ؟

یانی خودی گوناحەکەی بەلاوە گرینگ نەبوو . بەلآم ئەوەی کە تووڕەی دەکرد ، ئەو ڕیسوایی و قسە وقسەڵۆکانە بوو کە لە دەور وبەریان دروست بوو ، ئەو شەڕ وهەرا وهەنگامە و جنێوانە بوو کە لە ماڵەکەیان بەرپا دەبوو . خودی گوناحەکەی بەلاوە گرینگ نەبوو و کاتێ بۆ یەکەمجار مەسەلەی گوناحەکەی بابی بیست ، شانەکانی بە بێموبالاتیەوە هەڵتەکاند و گوتی : " ئەو پیاوە و هیچ شتێک بۆ پیاو شەرم نییە !" . بەلآم پاشان کە بینی ماڵباتەکەیان بووە بە بنێشتە خۆشەی بن ددانی ئاشنا وبێگانە ، بەگەڵ گلەیی کاران کەوتبوو و کەوتبووە سەرزەنشت کردنی باوکی . پەیوەندی ئەو لە گەڵ بابیا ، لە بنەڕەتەوە کۆک نەبوو ، ئەو ناکۆکییەی زۆرجار لە هەڤدژی دوو تەبیعەتی چوون یەکەوە چێدەبێت ، هەردووکیان بەد خوو ، تووڕە و تڕۆ ، توونده تەبیعەت بوون و ،

ڕیسواییە تازەکەی بابیشی ، ناکۆکییەکەیانی قووڵتر کردبوو و ، کردبوونی بە دژمن ، هەندێجار بە شەڕ دەهاتن و هەندێجار بە ناچاری یەکتریان تەحەموول دەکرد ، بەڵام بوغز وکینەیان لە نێوانا نە دەبڕایەوە .

داکی حوسەین ، نەیدەزانی چ دەڵێت ، بەڵام ئەو قسەیەی بۆ ئەوە نەکردبوو کە ئاگری دژایەتی نێوان کوڕ وباب خۆشبکات ، وازی لە کوڕە هێنابوو کە بە دەم جنێودانەوە لە ماڵ وەدەربکەوێ ، ژنە ناخۆشترین ڕۆژی بردە سەر ، زەمان و ڕۆژگار بە ڕادەیەک لە بۆتەی کلۆڵی و بەد بەختیدا قاڵی کردبووەوە و بە جۆرێ خاراندبووی کە ملی بۆ شکست نەدەدا و دەستبەردار نە دەبوو ، ئیدی لێبڕابوو کە ئەم پیاوە ڕیسوایە ئەگەر خەڵکانیش پێی خۆشبن — تەمبێ بکات . بەڵام وێڕای گۆساخی خۆی نەیویست پێ لە تەختەی چروک بنێ ، بۆیە تا نیوە شەو دانی بە خۆیدا گرت ، مشتەرییەکانیبڵاوەیان لێکرد و هاوسەرەکەی خۆی ئامادە دەکرد کە دووکانەکە دابخات . ژنە لە پەنجەرەکەوە گازیکرد ! پیاوە ، بە پەستی سەری هەڵبڕی و بە دەنگی بەرز پرسی :- چیت دەوێ داکی حوسەین ؟س

ژنە دەنگی هەڵبڕی و گوتی :- وەرە سەری وەستا کارێکی گرنگم پێت هەیە ..

وەستا کەرشە ئاماژەی بۆ کوڕێژگەکەی هاوڕێی کرد کە لەوێندەر چاوەڕوانی بکات . بە زەحمەت بە پلیکانەکاندا سەرکەوت ، بە هانکە هانک لەبەر شوقەکەیدا وەستا ، هەنگێ بە دەنگێکی گڕ پرسی :

- چیت دەوێ ؟ نەتدەتوانی تا بەیانی چاوەڕوان بکەی ؟

ژنە ، ئەوی بینی کە لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەکو بزمار چەقیوە و نایەوێ یەک هەنگاوی دی بێتە پێشەوە ، وەکو ئەوەی لەبەر ماڵێکی غەریبدا وەستابێ و نەخوازێ حورمەتی ئەو ماڵە ببەزێنێ . ژنە لەم ڕەفتارەی پیاوەکەی تووڕە بوو ، چاوانی لە بێخەوی و تووڕەییدا بوو بوون بە دوو کاسەی خوێن ، بەو چاوانەوە تەمەشای کرد ، بەڵام خۆی کۆنترۆڵ کرد وگوتی :- فەرموو ژوورێ ... وەستا !

وەستا کەرشە لە دڵی خۆیدا پرسی : "ئەگەر بە ڕاستی ئیشی هەیە و قسەیەکی هەیە ، بۆ قسەکەی ناکات ؟" هەنگێ بە زبری پرسی :- چیت گەرەکە ئافرەت ؟ ... قسە بکە !

عەجەب پیاوێکی بێ چاو ڕووە ! شەوانی دوور ودرێژ لە دەرێی ماڵدا بە سەر دەبات و هەر مێشیش میوانی نییە ، کەچی ئێستا ئەم دوو دەقیقەیەی پێ زۆرە . بە هەرحاڵ ، ئەو لە بەردەم خەڵک وخوادا مێرد و بابی منداڵەکانی بوو ، سەیر ئەوە بوو — وێڕای ئەو هەموو ناهەقییەی لێی کردبوو ، نەیدەتوانی ڕقی لێهەڵگرێ یان بێحورمەتی دەرهەق بکات و فەرامۆشی بکات . ئەم پیاوە مێرد و گەورەی بوو . نەیدەتوانی دەست لە سەر دەست دانیشێت و چاوەڕوان بکات ڕیسوایی ڕایماڵێت وبە بەر چاوی دۆست ودوژمنەوە ، لە ڕیسواییدا نقوم بێت . لە ڕاستیدا شانازی پیوە دەکرد

، شانازی به نێرایەتی و پێگەی ئەو لە کۆڵانەکەدا دەکرد ، شانازی بە سەروەری ئەو بە سەر هاوکارەکانیەوە دەکرد . ئەگەر گیرۆدە وگرفتاری ئەم کەچڕەوی و لادانە دزیوە نەبوایە ، لە دنیادا هاوتای نە دەبوو . بەڵام کابرا بە دەم بانگەوازی ئەهریمەنەوە دەچوو وحەزی دەکرد ژنەکەی لەم گفت وگۆیە مەعافی بکات ، تا بە زووترین کات بۆلای کوڕێژگەکە بگەڕێتەوە . ژنە خوای نەما ، بە توندی گوتی :

– جارێ وەرە ژوورەوە ... بۆچی وەکو غەریبە لەبەر دەرگا وەستاوی ؟

وەستا کەرشە زۆر تووڕە بوو ، بە بێزاری پێی نایە ڕاڕەوەکە و بە دەنگە گڕەکەی پرسی :

– دەتەوێ چ بڵێی ؟

ژنە بە دەم داخستنی دەرگاکەوە گوتی :

– ئیسراحەتێ بکە ... دەمەوێ دوو کەلیمە قسەت لە گەڵدا بکەم .

پیاوە بە گومان ودوو دڵییەوە تەمەشای کرد . ئەم ژنە چیدەوێ ؟ ئایا گەرەکیە دیسان ڕێگەی لێبگرێت ؟! هاواری بە سەردا کرد :– قسە بکە ئافرەت ... ئەم خاوە خاوەت لە چییە ؟

ژنە بە تووڕەیی گوتی :– زۆرت پەلەیە وەستا ؟

– خۆت لە گێلی دەدەی ! یانی نازانی پەلەمە ؟

– پەلەی چیتە ؟

پیاوە ، هێندەی دی نیگەران بوو ، خەریک بوو لە تووڕەییدا شەقی دەبرد ، لە خۆی پرسی تا کەی تەحەمولی ئەم ژنە بکات ؟ هەست وسۆزی بەرانبەر بە ژنەکەی گونگ و ئاڵۆز و هەڤدژ بوو . هەندێجار ڕقی لێی بوو و هەندێجار خۆشی دەویست . بەڵام کاتێ لادان و کەچڕەوییە دزیوەکە ، بەرەو دۆزەخی خۆی ڕایدەکێشا ڕق و نەفرەت بە سەریا زاڵ دەبوو و ، کاتێ ژنەکەی دەکەوتە سەرزەنشتی ، ڕق ونەفرەتی دوو هێندە زیادی دەکرد . هەمیشە لە دڵی خۆیا خۆزیای دەخواست کە ژنەکەی ئاقڵ بوایە و دەستبەردای ئەم ببوایە . سەیر ئەمە بوو هەمیشە خۆی بە هەق دەزانی . پێی سەیربوو کە ژنەکەی لە خوتو خۆڕایی ، ڕێگەی لێدەگرت ! ئایا ئەو مافەی نییە هەر کارێکی پێخۆشە بیکا ؟ باشە ، ئەم ژنە لەوە زیاتر ، کە پێداویستییەکانی زامن بکرێ و سفرە و خوانی پێویستی بۆ دابینبکرێ ، چیتری دەوێ ؟! نابێت هەندێ قاییل وگوێڕایەڵ بێت ؟ ئەوی ( ژنەکەی ) وەکو خەو وماڵ وحەشیش ، بەلایەنی ئەرێنی ونەرێنییەوە بە زەروورەتی ژیانی خۆی دەزانی . ڕۆژێ لە ڕۆژان بیری لەوە نە کردبووەوە کە لێی جیاببێتەوە و لێی

ڕزگاربێ ، ئەگینا هیچ کۆسپێک لە ئارادا نەبوو کە ڕێی ئەم کارەی لێبگرێ ، بەڵام ئەم ژنە بۆشاییەکی بۆ ئەو پڕدەکردەوە و پێی ڕادەگەیی ، پیاوە ، ئەوی وەکو هاوژین وهاوسەر قەبووڵ بوو ! بەڵام وێڕای هەموو ئەمەش کاتێ کە تووڕە دەبوو ، لە خۆی دەپرسی : تاکەی تەحەمولی ئەم ژنە بکات ؟ هاواری بە سەردا دەکرد :

- ئافرەت خۆت کەر مەکە ... یا قسە بکە یا وازم لێبێنە بە ڕێی خۆمدا بڕۆم .

ژنە ، بە پەستی و تووڕەیی پرسی :- قسەیەکی لەمە باشترت نەدۆزییەوە کە بە منی بڵێی ؟

وەستا کەرشە بۆڵاندی :

- ئیستا بۆم دەرکەوت کە هیچ قسەیەکت پێ نییە ، باشتر وایە بڕۆی وەکو ژنانی ئاقڵ ، بۆ خۆت بخەوی .

- خۆزیا تۆش وەکو پیاوانی ئاقڵ دەهاتی و دەخەوتی !

وەستا کەرشە دەستی دان بە یەکدا و هاواری کرد :- ئاخر چۆن بەم شەوە بخەوم ؟

- ئەدی پەروەردگار شەوی بۆچی دروستکردووە ؟

پیاوە ، سەرسام وتووڕە پرسی :- کەی منت دیوە بە شەو بخەوم ژنەکە ؟ چما نەخۆشم ؟!

ژنە ، بە تۆنێکی بە ماناوە ، کە دەیزانی پیاوەکەی یەکسەر تێی دەگات گوتی :

- لە قاپی خوا بپاڕێوە وتۆبە بکە ، خوا تۆبە ، ئەگەر بە درەنگیشەوە بکرێ ، قەبووڵ دەکات !

پیاوە ، لە مەبەست و مرادی ژنەکەی حاڵی بوو ، هیچ گومانێکی لەلا نەما ، بەڵام خۆی لە گێلی دا و بە تووڕەیی گوتی :

- شەوبێری گوناح نییە ، تا پیاو تۆبە بکات .

خۆ گێلکردنی پیاوە ، هێندەی دی ژنەی تاینی تووڕە کرد وگوتی :

- تۆبە لە شەو وشەوبێری بکە پیاوەکە ...

وەستا کەرشە ، بە تەشەرەوە گوتی :

- دەتەوێ ژیان تەرک بکەم ؟ دەتەوێ دەستبەرداری ژیانی خۆم ببم !

ژنه به جارێ دەهری بوو ، یەک بە زار هاواری به سەردا کرد :- ژیانی خۆت !

- بەڵێ ... حەشیش ژیانی منه .

گڕ له چاوانی ژنه دەبووەوه ، گۆنا ڕەشەکانی دەلەرزین ، وەکو یەکێک خۆی بدوێنێ ، گوتی :

- ئەدی حەشیشەکەی دی ؟!

پیاوه ، به تانه و تەشەرەوه گوتی :- من تەنیا کوشتەی یەک جۆرم وتەواو .

- تۆ تەنیا عەزابی ڕۆحی من دەدەی ، بۆچی شەو له هەمان باڵەخانه و له شوێنەکەی هەمیشەت به سەر نابەیت !

- ئەدی بۆچی شەوبێری نەبەمه شوێنێ که دڵم تیای بکرێتەوه ؟ له باڵەخانه نەبێ ، له پارێزگا بێ ، له مەخفەری جەمالیه بێ ، تۆ هەقت چیه ؟ چ پەیوەندییەکی به تۆوه هەیه ؟

- بۆچی شوێنی شەوبێرییەکەت گۆڕیوه ؟

پیاوه سەری هەڵبڕی و هاواری کرد :

- خودایا خۆت شایەد به ، له دادگایانی حکومەتی مەعافت کردووم بەڵام له ماڵەوه دادگایەکی هەمیشەییت بۆ بەرپا کردووم . ( ئەوسا سەری دانەواند وله سەری ڕۆیی ) ئەگەر تا ئێستا نەتزانیوه ، ئەوا چاک بزانه که ماڵەکەمان له ژێر چاودێریدایه و جاسووسان به دەوریا دەسووڕێنەوه .

ژنه به تەوسەوه لێی پرسی :

- ناشێ ئەم کوڕیژگه بێ چاو و ڕووەش ، یەکێک بێ لەو سیخوڕانەی که دەیانەوێ له ماڵەکەی خۆت وەدەرت بنەن ؟

ئیدی شتەکه تەواو کەشف بوو . ڕوخساری کەرشه ڕەش هەڵگەڕا ، به تۆنێکی پڕ له بێزاری پرسی :- کام کوڕیژگه ؟

- ئەو خوێڕیەی که به خۆت چای بۆ دەبەیت ، وەکو ئەوەی بووبیتەوه به شاگردێکی وەکو سەنقەر !

- جا چ قەیدیه ، هیچ عەیب نییه ، که وەستاش ، پێ به پێی شاگرد به مشتەرییان ڕابگات .

ژنه ، بەدەنگێکی تووڕەی لەرزۆک و بەتەشەرەوه پرسی :

- بۆچی ، بۆ نموونە خزمەتی هاپۆ کامیل ناکەیت ؟ بۆچی جگە لەم پوشتە خزمەتی هیچ کەسێکی دی ناکەیت؟

- خزمەتکردنی مشتەرییانی تازە ، ئاقڵییە !

- دەمە چیت لێکەمە ، قسە ئاسانە ، بەڵام کردار گرانە ، ئەم کارەی تۆ کارێکی نەنگین و حەیا بەرەیە .

پیاوە ، بە ئاماژەی دەست هوشداری دایە وگوتی :- زمانی خۆت بگرە شێتە .

- خەڵکی کە گەورە دەبن و تەمەنیان هەڵدەکشێ ، ئاقڵ دەبن .

کابرا ، چەند دانی لێکرۆشت ، قسەکەی پێبڕی و جنێوی پێدا و نەعلەتی لێکرد ، فایدەی نەبوو ، ژنە گوێی نەدایە و لە سەری ڕۆیی :

- خەڵکی گەورە دەبن ، ئاقڵ دەبن ، بەڵام تۆ تا گەورە دەبی ، خرفت تر دەبیت .

- تۆ خەڕەفیوی حورمێ ! بە قەبری ئیمامزادە حوسەین خەڕەفیویت ! خۆت هیچ ، خوا ئەقڵ بە ئەولادت بدات !

ژنە ، تووڕە بوو ، لە تووڕەییدا دەنگی دەلەرزی ، هاواری بە سەردا کرد :

- پیاوانی وەکو تۆ مایەی عەزابن . ئەرێ ئەم هەموو بەد ناوی وڕیسواییەمان بەس نییە ؟ ئاخر تا کەی سەرشۆڕ و شەرمەزاری لای ئاشنا و بێگانە بین ؟ تانە وتەشەری ئەم و ئەو تەحەموول بکەین ؟!

- واز لە من بێنە ! خوا ڕزق و ڕۆزیت حەواڵەی شوێنێکی دیکە بکات .

نائومێدی و تووڕەیی باڵی بە سەر ژنەدا کێشا و بە دەم هەڕەشەوە هاواریکرد :

- ئەمڕۆ تەنیا ئەم چوار دیوارە دەنگم دەژنەون ، سبەینێ ، لە هەموو دنیادا دەهۆڵت بۆ لێدەدەم . لە قاوت دەدەم .

پیاوە ، پێڵوە قورسەکانی هەڵبڕی و بە توندی گوتی :- هەڕەشەم لێدەکەی ؟!

- هەڵبەتە هەڕەشەت لێدەکەم ، هەڕەشە لە خێڵ وخێوت دەکەم ! تێت دەگەیەنم خەنیمی کێیت !

- وا دیارە دەبێ ئەم کەللە پوکەت بپژێنم !

- هێواش ... هێواش ... بۆ ئەم حەشیشە و نێربازییە ، هێزی تیا هێڵاوی ، بەزاتی خوا ناتوانی دەست بەرز بکەیتەوە ! ... تەواو ، لێبوویتەتەوە وەستا ..

– به هۆی تۆوه لێبوومەتەوه . چما جگه له ژن هیچی دی پیاو له بن دێنێ !

– هەرچی ژن هەیه بەزەییان پێمدا دێتەوه !

– بۆچی ؟ ... شەش کچ و کوڕێکت بووه ... ئەمه جگه لەوانەی که لەبارت چوون .

ژنه ، شێت ئاسا هاواری کرد :

– شەرم ناکەی ناوی منداڵەکان دێنی ؟ دەبوایه هەر له بەر ئەوان ، دەست لەم کاره دزێوانه هەڵبگری!

وەستا کەرشه ، به مست کێشای به دیوارەکەدا . له کاتێکا بەرەو دەرگاکه دەڕۆیی گوتی :

– ژنۆکەی خەڵەفاوی شێت و شوور .

ژنه ، له دوای ئەوەوه هاواریکرد :

– سەبرت بڕا ؟ ... حەزناکەی چاوەڕوان بکات ، بەزەییت پێیدا دێتەوه ؟ ئاقیبەتی ئەم ڕیسواییانەی خۆت دەبینی ، ئەی هەرزەی بەرەڵڵا .

وەستا کەرشه دەرگاکەی به توندی به یەکدا دا ، دەنگی دەرگاکه بێدەنگی شەوەکەی شڵەقاند . داکی حوسەین ، که له ڕقا کۆڵه مستی دەگوشی و ئارەزووی تۆڵه له ناخییەوه هەڵدەقولا ، دەستی به جنێودان کرد .

( ١٠ )

عەباس حلو ، ڕوانیه ئاوێنەکه ، چاوانی کونجکاو وتیژی به سەر وسیمای خۆیدا گێڕا ، پرشنگی ڕەزامەندی نیشته سەر چاوه گەشەکانی . به کاوه خۆ قژەکەی داهێنا و ، به وردی گەرد و تۆزی سەر جلەکانی تەکاند و پاشان ، به ئاسپایی هاته بەر دووکانەکەی و وەستا ، کاتێ خۆر ئاوا بوو ، دیمەنێکی زۆر جوان بوو . ئاسمان ساف وشینێکی قووڵ بوو ، ئەو نەرمه بارانەی به درێژایی ڕۆژ باری بوو ، جۆره گەرمیەکی خۆشی له گەڵ خۆیدا هێنا بوو ، و کۆڵانەکەی ، که ساڵی له یەک دوو جار پتر ئاوی به خۆیەوه نەدەبینی ، پاک شۆردبوووەوه . هێشتا هەندێک له چاڵ و قۆرتەکانی سەنادقیه ، پڕ له ئاو وسیاناو بوو . هاپۆ کامیل له دووکانەکەی خۆیدا و به سەر کورسییەکەیەوه وەنەوزی دەدا ، ناسکه بزەیەک ڕوخساری حلوی گەشاندەوه و جەزمەیەک له ناخیا بەرپابوو و لەبن لێوانەوه کەوته سۆزه و زەمزەمه :

ئەی دڵ سەبرکه ، ئەو ڕۆژه دێ

به ئاوات دەگەی ، شاد دەبی

جەستەی زامدار و خوێنینت ، بەدرێژایی

ڕۆژگار سارێژ دەبێ

وەکو پێشینیان گوتوویانە

ئەی ئاشق و شەیدا ، سەبر

کلیلی ڕزگارییە ...

هاپۆ کامیل چاوانی هەڵێنان و باوێشکی دا ، ئەوسا ڕوانیە عەباس کە لەبەر دووکانەکەی وەستابوو . عەباس پێکەنی و بەرەو لای ئەو چوو ، نوقرچکێکی لە مەمکە نەرمەکانی گرت و بە شادییەوە گوتی :- ئاشق بووین و دنیا بە دەم ئاشقانەوە پێدەکەنێ .

هاپۆ کامیل ، ئاهێکی هەڵکێشا و بە دەنگێکی بەرز گوتی :

- موبارەکە هاپۆ گیان ، بەڵام ، وەرە کفنەکە بەر لەوەی تەماح بتگرێ و بیفرۆشیت و پارەکەی خەرجی زەماوەندەکەت بکەی ، بدە بە خۆم .

عەباس حلو ، لە قاقای پێکەنینی دا و بە کاوە خۆ لە کۆڵانەکە وەدەرکەوت . پانتۆڵە ڕەساسییەکەی لە بەر کردبوو ، هەر ئەو پانتۆڵەی هەبوو . نزیکەی ساڵێک دەبوو هەڵیگێڕابووەوە و هەندێ جێگای چنی بووەوە . بەڵام بایەخی بە شۆردن و ئوتوکردنی دەدا ، ئیدی بە شێوەیەکی گشتی شەکڵ وشێوەی جوان دەینواند ! سەرمەستی و جۆش وخرۆش و چەلەنگی لێهەڵدەقولا ، ئیدی دڵی ئارام و ئوقرەی نەبوو لەو دەمانەدا بە ئەشق و بۆ ئەشق دەژیا و بە باڵی فریشتە ئاسمانی تەی دەکرد ، ئەشق بۆ ئەو هەستێک بوو ناسک ، خولیایەکی ڕاستەقینە و ئارەزوویەکی برسی بوو . خەونی خۆشی بە مەمکی قوت و چاوانی ئەفسووناوییەوە دەبینی ، لەو دیوی مەمکەکانەوە بۆ گەرمی لەشی نەرم دەگەڕا ، لەو ڕۆژەوە کە لە ( دراسە ) ڕێگای بە کیژێ گرتبوو و قسەی دەگەڵدا کرد بوو ، ئیدی لە کەیفان ، لە پێستی خۆی نە دەهێوری ، هەرچەندە کیژێ ڕووی نەدابویە ، بەڵام ئەم لە خەیاڵی خۆیدا ئەو هەڵوێستەی وا لێکدابووەوە کە نازی ژنانەیە و ژنان بەو جۆرە ڕەزامەندی خۆ دەردەبڕن . ماوەیەک بەو خەیاڵاوە ژیابوو ، بەڵام پاشان ئەو جۆش وخرۆشەی سارد بووەوە و نەشئەکەی دامرکایەوە ، نەک لە بەر ئەوەی شتێکی تازە ڕووی دابێت ، بەڵکو لە بەر ئەوەی وەخۆ هاتبووەوە و گومانی لە لا پەیدا بوو بوو . لە خۆی دەپرسی بۆچی ڕەفز

کردن و ڕووو وەرگێڕانەکەی بە جۆرە ناز و نازفرۆشییەک لێکبداتەوە ، بۆچی بە ڕەفزکردنی ڕاستەقینەی نەژمێرێ ؟!

ئایا مەبەستی ئەوە نەبووە بە هێمنی و نەرمی دەست بە ڕوویەوە بنێ ؟ بەڵام ئایا لەم مجامەلە و مدارایە کەمتر ، لە دراوسێیەک چاوەڕوان دەکرا ، کە عومرێک دراوسێ بوون ؟ ... کەواتە ئاشکرایە ، زیاد لە پێویست بە گەشبینییەوە مەسەلەکەی وەرگرتووە و نەشئە و خرۆشەکەی زیاتر خەیاڵ پڵاو بووە . بەڵام وێڕای ئەوەش هەر پاشەکشەی نەکرد وکۆڵی نەدا ، هەرکاتێ گومان بەرۆکی بگرتبایە ، خێرا دەکەوتە داکۆکی لە شادمانیەکەی خۆی . بەیانیان هەر کە هەتاو بەرز دەبووەوە ، دەهاتە بەر دووکانەکەی و لەوێوە حەمیدەی دەبینی کە پەنجەرەکانی دەکردەوە تا هەتاو لە ناو شوقەکە بدات . ئێواران کورسییەکەی دێنایە بەر چاخانەکە و بەرانبەر پەنجەرەکەی ئەوان دادەنیشت و دەستی بە نێرگەلە کێشان دەکرد و هەر سا نا ساتێ بە دزییەوە تەمەشایەکی پەنجەرە داخراوەکەی دەکرد . مەحبوبی ، کە لە درزی پەنجەرەکەوە دەیڕاونیە کۆڵانەکە ، دێنایە بەر چاوی خەیاڵ . عەباس بەوەندەوە نەوەستا ، جارێکی دیکە لە ( دراسە ) چووە پێشی ، بەڵام کیژێ بە هەمان شێوەی یەکەمجار دەستی بە ڕوویەوە نابوو ، ڕووی لێ وەرگێڕابوو . بەڵام عەباس هەر کۆڵی نەدا و بە ئومێدەوە دڵخۆشی خۆی دایەوە و بە خۆی دەگوت شادمانی نزیکە و تەنیا کەمێک جورئەت و سەبری زیاتری دەوێ. ئیدی بەم نەفەسەوە بەو پەڕی متمانەوە تێهەڵچووەوە ، حەمیدە و دەستە خوشکەکانی بینی کە دەهاتن ، خۆی دایە لاوە تا لەو تێپەڕن و پاشان بە ئەسپایی دوویان کەوت و وەختێ دیتی کچەکان بە تامەزرۆیی تەمەشای دەکەن ، زۆری کەیف بە خۆ هات . دوویانکەوت تا لەکۆتایی ( دراسە ) دا لێک هەڵبڕان و بڵاوەیان لێکرد ، هەنگێ پێی هەڵگرت تا گەییە یەک شەقاوی حەمیدە و بزەیەکی بۆ کرد ، بەڵام نیگەران دەهاتە بەر چاو و لەبن لێوانەوە گوتی :- ئێوارەت باش حەمیدە .

حەمیدە ، بێگومان چاوەڕوانی دەکرد ، بەڵام تیا مابوو چۆن خۆی ساغ بکاتەوە . نە خۆشی دەویست و نە ڕقی لێیبوو . جا چونکە تاقە گەنجی کۆڵانەکە بوو ، کە بە کەڵکی ئەوەبێت شووی پێبکات ، دڵی نەدەهات فەرامۆشیبکات یان بە ڕەقی و زبری جوابی بکات . بۆیە ئەم جارەش نەرمی لە گەڵدا نواند و بە دوو قسەی نەرم خۆی لێڕزگار کرد ، خۆ ئەگەر بیویستبایە ، دەیتوانی تەرزەکوتی بکات . حەمیدە ، وێڕای ئەوەی ئەزموونی ژیانی کەم وسنووردار بوو ، هەستی بە جیاوازی کەڵکەڵە پیشەییەکانی ئەم گەنجە هێمن و ئارامە و کەڵکەڵە وبەرزە فڕییەکانی خۆی دەکرد . کچە بە تەبیعەت کەسێکی دەسەڵاتخواز و سەرکێش و شەڕانی بوو ! خۆ ئەگەر لە چاوێکدا مانای ئومێدەواری و متمانە بەخۆبوونی بخوێندباوە شێت دەبوو ، بەڵام ئەم نیگا پاک وئارامەی کە هەمیشە لە چاوانی عەباسدا شەپۆلی دەدا ، تینویەتی ئەوی نە دەشکاند و ڕازی نە دەکرد ، بەڵام نیگەرانی و دوو دڵی سەرگەردانی کردبوو ، لە لایەکەوە تاقە گەنجی لە باری کۆڵانەکە بوو و لە لایەکی دیکەوە ، بە خۆیشی نەیدەزانی بۆ حەزی لێناکات . نە ئەوە بوو بە ئاشکرا ڕازی بێ نە ئەوە بوو بە ئاشکرا جوابی بکات . خۆ ئەگەر باوەڕی بە زەوجین وەکو دوا ئەنجامێکی سروشتی نەبوایە ، بێ چەندو چوون دەی بوغزاند وجوابی دەکرد . بۆیە حەزی دەکرد

له گەڵیا بڕوات و ڕەفتار و ئەتواری بناسێت و زمانی تاقی بکاتەوە ،تا لەم ڕێگەیەوە ، بگاتە ئەنجامگیرییەک کە لەم حیرەت وسەرگەرانییە ڕزگار بێت . عەباس ، لەوە ترسابوو ڕێگاکە تەواوبێ و حەمیدە هەر بێدەنگ بێ و هیچ وەڵامێکی نەداتەوە ، بۆیە بە پاڕانەوە و لەبن لێوانەوە گوتی :- ئێوارەت باش .

ڕوخسارە برۆنزییە جوانەکەی حەمیدە درەوشایەوە ، پێی سووک کرد ، بە بێزارییەکی درۆینەوە گوتی :- چیت دەوێ ؟س

کە کرانەوەی ڕووی حەمیدەی بینی ، جورئەتی پەیداکرد و تووڕە بوون وبێزارییەکەی لە دڵ نەگرت ، بە کۆڵێک ئومێد و پاڕانەوەوە گوتی :

- با بچین بۆ شەقامی ئەزهەر ، شەقامێکی ئەمینە و دنیاش خەریکە تاریک دەبێت .

کچە ، بە بێدەنگی لە ( دراسە ) وە بەرەو ئەزهەر پێچی کردەوە . عەباس کە لە خۆشیا لە پێستی خۆی نە دەهێوری ، دوایکەوت . وشەێن ( ئەمین ) و ( تاریکی ) لە گوێی حەمیدەدا دەزرینگانەوە .

یەکسەر زانی کە بەنیازی کارێکە کە پێویستە لە چاوی ڕەقیبان بە دوور بێ . سووکە بزەیەکی کرد . حەمیدە مەسەلەی ( ئەخلاقی ) زۆر بە قورسی نەگرتبوو ، لە ژینگە وجەوێکدا پەروەردە بوو بوو کە هیچ سنوورێکی بۆ دا نە دەنا و بە هیچ زنجرێک کۆت بەندی نە دەکرد . تەبعی سەرکێشی خۆی و خەمساردی و بێموبالاتی دایکی ، بە جۆرێ جڵەویان بۆ شۆڕ کرد بوو ، کەمتر لە ماڵەوە دادەسەکنی . ئیدی بە کەیفی خۆی بە گژ ئەم و ئەودا دەچوو، دژایەتی ئەم وئەوی دەکرد ، حیسابی بۆ هیچ نە دەکرد ، نرخی بۆ ( چاکە ) دا نەدەنا . عەباس حلو خۆی گەیاندێ ، کەوتە شان بە شانی ، بە شادی و خۆشییەوە گوتی :- چۆنی ... کچی باش !

بەڵام کچەکە بە نیمچە بێزارییەکەوە گوتی :- چیت لێم دەوێ ؟

کوڕە ، کە بە خورتی پەشۆکاوی خۆی کۆنترۆڵ کرد بوو گوتی :

- حەمیدە ئارام بە ... لێم تووڕە مەبە ... عەزابم مەدە ...

حەمیدە ، کە ڕوخساری بە گۆشەی عەبایەکەی داپۆشی بوو ، ڕووی تێکرد و بە تووڕەیی و توندی گوتی :- پێم ناڵێی چیت لە من دەوێ ؟

- سەبر باشە ... دەمەوێ ... چاکەی تۆم دەوێ .

کچە ، بە خوتەو بۆڵەوە گوتی :

– ئەگەر هیچ قسەیەکت نییە ، ناکرێ هەروا بڕۆین ، خەریکە لە ڕێگای خۆمان دوور دەکەوینەوە ، کات خەریکە درەنگ دەبێ ، من ناتوانم درەنگ بۆ ماڵ بگەڕێمەوە .

عەباسش ، خەمی بە فیڕۆ چوونی کاتەکەی بوو ، بۆیە بە تاسەوە گوتی :

– مەترسە ، خەمت نەبێ ، زۆر زوو دەگەڕێینەوە ... بیانوویەکیش دەدۆزینەوە کە دایکت پێی ڕازی بێ . تۆ هەمیشە بیر لە کات دەکەیتەوە ، خەمی سەعات ودەقیقەتە ، بەڵام من لە خەمی خۆمانام ، بیر لە ژیانمان دەکەمەوە ، هەموو هۆش وگۆشم لای ئەمەیە . باوەڕم پێناکەیت ؟ بە زاتی ئەو ئیمامزادە حوسەینە ، کە مایەی بەرەکەت و پیرۆزی ئەم گەڕەکە باش و چاکەیە ، هەموو هۆش وگۆشم تەنیا لای ئەمەیە و بەس .

عەباس ، بەو پەڕی سادەیی و سەفاوە قسەی دەکرد وکیژێ هەستی بە گەرمی قسەکانی دەکرد ، حەزی دەکرد گوێی لێبگرێت و لەزەتی لە قسەکانی دەبینی . هەرچەندە دڵە سارد وسڕەکەی نەبزواندوە ، بەڵام حیرەت و نیگەرانیە بە ئازارەکەی لە بیربردەوە . بەڵام وێڕای ئەوەش نەیدەزانی چ بڵێ ، ئیدی کوڕەی ئاشق کە تەواو هاتبووە جۆش ، زیاتر چەشە بوو ولە سەری ڕۆیی :

– دەقیقەژمێری مەکە و ، ئەم پرسیارە سەیرەم لێمەکە ، تۆ لە من دەپرسیت چیم دەوێ ، ئەرێ بە ڕاستی نازانی چیم دەوێ ؟ نازانی بۆ ڕێگەت پێدەگرم ؟ بۆچی بۆ هەرکوێ دەڕۆیی وەکو سێبەر لە دووتم ؟ چۆنی ڵیک دەدەیەوە ، لێکی بدەوە حەمیدە ... هیچ شتێک لە چاوانما ناخوێنیتەوە ؟ دەڵێن دڵ ئاوێنەی دڵە ؟ دڵی تۆ چ دەڵێت ، چی دەنوێنێ ؟ لە خۆت بپرسە ، لە هەموو خەڵکی کۆڵانەکە بپرسە ، هەر هەموویان دەزانن .

کچە ، برۆی وێکهێنایەوە ونا ئاگایانە و لەبن لێوانەوە گوتی :– چاک ئابڕووت بردووم !

عەباس ، لە قسەکەی ترسا و بە کەسەرەوە و لەبن لێوانەوە گوتی :

– ئابڕوو بردنی چی ، شتی وانییە ، ئیمامزادە حوسەین بە شایەد دەگرم ، جگە لە چاکەی تۆ هیچی ترم ناوێ . خوا شایەدە خۆشم دەوێی و هەمیشە خۆشم ویستوویت و لە دایکت زیاترم خۆشدەوێی . بە قەبری ئیمامزادە حوسەین ، بە هەموو دڵمەوە خۆشم دەوێی ، بە زاتی خوا درۆت لە گەڵدا ناکەم .

حەمیدە ، هەستی بە لەزەت وخۆشی کرد ، قسەکانی عەباس ختووکەی خولیا و کەڵکەڵە هەژموونخوازی و بەرزە فڕییەکانی ناخیان دا . ئەلهەقی دەنگدانەوەی وشەێن ئاشقانە ئەگەر لە دڵیشدا نەگیرسێتەوە ، گوێچکە ئاوەدان

دەکاتەوە و ئوخژن بە دەروون دەبەخشێت و ڕۆح فێنک دەکاتەوە ! بەڵام لەم کاتەدا ، خەیاڵ بازێکی گەورەی دا ، لە پردی ئێستاوە بۆ ئایندە پەڕییەوە ، لە خۆی پرسی : " باشە ئەگەر چەرخی ڕۆژگار بە بەختی ئەو بگەڕێ ، ژیانی ئەم لە سایەی ئەودا چۆن دەبێ ؟ " کابرایەکە هەژار ، دەرامەتی هەر بەشی ژیانی ڕۆژانەی دەکات وناکات ، هەنگێ لە نهۆمی دووەمی خانووەکەی خا سەنیە عەفیفییەوە دەیگوازێتەوە بۆ نهۆمی خوارەوەی ماڵەکەی سەید ڕەزوان حوسەینی . ئەو جیازیەی کە دایکی بۆی ئامادە دەکات ، ئەو پەڕەکەی دەستێ نوێنی نیوداشت و قەنەفەیەک و چەند ئامانێکی مسین دەبێ . هەنگێ دەبێ بکەوێتە گسکدان و چێشت لێنان و قاپ شۆردن و مەمکدانی منداڵ . دووریش نییە بە عەزیزییەکی پینەکراو و بە پێ خاوسی بسووڕێتەوە . ترسێکی وەهای لێنیشت وەکو ئەوە بوو لە خەونێکی ناخۆش خەبەری بووبێتەوە ، حەز و ئارەزووی لە ڕادە بە دەری جل دۆستی لە ناخیا سەری هەڵدایەوە . هەمان ئەو ڕقە هۆڤیانەی کە لە منداڵی هەبوو و ، ژنانی کۆڵانەکە ، لەو ڕووەوە سەرزەنشتیان دەکرد ، لە ناخیا بێداربووەوە . حیرەت و سەرگەردانیە بە سوێ و ئازارەکەی بۆ هاتەوە و نەیدەزانی ئاخۆ باشی کردووە کە لە گەڵیا سووڕاوەتەوە و ڕووی داوەتێ یان خراپی کردووە ؟ عەباس ، بە ئەشق وشەیدایییەوە ، بە هیوا و ئاواتەوە تەمەشای دەکرد ، بێدەنگی و مەندییەکەی ئەوی بە خۆشەویستی و ڕەزامەندی ، ڕاڤە وشرۆڤە دەکرد . بە دەنگێک کە لە قووڵایی دڵییەوە هەڵدەقولا گوتی :

– حەمیدە بۆچی بێدەنگی ! ... تاقە وشەیەکی تۆ بەسە کە شیفای دڵ بدات و دنیا بگۆڕێت . تەنیا یەک وشەم بەسە ... ئەم بێدەنگیە بشکێنە ...

لێ حەمیدە ، تاقە وشەیەکی نەدرکاند، هێشتا گرفتاری حیرەت و سەرگەردانی خۆی بوو . عەباس لە سەری ڕۆیی :

– تاقە وشەیەکی تۆ ڕۆحم بە ئومێد وشادی ئاوەدان دەکاتەوە . ڕەنگە نەزانی ئەشقی تۆ چی بە سەرم هێناوە ! ڕۆحێکی تازەی بە بەرما کردووە ، کە پێشتر هەستم پێنەکردووە ، ئێژی لە نوێ خولڵقاومەتەوە . وای لێکردووم بێترس مل بە دنیاوە بنەم ، ئەمەت نەزانیوە ؟ ... بێداری کردوومەتەوە ، سبەینێ وەکو کەسێکی تازە دەمبینی .

مەبەستی چییە ؟ حەمیدە ، ئاوڕێکی پرسیار ئامێزی لێدایەوە . عەباس ، ئەم ئاوڕەی لە گیان خۆشبوو ، دڵی کرایەوە ، چەشە بوو وبە جورئەت و شانازییەوە گوتی :

– بەڵێ ... تەوەکەل بەخوا و وەکو خەڵکی دی شانس و بەختی خۆم تاقی دەکەمەوە ، پەیوەندی بە سوپای ئینگلیزەوە دەکەم و هیوادارم منیش وەکو حوسەینی برات بەخت یارم بێ .

چاوانی حەمیدە پرشنگیان دا و ، نا ئاگایانە پرسی :– بە ڕاست ؟ ... کەی ؟

عەباس ، بێگومان چاوەڕوانی قسەیەکی دیکە بوو . حەزی دەکرد بەر لەوەی زار هەڵێنێ ، هەستی ئەو بخوێنێتەوە وببینێ . چاوەڕوانی ئەو قسە خۆشە بوو کە بە بیستنی لە خۆشیا دەتوایەوە . بەڵام پێیوابوو ئەم هەڵوێستەی حەمیدە زادەی شەرم بوو ، پەردەیک بوو بۆ داپۆشینی هەستی ئاگرینی خۆی ، ڕێک وەکو ئەو هەستەی ئەم هەیبوو و دەترسا ، ئاشکرای بکات . لە خۆشیا هەناسەی سوار بوو . بە زاری بەشەوە گوتی :

– بەم زووانە سەفەری گرێ مەزن ( التل الكبير ) دەکەم . لە هەوەڵەوە بە ڕۆژانەیەکی بیست وپێنج قروشی کاردەکەم . هەموو ئەوانەی کە سەبارەت بەم بابەتە ڕاوێژم پێکردوون پێیانوایە ئەم کرێیە لە چاو دەرامەتی هەموو ئەوانەی کە لە سوپای ئینگلیزدا خزمەت دەکەن کەمە . بەڵام هەموو هەوڵێکم دەخەمەکار ، کە زۆرترین پارە لە ڕۆژانەکەم پاشەکەوت بکەم ، تا ئەگەر دوای کۆتایی شەڕ — کە وەکو دەڵێن شتی وا دوورە — هاتمەوە بۆ ئێرە ، دەلاکخانەیەکی تازە لە ( السكه الجديده ) یان لە شەقامی ئەزهەر دابنەم و ژیانێکی ئاسوودە پێکەوە بنەم کە بۆ خۆ لە ناز ونیعمەتا ... پێکەوە .. ئیشەڵڵا ، بژین ! ... حەمیدە ، دوعام بۆ بکە .

ئەمە شتێکی تازە بوو ، کە هەرگیز بە بیری حەمیدەدا نە هاتبوو . ئەگەر عباس بە ڕاستی بێ ، مانای وایە گەلێک لە خەونەکانی دێنە دی . هەڵبەتە کەسێکی وەکو ئەو کە لە لوتکەی بەرزەفڕی وسەرکێشیدا دەژیا ، تەنیا بە سەروەت و سامان ڕامدەبێت و دڵی خۆشدەبێت و سووکنایی دێت . عەباس بە دەم گلەییەوە و لەبن لێوانەوە گوتی :
– ناتەوێ دوعام بۆ بکەیت ؟

دەنگی حەمیدە ، کە بە خاڵی لاوازی جوانییەکەی دەژمێردرا ، لە گوێی عەباسدا زرینگایەوە :

– خودا ڕاوەستاوت بکات ، سەرکەوتوو بی .

عەباس ، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و گوتی :

– ئامین ، خودایا لە زاری بڕونە . بە یاریی خودا دنیا بە ڕوومانەوە پێدەکەنێ . کە تۆ ڕازی بی ، مانای وایە هەموو دنیا ڕازیە ... من جگە لە ڕەزامەندی تۆ هیچی دیکەم ناوێ .

حیرەت وحایرمانەکەی حەمیدە بەرە بەرە دەڕەوییەوە . لە ناو ئەو تاریکییەدا کە تێی کەوتبوو، تروسکە ڕووناکییەکی بەدی کرد . ڕووناکی درەخشانی زێڕ . هەرچەندە شەخسی ئەو ڕازی ناکات و هەستی مێیاتی نا بزوێنێ ، دەتوانێ دڵ بەو ڕووناکییە خۆشبکات کە زۆری حەز لێیە و لەگینە وەڵامی مەیلە دەسەڵاتخوازی و هەژموون خوازیەکانی ئەم بداتەوە . ئەو، سەری بگری و بنی بگری تەنیا بە تاقە کوڕی شایستەی کۆڵانەکە دەژمێردرا و تەواو

! بەڵێ ئەمە هەقە و نکۆڵی لێناکرێت . جۆرە هەستێکی ئاسوودەیی ، حەمیدەی داگرت ، گوێی بۆ کوڕە گرتبوو کە دەیگوت :

– گوێت لێم نییە حەمیدە ؟ من چاوەڕوانی ڕەزامەندی تۆم .

هەنگێ بزەیەکی ناسک کەوتە سەر لێوە تەنکەکانی و لە بن لێوانەوە گوتی :

– خوا پشت و پەنات بێ .

عەباس بە دڵی خۆشەوە گوتی :

– مەرج نییە تا کۆتایی جەنگ چاوەڕوان بکەین ! ... ئێمە دەبین بە بەختەوەرترین خەڵکی کۆڵانەکە .

حەمیدە بە بێزارییەوە ڕووی گرژکرد و بە تەوەسەوە ونا ئاگایانە ئەم وشەیەی بە زاردا هات :

– کۆڵانی میدەق !

عەباس پەشۆکا و زاتی نەکرد داکۆکی لەو کۆڵانە بکات کە خۆشی دەویست و بە هەموو دنیای نە دەگۆڕییەوە . بە پەستییەوە لە خۆی پرسی : " دەبینی چۆن وەکو حوسەینی برای ئەم کۆڵانە باشە دەبوغزێنێ ؟ بە ڕاستی یەک مەمکیان مژتووە !" ویستی ئەو باندۆرە خراپەی کە کۆڵانەکەی لە لای چێکردبوو ، لە دڵیا بسرێتەوە ، گوتی :

– شوێنێک هەڵدەبژێرین کە بە دڵی تۆ بێ . ئیدی دراسە بێ ، جەمالیە بێ ، یان بیت القاضی بێ ،ماڵەکەت لە شوێنێک هەڵبژێرە بە دڵی خۆت .

حەمیدە لە قسەکانی ئەو وەخۆ هاتەوە ، هەستی کرد زیاد لە پێویست قسەی کردووە و زمانی نا ئاگایانە لە سەری ڕۆییوە ، هەنگێ لێوی گەست و بە نکۆڵی کردنەوە گوتی :

– ماڵەکەم ؟! مەبەستت کامە ماڵە ؟ ئەم مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە !

عەباس ، بە گلەییەوە و لە بن لێوانەوە گوتی :

– بۆچی قسەی وادەکەی ؟ بۆچی عەزابم دەدەی بەس نییە ؟ نازانی مەبەستم کامە ماڵە ؟ بێبەڵابی حەمیدە ، مەبەستم ئەو ماڵەیە کە پێکەوە دەیگرین ، بەڵام لە ڕاستیا تۆ بە خۆت هەڵیدەبژێری . چونکە ماڵی خۆتە و هەقت بە هیچ کەسێکەوە نەبێت . بە خۆت دەزانی من لە پێناوی ئەم ماڵەدا سەفەر دەکەم ولێرە دەڕۆم . بە خۆت دوعای سەرکەوتنت بۆ کردم ، نابێ خۆ لەم ڕاستییە خۆشە بدزینەوە . تەواو حەمیدە تازە ڕێک کەوتین .

ئایا بە ڕاستی ڕێک کەوتبوون ؟ هەڵبەتە ... ! ئەگەر وانەبوایە حەمیدە قابیل نە دەبوو پیاسەی دەگەڵدا بکات وقسەی دەگەڵدا بکات و گەنگەشەی خەونەکانی ئایندەی دەگەڵدا بکات . باشە چ ئاسیوێکی لەم کارە دەبینی ؟ ئەدەی ئەوی بە سوارچاکی خەونەکانی خۆی نەدەزانی ؟ هەڵبژاردەی خۆی نەبوو ؟ بەڵام وێڕای ئەوەش حەمیدە هەستی بە نیگەرانی و دوودڵی دەکرد . ئایا بە ڕاستی بوو بوو بە کیژێکی دیکە و هیچ دەسەڵاتێکی بە سەرخۆیدا نە مابوو ؟ لەم کاتەدا هەستیکرد دەستێک دەستی دەگرێت و دەیگوشێت و گەرمییەکی خۆش بە سەری قامکە ساردەکانیا دەگەڕێت . ئایا دەستی لە نێو دەستیا دەربێنێ و پێی بڵێت : " نە ... من لەو کیژانە نیم ؟ " بەڵام نە هیچ کاردانەوەیەکی نواند و نە ورتەیەکی لێوە نە هات . لە سەر پیاسەی خۆیان بەردەوام بوون ، دەستی لە نێو دەستە گەرمەکانی عەباسدا بوو . هەستی بە گوشاری نەرمی پەنجەکانی عەباس کرد و گوێی لێبوو دەیگوت :

– ئیدی زوو زوو یەکدی دەبینین ، وایە ؟

کیژێ ، ورتەی نەکرد . عەباس دووبارە گوتی :

– زوو زوو یەکدی دەبینین ، دوای ئەوەی خۆمان یەک لایی کردەوە وهەموو کاروبارێکی خۆمان تاوتوێ کرد ، هەنگێ دێم دایکت دەبینم ... دەبێ بەر لە سەفەرەکەم ، ئەم کارە ببڕێنینەوە .

کیژێ دەستی لە دەستی کوڕە دەرهێنا و ناڕەحەت ونیگەران گوتی :

– هۆشمان بە خۆ نەبوو ، زۆر درەنگە ، چەند دوور کەوتووینەتەوە ... دەی با بگەڕینەوە ...

بە دوو قۆڵی گەڕانەوە ، عەباس بە کوڵ پێکەنی ، ئەم پێکەنینە دەنگدانەوەی ئەو شادمانییە بوو کە لە دڵیا پەنگا بووەوە .

پێیان هەڵگرت و لە زەرفی چەند دەقیقەیەکدا گەیشتنە غوریە و لەوێ لێکدی جیابوونەوە . حەمیدە بە هەمان سەمتدا درێژەی بە ڕێگای خۆی دا و ، عەباس ڕووی کردە ئەزهەر، تا لەڕێگای ئیمامزادە حوسەینەوە بۆ کۆڵانەکە بگەڕێتەوە .



"خودایا ، بە ئومێدی بەخشین و ڕەحمەتی تۆ " .

داکی حوسەین ، بە دەم ڕێگاوە بۆ ماڵی سەید ڕەزوان حوسەینی ، ئەو دەستە واژەیەی دەگوت و دەگوتەوە . بە دەم عەزابی نائومێدی و تووڕەیی و کینەوە لە خودا دەپاڕایەوە کە ببەخشێت و ڕەحمی پێدا بکات . هەرچی دەکرد

و دەکۆشا ، مێردەکەی پێ چاک نەدەکرا و نە دەهاتە سەر ڕێگەی ڕاستی ، هیچ چارێکی نەمابوو ، ئەوە نەبێ کە دەستەودامێنی سەید ڕەزوان بکەوێ . ئێ بەڵکو ئەو وەکو کەسایەتییەکی بە سام وهەیبەت ، بتوانێ ، بیهێنێتەوە سەر ڕێگای دروست . هەڵبەتە قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ، باسی ئەو ڕیسواییەی لەگەڵ سەید ڕەزواندا نەکردبووەوە ، بەڵام نائومێدی لە لایەک و ترسی ئەوەی خەڵکی بە زانینی ئەم ڕیسواییانە پێیان خۆشبن ، لە لایەکی ترەوە ، ناچاریان کرد لەم دەرگا باش و ئەمینە بدات ئێ بەڵکو ! ژنەکەی سەید ڕەزوان ، هاتە پێشوازی ، خێرهانینی کرد و ماوەیەک پێکەوە دانیشتن . ژنەکەی سەید ڕەزوان لە ناو پەنجا ساڵیدا بوو . ئەمە تەمەنێکە گەلێک لە ژنان شانازی پێوە دەکەن و بە لوتکەی پۆختەبوونی مێیاتی دەزانن . بەڵام ئەم ژنە ماندوو وبێتاقەت دیار بوو و ، شوێنەواری ئەو تیرانە بە جەستە و ڕۆحیەوە دیاربوون ، کە ڕۆژگار پێوەی نابوو و جەرگی سووتاندبوو و منداڵەکانی یەک بە یەک لە باوەشی دەرهێنا بوو . بۆیە جۆرە خەمینی یەک باڵی بە سەر ماڵەکەیاندا کێشا بوو کە تەنانەت باوەڕ و ئیمانی قوڵی سەید ڕەزوانیش نەیتوانی بوو بیرەوێنێتەوە . ڕەنگ و ڕووی سیسەڵە و چرچەڵەی ئەم ژنە ، زۆر لە ڕوخساری نورانی و ئاسوودە و کراوەی مێردەکەی جیاواز بوو . ئیمانی بە قوەتی ژنە ، نەیتوانی بوو ، بەری پیربوون و چروسانەوەی لێبگرێت . داکی حوسەین ، کە ئەمەی دەزانی و کەسێکی دەست کەوتبوو ، کە گوێی لێدەگرێت ، گرێی دڵی خۆی بۆ کردەوە و هەموو خەم و پەژارە وگلەییەکانی خۆی بۆ هەڵڕشت . ئەوسا داوای کرد سەید ڕەزوان ببینێت . ژنەکەی سەید ڕەزوان ، ڕۆیی و دوای کەمێک گەڕایەوە و داکی حوسەینی بانگکرد بۆ دیداری سەید و بۆ ژوورەکەی ئەوی ڕێنوێنی کرد .

سەید ، لە سەر پارچە فەروویەک ڕونیشتبوو و تەسبیحاتی دەکرد . مەقەڵیەکی گڵێنی لە بەردەمدا بوو و قۆرییە چایەکەش لە لای ڕاستییەوە بوو . ژوورە تایبەتییەکەی چکۆلە وجوان بوو ، چەند کورسییەکی تیابوو ، فەرشێکی شیرازی تیا ڕاخرابوو ، مێزێکی خڕ لە ناوەندیا بوو کە ژمارەیەک کتێبی کۆنی زەردی لە سەر هەڵچنرابوو ، چرایەکی غازی گەورە ، لە میچەکەوە بە سەریا شۆڕ بوو بووەوە . سەید دیزداشەیەکی ڕەساسی دەڵبی لەبەر کردبوو و شەوکڵاوێکی خوری ڕەشی لە سەر بوو . ڕوخسارە سوور وسپییەکەی لە ژێریا وەکو مانگ دەدرەوشایەوە . بە زۆری ، بە تەنیا لەم ژوورەدا دادەنیشت یا قورئانی دەخوێند یان تەسبیحاتی دەکرد ، یان ڕادەما و لە فکران ڕادەچوو . هەر لەم ژوورەدا دەگەڵ دۆستەکانیا ، لە زانایان و سۆفیان و عارفان و ئەهلی زیکرا دادەنیشت و دەنگ وباسیان دەگێڕایەوە و قسەیان دەکرد و کۆڕی گەنگەشە و موناقەشەیان گەرم دەکرد . سەید ڕەزوان ، لە جوملەی زانا هەرە گەورەکان نەبوو ، نە لەو کەسانەش بوو کە خۆی نە ناسێت و بە خۆیەوە بفشێ و بچێتە ژێر بارێکی قورستر لە توانای خۆی ، بەڵام کەسێکی دینداری ڕاستگۆ و پارسا و خواناسێکی ڕاستەقینە بوو ، کە زانایان ، لە ئاستی ئاقڵی و بەردەباری و تەبیعەتی قورس وهاوسەنگ و لێبوردەیی و دلۆڤانی و میهرەبای ئەودا سەری ڕێزیان دادەنەواند . بەڵکو لە پیاو چاکان و وەلیانی خودا بوو .

سەید بە پێوە و لە کاتێکا چاوی بڕی بووە ئەرزەکە ، پێشوازی داکی حوسەینی کرد . داکی حوسەین بە عەبا و ڕووبەندەوە وەژوور کەوت ، دەستی لە سووچێکی عەباکەیەوە پێچاو و بۆ سەیدی درێژ کرد تا دەستنوێژەکەی سەید نەشکێت . پیاوەی تاین بە ڕوو خۆشییەوە خێرهاتنی کرد وگوتی :- سڵاو لە دراوسێی بەڕێز و حورمەتمان ... بەخێرهاتی .

خوڵکی دانیشتنی کرد . داکی حوسەین لە سەر قەنەفەکەی بەرانبەری دانیشت . پیاوەش بە چوار مشقی لە سەر فەرووەکە دانیشت و داکی حوسەین ، کەوتە دوعای خێر بۆی :

- خودا لە گەورەییتان کەم نەکات جەنابی سەید ، بۆ خاتری ئەو محەمەدەل موستەفایە عەمر درێژ بیت .

سەید مەزەندەی بۆ ئەو فاکتەرە دەچوو کە ئەوی بۆ لای ئەم بکێش کردبوو . بۆیە وەکو داب ونەریتی میوانداری ئیجاب دەکات ، لە حاڵ و ئەحواڵی وەستا کەرشەی مێردی نەپرسی ! وەکو خەڵکانی دیکە زانیاری تەواوی دەربارەی ڕەفتاری وەستا کەرشە هەبوو . هەروەها ئاگاداری ئەوەش بوو کە زۆرجار ئەم ژن و پیاوە لە سەر ڕەفتاری ناپەسەندی پیاوەکە شەڕ و دەعوایان بوو بوو ... بۆیە دڵنیابوو ، کە بە ناچاری دەکرێت بە شەریک وناوبژیوانی شەڕێک کە تازە بوو بووەوە . ئیدی ناچار بوو ، بە نە بە دڵی مل بۆ واقیعەکە بدات و بە ڕووخۆشی پێشوازی بکات . بزەیەکی ناسکی بۆ کرد و وەک ئەوەی بیەوێ میوانەکەی بۆ قسەکردن هان بدات گوتی :- خێرە .

ژنەی تاین ، کە شەرم وحەیای لە مەزەبا نەبوو و ژنێک بوو شڕندە وبێ حەیا ، لە سەرانسەری کۆڵانەکەدا ، تەنیا حوسنیەی نانەوا لەو شڕندەتر و سەڵیتەتر و زماندرێژتر بوو ، بە دەنگە ئەستوور و زبرەکەی بە سەیدی گوت :

- جەنابی سەید ڕەزوان ، بوونی تۆ مایەی خێر و بەرەکەتە ، تۆ پیاوی گەورە و باشی کۆڵانەکەمانی ، بۆیە هاتووم بۆ لای تۆ تا یارمەتیم بدەیت و تەگبیرێکی ئەم پیاوە بەدکارەم بۆ بکەی ...

لە ئاخر و ئۆخری قسەکانیا ، دەنگی بەرزکردەوە و وەکو هەوری ناوەخت گرماندی . بەڵام سەید دووبارە بە ڕوویا گرژییەوە و بە دەنگێک کە لەداخ و کەسەر بە دەر نەبوو ، گوتی :

- داکی حوسەین قسەی دڵت بکە ، گوێم لێتە ...

ژنەی تاین ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی :

- خودا قەدر وپایەت زیاد بکات ... جەنابی سەید ئەم پیاوە نە شەرم دەکات و نە دەست لە بەدکاری و کارێن نەنگین هەڵدەگرێ . هەر کاتێ وا وێنادەکەم ، کە ئیدی وازی لە هەوەسبازی هێناوە ، سەیرەکەم ڕیسواییەکی تازەی

ناوەتەوە . پیاوێکی هەرزەیە و لە هیچ شەهوەترانییەک ناپرینگێتەوە ، نە پیری دەفامێ و نە شەرم لە ژن ومندالّ دەکات . ڕەنگە هەندێ شتت دەربارەی ئەو هەتیوە لوسکەیە ژنەوتبێ کە هەموو شەوێ دێت بۆ چاخانەکەی ! ئەمە ڕیسوابییە تازەکەمانە .

چاوانی سافی کابرا لێڵ بوون و ، بە خەمینییەوە لە فکران ڕاچوو . کابرا کە داغی جەرگ سووتان نەیتوانی بوو سەفای دەروونی بکوژێنێتەوە ، ماوەیەک مات وبێدەنگ لە فکران ڕاچوو ، لە دڵی خۆیدا نەعلەتی لە شەیتان دەکرد . ژنەی تاین ، خەم و پەژارەکەی ئەوی کرد بە دەستاوێز بۆ تووڕە بوونەکەی خۆی و ، بە دەنگێکی ناساز هاواری کرد :

– ئەم مێردەکە هەرزیە ئابڕووومانی بردووە . بە زاتی خوا ئەگەر ئەم هەموو تەمەنەم لە گەڵیا نەبردا سەر و لە بەر مندالّەکان نەبوایە ، مالّەکەیم بەجێدەهێشت و هەرگیز نەدەگەڕامەوە . تۆ بەم ڕیسوابییە ڕازی دەبی جەنابی سەید ؟! بەم ڕەفتارە نەنگینە قاییل دەبی ؟! ئامۆژگاریم کرد بەڵام فایدەی نەبوو ، بە گوێی نەکردم ، ئاگادارم کردەوە ، بەڵام دەستبەردار نابێت . ئیدی هیچ چارێکم نەما تەنیا ئەمە نەبێ کە دەستەوداوێنی تۆ بکەوم . قەت حەزم نەدەکرد ، ئەم هەوالّە نەنگینانە بە گوێی موبارەکی تۆدا بدەم ، بەڵام چارم چییە ؟ تۆ ئەولیا و پیاوچاک و گەورەی هەموو گەڕەکەکەیت و خەڵکەکە بە گوێت دەکەن . نە قسەی من و نە قسەی خەڵکی کاریان تێنەکرد ، بەڵکو ئەمە خوایە بە قسەکانی تۆ بێتەوە سەر ڕێگا و بەخۆ بێتەوە . ئەگەر زانیم قسەکانی تۆش لە گوێ ناگرێت ، هەنگێ من و ئەو . هەڵبەتە ئەمڕۆ جڵەوی خۆم دەگرم و لێی ڕادەوەستم . بەڵام ئەگەر لە چاک بوونی نائومێد بووم ، هەنگێ ئاگرێک لە کۆڵانەکەدا هەڵدەگیرسێنم ، لە جیاتی چڵ وچێو ، جەستەی گڵاوی ئەوی تێدەخەم

سەید ، نیگایەکی گلەیی ئامێزی کرد و بە هێمنیە باوەکەی خۆی گوتی :

– داکی حوسەین هێوربە ، خوا لە بیر مەکە ، مەیەڵە تووڕەیی بە سەرتدا زاڵ بێت . تۆ ژنێکی داوێنپاک و باشیت ! هەموو خەڵی شایەدی فەزڵ و چاکی تۆن ! نابێ کارێکی وا بکەی کە خۆت ومێردەکەت ببنە بنێشتە خۆشەی ژێر ددانان . ژنی داوێنپاک ، پەردەیەکی قایمە و ، هەموو ئەو شتانە دەپۆشێ کە پەروەردگار ئەمری بە داپۆشینیان فەرمووە . بە خەیاڵی ئاسوودە و دڵنیایی تەواوەوە بۆ ماڵی خۆت بگەڕێوە و ئەم مەسەلەیە بەم بسپێرە. خوا یارمەتیدەری بەندەکانی خۆیەتی.

ژنەی تاین ، کە تۆزێک هێورتر بوو بووەوە ، گوتی :

- خوا سایەی ئێوەمان لە سەر کەم نەکات ، خوا قەدرو پایەتان زیاد بکات ، خوا شادمانی و بەختەوەریتان پێ عەتا بفەرمووێ . جەنابی سەید ئومێدم هەوەڵ بە خوا و پاشان بە تۆیە . ئێستا کە تۆ دەفەرموویت ، لە سەر فەرموودەکانی تۆ چاوەڕوان دەکەم . خوا لە نێوان من و ئەم پیاوە هەرزە وبەدکارەیە بێ .

کابرا ، هێندەی لە توانایدا بوو ، بە قسەی باش ، دڵخۆشی ژنەی دایەوە . ژنە کە گوێی لە هەر قسەیەکی باش دەبوو ، دوعای بۆ سەید دەکرد و دەکەوتە زەمی مێردەکەی و پەردەی لە سەر هەرزەکاری و ڕیسواییەکانی هەڵدەدایەوە . کار گەییە ئەوەی خەریک بوو کاسەی سەبری سەر ڕێژبێ ! ئەنجام لە کانگەی دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشا و بە ڕێزەوە ژنەی بەڕێکرد ! دووبارە دەبیرەوە چوو . هیچ حەزی نەدەکرد خۆی لەم مەسەلەیە هەڵقورتێنێ . بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و دەبوایە بەڵێنەکەی خۆی بباتە سەر .

خزمەتکارەکەی بانگکرد ، ئەمری پێکرد کە وەستا کەرشەی بۆ بانگبکات . خوڵامەکەی بە هەشتاو ڕۆیی . سەید بە دەم دانیشتنەوە چاوەڕوانی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە کە بۆ -یەکەمجار — کابرایەکی فاسق و بەدکار بۆ ژوورەکەی بانگدەکات ، ئەو ژوورەی کە بەر لە ئێستا جگە لە زانایان وسۆفیان ، کەسی تری بە خۆیەوە نەبینی بوو . لە ناخی دڵەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە خۆی گوت : " ئەو کەسەی فاسق و بەدکارێک هیدایەت بدات ، باشترە لەو کەسەی هاونشینی ئیماندارێک بکات " . بەڵام ئایا دەتوانێ هیدایەتی ئەم پیاوە بدات ؟ سەرە گەورەکەی لەقاند و ئایەتێکی بە نموونە هێنایەوە :" بە ڕاستی ناتوانی هەرکەس کە تۆ پێت خۆشبێ ڕێنوێنی بکەی ، بەڵام هەرکەس کە خوا بیەوێ ( وشیاویش بێ ) ڕێنوێنی دەکات . و ئەو ڕێنوێن بووان باشتر دەناسێت " . سەری لە فریوکاری شەیتان بۆ مرۆڤ سووڕ مابوو و پێی سەیر بوو چۆن مرۆڤ لە ڕێگەی ڕاستی خوا ، دەردەکات . ئەوسا خوڵامەکەی هاتەوە و زنجیرەی بیرکردنەوەکەی پێبڕی و هاتنی وەستا کەرشەی پێ ڕاگەیاند . سەید ، فەرمووی لێکرد و لە بەری هەستا . وەستا کەرشە ، بە بەدەنە درێژ داهۆڵەکەیەوە وەژوور کەوت و لە ژێر پێڵوە قورسەکانیەوە نیگایەکی پڕ ڕێز وحورمەتی سەیدی کرد و بە سەر دەستیا دانەوییەوە و سڵاوی لێکرد . سەید ڕەزوانیش خێرهاتنی کرد و خوڵکی دانیشتنی کرد و کەرشە لە هەمان شوێنا دانیشت ، کە تۆزێ لەمە پێش ژنەکەی لێی دانیشتبوو و سەید پیاڵەیەک چای بۆ داکرد . وەستا کەرشە ئاسوودە ودڵنیا دیار بوو ، نیگەرانی پێوە دیار نەبوو . ئاگاداری ئەوە نەبوو کە سەید بۆچی لە دووی نارد بوو . ئەوەی ڕاستی بێ مرۆڤ کەخەتایەکی کردبێ و گومانی لە خۆی بێ ، ترس و پەشۆکاوی پێوە دیاردەبێ ، بەڵام سەید ، ئاسوودەیی و دڵنیایی لە چاوە نیوەکراوەکانی ئەودا خوێندەوە و بزەیەکی بە ڕوویدا دا و بە هێمنی گوتی :

- ماڵەکەت ڕووناک کردینەوە وەستا ... گەورەت کردین .

وەستا کەرشەش وەکو ڕێز نواندن ، دەستی بۆ عەمامەکەی بەرزکردەوە و گوتی :

- خوا لە گەورەییتان کەم نەکا ، جەنابی سەید .

سەید گوتی :

- ببورە کە لە کاتی کارکردنا ناردم بە شوێنتا کە بێی بۆ ئێرە . حەزمکرد بە شێوەیەکی برایانە دەربارەی مەسەلەیەکی گرینگ قسەت دەگەڵ بکەم . ئیدی هیچ شوێنێکی لەماڵەوە باشترم ، بۆ ئەم کارە ، نەدۆزییەوە .

وەستا کەرشە ، سەری دانەواند و بەو پەڕی نەزاکەت و ئەدەبەوە گوتی :

- من لە خزمەتتدام جەنابی سەید ...

سەید ڕەزوان ، لەوە دەترسا ، ئەو وێڵ و ماریفەتە درێژە بکێشێت و وەستا کەرشە ماوەیەکی زۆر لە کار وکاسبی ببێت . بۆیە لێبڕا یەکسەر و بێ هیچ پێشەکییەک بچێتە ناو بابەتەکەوە و ، بۆ ئەم کارەش نە لە جورئەتی کەم بوو نە لە ڕاشکاوی ، بە تۆنێکی جدی گوتی :

- حەزدەکەم ، وەکو برا ، یان وەکو برای دڵسۆز قسەت لە گەڵدا بکەم . برای دڵسۆز کەسێکە کە کاتێ براکەی دەبینێ کە لە حاڵی کەوتندایە ، دەستی دەگرێ و نایەڵێت بکەوێ یان ئەگەر بینی دەخزێ ، ڕاستی بکاتەوە یان ئەگەر هەستی کرد پێویستی بە ئامۆژگارییە ، درێغی لێنەکات ...

وەستا کەرشە خاو بووەوە ، ڕێک لەو کاتەدا هەستی کرد کە کەوتووەتە داوەوە . گومان و دوودڵی نیشتە سەر چاوەلێڵ و تاریکەکانی ، وحایر و حەپەساو ، خۆیشی نەیدەزانی چ دەڵێت ، گوتی :

- هەق بە تۆیە جەنابی سەید ... ڕاست دەفەرمووی ...

هەڵبەتە پەرێشانی و نیگەرانییەکەی لە سەید شاراوە و پەنهان نەبوو ، نیگای پاک و میهرئامێزی کردە ئەو و بە تۆنێکی جدی گوتی :

- برای ئازیز ، من بە ڕاشکاوی قسەی دڵی خۆمت بۆ دەکەم و ئەم ڕاشکاویەم لێمەگرە وگلەییم لێ مەکە . کەسێک کە نیاز و مەبەستی چاک کردن و هاندەری خۆشەویستی و دڵسۆزی بێ ، شایەنی ئەوەنییە ڕقی لێ هەڵگیرێ . جا برای ئازیز بارێک و ڕەوان پێت بڵێم ، کە هەندێ ڕەفتارتم بە دڵ نییە ، پێم ناخۆشە و بە ڕاستی لە تۆ ناوەشێتەوە ...

وەستا کەرشە ، ناڕەحەت بوو ، برۆی وێکهێنایەوە و لە دڵی خۆیدا بە سەیدی گوت :

- بڵێ تۆ هەقت چیە بە سەرەوە ، بۆ خۆت دەکەی بە ئەسکوێی هەموو مەنجەڵێک ؟

ئەوجا وەکو یەکێک باوەڕنەکات ، بە سەرسامی گوتی :

- یانی بە ڕاستی ڕەفتاری من بووەتە مایەی ناڕەحەتی ئێوە ، جەنابی سەید ؟ ... پەنا بەخوا ...

سەید سەرسامییە دەستکردەکەی ئەوی بەهەند وەرنەگرت و لە سەری ڕۆیی و گوتی :

- شەیتان ، کە دەرگای گەنجێک بە کراوەیی دەبینێ ، بە نهێنی و بە ئاشکرا خۆی پێدا دەکات و چی خراپە ئەوە دەکات . ئێمە وێڕای ئەمەش لە گەنجان ڕازی نابین دەرگاکانیان بخەنە سەر گازی پشت و ناچاریان دەکەین ، دەرگاکانیان بە ڕووی شەیتاندا دابخەن ، ئاخۆ هەڵوێستمان سەبارەت بەو پیرەمێردانەی کە تەمەن کلیلی عیسمەت و پاکی پێسپاردوون چۆن دەبێ ؟ ئەگەر بە چاوی خۆ بیاندینین کە بە کەماڵی مەیل دەرگاکانیان خستووەتە سەر گازی پشت و بە خۆیان شەیتان بانگدەکەن ، چ هەڵوێستێکمان دەبێ ؟! ئەم شتە منی ناڕەحەت کردووە جەنابی وەستا کەرشە ...

گەنجان ، پیران ، دەرگا ، کلیل ! شەیتانی و شەیتانان ! بۆچی بە دەقی خۆیەوە دانانیشێت و دەست بەکڵاوکەی خۆیەوە ناگرێت ، دەست لە خەڵکی بەر نادات ؟ بە سەرسامی سەری لەقاند و لەبن لێوانەوە گوتی :

- هیچ تێناگەم سەید ڕەزوان .

سەید ڕەزوان ، نیگایەکی بە ماناوەی کرد و بە تۆنێکی سەرزەنشت ئامێزەوە گوتی :- بە ڕاست ؟!

وەستا کەرشە کە بێزاری وترسی لێنیشتبوو ، لە بن لێوانەوە گوتی :- بە ڕاست ...

سەید ڕەزوان لێبڕاوانە گوتی :

- وام دەزانی باش تێدەگەی چ دەڵێم . من باسی ئەو کوڕیژگە سووکە دەکەم .

هەموو دەریچەیەکی لێداخرا . تووڕەیی سەر ودڵی گرت . ئیدی وەکو مشکێک کەوتبێتە تەڵەوە ، بەو ئاوایە لە پشت دەریچە داخراوەکانەوە ، شپرزە و پەشۆکاو دەهات و دەچوو . بە دەنگێک کە بۆنی شکست و بەزینی لێدەهات گوتی :- کام کوڕیژگە جەنابی سەید ؟

سەید بە دەنگێکی هێمن و لە کاتێکا هەوڵیدەدا خۆی کۆنترۆڵ بکات و ئەو تووڕە نەکات ، گوتی :

- تۆ خۆت دەیناسیت وەستا . من ئەم باسەم بۆ ئەوە نەکردەوە کە تۆ ناڕەحەت بکەم یا خوا نەخواستە خەجاڵەتت بکەم . بەڵکو بۆ ئەوەم کردەوە کە ڕێگایەکت نیشانبدەم کە بە قازانجی تۆیە . ئیدی نکۆڵی کردن چ سوودێکی هەیە ؟ خەڵکی بەمە دەزانن و هەمووان باسیدەکەن . بە گیانی خۆم من ئەم کارەم پێناخۆشە ، کە دەبینم بووی بە بنێشتەخۆشەی ژێر ددانان ، زۆرم لەبەر گرانە .

وەستا کەرشە تووڕە بوو ، مستێکی توندی بە ڕانی خۆیدا کێشا و بە دەنگێکی گڕی تووڕە ، لە حاڵێکا تفەکەی دەمی بەم لاو ئەو لادا دەپرژا هاواری کرد :

- خەڵکی هەقیان چییە ؟ نایەڵن کەس ئیسراحەت بکات ! خۆزگە دەمی خەڵکی کونێک بوایە ، چەپکێ قوڕت پێدا داباو بتگرتایە . بە ڕاستی قسە دەکەن جەنابی سەید ؟ لەوەتای پەروەردگار زەوی و زەوینیانی خوڵقاندووە ، خەڵکی ئەوە خوو خدەیان بووە و ناوی خەڵکانیان زڕاندووە ، نەک لە بەر ئەوەی کارێکی دزێویان لێ سادر بووە ، بەڵکو بۆ ئەوەی بەد ناویان بکەن و سووکیان بکەن ... ئەگەر هیچ عەیب وعارێکیشیان نەبوو بێ ، عەیب و عاریان بۆ دۆزیونەتەوە و بە خراپە باسیان کردوون . پێتوایە فسکە ، فسکی وان لە دڵسۆزیانە ؟ نە بە خوا ، حەسوودیە کە وەکو مۆریانە دڵیان دەخوات ... ؟

سەید کە گوێی لەو قسەیە بوو ڕاچڵەکی و بە سەرسامی پرسی :

- عەجەب قسەیەکی بێ سەر وبەرە ! یانی پێتوایە حەسوودی بەم کارە دزێوانە دەبەن ؟

وەستا کەرشە ، بە دەنگی بەرز پێکەنی و بە ڕقەوە گوتی :

- سەید ڕەزوان گومانت لە قسەکەم نەبێ ! ئەمانە خەڵکانێکی نەگبەتن و خێر بە ناوچەوانیانەوە نییە ( لێرەدا هەستی کرد ملی بۆ تۆمەتەکە داوە و خەریکە بەرگری لێدەکات ) بۆیە لە سەری ڕۆیی: " نازانی ئەم کوڕیژگەیە کێیە ؟ کوڕێکی داماوە و گرتوومەتە ژێر باڵی خۆم !! " .

سەید ، لە دەغەڵبازیەکانی مێردەک پەست بوو ، خیسەیەکی وەهای لێکرد وەکو ئەوەی پێی بڵێ :

- یانی تۆ بە تەمای باوەڕت پێکەم ، بەم دوعایەی تۆ بڵێم ئامین !

ئەوسا گوتی :

- وەستا کەرشە ، وا دیارە لە مەبەستی من تێناگەی . من نامەوێ دادگاییت بکەم ، یان خوا نەخواستە سەر زەنشتت بکەم ، هەردووکمان پێویستمان بە بەخشین و ڕەحمەتی خوایە . هەوڵی ئەوە مەدە نکۆڵی لە شتەکە بکەی . ئەگەر ئەم کوڕە هەژار و بێنەوایە ، بە خوای بسپێرە و ئەگەر تۆ لە چاکە وخێری ، دنیا پڕە لە خەڵکانی ئاتاج .

- ئەدی بۆ چاکە دەگەڵ ئەم کوڕەدا نەکەم ؟ بە داخەوەم کە باوەڕ بە قسەکانم ناکەیت ، لە کاتێکا من پیاوێکی بێتاوانم .

سەید ، بە پەستیەکی پەنهانەوە ڕوانیە ڕوخساری کەرشە کە ڕەشی دەنواند و ، بە هێوری گوتی :

- ئەم کوڕە ، بێ ئابڕو و بەد ناوە ، بە خۆڕایی دەتەوێ فریوم بدەیت . باشتر وایە ئامۆژگارییەکەم لە گوێ بگریت و لە گەڵما ڕاست و ڕاستگۆ بیت .

وەستا کەرشە هەستی کردبوو کە سەید ، هەرچەندە پەستی و توورەیی بە ڕۆخسارییەوە دیار نەبوو ، پەست و توورە بووە . بۆیە بێدەنگ بوو ، توورەییەکەی خۆی خواردەوە و بیری لای ئەوە بوو کە بڕوات . بەڵام سەید لەم کاتەدا لە سەری ڕۆیی وگوتی :

- من خێری خۆت و خێزانەکەتم دەوێ وئومێدم وایە وەخۆ بێیتەوە و ڕێگەی ڕاست بگریتەبەر ، واز لەم کوڕە بێنە ، ئەمە کارێکی گڵاوە ، کاری شەیتانە . تۆبە بکە ، خوا میهرەبان و بە بەزەییە . ئەگەر کەسێکی ساڵح بوای ئێستا زۆر دەوڵەمەند دەبوویت . تۆ زۆرت دەست دەکەوێ . بەڵام دەیخەیتە زێرابی بەد کارییەوە و ئەگەر وا بڕۆی قەت نانێکی وشکت بە دۆت ناگات . دەڵێی چی ؟

کەرشە هەڵوێستەیەکی کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی کە ئازادە لە وەی هەرکارێک بکات . کەس هەقی ئەوەی نییە ئەمری بە سەردا بکات ، با ئەو کەسە سەید ڕەزوان حوسەینیش بێ ! بەڵام بۆ ساتێکیش بیری لە توورە بوونی سەید نەکردەوە . پێڵوەکانی بە سەر چاوە لێڵەکانیا داخست و بە دەنگێکی ناساز گوتی :- ئەمە ئەمر و حوکمی خوایە .

ڕوخساری نورانی سەید شێوا و بە توندی گوتی :

- نەخێر ، ئەمری شەیتانە ! شەرمە بۆ تۆ پیرەمێرد ...

وەستا کەرشە لەبن لێوانەوە گوتی :

- ئەگەر خوا بیەوێ ، بە خۆی هیدایەت دەدا .

- پەیڕەوی شەیتان مەکە . ئەوسا پەروەردگار هیدایەتی چاکەت دەدا . واز لەو کوڕە بێنە ، یان لێیگەڕێ بۆ من بە خۆشی جوابی بکەم …

کاسەی سەبری وەستا سەر ڕێژ بوو و جڵەوی سۆزی لە دەست بەربوو و بە خەمباری گوتی :

- نا سەید ، شتی وا مەکە …

سەید ، بە بێزاری و پەستییەوە تەمەشای کرد و بە دەنگێکی ئەسەفناکەوە گوتی :

- دەبینی چۆن گومڕایی بە سەر هیدایەتدا پەسند دەدەی ؟!

- خوا خۆی هیدایەت دەدا .

سەید ، لە هیدایەتی نا ئومێد بوو و بە دڵێکی خەمینەوە گوتی :

- بۆ دوا جار پێت دەڵێم ، یا وازی لێبێنە یا لێیگەڕێ بۆ من تا بە زمانی خۆش جوابی بکەم …

وەستا کەرشە ، وەکو ئەوەی نیازی هەستانی هەبێ ، خۆی بۆ قەراخ قەنەفەکە داخزاند وگوتی :

- نەخێر جەنابی سەید ، تکات لێدەکەم تۆ واز لەم کارە بێنە تا پەروەردگار بە خۆی هیدایەت دەدات

سەید ، سەری لەم گۆساخیەی سوورِما و بە قێزەوە گوتی :

- باشە تۆ شەرم لە خۆت ناکەی کە ئەوەندە لە سەر ئەم فیعلە نەنگینە ڕژدیت ؟!

وەستا کەرشە کە لە سەید و ئامۆژگارییەکانی بێزار بوو بوو ، هەستایە سەر پێ وگوتی :

- بنیادەم کاری خراپی زۆرە ، ئەمەش یەکێکە لەو کارە خراپانە ، وازم لێبێنە ، دوعام بۆ بکە کە خودا هیدایەتم بدات ، لێم زوێر مەبە ، بمبورە ، چما بنیادەم دەسەڵاتی خۆی هەیە ؟

سەید ، بزەیەکی خەمینی بۆ کرد ، هەستایە سەر پێ وگوتی :

- ئەگەر خوا بیەوێ هەموو دەسەڵاتێکی هەیە ، بەڵام تۆ لە قسەی من تێناگەیت . ئەمر ئەمری خوایە

دەستی بۆ لای یارۆی چایچی درێژکرد وگوتی :- خوا حافیز .

وەستا کەرشە ، بە دەم خوتە خوتەوە و، بە دەم دەمرێژی جنێوەوە ، بە خەڵکی و بە کۆڵانەکە و بە سەید ڕەزوان ، لە ماڵەکە وەدەرکەوت .

( ١٢ )

داکی حوسەین ، دانی بەخۆدا گرت و یەک — دوو ڕۆژان چاوەڕوانی کرد . لە پشت ئەو پەنجەرەیەوە کە دەیڕوانیە سەر چاخانەکە دەوەستا و چاوەڕێی هاتنی کوڕیژگەکەی دەکرد . دەیبینی بە کەش وفشەوە دەهات . جارێکی دیکە بینی ، لە دەوروبەری نیوەشەوا دەگەڵ مێردەکەی ئەمدا بەرەو گوریە دەڕۆن ! لە تووڕەیی و داخا چاوانی پەڕینە تۆقی سەری ، ئەبڵەق بوون . لە خۆی پرسی " یانی ئامۆژگارییەکانی سەید ڕەزوان بەبا ڕۆیی ؟ " . جارێکی دی سەردانی سەیدی کردەوە ، سەید بە کەسەرەوە سەری لەقاند وپێی گوت : " وازی لێبێنە با بزانین خوا چ دەکات " .

ژنە بۆ ماڵەکەی خۆ گەڕایەوە ، بەڵام وەکو سیر و سرکە هەڵدەچوو و بیری لە تەمبێکردنی دەکردەوە . ئیدی بیری لە قسە وتانە وتەشەری ئەم وئەو نەدەکردەوە ، لە پشت پەنجەرەکەوە خۆی مەڵاس دا تا شەو هات و کوڕەکە لە پڕا پەیدا بوو . خۆی لە عەبایەکەوە پێچا و وەکو شێت لە ماڵ وەدەرکەوت ، دوو دوو پلەکانی دەبڕی ، لە چاو تروکانێکا گەییە بەر چاخانەکە . دووکانان داخرابوون و خەڵکی کۆڵانەکە وەکو هەموو شەوێک ڕوویان کردبووە چاخانەکە . وەستا کەرشە کە سەری نابووە سەر سەندووقی تکتەکان و ، لە نێوان خەو و بێداریدا بوو ، هەستی بە هاتنی ژنەکەی نەکرد . چاوە چەپ وخێلەکانی ژنەی تاین لە سەر کوڕیژگەکە گیرسایەوە کە پیاڵەیەکی بە دەستەوە بوو وچای دەخواردەوە . ژنە بە بەردەم وەستا کەرشەدا ڕەت بوو ، وەستا کەرشە چاوی هەڵنەبڕی ، ژنەکە لە کوڕەکە نزیک بووەوە ، تا توانی یەکێکی بە پیاڵەکەی دەستی کوڕەکەدا کێشا و ، بە سەر داوێنی کوڕەکەدا قڵپ بووەوە و ڕژا . کوڕە بە دەم ترسەوە هاوارێکی کرد و هەستا . ژنە وەکو هەورە تریشقە بە سەریا گرماندی :

– چای دەخۆیتەوە حەرامزادەی قەحپە دایک !

ئامادە بووان ، چ ئەوانەی خەڵکی کۆڵانەکە بوون و ژنەیان دەناسی ، چ ئەوانەی خەڵکی کۆڵانەکە نەبوون و نەیاندەناسی حایر و حەپەساو چاویان بڕییە ژنە . وەستا کەرشە ، وەکو ئەوەی سەتڵێ ئاوی ساردی پێدا کرابێ ، داچڵەکی ، ویستی هەستێتە سەرپێ ، بەڵام ژنە کێشای بە سینگ و بەرۆکیا و پڕ بە زار هاواری بە سەریا کرد :

– لە جێی خۆت نە جوڵێی ، هەی هەرزەی هیچ و پووچ ( ئەوسا ئاوڕی لە کوڕەکە دایەوە و لە سەری ڕۆیی ) دەترسیت خوێڕی ؟ هەی ژن ، تۆ ژنی لە جل و بەرگی پیاودا ، پێم ناڵێی کێ بۆ ئێرەی دەعوەت کردوویت ؟!

وەستا کەرشە ، لە پشت سەندووقی تکتەکانەوە وەستابوو ، لە تووڕەییدا زمانی لە گۆ کەوتبوو و ڕوخساری ڕەش داگەڕابوو . ژنە بە تەشەرەوە گوتی :

– نە خەڵەتابی داکۆکی لە هاوڕێ پوشتەکەت بکەی ها ، دەنا بە بەر چاوی خەڵکەکەوە ئێسک و پروسکت دەهاڕم .

هێرشی بۆ کوڕیژگەکە برد ، کوڕەش بە ڕادەیەک چووە دواوەوە تا بە شێخ دەروێشەوە چەسپی ، ژنە هاواری کرد :

– دەتەوێ ماڵم وێران بکەی هەی کوونی لە کوونی بوو !

کوڕیژگەکە ، کە دەلەرزی ، بە دەمە لاڵکێوە گوتی :

– تۆ کێی خانم ... ئاخر من چیم کردووە تا ...

– من کێم ؟ نامناسیت ؟! ... من هەوێی تۆم ...

ئەوسا تێی بەربوو ، بگرە کوێت دێشێت ، کڵاوەکەی کەوت ، خوێن لە دەم و لووتیەوە بەربوو . ئەوسا بوێنباخەکەی گرت و ڕاکێشە ، خنکەخنکی پێکەوت . ئامادە بووان ، حایر و حەپەساو دەیانڕوانیە ئەو شتەی بە بەر چاویانەوە ڕووی دەدا و بەڵام لە دڵی خۆدا زۆر خۆشحاڵبوون بە دیتنی ئەم دیمەنە عەنتیکەیە . بەڵام هات و هاوار وشاتە شاتی داکی حوسەین کرد بوویە کارێک کە وەستا حوسنیەی نانەوا و لە دوای ئەوەوە جەعدەی مێردی ، بە هەڵەداوان و بەدەم باوێشک دانەوە خۆ بگەیەننە بەر چاخانەکە . دوای تۆزێک زیتەی — عەیب سازی گدایان — یش پەیدا بوو . بەڵام چەند هەنگاوێک دوورتر — وەکو شەیتانێک زەوی هەڵی هێنابێتەوە — وەستا .

دوای ماوەیەکی کەم پەنجەرەکانی هەردوو خانووەکەی کۆتایی کۆڵانەکە کرانەوە و سەران لە پەنجەرەکانەوە کێشرانە دەرەوە تا ببینن و بزانن چی ڕوویداوە ... وەستا کەرشە کە خەریک بوو لە داخا شەقی دەبرد و دەیبینی هاوڕێکەی بە دەم ئازارەوە هەڵدەپڵێ و بێهودە هەوڵدەدا گەردنی لە چنگە بە هێزەکانی ژنە دەربێنێ ، بە دەم هەڵچوون وکەف چڕینەوە ، بە هەشتاو بەرەو لای ئەو دوانە تاوی دا و باسکی ژنەکەی گرت و دایە دواوەوە و هاواری کرد :

– ئافرەت وازی لێبێنە ... بەسە حەیامان چوو !

ژنە ، لە ژێر گوشاری مێردەکەیدا ، بە ناچاری دەستی لە ڕەقیبەکەی هەڵگرت . عەباکەی لە سەری بووەوە و کەوتە ژێر پێیەکانی . بەجارێ شێت بوو ، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد :

- له سەر هاوڕێیەکەت دەکەیەوە هەرزە ، لە سەر ئەو لە من دەدەی سووک و چرووک ! ... خەڵکینە بە شایەدبن ، تەمەشای ئەم پیاوە هەرزە و بەدکارە بکەن !

کوڕە ، دەرفەتی هێنا و ، بە هەشتاو لەچاخانەکە وەدەرکەوت و تا هێز لەلاقیا بوو پێی وەغارەوە نا . شەڕ لە نێوان وەستا و وەستا ژندا درێژەی کێشا . ژنە توند یەخەی گرتبوو وپیاوەش پاڵی پێوە دەنا و دەیوست خۆی ڕزگار بکات . ئەنجام سەید ڕەزوان حوسەینی هەستا ، کەوتە بەینیانەوە و لێکی کردنەوە . ژنە بە هانکە هانک عەبایەکەی لە خۆیەوە پێچا و بە دەنگێک کە کۆڵەکەکانی چاخانەکەی دەلەرزاند ، هاواری کرد :

- ئەی حەشاشی شێت ، ئەی چەپەڵی هەفتا باوک ! ئەی بابی پێنج و باپیری بیست ، ئەی حەرامزادەی گۆساخ ، هیچ و پووچ ، تف لەو ڕووە ڕەشەت ...

وەستا کەرشە ، کە لە داخا دەلەرزی ، مۆڕەیەکی لێکرد و هاواری بە سەردا کرد :

- زمانی خۆت بگرە ئافرەت ، دەرگای ئەم ئاودەستە داخە ، بۆگەنەکەی دەمانکوژێ !

- زمانت ببڕە . تۆ ئاودەستی ، چڵمن ! گۆساخی بێ ئابڕوو ...

پیاوە ، کۆڵە مستی هەڕەشەی گوشی و گوتی :

- وەکو هەمیشە وڕینە دەکەی ، ئەم هەرزە گۆییە ببڕەوە ... چۆن ڕووت دێت بێ ڕێزی بە مشتەریانی چاخانەکە بکەی ؟

ژنە پێکەنی ، پێکەنینێکی تەوسامێز ، ئەوسا بە تەشەرەوە گوتی :

- مشتەریانی چاخانەکە ؟! ببورە ! نەمدەویست بێڕێزی بە مشتەرییە ڕێزدارەکان بکەم ، بەڵام مشتەرییە تایبەتیەکەی وەستام ڕیسواکرد !

سەید ڕەزوان ، ئەمجارەش کەوتە بەینیانەوە و داوای لە داکی حوسەین کرد کە خۆی کۆنتۆڵ بکات و بۆ ماڵ بڕواتەوە ، بەڵام ژنەی تاین ، ئاهەنگی دەنگی گۆڕی وگوتی :

- تا ماوم ناچمەوە بە ماڵی ئەم هەرزەیەدا ...

سەید ڕەزوان ، پێداگری کرد ، هاپۆ کامیلیش هاتە هیمدادی و بە دەنگە ناسکە فریشتەییەکەی گوتی :

- بچۆوە بۆ ماڵەکەی خۆت داکی حوسەین . ناوی خوای لێبێنە و بۆ ماڵەکەی خۆت بگەڕێوە و بە گوێی سەید ڕەزوان بکە .

سەید ، پێداگری کرد کە کۆڵانەکە بەجێ بێڵێت ، وازی لێنەهێنا تا ڕەوانەی ماڵەوەی نەکرد . ژنە بە تووڕەیی و بە دەم جنێودانەوە ڕۆیی . ئەوسا زیتە ڕۆیی و حوسنیەی نانەوا دوای مێردەکەی کەوت ، مستێکی بە پشتیا کێشا وگوتی :

- جارێکی دی گلەیی لە بەختی خۆت بکەیت و بڵێی لە نێو پیاواندا هەر من کوتەک دەخۆم ! خۆ بە چاوی خۆت دیتت کە خەڵکانی زۆر لە تۆ گەورەتریش ، کوتەک دەخۆن ... !

بێدەنگییەکی قورس جێگای هەرا و زەنای شەڕەکەی گرتەوە ، تەمەشاڤانان بە تەوس و توانجەوە تەمەشای یەکیان دەکرد و ژێرا و ژێر بسکەی سمێڵیان دەهات . دوکتۆر بۆشی ، لە هەموو ئامادە بووان ، بە کەیف تر وخۆشحاڵتر بوو ، بە کەسەرەوە سەری لەقاند و بە دەنگێکی خەمناک گوتی :

- لاحەولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا ... خوایە هەر خۆت کەریمی کارسازی .

وەستا کەرشە ، هێشتا لە جێی خۆی ، لە ناوەندی مەیدانی شەڕەکەدا ، چەقی بوو ، بە چاوی خۆی هەڵاتنی کوڕەکەی بینی ، سەر ودڵی بە تەواوی گیرابوو ، پێدەچوو بخوازێ دووی بکەوێ ، بەڵام سەید ڕەزوان — کە لێوەی دوور نەبوو — دەستی خستە سەر شانی و بە هێمنی گوتی :

- وەستا دانیشە کەمێ ئیسراحەت بکە ...

کەرشە ، بە تووڕەییەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە تەمەڵییەوە کشایەوە و بە خۆی گوت :

- هەرزەی بێکەڵک .. بەڵام ئەلهەقی خەتای منە ، من شایستەی لەمەش خراترم ، هەر کەسێک ژنەکەی بە دار نەخەوێنێ کەرە ... شەرعی مار بە دار ...

دەنگی هاپۆ کامیل بەرز بووەوە و گوتی :- سەڵاوات بدە ... پیاو !

وەستا کەرشە ، خۆی دا بە سەر کورسییەکەیدا . دووبارە تووڕە بووەوە ، بە دەستە زەلام وزبرەکانی کێشای بە هەنیەی خۆیدا و هاواری کرد :

- من کابرایەکی تاوانباری بکوژم . هەموو ئەم گەڕەکە دەزانن کە من بکوژێکم تینوویەتیم بە خوێن دەشکێ . من بکوژم ، من سەگبابم ، من دڕندەم ، بەڵام شایستەی هەموو سووکایەتی و بێ حورمەتیەکم ، چونکە بە حوسن و ڕەزای خۆم دەستم لە شەڕ هەڵگرت ( سەری هەڵبڕی ) ڕاوەستە بۆم ژنەی چەپەڵ ، بزانە ئەمشەو چتۆ کەرشەیەکت نیشان بدەم ...

سەید ڕەزوان کە چوار مشقی لە سەر تەختەکە دانیشتبوو ، دەستەکانی بە یەکدادان و ڕوو لە وەستا کەرشە گوتی :

- وەستا کەرشە سەڵاوات بدە ... واز بێنە با دوو پیاڵە چای بە ئیسراحەت بخۆینەوە !

بۆشی ، سەری وەپەنا گوێی عەباس حلو ناو بە ئەسپایی گوتی :

- پێویستە ئەم دووانە ئاشت بکەینەوە ...

حلو ، بە زۆڵیەتی پرسی :- کێ و کێ ؟

دوکتۆر ، پێکەنینەکەی خواردەوە و دەنگێکی وەکو فیشکە فیشکی مار لە دفنیەوە ( لووت ، کەپوو ) هاتە دەرێ وگوتی :

- پێت وایە جارێکی دی بێتەوە بۆ چاخانەکە ؟

حلو ، دەم و قەپۆزی درێژ کردەوە وگوتی :

- ئەویش نەیەتەوە ، یەکێکی دیکە پەیدا دەبێ !

کەش و هەوای چاخانەکە ، گەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی خۆی ، ئامادە بووان دەستیان بە یاری و شەوبێری خۆیان کردەوە ، شەڕەکە تەواو بوو و هیچ شوێنەوارێکی نەمابوو . بەڵام وەستا کەرشە جارێکی دی خرۆشایەوە ، وەکو دڕندەیەکی زامدار ، لە نەعرەتەی دایەوە :

- نە ... نە .. مەحاڵە بچمە ژێرباری ژنێکەوە . من پیاوم و ئازادم و هەرکارێکم بوێ دەیکەم ، ئەگەر ڕازی نییە با ماڵەکە بەجێ بێڵێ ، کەس ڕێی لێناگرێ ، با بۆ خۆی دەگەڵ سواڵکەراندا دەرۆزە بکات . من بکوژم ، تاوانبارم ... من لەو کەسانەم کە گۆشتی بە شەران دەخۆن ...

شێخ دەروێش ، بێئەوەی تەمەشای وەستا کەرشە بکات لە ناکاوا سەری هەڵبڕی و گوتی :

- وەستا گیان ژنەکەت ، ژنێکی بەهێزە ، ئەو غیرەت و مەردایەتیەی لەودا هەیە لە کەم پیاودا هەیە ، نێرەژنە نە گاڵتە ... بۆچی خۆشتناوێ ؟

وەستا ، دوو چاوی ئاگرینی تێبڕی و بە ڕوویا هەڵشاخی :

- دەمت لێک بنە !

برێک لە ئامادە بووان پێکڤە گوتیان :

- تەنانەت بەرانبەر بە شێخیش ! ...

وەستا ، ڕووی لێوەرگێڕا و بێدەنگ بوو و گوێی لە شێخ دەروێش بوو کە دەیگوت :

- ئەمە نەگبەتیەکی کۆنە کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن : Homo sexuality کە سپێڵەکەشی بریتیە لە : ئێچ ، ئۆ ، ئێم ، ئۆ ، ئێس ، ئی ، ئێکس ، یو ، ئەی ، ئێڵ ، ئای ، تی ، وای . بەڵام ناتوانرێ ناوی خۆشەویستی لێبنرێ ، ئەشق و خۆشەویستی ڕاستەقینە ، ئەشقی بنەماڵەیە ، ئەشقی ئەهلی بەیتە ... وەرە ئەی ئەشقی من ... وەرە خانمی من ... من ماندووم ، ئەی یار ویاوەری ، خەستە دڵان .

( ١٣ )

ئەو دیدارەی شەقامی ئەزهەر ، دەریچەیەکی تازەی لە ژیانی عەباس حلودا کرد بووەوە . دەربیجە و کڵاوڕۆژنەی ئەشق . ئەشقێک کە گڕ وکڵپەی لە دڵدا نە دەکوژایەوە و ئەفسوون و سیحری، ئەقڵی بە تاڵان دەبرد ، ئارەزوویەک کە ئەعسابی دەتواندەوە . مەست و شاد وخومار و ئاسوودە بە خۆیەوە دەنازی ، لە سوارێک دەچوو کە غوبار کۆڵی پێنەدەدا و مەستی سستی نەدەکرد . دوای ئەوە چەندین جاری دی یەکتریان بینی و لە باسی ئایندەی خۆیان تێر نە دەبوون . بەڵێ ئایندەی ئەو دووانە بوو بوو بە یەک ئایندە ، حەمیدەش ، نە بەرەو ڕووی ئەو نە لە پاشملەی ئەو نکۆڵی لەمە نە دەکرد ! بەردەوام لە خۆی دەپرسی : ئایا هیچ یەکێک لە دەستە خوشکەکانی ، لەو کچانەی کە لە کارگەکەدا کاریان دەکرد ، یەکێکی باشتر لەمەی ئەمیان بۆ هەڵکەوتووە ؟ بە ئانقەست ، ئەو کاتانە پیاسەی دەگەڵدا دەکرد ، کە ئەوان لە کارگەکە وەدەر دەکەوتن ، بە دزییەوە تەماشای چاوانی کونجکاوی ئەوانی دەکرد ، دەتگوت لەزەت لەو باندۆر و کاریگەرییە دەبینی کە لەواندا بە دەر دەکەوت . ڕۆژێک پرسیاری ئەو گەنجەیان لێکرد کە لە گەڵ ئەودا دەبینرا ، وەڵامی دابوونەوە کە :

- دەزگیرانمە و ... دەلاکخانەی هەیە !

لە دڵی خۆیدا دەیگوت ، هەریەکێکیان بگری ، مەمنوونی بەختی خۆی دەبێ ئەگەر شاگرد چاپچی یەک یان شاگرد ئاسنگەرێک داوای بکات . لە حاڵێکدا عەباس حلو ، بە خۆی دووکاندارە ، وەستایە و ئەفەندیشە ! هەمیشە مژووڵی بەراورد کردن و هەڵبژاردن بوو . قەد بەلای ئەو دنیا ئەفسووناوییەدا نە دەچوو ، کە عەباس بە باڵی خەیاڵ ئاسمانەکەی تەی دەکرد ، بەڵام عەباس هەندێجار ، لەو کاتەدا کە بە ڕاستی ئاشق بوو ، کاری تێدەکرد ، لە یەکێک لەم ساتانەدا داوای ماچێکی لێکرد ، حەمیدە نە بە ئا و نە بە نا وەڵامی نەدابووەوە . دەیویست تامی ئام ماچە تاقیبکاتەوە کە زۆری دەربارە بیستبوو و لە بن لێوانەوە گۆرانی پێدا گوتبوو . عەباس سەیرێکی ڕێگاکانی کرد ، کەس بە شەقامەکەوە نەبوو ، لە تاریکییەکەدا دەمی تاقیکردەوە ، ئەوجا بە دەم لەرزینەوە لێوی خستە سەر لێوانی ، هەناسەی گەرمی تێکەڵ بە هەناسەی بوو ، ئەوسا بە سەر گەردنیا داگەڕا و گەییە چاوەکانی .

ئەوسا کاتی سەفەرەکەی عەباس نزیک بووەوە ، دەبوا لێبڕاوانە هەنگاو بنێت ، دوکتۆر بۆشی هەڵبژارد ، کە بە حوکمی پیشەکەی دەیتوانی هاتوچۆی ماڵەکانی کۆڵانەکە بکات — کە بە نوێنەرایەتی ئەو ، بچێتە لای داکی حەمیدە و خوازگاری حەمیدەی بۆ بکات . داکی حەمیدە ، کە ئەوی بە تاقە گەنجی شایستەی کۆڵانەکە ، بۆ کچەکەی خۆی دەزانی ، خۆشحاڵبوو . هەمیشە بە خاوەن دووکانێکی شایستەی دەزانی . بەڵام لە چەمووشی وسەرکێشی کچەکەی خۆی دەترسا و لەو باوەڕەدا بوو شەڕێکی گەورە بەرپا بکات ، بەڵام کە بینی کیژێ ، زوو بە زوو ملی دا و ڕەزامەندی دەربڕی ، بە ڕادەیەک سەری سووڕما کە سەری لەقاند و لە دڵی خۆیدا گوتی :

– تومەز ، بە دزی منەوە و لە پەنجەرەکەوە ڕاز ونیازی خۆیان کردووە .

عەباس حلو ، داوای لە هاپۆ کامیل کرد ، تا سینییەک بەسبووسەی زۆر چاک و تایبەتی دروستبکات و بۆ داکی حەمیدەی بنێرێت و بەمجۆرە داوای دیداری ئەوی کرد و لەگەڵ هاپۆ کامیلدا — شەریکی لە ماڵەکە و لە ژیانیا — چووە دیداری داکی حەمیدە . هاپۆ کامیل بە هەزار حاڵ بە پلیکانەکاندا سەرکەوت ، هەر کە دوو پلە سەر دەکەوت ، هانکە هانکی پێدەکەوت و تاوێک دەوەستا و خۆی بە موحەجەرەکەوە دەگرت . کە گەیشتنە تەختانی یەکەم ، بە سوعبەتەوە بە حلوی گوت :

" نە دەکرا ئەم خوازگارییە دوا بخەی بۆ ئەو کاتەی کە لە سوپا دەگەڕایتەوە ؟! " .

داکی حەمیدە بە گەرمی پێشوازی و خێرهاتنی هەر دووکیانی کرد و بەسێ قۆڵی کەوتنە قسان ، شێرێک لێرە و ڕێوییەک لێرە ، تا هاپۆ کامیل گوتی :

– ئەمە عەباس حلوە ، کوڕی کۆڵانەکەی خۆمان ، کوڕی تۆشە و کوڕی منیشە ، گەرەکییە خوازگاری حەمیدەت لێبکات .

ژنە ، بزەیەکی کرد و گوتی :

- سەرچاو ، حلو هەر خۆی حلووە ، ئەگەر کچەکەم لای ئەو بێ وەکو ئەوەیە لێم جیا نە بووبێتەوە و هەر لای خۆم بێ .

هاپۆ کامیل ستایشی حلو و ڕەوشت و ڕەفتاری حلوی کرد ، ستایشی ڕەوشت و ڕەفتاری داکی حەمیدەی کرد و ئەوسا لە سەری ڕۆیی :

- ئەم کوڕە ئێمە بە جێدێڵێ ، خودا یار و یاوەری بێ ، زوو بە زوو وەزعی باش دەبێت ، بە ئومێدی خودا هەم ئەو و هەم ئێمەش بە مرازی خۆ دەگەین ...

داکی حەمیدە دوعای بۆ کرد و پاشان سەری کردە سەر هاپۆ کامیل وگوتی :

- ئەدی هاپۆ کامیل تۆ کەنگێ بڕیار دەدەی و ناوی خوای لێدێنی ؟

هاپۆ کامیل ئەوەندە پێکەنی کە گۆناکانی وەکو تەماتە سوور هەڵگەڕان و دەستی بە ورگیا هێناو گوتی :- هەر کاتێ ئەم قەڵا قایمە ڕێگە بدات ... !

فاتیحایان خوێند و شەکراویان خواردەوە ...

جووتە دەزگیرانی گەنج ، دوو ڕۆژ دوای ئەوە دوا دیداریان لە ئەزهەر ئەنجام دا . هەر دووکیان خەمبار دیار بوون . حلو هەستی دەکرد گریان لە ئەوکی گیراوە و ڕوندکەکانی پەنگیان خواردووەتەوە ودەیانەوێ ڕێگای چاوی بدۆزنەوە . حەمیدە لێی پرسی :

- سەفەرەکەت زۆر دەخایەنێ ؟

کوڕە بە دەنگێکی ناسکی خەمین گوتی :

- کارەکەم لەوێ ڕەنگە یەک دوو ساڵێک درێژە بکێشێت . بەڵام هەر دەرفەت و دەلیڤەیەکی لە بارم بۆ هەڵبکەوێ سەرت لێدەدەمەوە .

کچە ، لەو ساتەدا ، بە هەستێکی پڕ لە خۆشەویستی و سۆزەوە بەرانبەر بەکوڕە و، لەبن لێوانەوە گوتی :- کە زۆرە ، ساڵ و دوو ساڵ ؟

دڵی کوڕە — وێڕای ئەو خەمبارییەی هەی بوو — بەو قسەیەی خۆشەویستەکەی ، کە نیشانەی بێ ئارامی بوو — خۆش بوو و بە سۆز وگودازەوە گوتی :

- ئەمە دوا دیداری بەر لە سەفەرەکەمە و تەنیا خوا خۆی دەزانێ دیداری داهاتوومان دەکەوێتە کەی ؟ من کەوتوومەتە بەینی بەرداشی خەم و شادییەوە ، نازانم خەمبار بم یان شادبم ... حەمیدە من خەمبارم چۆنکە لە تۆ دوور دەکەومەوە و شادم چونکە ئەم ڕێگا درێژەی کە گرتوومەتە بەر ، تەنیا ڕێگەیەکە کە دەگاتە تۆ . بە هەرحاڵ دڵم لە دوای خۆم لە کۆڵانەکە بە جێدێڵم و دەڕۆم . جا بیهێنە بەر چاوی خۆت ، ڕێبوارێک بەبێ دڵ ، سەفەری دەڤەرێکی دوور بکات ، دڵی لە گەڵیا نەڕوات . جا سبەی لەگرێ سپی ( التل الکبیر ) ، ئیدی هەموو بەیانییەک ئەو پەنجەرە ئازیزە نابینم ، ئەو پەنجەرەیەی کە چوارچێوەکەیت خاوێن دەکردەوە ، یان لە پشتیەوە دەوەستایت و قژت شانە دەکرد ، ئیدی ئەو پەنجەرەیە نابینم ... دیدارەکانمان لە موسکی و لە ئەزهەر ، چ شوێنەوارێکیان بۆ من دەمێنێتەوە ؟ ئاخ حەمیدە ، ئەمانە دڵم پارچە پارچە دەکەن . دەی حەمیدە ، دەستت بخە ناو دەستم ، دەستم بگوشە وەکو چۆن من دەستت دەگوشم ، مەگەر خوا بزانێ تەماسی لەشی تۆ چەند بەلەزەتە . دڵم دا دەلەرزێنێ . من دڵێکی گەورەم لە بەردەست تۆدا ... عەزیزم ، خۆشەویستم ، حەمیدە گیان ناوەکەت چەند جوانە ، کە دێت بە زمانما دەڵێی شەکر دەڕژێتە زارم ، مەستم دەکات .

کیژێ کە نقومی قسە ڕەوان و گەرمەکانی عەباس بوو بوو ، چاوە میهرەبانەکانی تێبڕی و لەبن لێوانەوە گوتی :- خۆت ئەم سەفەرەت هەڵبژارد ...

کوڕە ، بە دەنگێکی گریان ئاساوە گوتی :

- هۆیەکەی تۆیت حەمیدە گیان ، ئا ، هۆیەکەی تۆیت ، دەنا بە خوا من کۆڵانەکەمانم خۆشدەوێ ، ڕازیم بەو ڕزق و ڕۆزییە کەمەی خودا پێی داوم . حەزناکەم بە هیچ جۆرێ لە ئیمام زادە حوسەین کە لە هەموو هەستان ودانیشتنێکدا وێردی سەر زارمە ، دوور بکەومەوە . بەڵام بە داخەوەم ئەگەر ئەمە نەکەم ، ناتوانم ئەو ژیانە دابینبکەم کە تۆ دەتەوێ . ئیدی ناچارم سەفەر بکم ، سەفەر دەکەم و خوا گەورەیە ... بە خۆشی یەکمان دەخاتەوە ...

حەمیدە لە ناخی دڵەوە گوتی :

- دوعای خێرت بۆ دەکەم ، دوعای سەرکەوتنت بۆ دەکەم ، دەچمە زیارەتی ئیمامزادە حوسەین ، لێی دەپاڕێمەوە کە بە مراز بگەی ، لە تۆ حەرەکەت ، لە خوا بەرەکەت . سەبرت بێ ...

کوڕە لە ناخی دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی :

- ڕاستە . حەرەکەت و بەرەکەتیان گوتووە ، بەڵام وێران بێ ئەو شوێنەی سێبەری تۆی تیا بەدی نەکەم .

حەمیدە بە نازەوە گوتی :- ئەم تەنیاییەت زۆر ناخایەنێ ...

عەباس ، کە بەم ئاماژەیەی خۆشەویستەکەی هاتبووە جۆش ، ئاوڕێکی لێدایەوە و دەستی کچەکەی بەرز کردەوە و نایە سەر دڵی خۆی و بە چپە گوتی :- بە ڕاست ؟!

کیژێ بزەیەکی شیرینی بۆ کرد و بزەکەی لە بەر ڕووناکی گڵۆپی هەندێک لە موغازەکان ( دووکان ) بۆ عەباس دەرکەوت . عەباس لەو کاتەدا جگە لە ڕوخساری دەزگیرانەکەی هیچی تری نە دەبینی ، دڵی خۆشبوو و گوتی :

- چەند جوانی ، چەند ناسکی ، چەند شیرینی . ئەمەیە ئەشق ، بە هەموو جوانیەکی خۆیەوە . چەند جوانە حەمیدە ، دنیا بە بێ ئەشق پولێکی قەڵب ناهێنێ حەمیدە .

حەمیدە تیا مابوو ، نەیدەزانی چی بڵێت ، بۆیە پەنای وەبەر بێدەنگی برد . ڕیتم و ئاوازی قسەکانی عەباسی لە گوێ خۆشبوو ، ئیدی نەشئەیەکی ئەوتۆی گرتبوو کە حەزی دەکرد بەر دەوام قسەبکات ، وعەباس کە گەرمای سۆز و سۆزداری مەستی کرد بوو ، لە سەری ڕۆیی :

- *ئەمە ئەشقە ... خود و جەوهەری ئەشقە ... هەموو دار ونە دارێکی ئێمەیە و لەوە زیاتر شک نابەین . ئەمەمان سەر وزیادە ، ل ەسەرمان دێ ولە پامان دەردەچێ . لەنزیکیدا شادی و خۆشییە ، لە دووریدا عەزابە و لە ژیاندا ، باڵاتر لە ژیانە ...*

هەناسەیەکی هەڵکێشا ، سووکە هەڵوێستەیەکی کرد و هەنگێ لە سەری ڕۆیی :

- بە ناوی ئەشقەوە سەفەر دەکەم ، بە ناوی ئەشقەوە ، بە دەستی پڕەوە دەگەڕێمەوە .

کیژێ ، بە نا ئاگاییەوە و لەبن لێوانەوە گوتی :

- بە ئومێدی خوا بە دەستی پڕەوە دەگەڕێیتەوە ...

- بە ئومێدی خوا وبە بەرەکەتی ئیمامزادە حوسەین ، کارێک دەکەم هەموو ئەو کیژانە بەغیلیت پێ ببەن .

حەمیدە بزەیەکی شادی بۆ کرد وگوتی :

- خۆزگە ... چەند خۆش دەبوو !

به دەم پیاسەوە ، بەبێ ئەوەی پێ بحەسن ، ڕێگاکە تەواو بوو ، بە دوو قۆڵی و بە شادییەوە پێکەنین ، لە گەڕانەوەدا هەستیان کرد خەریکە کاتی دیدارەکەیان تەواو دەبێت . بیری ماڵئاوایی و فیراق کەوتە گیانی عەباس و بڵێسەی نەشئەکەی دامرکاندەوە ، خەم دایگرت ، لە نیوەی ڕێگادا لە حەمیدەی پرسی :- لە کوێ خواحافیزیت لێبکەم ؟

حەمیدە ، لە مەبەستی حاڵی بوو ، لێوی لە بەر یەک هەڵێنا و پرسی :- ئێرە باشە ؟!

بەڵام عەباس ، بەر پەرچی دایەوە وگوتی :

- ناتوانم لێرە و بەو کوت وپڕییە خوا حافیزیت لێبکەم .

- ئەدی کوێ باشە ؟

- تۆ لە پێش منا بڕۆوە و لە سەر قاڵدرمەکان چاوەڕوانم بکە .

حەمیدە بە هەشتاو پێی هەڵگرت و پێشکەوت . عەباسیش بە کاوە خۆ ڕۆیی ، گەییە کۆڵانەکە ، هەموو دووکانەکان داخرا بوون ، یەکڕاست بەرەو ماڵەکەی خا سەنیە عەفیفی ملی نا ، بە پارێزەوە ، بەو تاریکەشەوە ، بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت و هەناسەی لە خۆ بڕی بوو ، بە دەستێک موحاجەرەکانی گرتبوو و دەستەکەی تری بە ناو تاریکییەکەدا دەگێڕا ، لە تەختانی دووەمی قاڵدرمەکاندا ، قامکی بەر چمکی عەباکەی کەوت ، دڵی تامەزرۆی عەباس بە توندی کەوتە لێدان ، باسکی حەمیدەی گرت ، بە ئەسپایی و میهرەبانی لێی نزیک بووەوە و هەدوو باسکی لە قەدی هاڵاند ، ئەوسا بە هەموو هێزی خۆیەوە ، کچەی بە سینەی پڕ ئەشق و میهری خۆیەوە گوشی و دەمی بردە پێشەوە ، لە پێشا بەر لووتی کەوت . دوایی بۆ لێوەکانی شۆڕ بووەوە ، لێوەکانی کرابوونەوە ، دەتگوت بۆ پێشوازی ئەم خۆیان ئامادە کردووە ، ئیدی مەستی ئەشق گرتی و ئاگای لە خۆ نەما ، تا حەمیدە بە نەرمی خۆی لە باوەشی دەرێنا و بە کاوە  خۆ بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوت و ئەمیش لە دواوەوە و بە ئەسپایی گوتی :

- خوا ئاگادارت بێ .

حەمیدە ، ئەمشەو ، لە سەر قاڵدرمەکە ، تووشی هەست و سۆزێکی ئەوتۆ بوو ، کە بە عەمراتی شتی وای بە خۆوە نەبینی بوو ، لە ماوەی دەقیقەیەکدا ژیانێکی دوور ودرێژی جەڕباند ( تاقی کردەوە ) کە پڕ بوو لە هەست وسۆز و گەرما ، گەییە ئەو قەناعەتەی کە ژیانی بۆ هەتا هەتایە ، ئاوێتەی ژیانی عەباس بوو و بە ژیانی ئەوەوە گرێی خواردووە .

***

عەباس حلو ، ئەو شەوە بۆ خودا حافیزی سەری داکی حەمیدەی دا . پاشان دەگەڵ حوسەین کەرشەی برادەریا ، چوو بۆ چاخانەکە تا دوا شەوی بەر لە سەفەرەکەی لەوێندەر بە سەربەرێت .

حوسەین ، چونکە قسەکەی سەری گرتبوو ، شادمان و خۆشحاڵ دەهاتە بەر چاو . هەر سا نا ساتێ ، بە بیانوویەکەوە و بە دەنگێک کە بۆنی شانازی لێدەهات ، بە برادەرەکەی دەگوت :

- واز لەم ژیانە پیسە بێنە و ژیانی ڕاستەقینە بجەڕبێنە ...

حلو ، بێئەوەی لێو لە بەر یەک هەڵێنێ ، بزەیەکی دەکرد و ئەو خەمەی ، کە چنگی نابووە دڵی ، لە برادەرەکەی دەشاردەوە ، خەمی دوور کەوتنەوە لەو کۆڵانەی کە خۆشی دەویست ، خەمی دووری لەو کیژەی کە بە دڵ خۆشیدەویست . لە نێو دۆست و ئاشناکانیا دانیشتبوو و، لە ناخا بە دەم خەم وپەژارە پەنهانەکانیەوە دەتلایەوە و گوێی لە ماڵاوایی ودوعای خێری ئاشناو ڕۆشناکانی دەگرت. سەید ڕەزوان حوسەینی هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست وماوەیەکی زۆر دوعای خێری بۆکرد و ئامۆژگاری کرد وپێی گوت :

- لە غەریبیدا زیادە مەسرەف مەکە ، خۆت لەمەی و گۆشتی بەراز بپارێزە ، ئەوە لە بیر مەکە کە تۆ خەڵکی کۆڵانی میدەقی و درەنگ یا زوو بۆ میدەق  دەگەڕێیتەوە ...

دوکتۆر بۆشی بە پێکەنینەوە پێی گوت :

- بە ئومێدی خوا ، بە دەوڵەمەندی دەگەڕێیتەوە ناومان ، ئەوسا ئەم ددانە کرمۆڵانە هەڵدەکێشیت و تاقمێ ددانی زێڕ دەکەی کە لە گەڵ پێگە و پایەتا تێکبکاتەوە ...

حلو ، بزەیەکی کرد ، خۆی بە منەتباری بۆشی دەزانی ، چونکە بۆشی ئەو و داکی حەمیدەی لێک نزیک کردبووەوە و لە لایەکی تریشەوە ، تاقمی دەلاکییەکەی بەنرخێک بۆ فرۆشتبوو ، کە لە سەفەرەکەیدا بەکەڵکی بێت . هاپۆ کامیل مات و خەمین ، کڕ وکپ سەری لە بەر خۆ نابوو ، لە ئێستاوە هەستی بە دەردی ئەم هیجرانە دەکرد . نەیدەزانی سبەی ، دوای ئەوەی ، ئەم کوڕەی کە ساڵەهای ساڵ شەریکی ژیانی بووە و وەکو جگەر گۆشەی خۆی ڕمووودەی بووە ، بڕوات ، چۆن بەرگەی غوربەت و تەنیایی بگرێت .

هەر کاتێک کەسێک ستایشی حلوی بکردایە و یان داخی بۆ دوورکەوتنەوەی بخواردایە ، چاوەکانی بە جۆرێ تەژی ڕوندک دەبوون کە هەمووانی دێنایە پێکەنین .

شێخ دەروێش ئایەتول کورسی بە سەرا خوێند وگوتی :

- تۆ ئێستا وەکو داوخوازێک پەیوەندیت بە سوپای ئینگلیزەوە کردووە ، ئەگەر قارەمانەتییەک بنوێنی ، هیچ دوورنییە کە پاشای ئینگلیز ، مەملەکەتێکی بچووکت پێ بسپێرێت و لەوێ وەکو نوێنەری پادشا دات بنێت کە بە ئینگلیزی Vigeroy پێدەڵێن و سپێڵەکەشی بەمجۆرەیە : ڤی ، ئای ، جی ، ئی ، ئاڕ ، ئۆ ، وای ...

حلو بەیانی زوو ، بوخچەی جلەکانی لەبن هەنگڵی نا و لە ماڵ وەدەرکەوت . دنیا زۆر سارد وشێدار بوو ، هێشتا هیچ کەسێکی خەڵکی کۆڵانەکە هەڵنەستابوو ، تەنیا نانەواکە و سەنقەری شاگردی چاخانەکە نەبێ ، حلو سەری بەرەو پەنجەرە ئازیزەکە هەڵبڕی و سەیری کرد داخراوە ، بە نیگایەکی پڕ سۆز ومیهرەوە ڕوانیە درزەکانی چوارچێوەکەی و خوا حافیزی لێکرد ، بە خاوە خاو درێژەی بە ڕێگاکەی دا تا گەییە بەر دەرگای دووکانەکەی خۆی ، ئاهێکی هەڵکێشا و بۆ دواجار تەمەشای کرد ، لافیتەیەک بە دەرگاکەیەوە هەڵواسرابوو کە بەخەتێکی درشت لێی نووسرابوو ( بۆکرێ ) دڵی گیرا و چیوای نەما دەست بە گریان بکات ...

بە هەشتاو پێی هەڵگرت ، وەکو ئەوەی بیەوێ لە هەست و سۆزەکانی خۆی هەڵێت . هەرکە لەکۆڵانەکە وەدەرکەوت هەستیکرد دڵی لێی جیا دەبێتەوە و بەرەو کۆڵانەکە دەفڕێ ...

( ١٤ )

ئەوەی ڕاستی بێ ، حوسەین کەرشە ، عەباس حلوی هاندا کە پەیوەندی بە سوپای ئینگلیزەوە بکات . بەڵام هەرکە عەباس بۆ گڕی مەزن ڕۆیی و کۆڵانەکەی چۆڵکرد — پیاوێکی پیر دووکانەکەی بەکرێ گرت — حوسەین بە جارێ شێت و هار بوو ، هەستێکی دەروونی وەهای لا دروست بوو کە یەکپارچە ڕق و نەفرەت بوو لە کۆڵانەکە و خەڵکی کۆڵانەکە ... بەڵێ ماوەیەکی زۆر بوو ، بە ئاشکرا ڕق و بێزاری خۆی سەبارەت بە کۆڵانەکە و خەڵکی کۆڵانەکە دەردەبڕی و خولیای ژیانێکی تازەی کەوتبووە سەر ، بەڵام ڕێگای ئەو ژیانە تازەیەی نەدەزانی و عەزمی خۆی بۆ وەدی هاتنی ئەو خەونانەی جەزم نە کرد بوو . کاتێ حلو ڕۆیی ، ئەم بە جارێ کێچ کەوتە کەوڵی ، دەتگوت پێی ناخۆشە کە عەباس ژیانێکی تازە بگرێتە بەر و خۆی لەو کۆڵانە پیسە ڕزگار بکات و ئەم هەر لێرە ، لە کۆڵانەکە وەمێنێ ، نەزانێت چۆن خۆی ڕزگار بکات ، بۆیە لێبڕا بە هەر جۆرێک بووە ، بە هەر نرخێ بووە ژیانی خۆی بگۆڕێ و تازەبکاتەوە .

ڕۆژێک کە بڕیاری یەکجارەکی خۆی دابوو بە هەمان زبری و بێ ئەدەبی هەمیشەیی خۆی بە دایکی گوت :

- گویَ بگره ، من بڕیاری خۆم داوه ، بڕیارێکه و لێی ژێوان نابمەوه ، لەوەی پتر ئەم ژیانەم پیَ تەحەموول ناکرێت و ، ناچاریش نیم ، دەستەو ئەژنۆ دانیشم و تەمەشا بکەم !

ژنەی تاین ، کوڕەکەی خۆی دەناسی ، گوێی بەوە ڕاهاتبوو ، کە چۆن گەڕەکەکە و خەڵکی گەڕەکەکەی جنێوباران دەکرد ، ئەوی — وەکو بابی — بە هیچ و پووچ دەزانی ، بە پێویستی نەدەزانی ، وڕینەکانی بە هەند وەربگرێت ، بۆیە وەڵامی نەدایەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی :

- خودایا لەم ژیانەم ڕزگار بکە !

بەڵام حوسەین دەستبەردار نەبوو ، گڕ لە چاوە چکۆلەکانی دەبووەوە و ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕا ، دیسان گوتی :

- ئەمە ژیان نییە ، تەحەموول ناکریَ ، لە ئێستا بە دواوە تەحەموولی ناکەم ...

ژنەی داماو ، تاقەتی ئەوەی نەبوو کڕوکپ دانیشێت و یەکێک بەردەوام بە گوێیا ببۆڵێنیَ ، ئیدی کاسەی سەبری سەر ڕێژ بوو و بە دەنگێک ، کە دیار بوو لەوەوە بۆ حوسەینیش مابووەوە ، هاواری کرد :- چیتە ؟! چیتە نامەردی لە نامەرد بوو ؟

حوسەین ، بە خەمساردی و بیَ موبالاتیەوە گوتی :- دەبیَ لەم کۆلانە بڕۆم .

ژنە ، خێسەیەکی لێکرد و بە سەر زەنشتەوە گوتی :- شێت بووی ، کوڕی شێت !

حوسەین ، هەر دوو دەستی لە سەر سینگی تێکئالآند وگوتی :

- نا ، بە پێچەوانەوە ، دوای شێتایەتیەکی دوور ودرێژ ، ئێستا وەخۆ هاتوومەتەوە و وەئەقڵ هاتوومەتەوە . . باش گویَ بگره ، بە خۆڕایی ئەم قسانە ناکەم . دەزانم چ دەڵێم . جلەکانم کۆ کردووەتەوە ، لە بۆخچەم ناون و هەر ئەوەندە ماوە بە خوات بسپێرم . لەم ماڵە پیسە ، لەم کۆلآنە بۆگەنە ، لەم خەڵکە حەیوانە ، دوور بکەومەوە !

ژنەی تاین ، نیگایەکی جسوجۆ گەرانەی کرد ، تا چاوەکانی بخوێنێتەوە ، کاتیَ لە نیازی لێبڕاوانەی ئەو دڵنیابوو ، هاواری بە سەردا کرد :- ئەوە چ دەڵێی ؟

حوسەین ، وەکو ئەوەی خۆی بدوێنیَ گوتی :

- ماڵێکی پیس ، کۆلآنێکی بۆگەن ، خەڵکانێکی حەیوان سیفەت .

ژنە ، بە تەوەسەوە سەری لەقاند وگوتی:

- ئافەرین بۆ تۆ شازادەی کوڕی کەرشە پاشا !

- کەرشەی ڕوو ڕەش ، کەرشەی بەد ناو ، پیف پیف ، چما نازانی بۆنی بۆگەنیمان کەپووی دنیای پڕکردووە ؟ بە هەر لایەکا دەڕۆم ، ئاماژەم بۆ دەکەن . بووم بە گەپجاڕی ئاشنا و بێگانە ، دەڵێن خوشکەکەی ڕەدووی کەسێک کەوتووە و هاکا بابیشی لە گەڵ یەکێکی دیدا هەڵهات !

بە جۆرێ پای بە ئەرزەکەدا کوتا کە شووشەی پەنجەرەکان کەوتنە لەرینەوە و بە تووڕەیی هاواری کرد :

- چ مەجبوورم ، لێرە بمێنمەوە ؟ جلەکانم هەڵدەگرم و دەڕۆم و هەر ئاوڕیش نادەمەوە .

ژنە ، بە دەست کێشای بە سینگی خۆیدا و گوتی :

- بە زاتی خوا شێت بوویت . ئەم شێتایەتیەت لەو حەشاشەوە بۆ ماوەتەوە ، بەڵام وێڕای ئەوەش بانگی دەکەم تا وە ئەقڵت بێنێتەوە .

حوسەین ، بێمنەتانە هاواری کرد :

- بانگی بکە ، بابم گاز بکە ، خودی ئیمامزادە حوسەین بانگ بکە ، من ڕۆیشتووم ، دەڕۆم و هەر دەڕۆم ...

ژنە ، کە سەیری کرد ، کوڕە زۆر بە جدییەتی و ڕژدە لە سەر ڕۆیشتن ، چوو بۆ ژوورەکەی ئەو وبینی بوخچەکەی وەکو گوتی ، حازر و ئامادەیە ، ئەوەندەی جل تێپەستاوتووە ، ئاوساوە . تووشی نائومێدی بوو و ، لێبرا هەرچۆنێ بووە بابی بانگبکات . حوسەین لە دنیادا تاقە دڵخۆشی ئەم ژنە بوو . هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ، ماڵ بەجێ بێڵێ ، بڕوات و ئەم بە تاقی تەنیا بەجێ بهێڵێ . بە تەمابوو تەنانەت دوای ژن هێنانیشی هەر جیای نەکاتەوە و لەگەڵ ئەما دانیشێت . نەیتوانی بە سەر نائومێدی خۆیدا زاڵ بێت و ناردی بە دووی بابیدا و بەدەم گلەیی و نەفرەتەوە لە بەختی خۆی ، دەینالاند و دەیگوت : " بۆ حەسوودیمان پێدەبەن ؟ ... حەسوودی بە چیماندا دەبەن ؟ بە ڕیسواییەکانمانا ! بە نەگبەتیەکانماندا .." .

وەستا کەرشە ، دوای کەمێک هات و ، بە پۆزخەنەوە ڕووی کردە ژنەکەی و هاواری کرد :

- چیت دەوێ ؟ ڕیسواییەکی تازە ڕووی داوە ؟ مشتەرییەکی تازەت دیوە کە چای بۆ ببەم !

ژنەی تاین ، وەکو ئەوەی شین بگێڕێ ، بە دەست ئاماژەی کرد وگوتی :

- ڕیسوایی کوڕەکەت ! بەر لەوەی بەجێمان بێڵێ و بڕوات خێرا فریای بکەوە ، لێمان بێزاربووە ، ژیانی لێ حەرام کردووین !

وەستا کەرشە ، دەستەکانی دا بە یەکدا و بە ڕەقەوە سەری لەقاند وگوتی :

- یانی لە بەر ئەمە کارەکەم بەجێهێشتووە ! لە بەر خاتری ئەمە سەد پلیکانە سەربکەوم ؟ ئاە سەگباب ، نازانم حکومەت بۆچی لە سەر کوشتنی خەڵکی وەکو ئێوە ، پیاو سزا دەدات ؟!

چاوی بە نێوان داک وکوڕدا گێڕا و لە سەری ڕۆیی :

- خوا بۆیە بە ئێوەی گیرۆدە کردووم تا تۆڵەم لێبکاتەوە ... ئەمە چییە کە دایکت دەیڵێت ؟

حوسەین بێدەنگ بوو . دایکی کە هەوڵیدەدا بە سەر خۆیدا زاڵ بێ ، هێندەی لە توانایدا بوو ، بە ئارامی گوتی :

- وەستا ، بە کاوەخۆ ، ئێستا کاتێکە پێویستت بە ئەقڵە نەک بە تووڕەیی . جلەکانی لە بوخچە ناوە ودەخوازێ بڕوات و بە جێمان بێڵێ .

بابی ، نیگایەکی تووڕەی کرد و بە نە باوەڕییەوە پرسی :

- شێت بووی ، قەحپە دایک ؟

ژنەی تاین ، کە خۆی پێ زەوت نەکرا ، هاواری بە سەرا کرد :

- بۆیە بانگم کردی تا ئەو وەئەقڵ بێنیتەوە نەک جوێن بە من بدەی ...

وەستا کەرشە بە تووڕەیی ئاوڕی لە ژنەکەی دایەوە وگوتی :

- ئەگەر شێتایەتی بۆ ماوەیی تۆ نەبوایە ، کوڕەکەت ئاوا شێت و شوور دەر نە دەچوو ...

- بێ قەزابی ، من شێتی لە شێت بووم ، جارێ واز لەمە بێنە ، تۆ لەو بپرسە کە بۆچی ئەقڵی تێکچووە ؟!

وەستا کەرشە ، مۆڕەیەکی لە کوڕەکەی کرد ، لە کاتێکا تفەکەی دەمی بەم لاو بەو لادا دەپرژا ، بە دەنگێکی نەڕە ئاساوە پرسی :

- بۆچی قسە ناکەی دایک ... یانی بە ڕاستی دەتەوێ بەجێمان بێڵی ؟

کوڕە ، خۆی لە بابی دەپاراست ، مەگەر هیچ چارێکی نەمابایە . بەڵام ئەمجارە بە تەواوی لێبڕابوو ، بە هەر نرخێ بووە ، ڕابردوو لە خۆی داماڵێ و لە هیچ شتێک نەگەڕێتەوە ، بە تایبەتی کە مانەوەی لە ماڵ یان ڕۆیشتنی بە مافی بێ چەند و چوونی خۆی دەزانی ، بۆیە بە کەماڵی هێوری و عەزمەوە گوتی :- بەڵێ باوکە ... !

پیاوە ، کە تووڕەیی ئەوکی گرتبوو ، پرسی :- ئاخر بۆ ؟

کوڕە، کەمێک دەبیرەوە چوو و ئەوسا گوتی :- دەمەوێ ، بە جۆرێکی دی بژیم ...

کابرا ، ڕدێنی خۆی گرت ، چەناگەی ، بە تەوەسەوە سەرێکی لەقاند و گوتی :

- تێگەیشتم ، تێگەیشتم ... ژیانێکی دیکەت دەوێ کە لەگ ەڵ پایەی خۆتا بگونجێت ! سەگێکی وەکو تۆ کە بە نەداری و برسێتی گەورە بووە ، کاتێ گیرفانی پڕ ببێت ، ئیدی لە خۆی دەگۆڕێ . تۆش ئێستا بوویت بە خاوەنی قوروشی ئینگلیزی ، ئاساییە حەز لە ژیانێ بکەی کە دەگەڵ پایەی بەرزتا تێکبکاتەوە ، بە چکە قاز !

حوسەین ، تووڕەییەکەی خۆی خواردەوە وگوتی :

- من سەگی برسی نیم ، هەرگیز برسی نەبووم ، چونکە لەماڵی تۆدا گەورە بووم . ماڵی تۆش سوپاس بۆ خوا برسێتی بە خۆوە نەدیتووە . هەموو مەسەلەکە تەنیا ئەمەیە کە گەرەکمە ژیانی خۆم بگۆڕم ، ئەمە مافی بێ چەند وچوونی منە و پێویست بەوەش ناکات تۆ تووڕە بیت و خۆت سەغڵەت بکەیت .

وەستا کەرشە ، لە مەبەستی حاڵی نەبوو . کوڕە ئازادی تەواوی خۆی هەبوو ، هەرچییەکی بویستبا دەیکرد و کەس لێی نەدەپێچییەوە . کەواتە بۆ چی دەیەوێ ماڵی خۆی جیا بکاتەوە و ماڵی تایبەتی هەبێت ؟ وەستا کەرشە وێڕای ئەو ناکۆکی و دژایەتییەی لە نێوان خۆی و کوڕەکەیدا هەبوو، کوڕەکەی خۆشدەویست ، بەڵام ئەم خۆشەویستییە کەشێکی ئاشتیانەی نەڕەخساندبوو ، زۆر جار ، قەرقەشە و پشێوی و ڕق وکینە و جنێوی تێدەکەوت و ئەوەی لە بیر دەچووەوە کە کوڕە تاقانەکەی خۆشدەوێت . تەنانەت لەم کاتەشدا ، لەم کاتەشدا کوڕەکەی هەڕەشەی ڕۆیشتنی دەکرد ، لە ڕق و تووڕەیی خۆیا هەموو خۆشەویستی و دلۆڤانییەکی خۆی لەمەڕ کوڕەکەی فەرامۆشکرد و ئەو هەڵوێستەی ئەوی بە جۆرە ، دژایەتییەکی خۆی لێکدایەوە . بۆیە بە تانە و تەشەرەوە پێی گوت :

- پارەی خۆت لە بەرکی خۆتدایە . بە ئارەزووی خۆت خەرجی دەکەی ، تەنیا عەرەقفرۆشییان و بەنگییان و گەوادان سوودی لێدەبینن ، قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان داوای عانەیەکمان لێکردوویت ؟!

- هەرگیز ... هەرگیز ، لەم ڕووەوە هیچ گلەییەکم نییە .

وەستا کەرشە ، بە هەمان تۆنی تاڵەوە لە سەری ڕۆیی :

- دایکە چاو چنۆکەکەت ، کە تەنیا گڵ چاوی تێر دەکات ، بەو هەموو چاوچنۆکییەی خۆیەوە ، تا ئێستا عانەیەکی لێسەندوویت ؟

حوسەین ، چارەی بە یەکدا وبە بێزارییەوە گوتی :

- گوتم لەم ڕووەوە هیچ گلەییەکم نییە . کێشەی من ئەمەیە کە دەمەوێ ژیانی خۆم بگۆڕم . زۆرێک لە هاوڕێکانم لە ماڵانێکا دەژین کە کارەبایان هەیە !

- کارەبا !! یانی لە پێناوی کارەبادا ماڵی خۆت بە جێدێڵی ؟! ... شوکر بۆ خوا ، لە سایەی بەرەکەتی ڕیسواییەکانی دایکتەوە ، ماڵەکەمان هێندە گەرمە ، پێویستمان بە کارەبا نییە ، لە کارەبا ڕووناکترە .

ژنە ، لێرەدا ، تاقەتی چوو ، بێدەنگییەکەی شکاند و کەوتە بۆڵە بۆڵ :

- خوایە ئەم زوڵمە قەبووڵ نەکەی ، ئەو زوڵمەی لە من دەکرێ ، مەگەر لە حەسەن و حوسەین کرا بێ ...

حوسەین ، لە سەری ڕۆیی و گوتی :

- هاوڕێکانم هەموو بۆ خۆ ژیانی تازەیان دروستکردووە و هەموویان ئینگلیز واتەنی بوون بە جەنتڵمان

وەستا کەرشە ، دەمی داچەقاند ، لێوە ئەستوورەکانی لە سەر ددانە زێڕەکانی لا کەوتن و گوتی :

- دەڵێی چی ؟

کوڕە چارەی گرژ کرد و بێدەنگ بوو و وەستا کەرشە لە سەری ڕۆیی :

- جەلمان ؟ ... ئەمە چییە ؟ ... جۆرە حەشیشێکی تازەیە ؟

حوسەین ، بە بێزارییەوە گوتی :- مەبەستم پیاوی پاک وخاوێنە ... !

- بەڵام تۆ پیس وچەپەڵی ، چۆن دەتەوێ خاوێن بی ... جەنابی جەلمان ؟!

حوسەین ، بە تەشەرەکەی بابی پەست بوو ، بە هەڵچوونەوە گوتی :

- باوکە ، دەمەوێ دەست بە ژیانێکی تازە بکەم و تەواو . پاشان کیژێکی ماڵێکی خانەدان بخوازم ...

- کیژێکی جەلمان ! ...

- کیژێکی باشی خانەدان .

- باشە بۆ کیژی سەگێک ناخوازی ... ڕێک وەکو باوکت ؟

داکی حوسەین ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی :

- ڕەحمەت لە گۆڕەکەت باوکە ... زانایەکی بەڕێز بوویت .

وەستا کەرشە ، ڕووە لێڵەکەی تێکرد و گوتی :

- زانا ! ... قورعان خوێنێکی سەرقەبران بوو ، هەر سوورەتێکی بە دوو ملیمان دەخوێند .

ژنە ناڕەحەت بوو وگوتی :

- ئەوەندەی بەسە کە هەموو پەیڤی خوای ئەزبەر بوو ...

وەستا کەرشە ، ڕووی لە ژنەکەی وەرگێڕا و لە کوڕەکەی چووە پێشەوە و گەییە یەک شەقاوی کوڕەکەی ، بە دەنگێکی ترسناک لێی پرسی :

- قسە بەسە ، زۆرمان گوت . کاتی ئەوەم نییە لە گەڵ شێتاندا بە فیڕۆی بدەم . بە ڕاستی دەتەوێ لەم ماڵە بڕۆیت ؟!

حوسەین ، پێی بە جەرگی خۆیدا نا و بە کورتی گوتی :- بەڵێ .

وەستا کەرشە ، ماوەیەک لێی ڕاما و لە ناکاوا خرۆشا و تاتوانی زللەیەکی بەدەم و چاویا کێشا ، کوڕە کە غافڵگیر بوو بوو ونەیتوانی بوو خۆی لە زللەکەی باوکی لابدات ، شێت ئاسا لێی دوور کەوتەوە و هاواری کرد :

- لێم مەدە ، دەستم تێوە نەدەی ، لەمڕۆ بە دواوە نامبینیتەوە .

وەستا کەرشە ، شاڵاوی بۆ کوڕە برد ، بەڵام ژنەی داماو کەوتە بەینیانەوە و هەرچی مست وبوکسی پیاوە هەبوو بەر سینگ و بەرۆک و ، سەرو چاوی ئەو کەوت . تا پیاوە لە هێرش وپەلامار وەستا و دەستی بە هاوار کرد :

– گوم بە لە بەر چاوم هەی ڕوو ڕەش ! نەخەڵەتابی بگەڕێیتەوە . وای دادەنەم مردوویت و چوویتە دۆزەخ .

کوڕە چوو بۆ ژوورەکەی خۆی ، بوخچەکەی هەڵگرت و بە هەشتاو بە پلیکانەکاندا داگەڕا و بێئەوەی ئاوڕی ئەم لاو ئەولا بداتەوە ، کۆڵانەکەی تەی کرد ، بەر لەوەی بەرەو سەنادقیە پێچ بکاتەوە ، تازاری گرتی تفێکی لە کۆڵانەکە کرد . بە دەنگێک کە لە ڕقا دەلەرزی هاواری کرد :

– بڕۆ ... لەعنەتی خوا لە خۆت و لە خەڵکەکەت .

( ١٥ )

خات سەنیە عەفیفی گوێی لە دەنگی دەرگا بوو ، دەرگای کردەوە و کە ڕوخساری کونجی داکی حەمیدەی بینی ، وەکو گوڵ گەشایەوە . لە ناخی دڵەوە و بەو پەڕی شادی گوتی :

– بە خێرهاتی ، خێر بە پاتەوە ، گیانەکەمی .

بە گەرمی یەکیان ماچ کرد — یا بەلای کەمەوە وادیار بوو — و خا سەنیە عەفیفی میوانەکەی بۆ ژووری پێشوازی برد و بە کارەکەرەکەی گوت کە قاوە دەم بدات . شان بە شانی یەکدی لە سەر قەنەفەکە ڕونیشتن . خا سەنیە عەفیفی دوو جگەرەی لە قوتووەکە هەڵگرت و بە خۆشییەوە کەوتنە جگەرەکێشان . خا سەنیە لەوەتای داکی حەمیدە بەڵێنی دابوویە ، کە مێردی بۆ بدۆزێتەوە ، بە دەم عەزابی چاوەڕوانییەوە دەتلایەوە . سەیر ئەوە بوو ئەو هەموو ساڵەی بە بێوەژنی بەسەر بردبوو ، کەچی ئەم چاوەڕوانییە چەند ڕۆژییەی — وێڕای کورتییەکەی — بەلاوە زەحمەت بوو . ئیدی لەم ماوەیەدا کردبووی بە عادەت کە پێ لە داکی حەمیدە نەبڕێ و زوو زوو سەری بدات . ژنە لە سیری تا پیازی بۆ خا سەنیە دەگێڕایەوە و بەردەوام بەڵێنی دەدایە و چەشەی دەکرد . تا خا سەنیە گەییە ئەو قەناعەتەی کە ئەم ژنە دەستی دەستی پێدەکات و تا دەستکەوتێکی باشی لێ وەدەست نەیەنێ وازی لێناهێنێت . وێڕای ئەمەش ڕەفتاری لە گەڵ ژنەی تایندا ، زۆر بەخشندە و دڵاوا بوو ، لە کرێی شوقەکە مەعافی کرد ، بڕێک لە کۆپینی نەوتەکەی خۆی دەدایە ، بەشە کۆتاڵی میللی خۆی دەدایە ، ئەمە جگە لە ئەو سینییە بەسبوسەی کە لە لای هاپۆ کامیل بۆی بەکرد دابوو . داکی حەمیدە ، هەواڵی خوازگاری حەمیدەی ، لەلایەن عەباس حلووەوە ، بە گوێی خا سەنیەدا دا ، سەنیە خانم ، بە ڕواڵەت خۆشحاڵی خۆی دەربڕی ، بەڵام هەواڵەکە جۆرە نیگەرانییەکی خستە دڵ و دەروونیەوە . لە دڵی خۆیدا پرسی ، تۆ بڵێی ناچار بێ ، پێش ئەوەی خەمی خۆی بخوات ناچار بێت لە ئامادەکردنی کیژێدا بەشداری بکات ؟ لە بەر ئەمە بوو ، کە بەدرێژایی ماوەی چاوەڕوانیەکەی لە داکی حەمیدە بەگومان بوو و بە پارێزەوە لێی نزیک دەبووەوە . لە تەنیشتییەوە دانیشت و هەر سا نا ساتێ ، ژێرا وژێر ، بە ترسەوە تەمەشایەکی دەکرد و دەیوست هۆی ئەم سەردانەی بخوێنێتەوە و لە بنج و بناوانی بگات . ئایا وەکو

هەمیشە بەڵێنی سەرخەرمانی دەدایە ، یا ئەو مژدەیەی پێ بوو کە بە تاسەیەوە بوو ؟ نیگەرانییەکانی خا سەنیە بە پەراگەندە گۆییەکانیەوە دیار بوو . ئەمجارەیان بە پێچەوانەی هەموو جارەکانی دییەوە ، خا سەنیە قسەکەر وداکی حەمیدە گوێگربوو . باسی ڕیسواییەکەی وەستا کەرشە ، تۆران و ڕۆیشتنی حوسەینی کوڕی کرد . گلەیی لە داکی حوسەین دەکرد کە بە چ شێوازێکی ناجۆر دەیەوێ ڕەفتاری مێردە کەچڕەوەکەی چاک بکات و بیهێنێتەوە سەر ڕێگەی دروست ، پاشان قسە هاتەسەر عەباس حلو ، بە ستایشەوە گوتی :

– ئافەرین بۆ ئەم کوڕە باشە . خوادەست بەباڵییەوە بگرێ و ڕزق و ڕۆزی زیاد بکات ، وبتوانێت ژیانێکی پڕ لە خۆشی بۆ بووکە شەنگوڵەکەی برەخسێنێ ، کە شایستەی هەموو خێر و خۆشییەکە .

داکی حەمیدە ، لێرەدا ، بزەیەکی بە نازەوەی بۆکرد و گوتی :

– قسە قسە ڕادەکێشێ ... ئەوەی ڕاستی بێ من ئەمڕۆ بۆ خوازگاری تۆ هاتووم بووکە خان !

دڵی ژنە بە توندی کەوتە لێدان . بیری کەوتەوە کە چۆن دڵی خەبەری دابوو کە سەردانەکەی ئەمڕۆی میوانەکەی جیاوازە و خەبەرێکی خۆشی پێیە . گۆناکانی گەشانەوە و ئاوی جەوانی ، زاییەوە جەستە پەژموردەکەی . بەڵام خۆی کۆنترۆڵ کرد و بە شەرمێکی دەستکردەوە گوتی :

– خەجاڵەت خۆم ! ... ئەوە چ دەڵێی داکی حەمیدە گیان !

بزیەکی شاد و سەرکەوتووانە کەوتە سەر لێوی داکی حەمیدە وگوتی :

– گوتم ئەمڕۆ هاتووم بۆ خوازگاری تۆ خانمی خانمان ...

– بە ڕاست ... بەڵێ لە بیرمە کە ڕێک کەوتین ، بەڵام ڕاستت دەوێ ، دەترسم ، شەرم دەکەم ، شەرمەزار خۆم !

داکی حەمیدە ئەکتەرێکی لێهاتوو و کارامەبوو . بۆیە بە هەمان نەفەسەوە ، بەر پەرچی دایەوە وگوتی :

– دژمنت شەرمەزار بێ ، کارێک ناکەی کە شەرم بێ یان عەیب ، تۆ بە گوێرەی شەرعی خوا و سوننەتی پێغەمبەر ( د . خ ) لێ بێ ، شوو دەکەیت و تەواو ...

خا سەنیە هەناسەیەکی هەڵکیشا ، زیاتر لە هەناسەی کەسێک دەچوو کە بەبێ ویستی خۆی ملی دابێت . وشە و زاراوەی ( شوو دەکەیت ) بە خۆشی لە گوێیدا زرینگایەوە . داکی حەمیدە نەفەسێکی قووڵی لە جگەرەکەی دا و بەو پەڕی متمانە و دڵنیایی تەواوەوە سەری لەقاند وگوتی :

- فەرمانبەری ...

خا سەنیە ، حەپەسا ، بە نیگایەکی باوەڕ نەکردەنییەوە سەیری داکی حەمیدەی کرد . فەرمانبەر !! فەرمانبەر میوەیەکی حەرامە لە کۆڵانی میدەق دا ! و پرسی :- فەرمانبەرە ؟

- بەڵێ فەرمانبەرە !

- فەرمانبەری دەوڵەتە ؟

داکی حەمیدە ، هەڵوێستەیەکی کرد ، تا لەزەت لە سەرکەوتنەکەی خۆی وەربگرێت ، ئەوسا لە سەری ڕۆیی :

- فەرمانبەری دەوڵەتە ! ... لە دایەرەی پۆلیسە ...

خا سەنیە هێندەی دی سەری سوڕما وپرسی :

- باشە دایەرەی پۆلیس جگە لە ئەفسەران و پۆلیسان کەسی دیکەی لێیە ؟!

داکی حەمیدە ، تەمەشایەکی بە ماناوەی کرد وگوتی :

- فەرمانبەریشی لێیە . لە من بپرسە . من حکومەت و وەزیفە و دەرەجە و بەرز بوونەوە و نزم بوونەوە دەزانم . ئەمە ئیشی منە ، خانم گیان !

خا سەنیە ، بە سەرسامییەکی شادی ئامێزەوە پرسی :

- یانی ئەفەندییە ؟

- بەڵێ ئەفەندییەکە ئاو لێڵ ناکا ، چاکەت وپانتۆڵ وپێڵاو و کڵاو ... هەر مەپرسە .

- خوا خێرت بنووسێت داکی حەمیدە گیان .

- من خەڵکی باش بۆ خەڵکی باش دەدۆزمەوە و سەنگ وئیحتوباری هەر ئینسانێک دەزانم ... ئەگەر لە خوار درەجە نۆوە بوایە ، نە دەچووم بەلایەوە ونە ناوم دەبرد .

خا سەنیە بە سەرسامی و لە بن لێوانەوە گوتی :- دەرەجە نۆ ؟

- له حکومەتدا ، حیساب وکیتابێک هەیە . هەر فەرمانبەرێک نمرە و دەرەجەیەکی هەیە ، نۆیەم یەکێکە لەو پلەو دەرەجانە . بەڵام تەنیا یەکێکە لە دەرەجە زۆر و زەبەندەکان .

چاوەکانی خا سەنیە لە خۆشیا بریسکانەوە و گوتی :

- ڕاوەستاو و پایەداربی خوشکە ئازیزە گیانی بە گیانییەکەم !

داکی حەمیدە ، بە دەنگێکی پڕمتمانە و سەرکەوتوو ئامێزەوە گوتی :

- لە پشت مێزێکی گەورە دادەنیشێت ، کە لە سەر مێزەکەوە تا بن میچەکە دۆسیە وکاغەزی لە سەر هەڵچنراوە ، قاوەچی بەردەوام دێت و دەڕوات . یەکێ تکای لێدەکات ، یەکێ پرسیاری لێدەکات ، یەکێ پرسیاری لێدەکات ، ئەمیش تەشەر لەم دەدات و جنێو بەو دەدات ، پۆلیس و پاسەوانان ئیکلامی بۆ دەکێشن ولاقی بۆ بە عاردیدا دەکوتن ، ئەفسەرەکان ڕێزی دەگرن .

خا سەنیە بزەیەکی بۆ کرد ، نیگای تامەزرۆی بڕی بووە داکی حەمیدە ، کە درێژەی دایە وگوتی :

- مووچەکەی دە جونەیهی تەواوە .

خا سەنیە ، سەرێکی لەقاند و بە دەنگی بەرز گوتی :- دە جونەیهە !

داکی حەمیدە گوتی :

- ئەمە مستێکە لە خەروارێک . مووچەی فەرمانبەر بە شێکە لە ڕزق و ڕۆزی ئەو ، ئەگەر کەسێکی کردە و دەست وپێ دار و زرینگ بێ ، دەتوانێ دوو ئەوەندە پەیدابکات . ئەوەشت لە بیر نەچێ درماڵەی ژن و منداڵ و خێزانداریشی بۆ حیساب دەکرێت ...

خا سەنیە ، پێکەنینێکی پڕ هەڵچوونی بۆ کرد و بە دەنگی بەرز گوتی :

- سەلامەت بی داکی حەمیدە ، من ومنداڵ ! منداڵم لە کوێ دەبێ تا دەرماڵەی منداڵ وەربگرێت .

- پەروەردگار ، توانای بە سەر هەمووشتێکدا دەشکێت ...

- سوپاس بۆ خوا ، ڕازین بە ڕەزای ئەو .

- بەڵام تەمەنی ، سیساڵی تەواوە .

- خا سەنیە ، بە نەباوەڕییەوە گوتی :

- ئەیەڕۆ ، دە دانە ساڵ لەو گەورەترم !

هەڵبەتە داکی حەمیدە هەستی کرد کە بووکێ دەدانە ساڵی لە تەمەنی خۆی خوراد، بەڵام وێڕای ئەمەش ، بە دەنگێکی گلەیی ئامێزەوە گوتی :

- تۆ هێشتا گەنجی خا سەنیە ! بەڵام کە پێم گوت تۆ تەمەنت لە دەوری چل سالیدایە ، بە مەمنوونیەوە ڕازی بوو ، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری ...

- بە ڕاستی ڕازییە ؟! ناوی چییە ؟

- ئەحمەد ئەفەندی تەڵەبە خەڵکی ( خرنفش ) ە کوڕی حاجی تەڵەبە عیسایە کە لە ئوم غولام بیری هەیە . بنەماڵەیەکی ڕەسەن و نەجیبن و دەچنەوە سەر ئیمامزادە حوسەین .

- دروستە لە بنەماڵەیەکی خانەدانن، بەڵام داکی حەمیدە گیان تۆ بە خۆت دەزانی کە منیش کەسێکی سەنگین و ئابڕوومەندم ...

- دەزانم گیانەکەم . زاوا تەنیا لە دووی ئەخلاق و ڕەوشتی جوان و بەرزە ، ئەگەر ئەوە نەبوایە لە مێژ بوو شووی کردبوو ، حەزی لە کچانی ئەمڕۆ نییە ، ڕوودارییانی بە دڵ نییە . بەڵام کاتێ باسی ڕەوشتی تۆ و خانەدانی تۆم بۆ کرد و گوتم خانمێکی بەحەیا و حورمەت و ڕەوشێکی دارایی باشت هەیە ، زۆری لە گیان خۆشبوو ، لە خۆشیا بسکەی سمێڵی دەهات و گوتی :

- منیش ئەمەم دەوێ ، لە دووی ئەمە دەگەڕام ... هەڵبەتە داوای شتێکی لە من کرد ، ئەویش لە سنووری ئەدەب بە دەرنییە ... دەیەوێ وێنەیەکت بدینێ !

ڕوخساری چرچەڵەی خا سەنیە گەشایەوە و بە نازەوە گوتی :

- بە خوا زۆر دەمێکە وێنەم نەگرتووە ...

- وێنەیەکی کۆنیشت نییە ؟

خا سەنیە ، بێئەوەی چ قسەیەک بکات ، ئاماژەی بۆ وێنەیەک کرد کە لە سەر مێزێکی ناوەندی ژوورەکە دانرابوو . داکی حەمیدە کەمێک دانەوییەوە و وێنەکەی هەڵگرت و بە وردی تەماشای کرد . وێنەیەکی شەش ساڵ لەوە پێش

بوو ، خاوەنەکەی لەو سەرو بەندەدا هەندێ گۆشتن و زیتەڵ تر بوو . داکی حەمیدە ، نیگای بە نێوان وێنەکە و خاوەنەکەیدا گێڕا و هەنگێ لێبڕاوانە گوتی :

- موو ناپسێنێ ... دەڵێی دوێنێ گرتووتە .

خا عەفیفی بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی :

- خێر بێتە ڕێگات ...

داکی حەمیدە ، وێنەکەی بە چوارچێوەکەیەوە لە بەرکی نا وجگەرەیەکی دیکەی ، کە پێدرا ، پێکرد و پاشان بە ئارامی و دڵنیایی گوتی :

- زۆرمان قسەکرد تا زانیم چی دەوێ ...

خا سەنیە ، بە پارێزەوە لێی ڕوانی و چاوەڕوانی ئەوە بوو کە درێژە بە قسەکانی بدات ، بەڵام کاتێ بێدەنگی میوانەکەی درێژەی کێشا ، بە دەم بزەیەکی کاڵەوە پرسی :

- باشە ، پێم بڵێ چی دەوێ !

ئایا خۆی لە گێلی دەدا یا بە ڕاستی وایدەزانی ئاشقی چاوی ڕەشی ئەم بووە ؟ ژنە کەمێک پەست بوو ، بەڵام بە ئارامی و بە دەنگێکی بڕێک نزم گوتی :

- پێم وایە لاریت لەوە نییە ، بەخۆت جیازی خۆت بکەی ؟

سەنیە خانم ، لە یەکەم ساتەوە ، لە مەبەستەکە تێگەیی ، کابرا نایەوێ هیچ مەسرەفێک بکات ، بێگومان حەزدەکات خانم بە تەنیا مەسرەفی جیازییەکە بکێشێت . هەڵبەتە لەو کاتەوە کە خولیای شووکردنی کەوتبووە سەر ، ئەم داوایەی لە بەر چاو بوو . هەڵبەتە داکی حەمیدە ، بە دەم گفتوگۆکانیانەوە ، دوور و نزیک ئاماژەی بۆ ئەمە کرد بوو ، بەڵام خا سەنیە هیچ کاردانەوە وناڕەزاییەکی نیشان نە دابوو . سەرەنجام بە زمانێک کە نیشانەی ملدانی پێوە دیار بوو ، وەڵامی داکی حەمیدەی دایەوە و گوتی :- خوا کەریمە .

داکی حەمیدە بزەیەکی کرد وگوتی :- سەرکەوتن و شادی پایەدارمان لە خودا داوایە .

داکی حەمیدە ، بە نیازی ڕۆیشتن هەستا ، بە گەرمی یەکتریان ڕامووسی و خا سەنیە ، میوانەکەی تا بەر دەرگای دەرەوە بە ڕێکرد ولەوێدا ، خۆی بە موحەجەرەکانەوە گرت و ڕاوەستا ، داکی حەمیدە بە پلیکانەکاندا داگەڕا تا بۆ شوقەکەی خۆی بگەڕێتەوە ، بەر لەوەی لە چاو ون بێ و بکەوێتە نەدیوی ، خا سەنیە بە دەنگی بەرز گوتی :

- خوات لە گەڵ . لە جیاتی من حەمیدە گیان ماچ بکە .

ئەوسا بە دڵێکی گەنجانەوە بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە . گەرمی و ئۆخژنی ئومێدێکی تازە لە دڵ و دەروونی گەڕا . دانیشت و هەموو قسەکانی داکی حەمیدەی ، ڕستە بە ڕستە و وشە بە وشە لە مێشکی خۆیدا دووبارە کردنەوە .

خا سەنیە ، کەمێک چرووک بوو ، بەڵام بەو ڕادیە نا کە کۆسپ و لەمپەڕان ، لە بەر دەم شادمانی خۆی دابنێت . بەڵێ زەمانێک پارە تاقە هاودەمی بوو ، چ ئەوەی دەیخستە سەندووقی پاشەکەوتەوە و چ ئەوەی لە سەندووقە عاجنیشانەکەی خۆیدا جوان جوان سەفتەی دەکرد و هەڵیدەگرت . بەڵام نە ئەمە و نە ئەوە جێگەی ئەم پیاوە بەڕێزەیان بۆ نە دەگرتەوە ، کە بە تەمابوو بە یاری خوا ببێت بە مێردی . بەڵام ئایا وێنەکەی بە دڵ دەبێت ؟ ڕوخساری بە ڕادەیەک سوور بووەوە کە هەستیکرد گەرمی خوێنەکەی گەییە هەنیەی . هەستا ، بەرەو ئاوێنەکە چوو تا سەیری دەم وچاوی خۆی بکات . ڕوخساری بە ڕاست و بە چەپدا وەرسووڕاند ، تا باشترین حاڵەتی دۆزییەوە و نیگای لە سەر ڕاگرت و چاوی بڕییە وێنەکەی خۆی . جۆرە ڕەزامەندییەک بە سیمایەوە دەرکەوت . لەبن لێوانەوە گوتی : " پەروەردگار سترمان بکات " . گەڕایەوە ، لە شوێنەکەی خۆی دانیشتەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی : " ماڵی دنیا عەیب پۆشە " مەگەر ژنە پێی نەگوتووە ڕەوشی دارایی باشە ؟! پارە دارە ؟! هەر واشە ! ئەمە جگە لەوەی پەنجا ساڵ زۆر نییە ، ژن لەو تەمەنەدا ئومێدبڕ نابێت ، هێشتا دە ساڵی دیکەی بە بەرەوەیە ، زۆر ژن هەن ، لە تەمەنی شەست ساڵێدا ، ئەگەر پەروەردگار لە شەڕی نەخۆشی بە دووری کردبن ، دەتوانن تامی شادمانی بچێژن . شووکردن دژمنی پووکانەوە و پەژمردەگیە ، جەستەی مردوو ، زیندوو دەکاتەوە " . بەو جۆرە بە گەڵ بیر و خەیاڵە ڕەنگینەکانی کەوت تا ئەوە بوو بە دەم ڕەوتی ڕەوانی خەیاڵەوە ، لەمپەڕێکی هاتەڕیگا و لە ناکاوا برۆی وێکهێنانەوە و بە پەستی لە خۆی پرسی :

" سبەی خەڵکی چ دەڵێن ؟ " ئاە ، ئەم دەماری خەڵکی دەناسێت . هەر ئەم داکی حەمیدەیە ، لە پێش هەمووانەوە دەهۆڵی بۆ لێدەدا . دەلێن خا سەنیە شێت بووە ، دەڵێن ژنێکی پەنجا ساڵان ، شوو بە کەسێکی سی ساڵان دەکات ، کە بە کوڕی خۆی دەشێت . بە دوور و درێژی باسی ئەو سەروەت و سامانە دەکەن ، کە خراپکاریەکانی ڕۆژگار ئاوەدان دەکاتەوە و ڕەنگە زۆر قسە و قسەلۆکی ئەوتۆش بکەن کە ئەم هەر بیری بۆی نەچێت . دەیسا چی دەڵێن با بیلێن . یانی ئەگەر بە بێوەژنی بمێنێتەوە و شوو نەکات لە زمانیان دەخەلەسێت ؟! خا

سەنیە بە خەمساردی  و بێ موبالاتیەوە شانەکانی هەڵتەکاند . ئەوسا لە کانگای دڵیەوە لە پەروەردگار پاڕایەوە کە :

– خودایا ! لە چاوی بەد بە دوورم بکەی ...

ئەوسا ، بیرێکی خێرای بە مێشکا هات کە یەکسەر پەسەندی کرد و لێبڕا جێبەجێ بکات ، ئەویش ئەوەبوو کەبچێت بۆ ( باب الاخضر ) بۆلای ( باجی ڕەباح ) تاکتێبی بەختی بۆ بگرێتەوە ، و هەندێک دوعای بۆ بنووسێت و ئەگەر بکرێت داوای جادووی لێبکات ، چونکە لە حاڵێکا بوو مەگەر جادووی کارساز  یا بخوری بەکەڵک دادی بدابوایە ...

( ١٦ )

زیتە دەیڕوانیە ڕوخساری ئەم پیاوە پیرە باڵاڕێکەی کە بە ملکەچی و گوێڕایەڵی و لارەملی لە هەنبەریا وەستابوو و گوتی :

– چ دەبینم ؟ عەجەب پیاوێکی سەلار و بە ویقاری ! ...

پیاوەکە ، دیزداشەیەکی کۆنی لە بەر بوو ، پیاوێکی باریک وبنێس بوو ، بەڵام وەکو کابرای  (عەیب ساز ) دەیگوت ، دیمەن و ڕواڵەتێکی یەجگار بە ویقاری هەبوو ، سەریکی گەورەی سپی ، دەم وچاوێکی درێژکۆڵە ، دوو چاوی ئارام ومەندی هەبوو . بە ویقار و بەژن و باڵای زراڤ ومەندییەکەیەوە لە خانەنشینانی سوپا دەچوو . زیتە لە بەر ڕووناکی کزی چراکەدا ، بە سەرسامی و حەپەساوی تەمەشای دەکرد ، ئەوسا گوتی :

– تۆ پیاوێکی سەلار و بە ویقاری ، یانی بە ڕاستی دەتەوێ دەرۆزە بکەی ؟

کابرا بە هێمنی بەرسڤی دایەوە :

– من ، ئێستاش سواڵکەرم ، دەرۆزە دەکەم . بەڵام سەرکەوتوو نیم ...

زیتە ، کۆکەیەکی بۆ کرد ، گەروی ساف کرد ، تفێکی ڕووکردە سەر ئەرزەکە و بە ئاسینی  (سەری قۆڵ ) دیزداشە ڕەشەکەی لێوەکانی سڕی وگوتی :

– تۆ لەوە ناسکتری بەرگەی گوشارێکی توند لە سەر ئەندامی لەشت بگریت . ئەلهەقی هی ئەوە نیت دوای بیست ساڵ گەدایی تازە تازە ، خۆت بخەیتە بەر گیر وگازی عەیب و نوقستانیەکی دەستکرد ، چونکە عەیب ونوقستانی چ

دەستکرد بێ چ ئاسایی بێ ، هەمان خۆ ڕاگری وتەحەمووڵی دەوێت . ئێسقان چەند نەرمتر بێ، کارەکەی من ئاسانتر سەر دەگرێت و شوێنەوارەکەی زیاتر دەمێنیتەوە و پتر بەر دەوام دەبێت . تۆ بابایەکی پیریت ، پێت بە لێواری قەبرەوەیە . دەتوانم چیت بۆ بکەم ؟

بێدەنگ بوو ، لە فکران ڕاچوو . هەرکاتێ بیرۆکەیەکی بۆ بهاتبایە زاری دادەچەقاند و وەکو ئەوەی سەری ئەژدیهایەکی لە زاردا بێ ، بەو ئاوایە زمانی دەجووڵاند . سەرەنجام لە ناکاوا چاوەکانی چریسکانەوە و هاواری کرد :
- ویقار باشترین نوقستانیە !

کابرا بە سەرسامی پرسی :- مەبەستت چییە مامۆستا ؟!

زیتە تووڕە بوو ، چارەی گرژ بوو ، پێیا هەڵشاخی و هاواری بە سەرا کرد :

- مامۆستا ؟! گوێت لە من بووە لە سەرقەبران بخوێنم ؟

کابرا وەکو کەو چوو ، هەر دوو دەستی پان کردەوە و بە دەنگێکی تێکشکاو گوتی :

- مەعازەڵڵا ... جگە لە ڕێزو حورمەت هیچ مەبەستێکی دیکەم نەبوو ...

زیتە ، دوو جاران تفی کرد و ئەوسا بە دەنگێکی هەڵچووی پڕ لە کەش وفشەوە گوتی :

- ئەو کارەی من دەیەکەم ، گەورەترین دوکتۆری شار دەرەقەتی نایەت . ئایا دەزانی دروست کردنی عیب ونوقستانیەکی دەستکرد ، هەزار هێندەی عەیب ونوقسانیەکی ڕاستەقینەی ئاسایی زەحمەتە ؟ ... دروست کردنی نوقستانیەکی ڕاستەقینە . ئەوەندەم وەخت لێدەبات کە تفێک بکەمە چارەت .

کابرا ، بەو پەڕی ئەدەبەوە گوتی :- لێم مەگرە قوربان ، خودا دلۆڤان ومیهرەبانە ...

زیتە هێور بووەوە و چاوی برییە کابرا و هەنگێ بە دەنگێک کە هێشتا شوێنەواری تووڕەیی پێوە دیار بوو گوتی :
- گوتم کە باشترین عەیب ونوقستانی ویقارە ...

- چۆن قوربان ؟!

- ویقار دەشێت وەکو سواڵکەرێکی نموونەیی سەرکەوتنت بۆ دابینبکات .

- ویقار ... قوربان ؟

زیته دەستی بۆ گۆزەیەکی سەر ڕەفەکە برد ، لەتە جگەرەیەکی لێدەرهێنا و پاشان لە سەر جێگاکەی خۆی دایناىەوە ، جگەرەکەی لە دەمی بلووری چراکە داگیراند ، مژێکی قووڵی لێدا و ئەوسا چاوە زەقەکانی بچووک کردنەوە و بە هێمنی گوتی :

– عەیب سازی بە کەڵکی تۆ نایەت . تۆ پێویستت بە پاک و خاوێنی وئارایشی زیاتر هەیە . دیزداشەکەت باش بشۆ ، بە هەر ڕێگەیەک بووە تەربووشێکی نیوداشت پەیدا بکە ، بەم بەژن وباڵا ڕێک وپێکەتەوە ، بەو پەڕی شەرم و ئەدەبەوە ڕێبکە ، بە شێوەیەکی بەزەیی ئەنگێز لە ئەهلی چاخانان نزیک ببەوە ، بە شەرمەوە ڕابوەستە ، بە بێئەوەی هیچ قسەیەک بکەی ، بە مەلوولی و کەساسییەوە دەست پانبکەوە . بە چاوەکانت قسە بکە ، زمانی چاو نازانی ؟ ... ئیدی بە بەزەیی وسۆزەوە تەماشات دەکەن و دەڵێن ئەمە کەسێکی خانەدانە ولێی قەوماوە و دەڵێن مەحاڵە ئەم پیاوە لە دەرۆزەکارانی پیشەیی بێ . ئێستا حاڵی بووی مەبەستم چییە ؟ تۆ بەم ویقار ومەندییەوە کە هەتە ، دوو ئەوەندەی گەدا عەییدار ونوقستانەکانت دەستدەکەوێ ...

ئەمری پێکرد کە لە بەر چاوی ئەم ، ڕۆڵە تازەکەی تاقیبکاتەوە . بە خۆیشی دانیشت و بە دەم جگەرەکێشانەوە تەمەشای دەکرد ، کەمێک دەبیرەوە چوو و پاشان بە گرژییەوە گوتی :

– نەخەڵەتابی حەقەکەی من بخۆی ها ، لە دڵی خۆتدا بڵێی گوایە من هیچم بۆ نەکردوویت و عەیبێکم بۆ درست نەکردوویت شایستەی کرێ بێ . تۆ ئازادی لەوەی هەرکارێکت دەوێ بیکەی ، بەو مەرجەی ڕوو نەکەیتە گەڕەکی ( حسين العامر ) .

کابرا ، بە مەلوولییەوە گوتی :

– مەحاڵە ، خیانەت لە کەسێک بکەم کە پیاوەتی بە سەرمەوە هەیە ...

دیدارەکە لێرەدا کۆتایی هات ، زیتە کەوتە پێش کابرا تا ڕێوێنی بکات ، گەیاندییە دەرگای دەرەوەی نانەواخانەکە ، لە گەڕانەوەدا سەیری کرد وەستا حوسنیە چوارمشقی و بە تاقی تەنیا لە سەر حەسیرێک دانیشتووە و هیچ هەواڵێک لە جەعدەوە نییە ، ئیدی زیتە عادەتی وابوو هەر کاتێ وەستا حوسنیەی دیتبا ، بیانوویەکی دەدۆزییەوە ، بۆ ئەوەی مەحەبەتی پەنهانی دڵی خۆی بۆ دەرببڕێت ، یەک دوو کەلیمە قسەی لە گەڵدا بکات . ئیدی لەم پێوەدانگەوە گوتی :

– ئەم پیاوەت بینی ؟

وەستا حوسنیە ، بە بێموبالاتی گوتی :

- مشتەری عەیبان بوو ... وانا ؟

زیتە ، دەستی بە پێکەنین کرد و کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی کابرا بۆ وەستا حوسنیە . ژنەی تاین بە دەم پێکەنینەوە نەعلەتی بۆ رۆڵیەتی ئەم نارد . زیتە ئەوسا ڕووی کردە ئەو دەرگا چکۆلە دارینەی کە بە سەر ماواکەی خۆیدا دەکرایەوە . بەڵام بۆ ساتێک لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا وپرسی :

- جەعدە لە کوێندەرە ؟

حوسنیە بەرسڤی دایەوە :- لە حەمامە ...

کابرا ، لە هەوەڵەوە وایزانی ژنەی تاین تەشەر لە چەپەڵی ئەم دەدات ، گاڵتە بەم دەکات . بەڵام کە لە ژنە ورد بووەوە ، بۆی دەرکەوت بەجدییەتی و جەعدە بە ڕاستی چووە بۆ گەرماوی جەمالیە . ساڵی دووجار ئەم کارەی دەکرد و تەقریبەن تا نیوە شەو نەدەهاتەوە ، بۆیە لە دڵی خۆیدا ، بڕیاری دا ، بە تایبەتی دوای ئەوەی بینی حوسنیە دڵی بە قسەکانی ئەو کرایەوە ، تاوێک لە گەڵیا دانیشێت ، لە ئاستانەی دەرگا دارینەکەدا دانیشت و پشتی بە لاشیپانەی دەرگاکەوە دا و لاقە باریک و ڕەشە ڕەژوو ئاساکانی درێژ کرد ، بێئەوەی گوێ بەو حەپەسان و بێزاریە بدات کە جۆری دانیشتنەکەی ، لای ژنەی تاینی دروست کردبوو ، وەستا حوسنیە ، هەمان مامەڵەی لە تەکدا دەکرد کە خەڵکانی دیکەی کۆڵانەکە لە گەڵیان دەکرد ، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کرێچی حوسنیە بوو ، لە کاتی هاتوچۆ کردنیا ، چەند قسەیەکیان پێکڤە دەکرد . حوسنیە گومانی لەوە نەبوو ، کە پەیوەندی لە گەڵ ئەم پیاوەدا لەوە هێوەتر ناڕوات . هەرگیز ئەوەی بە بیردا نەهاتبوو ، کە ئەم پیاوە ئاگاداری پەنهانترین و وردترین نهێنییەکانی ژیانی بێت . لێ زیتە ، لەو شیر حەرامانە بوو ، کە بچووکترین درزی دیوارەکەی نێوان کەلاوەکەی خۆی و نانەواکەی ، لە دەست نەدەدا تا لەوێندەرەوە تەمەشای خاوەن خانووەکەی بکات و خەونە حەیوانییەکانی خۆی پاراو بکات . ئیدی لەو ڕێگایەوە بە جۆرێ تێکەڵاوی تایبەتمەندییەکانی کار و ژیانیان بوو بوو وەکو ئەوەی یەکێک بێ لەو خێزانە . کاتێ دەیبینی وەستا حوسنیە لە سەر بچووکترین خەتا مێردەکەی دەگرتە بن کوتەک ، زۆری لەزەت دەبینی و لە ناخا گەشکەی دەکرد . خەتاکانی جەعدەش ، لە بن نە دەهاتن و دەبوایە ڕۆژانە سزای خەتاکانی بدات ، ئیدی کوتەک ولێدان بوو بوو بە خوراکی ڕۆژانەی ، جاری وا هەبوو بە سەبر و خۆڕاگری و جاری واهەبوو بە شیوەن و هاوار ، تەحەموولی دەکرد . ڕۆژ نەبوو بە دەم نان برژاندنەوە چەند نانێک نەسووتێنێ ، یان هەندێک نان نەدزێت ، تا بە دزییەوە لە بەینی ژەمەکاندا بیخوات ، یان بەسبوسەیەک بە نیو قروش لەو کرێ نانەی کە لە ماڵەکان بە دەستی دێنا نەکڕێت ، هەموو ڕۆژێک هەڵە و خەتایەکی لەو جۆرانەی دەکرد بە بێئەوەی بتوانێ بیشارێتەوە . یان تواناى ئەوەی هەبێ خۆی لە سزا توندەکە ببوێرێ . زیتە سەری لەم هەموو بودەڵەیی و بێغیرەتی و ملکەچی

وترسنۆکی ئەم پیاوە دەسوڕما . سەیر ئەوە بوو زیتە ئەوی بە ناشیرین دەزانی و گاڵتەی بە چرو چاوی دەکرد ! جەعدە پیاوێکی درێژ داهۆڵی ناقۆلا بوو ، بازووەکانی درێژ ، شەویلاگەی خوارەوەی درێژکۆڵە ، چاوەکانی بە قووڵا چوو ، لێوەکانی ئەستوور بوو . زیتە بەغیلی ئەو ژنە گۆشتن ونەرم ونۆڵەی پێ دەبرد، کە ئەم بەچاوی تەماح وئارەزووەوە سەیری دەکرد ، بۆیە بە هەڤڕک ودوژمنی خۆی دەزانی و دەیبوغزاند و خۆزگەی دەخواست کە بەهەوێر وتەشتە هەویرەکانەوە فڕێی بداتە تەنوورەکەوە . هەر بۆیە خوا خوای بوو لە غیابی ئەو حەیوانەدا ، دەرفەت بێنێ تا کەمێک لەگەڵ وەستا حوسنیەدا دانیشێت، دانیشت و لاقەکانی درێژکردن و هیچ گوێی بەو حیرەت و بێزاریە نەدا ، کە جۆری دانیشتنەکەی لەلای حوسنیەی دروستکرد بوو . حوسنیەی نانەوا ، ژنێک بوو ، بە جورئەت و بە جەسارەت ، لێبڕاوانە و بە دەنگی بەرز لێی پرسی :- ئەمە چ جۆرە دانیشتنێکە ؟

زیتە لە دڵی خۆیدا گوتی :- خۆدایا ، لە غەزەبی خۆت مەعافمان بفەرموو .

ئەوسا ، بە دەنگێکی نەرم ودۆستانە گوتی :- من میوانم خانمی ئازیز ، میوان دەرناکرێ ...

ژنەی تاین ، بە قێزەوە گوتی :

- بۆچی ناڕۆی بۆ کونەکەی خۆت و ، فەساڵی ناشیرینت لە بەر چاوم لابەریت ؟

زیتە ، بزەیەکی بە نازەوەی بۆ کرد ، ددانە ناشرین و دزێوەکانی دەرکەوتن و گوتی :

- ناکرێ ، ئینسان هەموو ژیانی لە نێو گەدایان و پۆخڵەوات و کرم و گەجەر و گوجەراندا بە سەر بەرێت ، خۆ دەبێت جار بە جارێکیش زاخاوی چاوی بە دیمەنێکی لەزەت بەخش بدات و خەڵکانێکی لە بەشەر چوو بدینێ

حوسنیە ، پێدا هەڵشاخی و بەتوندی گوتی :

- یانی جار بە جارێ ، بە دیمەنی دزێو و بۆن بۆگەنی و چەپەڵی خۆی ، خەڵکانێک ئازار بدات ! ... پیف ... پیف ... هەستە بچۆوە بۆ کونەکەی خۆت و گۆڕت گوم بکە لە بەر چاوم و دەرگاکە لە دوای خۆتەوە دابخە ! ...

زیتە بە تەشەرەوە گوتی :

- لەوانەیە دیمەنی دزێوتر و بۆنی ناخۆشتریش هەبێ .

وەستا حوسنیە ، یەکسەر زانی کە مەبەستی مێردەکەیەتی . چارەی بە یەکدا داو بە دەنگێکی هەڕەشە ئامێزەوە گوتی :

- مەبەستت چییە ، برای مێروو وکرمان ؟!

زیتە ، گۆساخانە گوتی :- مەبەستم برای بەڕێزمان جەعدەیە ...

وەستا حوسنیە ، بە دەنگێکی ترسناک هاواری بە سەردا کرد :

- ئاگات لە دەمت بێ ، هەی نارەسەنی نا نەجیب ، ئەگەر دەستم بتگاتێ ، هەڵت دەتلیشێنم ...

زیتە ، کە زانی شەڕ خەریکە بەر دەرکەی پێدەگرێت ، دایە باریکی و بە نەرمی گوتی :

- گوتم من میوانم حوسنیە خانم ، کەس بێحورمەتی بە میوان ناکات . جگە لەمە ، وەختێ دیتم کە خۆت لە جەعدە پڕیت و لە سەر بچووکترین شت ، دارکاری دەکەیت و دەیگریتە بن کوتەک ، بۆیە ئەو قسەیەم کرد ، دەنا هیچم لە گەڵ جەعدەدا نییە .

- نینۆکێکی جەعدە ، هەزاری وەک تۆ دێنێ ! ...

زیتە ، بەر پەرچی دایەوە و گوتی :

- نینۆکی تۆ هەزاری وەک من دێنێ ، بەڵام هی جەعدە ...

- پێت وایە تۆ لە جەعدە باشتری ؟!

بێزاری بە ڕوخساری زیتەوە دەرکەوت، لە سەرسامیدا زاری بەش کردەوە . نەک تەنیا لە بەر ئەمەی — بە خەیاڵی خۆی — لە جەعدە باشترە ، بەڵکو پێی وابوو تەنانەت بەراورد کردنیشی لە گەڵ ئەودا بێ حورمەتی و جنێوێکی گەورەی لە بەخشین نەهاتگە . ئەم حەیوانە بە ستەزمانە لە کوێ و کەسێکی بە توانای وەکو ئەو لە کوێ ؟ بە ڕاستی خۆی بە شای دنیایەک دەزانی ، ئیدی ئەم دنیایە هەر چۆنێک بێ ؟ بە سەرسامی لە حوسنیەی پرسی :- تۆ چی دەڵێی خانم ؟

حوسنیە ، بەهەڵچوونەوە گوتی :

- من نینۆکێکی بە سەدی وەکو تۆ ناگۆڕمەوە .

- ئەم حەیوانە ... ؟

بە دەنگێکی زبر گوتی :

- ئەمە پیاوە پیاو نەگاڵتە ... شەیتان ڕوخسار ...

- ئەم خەڵقەندەیەی وەکو سەگی بەرەڵڵا مامەڵەی لە تەکدا دەکەی ، ها ؟

حوسنیە ، جۆرە ڕکونی و حەسوودییەکی لە قسەکانیا بەدی کرد ، وێڕای ئەوەی خوێنی هاتبووە جۆش ، ئەم حاڵەتەی لە گیان خۆش هات . دوای ئەوەی لە دڵی خۆیدا مەسەلەکەی تاوتوێ کرد ، ئیدی وازی لە لێدانی هێنا و ئەوسا وەکو ئەوەی بیەوێ داخ بکاتە دڵی زیتەوە و بیتەقێنێ گوتی :

- ئەمە شتێکە تۆ تێی ناگەیت ، ئیشەڵڵا دەمریت و حەسرەتی ئەو مستەی ئەو نۆشی گیانی دەکات ، لە گەڵ خۆتا دەبەیتە گۆڕەوە ...

زیتە بە توڕەیی گوتی:

- وادیارە کوتەک خواردنیش شانازییە و ئێمە پێی نازانین .

- شەرەفێکە کە بە تۆی هاوڕێی کرمان نابڕێت .

زیتە دەبیرەوە چوو ، تۆ بڵێی معاشەرەت وتێکەڵاوی ئەم حەیوانەی پێخۆش بێت ؟!

زۆر جار ئەو پرسیارەی لە خۆ کردبوو ، بەڵام وەڵامی ئەرێنی نەدۆزی بووەوە . ئایا ژنەی تاین ئەو قسانەی بە ڕاست بوو ، ڕاستە ئەو قسانەی دەکرد ، قسەی زاری بوون ، لێ بێگومان شتێکی تری لە دڵی خۆیدا پەنهان کرد بوو . بە نیگایەکی ئاگرین ڕوانیە بە دەنی پڕ وگۆشتنی ژنە و هێندەی دی چوو بە چەقی نەعلەتا . خەیاڵی شێتانە جولا و ، ئایندەیەکی ڕوناک و ڕەنگینی هێنایە بەر چاوی ، چۆڵی شوێنەکەش باڵی بە خەیاڵە ئاگرینەکانی گرت ، هەنگێ چاوە ترسناکەکانی بریسکانەوە . لێ حوسنیەی نانەوا ، لەزەتی لەو بەغیلی بردنەی زیتە دەبرد ، هیچ خەمی ئەوەی نەبوو کە بە تەنیایە ، چونکە متمانەیەکی تەواوی بە هێز وتوانای خۆی هەبوو ، بە تەشەرەوە گوتی :

- تۆ هاوڕێی کرمان ، جارێ ئەو خاک و گڵە لە خۆت پاک بکەوە ، ئەوسا باسی خەڵکی بکە .

ژنەی تاین تووڕە نەبوو ، ئەگەر بە ڕاستی تووڕە بوایە ، بە خۆی نە دەوەستا و زیتەی دەگرتە بن مست و لەقە . بێگومان گاڵتەی لە گەڵدا دەکات . بەڵام زیتە کە نەیدەویست ئەو هەلە لە دەست بدات ، گوتی :- وەستا حوسنیە تۆ فەرقی نێوان گڵ وگوڵ ناکەی ...

ژنە بە ڕوویا هەڵشاخی و گوتی :- تۆ دەتوانی حاشا لە گڵ بوونی خۆت بکەی ؟

زیته ، به خەمساردی شانەکانی هەڵتەکاند وگوتی :- هەمووما‌ن له گڵین ...

حوسنیه ، به تەشەرەوه گوتی :

- قوڕ به سەرت ! تۆ گڵی له گڵی ، چەپەڵی له سەر چەپەڵیت ، بۆیه هەموو کار و کردەویەکت ئەوەیه که شێوه و شەکڵی بەشەر بشێوێنی ، به مەیل وئارەزوویەکی هێنده ئەهریمەنانه ئەو کاره دەکەی ، تا ئەو خەڵکه بێنیته ئاستی نزم و پۆخڵی خۆت .

زیته ، پێکەنینێکی بۆ کرد و بێئەوەی کۆڵبدات ، گوتی :

- بەڵام من خەڵکی جوان دەکەم ، ناشیرینیان ناکەم ، نابینی سواڵکەری بێعەیب ونوقستانی پولێکی قەڵب نایەنێ ؟ له کاتێکا ئەگەر کاریان له سەر بکرێ ، به قورسایی خۆیان زێڕ دێنن ؟ نرخی پیاو له خودی خۆیدایه نەک له ڕواڵەتیا ، بەڵام جەعدەی برامان نه خودی هەیه ونه ڕواڵەت .

ژنەی تاین ، به دەنگێکی پڕ له هەڕ وگیڤ بۆڵاندی :

- دیسان باتدایەوه سەر ئەم قسەیه .

زیته ، خۆی له گێلی دا و هەڕەشەکەی بەهەند وەرنەگرت و له دەرگایەکی دیکەوه بۆی هاتەوه وگوتی :

- وێڕای ئەمەش ، هەموو مشتەرییەکانم دەرۆزەکەری پیشەیین . دەتەوێ چییان لێبکەم ؟ دەتەوێ جوانیان بکەم و له تەلیان بدەم و بەرەڵڵای ناو ڕێگاو بانیان بکەم تا دڵی خێرومەندان به دەستبێنن ؟!

- عەجەب شەیتانێکی ! زمان شەیتان و ، ڕوخسار هەر شەیتان .

زیته ئاهێکی هەڵکێشا و به مەلوولی ولاره ملیەوه گوتی :

- وێڕای ئەمەش ، ڕۆژێک له ڕۆژان پاشایەک بووم بۆ خۆم...

ژنه سەرێکی لەقاند و به تەوەسەوه گوتی :

- پاشای شەیتان وجنۆکان ؟

زیته ، به هەمان لارەملییەوه گوتی :

- نه پاشای به شەران . هەریەکێک لە ئێمە بگری دنیا وەکو پاشایەک پێشوازی دەکات ، پاشان لێمان دەبێ بە دۆزەخ . ئەمە کەڵەکێکی حەکیمانەی ژیانە کە لە ئێمە دەکرێ . دەنا ئەگەر لە هەوەڵەوە ئاگاداری بکردینایەوە کە چ داوێکی بۆ ناوینەتەوە ، لە ڕەحمی دایکمان نەدەهاتینە دەرەوە .

- بە چاوەوە نەبی ... شازادە !

زیتە ، بە جۆش و خرۆش و خۆشییەوە لە سەری ڕۆیی :

- ئیدی بەو جۆرە ڕۆژێ لە ڕۆژان ، نۆزایەکی بەختەوەر بووم و باوەشان بە شادییەوە قۆستومیانەتەوە و بە میهرەبانی دەوریان داوم ، ئێستا هیچ گومانێک ما کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پاشایەک بووم بۆ خۆم ؟

- هەرگیز سەروەرم ...

گەرمی قسەکان و لەزەتی ئومێد ، زیتەیان مەست کردبوو ، ودیسان لە سەری ڕۆیی :

- لە دایکبوونی من بوو بە خێر و بەرەکەت ، چونکە داک و باوکم دوو گەدای پیشەیی بوون ، منداڵێکیان بە کرێ گرتبوو، دایکم لە باوەشی دەگرت و بە دوو قۆڵی دەرۆیشتن و سواڵیان پێوە دەکرد . بەڵام کاتێ خودا منی پێیان بەخشی ، ئیدی پێویستیان بە منداڵی خەڵکی نەما و زۆر دڵیان بە من خۆش بوو .

حوسنیەی نانەوا ، خۆی پێ زەوت نەکرا و لەقاقای پێکەنینی دا . زیتە گەرم بوو ، لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو .

- ئاە کە بیرەوەری منداڵی خۆشە ، ئێستاش لە بیرمە چ ئابخانەیەکم لە سەر شۆستەکە هەبوو . بە چوار چنگۆڵە ، بە گاگۆڵکێ دەرۆیشتم تا دەگەیمە قەراخ ئەو شۆستەیەی کە دەیڕوانیە سەر ڕێگاکە ، لە ژێر ئەو شوێنەدا چاڵێک هەبوو ئاوی باران و زێرابی تیا دەپەنگایەوە ، ژێرەکەی قوڕاو بوو ، سەرەکەی یەکپارچە مێش بوو کە بە گیزە گیز بە سەریا دەخولانەوە . ئەوەندە زڕ و زبڵ لە قەراخەکانی کەڵەکە بوو بوو ، کە دیمەنێکی ئەفسووناوی پێدەبەخشی . ئاوەکەی قوڕاوی بوو ، قەراخەکەی جۆرەها زڕ و زبڵ دەوری دابوو : تەماتەی ڕزیو ، توێکڵە پەتاتە و کاغەز و قوڕ و ، مێش و مەگەز بە سەریا دەسووڕانەوە و دەکەوتنە ناوییەوە ، پێڵوەکانم ئەوەندەیان مێش بە سەرەوە نیشتبووەوە، بە زەحمەت هەڵدەهاتن ، چاوم دەبڕییە ئەو هاوینە هەوارە خۆشە و بەقەد دنیا دڵم خۆش دەبوو .

حوسنیە بە تەوەسەوە گوتی :

- خۆشی لە خۆت ... خەنی لە خۆت ...

زیته ، بەو قسەیە لە خۆشیا نقوم بوو ، چەشە بوو وگوتی :

– ئەمە نهێنی وڕازی دڵبەندی منە بەو شتەوە کە بە نەهەق پێیدەڵێن پۆخڵەوات.ئیدی ئینسان

وا دروستبووە کە دەگەڵ هەرشتێکا ، چەندیش سەیر وغەریب بێ ، ڕابێت و هەڵبکات . بۆیە زۆر دەترسم تۆش لە گەڵ ئەم حەیوانەدا ڕابێی .

– دیسان هاتیتەوە سەر ئەم قسەیە ؟

زیتە ، کە شەهوەت و ئارەزوو کوێری کردبوو ، گوتی :

– هەڵبەتە ، پیاو نابێ لە هەق لابدات و نکۆڵی لە هەق بکات ...

– وا دیارە تۆ خەڵوەت نشینیت لە دنیادا هەڵبژاردووە ...

– وەکو پێم گوتیت ، لە منداڵیدا ، تامی بەختەوەریم چەشتووە .

ئەوسا بە دەست ئاماژەی بۆ ئەو زبڵدانە کرد کە تیای دەژیا و ، لە سەری ڕۆیی :

– دڵم پێم دەڵێ ، کە بەختەوەرییەکی دیکەم لە چارە نووسراوە ، کە جارێکی دی لەم ماوەیەدا ، پێی دەگەم و تامی دەچەژم .

و بەسەر ئاماژەی بۆ ناوەوە کرد ، وەکو ئەوەی بە ئەو بڵێ :

" وەرە با وەژوور بکەوین " . ژنە تووڕە بوو ، لە گۆساخی و بێ شەرمی زیتە ، دەهری بوو ، هاواری بە سەریا کرد :

– ئاگات لە دەمت بێ ... شەیتانی لە شەیتان بوو .

کابرا ، بە دەنگێکی لەرزۆک پرسی :– چاوەڕوانی چی لە شەیتان دەکرێ ؟

– ئەگەر ئێسک وپروسکت ورد و خاش بکەم ؟

– کێ دەزانێ لەوەیە لەزەت لەوەش وەربگرم ...

کابرا ، لە ناکاوا هەستا ، چەند هەنگاوێک چووە دواوە ، پێی وابوو بە ئارەزووی خۆی گەییوە و ، وەستا حوسنیە ڕام بووە و هاتووەتە ڕەدا . جۆرە شێتاتیەک گرتوویەتی و بە ئاشکرا دەلەرزێ . چاوانی بەو پەڕی گۆساخی و حەیوانەتیەوە بڕی بووە چاوانی ژنە . هەنگێ لە ناکاوا دەستی بۆ دیزداشەکەی خۆی برد و بە پەلە دایکەند و خۆی ڕووت و قووت کردەوە . وەستا حوسنیە بۆ ساتێک حەپەسا ، ئەوسا دەستی بۆ گۆزەیەکی نزیکی خۆی برد ، هەڵیگرت و تاهێز لە بازوویدا بوو خێواندییە زیتە . ڕێک بەر سکی کەوت و بۆڕەیەکی توندی لێهەستا و تەختی ئەرزەکە بوو و ، کەوتە هەڵپلکان .

( ١٧ )

کاتێ داکی حەمیدە ، بۆ کڕینی پێویستیەکانی هات ، جەنابی سەلیم عەلوان وەکو هەمیشە لە پشت مێزەکەیەوە ، لە کاروانسەراکەدا (فرۆشگا ) دانیشتبوو . هەر جارێ داکی حەمیدە بهاتبایە ، جەنابی سەلیم عەلوان بە ڕووخۆشی پێشوازی دەکرد ، بەڵام ئەمجارە ، هەر بەوەندەوە نەوەستا و خوڵکی کرد لە سەر کورسییەکی نزیک خۆیەوە دانیشێت و یەکێک لە کرێکارەکانی ڕاسپارد ، پێداویستیەکانی بۆ ئامادە بکات .

داکی حەمیدە ، ئەم بەرخورد و مامەڵەیەی لە گیان خۆشبوو و سوپاسی کرد و دوعای خێری بۆ کرد . هەڵبەتە ئەم مجامەلە و ڕووخۆشییەی لە خۆڕایی وبێ سڕ نەبوو ، ئەم ماستە موویەکی تیابوو ، جەنابی عەلوان بڕیارێکی دابوو و پەشیمان بوونەوەی تیا نە بوو . چونکە زەحمەتە پیاو بتوانێ بە نیگەرانی و دوودڵی و شەیدایی و بێ قەراری بژی . بۆ کەسێکی وەکو ئەو زۆر زەحمەت بوو کە ببینێ ، هەوری کێشە وگرفتان بەری ئاسمانی ژیانی گرتووە و ، دەستەو ئەژنۆ دانیشێت و هیچ هەوڵێک بۆ ڕەواندنەوەی هەوری ئەو کێشانە نەدات . نیگەرانی کوڕەکانی لێ شاراوە نەبوو ، نەیدەزانی ئەو هەموو سەروەت وسامانەی کەی بەکاری دێ ، بە تایبەتی دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لەگینە دوای جەنگ بەهای شتان دابەزێ . پایەی بەگایەتیەکەش ، هەرچەندە وای دادەنا کە یەکلایی کردووەتەوە و لە مێشکی خۆی سڕیوەتەوە ، لێ هەر سا نا ساتێ وەکو کۆنە برینان دەهاتەوە سوێ و ئازاری دەدا . هەروەها خەمی پیر بوون و پووکانەوەی گەنجاتی ژنەکەشی لەو لاوە بوەستێ . لە هەموو ئەمانەش ناخۆشتر ، ئەو ئاگری سۆز و ئەشقە بوو کە تەواو دەردی گران کرد بوو و پێوەی دەناڵی ، لە نێو ئەم هەموو کێشە وخەم و پەژارەیەدا ، حایر و سەرگەردان مابوو . نەیدەزانی دەست بە چارەسەری کامیان بکات . بەڵام ، نا ئاگایانە بە گەڵ ڕەوتی هەوا و هەوەسی خۆی کەوت ، لێبڕا جارێ ئەم سۆزە تۆسن و سەرکێشە دابمرکێنێتەوە ، و بە ڕادەیەک جەختی لێی کردەوە ، وەکو ئەوەی ئەگەر ئەم خەمەی چارە سەر بوو ، ئیدی هەموو خەمەکانی دیکەی خۆ بە خۆ چارەسەر ببن . بەڵام لە ئاکام و ئاقیبەتی ئەم کارە غافڵ نەبوو ، چاک دەیزانی چارەسەر و حەلی ئەم کێشەیە ، کێشەی تازەی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە ، کە هیچی لە کێشەکانی پێشوو کەمتر نابێ ئەگەر زیاتر نەبێ . بەڵام هەوا و هەوەس بەجۆرێ لە

کەللەی دابوو و ، هۆش و گۆشی بردبوو و ئیرادەی زەوت کرد بوو ، هەموو لەمپەڕ و کۆسپەکانی بەردەم خەونەکانی بە بچووک دەزانی . بە بێزارییەوە بە خۆی گوت : " کاری هاوسەرەکەم وەکو ژن و ژنایەتی تەواو بووە . منیش لەو پیاوانە نیم کە بەم تەمەنەوە ڕوو بکەمە هەرزەیی و بەد ڕەوشتی ، هەقیش نییە خۆم بە خەم و عەزابەوە بکوژم . خودا کە ئاسانکاری بۆ کردووین ، بۆچی ئێمە سەختگیری دەرهەق بە خۆمان بکەین ؟! بەمجۆرە گەیی بووە ئەنجامگیرییەکی یەکجارەکی و بنجبڕ و لێبڕابوو بە کەیفی دڵی خۆی بکات و ئەو ئارەزووەی سەرکوت نەکات . لەم پێوەدانگەوە داکی حەمیدەی خوڵک کرد کە لە سەر کورسییەکەی تەنیشت خۆیەوە دانیشێت ، تا بە عەزمی جەزمەوە ، دەربارەی مەسەلەیەکی زۆر گرینگ و هەستیار قسەی لە گەڵدا بکات . جەنابی عەلوان ، لە هەوەڵەوە کەمێک ترسا ، سڵەمییەوە . نەک لە بەر ئەوەی کەوتبێتە دوو دڵییەوە ، بەڵکو لە بەر ئەوەی بەلایەوە زەحمەت بوو ، بە کەڕەتێ لەو پایە بەرزەی خۆی بێتە خوارەوە ، بۆ ئاستی ژنێکی وەکو داکی حەمیدە . بە ڕێکەوت لەم کاتەدا ، کرێکارێک بە ( سینیە فریک= ژەمە گۆشت و قەرەخەرمانە ) ە بە نێوبانگەکەوە وەژوور کەوت ، دایکی حەمیدە کە چاوی پێکەوت ، نیمچە بزەیەکی بە ماناوەی بۆ کرد ، بەڵام جەنابی عەلوان خۆی لە گێلی دا و ، بزەکەی داکی حەمیدەی بە هەند وەرنەگرت ، ئەم هەلەی قۆستەوە و کردی بە هەنجەتێک بۆ کردنەوەی قسان . لاف و گەزاف و سەروەری و ویقاری خۆی فەرامۆشکرد ، بە نیمچە بێزارییەکەوە گوتی :

- دەزانی ئەم خواردنە زۆر ناڕەحەتم دەکات !

داکی حەمیدە لەوە ترسا کە نەبا بزەکەی ئەمی دیتبێ ، بۆیە بلەز گوتی :

- بۆ چی ؟ ... بەڵا دوور ...

عەلوان بە هەمان تۆن گوتی :- کێشەم بۆ دروست دەکات ...

ژنە کە لە مەبەستی حاڵی نەبوو بوو ، پرسی :- بۆچی جەنابی بەگ ؟

جەنابی سەلیم عەلوان ، هێمن و دڵگەرم وەکو خوازگارێک گوتی :

- لایەنەکەی دیکە بەمە ڕازی نابێ ...

داکی حەمیدە ، سەری سوڕما ، ئەوەی بیر کەوتەوە کە چۆن خەڵکی کۆڵانەکە ، دەمیان بۆ پارووییەکی ئەم خواردنە ئاو دەکات و ئەم ژنە خواناسەش پێی ڕازی نابێت . ژنە لە دڵی خۆیدا گوتی : "خوا گوێز دەداتە خەڵکی بێ ددان " . ئەوجا بزەیەکی کرد و ، گۆساخانە گوتی :

- ئەمە شتێکی سەیرە !!

عەلوان ، بە کەسەرەوە سەری لەقاند . ژنەکەی لە هەوەڵی گەنجییەوە ، حەزی لەم خواردنە نە دەکرد ، چ جای ئێستا کە تەمەنی هەڵکشابوو . تەبیعەتێکی ساغڵەمی هەبوو ، ڕقی لە شتی نا تەبیعی بوو ، هیچ لادانێکی لە تەبیعەت لاپەسەند نەبوو . بەڵام کە ئەو حاڵەی ، کە بە زوڵمی دەزانی ، لەبەر خاتر و بەختەوەری مێردە پڕخۆر و نەوسنەکەی قەبووڵ کرد بوو ، وێڕای ئەمەش ، هەمیشە مێردەکەی ئاگادار دەکردەوە کە لە سەری بەردەوام نەبێت . لەوە دەترسا خەتەری بۆ سیحەتی هەبێت . کاتێ کە تەمەنی هەڵکشا ، کاسەی سەبری سەر ڕێژ بوو ، سەبارەت بە مەسەلەکە هەستیارتر بوو و ناڕەزایەتیەکەی ئاشکراتر بوو ، تەنانەت وای لێهات ماڵی بەجێدەهێشت . هەڵبەتە بە ڕواڵەت بە بیانووی سەردانی ماڵی کوڕەکانی ، بەڵام لە ڕاستیا بە مەبەستی خۆدزینەوە بوو . جەنابی عەلوان ئەمەی زۆر لە بەر گران بوو ، گلەیی ئەوەی دەکرد کە ژنەکەی تڵپی تەڕی تیا نەماوە ، خۆشی وشادی جارانیان دایە کزی و ژیانیان ناخۆش بوو ، بێئەوەی پیاوە واز لە هەوا و هەوەسی خۆی بێنێ یان سستی ژنەکەی مدارا بکات . جا بۆ ئەوەی بیانوو بۆ هەوا و هەوەسی دڵ و ژن هێنانەوەی خۆی بێنێتەوە ، گلەیی لە ساردی و سستی ژنەکەی دەکرد .

ئاغا بە کەسەرەوە سەری لەقاند و بە زمانێک کە خەڵکانی وەکو داکی حەمیدە ، تێی بگەن ، گوتی :- ئاگادارم کردووەتەوە کە ژن دێنم ... و بە ئومێدی خوا ئەم کارە هەر دەکەم ...

ئەم قسانە سەرنجی ژنەیان ڕاکێشا ، یەکسەر غەریزەی سەواو مامەڵەی جووڵا ، وەکو بازرگانێک کە مشتەرییەکی دەگمەن و چەوری بۆ هەڵکەوتبێ ، بە چاوی مشتەرییەوە سەیری کرد و پاشان بە کەمێک دوودڵییەوە گوتی :- کار گەییوەتە ئەم ڕادەیە قوربان ؟

کابرا ، بە ڕوخسار و دەنگێکی جدییەوە گوتی :

- زۆر چاوەڕوانم کردیت ، زۆری نەما بوو لە دووت بنێرم ... تۆ ڕات چییە ، چی دەڵێی ؟

ژنەی تاین هەناسەیەکی هەڵکێشا ، شادییەکی کەم وێنە لە سەراپای نیشت . ئەوجا گوتی کە چووە خەنە بکڕێ ، گەنجی دۆزیوەتەوە . ئەوجا سەیرێکی کرد وگوتی :

*- قوربان کەسێکی وەکو جەنابت دنیا دێنێ ، پیاوانی وەکو تۆ دەگمەنن ، خەنی لەو کەسەی کە بە نەسیبی تۆ دەبێت ، من لە خزمەتتدام ، هەم کیژی عازەب دەناسم و هەم بێوەژن ، هەم گەنج و هەم ناقساڵ ، هەم هەژار و هەم دەوڵەمەند ، بە خۆت سەرپشک بەو هەڵبژێرە ...*

ئاغا ، سمێڵە ئەستوورەکانی بادا ، کەمێک شڵەژا ، ئەوجا سەری لە ژنە بردە پێشەوە ، بە دەم بزەیەکەوە و بە دەنگی نەوی گوتی :

– پێویست بەوە ناکات بگەڕێی و خۆت ماندوو بکەیت ، ئەوەی من بۆی دەگەڕێم لەماڵەکەی خۆتدایە

ژنە ، لە سەرسامیا چاوانی ئەبڵەق بوون ، نائاگایانە و لەبن لێوانەوە گوتی :– لە ماڵەکەی مندا !!

جەنابی عەلوان ، کە سەرسامی ژنەکە مەستی کردبوو ، گوتی :

– بەڵێ ، لە ماڵەکەی تۆدایە . لە گۆشت و خوێنی تۆیە . مەبەستم حەمیدەی کچتە ... !

ژنە گێژ بوو بوو و هەرچی دەکرد و دەکۆشا نەیدەتوانی باوەڕ بە گوێیەکانی خۆی بکات . هەڵبەتە دەیزانی — دیارە لە ڕێگەی خودی حەمیدەوە — کە ئاغا چاوی لە دووی حەمیدەیە و بۆ هەر کوێ دەڕوات ، بە چاو تاقیبی دەکات ، بەڵام تەمەشاکردن و چاو بازی شتێکە و خوازگاری و زەوجین شتێکی دیکەیە . ئاخر بە ئەقڵی کێدا دێت کە جەنابی سەلیم عەلوانی کاروانسەرادار ، خوازبێنی حەمیدە بکات ؟! ...

ژنە بە دەنگێکی پەشۆکاو گوتی :– ئێمە لە ڕێزەی جەنابتاندا نین قوربان !

کابرا ، بە میهرەبانی گوتی :

– تۆ بۆ خۆت خانمێکی باشیت ، منیش کیژەکەم دیتووە و بە دڵمە ، ئیدی ئەمە بەسە ، یانی ئەگەر کەسێک دەوڵەمەند نەبێ ، خەڵکی باش نییە ؟ من چ پێویستم بە ماڵی دنیایە ، زۆر لە پێویستی خۆم زیاترم هەیە !

داکی حەمیدە ، گوێی لە لای ئەو بوو ، بەڵام هێشتا هەر حایر و سەرسام دیار بوو . بەڵام لە ناکاوا شتێکی بیرکەوتەوە کە تا ئەم ساتە ، هەر لە بیری نەبوو . بیری کەوتەوە کە حەمیدە خوازگاری کراوە . ئاهێکی ساردی هەڵکێشا . ئاغا پرسی :– چییە !

ژنە ، بە پەشۆکاوی گوتی :

– خودایا ، بیرم چوو عەرزی جەنابتی بکەم کە حەمیدە نیشانەکراوە و دەزگیراندارە ! عەباس حلو بەر لەوەی سەفەری گرێ مەزن بکات ، هاتە خوازبێنی ... !

کابرا لە تووڕەییدا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا ، ئەوسا زۆر بە توندی ، وەکو ئەوەی ناوی مێروویەکی پیس ببات گوتی :– عەباس حلو ... !

ژنەی تاین ، دەسەپاچە بوو ، بە مینگە مینگ گوتی :

- خودایا ، خۆ فاتیحاشمان خوێند ، شەکراومان خواردەوە .

جەنابی سەلیم عەلوان ، چارەی دا بە یەکا وگوتی :- ئەو بەر بەرە سواڵکەرە ... !

داکی حەمیدە ، وەک ئەوەی بییەوێ عوزرخوایی بکات گوتی :

- گوتی پەیوەندی بە سوپاوە دەکات ، تا پارەیەک کۆبکاتەوە ، پاش ئەوەی فاتیحامان خوێند و شیرینیمان خواردەوە سەفەری کرد ...

کابرا ، کە بینی ، هاتووەتە ئاستی عەباس حلو ، هێندەی دی تووڕە بوو و بەتوندی گوتی :

- باشە ئەم کەرە پێی وایە سوپا تا سەر دەمێنێ ! لێ من پێم سەیرە چ شتێک بووەتە بایسی ئەوەی کە ئەم حیکایەتەت وەبیر بێتەوە !

ژنە بە داوای بوردنەوە گوتی :

- لە ناکاوا بیرم کەوتەوە ، هەر ئەوەبوو و هیچی دی . ئێمە ئەم شانازییە گەورەیەمان بە خەونیش نە دەبینی ، بۆیە پێویستی نە دەکرد لەقە لە بەختی خۆمان بدەین و دەست بە ڕوویەوە بنەین ! زۆر داوای بوردن دەکەم قوربان ، من چوزانم کەسێکی وەکو تۆ دێتە پێشەوە ، ئەم شەرەفە گەورەیەمان بە خەونیش نە دەبینی ، گلەییم لێمەکە . ئێستا دەڕۆم و یەکسەر دێمەوە . لێم تووڕە مەبە ، بۆچی خۆت بەمجۆرە ناڕەحەت دەکەیت ؟

سەلیم عەلوان ، ڕووی گەشایەوە ، بۆی دەرکەوت کە زیاد لە پێویست توورە بووە ، وەکو ئەوەی عەباس حلو دەرهەق بەو زێدەگاڤی و نەهەقی کردبێت نەک بە پێچەوانەوە ، لێ گوتی :

- نە هەقمە تووڕە بم ؟

لە ناکاوا بێدەنگ بوو ، وەکو ئەوەی شتێکی ناخۆشی بیر کەوتبێتەوە ، چارەی دا بە یەکدا و بە بێزارییەوە لە ژنەی پرسی :

- کچەکەش قاییل بووە ؟ مەبەستم ئەمەیە کە عەباسی دەوێ ؟

ژنەی تاین ، بە هەشتاو گوتی :

- کیژەکەم هەقی بە سەرەوە نییە ، مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نییە ! مەسەلەکە ئەوە بوو ڕۆژێک عەباس لە گەڵ هاپۆ کامیلدا هاتنە لای من وباسی مەسەلەکەمان کرد و پاشان فاتیحامان خوێند و تەواو .

سەلیم گوتی :

- بە خوا ئەم گەنجانە کاری سەیر دەکەن ! نان نییە بیخۆن ، کەچی هیچ بە لایانەوە گرنگ نییە ژن بێنن ومنداڵ بخەنەوە و بیانخەنە سەر جادە و لە زبڵدانەکاندا بۆ نان بگەڕێن . دەبێ ئەم چیرۆکە لە بیر بکەین .

- تەگبیرێکی زۆر چاکە قوربان . ئێستا دەڕۆم و بلەز دەگەڕێمەوە ، خوا گەورەیە .

ژنە هەستایە سەر پێیان ، دانەوییەوە دەستی عەلوان ماچ بکات . ئەوسا بە ستە خەنەکەی ، کە کرێکارەکە لە سەرمێزەکە بۆی دانا بوو ، هەڵگرت و ڕۆیی ...

سەلیم عەلوان ، هێشتا هەر توورە بوو ، ڕوخساری گرژ ومۆن بوو ، نیگا تیژەکانی گڕیان لێ دەبووەوە . ساڵ ساڵی مەیموونە ، ئەمە هەوەڵیەتی داخۆ ئاخری چۆنە ! لە ڕیزی بەربەرێکی دادەنەن کە پولێکی قەڵپ نایەنێ . کەچی هەڤڕکی ئەم دەکات . بە بێزارییەوە تفێکی کردە ئەرزەکە ، وەکو ئەوەی تفەکە لە خودی عەباس حلو بکات . ئیدی بە خەیاڵ قسە وقسەلۆکی خەڵکی لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە ، ئیدی ئەم مەسەلەیەیان دەکردە بیانوو و بە کەیفی دڵی خۆیان گاڵتەیان پێدەکرد ، تەشەریان لێدەدا ، بە خەیاڵ ژنەکەی دنیایە بەر چاوی خۆی ، کە تانەی لێدەدا و دەیگوت کە کیژی ژنێکی شانەکاری ( بووک جوانکەر ) لە بابایەکی بەربەری کۆڵانی میدەق ڕفاندووە ! بەڵێ ژنەکەی ئەو قسەیە دەکات و زیاتریش ، هەر بەوەوە ناوەستێ بەڵکو هەڕەشەش دەکات ، ئیدی هەر کەسەو قسەیەک دەکات ودەبێ بە بنێشتەخۆشەی ژێر ددانان ، هەر هەموو ئەم قسە و قسەلۆکانە دەگەنەوە کوڕ وکچ و دۆست و دژمنەکانی . بیری لە هەموو ئەوشتانە کردەوە، بەڵام قەت ئەوەی بە بیرا نە دەهات ، لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان ببێتەوە . شەڕەکە پێش ئەمڕۆ تەواو بوو بوو . بۆیە دەبوو تا زووە ناوی خوای لێبێنێ . بە خەیاڵی ئاسوودە کەوتە بادانی سمێڵە ئەستوورەکانی . ئارەزوویەکی تۆسن و سەرکێش ، هەوسار پچڕیو ، لە ناخەوە هانیدەدا و مەسەلەی ناڕەزایی و قسەو قسەلۆکانی لە لا ئاسان دەکرد ، چما خەڵکی پێش ئەمەش لێیان نە دەخوێند ؟ ئەدی سینییە فریکەکەیان نە کردبوو بە داستانی سەرزاران و دەماو دەم نەیان دەگێڕایەوە ؟ خەڵکی چ دەڵێن با بیڵێن ، ئەم کاری خۆی دەکات و هەر هەمان سەروەرەکەی جاران دەبێ و ، کە بە نێو خەڵکیدا بڕوات ، هەموو ئیکلامی بۆ دەکەن . سەبارەت بە خانەوادەکەشی ، ئەوەندەی سەروەت و سامان هەیە کە هەر هەموویان ڕازی بکات ، هەموو مەسرەفێکی ژن هێنانی تازەی ، ئەوەندەی پایەی بەگایەتیەکەی ، ئەگەر سوور بوایە لە سەری تێناچێت . توورەییەکەی دامرکایەوە ، و ڕووی گەشایەوە و زۆر زوو بەم بیرکردنەوەیەی خۆی ئاسوو دەبوو . دەبێ هەمیشە

ئەوەی لە بیر بێ کە ئینسان لەخوێن وگۆشتە . دەنا نە هەقی لە خۆی دەکات ، خۆی وەکو پارووپەکی بەلەزەت ، دەرخواردی خەم و پەژارە دەدات . سوودی سەروەت وسامانەکەی چییە ، ئەگەر کامی دڵی خۆی پێ نەشکێنێ و بە عەزرەتەوە بژی ؟! یان دڵی بە تاسەی جەستەیەکی بەشەرییەوە بسووتێ کە ئامادەیەکی ئەمی بەسە ؟!

( ١٨ )

داکی حەمیدە بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە شوقەکەی . لەو ماوە کورتەی نێوان شوقەکە و کاروانسەراکەدا ، هەزار و یەک خەون و خەیاڵ بە مێشکیا هات . حەمیدەی بینی کە لەناوەندی ژوورەکەدا وەستابوو و قژی شانە دەکرد ، بە کونجکاویەوە لێی ڕوانی ، دەتگوت یەکەمجارە دەیبینێ . دەتگوت سەیری ئەو مێچکەیە دەکات کە کابرایەکی بە ویقاری وەکو سەلیم عەلوانی بەو تەمەن و سەروەت وسامانەوە شەیدای خۆی کردووە . هەستێکی وەکو حەسوودی بە سەر ژنەدا زاڵ بوو بوو . قەناعەتی وابوو کە کیژێ لەم زەماوەندەدا هەر قروشێکی دەست بکەوێ ،بێگومان نیوەی بۆ ئەم دەبێت.. و هەر نیعمەتێکی دەستبکەوێت، بەشی ئەمیشی تیا دەبێ . بەڵام وێڕای ئەمەش ، هەستێکی سەیر ونامۆ ئاوێتەی هیوا و شادییەکانی دەبوو و نیگەرانی دەکرد ! بە خۆی گوت :" یانی ڕۆژگار وقەدەر ئەم خۆشی وشادییە بە کیژێک ڕادەبینێ کە نە داکی بە خۆوە دیتوە نە باب ! " . بە سەرسامی لە خۆی پرسی :" باشە ئاغا گوێی لە دەنگە ترسناک و ناسازەکەی نەبووە کە چۆن بە گژ هاوسێکانا چووە و بە سەریاندا شیڕاندوویەتی ؟ یانی هیچ یەکێک لە شەڕەکانی نە دیتووە ؟ وای بە حاڵی پیاوی داماو کە ئەوندە ئەسیر ودیلی ژنن ! " ئەوسا بە بێ ئەوەی چاوی لێبگوازێتەوە گوتی :

– بە قەبری ئیمامزادە حوسەین ، لە شەوی قەدرا لە دایکبووی !

حەمیدە ، دەستی لە شانەکردنی قژە ڕەشە ڕەخشانەکەی هەڵگرت و بە پێکەنینەوە پرسی :

– بۆچی ؟ هیچ بووە ؟ هەواڵێکی تازەت پێیە ؟!

ژنە ، عەباکەی لە سەری داکەند و خستیە سەر قەنەفەکە ، ئەوسا چاوی بڕییە ڕوخساری کیژێ ، تا گاریگەری قسەکانی لە ڕوخساریا بخوێنێتەوە و ، بە ئارامی گوتی :

– زاوایەکی تازە ! خوازگارێکی تازە !

چاوە ڕەشەکانی حەمیدە ، پرشنگیان دا ، کونجکاوی و سەرسامیان لێ بە دەرکەوت وپرسی :

– بە ڕاستتە ؟

- خوازگارێکی پایە بەرزی ئەوتۆ بە خەونیش بتدیتبا باوەڕت نەدەکرد کچی سەگ ...

دڵی حەمیدە ، بە توندی کەوتە لێدان . چاوانی بە جۆرێ پرشنگیان دا کە تەواو ئەبڵەق بوون ، پرسی :- کێیە ؟

- هەڵیبێنە !

کچە ، بە دەم هەڵچوونەوە ولە هزری خۆیدا بۆی دەگەڕا و دیسان پرسی :- کێیە ؟

داکی حەمیدە ، بە دەم سەر لەقاندن و برۆ جوڵاندنەوە گوتی :

- جەنابی سەلیم عەلوان ، لە سەر ئاو و ئاگرە !

کیژێ بە جۆرێ شانەکەی لە دەستیا گوشی ، خەریک بوو ددانەکانی لە ناو لەپی بچەقن و بە دەنگی بەرز گوتی :

- سەلیم عەلوانی ، کاروانسەرادار ؟!

- کاروانسەرادارەکە، خاوەنی ئەو سەروەت و سامانەی کە دنیا نایگرێت !

ڕوخساری کیژێ ڕووناک بووەوە ، بە ڕادەیەک دڵخۆش و شاد بوو کە نەیدەزانی چ بڵێ ، لەبن لێوانەوە گوتی :- کە خەبەرێکی ناخۆشە !

- کە خەبەرێکی خۆشە ، خۆش وەکو ماست و کەرە ، ئەگەر بە خۆم گوێم لێی نەبوایە باوەڕم نە دەکرد .

کیژێ ، شانەکانی لە قژەکەی چەقاند و بە هەشتاو بۆ لای داکی چوو و لە لایەوە دانیشت و شانەکانی گرت و تەکانی داو پرسی :

- چی پێگوتیت ؟ بە وردی بۆم بگێڕەوە ... و شە بە وشە بۆمی بگێڕەوە .

هەموو هۆش و گۆشی دابووە ژنە ، کە حاڵ و حیکایەتەکەی دەگێڕایەوە . دڵی بە توندی لێی دەدا . ڕوخساری گەشایەوە ، چاوەکانی پرشنگی خۆشی و شادییان دەدا . ئەمە هەمان ئەو سەروەت وسامانەیە کە خەونی پێوە دەدیت . ئەمە ئەو شۆرەت و ناوبانگەیە کە ئارەزووی دەکرد . ماڵدۆستی و شۆرەت ودەسەڵاتی لێ بوو بوو بە نەخۆشی . ئایا جگە لە سەروەت و سامان هیچ شتێکی دیکە شفای دەدا ، تێری دەکرد ؟! هیچ دەرمانێکی ، بۆ ئەو تاسە و کەڵکەڵە بە سۆییەی کە لە ناخیا بڵێسەی دەسەند ، بەدی نەدەکرد ، تەنیا سەروەت و سامان نەبێت . سەروەت و سامان ، شۆرەتە ، هێزە ، شادمانی تەواوە ، ئەوەتا بە پیرییەوە هاتووە ، لەم شادمانیە کوت و پڕەدا

ڕێک لە جەنگاوەرێکی بێ چەک دەچوو ، کە لەو پەڕی تەنگانەدا بە ڕێکەوت ، چەکێکی زۆر کاریگەر و کارای دەست کەوتبێ . لە باڵندەیەکی باڵکراو دەچوو کە ، هەموو هەوڵێکی فڕینی بە ناکامی شکابێتەوە و لەو پەڕی نائومێدی دا و ، لە ناکاوا ، بە پەرجوویەکی باوەڕ نەکردەنی پەڕ وباڵی لێ ڕوابێتەوە و بەرەو لوتکەی چیایان لە شەقەی باڵی دابێت . دایکی کە ژێرا و ژێر تەمەشای دەکرد ، لێی پرسی :

- چ دەڵێی ؟

داکی حەمیدە ڕەئی حەمیدەی نەدەزانی ، بەڵام قۆڵی لێ هەڵماڵی بوو و خۆی ئامادە کرد بوو کە ڕەئی کیژێ هەرچییەک بێ ، بە گژیا بچێتەوە . یانی گەر کیژێ گوتی ئاغا سەلیم ، ئەم بڵێ ئەدی حلو ؟ ئەگەر کیژێ گوتی حلو ، ئەم بڵێت ئەدی ئاغا سەلیم بەو ئاسانیە لە دەست بدەین ؟ بەڵام حەمیدە ، بە حایرمانەوە گوتی :- چی دەڵێم ؟!

- بەڵێ چی دەڵێی ، کارەکەش ئەوەندە ئاسان نییە وەکو وێنا دەکرێ ، ئەوەشت لە بیر بێ کە تۆ قەولت بە حلو داوە و بۆ ئەو نیشانە کراوی و ... من فاتیحام لە گەڵ حلودا خوێندووە ؟

نیگایەکی توند لە چاوەکانی کیژێدا ، پرشنگی دا ، کە جوانیەکەی شاردەوە ، بە نیگەرانی وبێزارییەوە گوتی :- حلو !!

داکی حەمیدە ، سەری لە حەمیدە سوڕما کە چۆن بەو پەلە پەلە بڕیاری لە سەر کارێکی وا هەستیار وترسناک دا ، وەکو ئەوەی حلو ، لە بنی نەبوو بێ ، هەمان هزرە کۆنەکەی لە لا زندوو بووەوە کە کچەکەی ، کەسێکی ئاوارتەی ترسناکە ، ئەوەی ڕاستی بێ ژنەی تاین گومانی لەم ئەنجامە بێ چەند وچوونە نەبوو ، بەڵام دەیویست ، دوای وردکردنەوە و گفت وگۆ بەو ئەنجامە بگات . حەزی دەکرد کیژێ بە ئاسانی مل نەدات و بیانوو بگرێت و ئەم هەوڵبدات قەناعەتی پێبکات و بیهێنێتە ڕەدا ، نەک بەو قێزو بێزەوە ناوی حلو بێنێ . بۆیە بە دەنگێکی گازندە ئامێزەوە لە سەری ڕۆیی وگوتی :

- بەڵێ ، حلو ... گوایە لە بیرت چوو کە دەزگیرانی تۆیە ؟!

نە ، لە بیری نە چوو بوو ، بەڵام لە بیرکردن و لە بیر نەکردنی ئەو چ فەرقێکی دەکرد ؟ ئایا دایکی بە ڕاستی ناڕازی بوو ؟ ... نیگایەکی وردی دایکی کرد ، دڵنیا بوو کە ئەو گازندەیەی بە ڕاست نییە . بە بێموبالاتی شانەکانی هەڵتەکاند و بەو پەڕی قێز وبێزەوە گوتی :- وەناقم لێی دا ...

- خەڵکی چیمان پێدەڵێن ؟

- چی دەڵێن با بیلێن ...

- کەواتە دەچم شیرەت بە جەنابی سەید ڕەزوان حوسەینی دەکەم .

کیژێ ، کە گوێی لەم ناوە بوو ، ڕاچڵەکی و بەر پەرچی دایەوە وگوتی :

- ئەو هەقی چیە بە سەرەوە ، ئەمە کارێکە کە تەنیا پەیوەندی بە منەوە هەیە .

- ئێمە خانەوادەیەکین پیاومان نییە ، پیاوی ئێمە ئەوە ...

ژنەی تاین ، لەوەی پتر چاوەڕوانی نەکرد ، هەستا ، عەباکەی بە سەریا دا و لە ژوورەکە وەدەرکەوت و بە دەم دەرچوونەوە گوتی : " دەچم شیرەتی پێدەکەم و خێرا دەگەڕێمەوە " .

کیژێ ، نیگایەکی تووڕەیی بە گەڵ خست . ئەوسا بیری کەوتەوە کە شانەکردنی قژەکەی تەواو نەکردووە . بە شێوەیەکی میکانیکی کەوتە شانەکردنی قژەکەی و چاوانی بڕی بوونە دنیای خەونە ڕەنگینەکانی . ئەوسا هەستا ، بە لەنجەو لار لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە ، لە پەنجەرەکەوە نزیکەی یەک دانە سەعات تەمەشای کاروانسەرا گەورەکەی کرد و پاشان بۆ شوێنەکەی خۆی گەڕایەوە .

بادانەوەکەی حەمیدە و ساردبوونەوەی لە عەباس حلو ، وەکو داکی حەمیدە وێنای دەکرد ، بێ پیشێنە وکوت و پڕ نەبوو . بەڵێ سەردەمانێ وای وێناندەکرد ، کە بە — حوسن و ڕەزای خۆی — چارەنووسی خۆی بۆ هەمیشە بە چارەنووسی عەباسەوە گرێداوە ، بە ئەشق و ڤیانەوە ماچی دابویە و بە جۆرێ لە گەڵیا کەوتبووە باسی ئایندە وەک ئەوەی یەک ئایندەیان هەبێ ، بەڵێنی دابوویە کە بچێتە نزرگەی ئیمامزادە حوسەین و دوعای بۆ بکات و هەر بەڕاستیش چوو بووە سەر گۆڕەکەی ئیمامزادە ودوعاشی بۆ کرد بوو کە سەری بخات و بە یەک بگەن و ئارەزوومەندانە چاوەڕوانی ئەم شادمانیە شیرینەی دەکرد . جگە لەمانە حلو بوو بووە بایسی ئەوەی حەمیدە لە کیژێکی ئاساییەوە ببێت بە کیژێکی دەزگیراندار . ئیدی داکی حوسەین نەیدەتوانی زوڵفی خۆی بگرێت و بە تانە و تەشەرەوە پێی بڵێت : " ئەمە دەبڕم ، ئەگەر کەسێک هەبێ تۆ بخوازێ " . کیژێ وەکو ئەوە بوو لە قەراخ گڕکاندا بخەوێ . هەر لە هەوەڵەوە هەستی بە ئاسوودەیی نەکرد بوو . نیگەرانییەک لە ناخیا پەنگابووەوە و ئازاری دەدا . ڕاستە عەباس حلو دەیتوانی ببێ بە توێشوویەک بۆ خۆزیا و بەرزە فڕییەکانی ، بەڵام عەباس حلو ، ئەو پیاوە نەبوو کە خەونی پێوە دەبینی . لە یەکەم دیداریانەوە ، تیا مابوو و دوودڵ بوو کە چ بڕیارێک بدات . واتە جۆرە ترس و دوودڵییەکی لە لا هەبوو ، بەڵام نەیدەویست بێهیچ بەرەنگارییەک ڕادەستی ترس و دوودڵییەکانی خۆی ببێت ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت ڕەنگە معاشەرەت و هەڤنشینی زەمینەی ژیانێکی ئەوتۆی بۆ خۆشبکات و بسازێنێ کە

خەونەکانی تیا بەدی بێن . هەڵبەتە دەستبەرداری هزرین و بیرکردنەوە نەبوو . بیرکردنەوەش دوو دەمی هەیە ، لە خۆی دەپرسی : ئەم شادییە کامەیە کە ئەم بە تەمایەتی ؟ ئایا لە خەون و خەیاڵەکانیا زێدەڕۆیی دەکات ؟ کوڕە دەڵێت بە دەستی پڕ دەگەڕێتەوە و لە ( موسکی ) دەلاکخانەیەک دەکاتەوە ، بەڵام ئاخۆ ئەمە، ژیانێکی باشتر لەم ژیانەی ئێستای بۆ دابین دەکات ؟ ئایا ئەوەی دەروونی شێتی ئەم داوای دەکات ، ئەمەیە ؟ ئەم بیرکردنەوە و هزرینە ، هێندەی دی حایری کرد و ئەو هەستەی لە لا ڕیشاژۆ کرد کە ئەم کوڕە ، پیاوی دڵخوازی ئەو نییە . گەییە ئەو ئەنجامگیرییەی کە بێزاری ئەم لەو کوڕە ، لەوە قوڵترە کە بە بەردەواماندنی معاشەرەت و هاونشینی ، بگۆڕێت و بسڕێتەوە . بەڵام چی بکات ؟ چاری چییە ؟ .. یانی تا ئەبەد هەڤبەندی ئەو بێ ؟ خودایا ، بۆچی وەکو هاوخوشکەکانی ، کیژە کرێکارەکان ، خۆی فێری پیشەیەک نەکرد ؟ خۆ ئەگەر پیشەیەکی هەبوایە ، دەیتوانی چاوەڕوان بکات ، تا بە دڵی خۆی شوو بکات ، یا بە یەکجارەکی چاو لە شووکردن بپۆشێت و لە دڵی خۆیی دەربکات ! ئیدی بەرە بەرە لە جۆشکەوت ، هەست و سۆزی دامرکایەوە ، گەڕایەوە ئەو سەردەمانەی کە هێشتا دیدارەکان بوونیان نە هێنابووە لەرزە و خولیا و ئارەزووان ، هیوا و ئومێدان تەفرەیان نەدابوو . ڕێک لەم حاڵ و بارەدا بوو کاتێ کە جەنابی سەلیم خوازگاری کرد . بۆیە بێهیچ دوو دڵییەک دەزگیرانەکەی ڕەفز کرد ، هەڵبەتە زۆر لەوە پێشتر ، ئەوی لە دڵی خۆی دەرکردبوو ...

دایکی زۆری پێنەچوو ، بە ڕوویەکی گەشەوە ، کە نیشانە و مۆرکی جدیەتی پێوە دیار بوو لە ماڵی سەید ڕەزوان گەڕایەوە و بە دەم داکەندنی عەباکەیەوە گوتی :

– سەید ، بە هیچ جۆرێ ڕازی نەبوو .

ئەوسا ، گفتوگۆیەکەی نێوان خۆی و سەید ڕەزوانی بۆ گێڕایەوە ، و بۆی باسکرد کە چۆن بەراوردی هەردوو پیاوەکەی کردبوو : حلو گەنجە و بەڕێز سەلیم پیرە . حلو لە چینی خۆیەتی و سەید سەلیم لە چینێکی دیکەیە ، و زەماوەند لە گەڵ پیاوێکی وەکو سەید سەلیمدا کۆمەڵێک کێشەی لێدەکەوێتەوە کە کەم و زۆر پریشکی کچەکەش دەگرێتەوە . ئەوەشی بۆ باسکرد کە چۆن کۆتایی بە قسەکەی هێناوە : "حلو کوڕێکی باش و پاکە ، لە پێناو ڕزق و ڕۆزی و بە ئومێدی ئەم زەماوەندە دەر بە دەربووە ، واتە پڕ بە پێستی کچەکەتە ، کەمێک سەبر بکە ، ئەگەر خوا نە خواستە بە دەستی خاڵی و بە ناکامی گەڕایەوە هەنگێ هەقی خۆتە ، بە کێی دەدەیت ، بیدەیت .

کیژێ بە دەم گوێگرتنەوە ، گڕ لە چاوانی دەبووەوە ، ئەوسا بە دەنگێکی وشک ، کە تووڕەیی هێندەی دی ناشیرینیەکەی زەق کردەوە ، گوتی :

- سەید ڕەزوان وەلییەکە لە وەلییانی خودا ، یان بەلای کەمەوە لە بەر چاوی خەڵکی وادەنوێنێ . گریمان بۆچوونیکی دەربڕی ، قسەیەکی کرد ، بەرژەوەندی کاری خەڵکی چ پەیوەندییەکی بە وەوە هەیە ؟ بەختەوەری یا بەد بەختی من ، کەم و زۆر نە خەمی ئەوە ، ڕەنگە خەمی ئەو فاتیحایەی بێ کە خوێندوومانە ، هەڵبەتە ئەمە بۆ پیاوێک کە دوو مەتر ڕدێنی هێشتووەتەوە ، پێویستە . تۆ پرسیاری زەماوەندی من لە سەید مەکە ، ئەگەر زۆر حەزتکرد ، پرسیاری ڕاڤەی ئایەتێک یا سوورەتێکی لێبکە ... بە زاتی خوا ئەگەر وەکو ئێوە خەیاڵ دەکەن پیاوێکی باش و پاک بوایە خودا جەرگی نە دەسووتاند و هەموو منداڵەکانی لێنەدەسەندەوە ... !

ژنەی تاین ، لەم قسانەی کچەکەی ترسا ، بە دەرد و کەسەرەوە گوتی :

- ئەمە قسەیە ، ئاوا باسی باشترین و زاناترین پیاو دەکرێت ؟

کیژێ بە توندی و لە حاڵێکا شەڕی لێدەباری هاواری کرد :

- زۆر باشە ... لەبەر خاتری تۆ زانایە ، ئەولیایە ، ئەگەر حەزدەکەی دەڵێم پێغەمبەریشە ، بەڵام نابێت ببێت بە کۆسپی سەر ڕێگەی بەختەوەری من ...

ژنە ، زۆری لە بەر گران بوو کە ئەوقسانە بە پیاوێکی وەکو سەید بگوترێ ، بە سووکایەتی دەزانی . نەک لە بەر ڕاو بۆچوونەکەی سەید کە لە ناخەوە لە گەڵیا بوو ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر بۆ توورە کردنی کیژێ و تۆڵە سەندنەوە لە بەد خووییەکانی ، گوتی :- بەڵام تۆ نیشانەکراوی ...

حەمیدە بە تەوەسەوە پێکەنی وگوتی :

- کیژ ، تا ئەو کاتەی مارە دەکرێت ئازادە ، ئەوەی لە بەینی ئێمە و ئەودایە تەنیا قسەیە و یەک سینی بەسبوسەیە ... !

- ئەدی فاتیحاکە کێوە چوو ؟

- خودا کەریمە ...

- فاتیحا گاڵتە نییە گوناحی گەورەیە .

کیژێ بە بێموبالاتی و بە دەنگی بەرز هاواری کرد :- بیخە ئاوەوە و ئاوەکەی بخۆرەوە .

ژنە ، شەپێکی بە سینگی خۆیدا کێشا وگوتی :- ئاخ ، ئەژدیهای لە ئەژدیهابوو !

حەمیدە ، کە نیشانەی قاییل بوونی لە چاوانی دایکیا بەدیکرد ، پێکەنی وگوتی :

– خۆت شووی پێبکە ...

ژنە ، کە پێکەنین گرتبووی ، دەستی بەیەکدا دان و بە تەوەسەوە گوتی :

– هەقی خۆتە سینیەک بەسبوسە بگۆڕییەوە بە سینیەک فەریکە ...

کیژێ خێسەیەکی لێکرد و بە تووڕەیی گوتی :

– بەڵکو گەنجێکم ڕەفز کردووە و پیرێکم پەسند کردووە ...

داکی حەمیدە ، بە دەنگی بەرز پێکەنی و لەبن لێوانەوە گوتی : " دووکەڵ لە کۆتەرە بەرز دەبێتەوە" لە کاتێکا شەڕە درۆینەکەی خۆی فەرامۆش کرد بوو ، چوار مشقی و بە شادییەوە لە سەر قەنەفەکە دانیشت ، جگەرەیەکی لە قوتوی جگەرەکە دەرهێنا و پێیکرد ، هێندە بە تامەزرۆیی مژی لێدەدا ، دەتگوت زۆر لە مێژە هەستی بە لەزەتی وا نەکردووە . حەمیدە بە تووڕەیی تەمەشای کرد وگوتی :

– بە زاتی خوا ، تۆ دوو هێندەی من دڵت بە خوازگار و زاوای تازە خۆشە ، بەڵام لە عینادیا و بە ئانقەست دەتەوێ من تووڕە بکەی خوا عافوت کا ...

داکی ، ماوەیەک لێی ڕاما و بە دەنگێکی بە ماناوە گوتی :

– کاتێ کە پیاوێکی وەکو جەنابی سەلیم ، کیژێک دەخوازێت ، مانای وایە خزمایەتی دەگەڵ هەموو ماڵباتەکەیدا دەکات ، هەموو ماڵباتەکەی دەوێ . وەکو نیل وایە کاتێ هەڵدەستێ خێر وبەرەکەتی هەموو زەوییەکانی دەور وبەری دەگرێتەوە ، تێگەیشتی ؟ ... بە تەمای ئەوە نەبی شووبکەیت و بۆ کۆشکە تازەکەت باربکەی و من لێرە لە سایەی خا عەفیفی و خێرومەندانی وەکو ئەو بەجێ بێڵی و بۆ خۆت بڕۆی ... ؟!

حەمیدە ، بە دەم هۆنینەوەی پرچەکانیەوە لە قاقای پێکەنینی داو ، بە کەش و فشێکی ساختەوە گوتی :– لە سایەی خا سەنیە عەفیفی و خا حەمیدە خانم ! ...

– هەڵبەتە ... هەڵبەتە ... ئەی حەرامزادە ، ئەی بێ باوک ...

کیژێ دیسان پێکەنی و گوتی :

– بێ باوک ، بێ باوک ... دنیا پڕە لە خەڵکانی باوک دیار کە پولێکی قەڵپ نایەنن ... !

***

داکی حەمیدە ، سبەی چێشتەنگاو، ئاسوودە بیر و خەیاڵ ڕەحەت ، چوو بۆ کاروانسەراکە ، تا جارێکی دی فاتیحا بخوێنێ ، بەڵام سەلیم عەلوانی لە شوێنی خۆی نەبینی . کە هەواڵی پرسی ، گوتیان : "ئەمڕۆ نە هاتووە " بۆیە نارەحەت و نیگەران بۆ ماڵ گەڕایەوە . بۆ دەور وبەری نیوەڕۆ ، دەنگ و باس لە کۆڵانەکە بلاوبووەوە کە دوێشەو ، سەکتەی دڵ لە جەنابی سەلیم عەلوانی داوە و لە جێگادا کەوتووەو لە نێوان مەرگ و ژیندا لەقە فرتێیەتی ! داخ و کەسەر باڵی بە سەر هەموو کۆڵانەکەدا کێشا ، بەڵام هەواڵەکە لە ماڵ داکی حەمیدە وەکو هەورە تریشقە تەقییەوە ...

(١٩)

بەیانییەک خەڵکی کۆڵان ، لە دەنگە دەنگ و هەرا وزەنایان بێدار بوونەوە ، سەیریان کرد ، کۆمەلێک پیاو ، خەریکن لە خەرابەیەکی سەنادقیەدا ، ڕێک بەرانبەر کۆڵانەکە ، چادرێک هەڵدەدەن. هاپۆ کامیل زۆری پێناخۆش بوو ، وای وێناکرد ئەم چادرە بە بۆنەی مەرگی کەسێکەوە هەڵدەدەن . بە دەنگە بەرزەکەی گوتی : " انالله وانا اليه راجعون " کوڕێژگەیەکی کە بە ڕێگادا دەڕۆیی ، گاز کرد وناوی مردووەکەی لێپرسی ، بەڵام کوڕێژگەکە بە پێکەنینەوە گوتی :

- چادری پرسە نییە ، چادری ئاهەنگی هەڵبژاردنە !

هاپۆ کامیل سەرێکی بۆ لەقاند و لەبن لێوانەوە گوتی : " دیسان سەعد وعەدلی یە ! " .

کابرا بە تەواوەتی لە دنیای سیاسەت بێئاگا بوو ، تەنیا یەک دوو ناوێکی ، بە بێئەوەی ماناکەیان بزانێ ، ئەزبەر بوو و هیچی دی . ڕاستە وێنەیەکی گەورەی مستەفا نوحاسی بە پێشی دووکانەکەی خۆیدا هەڵواسی بوو ، ئەمەش عەباس دابویە ، ڕۆژێک دوو وێنەی سەرۆک و ڕابەری حیزبی وەفدی کڕی بوو ، یەکێکیانی لە دەلاکخانەکەی خۆی هەڵواسی بوو و ئەویتریانی بە دیاری دابوو بە هاپۆ کامیل . ئیدی کابرا بێهیچ دوو دڵی و سڵەمینەوەیەکەوە بە دووکانەکەی خۆیدا هەڵی واسیبوو . بە تایبەتی کە دەیبینی زۆربەی دووکانەکان ئەم وێنەیە و هاو شێوەی ئەم وێنەیەیان هەڵواسیبوو . لە خوارنگەی ( ئەلتوعمییە) لە سەنادقیە دوو وێنەی سەعد زەغلول و مستەفا نوحاس هەڵواسرابوو. لە چاخانەکەی کەرشەدا وێنەیەکی خدێوی عەباس هەڵواسرابوو . کابرا ، بە وردی دەیڕاونیە ئەو کرێکارانەی کە بێخەم و خەیاڵ مژوولی کاری خۆیان بوون و چاوەڕوانی ڕۆژێکی پڕ هەرا و هەنگامەو ناخۆشی دەکرد . چادرەکەیان پارچە پارچە هەڵدەدا . ستوونەکانیان بۆ دانا ، پەتەکانیان بەست و پارچە چادرەکانیان هەڵدا و ئەرزەکەیان لم ڕێژ کرد ، کورسییەکانیان لەم بەرو لەو بەری ڕاڕەوێکی تەسکدا ، ڕیزکرد کە لە بەردەم سەکۆ و

شانۆیەکی بەرز کۆتایی دەهات . بڵنگۆیان لە چوار ڕێانەکانی نێوان ئیمامزادە حوسەین و غوریەدا دابەست . لە هەموو ئەمانە باشتر ئەوە بوو کە پەردەیان بە دەروازەی چادرەکەدا نەدا ، ئەمە وایدەکرد کە خەڵکی کۆڵانی میدەق ، بتوانن لە ماڵی خۆیانەوە بەشداری لەم ئاهەنگ و کەرناڤاڵەدا بکەن . لە سەروو شانۆکە و بە بەرزییەوە ، وێنەیەکی گەورەی سەرۆکی حکوومەت هەڵواسرابوو و لە ژێر ئەوەوە وێنەی کاندید فەرحات ، کە زۆربەی خەڵکی گەڕەک دەیانناسی ، چونکە لە ( نەحاسین ) دا دووکانی هەبوو .

گەنجان دەسووڕانەوە و بڵاوکراوە و ئاگادارییان بە دیوارەکانەوە دەنا ، کە بە خەتی ڕەنگاو ڕەنگ لێیان نووسرابوو :

نوێنەری ئازادی خۆتان ئیبراهیم فەرەحات

پەیڕەوی سەعد هەڵبژێرن

زەمانی زووڵم و ڕووتی و ڕەجاڵی بە سەر چوو

ڕۆژ ڕۆژی دادوەری و پۆشتەییە بۆ هەمووان ...

ویستیان ، ئاگادارییەک بە دووکانەکەی هاپۆ کامیلەوە هەڵواسن ، بەڵام کابرا ، کە غیابی عەباس حلو ، کارێکی خراپی تێکردبوو ، بە گژیانا چوو و گوتی :

– کوڕینە لێرەی هەڵمەواسن ، ئەمە شوومە ، ڕزق و ڕۆزی دەبڕێ ...

یەکێک ، لە گەنجەکان بە پێکەنینەوە پێی گوت :

– بە پێچەوانەوە ، خێر وبەرەکەت دێنێ . ئەگەر ئەمڕۆکە جەنابی کاندید بیدینێ ، هەموو بەسبوسەکەت لێدەکڕێت و پارەکەیت دووقات دەداتێ و ماچێکیشت دەکات ...

لە نیوەڕۆدا ، کارەکە تەواو بوو . ئارامیە هەمیشەییەکە باڵی بە سەر کۆڵانەکەدا کێشایەوە و ئەم ڕەوشە تا عەسر بەردەوام بوو تا ئەو کاتەی جەنابی ئیبراهیم فەرەحات ، بە خۆی و لە گەڵ کۆمەڵێک دەست و پێوەندا ، هات بۆ ئەوەی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کارو بارەکان بەچاوی خۆی بدینێ . کابرا سڵی لە مەسرەف نە دەکردەوە ، بەڵام چونکە بە خۆی کاسب و بازرگان بوو ، ئاگای لە ورد ودرشتی دەرامەت و دەسکەوتی خۆی هەبوو ، بەقەد بەڕەی خۆی پێی ڕادەکێشا . بە قەد وباڵا کورت و بەدەنە قەڵەوەکەیەوە ، پێش جەماعەت کەوتبوو ، جبە و عەبای لە بەر کردبوو ، بە نیگایەکی سادەوە ، ڕوخسارە خڕ و ئەسمەرەکەی بە دەور وبەریا دەگێڕا . ڕێکردنەکەی جۆرێک لە

کەش وفش و بە خۆنازین و خۆ پەسندی پێوە دیار بوو ، چاوانی، ساویلکەییان پیوە دیار بوو . ڕواڵەتی گشتی ، ئەوەی دەنواند ، ورگ بەلای ئەوەوە زۆر گرینگترە لە سەر و مێشک . دەرکەوتنی ئەو لە کۆڵانەکە و گەڕەکەکانی دەور وبەر ، بوو بە مایەی بایەخ و سەرنجی خەڵکەکە ، چونکە بە زاوای ئەو شەوە حیساب دەکرا و چاوەڕوانی عەتا و بەخششی زۆریان لێدەکرد ، بە تایبەتی هێشتا ئەوەیان لە بیر نە چوو بووەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ، کاندیدی بازنەکەیان ، بە پاڵاوتن دانرا بوو نەک بە هەڵبژاردن ! ... پاشان لە دووی ئەوەوە، کۆمەڵێک کوڕ وکاڵ هاتن ، دوای ئەفەندییەک کەوتبوون کە پڕ بە زار هورای دەکێشا و وەکو هەورەگۆڵە دەیگرماند : " کێ نوێنەرمانە ؟ " .

ئەوانیش بە یەک دەنگ وەڵامیان دەدایەوە : " ئیبراهیم فەرەحات " . دووبارە هاواری دەکرد :" کێ کوڕی گەڕەکە ؟" بە یەک دەنگ وەڵامیان دەدایەوە " ئیبراهیم فەرەحات " . بەم جۆرە بە دەم هورا کێشانەوە دەهاتن ، تا جەماوەرێکی زۆر خڕ بووەوە و زۆریان بەرەو چادرەکە بوونەوە . یارۆی کاندید ، دەستی بۆ سەر سەری بەرز دەکردەوە و گوایە وەڵامی هورا و هەست وسۆزی خەڵکەکەی دەدایەوە . پاشان بەرەو کۆڵانەکە بووەوە و کۆمەڵێک دەست وپێوەندی بە دەورەوە بوون ، کە زۆربەیان لە پاڵەوانانی یانەی وەرزشی دراسە بوون . لەو پیرە بەر بەرەی کە هاتبووە شوێنەکەی عەباس حلو ، نزیک بووەوە و دەستی بۆ ڕاکێشا و گوتی : " سڵاو ئەی برای عەرەب " . پیاوەی پیر ، بە شەرمەوە ، بە سەر دەستیا نەوییەوە و خێر هاتنی کرد ، لەو تێپەڕێ و ڕووی لە هاپۆ کامیل کرد و گوتی :

– " هەڵمەسە ، زەحمەت مەکێشە ، تۆ گۆڕی ئیمامزادە حوسەین دانیشە . حاڵت چۆنە .. ئەڵڵاهو ئەکبەر ... ئەڵڵاهو ئەکبەر ... ئەڵڵاهو ئەکبەر لەم بەسبوسە دەگمەنە ، ئەمشەو هەموو خەڵکی قەدری دەزانن " .

دەگەییە هەر کەسێک سڵاوی لێدەکرد و چاک وخۆشی لە گەڵدا دەکرد ، سەرەنجام گەییە چاخانەکەی کەرشە ، سڵاوی لە وەستا کەرشە کرد و دانیشت و داوای لە هاوڕێکانیشی کرد کە دانیشن و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بە جەعدەی نانەوا و زیتەی عەیبسازیشەوە ، ڕوویان کردە چاخانەکە . یارۆی کاندید ، بە شادمانییەوە ، چاوی بە ئامادە بوواندا گێڕا و پاشان بە وەستا کەرشەی گوت :– چای ، بە هەموویان بدە ...

لە هەموو لایەکەوە دەنگی سوپاس و منەتباری بە سەردا داباری ، بزیەکەی بە ڕوودا دان و ڕویکردە وەستا کەرشە و گوتی :

– تکا دەکەم ، کە چاخانەکە هەموو پێداویستی و داواکارییەکانی ، لیژنەکانی بنکەی هەڵبژاردنەکان ڕایی بکات .

وەستا کەرشە ، بە بێ مەیلییەوە گوتی :– لە خزمەتداین جەنابی ..

بێ مەیلی و ساردییەکەی لە کاندیدەکە پەنهان نەبوو ، بە میهرەبانییەوە گوتی :

– ئێمە هەموومان کوڕی یەک گەڕەکین ، هەموومان براین ... !

ئەلهەقی ، جەنابی فەرەحات ، بە تایبەتی بۆ چاخانەکە هاتبوو ، تا دڵی وەستا کەرشە بەدەست بێنێ ، چەند ڕۆژێک لەوە پێش ناردبووی بە شوێنیا ، تا بەلای خۆیدا ڕایبکێشێت و دەنگی خۆی و وەستاکانی دیکە وکرێکارەکانیان مسۆگەر بکات و هەقی ئەو زەحمەتەش بڕی پازدە جونەیهی دابوویە ، بەڵام وەستا کەرشە ، وەری نەگرتبوو ، پێی گوتبوو کە ئەم لە فەوالی — خاوەن چاخانەکەی دراسە ، کە وا بڵاو بوو گوایە بیست جونەیهی وەرگرتووە — کەمتر نییە . یارۆی کاندید ئەمجارەیان وازی لێنەهێنا تا بە خۆرتی وای لێکرد پارەکە قەبووڵ بکات و بەڵێنیشی دایە کە پارەکەی بۆ زیاد بکات ، هەنگێ لێکدی هەڵبڕان و یارۆی کاندید ئەم هەڵگەڕانەوەیەی وەستا کەرشەی پێ سەیر بوو . لە ڕاستیدا وەستا کەرشە لەم — خۆی گوتەنی — سیاسەتوانە تازە پیاکەوتووە پەست و بێزار بوو و، لێبڕابوو ، کە ئەگەر هەڵەکەی ڕاست نەکاتەوە ، تۆڵەی لێبکاتەوە ، وەستا کەرشە لەوەرزە سیاسیەکاندا — وێڕای مەنگی بەنگ — وەخۆ دەهاتەوە و بێدار دەبووەوە . لە کاتی گەنجیدا ، لە واری سیاسەتدا شۆرەتێکی پەیدا کردبوو ، هاوتای ئەو شۆرەتەی کە پاشان لە کارێن دیدا پەیدای کرد ! لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٩ دا ، بەشدارییەکی پراکتیکی زۆر جددی کرد بوو . ئەو ئاگرە گەورەیەی بەردرایە کۆمپانیای جگەرەی مەیدانی حوسەین کە هی کابرایەکی جوولەکە بوو ، درایە پاڵ ئەو . یەکێک بوو لە قارەمانەکانی ئەو شەڕە قورسەی لە نێوان شۆڕشگێڕان لە لایەک و ئەرمەنی وجوولەکەکان لە لایەکی ترەوە ڕووی دا . کاتێ کە ئاگری شۆڕشی خوێناوی دامرکایەوە ، ئیدی خۆی بە مەیدانی خەباتی هەڵبژاردندا کرد ، بەڵام ئەم مەیدانە بۆ جم و جۆڵ و چالاکی و چەلەنگی ئەو تەسک بوو ، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٢٤ دا ، چالاکییەکی زۆری نواند ولە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٢٥ دا ، مەردانە بەرانبەر بە وەسوەسە فریبۆکەکان خۆی ڕاگرت ، هەرچەندە ئەوسا وا بڵاوبووەوە کە گوایە بەرتیلی لە کاندیدێکی حکوومەت وەرگرتبوو ، بەڵام دەنگی بە کاندیدی وەفد دابوو . ئیدی بە تەمابوو لە هەڵبژاردنەکانی ( سدقی ) شدا هەمان دەور بگێڕێ . پارە وەربگرێت و بایکۆتی هەڵبژاردن بکات . بەڵام حکوومەت دوور و نزیک لە دووی بوو ، ڕۆژی هەڵبژاردنەکە قیرِ گرتیان ، لە گەڵ کۆمەڵێ خەڵکی دیدا ، لە لۆریان پەستاوت و بردیانن بۆ بنکەی دەنگدان ، ئیدی بە ناچاری و بۆ یەکەمجار لە ویستی وەفد دەرچوو . لە ساڵی ١٩٣٦ دا ، بە یەکجارەکی دەستبەرداری چالاکی سیاسی بوو و، سیاسەتی تەڵاق دا و کار وکاسبی خواست . ئیدی لەوە بە دواوە ، بە نەفەسی سەودا و مامەڵەوە مامەڵەی لە گەڵ هەڵبژاردندا دەکرد . دەبوو بە لایەنگری ئەو کەسەی " زۆرتری دەدا " . داکۆکی لەو گەندەڵییە دەکرد کە بە سەر ژیانی سیاسی ئەودا هاتبوو و دەیگوت : "ئەگەر هەموو ئامانجێکی هەڤڕکانی واری حوکمڕانی ، کاندیدانی هەڵبژاردن ، پارەبێ ، ئەوە دەنگدەری داماویش ، هەقیانە هەمان ئامانجیان هەبێت ! جیا لەمە و لەوەش .

نەفسی گەندەڵ بە سەریا زاڵ بوو بوو ، ئاگای لە خۆ بڕابوو ، ڕەدووی شەهوەت و ئارەزووە چەپەڵەکان کەوتبوو ، ئیدی ئەو شۆڕشگێڕییەی جاران ، لە ڕۆحیا کوژابووەوە و مەگەر جار جارێک وەکو تارماییەکی لێڵ ، لە کاتە خۆشەکانی شەو بێداری پای مەقەڵیدا ، بهاتبایەوە بەر چاوی خەیاڵی و سووکە فشەیەکی ڕەوتەنی پێوە کردبا . بەڵام لە دڵی خۆیدا ، هەر بەهایەکی ئابڕوومەندانەی ژیانی وەلاوە نابوو . لەوە بە دواوە جگە لە کەیف و هەوەس گوێی بە هیچی دیکە نە دەدا ، خۆی گوتەنی ، هەموو شتێک پەشم بوو . ڕقی لە هیچ کەسێک نەبوو . نە ڕقی لە جوولەکە بوو نە لە ئەرمەنی و نە تەنانەت لە ئینگلیزیش . هەروەها کەسیشی خۆش نەدەویست ، بۆیە زۆر سەیر بوو ، کە لەم شەڕەدا لە ناکاوا بابداتەوە و بە جۆش وخرۆشەوە هەواداری لە ئەڵمان بکات و — بە تایبەتی لەم ڕۆژانەدا — لە هەڵوێستی هیتلەر بپرسێت ، و ئایا بە ڕاستی هەڕەشەی لە سەرە و بڵێت باشە ئەوە بۆ ڕووسەکان باشترنییە ، بە مەمنوونیەوە ، بە دوو قۆڵی سوڵحی لەگەڵدا بکەن ؟! بەڵام هیتلەری تەنیا لەبەر ئەو سەرسەختی و ئازایەتییە خۆشدەویست کە لێیان دەگێڕایەوە ، بە گەورەی هەموو ئازا و جەربەزەکانی دنیای دەزانی ، ئومیدی سەرکەوتنی بۆ دەخواست ، وەکو چۆن پێشتر بۆ ماوەیەکی زۆر پشتیوانی لە عەنتەرە ( یەکێکە لە قارەمانانی بەیتە کۆنەکانی عەرەب ) و ئەبی زەید ( شاعیر و جەنگاوەرێکی بە ناوبانگی دەورانی جاهیلیەتە ) کردبوو و ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خواستبوون . بە هەر حاڵ ، دەوری گرنگی خۆی لە واری هەڵبژاردندا هەر پاراستبوو . چونکە بە ڕابەری ئەو وەستا و کاسبکارانە دەژمێردرا کە هەموو شەوێک لە دەوری مەقەڵییەکەی خڕ دەبوونەوە ، هەڵبەتە کرێکار وشاگرد و خزمەکانیشیان بە قسەی ئەوانیان دەکرد ، بۆیە ئیبراهیم فەرەحات ، ڕژد بوو لە سەر ئەوەی ڕازی بکات ، و وەختێکی زۆری لە کاتی گەرانبەهای خۆی ، لە چاخانەکەی ئەودا بە سەربرد بۆ ئەوەی ڕازی بکات و دڵی نەرم ببێت .     ژێرا وژێر تەمەشای دەکرد ، ئەوسا دەمی وە پەناگویی ناو بە دەنگێکی نەوی لێی پرسی :

– ئێستا ڕازی بوویت وەستا ؟

بزەیەک کەوتە سەر لێوی ، بە سووکە پارێزێکەوە گوتی :

– سوپاس بۆ خوا ، تۆ خێر وبەرەکەتی جەنابی ...

کاندیدەکە ، ئەمجارە بە گوێیدا چپاند :– خەمت نەبێ بە زیادەوە تۆڵەت بۆ دەکەمەوە ...

ڕووی گەشایەوە ، بە شادییەوە چاوی بە سەر ئامادە بوواندا گێڕا و ئەوجا بە نەرمی گوتی :

– هیوادارم نا ئومێدمان نەکەن ...

هەموو بە یەکدەنگ گوتیان :– مەعازەڵڵا جەنابی فەرەحات . تۆ کوڕی گەڕەکی خۆمانی .

کابرا بە دڵنیایی و متمانەوە کەوتە قسان :

– وەکو خۆتان دەزانن ، من کەسێکی سەر بەخۆم . بەڵام پابەندی پرەنسیبە ڕاستەقینەکانی سەعدم . چ خێرێکمان لە حیزبان دیتووە ؟ بە گوێی خۆتان ، شەڕە جنێوەکانیان ناژنەون ؟ ئەمانە وەکو ... ( خەریک بوو بڵێ وەکو منداڵە گەجەر و گوجەران ، ئەوسا بیری کەوتەوە کە ڕووی دەمی لە هەندێک لەوانەیە و قسە بۆ وان دەکات ، بۆیە خێرا بایدایەوە ) و لە سەری ڕۆیی : بە هەرحاڵ باواز لە نموونە هێنانەوە بێنین . من بۆیە دەستبەرداری حیزبایەتی بووم ، تا کەس نەتوانێ ڕێگەی حەقیقەت بێژیم لێبگرێت ، نەبم بە کۆیلە و ئەڵقە لەگوێی هیچ وەزیر و گزیرێک و لە پەرلەماندا ، گەر خوا یاری دام و سەرکەوتنم بە دەست هێنا ، ئەوەم بیر بمێنێ کە بە ناوی خەڵکی میدەق و غوریە و سەنادقیەوە قسە بکەم . زەمانی ڕیا و چەنەبازی و ڕووبینی بە سەر چووە ، ئێوە بەرەو پیری زەمانێک دەڕۆن کە گەلێک لە پێداویستیەکانتان جێ بە جێ دەبن ، وەکو زۆر بوونی کۆتاڵی کۆپینی و شەکر و نەوت و ڕۆن و نانی خالیسە و هەزاران بوونی نرخی جۆرەها گۆشت ...

یەکێک ، بەو پەڕی جدییەوە پرسی :– بە ڕاست ، سبەینێ هەموو ئەو شتانە زۆر دەبن ؟

یارۆی کاندید ، بە دڵنیایی و متمانەوە گوتی :

– بێ چەند و چوون ، ڕاز و نهێنی ئەم شۆڕشە ، ئەمەیە . دوێنێ چوومە سەردانی سەرۆکی حکوومەت ( ئەوسا بیری کەوتەوە کە گوتبووی سەر بەخۆیە و لە سەری ڕۆیی و گوتی ) کاندیدانێکی زۆر لەوێ بوون ، هەموو جۆرە کاندیدێکی لە لابوو ، ئیدی دڵنیای کردین ، کە سەردەمی ئەو ، سەردەمی تێری و پۆشتەیی دەبێت .

تفەکەی دەمی قووت دایەوە و لە سەری ڕۆیی :

– ئیدی شتی سەیر دەبینن ، هەڵبەتە ، ئەگەر دەرچووم ، شیرینیش دەخۆن .

دوکتۆر بۆشی لێی پرسی :– شیرینی لە دوای دەرچوونی ئەنجامەکان ؟

کابرا ئاوڕێکی لێدایەوە و بە پەشۆکاوییەوە گوتی :– پێش دەرکەوتنی ئەنجامەکانیش ...

شێخ دەروێش ، وە خۆهاتەوە و بێدەنگییەکەی شکاندو گوتی :

– وەکو مارەییە ، پێشەکی و پاشەکی هەیە . تەنیا تۆ نەبێ خانمی خانمان ، مارەییت نییە ، چونکە ڤیانی تۆ لە ئاسمانەوە ، کراوە بە بەر ڕۆحی مندا ...

یارۆی کاندید ، بە بێزارییەوە ڕوانیە شێخ ، بەڵام هەرکە چاوی بە ڕواڵەت وجل و بەرگەکەی کەوت — کە دیزداشە و بۆینباخ و چاویلکەی زێڕین — زانی ئەمە لە پیاوچاکان و وەلیانی خودایە ، یەکسەر بزەیەک بە ڕوخسارە خڕەکەیەوە نەخش بوو و بە میهرەبانی گوتی :

- سڵاو لە سەروەرمان ، سڵاو لە شیخی گەورەمان .

لێ شێخ دەروێش ، بە وشەیەکیش وەڵامی نەدایەوە ، لە خۆیدا غەرق بوو ، ئەوسا یەکێک لە دارو دەستەکەی یارۆی کاندید هەڵیدایە وگوتی :

- چی داوا دەکەن بیکەن ، لە ئێوە خواستن ، لە ئێمە سوێند خواردن ، سوێند بە کتێبی خوا ، بە تەڵاق ... داواکانتان جێبەجێ دەکەین ...

کۆمەڵێک بە یەکدەنگ گوتیان :- تەواو ، تازە بوو بە ماڵ ...

جەنابی عەرەفات ، سۆراخی کارتی هەڵبژاردنی لە ئامادە بوان کرد . کاتێ کە لە هاپۆ کامیلی پرسی ، بەرسڤی دایەوە وگوتی :

- من کارتم نییە ، هەرگیز لە هەڵبژاردندا بەشداریم نەکردووە ...

یارۆی کاندید پرسی :- خەڵکی کیدەرێی ؟

بە بێموبالاتیەوە گوتی :- نازانم ...

مەجلیسەکە لە قاقای پێکەنینیان دا و جەنابی فەرەحاتیش بە گەڵیان کەوت . بەڵام بێئەوەی نائومێد بێ و کۆڵبدات گوتی :

- ئەم مەسەلە سادەیە دەگەڵ ڕدێن سپی گەڕەکدا ، یەکلایی دەکەمەوە .

کوڕێکی گەنجی دیزداشە لە بەر، بە خۆ و سەفتەیەک ئیعلاناتی بچووکەوە هات ، قەرەباڵغی ناو چاخانەکەی بە هەلزانی و دەستی بە دابەشکردنی ئیعلاناتەکان کرد . زۆربەی ئامادە بووان ، پێیانوابوو ئیعلاناتی هەڵبژرادنە ، هەر بۆ مجامەلەی یارۆی کاندید ، بە گەرمی پێشوازیان لە کورەی تاین کرد ، جەنابی فەرەحاتیش کارتێکی لێوەرگرت و ئەمەی تیا خوێندەوە :

( ژیانی ژن و مێردایەتیت شتێکی کەمە

پێویسته عەنبەری سەنتوری بەکار بەری

عەنبەری سەنتوری

بە شێوازێکی زانستیانە ئامادەکراوە و لە هەر مادەیەکی ژەهرین خاڵییە و لە وەزارەتی تەندروستی ژمارە ( ١٢٨ ) دراوەتێ ، چالاکی بەخش و شادی هێنەرە ، لە ماوەی پەنجا دەقیقەدا ، لە پیرییەوە ، دەکاتەوە بەگەنج ) .

چۆنیەتی بە کارهێنان :

بە ئەندازەی دەنکە گەنمێکی لێبکەرە کوپێک چای زۆر شیرینەوە و بیخۆرەوە . یەکسەر، چالاکیت پێدەبەخشێت و یەک تۆزقاڵی دەتهێنێتە سەر زەوق و وەکو تەزوی کارەبا بە دەمارەکانتدا دەگەڕێت . یەک پاکەت لە دابەشکاری ڕیکلامەکە وەکو نموونە وەربگرە ، بایی سی ملیمە ، بە بەلاشە ، تۆڵەکەی تەڕی ناگاتێ .

کەیف و شادی خۆت بە سی ملیم دەستەبەربکە ، دووکانەکە ، ئامادەیە گوێی لە سەرنجەکانی جەماوەری خەڵک بگرێت .

دیسان هەموو ئامادە بووان لە قاقای پێکەنینیان دا ، یارۆی کاندید ، کەمێک پەشۆکا و دەسەپاچە بوو ، یەکێک لە دەستە و دایەرەکەی ، کە دەیویست ، دڵخۆشی بداتەوە ، بە دەنگی بەرز گوتی :

- ئەمە بە نوقڵانەی خێر دەزانین .

ئەوسا ، دەمی وە پەنا گوێی جەنابی فەرەحات نا و لەبن لێوانەوە گوتی :

- با بڕۆین ، چەند گەڕەکێکی دیکەمان ماوە و چاوەڕوانمانن ...

یارۆی کاندید هەستا وگوتی :

- بە خواتان دەسپێرم . بە هیوای دیداری نزیک و تازە ، خودایا ئارەزووی بەندەکانت بێنە دی .

لەو کاتەدا کە خەریک بوو لە چاخانەکە وەدەر دەکەوت ، نیو نیگایەکی شێخ دەروێش کرد وگوتی :

- جەنابی شێخ دوعام بۆ بکە .

شێخ ، هەر دوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە ، بێدەنگیەکەی شکاند و گوتی :

- خودا ماڵت کاول بکات ... !

هێشتا خۆر بە تەواوەتی ئاوا نەبوو بوو ، کە چادرەکە پڕ بوو لە خەڵکی ، دەرزیت هەڵدابا نە دەکەوتە سەر زەوی . ئامادە بووان دەیانگوت قەرارە سیاسەتوانێکی گەورە ، خوتبەیەکی گەورە بدات . دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە شایەر و بەیت بێژانیش چالاکی دەنوێنن . زۆری پێنەچوو ، کابرایەکی قورئان خوێن سەرکەوتە سەر شانۆیەکە و چەند ئایەتێکی پیرۆزی خوێند . لە دوای ئەوەوە تیپێکی موسیقی ، کە پێک هاتبوو لە کۆمەڵێک پیرەمێردی سکرابی لەبەر یەک هەڵوەشاوەی جل و بەرگ دەڵبی شڕۆڵە و کەوتنە پێشکەشکردنی سروودی نیشتمانی . دەنگی موسیقاکەیان کە لە بڵندگۆکانەوە بەرز دەبووەوە وەکو دەعوەتنامە و بانگهێش وا بوو بۆ کچۆڵان وکوڕانی کۆڵانان و گەڕەکەکانی دەور وبەر ، کە بێن بۆ ئەوێندەر . خەڵکانێکی هێندە زۆر خڕ بوونەوە کە ڕێگەی سەنادقیە بە تەواوەتی گیرا . هورا و هەرا و زەنا بەرز بووەوە ، سروودەکە تەواو بوو بێئەوەی تیپەکە لە جێی خۆیان بجوڵێن ، تەنانەت خەڵکی وایان گومان دەکرد کە ڕەنگە وتاربێژەکان ، بە مۆسیقاوە گوتارەکانیان پێشکەش بکەن ! لە ناکاوا هەندێک لە ئەندامانی تیپەکە پێیان بە زەمینەی شانۆکەدا کوتا و ئاپۆڕاکە بێدەنگ بوون ، ئەوسا مونولۆگیستێگی بە نێوبانگ بە جل و بەرگێکی لۆکاڵییەوە لە سەر شانۆ دەرکەوت ، خەڵکەکە هەرکە چاویان بەو کەوت لە کەیف و خۆشیاندا خرۆشان و کەوتنە چەپڵەڕێزان و هەڵهەڵە لێدان . یارۆی مونولوگیست و بەیتبێژ کەوتە خوێندن و هونەر نوێنی . ژنێکی نیمچە ڕووت بە دەم ڕەقسین و سەماکردنەوە ، پەیتا پەیتا گۆرانی دەگوت و دەگوتەوە :

" جەنابی ئیبراهیم فەرەحات ... هەزار جار ... هەزار جار ... " .

ئەو کابرایەی کە سەرپەرشتی بڵندگۆیەکانی دەکرد ، لە مایکەکەوە هاواری دەکرد : "جەنابی ئیبراهیم فەرەحات ، باشترین نوێنەرە ... مایکرۆفۆنی بەهلول ، باشترین مایکرۆفۆنە " .

ئیدی گۆرانی و سەما و ئاواز تێکەڵ بوو بوو و گەڕەک و بان یەکپارچە غەرقی ئاهەنگ و بەزم بوو بوو .

وەختایەک حەمیدە لە پیاسەی ئاسایی ڕۆژانە گەڕایەوە ، ئاهەنگ و بەزم و شایی لەو پەڕی گەرم وگوڕیدا بوو . ئەویش وەکو هەموو خەڵکی کۆڵانەکە وای وێنا دەکرد ئاهەنگەکە بریتی دەبێت لە دروشم و هورا وگوتار خوێندنەوە . بەڵام کە چاوی بەم دیمەنە جوان ودڵڕفێنە کەوت ، بە خۆشییەوە چاوی بە ڕاست و چەپدا گێڕا ، تا شوێنێکی لەباری دەست بکەوێت و تەمەشای ئاهەنگی سەمایەکە بکات ، کە بە دەگمەن ڕێدەکەوت ئەو جۆرە بەزم و ئاهەنگانە بدینێ . دڕی بە ئاپۆڕای کیژ و کورەکان داو خۆی گەیاندە دەروازەی کۆڵانەکە و لە دیواری دەلاکخانەکە نزیک بووەوە ، سەرکەوتە سەر بەردێکی پاڵ دیوارەکە کە لە عاردەکە چەقی بوو ، لەوێندەرەوە ، بە خۆشی و شادییەوە چاوی برییە چادرەکە .

کوڕان و کچان لە هەموو لایەکەوە گوشاریان دێنا . ژنانێکی زۆر دەستی منداڵەکانیان گرتبوو و ، یان لە سەر شانیان دانا بوون و لەوێندەر وەستابوون و تەمەشایان دەکرد ، گۆرانی تێکەڵ بە هورا وگفت وگۆ بە هاوار ، پێکەنین بە گریە وزاری تێکەڵ دەبوون . ئەم دیمەنە دڵکەشە، بە سەر هۆش وگۆشیا زاڵ بوو ، ڕۆحی ئاوەدان کردەوە و شادی بە چاوە باشقالەکانیەوە دەرکەوت . بزەیەکی گوڵ ئاسا کەوتە سەر لێوە گەوهەرینەکانی . خۆی لە عابەیەکەوە پێچابوو کە جگە لە ڕوخسارە برۆنزییەکەی و پەرچەمە ڕەشە قیرئاساکەی و بەشی خوارەوەی پاو پۆزە جوانەکەی هیچ شوێنێکی دیکەی بە دەرەوە نەبوو . دڵی لە خۆشیا کەوتە سەما . هەموو هەستەکانی وەجۆش هاتن و خوێنی گەرم بە دەمارەکانیدا دەڕۆیی . مونولوجیستەکە ، بە جۆرێ هێنابوویە جەزمە ، کە بە عەمراتی هەستی بە شتی وەها نەکرد بوو. تەنانەت ئەو هەستە تاڵ و ناخۆشەی کە دەرهەق بە ژنە سەما کارەکەش هەیبوو ، لە زەوقی نەدا . بە جۆرێ نقومی تەمەشا بوو بوو ، بە هیچ شێوەیەک گوێی لەوە نەبوو کە دنیا بەرە بەرە تاریک و تاریکتر دەبوو . لە ناکاوا هەستی کرد شتێک نیگای بە لای چەپدا ڕادەکێشێت . وەکو ئەوەی بانگێک بێ و ئەم گاز بکات ، یان ئەو هەستە نیگەرانی ئەنگێزە بێ ، کاتێ کە دوو چاو تەمەشامان دەکات . بە هەرحاڵ ، ئەو دیمەنە کردیە کارێک کە ڕوو لە مونولوجیستەکە وەربگێڕێ و سەر بە لای چەپدا وەربگێڕێ ، نیگای لە نیگایەک هەڵەنگوت کە گۆساخانە تەمەشای ئەمی دەکرد ! چاوانی بۆ چرکەیەک بەو دەقە مانەوە و پاشان گەڕانەوە بۆ تەمەشای دیمەن و شانۆکە ، بەڵام ئیدی نەیدەتوانی وەکو جاران دڵ بە دیمەنەکە بدات ، بەردەوام بیری لەو نیگا گۆساخ و بێپەروایە دەکردەوە . چاوە کونجکاوەکانی دەم بە دەم بەلای چەپدا وەردەگەڕان و گومان و نیگەرانی ئازاریان دەدا .

جارێکی دیکە ئاوڕی دایەوە ، ڕوو بە ڕووی هەمان ئەو چاوانە بووەوە کە بە هەمان گۆساخی و بێپەروایی تەمەشایان دەکرد . خەندەیەکی سەیری بەو نیگایانەوە بەدی کرد ، خۆی پێنەگیرا و بە توندی سەری بۆ شوێنی خۆی وەرگێڕایەوە ، تووڕەیی لێ هەڵدەقولا . ئەم خەندە سەیرە پەستی کردبوو ، چونکە شەڕئەنگێزی و خۆ پەسەندییەکی بێئەندازەی دەنواند . کە ئەمە گیانی هۆڤیەتی و شەڕەنگێزی ئەمی دەهاڕوژاند ، هەستی دەکرد ، پڕ بە دڵ حەزدەکات نینۆکە تیژەکانی بە شوێنێکیدا بکات ، بۆ نموونە ، ئەگەر بکرێ ، بیکات بە گەردنیا ! هەرچەندە ڕقی لەو جۆرە شەڕە بوو ، بەڵام لێبڕا فەرامۆشی بکات ، هەرچەندە هۆشی هەر لە لای ئەو دوو چاوە گۆساخە بوو، کە خۆشی و شادییەکەی لێ تاڵ کرد بوو ، گیانی شەڕەنگێزانەی کە سەری لە شەڕ دەخورا ، تەواو بە سەر بوونیا زاڵ بوو . خاوەنی ئەو چاوانە ، وەکو ئەوەی لە کارەکەی خۆی ڕازی نەبێت ، یان گوێ بەو ئاگرە نەدا کە هەڵی گیرساند بوو ، کەو تەڕێ ، بە ئانقەست ، چووە شوێنێک ڕێک بەرچاوی حەمیدەی کە بڕی بوویە چادرەکە ، گرت ! لەوێدا پشتی کردە ئەو و ڕەق ڕاوەستا ، کوڕە ، بە لە باریکەیەکی درێژ داهۆڵ بوو ، ناوشانی پان ، سەری ڕووت و قژی پڕ بوو . قاتێکی ئامال کەسکی لە بەردا بوو ، بە ڕوخسار و جل و بەرگا شیک بوو ، لەم ناوەندەی دەور وبەریا ، نامۆ و غەریب دەهاتە بەر چاو ، ئەو سەرساممییەی کە حەمیدەی گرتبوو ، کردیە کارێک کە ڕق وکینەکەی

فەرامۆشبکات . " ئەمە ئەفەندییەکی شیکە ، کۆڵانەکەی ئەمان و ئەم ئەفەندییە کوجا مەرحەبا ؟! تۆ بڵێی لە نێو ئەم قەرەباڵغییەدا دیسان ئاوڕ بداتەوە و تەمەشا بکات ؟ ... " بەڵام هیچ لەمپەرێک نەبوو کە رێی لێبگرێت . دوای کەمێک ئاوڕی پاشی دایەوە و دیسان نیگایەکی گۆساخانە و بێپەروای کچەی کرد . ڕوخساری باریک ودرێژکۆڵە بوو . چاوانی بادەمی ، برۆکانی چڕ بوون ، نیگاکردنی زیرەکی و جدییەتی پێوە دیار بوو ، هەر بەو چاوبڕکێیە زەقەوە نەوەستا و ڕاستە وڕاست چاوی تێبڕی و لە نووکی پایەوە تا قژەکەی سەری بەر نیگا دا ، کچەکە بەبێ ئەوەی بە خۆبزانێ ، کەوتە تەمەشاکردنی ئاراستەی چاوەکانی ئەو ، وەک ئەوەی بیەوێت ئاراستە و شوێنەواری چاوەکانی دیاری بکات . نیگایان بۆ ساتێک لێکدی هەڵەنگوتن . جۆرە نیگایەک لە چاوانی ئەفەندیدا شەپۆلی دەدا کە یەکپارچە هەرزەیی و چاو قایمی و سەرکەوتن و متمانە بە خۆبوون و شەڕەنگێزی بوو . حەمیدە سەرسامی و حیرەتەکەی فەرامۆش کرد و کینەکێشی و ڕق و ئارەزووی شەڕ لە ناخیا سەری هەڵدایەوە  خوێنی هاتە جۆش ، لێبڕا کە بە ئاشکرا جنێوی بداتێ ، پێیدا هەڵشاخێت ، پتر لە جارێک عەزمی ئەم کارەی کرد ، بەڵام نەیکرد ، دوو چاری نیگەرانی و پەرێشانی بوو، شوێنەکەی لە تەنگ دەچوو، لە سەر بەردەکە دابەزی ، بە هەشتاو بەرەو کۆڵانەکە چوو ، بە چەند چرکەیەک کۆڵانەکەی تەیکرد . کە گەییە بەرماڵەوە ، ئارەزووی ئەوەی کرد ئاوڕێکی پاشەوە بداتەوە ، لێ نیگا دڵنیا و بێپەرواکەی کوڕەکەی لە بەر چاوی خۆیدا بەرجەستە کرد و، بزەکەی کە ڕیسوایی لێدەباری ، حەمیدەی لە ئارەزووەکەی ژێوان کردەوە .

بە هەشتاو پلیکانەکانی تەیکرد و بە تووڕەیی سەرکەوتە سەرەوە و کەوتە لۆمەی خۆی کە بۆچی بە گژیا نەچووەتەوە و بۆ هەفتا بابی تەمبێی نەکردووە . چوو بۆ ژووری نووستن و عەباکەی داکەند ، ئەوسا بەرەو پەنجەرە داخراوەکە چوو . لە درزی پەنجەرەکەوە کەوتە تەمەشاکردنی ڕێگاکە . نیگای بۆ گومگەشتەکەی خۆی دەگەڕا ، سەرەنجام لە دەروازەی کۆڵانەکەدا دۆزییەوە ، کابرا دەیڕاونیە ئەو پەنجەرانەی کە بە سەر کۆڵانەکەیاندا دەڕوانی ، ئەو بزە پڕ لە متمانە وغرووڕەی جارانی لە چاواندا بەدی نەدەکرا و کونجکاوی و حیرەت جێگەی گرتبووەوە . حەمیدە ئەم دیمەنە تازەیەی کوڕەکەی پێخۆش بوو و ئاگری تووڕەییەکەی سارد بووەوە . لە جێی خۆی وەستا ، لە زەتی لە حیرەت و سەرگەردانی ئەفەندی دەبینی و تۆڵەی تووڕەییەکەی خۆی لێدەکردەوە . گومان لەوەدا نەبوو کە ئەفەندییەکی ماقووڵە ، لە ئەفەندییەکانی جاران دەچوو ، دیارە دڵبەستەی ئەم بوو بوو ، ئەگینا ئەم هەموو کونجکاوی و لاپرەسەنیەی لە پای چی بوو ؟ بەڵام نیگای چاوەکانی ، خوا بیبڕێ ، لەو نیگایانە بوو ، بە توندی بە گژیا بچێتەوە ! ... ئەم هەموو متمانە بێسنوورە لە کیدەرەوە هەڵدەقولا ؟ خۆی بە قارەمانی قارەمانان یان میری میران دەزانێت ؟ شادییەکەی ئاوێتە بە ڕق بوو ، ئارەزوویەکی گونگ دایگرتبوو و حەزی دەکرد بە توندی بە گژیا بچێتەوە .

بەڵام ئەفەندی لە پەنجەرەکان نائومید بوو ، لە گەڕان بە دوی حەمیدەدا شەکەت بوو ، حەمیدە ترسا لە هەتەری چاوی ون ببێت و لە قەرەباڵغییەکەدا دیار نەمێنێ . دوای دوو دڵییەکی کەم ، دەسکی پەنجەرەکەی بادا و تاکی پەنجەرەکەی کەمێک لێکدی ترازاند و هەر لەوێدا و وەکو ئەوەی تەمەشای ئاهەنگەکە بکات وەستا . ئەفەندی پشتی کرد بووە کۆڵانەکە . بەڵام حەمیدە دڵنیا بوو کە دووبارە دەگەڕێتەوە و چاوان دەگێڕێت و تاقیب دەکات . هەر واش دەرچوو ، کەوتە ملەقوتێ و تەمەشای پەنجەرەکان ، تا چاوی بە پەنجەرە نیوە کراوەکەوە گیرسایەوە ، ڕووی وەکو گوڵ گەشایەوە ، بۆ ساتێک مەند ودوو دڵ ما ، پاشان ... پاشان هەمان بزەی بێپەروا و گۆساخ لە سەر لێوانی نەخش بوو ، خۆ پەسندییەکی زەق بە ڕوخسارییەوە دەرکەوت . حەمیدە بۆی دەرکەوت کە بە دەرکەوتنی لە بەر پەنجەرەکە ، هەڵەیەکی لە بەخشین نەهاتگی کردووە . خوێنی هاتەجۆش و ڕق و تووڕەیی باڵی بە سەردا کێشا . جۆرە دوئێل خوازییەکی لە بزەکەیدا دەبینی کە داوای مەیدانداریان لەم دەکرد ! ئەمەی لەم دوو چاوەدا دەیبینی ، تا ئێستا لە چاوی هیچ کەسێکی دیکەدا بەدی نەکرد بوو . ئەمەی بە ئاشکرا لەبەر ڕۆشنایی نەفسی تووڕە و تینووی شەڕی خۆیدا ، دەخوێندەوە و وای هاتە بەر چاو کە هیچ لەمپەرێک پێش بەم پیاوە ناگرێت . ئەفەندی بە کۆڵانەکەدا هەوراز بووەوە ، هێندە بە متمانە و مکووڕییەوە هەنگاوی دەنا ، حەمیدە وای بە خەیاڵدا هات کە بۆ ماڵی ئەوان دێت ، پاشان بەرەو چاخانەکەی کەرشە ڕۆیی ، شوێنێکی لە نێوان وەستا کەرشە و تەختەکەی شێخ دەروێشا ، بۆ دانیشتن هەڵبژارد ، هەمان ئەو شوێنەی کە جاران عەباس حلو لێی دادەنیشت و لە وێندەرەوە ، بە ئومێدی دیتنی سێبەر و تارمایی حەمیدە ، دەیڕاونییە درزی پەنجەرەکە . دیارە بەم دانیشتنەی هەنگاوێکی بوێرانەی نابوو . بەڵام حەمیدە پاشەکشەی نەکرد و هەر لەوێدا مایەوە و تەمەشای شانۆکەی دەکرد ، بە بێئەوەی حەواس پەرتی دەرفەتی ئەوەی بدات کە بزانێ چی لە سەر شانۆکە دەگوزەرێ . هەستی بە نیگای کوڕەکە دەکرد ، کە هەر سا نا ساتێ وەکو بلاجکتۆر دەکەوتە سەر ئەم ...

ئەفەندی لە جێی خۆی نەجووڵا ، تا ئاهەنگەکە تەواو بوو و پەنجەرەکە داخرا .

حەمیدە ، زۆر شەوی دیکەی بە ڕێکرد ، بەڵام هەمیشە ئەو شەوەی لە یاد بوو .

( ٢٠ )

کوڕەکە ، لەو شەوە بە دواوە ئیدی پێی لە کۆڵانی میدەق نەبڕی . عەسران دەهات ، لە چاخانەکە ڕۆدەنیشت و کاتی خۆی بە جگەرە و نێرگەلە کێشان و چا خواردنەوە بە سەر دەبرد . دەرکەوتنی کوت و پڕی ئەم کوڕە ، بەو شیکی و کەشخەییەوە ، مایەی سەرسامی چاخانەکە بوو ، بەڵام زوو بە زوو ، بە ڕوخسار ودیمەنی ڕاهاتن و چیتر سەرنجی ڕانەدەکێشان و فەرامۆشیان کرد .

هەڵبەتە هات وچۆی ئەفەندییەکی وەکو ئەو بۆ چاخانەیەکی کراوە بۆ هەموو کەسێک هیچ سەیر نەبوو . بەڵام وەستا کەرشەی بە ئەسکەناسە زبرەکانی ، لە کاتی دانی پارەی چایدا ، کە زۆربەی کات لە جونەیهێک کەمتر نەبوو ، بێزار کرد بوو ! هەموو جارێکیش بەخششێکی وەهای دەدا بە سەنقەر کە هیچ کاتێ شتی وای بە خۆوە نەبینی بوو ، بەمە دڵی سەنقەری خۆشدەکرد . حەمیدە ، ڕۆژ بە ڕۆژ چاودێری هاتوچۆی ئەوی دەکرد بە گیانێکی کراوە و نەفەسێکی هەڵچووەوە چاودێری دەکرد . لە سەرەتاوە ، بە هۆی کۆنی و شەپڕێوی جلەکانیەوە ، دەستبەرداری ڕۆژانە پیاسەکەی خۆی بوو . تا وای لێهات بە تەواوەتی لە ماڵەوە بێزار و وەڕز بوو و ئەم دەر نەچوونەی بە جۆرە ترسنۆکییەک زانی کە لە گەڵ تەبع وتەبیعەتی بوێرانەی ئەودا تێکی نە دەکردەوە . پێی ناخۆش بوو کەسێک ناچاری کارێکی بکات کە لە دڵی گران بێ و حەزی لێنەکات . شەڕێکی تازە لە ناخیا ، کە بە بێ شەڕ هەڵی نەدەکرد ، بەرپا بوو . ئەو ئەسکەناسانەی دەبینی کە یارۆی غەریب بە بەر چاوی ئەوەوە دەیدا بە سەنقەر . هەڵبەتە بە تەبیعەت لە دەلالەتی ئەم کارەی حاڵی بوو بوو . ڕەنگە ئەم زمانە لە شوێنانی دیدا ، هەندێک گونگ و نا ڕەسابێ ، بەڵام لە شوێنێکی وەکو کۆلانی میدەقدا ، زمانێکی ڕوون و ڕەوان و ڕەسا بوو . هەر چەندە کابرا ، ئەو پەڕی هەوڵیدەدا ، کە هیچ کەسێک پەی بە سەدەم وئەنگیزەی ڕاستەقینەی هاتوچۆی ئەو بۆ چاخانەکە نەبات ، لێ کەمترین دەرفەتی دەقۆستەوە تا بە دزییەوە تەمەشای دزرزی پەنجەرەکە بکات ، یان سەری ئاونەی نێرگەلەکەی بە جۆرێ لە زاری دەنا و دەم و لیوی گرد وکۆ دەکردەوە ، وەکو ئەوەی ماچی بکات و پاشان دووکەڵەکەی بەرەو ئاسمان ڤڕێ دەکرد وەکو ئەوەی ماچێکی هەوایی ، بۆ تارماییەکەی پشت پەنجەرەکە ڤڕێبکات . حەمیدە ، بە وردی سەرنجی ئەم ڕەفتاری دەدا ، هەستێکی وەهای لە لا دروست دەبوو کە نە لە لەزەت خاڵی بوو و نە لە ڕق . لە دڵی خۆیدا لێبڕا ، ترسەکەی بن پێ بنێت و دیسان بڕوات بۆ پیاسەی خۆی و ئەگەر هاتە ڕێگای ، ڕوو بە ڕووی ببێتەوە — کە لەم ڕووەوە ، چ گومانێکی لە خۆی نەبوو — و لە دڵی خۆیدا قەراری دابوو ، شکستی پێ بێنێ . یان بە زمان بە جۆرێ کەوڵی بکات کە بە عەمراتی لە بیری نەچێتەوە . ئەمە بکات بە داد پەروەرانەترین سزای ئەو خۆپەسندیە درۆینە و پێکەنینە سەرکەوتووانە و مەیدانخوازیە گۆساخانە و بێپەروابییەکەی . هەش بەو سەرەی ، کێ داوای لێکردووە بەو جۆرە بە خۆی بفشێت و خۆی بنوێنێ ؟! تا لووتی نەشکێنێ ، ئاسوودە نابێت و دڵی داناکەوێت ، لێ خۆزیا عەبایەکی باشی هەبوایە ، یا بەلای کەمەوە سۆلێکی تازەی هەبوایە ؟! ...

حەمیدە، بۆ ماوەیەکی زۆر کەم ، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ، کە بە ئومێدی ئەوە بوو، لە ڕێگەی جەنابی سەلیم عەلوانەوە ، بەو ژیانە خۆشە بگات کە خەونی پێوە دەبینی و دوای ئەوەی عەباس حلوی لە خەونەکانی خۆی سڕییەوە ، ئەو خەیاڵ پلاوەی کەرووی هەڵهێنا و سەلیم عەلوان ، گەییە حاڵی مردن . ئیدی نا ئومێدی بەرۆکی گرت و دڵنیا بوو کە نابێ هیچ ئومێدێکی بەم شووکردنە هەبێت . هەرچەندە بە دەزگیرانی حلو دەژمێردرا ، نەک هەر فەرامۆشی کرد ، بەڵکو ڕقیشی لێ هەڵگرت ، بەڵام نەیدەویست ڕادەستی بەد بەختی خۆی ببێت . گلەیی لە دایکی

دەکرد و تانەی ئەوەی لێدەدا کە بەغیلی پێبردووە و تەماحی کردووەتە سەروەت و سامانی پیاوەکە و خوا ئەوەی پێ ڕەوا نەبینی و ئەو چاوە ڕەشەی کاڵ بووەوە . حەمیدە ، لەم حاڵ و بارەدا بوو کە پیاوێکی تازە لە ئاسۆی ژیانیا دەرکەوت و شۆڕشێکی لە ناخیا بەرپا کرد و غەریزە و کەڵەکە پەنهانەکانی هاڕوژاند . لە غروور و فرناخیەکەی پەست و تووڕە بوو ، بەڵام شیکییەکەی بە دڵ بوو ، قۆزی و نێراتیەکەی دەی هاڕوژاند . غەریزە پەنهانەکانی بەرەو کوڕەی بکێش دەکرد ، چونکە ئەوەی لەودا کۆبوو بووەوە ، لە هیچ یەک لەو پیاوانەدا ، کە ئەو دەیناسین ، بەدی نە دەکرا : پارە و توانا و گیانی هەڤڕکی !

حەمیدە ، بە ڕوونی هەستەکانی خۆی دەرک نە دەکرد و نیاز و پێداویستییەکانی دەروونی ئاڵۆزی خۆی نە دەزانی ، تیا مابوو ، کە بەلای ئەودا دایبکێشێت یان بە گوێی ئارەزووە هەڵگیرساوەکانی خۆی بکات و بە گژیا بچێتەوە . سەرەنجام وای بە باش زانی ، بۆ ئەوەی لە سەرگەردانی و زیندانی خۆی دەرباز ببێت ، چار ئەوەیە ، لە ماڵ وەدەربکەوێ و بە دەم ڕێگاوە ناخ و غەریزەکانی خۆی وەردەوە بداتەوە و ئەگەر هاتە ڕێگای ، هەنگێ هەلی بۆ هەڵدەکەوێ کە تەحەدای بکات وەکو چۆن ئەو تەحەدای ئەمی کرد ، هەنگێ دەتوانێ کەرب و کینەی خۆی بڕێژێ و خەشی خۆی بڕێژێ و وەڵامی ئەو بانگ و گازیە پەنهانە بداتەوە کە بۆ چوونە خوارەوە و تەحەدا و ... هانی دەدا !

***

عەسری ڕۆژێک لەو ڕۆژانە ، خۆی ئاڕایشت داو عەباکەی بە سەریا دا و، بێئەوەی گوێ بە هیچ شتێک بدات لە ماڵ وەدەرکەوت . بە کەمتر لە دەقیقەیەک خۆی گەیاندە سەر ڕێگاکە ، ئەوسا بێئەوەی گوێ بە هیچ بدات کۆڵانەکەی تەیکرد . . بیرێکی بە مێشکا هات و بەرەو سەنادقیە پێچی کردەوە . ئایا کوڕەکە هەقی ئەوەی نییە جۆرە لێکدانەوەیەک بۆ ئەم دەرچوونەی بکات ؟ ئایا دەروونی پڕ غرووری ، خەبەری ناداتێ کە ئەم کیژە بە ئانقەست لە ماڵ دەرکەوتووە تا لە ڕێگادا ئەو بدینێ ! بە تایبەتی کە ئەو هیچ شتێک دەربارەی پیاسە و گەڕانی ڕۆژانە و ئاسایی ئەم نازانێت و چەندین ڕۆژی دوا بە دوای یەک بۆ ئێرە هاتووە و ڕۆژێک نەیدیتووە کە لە ماڵ وەدەرکەوتبێت . کەواتە یەکسەر دوای دەکەوێت و ، ڕێگەی پێدەگرێت . لێ هیچ حیسابێکی بۆ خەیاڵ و مەزەندەکانی ئەو نەکرد و لە خوای دەویست غروور فریوی بدات و بێتە سەر ڕێگای تا غروور وکبریای بشکێنێ . بۆیە لێبڕا ، بە هەمان نەفەسی تینووی شەڕ و تەحەداوە ، ئەگەر هاتە سەر ڕێگەی ، ڕوو بە ڕووی بێتەوە و بەڵێنی بە خۆی دەدا ، ئەو زەردەخەنە سەرکەوتووانە و سەخیفە لە سەر لێوەکانی بسڕێتەوە . هێدی هێدی بە دەم ڕێکردنەوە گەییە ( السکەالجدیدە ) . بە خەیاڵ هێنایە بەر چاوی خۆی کە لە چاخانەکە هەستا ، بە هەشتاو وەدەرکەوت تا ئەم ون نەکات ، ڕەنگە هەنووکە بە هەنگاوی هەڕا و بەرەو غوریە پێچ بکاتەوە . لەوەشە بە چاوە زیت و باشقاڵەکانی پەیگیری ئەم بکات . بە خەیاڵ یارۆی دەبینی کە لە دوای ئەمەوە بە خۆی و باڵا بەرزەکەیەوە بە گورگە لۆقە دەهات . لە حاڵێکا کە چاوی دیتنی

ئەم هەموو خەڵک و ئوتومبیل و گالیسکە زۆر و زەبەندەی سەر شەقامەکەی نەبوو ... ئایا چاوانی کوڕەکە ئەو دیمەنەیان بینی کە لە پێناویا هاتبووە دەرێ ؟ ... ئایا هەمان بزە سەرکەوتووانەکە نیشتبووەوە سەر لێوانی ؟ نەفرەت لەو حەیوانەی کە نەزانێ چی چاوەڕوانیەتی ! دەیسا با درێژە بە ڕێی خۆی بدات و ئاوڕی پاشەوە نە داتەوە . نەکەی ئاوڕ بدەیتەوە ، هەر ئاوڕدانەوەیەک هاوتای شکستە . کوڕێکی سەرکێش و بێپەروایە ، لەوەیە هەنووکە ، تەنیا چەند هەنگاوێک لە دوای ئەمەوە بێت . دەبێ بە تەمای چی بێت ! ئایا بەوەندەوە دەوەستێ و قەناعەت دەکات وەکو سەگ دووی بکەوێت ؟ یان کەمێک پێش دەکەوێت تا خۆی پێ نیشان بدات ؟ یا لەوەیە بکەوێتە شانبەشانی و لە گەڵیا بکەوێتە قسان ؟ . بە وریایی و نیگەرانییەوە ڕێی دەکرد . هوشیار ئامادە لە هەر هەنگاوێکیا چاوەڕوانی بویەرێکی تازەی دەکرد و ، بە چاو هەر هەموو ئەو ڕێڤینگانەی ( ڕێبوار ) دەپشکنی کە دەگەیشتنە ئاستی یان پێشی دەکەوتن ، بە وردی گوێی بۆ دەنگی ئەو هەنگاوانە هەڵدەخست کە لە دوایەوە دەنران . ئەم چاوەڕوانی و پارێزە شەکەتی کردبوو ، چیوای نەمابوو ، کۆڵبدات و ئاوڕێکی دواوە بداتەوە . بەڵام سەرکێشی و عینادییەکەی خۆی دەمە زەرد کردەوە ، بێباک و بێپەروا ، بێئەوەی گوێ بە هیچ شتێک بدات درێژەی بە ڕێکردنی خۆی دا . لەم خەیاڵانەدا بوو کە هاوخوشکەکانی خۆی — کیژە کرێکارەکان — بینی کە بەرەو ئەم دەهاتن و زۆر لەمەوە دوور نەبوون ! وەخۆ هاتەوە ، بزەیەک نیشتە سەر لێوانی ئەوسا سڵاوی لێکردن و گەڕایەوە و بە گەڵ ئەوان کەوت ، ئیدی ئەوان هۆی دیار نەبوونی نا ئاسایی ئەو چەند ڕۆژەیان لێپرسی . ئەویش بە دەم تەمەشاکردنی ڕێگاکەوە تا بزانێ کوڕەکە لە کوێیە ، گوتی نەخۆش بووە بۆیە نە هاتووەتە گەڕان و پیاسە . ئیدی بە دەم قسەکردن و پێکەنینەوە ڕێیان دەکرد و ئەمیش ناو بە ناو نیگای لەم شۆستەوە بۆ ئەو شۆستە دەگێڕا . داخۆ چ پەنایەکی گرتبێ ؟ ڕەنگە لە شوێنێکەوە تەمەشای ئەم بکات و ئەم نەیبینێ . بە هەرحاڵ ئەمڕۆکە هەلی تەمبێی کردنی ئەوی بۆ نەڕەخسا ، حەمیدە ، خوا خوای بوو ، بە هەمان غروور و کەش وفشەوە بێتە سەر ڕێگای ، تا تەزرە کوت و چاو ترسێنی بکات . بەڵام لە چنگی دەرچوو بوو . باشە لە کوێیە ؟ ئایا دەشێت دێر جووڵا بێ و لەوان دوا کەوتبێ ؟ لێ ئەمجارە ، نەیتوانی بە سەر ئارەزووی ئاوڕدانەوەکەی ، خۆیدا زاڵ بێت و سەرکوتی بکات ، ئاوڕی دایەوە ، بە وردی شەقامەکەی دایە بەر نیگا ، بەڵام لە هیچ لایەکەوە ، نە لە دواوە ، نە لە پێشەوە ، نە لە سەمتی ڕاستەوە ، نە لە لای چەپەوە ، دیار نەبوو ! ڕەنگە کەمێک دێر لە چاخانەکە وەدەرکەوتبێ و ئەمی ون کردبێت و هەنووکە وێڵ و سەرگەردان بە شەقامەکاندا بسوڕێتەوە و ئەم نەدۆزێتەوە ! ئیدی حەمیدە ، هیچ جۆش و خرۆشێکی نەما و تەواو سارد بووەوە . کاتێ گەییە دراسە ، لە دڵی خۆیدا گوتی لەگینە لێرە ، لە ناکاوا دەربکەوێ ، وەکو چۆن ڕۆژێ لە ڕۆژان عەباس حلو پەیدا بوو ، دیسان ئومێد و هیوای لە دڵدا بوژایەوە ، جۆش و خرۆشی تێگەڕایەوە ، خودا حافیزی لە دوایەمین هاوخوشکی کرد ، بە کاوە خۆ گەڕایەوە و کەوتە چاوگێڕان بە کون و کەلەبەری جادەکاندا ، شەقامەکان چۆڵ بوون ، بە گوتەیەکی دی چۆڵ بوون لەو کەسەی کە ئەو مەبەستی بوو . بە دڵی شکاوەوە

پاشماوەی ڕێگاکەی تەیکرد ...  هەستی بە شکستێکی سەیر دەکرد ، بە هەورازی کۆڵانەکەدا هەڵگەڕا ، چاوانی بڕییە چاخانەکە . وەستا کەرشەی بەرە بەرە لێ بە دیارکەوت ، هەوەڵجار چمکی عەباکەی ، ئەوجا شانی چەپی و پاشان سەری کە داینەواند بوو ، بە دیارکەوتن . پاشان ... خودایە ئەمە چییە ؟! خۆیەتی ، لە جێی خۆی نەجووڵاوە ، ئاونەی نێرگەلەکەی توند گرتووە ! ... دڵی حەمیدە بە توندی کەوتە لێدان ، دەم و چاوی سوور بووەوە ، خوێنی وەجۆش هات و بە هەشتاو بەرەو ماڵ بووەوە ، لە تۆ وایە هیچی نەدەبینی ، پەرێشان وخەجاڵەت بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا — هەرچەندە خەجاڵەت و شەرمەزاری لە مەزەبی ئەودا نەبوو — هەرکە وەژوورکەوت و نە کەوت ، گڕکانەکانی ناخی تەقینەوە و ، تووڕەییەکی شێتانە باڵی بە سەردا کێشا ،عەباکەی فڕێدایە سەر ئەرزەکە و خۆی دا بە سەر قەنەفەکەدا . کەواتە لە بەر کێ هەموو ئێوارەیەک بۆ چاخانەکە دێت ؟ مەگەر بە چاوە باشقاڵەکانی ئەم دانابێژێ ؟ ... ئەدی ئەو ماچە هەواییە بە دزییەوە ، بۆ کێ دەنێرێ ؟ ... ئیدی هەستی نائومێدی و حیرەت و خەجاڵەت و تووڕەیی ، زیاتر سەر ودڵیان دەگرت . هەنگێ لە فکران ڕاچوو و جۆرەها خەیاڵی بە مێشکا هات : تۆ بڵێی هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هاتنی ڕۆژانەی ئەو وبیر وخەیاڵەکانی ئەمدا نەبێت ، ئەم بیر و لێکدانەوانەی ئەم جگە لە خەیاڵ پڵاو هیچی دی نەبن ؟ ... یا لەگینە ئەمڕۆ بە ئانقەست ئەمی فەرامۆش کردبێت ، بۆ ئەوەی تەمبێی بکات و ئەزیەتی بدات ، دووریش نییە بیەوێ پێی ڕابوێرێ ... وەک ڕابواردنی پشیلە بە مشک ؟! ... ئایا هەستێت و دەست بداتە شەربەکە وتێی بسرەوێنێ و سەری بشکێنێ و تینوویەتی ڕق و تۆڵە ئەستێنی خۆی پاراو بکات ؟! هەستێکی بە سفت وسوێی ئەوتۆ دایگرت کە پێشتر هەستی وای بە خۆوە نەبینی بوو . سەری لەم حاڵەتەی خۆی سوڕ مابوو . بەڵام دەیزانی چی دەوێ . بێ چەند وچوون ، حەزیدەکرد یارۆ دوای بکەوێ و ڕێگەی پێبگرێت .

ئەدی پاشان ؟ پاشان ، لە ئاگرە گڕەی تووڕەیی و ڕق و هەڕەشەی باوێت . بۆچی ؟ بۆ ئەوەی بە گژیا بچێتەوە ، تەحەدای متمانە بەخۆیی و خۆپەسندی وبزە سەرکەوتووانەکەی بکات . ئەم بزە سەرکەوتوانەیە ، سەرچاوەی هەموو بەڵاکان بوو، بە ئەقڵ و غەریزە و ڕۆح و جەستە دەرکی دەکرد . بزەی تەحەدا و مەیدانخوازی بوو ! حەمیدە خۆی دەناسی ، نەک هەر توانای ئەو شەڕەی لە خۆیدا شک دەبرد ، بەڵکو دەیزانی بۆ ئەوە دروست بوو بوو کە بە تەحەداوە وەڵامی ئەو جۆرە بزانە بداتەوە . سووی لەوە دەخوارد ، زۆر بە تاسەوە چاوەڕوانی شەڕێکی دەکرد ، هەنووکە خەریک بوو لە دەستی دەچوو ، لە ناخی خۆیدا و پڕ بە دڵ حەزیدەکرد ، هێزی خۆی لە گەڵ هێزی کابرایەکی خۆپەسند وخۆهەڵکێش و فڕناخ و قۆڕە دەماخا تاقیبکاتەوە . بەمجۆرە تەکانێکی توندی دا و وەخۆ هاتەوە ، سەرکێشی و یاخی بوون و شەڕخوازی و تاسە لە ناخیا سەری هەڵدا .

ماوەیەکی بەو هەڵچوون و سۆز وگودازە هەوسار پچڕیووەوە لە سەر قەنەفەکە بە سەر برد ، ئەوسا بە ڕقەوە تەمەشایەکی پەنجەرەکەی کرد ، هەستا و خۆی گەیاندە پشت پەنجەرەکە ، لە درزی دوو تاکی پەنجەرەکەوە و لە

پەنای ئەو تاریکییەوە کە باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو ، تەمەشای دەرەوەی کرد . بینی کە بە هێمنی لە جێگای خۆی دانیشتبوو و بە ئاسوودەیی نێرگەلەی دەکێشا . زیرەکی و متمانە لە چاوانیا شەپۆلی دەدا ، دەتگوت بە تاقی تەنیا لە دنیادا دەژی و لە دەور وبەری دابڕاوە ، شوێنەواری بزە سەیرەکەی بە ڕوخسارەوە نەما بوو . بە پێچەوانەی حەمیدەوە کە وەکو ئاگر بڵێسەی دەسەند ، ئەم ئارام و ئاسوودە دیار بوو . بە وردی لێی ڕوانی ، بەڵام جگە لە حیرەت و هەڵچوون زیاتر هیچی دیکەی دەستنەکەوت . ئیدی بەو دەقەوە لە هەمان شوێن وەستا تا دایکی بۆ شێوخواردن گازی کرد . ئیدی لە ژوورەکە وەدەرکەوت و شەوێکی زۆر ناخۆش و ڕۆژێکی خەمینی بە سەربرد .

حەمیدە ، عەسری ڕۆژی دووەمی بە دەم چاوەڕوانی و نیگەرانییەکی بەر دەوامەوە بە سەربرد . ڕۆژانی پێشوو ، هیچ گومانێکی لە هاتنی کوڕەکە نەبوو . لێ ئەمڕۆ ، بە گومان ودوو دڵییەوە چاوەڕوانی دەکرد . چاودێری تیشکی خۆرەکەی دەکرد ، کە بەرە بەرە زەمینەی کۆڵانەکەی بەجێدەهێشت و بە هێواشی بە دیواری چاخانەکەدا هەڵدەگەڕا .

سەیر ئەوە بوو ، ترسی ئەوەی لێنیشت کە نەیەت . ڕەنگە ئەو خەیاڵە پەیوەندی بە غەریزەی جەنگاوەرانە و شەڕخوازانەی ئەمەوە هەبێت . وەختی هاتنەکەی هات و لە هیچ شوێنێکەوە دەرنەکەوت . کات تێدەپەڕی و هەر دەرنەکەوت ، دیار بوو کە ئەمڕۆ نایەت ، ئەم دەرنەکەوتنەی ئەو گومانەکەی حەمیدەی ڕەواندەوە ، گەییە ئەو قەناعەتەی کە بە ئانقەست نەهاتووە ، بزەیەک کەوتە سەر لێوانی و هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا ، لە ڕاستیا هیچ هۆیەکی ڕوون بۆ ئەم خۆشحاڵ بوونەی نەبوو ، لێ غەریزەی پێی دەگوت ، ئەگەر ئەمڕۆکە بە ئانقەست نەهاتووە ، ئەوا بێ هیچ گومانێک ، مانای وایە دوێنێکەش بە ئانقەست دووی نە کەوتووە ، واتە هیچ فەرامۆشی و بێ موبالاتیەک لە ئارادا نییە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ، بەو پەڕی کارامەیی و زیرەکییەوە شەڕی خۆی دەکات و تاکو ئەم ساتەش کە لە هیچ شوێنێکەوە دیار نییە ، خۆڕاگرانە لە مەیداندا وەستاوە . بەم پێشگۆییەی غەریزەی خۆی ، شادبوو و بە ورەیەکی تازەوە خۆی بۆ شەڕ ئامادە و تەیار کرد . ئیدی لە ماڵەوە بێتاقەت بوو ، عەباکەی بە سەردا دا و بێئەوەی وەکو دوێنێ خۆی ئاڕایشت بدات ، لە ماڵ وەدەرکەوت . هەوای ساردی شەقامەکە لە ڕوخساری دا و بوژاندییەوە ، ئەم بوژانەوەیە ، بیرکردنەوە ونیگەرانییەکانی ئەمڕۆی بیرخستەوە ، بە تووڕەیی و لەبن لێوانەوە گوتی :" کە کچێکی شێتم ! ... لە پای چی ئەم هەموو عەزابەی خۆم دا ؟! خوا بیباتەوە !" پێی هەڵگرت تا گەییە هاوخوشکەکانی و لە گەڵ ئەواندا گەڕایەوە و بە دەم ڕێگاوە هەواڵیان دایە کە یەکێکیان لە ڕیز دەردەچێت وشوو بە (زەنفەل ) ی شاگردی خوارنگەی ( توعمیە )ی ئاغایان دەکات . یەکێک لە کیژەکان گوتی :

– تۆ لە پێش ئەوا نیشانەکرایت ، لێ ئەو لە پێش تۆدا شوودەکات ...

قسەکەی ئەو کیژەی لە بەر گران بوو ، بۆیە بە توندی وبە دەم کەش و فشەوە گوتی :

– دەزگیرانەکەی من بۆ ئایندەیەکی پرشنگدار کاردەکات ...

بە نە بەدڵییەوە ، خۆی بە حلووەوە هەڵکێشا بوو . پاشان بە کەسەرەوە جەنابی سەلیم عەلوانی وەبیر هێنایەوە — خودا وەکو هەر شتێکی بێ کەڵک لە ناوی بەرێ — دڵی پڕ لە ئازار بوو ، پاشماوەی ڕێگاکەی بە خەمینی و بێدەنگی تەیکرد . هەستی کرد ، ژیان ڕق بە ڕقێی دەکات ، دژایەتی دەکات و ژیان تاقە دژمنێکە کە ئەم نازانێت چۆن یەخەی بگرێت . تا کۆتایی دراسە لە گەڵ کچەکاندا ڕۆیی . پاشان خودا حافیزی لە دوا کەسیان کرد وپێچی کردەوە تا بە هەمان ڕێگای خۆیدا بگەڕێتەوە . دوای چەند هەنگاوێک کابرای بینی — بێگومان خۆی بوو — لە سەر شۆستەکە چاوەڕوانی دەکرد ! نیگای ، بۆ چەند ساتێک و لە ژێر کاریگەریی ئەم بەرخوردە لە ناکاوەدا ، لە سەر ئەو گیرسایەوە . کەمێک پەشۆکا ، پەشیمان بوو لەوەی کە ئەم هەلەی لە دەستچوو . ئەوسا پەرێشان وسەرگەردان درێژەی بە ڕێی خۆی دا . ئامادەی ئەم دیدارە نەبوو ، گومانی لەوە نەبوو کە بە درێژایی ئەم ماوەیە تاقیبی کردووە . کوڕەکە بە حوکمی بەردەباری هێمن دەهاتە بەر چاو . بەڵام حەمیدە هەموو جارێ تووشی پەشۆکان و شپرزەیی دەبوو . کەوتە کۆکردنەوەی هێزە پەراگەندەکانی خۆی و ڕێکخستنەوە گیانی شەڕخوازی و هۆڤیانەی خۆی ، زۆری پێناخۆش بوو کە وەکو پێویست خۆی ئاڕایشت نە دابوو ، ئەوە نیگەرانییەکی زۆری لا دروستکرد . دنیا بەرەو تاریک بوون دەچوو و شەقامەکە چۆڵ بوو و ، کابرا بە کەماڵی ئارامی ، بە ڕوخسارێکی ئارامەوە ، بە دوور لە هەر نیگایەکی تەحەدا ئامێز و دوور لە زەردە خەنە سەرکەوتوانەکە ، چاوەڕوانی نزیک بوونەوەی ئەمی دەکرد ، هەر کە حەمیدە گەییە ئاستی ، کابرا بە دەنگێکی نەوی گوتی :

– ئەوەی تاڵی سەبر بچێژێ ، بە مەبەست دەگات .

حەمیدە لە پاشماوەی قسەکانی حاڵی نەبوو ، چونکە لەبن لێوانەوە دەیگوت . مۆڕەیەکی لە کوڕەکە کرد و هیچی نەگوت و بەلایا تێپەڕی . کابرا کەوتە شانبەشانی و بە دەم ڕێوە وبە دەنگێکی هێمن و جدی گوتی : "حاڵت چۆنە ... دوێنێ خەریک بوو شێت دەبووم ، لە بەر ئەو چاوانەی کە چاودێرییان دەکردم ، نەوێرام لە دووت بێم و ناچار بووم سەبر بکەم و هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانی دەرچوونێکی دیکەی تۆ بکەم . ئەو ڕۆژە کە ئەو هەلەم بۆ هەڵکەوت و نەمتوانی بیقۆزمەوە خەریک بوو شێت دەبووم ...

بە ڕوخسارێکی ئارامەوە ڕووی کرد بووە حەمیدە . ڕوخسارەکەی جاران بوو ، نە تەحەدای پێوە دیار بوو ، نە خۆپەسندی . قسەکانی پتر لە دەردە دڵ و عوزرخوایی دەچوون . حەمیدە خۆی بۆ بەرخورد و ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەکی دی ئامادە کرد بوو . دەی ئێستا چ بکات ، چ هەڵوێستێک بنوێنێ ؟ ئایا پێ هەڵگرێت و بە لایا

تێپەڕێ و هەمووشتێک ببڕێتەوە وتەواو ؟ ئەگەر بیویستبایە دەیتوانی ئەم کارەبکات ، لێ دڵی بەمە قاییل نەبوو ، پێدەچوو لە هەوەڵ ڕۆژەوە چاوەڕوانی ئەم دیدارە بوو بێ . بووەوە بەو ئافرەتەی کە شەرم وحەیای لە مەزەبدا نەبوو .

کوڕەش ، لە لای خۆیەوە ، لێهاتووانە دەورەکەی خۆی دەگێڕا و فێڵبازانە درۆی هەڵدەبەست . ئەوەی کە نەیهێشتبوو دوێنێ دوای حەمیدە بکەوێ ، ترس و پارێز ودوو دڵی نەبوو ، لێ غەریزەی بێدار و ئەزموونی زۆری ، ئەو قەناعەتەیان لا چێکرد بوو کە لەم حاڵەی ئەودا ، وا باشە لە جێی خۆی نەجووڵێ و پەلە نەکات ، وەکو چۆن ئەمرۆکەش هەمان فاکتەرێن غەریزەی بێدار و ئەزموونی زۆر ، کرد بوویانە کارێک ئەدەب و سەلاری ساختە ، بکاتە دەمامک و لە ژێر ئەم دەمامکەوە و بەو پەڕی میهرەبانی پێی گوت :

– کەمێک سەبر بکە ... دەمەوێ ...

حەمیدە ، ئاوڕی لێدایەوە و بە توندی قسەکەی پێبڕی وگوتی :

– چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەی قسە لەگەڵ من بکەی ! ... ئاخر تۆ من دەناسیت کابرا ؟!

کوڕەکە ، بە نەزاکەتێکی ساختەوە گوتی :

– چۆن ناتناسم ؟ ... ئێمە دۆست و ناسیاوی کۆنین ... من لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا ئەوەندەم دیتوویت ، کە دراوسێکانتان بە درێژایی ساڵان ، ئەوەندەیان نەدیتوویت ، لەم چەند ڕۆژەدا ئەوەندەم بیر لێکردوویتەوە ، کە نزیکترین کەسانی تۆ ، بە هەموو تەمەنیان ئەوەندەیان بیر لێنەکردوویتەوە . ئیدی چۆن ناتناسم ؟!

زۆر بە نەرمی قسەی دەکرد ، هچ گرێی نە دەهاتە بەر ودەنگی نە دەلەرزی ... ئەمە کردیە کارێک حەمیدە زیاتر حەز بە قسەکانی و مناقەشەی بکات ، هەستی بە جۆرە بێموبالاتی و خەمساردییەک کرد ، ئەمە تاقە چەکی دەستی بوو کە دەیتوانی لە ڕووی عینادی و دژمنایەتی ژیان هەڵیکێشێت . بۆیە ، زۆر بە توندی ، بەو پەڕی هەوڵەوە کە دەنگی بەرز نەبێتەوە و ئاوازی ناسازی دەنگی دەرنەکەوێت ، گوتی :– بۆچی دوام دەکەویت ؟

کابرا ، بزەیەکی کرد و بە سەرسامی بەرسڤی دایەوە :

– بۆ چی دوات دەکەوم ؟ ... بۆچی کار و ژیانم تەرک کردووە و کونجی ئەم چاخانەیەم گرتووە و لە ژێر پەنجەرەکەی تۆدا دەربەست دانیشتووم ؟ ... بۆچی هەموو دنیام بەجێهێشتووە و هاتووم لە کۆڵانی میدەقدا گیرساومەتەوە ؟ ... بۆچی ئەم هەموو ماوەیە چاوەڕوانم کردووە ؟!

حەمیدە ، ڕووی گرژ کرد و بە بێزارییەوە گوتی :

- من بۆ ئەوە پرسیارم لێنەکردوویت ، کە بەم وڕێنانە وەڵامم بدەیتەوە . بە هەر حاڵ نامەوێ دوام بکەوی و قسەم لە گەڵدا بکەیت .

کابرا ، بە زمانێکی پڕ لە متمانە و نەزاکەتەوە گوتی :

- یاسا و ڕێسا وا دەخوازێ کە جوانان کەوتنە ڕێ دوویان بکەوین . ئەمە ڕێسایە ، ئەگەر جوانان وەدەرکەوتن و هیچ کەسێک دوایان نەکەوت ، ئەمە نە شیاوە ، لادانە لە ڕێسا و بە ڕاستی نابێ قەبووڵ بکرێت ، بە گوتەیەکی دی ، بۆ نموونە ئەگەر یەکێکی وەکو تۆ بڕۆیت و کەس دوات نەکەوێ ، مانای وایە ڕۆژی قیامەت نزیک بووەتەوە ...

لەم کاتەدا ، بە کۆڵانی ( عوارجە )دا تێدەپەڕین . هەندێک لە هاوخوشکەکانی ئاکنجی ئەوێندەر بوون ، خودا خودای بوو کە بەو حاڵەوە و لە گەڵ ئەم ئەفەندییەدا ببینن ! ... مەیدانی مزگەوتەکە بە دەرکەوت ، زۆر دوور نە بوو ، بە ترسەوە پێی گوت :

- دوور بکەوەوە ... لەم گەڕەکەدا خەڵکانی ناسیاوم هەن !

ئەفەندی نیگایەکی تیژی کرد ، دڵنیابوو ، کە کیژێ بیەوێ و نەیەوێ دەرگای گفت وگۆی بۆ کردووەتەوە . بزەیەک نیشتە سەر لێوانی کوڕەکە ، بزەیەک کە ئەگەر حەمیدە بەدی بکردبایە لەوە بوو دیسان بداتە سەر سەختی . یارۆی ئەفەندی پێی گوت :

- نە ئەم گەڕەکە گەڕەکی تۆیە ، نە ئەم خەڵکە کەس و ناسیاوی تۆن ... تۆ شتێکی دیکەیت ، تۆ غەریبی بێرە ... !

دڵی حەمیدە بە قسەکانی ئەو ئارامی گرت ، بە جۆرێ دڵی بەو قسانە خۆشبوو ، کە بە هیچ قسەیەکی پێشووتر ، ئەوەندە دڵی خۆش نە بوو بوو . کابرا وەک ئەوەی تووڕە بوو بێ لە سەری ڕۆیی :

- چۆن بەم عەبایەوە لە گەڵ ئەم کچانەدا ڕێدەکەی ! ... ئەوانە لە کوێ و تۆ لە کوێ ! دۆتمیر بە کۆنە عەباوە ڕێدەکات و ڕەعیت بە جلی ئاڵاو واڵاو تازەوە ! ...

حەمیدە بە توندی گوتی :

- ئەمە چ پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە ! ... بڕۆ بە لای کاری خۆتەوە ...

ئەفەندی ، بە ناڕەزاییەوە گوتی :- هەرگیز لێرە ناڕۆم ، دوور ناکەومەوە ...

حەمیدە ، بە هەمان توندی گوتی :- باشە چیت دەوێت ؟

کابرا ، بە جورئەتێکی سەیرەوە گوتی :- تۆم دەوێ . تەنیا تۆم دەوێ و بەس ...

- دەمت داخە ...

- پەنا بە خوا ، بۆچی توورە دەبیت ؟ ... یانی بۆ ئەوە نە هاتوویە دنیاوە تا بە نەسیبی کەسێک بیت ؟ ... کە یەکێک بتبات ؟ ... ئەو یەکە منم ...

بە دەم ڕێگاوە بە بەر چەند دووکانێکدا بوورین ، حەمیدە هاواری بە سەردا کرد :

- یەک هەنگاوی دیکە نەیەی ، دەنا ...

کوڕەکە بە دەم پێکەنینەوە گوتی :- دەنا کوتەک دەخۆم ...

دڵی کیژێ داخورپا ، چاوانی پرشنگیان دا و گوتی :- ڕاست دەکەی .

کوڕە ، بزەیەکی فێڵبازانەی کرد و گوتی :

- با بزانین . من هەنووکە بە نە بەدڵی لێت جیا دەبمەوە ، بەڵام هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانت دەکەم ، چیتر بۆ چاخانەکە نایەم ، تا خەڵکی کۆڵانەکە گومان نەکەن ، بەڵام هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانت دەکەم ... هەموو ڕۆژ ، بە خوات دەسپێرم . ئەی جوانترین بوونەوەری سەر زەوی ...

حەمیدە درێژەی بە ڕێگای خۆی دا ، ڕووی گەشایەوە ، شادی وغرووری پێوە دەرکەوت :" تۆ شتێکی دیکەی " ... بەڵێ ، چیتری گوت ؟ ..." تۆ غەریبی بێرە ..." ..." یانی بۆ ئەوە نە هاتوویە دنیاوە تا یەکێک بتبات ؟ ... زۆر چاکە من ئەو  یەکەم ..." و چیتری گوت ؟ ..." کوتەک ..." . لەزەتێکی شێتانە و خۆشییەکی کێوی لە دڵ و دەروونی گەڕا ، ڕێیدەکرد و دەور وبەری خۆی نە دەبینی . کاتێ گەیشتەوە ژوورەکەی خۆی و نەفەسێکی وەبەر هاتەوە ، بە غرووروەوە ئەوەی وەبیر خۆی هێنایەوە کە توانیویەتی بێهیچ پەشۆکان و شەرمێک لە گەڵ پیاوێکی غەریبەدا ڕێبکات و قسان بکات ! ... یانی دەتوانێ هەرکارێکی بوێ ، بێهیچ دوو دڵییەک بیکات ، شەپۆلێکی بێپەروایی و بێباکی دایگرت و بێخەم و خەیاڵ بە دەنگی بەرز لە حیلکە حیلکی پێکەنینی دا ، ئەوسا بیری کەوتەوە کە چۆن لێبڕا بوو ، یەخەی بگرێت ! ... بۆ ماوەیەکی کەم سەری لە بەرخۆ نا و مات بوو ، ئەوسا کەوتە پاکانە بۆ

خۆی ، کە کوڕەی تاین نەک بە گۆساخی و بێ شەرمییەوە ، ڕوو بە ڕووی نەبوو بووەوە ، بەڵکو زۆر بە نەزاکەت و میهرەبانیشەوە قسەی لە گەڵدا کرد بوو . بەڵام ئەم خاکەراییەی ئەو زادەی تەبیعەتی نەرم ونیانی ئەو نەبوو ، بەڵکو دڵی حەمیدە دەیگوت کابرا پلێنگێکی کەڵەبە تیژە و خۆی دانووساندووە و چاوەڕوانی هەلی گونجاوە تا پەلاماری بدات دەی با چاوەڕوان بکەین ... با چاوەڕوان بکات تا ئەو کاتەی حەقیقەتی خۆی دەنوێنێ و ئەو کاتە ..؟ ئیدی لەزەتە شێتی ئامێز و شادییە کێوییەکەی ، دووبارە سەریان هەڵدایەوە ..

( ٢١ )

دوکتۆر بۆشی خەریک بوو لە ماڵەکەی وەدەر دەکەوت کە کارەکەرەکەی خا سەنیە عەفیفی هات و داوای لێکرد کە بچێت بۆ لای خا سەنیە . دوکتۆر ڕووی گرژ کرد و بە پەستییەوە لە خۆی پرسی : " ئەم ژنە چیدەوێ ؟! داوای زیادکردنی کرێ دەکات ؟!" بەڵام هەر زوو ئەم گومان و مەزندەیەی لە خەیاڵی خۆی سڕییەوە ، چونکە خا سەنیە نەیدەتوانی لەو یاسا سوپاییانە لابدات کە کرێی خانوو بەرەی لە کاتی جەنگا دیاری کرد بوو . لە شوقەکەی وەدەرکەوت و بە ڕووی گرژ و پەستەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت . دوکتۆر بۆشی — وەکو کرێچییەکانی دیکە — حەزی لە چارەی خا سەنیە عەفیفی نە دەکرد ، هەمیشە لە هەموو شوێنێک لە عەلەیی ئەو دەدوا و باسی ڕژدی و چرووکی ئەوی دەکرد ، ڕۆژێک کە زەمی ئەوی دەکرد ، گوتی : "بە تەمایە لە سەربان ژوورێکی تەختە بۆ خۆی دروست بکات تا شوقەکەی خۆی بە کرێ بدات . بەو داخەوە دەتلایەوە کە قەت نەیتوانی بوو ،–تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش — خۆی لە دانی کرێی شوقەکەی بدزێتەوە ، خا سەنیە عەفیفی هەر کاتێ دەگەڵ بۆشیدا تێکبگیرایە ، هانای بۆ سەید ڕەزوان حوسەینی دەبرد ، بە هەرحاڵ دوکتۆر بۆشی بەم بانگکردنە خۆشحاڵ نە بوو ، بە هەرحاڵ گەییە بەر دەرگا ، هەڵوێستەیەکی کرد ، ناوی خوای لێهێنا وگوتی :" بە تەمای تۆ خودایە " و لە دەرگای دا . خا سەنیە عەفیفی کە سەرپۆشێکی بە سەرەوە بوو ، بە خۆی دەرگاکەی لێکردەوە ، و بۆ ژووری پێشوازی ڕێنوێنی کرد . کابرا وەژوورکەوت و دانیشت . کارەکەرەکە قاوەی بۆ هێنا ، خواردییەوە. ئەوسا خا سەنیە پێی گوت:

– جەنابی دکتۆر ، بۆیە ناردم بە شوێنتا کە تەمەشایەکی ددانەکانم بکەیت ...

چاوانی کابرا گەشانەوە ، هەرگیز چاوەڕوانی شتی وا نە بوو ، بۆیە زۆر دڵی بەم داوا کوت وپرە خۆشبوو . بۆ یەکەمجار لە هەموو ژیانیا هەستی بە جۆرە محەبەتێک سەبارەت بە خا سەنیە کرد و پرسی :– خوا نە خواستە ئازارت هەیە ؟

خا سەنیە گوتی :

– نە شوکر ، لێ هەندێک لە ددانەکانم لەق بوون و هەندێکی دیکەشیان خراپ بوون ...

دوکتۆر لە کەیفان لە پێستی خۆی نە دەهێوری ، ئەو دەنگۆیەی وە بیرهاتەوە کە خەڵکی کۆڵانەکە ، لە بەینی خۆیاندا و بە دزییەوە دەیانگوت کە خا سەنیە بەو زووانە شوودەکات و بە بووکی دەڕوات . تەماع بۆشی گرت و گوتی :- باشترین شت ئەوەیە تاقمێکی تازە بکەیت ...

خا سەنیە گوتی :- خۆمیش بە نیازی شتێکی وا بووم ، بەڵام ئەمە زۆری پێدەچێ ، وا نییە ؟

کابرا هەستایە سەر پێیان ، لە خا سەنیە نزیک بووەوە و گوتی :

- ئادەی زارت بکەرەوە ...

ژنە ، زاری کردەوە ، کابرا بە وردی لێی ڕاما، لێ جگە لە چەند ددانێکی کەم هیچی دیکەی نەبینی . سەری سوڕما و هەستی بە جۆرە نائومێدییەک کرد ، بەڵام بۆ ئەوەی لە بایەخی کارەکەی خۆی کەم نەکاتەوە ، بە ویقارەوە گوتی :

- چەند ڕۆژێکمان دەوێ تا ئەم ددانانە هەڵکێشین ، بەڵام لەگینە ناچاربین شەش دانە مانگ چاوەڕوان بکەین ، تا پووکەکانت بە تەواوەتی چاک ببنەوە و ئەوسا تاقمە تازەکەت بۆ دابنەین .

ژنە ، بەو پەڕی بێزارییەوە ، برۆکانی بەرز کردنەوە. لە دڵی خۆیدا وای دانا بوو ، لە زەرفی دوو یان ئەو پەڕی سێ مانگدا ، بگوازرێتەوە . بۆیە بە ناڕەحەتییەوە گوتی :

- نا ... نا ، من کارێکی خێرام گەرەکە . بە هەر حاڵ لە مانگێک پتر نەخایەنێت ...

کابرا ، فێڵبازانە گوتی :- یەک مانگ خا سەنیە ؟ ... مەحاڵە ... !

ژنە بە پەستییەوە گوتی :- کەواتە خوا حافیز ... !

کابرا ، هەڵوێستەیەکی کرد و پاشان گوتی :- ئەگەر ڕازی بیت ڕێگەیەکی دیکەش هەیە .

ژنە هەستی کرد ، کابرا کاسبکارانە مامەڵەی لە گەڵدا دەکات ، دەیەوێ پارەی لێبکێشێتەوە ، بۆیە ڕقی لێهەڵگرت ، بەڵام چونکە پێویستی بە کابرا بوو ، ڕقەکەی خواردەوە و دەری نەبڕی و پرسی :

- ئەو ڕێگەیەی دی کامەیە ؟

- ئەوەیە کە تاقمێکی زێڕت بۆ دابنەم ، ئەمەیان دەکرێ ڕاستەو خۆ دوای هەڵکێشانی ددانەکانی خۆت ، دابنرێ ...

دڵی ژنه له ترسا گوشرا ، له دڵی خۆیدا بیری له تێچوونی تاقمەکه دەکردەوه . ئەگەر قەرار نه بوایه بەو زوانه به بووکی بڕوات ، هەر لەوێ و دەم و دەست پێشنیازەکەی ڕەتدەکردەوه . ئاخر چۆن دەشیا بەم زاره بێ ددانەوه بچێته پەردەوه و ڕوو به ڕووی زاوا ببێتەوه ؟ چۆن زات بکات به ڕووی زاوادا پێبکەنێت ؟ هەموو خەڵکی کۆڵانەکه دەیانزانی که نرخەکانی دوکتۆر بۆشی هەرزانه و ، ددان وتاقمەکانی لێرەو لەوێ به هەرزانترین نرخ پەیدا دەکات و دەکڕێت ، کەسیش نەیدەپرسی له کوێی پەیدا دەکات یان له کوێی دێنێ ، تەنیا هەرزانییەکەیان به لاوه گرینگ بوو . بەڵام تاقمی زێڕ وێڕای هەموو ئەم ڕاستیانەش — نرخی خۆی هەبوو ، جا ژنەی ڕژد و چرووک لەمە دەترسا ، ئیدی به بێ منەتی و وەکو ئەوەی پێشنیازەکەی به لاوه گرینگ نەبێت پرسی :

– ئەم تاقمه چەند دەکەوێ ؟

دکتۆر ، که فریوی بێمنەتیه ڕواڵەتیەکەی ئەوی نه خوارد بوو گوتی :– ده جونەیهان !

ژنه ، که له نرخی ڕاستەقینەی تاقمی زێڕ بێئاگا بوو ، به پەستییەوه گوتی :– ده جونەیهان !

پیاوه دەهری بوو وگوتی :

– لای ئەو دوکتۆرانەی که کاسبی به هونەرەکەیانەوه دەکەن ، له پەنجا جونەیهان کەمتری تێناچێت ، لێ ئێمەمانان به داخەوه ، خەڵکانی بەد بەخت و نەگبەتین .

کەوتنه سەودا له سەر ئەو نرخەی که کابرا پێشنیازی کرد بوو ، کابرا هەوڵی دەدا لەو نرخه نەیەته خوارێ و ژنه دەیویست کەمی بکاتەوه ، سەرەنجام له سەر هەشت جونەیهان ڕێکەوتن و کابرا له دڵی خۆیدا و به دەم وەدەر کەوتنەوه له شوقەکه ، نەفرەتی بۆ ژنەی ڕژد دەنارد .

خا سەنیه عەفیفی ، لەو ڕۆژانەدا ژیانی به شێوەیەکی تازه دەبینی و ژیانیش به ڕوویەوه پێدەکەنی ، بەختەوەری و شادی بەردەرکەی پێگرتبوو ، تەنیایی بوو بوو به میوانێکی ڕۆح سووک و خەریک بوو باروبنەی تێک دەنا که بڕوات . ئەو ساردیەی که چۆکی به سەر ڕۆحیا دادا بوو ، خەریک بوو دەتوایەوه و گەرم و گۆڕی تێدەکەوت .

دیاره شادمانی به خۆڕایی به دەست نایەت ، نرخی خۆی هەیه ، نرخێکی گرانیش ، ئەم نرخه گرانەی کاتێ بۆ دەرکەوت که به مەبەستی کڕینی کەل و پەلی ناوماڵ هات وچۆی دووکانەکانی شەقامی ئەزهەری دەکرد ، که به مەبەستی کڕینی جل و بەرگ سەری فرۆشگاکانی موسکی دەدا . به دەست و دڵی کراوەوه ، هەموو ئەوەی به درێژایی ساڵان کۆی کردبووەوه ، خەرج دەکرد . داکی حەمیده ، وەکو سێبەر ، لەم هات وچۆیانەیدا لێی نه دەبووەوه ، ئیدی داکی حەمیده به کارامەیی ولێهاتوویی خۆی دڵسۆزی خۆی بۆ نواند و بۆی سەلماند که

گەنجینەیەکی یەجگار بەنرخە ، هەرچەندە ئەرکی زۆر گرانە ... بەڵام خا عەفیفی دەستبەرداری نە دەبوو و دەستی لێنەدەگرتەوە و بەخشیشی چاکی دەدایەوە ودڵخۆشی خۆی بەوە دەدایەوە کە دەورانی تەدارەکی بووکینی بەم زووانە تەواو دەبێت . جا مەسەلەکە هەر کەل و پەلی ناو ماڵ وجل و بەرگی بووکێنی نە بوو ، هەر ئەوە نەبوو دەست بە ماڵی زاوادا بهێنرێ ، بەڵکو مەسەلەی سەرەکی و بنەڕەتی خودی بووکێ بوو کە پێویستی بە ڕیعایەت و عینایەت و نۆ ژەنکردنەوە وئاوەدانکردنەوە هەبوو . ڕۆژێک ، بە دەم پێکەنینێکی شلەژاو ئامێزەوە بە داکی حەمیدەی گوت :

- داکی حەمیدە گیان ، دەبینی خەم و خەفەت چی بە سەر هێناوم . زوڵفەکانم خەریکە سپی دەبن ؟

داکی حەمیدە کە دەیزانی ئەمە پەیوەندی بە خەم و خەفەتەوە نییە ، گوتی :

- خەم و خەفەت بە بۆیە چارە سەر دەکەین ، چما لەم زەمانەی ئێمەدا هیچ ژنێک هەیە قژی بۆیە نەکات ؟

ژنە بە خۆشحاڵییەوە پێکەنی وگوتی :

- ئافەرین بۆ خانمی خانمان ... ئەگەر تۆ نەبای من چیم بکردایە ؟ ...

کەمێک وەستا ، ئەوسا دەستی بە سینگیدا هێنا وگوتی :

- خودایا ، یانی زاوا بەو گەنجیە بەم جەستە وشکە ڕازی دەبێت ؟ .. نەسینە و مەمکێک ، نەسمت وکەفەڵێ و نە شتێک کە پیاو ڕابکێشێت !

داکی حەمیدە گوتی :

- خۆت عەزاب مەدە ، مەگەر نازانی لاوازی بووە بە مۆد وئەمما مۆد ! وێڕای ئەمەش ئەگەر حەزدەکەی دەرمانێکت بۆ دەگرمەوە ، کە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا قەڵەوت بکات .

نیشانەی جۆرە خۆ هەڵکێشانێک بە دەم وچاوە کونجەکەی داکی حەمیدەوە دەرکەوت و لە سەری ڕۆیی وگوتی :

- تاداکی حەمیدەت هەبێ لە هیچ مەترسە . داکی حەمیدە کلیلێکی ئەفسووناویە هەموو دەرگا داخراوەکانت بۆ دەکاتەوە . جارێ سەبر بکە ... سبەی ئەگەر پێکەوە چووینە حەمام ئەوسا قەدری من دەزانی !

بەمجۆرە ، ڕۆژانی ئامادە سازی و تەدارەک بینی ، بە جەنجاڵی وماندوویەتی و شادی و ئومێدەوە دەبووری ، بۆیە کردنی قژ ، ئامادەکردنی دەرمان ، هەڵکێشانی ددانە کرمۆڵەکان و دانانی تاقمی تەڵا . ئیدی ئەمانە هەر هەمووی بە پارە بوو . بە سەر ڕژدی و چرووکیدا زاڵ بوو ، مەعبوودە ڕەنگ زەردەکەی لە بەر پێی ئایندەیەکی خۆشدا کردە

قوربانی . له پێناوی ئه‌م ئاینده خۆشه‌دا چووه زیاره‌تی ئیمامزاده حوسه‌ین و ، به گوێره‌ی توانای خۆی پاره‌ی به‌خشییه‌وه و خواردنی بۆ هه‌ژارانی ده‌ور وبه‌ری مزگه‌وته‌که‌ی دابینکرد ، هه‌ر وه‌ها چل مۆمی بۆ ( شه‌عرانی ) کرد به نه‌زر .

داکی حه‌میده ، که ئه‌و گۆڕانه گه‌وره‌یه‌ی خات سه‌نیه بینی ، زۆری پێ سه‌یر بوو ، ده‌ستی ده‌دان به یه‌کاو له دڵی خۆیدا ده‌یگوت : "یانی پیاوان ئه‌م هه‌موو به‌زم و ڕه‌زمه دێنن ؟! خودایا به قوربانی حیکمه‌تت بم ، تۆ وات کردووه که ژنان به‌ندایه‌تی پیاو بکه‌ن ، پیاو بپه‌رستن ... !

( ٢٢ )

ده‌نگی زه‌نگێک ، هاپۆ کامیلی له وه‌نه‌وزه درێژ خایه‌نه‌که‌ی بێدارکرده‌وه ، چاوانی کردنه‌وه و بۆ ماوه‌یه‌کی که‌م گوێی هه‌ڵخست ، ئه‌وسا ملی کێشا تا سه‌ری له دووکانه‌که برده ده‌ره‌وه . هه‌مان گالیسکه ناسراوه‌که‌ی بینی که له سه‌ری کۆڵانه‌که وه‌ستا بوو . به زه‌حمه‌ت هه‌ستا وبه شادی وخۆشییه‌وه له دڵی خۆیدا گوتی : " ئۆخه‌ی ، یانی جه‌نابی سه‌لیم عه‌لوان به ڕاستی هاتووه‌ته‌وه ؟ " عاره‌بانچییه‌که له سه‌ر کورسییه‌که‌ی هه‌ستا و به هه‌شتاو بۆلای کابینه‌ی عه‌ره‌بانه‌که چوو تا یارمه‌تی ئاغای بدات که دابه‌زێت . ئاغا خۆی به سه‌ر باسکی ئه‌ودا دا و به ئه‌سپایی هه‌ستا . هه‌وه‌ڵجار ته‌ڕبوشه‌که‌ی و ئه‌و گوڵینگه‌ی که پێیا شۆڕ بوو بووه‌وه به دیارکه‌ت ، پاشان جه‌سته‌ی چه‌ماوه‌ی وه دیارکه‌وت ، سه‌ره‌نجام پای نایه سه‌ر ئه‌رزه‌که وکه‌وته ڕێکخستنی سه‌ر و وه‌زعی خۆی . نه‌خۆشی له ناوه‌ندی زستاندا یه‌خانگیری بوو بوو و له سه‌ره‌تاکانی به‌هاردا شیفای بۆ هاتبوو . واته ئه‌و کاته‌ی سه‌رمای تیژی زستان ، جێگه بۆ هه‌وای فێنکی به‌هار چۆڵ ده‌کات و دنیا ده‌که‌وێته سه‌ما . به‌ڵام ئه‌مه چ شیفایه‌که ؟! ئاغا بوو بوو به به‌شه‌ریکی دیکه . ئه‌و ورگه‌ی دڕی به جبه و که‌واکه‌ی ده‌دا ، نه‌ما بوو ، ڕوخساری سوور و گۆشتنی قوپا بوو . ئێسکی گۆناکانی ده‌رپه‌ڕی بوون ، ڕوومه‌ته‌کانی قوپا بوون و ڕه‌نگی زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕابوو . پرشنگی چاوانی دابوویه کزی و نیگایه‌کی بێگیان و بێ ڕه‌ونه‌ق له ژێر نێوچه‌وانه چرچ و لۆچه‌که‌یا به دی ده‌کرا . لێ هاپۆ کامیل ، له سه‌ره‌تاوه ، له‌به‌ر کزی چاوه‌کانی ئه‌و گۆڕانه گه‌وره‌یه‌ی که به سه‌ر جه‌نابی سه‌لیم عه‌لواندا هاتبوو ، نه‌بینی تا لێی نزیک بووه‌وه و هه‌نگێ که به‌و حاڵه بێ حاڵییه‌وه بینی زۆری له دڵ گران بوو ، وه‌کو ئه‌وه‌ی بیه‌وێ ناڕه‌حه‌تییه‌که‌ی خۆی بشارێته‌وه ، دانه‌وییه‌وه که ده‌ستی ماچ بکات و به ده‌نگه ئه‌ستووره‌که‌ی گوتی :- سوپاس بۆ خوا که سه‌لامه‌تیت، قوربان به خێر هاتیه‌وه ، ئه‌مڕۆ ڕۆژێکی موباره‌که . قه‌سه‌م به خوا وبه ئیمامزاده حوسه‌ین ، کۆڵانه‌که به بێ تۆ تووزێکی قوڕاوی نایه‌نێ ...

جه‌نابی سه‌لیم عه‌لوان ، ده‌ستی له ده‌ستی ڕاپسکاند وگوتی :- هه‌ربژی هاپۆ کامیل ...

به داره تەقێ کەوتە ڕێ ، عەرەبانچییەکە ، لە دوای ئەوەوە و نزیک لەو ڕێی دەکرد . هاپۆ کامیلیش لە دوای ئەوانەوە فیل ئاسا هەنگاوی خاوی دەنا . وا دیار بوو دەنگی زەنگەکە خەڵکەکەی لە هاتنەوەی جەنابی عەلوان ئاگادار کرد بووەوە . کرێکارەکان خێرا لە بەر دەرگای کاروانسەرا و فرۆشگاکە کۆبوونەوە . وەستا کەرشە و دوکتۆر بۆشی لە چاخانەکەوە هاتن و هەمووان بە دەم ئەحواڵپرسی و دۆعاگۆییەوە لە دەوری خڕ بوونەوە . لێ عەرەبانچیەکە دەنگی لێهەڵبڕی وگوتی :

- بێزەحمەت ڕێگە بۆ ئاغا بکەنەوە ، با جارێ دانیشێت ، ئەوسا ئەحواڵپرسی لە گەڵدا بکەن ...

ئاپۆڕاکە ، ڕێگەیان بۆ کردەوە و ئەویش بە ناڕەحەتی درێژەی بە ڕێگای خۆی دا ، دڵی لە کەرب وکینەدا ، دەجۆشا ، خۆزی دەخواست چاوی بە چارەی یەکێک لەمانە نەکەوتبایە . هێشتا بە تەواوەتی لە پشت مێزەکەیەوە نەگیرسابووە ، کە کرێکارەکانی کاروانسەراکە ، کەوتنە پێشبڕکێ بۆ خێرهانینەوە و دەست ماچکرنی ، هیچ چارێکی نەما جگە لەوەی دەستی ڕابگرێت تا یەک لە دووی یەک ماچی بکەن . تەماسی لێویان ، دەستیان ئازار دەدا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت : "ئەی درۆزنانی ڕیاکار و ڕووبین ! ... قەسەم بەخوا ، ئێوە سەرچاوە و ماکی ئەم بەڵایەن !" کرێکارەکان بڵاوەیان لێکرد و وەستا کەرشە هات ، دەستی ئاغای گوشی و گوتی :

- بە خێر هاتیەوە سەروەری هەموو خەڵکی کۆڵانەکە ... هەزار سوپاس بۆ خوا کە بە سەلامەتی گەڕایتەوە ...

ئاغا سوپاسی کرد ، لێ دوکتۆر بۆشی دەستی ماچ کرد و وەک یەکێک خوتبە بدات ، گوتی :

- ئەمڕۆ ڕۆژی شادی ئێمەیە ، ئەو ڕۆژەیە کە دڵمان ئاسوودە بووەوە ، ئەو ڕۆژەیە کە دوعامان گیرا بووە ...

سوپاسی ئەویشی کرد ، بەڵام نەک لە دڵەوە ، چونکە ڕقی لە ڕوخسارە چکۆلە و خڕەکەی بوو . وەختایەک ژوورەکە چۆڵ بوو ، ئاهێکی لە سینە لاوازەکەیەوە هەڵکێشا و بە دەنگێکی نەوی کە بە ئاستەم دەگەییە گوێ ، گوتی :" سەگەل ... هەموویان سەگن ... بە چاوە پیسەکانیان گەستیانم ! " لێبڕا تارماییان لە خەیاڵدانی خۆی وەدەر بنێت ، تا شوێنەواری ئەو کەرب و کینەیەی کە لە دڵیا دروستیان کرد بوو ، بسڕێتەوە . بەڵام زۆر بە تەنیا نە مایەوە . ئیدی پارێزەر و سکرتێرەکەی ، کامیل ئەفەندی ئیبراهیم هات کە بە هاتنی ئەو . زوو بە زوو هەموو شتێکی لە بیر چووەوە تەنیا حیساب وکیتاب نەبێت ، بە کورتی گوتی :- دەفتەر و تۆمارەکان ...

کابرا ویستی بجووڵێت ، لێ ئاغا لە پڕ ، وەکو ئەوەی شتێکی زۆر گرینگی بیر کەوتبێتەوە ، ڕایگرت و بە تۆنێکی ئامێرانە گوتی :

– هەمووان ئاگادار بکەوە ، کە لەمە بە دوا نامەوێ بۆنی دووکەڵی جگەرەم بە سەردا بێت ( دوکتۆر جگەرەکێشانی لێ قەدەغە کردبوو ) و بە سمایل بڵێ هەر کاتێ داوای ئاوم کرد ، پەرداخێکم بۆ بێنێ نیوەی ئاوی ئاسایی بێ و نیوەکەی دیکەی ئاوی گەرم بێ . جگەرەکێشان لە کاروانسەراکەدا قەدەغەی قەدەغەیە ، کوا دەفتەرەکان خێرا ...

یارۆی سکرتێر و پێشکار ، ڕۆیی تا دەستووره تازەکان ، بە کرێکار و کارمەندەکانی کاروانسەراکە ڕابگەیەنێت و لە دڵی خۆدا هەر دەی پرتاند و دەیبۆڵاند ، چونکە بۆ خۆی ئەهلی جگەرەکێشان بوو ، دوای تۆزێک بە خۆی و دەفتەرەکانەوە گەڕایەوە  هەڵبەتە لەو گۆڕانە گەورەیە غافڵ نە بوو کە نەخۆشی بە سەر تەبع و تەبیعەتی ئاغایدا هێنا بوو . خەم دایگرت و دڵنیابوو کە دەبێ باجێکی قورس بدات . کامیل ئەفەندی ڕوو بە ڕووی ئاغا دانیشت و دەفتەری یەکەمی کردەوە و لە بەر دەمیا داینا و پێداچوونەوە و وردبینی دەستی پێکرد . ئاغا لە کارەکەی خۆیا زۆر مەعلان بوو و تیایدا قاڵ بوو بووەوە و پچووکترین شتی لێ ون نە دەبوو و بە سەریا تێنەدەپەڕی . بەجدی کەوتە هەڵدانەوە و وردبینی کردنی یەک بە یەکی دەفتەرەکان ، بێئەوەی گوێ بە سیحەت و ساغڵەمی خراپی خۆی بدات ، بە دەم کارکردنەوە پەیوەندی بە هەندێک لەکارمەند و مشتەرییەکانیەوە کرد ، تا لە چۆنیەتی ئامادە بوونیان لە کاروانسەراکە دڵنیا ببێت و گوتەکانیان دەگەڵ ئەو شتانەی لەدەفتەرەکاندا تۆمار کرابوون ، بە راورد بکات . کامیلە فەندیش ، مات و بێدەنگ دانیشتبوو ، کەم و زۆر بیری لەوە نە دەکردەوە ، قسەیەک بکات یان جار جار ناڕەزاییەک دەر ببڕێ . پێداچوونەوەی دەفتەرەکان تاقە شت نەبوو کە بیری لێبکاتەوە ، بەڵکو بە بێدەنگی بیری لە قەدەغەکردنی جگەرەکێشانەکەش دەکردەوە کە وەکو مۆتەکە و مێردەزمە لە ناکاوا چۆکی بە سەر سینگیا دادا بوو . ئەمە کارێک بوو نەک هەر جگەرەکێشانی لەناو کاروانسەرا و فرۆشگاکە لێحەرام دەکرد ، بەڵکو  لە هەمان کاتدا ، ئەوی لە جگەرەی گرانبەهای ( کاتاریلی ) نایابیش کە جار جار ئاغا دەیدایە ، مەحرووم دەکرد. بە جۆرێکی سەیر تەمەشای کابرای دەکرد کە سەری کرد بووە ناو دەفتەرەکان ، پەست و تووڕە بە خۆی دەگوت : "خودایا ئەم پیاوە چەند گۆڕاوە ... بووە بە کەسێکی دیکە ، پیاوەکەی جاران نییە ، من نایناسم!"  لێ سەیر سمێڵەکەیەتی ، وێڕای ئەو گۆڕانە گەورەیەی کە ڕوخسار وسیمای بە تەواوەتی تەپاندووە ، سمێڵی وەکو خۆی و بە هەمان ئەستووری وگەشی خۆی ماوەتەوە ، دەڵێی ئەم نەخۆشییە جدییە ، سمێڵی نەگرتووەتەوە و وەکو دار خورمایەکی بەرز لە بیابانێکی وشک وبرینگ دا بە پێوە ماوەتەوە ..." لێ پەستی و تووڕەیی زەیفیان لێسەند و لە دڵی خۆیدا گوتی : " کێ چوو زانێ ؟ ڕەنگە شایستەی ئەو عەزابە بوو بێ کە بە سەری هاتووە ، خوا زوڵم لە کەس ناکات " . جەنابی عەلوان نزیکەی سێ دانە سەعات بە بەراورد و وردبینی دەفتەرەکانەوە بوو ، دەفتەرەکانی بۆ سکرتێرەکەی گەڕاندەوە و بە نیگایەکی غەریبەوە ، تەمەشای کرد ، نیگای وردبینکارێک کە هیچ بەڵگەیەکی بۆ گومانەکانی خۆی نە دۆزی بووەوە . بەڵام وێڕای ئەوەش دڵی لە گومان پاک نەبوو بووەوە و بە خۆی گوت : "جارێکی دیکەش پێیاندا

دەچمەوە، نا ،چەند جارێکی دیکە پێیاندا دەچمەوە تا موو لە ماست دەردێنم . هەر هەموویان سەگن ... بەڵام گڵاوی سەگیان وەرگرتووە نەک ئەمەکداری سەگ ! " ئەوسا ڕوویکردە یارۆی سکرتێر و پێشکار وگوتی :

- کامیلە فەندی لە بیرت نەچێ قسەکانمیان پێبلێ ، دووکەڵی جگەرە و ئاوی شیرتێن .

دوای ئەوە ، هەندێکی دیکە لە کرێکارەکان هاتن بۆ لای ، دوای ئەحواڵپرسی و پیرۆزبایی چاکبوونەوە ، کەوتنە باسی کار و هەندێکیان داوایان لێکرد ، کە ئاگای لە خۆی بێت و زۆر خۆی ماندوو نەکات ، لێ زۆر تووڕە بوو و پێی گوتن :

- ئەگەر تاقەتی کارکردنم نەبوایە نە دەهاتم بۆ کاروانسەراکە .

هەرکە دەگەڵ خۆیدا تاک کەوتەوە ، دیسان گیرۆدە و گرفتاری هەمان بیر وخەیاڵی پەرێشان بووەوە — وەکو خووی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی — ڕق و کینەی خۆی بە سەر هەموو خەڵکیدا دەڕشت . هەمیشە دەیگوت : " حەسوودیان پێ بردووە ، چاوی پیسیان لە خۆی و کاروانسەرا و فرۆشگاکەی و گالیسکەکەی و سینییە فرێکەکەی داوە . لە کانگای دڵەوە نەفرەتی لێدەکردن . زۆر جار لە ماوەی نەخۆشییەکەیدا ، ئەو بیر وخەیاڵانەی لە زەینی خۆیدا کاوێژ کرد بووەوە و تەنانەت ژنەکەشی لەم گومانانە نە بوارد بوو ، ڕۆژێک کە ژنەکەی بە دیارییەوە دانیشتبوو ، مۆڕەیەکی لێکردبوو و بە دەنگێک کە لە تووڕەییدا دەلەرزێ پێی گوتبوو :

- خانم ، تۆش لەمەدا بە شداریت . هەمیشە سەرکۆنەت دەکردم کە سەردەمی سینیە فریک بە سەر چووە ، حەسوودیت بە سحەتم دەبرد . ئێستاش هەموو شتێک تەواو بووە ، خۆشی لە خۆت ...

ژنەی تاین لەو قسەیە ڕەنجا و ماوەیەکی زۆر فرمێسکی ڕشت . لێ کابرا ڕەحمی نەجووڵا و دڵی نەرم نەبوو ، بە ڕق وکینەوە لە سەری ڕۆیی :

- بە چاویانەوە کردم ... حەسوودیان پێبردم ، تەنانەت ژنەکەم ، دایکی منداڵەکانیشم حەسوودی پێدەبردم ... !

کابرا کە جڵەوی حیکمەتی لە دەست دابوو ، نە هەقی نە بوو ، چونکە مەرگی جەڕباندبوو و لە نزیکەوە و بە چاوی خۆی بینی بووی . هەرچەندە فەرامۆشی کرد بوو ، بەڵام هەرگیز ئەو ساتە ترسناکەی لە بیر نە دەچووەوە . خۆی بۆ خەوتن ئامادە دەکرد ، کە ئازارێکی کوشندە بە سینگیدا هات . هەستی کرد پێویستی بە هەناسەیەکی قووڵ هەیە . لێ هەناسەی بۆ نەدرا ، کە هەوڵی هەناسە دانی دایەوە ، ئازارەکەی زیاتر بوو ، تا سەرەنجام ملی بۆ نائومێدی تەواو دا . دوکتۆر هات ، دەرمانی دەرخوارد دا ، لێ چەندین ڕۆژ لە نێوان بێداری ژیان و بێخودی مردندا لە قەفرتێی کرد . کە پێڵوە قورسەکانی چاوی هەڵدەهێنا ، ژنەکەی و کچ و کوڕەکانی دەبینی کە لە بەر گریان

چاویان سوور بوو بوو ، و خەمین و نیگەران بە دیارییەوە بوون . گەیی بووە ئەو حاڵەی کە ئینسان هیچ دەسەڵاتێکی بە سەر جەستە و ئەقڵی خۆیدا نامێنێ و دنیا وەکو هەورێکی تاریک لە بیرەوەریانی گونگ و پەراگەندە دەبینی کە هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە .

لە هەندێک ساتی کەمدا ، کە تۆزێک وەهۆش دەهاتەوە ، بە دەم لەرزێکی بە ئازارەوە لە خۆی دەپرسی : "یانی دەمرم ؟!" ئایا لە کاتێکا دەمرێت کە هەموو خێزانەکەی بە دیارییەوە خڕ بوونەتەوە ؟ بەڵام ئینسان کاتێ کە دەمرێت ، بە خورتی لە دەست ئازیزانی دەری دێنن ، ئیدی خڕ بوونەوەی ئازیزان چ دادێکی مردوو دەدات ؟!

لەو ساتەدا ویستی دوعا بکا و ناوی خوا بێنێ و شایەتمان بێنێ ، بەڵام لاوازی و بێهێزی ئامانی نەدا و دوعا و شایەتمانەکەی بوو بە جووڵەیەکی باتینی و دەمە وشکەکەی تەڕ کرد . بەڵام ئیمانی — هەرچەندە ڕەگی لە بوونیا داکوتا بوو — ترس و لەرزی ئەو ساتەی لە بیر نە بردەوە . بە جەستە تەواو بوو بوو ، بەڵام ڕۆحی ، بەو پەڕی ترسەوە ، خۆی بە کەمترین ئومێدی ژیانەوە هەڵدەواسی ، تا ڕوندک وەکو باران لە چاوەکانیەوە داباری و نیگای تەژی پاڕانەوە و هاوار بوون . بەڵام ئەجەلی نە هاتبوو ، لە مەترسییان خەلەسی . ژیایەوە و بەرە بەرە گەڕایەوە باوەشی ژیان ، دڵی بەوە خۆشبوو کە چاک دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە دۆخی جاران و لە کاروبارەکانی بەردەوام دەبێت . بەڵام هۆشداری وئامۆژگارییەکانی دوکتۆر ، تۆماری خەونەکانی پێچایەوە و خەتی بە سەر ئاوات و ئارەزووەکانیا هێنا وهیچی بۆ نەهێشتەوە تەنیا ژیانێکی هاکەزایی نەبێ . بەڵێ ، بەڵێ ، لە مردن خەلەسی ، بەڵام تەواو گۆڕا بوو ، بوو بوو بە کەسێکی دیکە ، بە جەستە لاواز و بەڕۆح نەخۆش . بە تێپەڕبوونی ڕۆژان ، نەخۆشییە ڕۆحییەکەی زیادی کرد ، بوو بە کەسێکی بێئۆقرە و گۆساخ و گرژ و پەست و نەفرەت ئەنگێز . سەیری لەم نەگبەتیە دەهات کە بەرۆکی گرتووە و خۆشی ژیانی لێتاڵ کردووە و لە خۆی دەپرسی : " خودای گەورە لە سەر چ تاوان و گوناحێک عەزابی دەدات ؟ " خۆ ئەو خاوەن ویژدانێ بوو لەو ویژدانانەی کە هەمیشە پاکانە بۆ ڕەفتاری خەڵکی دەکەن و بە چاکە ناویان دەبەن و چاوپۆشی لە هەڵە و پەڵەکانیان دەکەن . ژیانی زۆر خۆش دەویست و لەزەتی لە سەروەت وسامانەکەی دەبینی و درێغی لە ماڵ ومنداڵەکەی نەدەکرد و — بە مەزەندەی خۆی — پابەندی حدوودی خواش بوو . بەو پێیە ، متمانەیەکی قووڵی بە ژیان هەبوو ، ئەو کاتەی ئەم سەکتە دژوارە لێی دا و ڕایچڵەکاند و دەردە داری کرد و چیوای نەما ئەقڵیشی لە دەست بدات . گوناحی چی بوو ؟ ... هیچ گوناحێکی نەبوو ، لێ خەڵکی چاویان پێدا هەڵنەدەهات . ئەوان بە چاویانەوە کرد و ئەو دەرد و بەڵا ئەبەدییەیان بە سەردا هێنا ! ئیدی بەو جۆرە شیرینی ژیانی لێتاڵ بوو و چرچ و لۆچی هەمیشەییان خستە سەر تەوێڵی . لە ڕاستیا نەخۆشییەکەی لە چاو تێکچوونی ئەعسابیا هیچ نەبوو .

له فرۆشگا و کاروانسەراکەدا لە پشت مێزەکەیەوە دادەنیشت و لە خۆی دەپرسی :" یانی بە ڕاستی لە ژیانا تەنیا ئەوەی بۆ ماوەتەوە کە لێرە دانیشێت و بە دەفتەر وتۆمارەکاندا بچێتەوە و وردبینیان بکات ؟" چارەی ژیانی لە چارەی خۆی عەبووستر دەبینی و ، وەکو پەیکەر وشک هەڵات ، کات دەڕۆیی و ئەو لە خۆیدا غەرق بوو لە ناکاوا هەستی بە بوونی کەسێک لەبەر دەرگای فرۆشگا وکاروانسەراکەدا کرد ، ڕووی کردە ئەولایەو داکی حەمیدەی ، بە دەم چاوە کونجەکەیەوە ، لە بەردەم خۆیدا بینی . نیگایەکی غەریب کەوتە سەر چاوانی و بە نیوە هۆشێکەوە گوێی لە دوعای خێری ژنەی تاین بوو و، لە هەمان کاتدا کە کۆنە بیرەوەرییەکانی خۆی وەردەدایەوە ، خێرهاتنی ژنەی کرد خوڵکی دانیشتنی کرد .

باشە سەیر نییە ، کە حەمیدە وەکو شتێک کە لە ئیجادی نەبوو بێ ، فەرامۆش بکات ؟ لەو کاتەدا کە تازە لە نەخۆشییەکەی هەستا بووەوە ، چەند جارێک بیری کەوتبووەوەو پاشان بێئەوەی لە بیری بمێنێ ، فەرامۆشی کرد بوو . سەرەنجام وەکو ئەوەی لە ئیجادی نەبوو بێ ، لە یادی برد بوو ، یا وەکو ئەوەی گەردیلەیەک بێ لەو خوێنەی بە دەمارەکانیا دەگەڕا . پاشان توایەوە و بوو بە هەڵم و چوو بە هەوادا . ئەو نیگا غەریبەی کە بیرەوەریان خستبوویە سەرچاوەکانی ئاوا بوو و ، گەڕایەوە دۆخی خۆی . سوپاسی ژنەی کرد کە هاتبووە هەواڵپرسینی ، خوڵکی دانیشتنی کرد ، بەڵام بە جۆرێ لە هاتنەکەی ناڕەحەت بوو ، لەزگ بوو ناڕەحەتییەکەی ببێت بە ڕق و نەفرەت . لە دڵی خۆیدا دەیپرسی ، ئایا بێ ڕیا و لەبەر خاتری خوا هاتووەتە سەردانی یان هاتووە تا لەوە دڵنیابێت کە لە سەر داواکەی خۆی ماوە ؟ بەڵام ژنەی گۆرین ، بۆ ئەمە نەهاتبوو ، چونکە دەمێک بوو دەستی لێ شۆرد بوو و هیچ تەماحێکی پێی نەما بوو . بە هەرحاڵ ، وێڕای هەموو ئەمەش ، بە تۆنێکی عوزر خوایانە بە ژنەی گوت :- ئەوەی لای بەندە خەیاڵە ... لای خودا بە تاڵە ! ...

ژنە ، لە مەبەستی تێگەیشت و بلەز گوتی :

- تۆ هیچ تەخسیرێکت نییە ، قوربان ئێمە تەنیا سەلامەتی و ساغڵەمی ئێوەمان لە خوای گەورە داوایە .

دووبارە سڵاوی لێکردەوە ولە فرۆشگا و کاروانسەراکە وەدەرکەوت و کابرا بە خەمینی و دڵتەنگی بە دەقی خۆیەوە لە کاروانسەراکە مایەوە . لەم کاتەدا کیسەیەکی پڕ لە خەنە لە سەرشانی کرێکارێکەوە کەوتە سەر عاردی و جەنابی عەلوان تووڕە بوو و هاواری بە سەردا کرد :

- بەم زووانە دەرگای کاروانسەراکە دادەخرێت ، بچن لە شوێنێکی دیکە بۆ ئیش وکار بگەڕێن ... !

ماوەیەک بە دەم ئەو هەڵچوون و تووڕەییەوە تلایەوە ، دەتگوت ئەم تووڕە بوونە ئەو پێشنیازەی بیر هێنایەوە کە لەم دواییانەدا کوڕەکانی بۆیان کرد بوو ، کوڕەکانی پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردبوو کە کاروبارەکانی گردوکۆ بکاتەوە

و ئیدی واز له کار وکاسبی بێنێ و بۆخۆی ئیسراحەت بکات . بەمە دوو هێندەی دیکە تووره بوو و له دڵی خۆیدا گوتی : "ئەوەی ئەوان دەیانەوێ ئیسراحەتی من نییه ، بەڵکو سەروەت و سامانەکەمه " .

ئایا ئەو کاتانەش که له هەڕەتی هێز وشنگی خۆیدا بوو هەمان پێشنیازیان بۆ نەکرد ؟! ... سەرەوەت و سامانەکەیان مەبەسته نەک سەلامەتی و ساغڵەمی ئەو . له گەرمەی تووڕەییدا ، ئەوەی له بیرچوو بوو که تەمەنی هەڵکشاوه و کاری دووکانداری ماندووی دەکات و پاره کۆکردنەوه هیچ دادێکی نادات و تەنیا ماندوو بوونەکەی بۆ دەمێنێتەوه ، بەڵام ئەو سەرسەختی و عینادییەی که لەم دواییانەدا گرتبووی و ئەو دڕدۆنگی و گومانەی که له هەموو خەڵکی و ، تەنانەت له هاوسەر ومنداڵەکانیشی پەیدای کرد بوو ، وەکو مۆریانه دابوویه گیانی و دەیخوارد ... بەر لەوەی تووڕەییەکه بەری بدات و وەخۆ بێتەوه ، گوێی به دەنگێکی بەرز زرینگایەوه که له قووڵایی دڵەوه و به میهرەبانی گوتی :- سوپاس بۆ خوا که به سەلامەتی دەرچووی ... سڵاوت لێبێ برا ...

ئاوڕی بۆلای سەرچاوەی دەنگەکه دایەوه و سەید ڕەزوان حوسەینی بینی که ، به باڵا بەرز و ناوشانه پانەکەی و ڕوخساره جوان و پرشنگدارەکەیەوه بەرەلای ئەم دەهات . بۆیەکەمجار ڕووی گەشایەوه و دڵی کرایەوه و ویستی هەستێت ، لێ سەید ، خێرا دەستی نایه سەر شانی و گوتی :

- تۆ گۆڕی ئیمامزاده حوسەین هەڵمەسته ...

به گەرمی تەوقەیان کرد . سەید ڕەزوان ، له کاتی نەخۆشییەکەیدا ، چەند جارێک بۆلای چوو بوو ، که نەیتوانی بوو بیدینێ ، دوعا و سڵاوی بۆ ناردبوو . سەید لەلایەوه دانیشت و به میهرەبانی و خۆشەویستییەوه کەوتنه گفت وگۆ . جەنابی سەلیم عەلوان ، به خەمینییەوه گوتی :

- به پەڕجوو ڕزگار بووم ...

سەید ڕەزوان ، به دەنگێکی مەند و خۆش گوتی :

- سوپاس بۆ خوا ، به پەڕجوو ڕزگارت بوو و، به پەڕجوو دەژیت ... ئەگەر کەمێک ورد بیتەوه ، دەبینی که هەمووومان به پەڕجوو دەژین . هەر چرکەیەکی ژیان ، پێویستی به پەڕجوویەکی مەزنی ، توانای خوایی هەیه . تەمەنی هەر ئینسانێکی فانی زنجیرەیەکه له پەڕجووه خواییەکان . چ جای تەمەنی هەموو بەشەران و بوونەوەران !! کەواته دەبێ شەو وڕۆژ شوکرانه بژێر و سوپاسگوزاری پەروەردگاربین ... که سوپاس وشوکرانەی ئێمه سەبارەت به نیعمەته زۆر و زەبەندەکانی خودا ، ناکاته قەتره له دەریا .

سەلیم عەلوان ، کە تا ئەو دەمە بە بێدەنگی گوێی بە قسەکانی سەید سپارد بوو ، بە بێزاری و وەڕزییەوە ، لە بن لێوانەوە گوتی :- بە ڕاستی نەخۆشی شەڕێکی دزێوە .

سەید ڕەزوان بزەیەکی کرد و گوتی :

- ڕەنگە لە خودی خۆیدا وا بێت ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە تاقیکردنەوەیەکی خواییە ، ئەگەر لەم ڕووەوە تەمەشای بکەین خێرە .

سەلیم عەلوان ، ئەم قسەیەی بە دڵ نەبوو ، لە ناکاوا ڕقی لە گوتیارەکەی هەستا ، شوێنەوارە باشەکەی هاتنەکەی سڕایەوە . بەڵام ئەو نیگەرانی و پەرێشانییەی لەم دواییەدا بەرۆکی گرتبوو ، کردیە کارێک مل بۆ بۆچوونەکەی سەید نەدات و بە جۆرە گلەیی و ناڕەزاییەکەوە گوتی :

- ئاخر من چیم کردووە تا شایستەی ئەم عەزابە ببم ؟ ... نابینی بۆ هەتا هەتایە سەلامەتی خۆم لە دەست داوە ؟

سەید کەوتە دەست هێنان بە ڕدێنە جوانەکەیدا و بە نیمچە گازندەیەکەوە گوتی :

- زانستی سەرڤە سەرڤەی ئێمە لە کوێ و ئەم حیکمەتە باڵایە لە کوێ ! ... ئەلهەقی تۆ پیاوێکی باش ، دڵسۆز ، بەخشندە ، پابەندی فەرزەکانی خوایت ، بەڵام خوای گەورە ئەیوبی بەندەی خۆی ، هەرچەندە پێغەمبەریش بوو ، تاقیکردەوە ، ئیدی نا ئومێد مەبە ، خەم مەخۆ و دڵنیابە کە خێر لە ئیماندایە ... هەر ئیمان سەلامەت بێ ...

بەڵام کابرا ، پتر هەڵچوو و ، بە توندی گوتی :

- وەستا کەرشە نابینی ، لە بارەی تەندروستییەوە دەڵێی هێسترە ؟

- تۆ بەم نەخۆشییەوە ، سەدی وەکو ئەو دێنی ...

تووڕەیی بە سەردا زاڵ بوو ، مۆڕەیەکی لە بەرانبەرەکەی کرد وگوتی :

- تۆ لە تێرییەوە قسە دەکەی و وەعزان دادەدەی ، بەڵام ئەوەی من چەشتوومە تۆ نەت چەشتووە ، وەک دەڵێن تێر ئاگای لە برسی نییە ...

سەید ، کە تاکۆتایی قسەکانی دۆستەکەی سەری دانەواند بوو ، سەری هەڵبڕی و بزەیەکی شیرین لە سەر لێوانی پشکوت . نیگایەکی قووڵ و زەلاڵی کرد ، زوو بە زوو تووڕەییەکەی عەلوان سەکنی و هەڵچوونەکەی خاو بووەوە .

وەکو ئەوەی بۆ یەکەمجار بیری بکەوێتەوە ، کە مسیبەت بارترین بەندەی خوا دەدوێنێ ، چاوی داخست و ڕوخساری زەردی کەمێک سوور هەڵگەڕا ، ئەوسا بە دەنگێکی کز گوتی :- ببورە برام ، من زۆر شەکەت و ماندووم ...

سەید ، بێئەوەی بزەکەی سەر لێوی ئاوا بێ ، گوتی :

- کێشە نییە ، خودا یارمەتیت بدات . زۆر ناوی خودا بێنە ، بە ناو هێنانی خودا دڵان ئارام دەگرن ، هەرگیز ڕێگە مەدە ، کارەساتان بە سەر ئیمانتا زاڵ بن ، تا پتر لە ئیمان دوور بکەوینەوە ، زیاتر لە شادمانی ڕاستەقینە دوور دەکەوینەوە .

کابرا توند چەناگەی خۆی گرت و بە ڕقەوە گوتی :

- حەسوودیان پێبردووم ، بە چاویانەوە کردووم ، ئەم ماڵ و سەروەت وسامان و شۆرەتەم پێ ڕەوا نابینن سەید ڕەزوان !

- حەسوودی نەخۆشییە ، لە نەخۆشی خراپترە . مخابن خەڵکانێکی زۆر بە غیلی ئەوە بە براکانیان دەبەن کە لە ماڵی دنیای فانی بەرخوردارن . نائومێد مەبە ، دڵ لە دڵ مەدە ، خۆت بدە پەنای خوای دلۆڤان و بەخشندە ...

دوای گفت وگۆیەکی زۆر ، سەید ڕەزوان دوعاخوازی لێکرد و ڕۆیی . عەلوان ، کە چەند ساتێکی بە ئارامی بە سەر بردبوو ، بەرە بەرە خەم دایگرت و چارەی گرژ ومۆن بووەوە . لە دانیشتن بێزاربوو و هەستایە سەرپێیان . بە ئەسپایی بەرەو دەرگای کاروانسەراکە ڕۆیی ، لە ئاستانەی دەرگاکەدا ، دەستی خستە پشتی و وەستا . خۆر لە ناوەندی ئاسماندا وەستابوو ، و دنیاگەرم و ڕووناک بوو . لەو قرچەی نیوەڕۆیەدا کۆڵانەکە چۆڵ وهۆڵ بوو ، کەس بە دەرەوە نەبوو و تەنیا شێخ دەروێش نەبێ کە لە بەردەم چاخانەکەدا دانیشتبوو و خۆی دابووە هەتاو . عەلوان چەند ساتێک لە هەمان جێ وەستا ، ئەوسا وەکو — خووی هەمیشەیی — سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد ، پەنجەرەکە کرابووەوە و چۆڵ بوو ، وەک ئەوەی لە وەستانەکە بێزار بوو بێ ، بە ڕوو گرژی بۆ نووسینگەکەی گەڕایەوە .



" ... چیتر بۆ چاخانەکە نایەم ... تا خەڵکی گومان نەکەن .." ئەمە ئەو قسەیە بوو ، کە کاتێ لێکدی جودا بوو بوونەوە بەمی گوتبوو . حەمیدە ، بۆ ڕۆژی دووەم ، لای بەیانییەکەی ، لە دراسە وەبیری هاتبووەوە ، لە خەیاڵی خۆیدا بەرجەستەی کرد و لە دڵی خۆیدا پرسی : "ئایا ئەمڕۆ دەچێتە دیداری ؟" دڵی بە ڕاشکاوی وەڵامی دایەوە : "بەڵێ " بەڵام دوای تۆزێک بە گۆساخی گوتی :" نەخێر ... دەبێ پێش هەموو شتێک بۆ چاخانەکە بگەڕێتەوە" . لە کاتی دیاریکراوی ئاساییدا لە ماڵ وەدەر نەکەوت، لە پشت پەنجەرەکەوە خۆی مات دا ، چاوەڕوان بوو تا بزانێ چ

ڕوو دەدات . خۆر ئاوابوو ، شەو باڵی بە سەر دنیادا کێشا ، کابرا لە پاینی کۆڵانەکەوە پەیدا بوو ، چاوی بڕی بووە ئەو درزە باریکەی کە کەوتبووە پەنجەرەکە . بزەیەک کەوتبووە سەرلێوی کە تەسلیم بوونی دەنواند . هات و لە سەر کورسییە دڵخوازەکەی خۆی ڕۆنیشت . حەمیدە بە دەم چاودێری کردنەوە هەستی بە شادی سەرکەوتن و لەزەتی تۆڵە دەکرد ، تۆڵەی ئەو ڕۆژەی کە زۆری عەزاب دابوو ، تا لە ( موسکی ) یەکیان دیتبوو . بێئەوەی چاوی لێ بگوازێتەوە ، یان ڕووی لێوەربگێڕێ ، ماوەیەکی زۆر نیگایان یەکانگیربوو . کابرا ، بزەکەی هەر ئاوا نەبوو . حەمیدەش بێئەوەی بە خۆ بحەسێت ، بزەیەک ڕوخساری گەشاندەوە . تۆ بڵێی چی بوێ ؟ ئەم پرسیارەی بەلاوە سەیر بوو ، چونکە مکووڕی کابرا ، تەنیا یەک مانای هەبوو و تەواو ، هەمان ئەو مانایەی هەبوو کە پێشتر عەباس حلو هەوڵی بۆ دەدا ، هەمان مانا بوو کە جەنابی سەلیم عەلوان ، پێش ئەوەی چەرخی چەپگەرد لە باڵی بدات ، هەوڵی بۆ دابوو . ئیدی بۆ دەبێ ئامانجی ئەم ئەفەندییە قۆزەش هەمان شت نەبێ ؟! باشە هەر ئەو نەبوو کە بەمی گوت :" ئایا بۆ ئەوە نەهاتوویە دنیاوە تا یەکێک بتبات ؟ ... ئەو یەکە منم کە دەتبات.؟ باشە ئەگەر ئەم قسەیە مانای زەماوەند نەبێ ، چ مانایەکی دی هەیە ؟! بە هۆی غرووری بێپەروا وتوانا ومتمانە بەخۆ بوونی لە ڕادە بە دەرەوە ، هیچ لەمپەڕ وکۆسپێک لە بەر دەم هاتنەدی خەونەکانیا نەبوو . لە درزی تاکی نیوەکراوەی پەنجەرەکەوە تەمەشای دەکرد . بەو پەڕی دڵنیایی و ئاسوودەییەوە نیگاکانی کابرای دەقۆستەوە . چاوانی کابرا ماوەیەکی زۆر ، لە جیاتی زمان و هەموو هەستەکانی دی ، حەمیدە وناخی حەمیدەیان دوواند . ئەم زمانە لە قووڵایی ناخیا دەنگی دایەوە ، هەموو غەریزە و هەستەکانی هاڕوژاند . لەوە دەچوو ئەم هەستە قووڵ و ڕاستگۆیانەیەی — بێئەوەی بە خۆ بزانێ — ئەو ڕۆژە لە لای پەیدا بووبێ ، کە نیگایان بۆ یەکەمجار لە یەکدی هەڵەنگوت . ئەو ڕۆژەی کە ئەفەندی بە نیگایەکی گۆساخانە وشەڕ فرۆشانە تەمەشای دەکرد و بزەیەکی سەرکەوتووانەی بە ڕوویا دا و، بە خورتی ڕایکێشایە ناو شەڕێکی گەرم و بەردەوامەوە . ئەلهەقی حەمیدە . لە بەر ڕۆشنایی چاوانی ئەودا ، کەمێک خۆی ناسی بوو ، ئیدی گومڕایەکی ناو هەزار ڕیانەکانی ژیان بوو ، سەرگەردانی نیگا ئارامەکانی عەباس حلو نەبوو ، کوشتەی سەروەت و سامانە مۆڵەکەی جەنابی عەلوان نەبوو . هەستی دەکرد ئەم پیاوە ، پیاوی دڵخوازی ئەوە ، ئەو سۆز وگوداز وجۆش وخرۆش و هەڵچوون و دڵبەندیەی کە لە ناخیا بەرپا بووە ، ئەو لەزەتە سروشتیەیە کە ڕایدەکێشێت ، وەکو چۆن میلی جەمسەرنما ، ڕوو دەکاتە جەمسەر . هەر وەها ڕواڵەت وئەسکەناسەکانی ئەوە دەنوێنن ، لەو پیاوانەیە کە لە هەژاری و نەداری دووری دەخاتەوە . بە چاوانی گەشەوە کە پرشنگی جەزمەیان لێدەبووەوە ، دەیڕوانیە ئەفەندی و لە جێی خۆی نەجووڵا تا ئەفەندی لە چاخانەکە هەستا و بە سووکە بزەیەک ماڵئاوایی لە حەمیدە کرد . کیژێ بە نیگا بە ڕێیکرد و ئەوسا وەکو ئەوەی مەوعیدی بداتێ ، لە بن لێوانەوە گوتی : "سبەی " .

سبەی عەسر ، بە دڵێکی پڕ لە ئومێد و تاسە و ئەشقی ژیانەوە لە ماڵ وەدەرکەوت . هەرکە لە سەنادقیە دەرچوو ، لە دوورەوە بینی کە لە سەر دووڕیانەکەی غوریە و سکەی تازە وەستابوو . پرشنگێکی ڕەوتەنی لە چاوانی بووەوە

، هەستێکی گونگ و نامۆ لە دەروونیا پەنگایەوە ، کە ئاوێتەیەک بوو لە شادی و ئارەزوویەکی هوڤیانەی شەرفرۆشی ! حەمیدە وای مەزەندە دەکرد ، کە ئەفەندی دوای دەکەوێ تا لە دراسە ، هەلیان بۆ دەرەخسێت ، حەمیدە بە کاوە خۆ ، بێهیچ پەشۆکانێک ، یان بێئەوەی هەست بە شەرم بکات ، دەرۆیی ، لە ئەفەندی نزیک بووەوە ، لێ بە جۆرێ وەکو ئەوەی نەیبینی بێ . لەو کاتەدا کە بە لایا ڕەت دەبوو ، بوویەرێک ڕووی دا کە بە خەیاڵیش وێنای نەدەکرد . یارۆی ئەفەندی کەوتە شانبەشانی ، بە جۆرئەتێکی لەوەسف نەهاتگەوە ، دەستی کیژێی گرت ، بێئەوەی گوێ بە ڕێڤینگان ( ڕێبواران ) و ئەو خەڵکانەی لەو ناوە وەستا بوون بدات ، بە هێمنی گوتی :- ئێوارەت باش گیانەکەم ...

حەمیدە کە غافڵگیر بوو بوو ، ویستی دەستی لە دەستی ئەفەندی دەربێنێ، لێ نەیتوانی . ویستی دووبارە هەوڵ بدات دەستی لە دەستی ئەفەندی دەربێنێ ، بەڵام لەوە ترسا سەرنجی خەڵکەکە ڕابکێشێ . پەشۆکا و تووڕە بوو ، کەوتبووە سەر دوو ڕیانێکەوە کە دەبوایە یەکێکیان هەڵبژێرێ یان تووڕە بوون و شەڕو جنێودان وئابروو ڕێژی ، یا ڕادەست بوون ، کارێک بوو کە زۆری لەبەر گران بوو ، چونکە بە خورتی بە سەریا سەپێندرا بوو ، هێندە تووڕە بوو بوو، پەلە پیتکەت لێدابا شەقی دەبرد ، لە بن لێوانەوە و بە دەنگێک کە لە تووڕەییدا دەلەرزی گوتی :

- چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەی ؟ ... خێرا دەستم بەردە ...

ئەفەندی ، بە هێمنی وەڵامی دایەوە و بە جۆرێ خۆی لێ نزیک کرد بووەوە ، لە تۆ وایە دوو دۆستن و پێکڤە ڕێدەکەن :- هێواش ... هێواش ... بەینی دۆستان ئەوەی ناوێ .

حەمیدە کە زۆر تووڕە بوو بوو گوتی :- بە بەر چاوی خەڵکەوە ... لە ڕێگەوباندا ...

ئەفەندی کە دەیویست دڵخۆشی حەمیدە بداتەوە ، بزەیەکی بۆ کرد وگوتی :

- گوێ بە خەڵکی ئەم شەقامە مەدە ، ئەوانە جگە لە پارە وپول هیچی دی نابینن . دەکرێ سەری دووکانی زەڕنگەرێک بدەین ، دەمەوێ دیارییەکی جوانی شایستەی جوانییەکەی خۆتت بۆ بکڕم ... ؟

حەمیدە ، لە خوێنساردی کابرا زۆر پەست بوو ، بە هەڕەشەوە گوتی :

- وا دەنوێنی گوێت لە هیچ نییە ؟!

ئەفەندی ، بێئەوەی بزە لە لێوی ببڕێت ، بە کاوە خۆ گوتی :

- باوەر بکە نیازم نییە تووڕەت بکەم ، بۆیە چاوەڕوانم کردی تا پیاسەیەکت لە گەڵدا بکەم ... ئیدی بۆ تووڕە دەبیت ؟

حەمیدە بە توندی گوتی :

- من حەزم لەم ئەتوارەت نییە ، ئاگادار بە تووڕەم نەکەی ها ...

ئەفەندی ، کە تووڕەیی سیمای خوێندەوە ، بە تکاوە گوتی :

- بەڵێنم دەدەیە کە پیاسەیەک پێکەوە بکەین ؟

حەمیدە ، هاواری بە سەردا کرد :- هیچ بەڵێنێک نادەم ... دەستم بەردە .

ئەفەندی ، بێئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە دەستی بەردا و بە ڕووبینییەوە گوتی :

- چەند سەر سەخت وعینادی ... فەرموو ئەوە دەستت ، بەڵام لێکدی دوور ناکەوینەوە وا نا ؟

حەمیدە ، هەناسەیەکی تووڕەیی هەڵکێشا ، خێسەیەکی لێکرد وگوتی :

- چەند قیرسچمە و لە خۆ ڕازیت !

ئەفەندی ، ئەم جنێوەی بە پێکەنین و بێدەنگیەوە وەرگرت . ئیدی شانبەشانی یەکدی و بێئەوەی حەمیدە لێی دوور بکەوێتەوە درێژەیان بە ڕێگەی خۆ دا . ئەو ڕۆژەی بیرکەوتەوە کە لەم شەقامەدا دەسووڕایەوە ، تا خۆی بە کوڕەی تاین نیشانبدات . بەڵام هەنووکە بیری لەمە نە دەکردەوە ، گرینگ ئەوە بوو ناچاری کرد دەستی بەر بدات . خۆ ئەگەر کوڕە هەوڵیبدایە کە دووبارە دەستی بگرێتەوە ، لەوە بوو ڕێگری لێنەکات . باشە کە لە ماڵ وەدەرکەوت جگە لە دیداری ئەو هیچ مەبەست و ئامانجێکی دیکەی هەبوو ؟ وێڕای هەموو ئەمانە ، ئەوەی بۆ حەمیدە قابیلی قەبووڵ نەبوو ، ئەوە بوو کە ئەوی لە خۆی مەندتر وبە جورئەت تر دەبینی . حەمیدە بێئەوەی گوێ بە ڕێڤینگان بدات شانبەشانی ئەو ڕێی دەکرد و بە خەیاڵ ئەوەی دێنایە بەرچاوی خۆی ، کە ئەم دیمەنە چۆن سەرنجی کیژانی کارگەکە ڕادەکێشێت و سەرسامیان دەکات و لە دڵی خۆدا حەسوودی و بەغیلی پێدەبەن . یەکسەر شەوق و زەوق و تاسە و ئارەزوویەکی تۆسن و ، ئەشقێکی ئاگرینی ژیان و ڕیسکان لە ناخیا بەرپا بوو .. کابرا گوتی :

– داوای بوردن دەکەم کە کەمێک سەرسەختیم نواند ، بەڵام چ لە سەر سەختی تۆ بکەم ؟! تۆ بە ئانقەست عەزابم دەدەیت ، لە کاتێکا دەبوا ، بە مێهر و سۆزەوە ، پاداشتی ئەو هەموو سۆزە ڕاستگۆیانەی من بدەیتەوە کە دەرهەق بە تۆ هەمە . دەزانی چ عەزابێک لە ڕای ویساڵی تۆدا دەکێشم!

چ وەڵامێکی بداتەوە ؟ حەزیدەکرد شتێک بڵێت و بیدوێنێ ، بەڵام نەیدەزانی چۆنی بدوێنێ ، بە تایبەتی کە تۆزێ لەمە پێش هاواری بە سەردا کردبوو و جنێوی دابوویە . بەڵام کە بینی هاوخوشکەکانی لە دوورەوە ڕوو بە ڕووی ئەمان دێن ، داوی بیرکردنەوەی پچڕا . بە ترسێکی درۆینەوە گوتی :– هاو خوشکەکانم ... !

ئەفەندی ڕوانیە بەردەم خۆی و ئەو کیژانەی بەدی کرد کە کونجکاوانە لەمیان دەڕوانی ، حەمیدە ، کە شادی خۆی پەنهان دەکرد و دەشاردەوە ، بە زمانێکی گازندە ئامیزەوە بە ئەفەندی گوت :

– ئابڕووت بردم ... !

ئەفەندی ، هەرچەندە کە پێی خۆشبوو کە حەمیدەی لە گەڵدابوو و وەکو هاوڕێیەک دەیدواند ، بە تەشەرەوە گوتی :– هەقت بە سەریانەوە نەبێ ... گوێیان مەدەیە ، وا بنوێنە هەر نەتدیتوون ...

کیژەکان نزیک بوونەوە ، تەمەشایەکی بە مانەوەی یەکتریان کرد ، حەمیدە ئەو چیرۆکە دڵداری و ئاشقێنیانەی وەبیر هاتنەوە کە دەربارەی خۆیان ، بۆیان گێڕا بووەوە . کیژەکان کە لە حەمیدە وکوڕەکە ڕەتبوون ، کەوتنە پێکەنین و چپەدوو . کابرا ئەمجارە بە زۆڵیەتی و تەشەرەوە گوتی :

– ئەمانە هاوخوشکەکانت بوون ؟ ... نەخێر ، خواشتان یەک نییە ، تۆ لە کوێ و ئەوان لە کوێ . بەڵام سەرم لەمە سوڕماوە چۆن ئەمانە ئازاد و سەربەست دەسووڕێنەوە و تۆش خۆت لە کونجیماڵەوە حەپس کردووە . ئەمانە بە جلی ئاڵاو واڵاوە دەسوڕێنەوە و تۆش خۆت لەم عەبا ڕەشەوە پێچاوە ! ئاخر شتی وا چۆن دەبێ گیانەکەم ؟ دەترسم خۆت حەزبکەی ! عەجەب تاقەتێکت هەیە ؟!

ڕوخساری حەمیدە سوور هەڵگەڕا ، وای هاتە خەیاڵ کە دڵی قسە دەکات و ئەم گوێ ڕادەدێرێ . پرشنگی دڵەی پڕ شەرار و جەزمە ئامێزی لە چاوەکانیا ڕەنگی دابووەوە و کابرا بە دڵنیایی و متمانەدارییەوە لە سەری ڕۆیی :– ڕێک وەکو ستێران ...

حەمیدە ، ئەم هەلەی قۆستەوە تا قسەی دەگەڵدا بکات . سەری بۆ لای ئەو وەرگێڕا و بە جورئەتە سروشتیەکەی خۆیەوە بزەیەکی کرد و پرسی :– ستێران ؟!

کابرا ، به دەم بزەیەکی شیرینەوە بەرسڤی دایەوە :

- بەڵێ . ناچیتە سینەما ؟ ... بە ئەکتەرە ئافرەتە جوانەکان دەڵێن ئەستێرە .

جار جارێک لە گەڵ دایکیا ، بۆ بینینی فیلمی میسری ، دەچووە سینەما ( ئولیمپیا ) ، ئیدی لە مەبەستی ئەفەندی حاڵی بوو ، هەستی شادیەکی سەیر دایگرت ، شوێنەواری ئەو شادیە بە ڕوومەتەکانیەوە بە دیارکەوت و سوور هەڵگەڕان ، چەند هەنگاوێک بە بێدەنگی ڕۆیشتن ، ئەفەندی بە مێریڤانی لێی پرسی :- ناوت چییە ؟

کیژێ ، بێهیچ دوو دڵییەک وەڵامی دایەوە :- حەمیدە ...

کابرا ، بە دەم بزەوە گوتی :

- لێ ئەوەی تۆ دڵێت ئەفسوون کردووە ، فەرەج ئیبراهیمی ناوە . هەڵبەتە لەم بار ودۆخ و حاڵ وهەوایەی ئێمەدا ، ناو دوا شتە کە دێتە پێشێ ، وەختێ دێتە ئاراوە کە هەردوو لا تەواو دڵنیا ببن کە بوون بە یەک ، لە یەکدا توانەوە ، وا نیە ، خانمی خانمان ؟

خۆزیا ، ئەوەندەی لە جنێودان و شەڕ فرۆشیدا مەعلان بوو ، لە دەماوەری و قساندا کارامە بوایە ! کابرا زۆر دەم تەڕ و زمانپاراوە ، بەڵام حەمیدە لەو ڕووەوە هاوتای نەدەکردووە . ئەمەی لەبەر گران بوو . حەمیدە ، قەناعەتی بەو ڕۆڵە ئاشتیانە و ئاساییە نەبوو کە هەر کیژێکی هاوڕەگەزی ئەو لەزەتی لێدەبینی ، سروشت و تەبیعەتی بۆ شتێکی دیکەی هاندەدا ، شتێک غەیرەز چاوەڕوانی و بێدەنگی وشەرم و حەیا . هەر کاتێک دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسابا گوزارشت لەم هەستە بکات ، دوو چاری نیگەرانی و هەڵچوون و سۆز وگوداز دەبوو . نیگایەکی توندی کابرای کرد ، کە گەییە کۆتایی ڕێگاکە ، پتر نیگەران و پەرێشان بوو ، بێئەوەی هەست بە تێپەڕبوونی کات بکەن گەیی بوونە مەیدانی شابانۆ فەریدە . حەمیدە هیچ چارێکی نەما ، تەنیا ئەوە نەبێ ، حەسرەتی خۆی قووت بداتەوە و بڵێت :- با بگەڕێینەوە . دەبێ بگەڕێینەوە .

کابرا بە بێ مەیلی گوتی :- بگەڕێینەوە !

- ئەمە کۆتایی ڕێگاکەیە .

کابرا ، بە ناڕەزاییەوە گوتی :

- خۆ موسکی کۆتایی دنیا نییە ، بۆچی بە دەوری مەیدانەکەدا نەسووڕێینەوە ؟

حەمیدە بە نە بەدڵی گوتی :- نامەوێ لە ڕۆژان دێرتر بگەڕێمەوە و دایکم نیگەران بکەم .

کابرا ، تەماحی نایەبەر گوتی :

- ئەگەر دەتەوێ سواری تاکسی دەبین ، بە چەند دەقیقەیەک ڕێگایەکی دوور تەیدەکەین .

تاکسی ! .. ئەم وشەیە ، بە جۆرێکی سەیر لە گوێی حەمیدەدا زرینگایەوە . بە عەمراتی ، جگە لە عەرەبانە ، سواری هیچی دی نەبوو بوو . دوای چەند چرکەیەک ئەوسا ئەفسوونی ئەم زاراوە سەیرە بەری دا . هەڵبەتە ئەم مەسەلەیە ، لێکەوتەیەکی دیکەشی هەبوو ، ئەویش ئەوە بوو چۆن لە گەڵ پیاوێکی بێگانەدا سواری تاکسی ببێت ، بەڵام ئەم هەڵوێستەی بە ئەنگیزەیەک بۆ هێرش وەرگرت نەک بۆ پاشەکشە . ئارەزوویەکی تۆسنی ڕیسککاری لە ناخیا سەری هەڵدا ، دەتگوت ئەم سەرکێشییە ، لە جیاتی ئەو دڵەڕاوکێ پەنهانەی کە تۆزێ لەمە پێش ، زۆر بە زەحمەت گوزارشتی لێکردبوو ، هەستێکی شادمانی لە ناخیا بەرپا دەکرد . هیچ کاتێک هەستی بەم توانای ڕیسککاری و سەرکێشی و بێپەروایيە لە خۆیدا نەکرد بوو ، بە ڕادەیەک تیا مابوو ، زاتی ئەوەی نە دەکرد بڵێت لەو دەمەدا لە سایەی کیهان لەم دوو هەستەدا کار دەکات : لە بەر خاتری ئەو پیاوە بوو کە شیفتەی کرد بوو وناخی هارووژاند بوو یان لە پێناوی خودی ڕیسکەکە و سەرکێشییەکەدا بوو ، لەوەیە هەردووکیان یەکانگیر بوو بن ، تەمەشایەکی کابرای کرد و بینی زۆر بە تاسەوە سەیری دەکات و سێبەری بزەیەک بە سەر لێوەیەوە سەرەتاتکێ دەکات و ناخی ئەم دەهاڕوژێنێ ، هەستی گۆڕاو وگوتی :

- نامەوێ دێر بکەوم ...

کابرا ، هەستی بە نائومێدی کرد و بە کەسەرەوە گوتی :- دەترسیت ؟

ئەم قسەیەی لە بەر گران بوو ، و بە توندی گوتی :- لە هیچ شتێک ناترسم .

ڕووی کابرا گەشایەوە ، وەکو ئەوەی هەموو شتێکی بۆ کەشف بوو بێ ، بە شادمانییەوە گوتی :

- کەواتە تاکسی دەگرم .

حەمیدە ، ناڕەزایی دەرنەبڕی و چاوی بڕییە ئەو تاکسیەی کە لەوان نزیک دەبووەوە و تا لە بەردەمیاندا وەستا . فەرەج ئیبراهیم دەرگاکەی بۆ کردەوە و حەمیدە کەمێک دانەوییەوە . بە دەم دڵە لەرزێوە ، داوێنی عەباکەی هەڵکرد و خۆی بە تاکسییەکدا کرد ، کابرا لە دوای ئەوەوە سوار بوو و بە ئاسوودەیی بە خۆی گوت : "ماندوویەتی ئەم دوو — سێ ڕۆژەمان دەرچوو " . حەمیدە گوێی لێبوو کە بە شوفێرەکە دەڵێت : "بۆ شەقامی شەریف پاشا .." شەریف

پاشا ، نە بۆ میدەق نە بۆ سەنادقیە و نە غوریە و نە تەنانەت موسکی ، شەریف پاشا بە خۆی ! … باشە بۆ ئەم شەقامەی بە تایبەتی هەڵبژارد ؟! حەمیدە لێی پرسی :- دەتەوێ بۆ کوێ بڕۆیت ؟

کابرا ، کە شانی لە شانی ئەو دەسوو، گوتی :- پیاسەیەک دەکەین و دەگەڕێینەوە …

تاکسیەکە جووڵا و حەمیدە بۆ ماوەیەک هەموو شتێکی فەرامۆشکرد ، تەنانەت ئەو پیاوەش کە خۆی بەمەوە چەسپاند بوو . لە جامی تاکسیەکەوە دنیایەکی تازە و ڕەنگین بە ڕوویەوە پێدەکەنی . دەتگوت بەدەن و ڕۆحی دەگەڵ جووڵەی تاکسییەکەدا ئاوێتە بوون و نەشئەیەکی شادی بەخش ، لە بوونیا بەرپا بووە . وای هەستدەکرد بە ئاسمانی دنیادا دەفڕێ ، دەتگوت ئەو خۆشی و شادییەی لە ویژدانی خۆیا هەستی پێدەکرد ، دەگەڵ شادمانی جووڵە و سەمای ڕوناکی گڵۆپەکان و تازە بوونەوەی دیمەنەکاندا ، ئاوێتە دەبێت . چاوانی پرشنگیان دەدا و، بە نێو ئاپۆڕای خەڵکی وگالیسکە وئوتومبیلان وتراموایدا بە خاوی دەڕۆیی و خەیاڵ ئەمی دەبردەوە . تەواو خرۆشابوو ، ئاگای لە خۆ بڕابوو ، دڵی کەوتبووە سەما و خوێنی دەجۆشا . لە ناکاوا دەنگی کابرا لە گوێیدا زرینگایەوە کە لەبن لێوانەوە بەگوێیدا دەچپاند : "بڕوانە ئەو شۆخانە چۆن بە جلی ئاڵا و واڵاوە ، خۆ دەنوێنن !" بەڵێ … وەکو ستێرانی پەراگەندە دەدرەوشێنەوە … بڕوانە چەند جوانن ، چەند خەیاڵ ئەنگێزن ! تەنیا ئەوکاتە سۆلەکان و عەباکەی بیرکەوتنەوە و وەکو یەکێک لە غوڕابی خەودا کۆڵاشدمێک پێوەی بدات و لە شیرینی خەودا ڕاپەڕێ ، بەو ئاوایە وەخۆ هاتەوە و نەشئە ومەستیەکە بەریدا . بە تووڕەیی لێوەکانی گەستن ، دیسانەوە گیانی سەرکێش و شەڕفرۆشی بێدار بووەوە ! وە ئاگا هاتەوە کە کابرا خۆی پێوە چەسپاندووە و هەستی بە تەماسی لەشی گەرمی ئەو کرد ، کە بە سەراپای هەستەکانیا دەگەڕا و دڵی گەرم دەکردەوە و بە هێز و گوڕێکی بە هێزتر لە ویستی خۆی تاسەمەندی کابرا بوو . کابرا نیگایەکی کرد ، وەکو ئەوەی بیەوێ مەیل و ویستی ئەو بخوێنێتەوە و بزانێت ، ئەوسا بە نەرمی دەستی لە نێو هەردوو دەستی خۆی نا ، کابرا ئەم سووکە ملدانەی ئەمی بە هەلزانی و ویستی لە هەمێزی بگرێت ، دەمی بردە پێشەوە ، حەمیدە وەکو ئەوەی بیەوێ ڕێگەی نەدات ، کەمێک سەری بردە دواوە ، لێ کابرا ئەم هەڵوێستەی ، بە هەڵوێستێکی جدی نەزانی ، لێوی خستە سەر لێوی ، تەزوویەک بە ناخی کیژێدا هات و ئارەزوویەکی تۆسن و شێتانەی ئەوتۆی لا دروست بوو کە بە جۆرێ لێوی کابرا بگەزێت تا خوێنیان لێدێت ؟ بە ڕاستی ئارەزوویەکی شێتانە ، دابووی لە کەللەی . شەڕی لێدەباری ، لێ کابرا بەر لەوەی کیژێ نیازە شەڕانیەکەی جێبەجێ بکات لێی دوور کەوتەوە ! مەشخەڵی شێتایەتی لە دڵی کیژێدا بڵێسەی دەسەند و هانیدەدا ، خۆی بدات بە سەر سینگی کابرادا ونینۆکەکانی لە گەرووی بچەقێنێ . بەڵام لە ناکاوا دەنگی کابرا ، حەمیدەی لەم خەیاڵە دەرهێنا و گوێی لێبوو کە بە نەرمی دەیگوت :

- ئەمە شەقامی شەریف پاشایە … ماڵەکەی منیش چەند هەنگاوێک هێوەترە ، حەزناکەی بیدینی ؟

حەمیدە ، بە پەرێشانی ڕوانیە ئەو سەمتەی کە کابرا بە قامکی شادە ئاماژەی دەکردێ ، چەند باڵەخانەیەکی بینی کە سەریان لە هەوران دەسوو ، نەیدەزانی کابرا کامیانی مەبەستە . فەرەج ئیبراهیم داوای لە شوفێرەکە کرد کە لە بەردەم یەکێکیاندا بوەستێ و ، بە کیژێی گوت :

- لەم باڵاخانەیەدایە .

کیژێ عیمارەیەکی بەرز و گەورەی بینی کە دەروازەکەی لە کۆڵانی میدەق گەورەتر بوو ، پاشان بە سەرسامی چاوی لێگواستەوە بە دەنگێکی نەوی پرسی :- لە کامە نهۆمدایە ؟

کابرا دەم بە خەندە گوتی :

- نهۆمی یەکەم ... ئەگەر تەشریف بێنی ، ماندوو نابیت .

حەمیدە ، خێسەیەکی سەرزەنشت ئامێزی کرد و فەرەج لە سەری ڕۆیی :

- چەند دڵت ناسکە ، چەند زوو تووڕە دەبیت ! ... باشە ئەم کارە چ عەیبێکی تیایە ؟ باشە من لەوەتای چاوم بە تۆ کەوتووە هەمیشە نە هاتوومەتە دیدەنیت ؟ بۆچی ئەگەر بۆ تاقە جارێکیش بووە ، نایەیتە دیدەنیم ؟

ئەم پیاوە چی گەرەکە ؟ وا وێنا دەکات نێچیرێکی ئاسانی بەر دەست کەوتووە ؟ ئایا ئەو ماچەی دامێ ، چەشەی کردووە و تەماحی لەزەتێکی زیاتر و گەورەتری کەوتووەتە بەر ؟ ... ئایا هەستی سەرکەوتن و غروور کوێری کردووە ؟! ... ئایا ئەمە ئاکامی ئەو ڤیانەیە کە هۆش وگۆشی ئەمی (حەمیدە ) بردووە ؟ گڕی تووڕەیی لە دڵیا بڵێسەی دەسەند ، هەر هەموو هێز و تواناکانی بۆ هێرش و پەلامار ، کۆ بوونەوە . ئارەزووی ئەوەی دەکرد ، نەفسی ڕێگەی بدات و توانای ئەوەی هەبێ لە گەڵ ئەم کابرایە ، تا ئەو شوێنەی مەبەستیەتی بڕوات و ئەوەی نیشانبدات ، کە تەسەوری نە دەکرد ، وبیهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست بەڵێ، تەبعی سەرکێش و شەڕفرۆش و تۆسنی داوای لێدەکرد ، ئەم شەڕە بکات . ئایا دەکرا بە خۆی داوای مەیدانداری بکات و پاشان خۆی لە بەرانبەرەکەی بپارێزێت و دوور بگرێت ؟! تووڕەیی ئەو زادەی خۆنواندن یان شەرم و غیرە نە بوو ، بەڵکو زادەی کبریا و هەستی سەرکێشانە و متمانە بە هێز و توانای خۆی و ئارەزووی شێتانەی شەڕفرۆشی بوو ، هەر وەها لە شێتایەتی ئەو سەرکێشییەش بە دەر نەبوو ، کە بووە بایسی ئەوەی سواری تاکسییەکە ببێت ! وبکاتە کارێک کە کابرا بە وردی لێی بڕوانێت و لە فکران ڕابچێت و لە دڵی خۆیدا بڵێت :" یارەکەم ، لەو خەتەرانەیە هەر کە بە ئاستەم دەستی تێوە بدەیت ، دەتەقێتەوە ، کەواتە ڕامکردنی توانا و بەهرەیەکی زۆری دەوێت " . ئەوسا بە ڕچا وتکاوە پێی گوت :

- تکا دەکەم وەرە ژوورەوە با پەرداخێک شەربەتی لیمۆت بۆ دروستبکەم .

کیژێ ، نیگایەکی توندی کرد و لەبن لێوانەوە گوتی :- بە دڵی خۆت ...

کابرا ، بە دڵخۆشیەوە دەرگای ڤەکرد و دابەزی و حەمیدەش بێباک و بێپەروا دابەزی . لەو کاتەدا کە کابرا پارەی تاکسیەکەی دەدا ، حەمیدە کونجکاوانە چاوی بە دەور وبەری خۆیدا دەگێرا و خەیاڵ بردییەوە بۆ ئەو کۆڵانەی کە ئەمرۆ لێی وەدەر کەوتبوو و ئەو ڕیسکانەی وەبیر هاتەوە کە بێخەم وخەیاڵ ملی پێوە نابوون و گەیاندبوویانە ئەم کۆشک و باڵەخانە ترسناکە ! بە خۆیشی سەری سوڕما بوو ! کێ باوەڕ بەمە دەکات ؟! ... بۆ نموونە ئەگەر سەید ڕەزوان حوسەینی بیدینێ کە دەچێتە ئەم باڵەخانەیەوە چ دەڵێت ؟ بزەیەک کەوتە سەر لێوانی حەمیدە ، هەستێکی سەیری لە لا چێبوو کە پێی دەگوت ئەمرۆ خۆشترین ڕۆژی سەرانسەری ژیانیەتی .

فەرەج ئیبراهیم چوو بە لایەوە ، دەستی گرت ، بە دووقۆڵی خۆیان بە باڵەخانەکەدا کرد ، بە قاڵدرمەیەکی پاندا ، بۆ نهۆمی یەکەم سەرکەوتن ، پاشان بە ڕاڕەوێکی دوور و درێژدا تا گەیینە بەر دەرگای شوقەیەکی سەمتی ڕاستی ڕاڕەوەکە . کابرا کلیلێکی لە گیرفانی دەرهێنا و خستیە قفڵی دەرگاکە ، بایدا و بەدەم کردنەوەی دەرگاکەوە ، بە خۆشحاڵییەوە بەخۆی دەگوت : "هەمووی یەک دوو ڕۆژی دیبە ودێتە بەر !" دەرگای کردەوە وڕێگەی بۆ حەمیدە کردەوە کە وەژوور کەوت و خۆیشی لە دوای ئەوەوە وەژوور کەوت و دووبارە دەرگاکەی قفڵ دایەوە . حەمیدە خۆی لە هۆڵێکی درێژدا بینییەوە کە ئەم بەرو ئەو بەری ژوور بوون ، گڵۆپێکی بە قوەت ڕووناکی دەکردەوە . باڵەخانەکە چۆڵ نەبوو ، جگە لەو گڵۆپەی کە پێش هاتنی ئەمان ڕۆشن بوو ، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە دەنگی هەرا و زەنا و گفت وگۆ و ساز و ئاواز دەهاتە گوێ ! فەرەج ئیبراهیم ، بەرە دەرگایەکی بەرانبەر دەروازەکە چوو ، دەرگاکەی کردەوە و حەمیدەی خوڵک کرد کە بچێتە ژوورەوە . حەمیدە چووە ژوورێکی مامناوەندییەوە ، کە بە قەنەفە و کورسیانی چەرمی مۆبێلە کرا بوو و فەرشێکی ڕەنگینی ئاورێشمینی تیا ڕاخرا بوو . لە بەشی پێشەوە ئاوێنەیەکی جوان لە سەر مێزێکی لاکێشەیی لاق زێڕین دانرا بوو ، کە سەری لە میچەکە دەسوو . کابرا حیرەت و سەرسامی لە چاوەکانی حەمیدەدا بەدی کرد و بە نەرمی گوتی :- عەباکەت داکەنە و فەرموو دانیشە .

حەمیدە ، بێئەوەی عەباکەی دابکەنێ ، لە سەر کورسییەک دانیشت ، دانیشتنی سەر کورسییەکەی لە گیان خۆشبوو ، پاشان بە دەنگێکی نەوی کە بۆنی هۆشداری لێدەهات گوتی :- نابێ درەنگ بکەوم .

فەرەج ئیبراهیم ، بەرەو مێزێکی جوانی ناوەندی ژوورەکە ، کە تەرمۆزێکی لە سەر دانرا بوو ، چوو . سەری تەرمۆزەکەی کردەوە و دوو پەرداخ ( شەربەتی لیمۆی ساردی ) داکرد و پەرداخێکیانی بەو دا وگوتی :- چەند دەقیقەیەکی دی  تاکسیەکە دێتەوە بە شوێن تۆ دا .

هەردووکیان ، شەربەتەکانیان خواردەوە و پاراو بوون ، پەرداخەکانیان لە سەر مێزەکە دانایەوە . حەمیدە ، لەم ماوەیەدا ژێرا وژێر و لە ڕووی کۆنجکاوییەوە تەمەشای ئەوی دەکرد و بالاّ ڕێک وپێکەکەی دایە بەر نیگا ، ماوەیەکی زۆر لە دەستەکانی ڕاما ، کە تەواو کەوتە ژێر باندۆری جوانی وناسکییانەوە ، قامکە درێژ و جوانەکانی ، توانا و جوانیەکی لە ڕادە بە دەریان لێدەباری ، کە پێشتر ئەم ئەفسوونەی تەنیا لە چاوەکانیا بینی بوو ، کابرا چاوی لەو نەدەگواستەوە و بزە لە لێوەکانی ئاوا نە دەبوو ، لە تۆ وایە گەرەکیەتی دڵنیای بکاتەوە و ڕامی بکات .

هەرچەندە حەمیدە برێک سرک و سڵ دیار بوو ، بەڵام هیچ ترسێکی نەبوو ، ئەو دەنگانەی بیر کەوتەوە کە لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا بەر گوێی کەوتبوون . پێی سەیر بوو ، لە بیری چوو بوونەوە ، لە کابرای پرسی :- ئەم هەرا و زەنایە چیە ؟

کابرا ، کە هێشتا لە هەنبەریا وەستا بوو ، بەرسڤی دایەوە :

- کەس و کار و خزمانن ، لە کاتی خۆیدا دەیانناسیت ... بۆچی عەباکەت دا ناکەنیت ؟

حەمیدە ، کاتێ کابرا بۆ ماڵەوە دەعوەتی کرد وایدەزانی بە تەنیایە ، سەری سوڕما ، کە چۆن ئەمی بۆ ماڵێکی ئاوەدان هێناوە، وەڵامی پرسیارەکەی دوایی کابرای فەرامۆشکرد وخۆی لە وەڵامدانەوەی بوارد . بە ئارامی و تەحەداوە تەمەشای کابرای دەکرد . کابراش پرسیارەکەی دووبارە نەکردەوە ، بەڵام بە ڕادەیەک لە کیژێ نزیک بووەوە ، کە نووکی پێڵاوەکانی بەر سۆلەکانی کەوت . کەمێک بە لای کیژێدا دانەوییەوە ، ئەوجا دەستی برد و دەستی حەمیدەی گرت و گوشی ، بە ئارامی بۆلای خۆیی ڕاکێشا و گوتی :- با بڕۆین لە سەر قەنەفەکە دانیشین .

حەمیدە ، ڕێگری نەکرد و هەستا . چوون لە سەر قەنەفەیەکی گەورە و لە تەنیشت یەکەوە دانیشتن . لەو دەمەدا ، گرفتاری دوو هەست بوو ، لە لایەکەوە قایل بوو بەلای ئەو پیاوەوە کە گوایە ئەمی خۆش دەویست و لە لایەکی دیکەوە ڕقی لەو پیاوە بوو کە وای وێنادەکرد دەتوانێ وبە نیاز بوو بەم ڕابوێرێ . پیاوە بەرە بەرە لێی نزیک بووەوە ، ئەوسا باسکی لە ناوقەدی هاڵاند . کیژێ مت وبێدەنگ بوو ، نەیدەزانی کەی مافی بەرەنگار بوونەوەی هەیە ، دەستی چەپی بۆ چەناگەی حەمیدە برد ، دەمی حەمیدەی بەرز کردەوە ، بە ئەسپایی دەمی خۆی پێوەنا ، دەتگوت تینویەکە و دەم بە جۆگاوە دەنێت . لێوەکان ئاوێتە بوون ، یەکانگیر بوون ، یەکانگیرییەکە درێژەی کێشا ، دەتگوت خەوی ئەشق و ڤیان برد بوونیەوە . کابرا هەموو تین و تاوی دابووە لێوەکانی ، تا لەو ڕێگایەوە بە کامی دڵ بگات ، کیژێ مەست و خومار دەینواند ، بەڵام ڕاپەڕینە کوت و پڕەکەی لەو سیحر و ئەفسوونەی کرد کە گڕی لە لێوەکانی بەر دەدا . وەخۆ هاتەوە و هۆشیار بووەوە. هەستی کرد دەستی کابرا لە ناوقەد وسمت و کەفەڵی خاو

دەبێتەوە ، بەرەو شانی بەرز دەبێتەوە و عەباکەی لە سەر لادەبات ، دڵی بە توندی لێیدا ، ملی قوت کردەوە ، بە توندی عەباکەی دایەوە بە سەری خۆیدا و بەتوندی گوتی :

- مەحاڵە ...

کابرا ، بە سەر سامی تەمەشای کرد ، بینی بە نیگایەکی ساردی پڕ لە غروور و گۆساخی و بێ پەروایی تەمەشای دەکات . بزەیەکی پەشیمانی بۆ کرد و بە خۆی گوت :" ماندووە ، وەکو تەسەورم دەکرد ، زۆر ماندووە" .. ئەوسا ڕووی دەمی کردە کیژێ و بە دەنگێکی نەوی گوتی :

- بمبورە گیانەکەم ، ئاگام لە خۆ نە مابوو ..

حەمیدە ، ڕووی لێوەرگێڕا ، تا ئەو بزەیەی کە شادی سەرکەوتن خستبوویە سەر لێوی ، لەو بشارێتەوە ، بەڵام ئەم حاڵەتە درێژەی نەکێشا . بە ڕیکەوت چاوی بە دەستی کابرا کەوت ، بۆ یەکەمجار هەستی بە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دەستە جوانەکانی ئەو و دەستە زبرەکانی خۆیدا کرد ، شەرم دایگرت و بە پەستی پێی گوت :

- بۆچی بۆ ئێرەت هێناوم ؟ ... کارێکی سەخیفت کردووە !

کابرا ، بە جۆش و خرۆشەوە بەر پەرچی دایەوە :

- ئەمە جوانترین کارە لە ژیانما کردوومە ! ... بۆچی لە ماڵەکەی من دەترسیت ! ... مەگەر بە ماڵی خۆتی نازانی ؟!

کابرا ، چاوی بە قژی ئەو کەوت کە لە ژێر عەباکەوە وەدەر کەوتبوو ، دەمی بردە پێشەوە قژەکەی ماچکرد وگوتی :- ئۆباڵ بە ئەستۆم قژت جوانە ... جوانترین قژە کە لە ژیانما دیتبم .

کابرا ، و ێڕای ئەو بۆن غازەی کە کەپووی پڕ کرد بوو ، ئەو قسەیەی لە دڵەوە و ڕاستگۆیانە گوت . حەمیدە ، ئەو ستایشەی لە گیان خۆشبوو . ئەوسا لە پیاوەی پرسی :- تاکەی لێرە دەمێنین ؟

- تا تەعاروفی تەواو دەکەین ، زۆر شت هەن کە دەبێ باسیان بکەین ... چیە دەترسیت ؟ ... مەحاڵە ... هەست ناکەم لە هیچ بترسیت .

حەمیدە ، بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بوو کە حەزی دەکرد کابرا ماچ بکات . دڵی ڕووناک بووەوە ، کابرا کە دەیڕوانیە سەر وسیمای ، لە دڵی خۆیدا گوتی : "ئێستا تێت گەیشتم شێرە کیژ !" .

ئەوسا بە دەنگێکی گەرم و گوڕ بە کچەی گوت :

- دڵم تۆی هەڵبژاردووە و دڵم تا ئێستا درۆی لە گەڵ نە کردووم ، کە ئەشق دوو کەسی کۆکردەوە ، ئیدی هێز نییە بتوانێ لێکیان جیابکاتەوە . ئیدی تۆ هی من و من هی تۆم .

کابرا ، وەکو ئەوەی ئیزن وەربگرێت ، دەم و چاوی لێی نزیک کردەوە ، کچەش ملی بردە پێشەوە و لە گەرمە ماچێکدا یەکانگیر بوون ، کابرا هەستی بە گوشاری ئەفسووناوی لێوانی کیژێ لە سەر لێوانی خۆی کرد ، هەنگێ بە گوێی کچەیدا چپاند :- یارەکەم ... دڵدارەکەم ... ئازیزەکەم .

حەمیدە ، لە ناخی ناخەوە هەناسەیەکی قوولی هەڵکێشا ، ئەوسا لە جێی خۆی جووڵا تا نەفەس تازە بکاتەوە ، ئەوسا فەرەج ئیبراهیم ، بە دەنگێکی زۆر ناسک و چپە ئاسا گوتی :

- ئێرە شوێنتە ، ئێرە ماڵەکەتە ، ئێرەش ( ئاماژەی بۆ سینگی خۆی کرد ) مەسکەن و ماواتە .

حەمیدە ، پێکەنینێکی کورتی بۆ کرد وگوتی :

- بیرت خستمەوە کە دەبێ هەر ئێستا بۆ ماڵ بگەڕێمەوە .

ئەفەندی، بە گوێرەی بەرنامەیەکی پێشوەختە دارێژراو ، بەر پەرچی دایەوە و گوتی :

- کام ماڵەت مەبەستە ؟ ... ماڵەکەی کۆڵانی میدەق ! ... ئاە خۆزگە ئیدی قەت ناوی ئەو گەڕەک و کۆڵانەت نە دەبرد . خۆشیت بە کوێی ئەم کۆڵانەدا چووە ؟ بۆچی بۆ ئەوێندەر دەڕۆیتەوە ؟!

کیژێ ، دەم بە پێکەنی گوتی :

- ئەمە چ پرسیارێکە لە منی دەکەی ؟! ... مەگەر ماڵی من و ماڵبات و کەس و کارم نییە ؟!

ئەفەندی ، بە ناڕەحەتیەوە گوتی :

- نە ماڵەکە ماڵی تۆیە و نە ماڵباتەکە ماڵباتی تۆیە . تۆ لە قوماشێکی دیکەی گیانەکەم . کوفرە کە جەستەیەکی ناسک وپاراو لە گۆڕستانێکی پڕ ئێسک و پروسکی ڕزیودا بژی . کیژانی فریشتە ڕەنگت نەبینی کە چۆن لە جلی ئالاو والادا ، خۆیان با دەدا ؟ تۆ لە جوانی ودلبەریدا زۆر لەوان زیاتری ، ئیدی چۆن وەکو ئەوان ئارەزووی جلی جوان و خشڵ و جەواهیراتی گرانبەها ناکەیت ؟ ... خودا منی بۆ ئەوە ناردووە ، کە هەقی زەوت کراوت بۆ بگێڕمەوە ، قەرەبووت بکەمەوە . بۆیە ، بێهیچ لە ڕوو دامانێک دەڵێم ئێرە ماڵی خۆتە .

وەکو چۆن قامکی سازژەنێک ، ژێی کەمانچەیەک دێنێتە جووڵە ، وشەکانی کابراش ، بەو ئاوایە دڵی حەمیدەی هێنایە خرۆشان . هەستی حەمیدە بەنج بوو ، برۆکانی هاتنەوە یەک و ، نیگایەکی خەون ئاسا کەوتە سەر چاوانی ، لێ لە خۆی پرسی : مەبەستی لەم قسانە چییە ؟ ئەمە ئەو شتەیە کە دڵی کەڵکەڵەی دەکات ، هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ هاتنە دی خەونەکانی و نزیکبوونەوەی ئاواتەکانی نییە ؟ .. باشە ئەو کابرایە بۆ بە ڕاشکاوی نیازی دڵی خۆی دەر نابڕێت ؟ ئەفەندی ، بە جوانترین شێوە گوزارشت لە ئاوات وخەون و ئارەزووەکانی ئەو ( حەمیدە ) دەکات ... قسەی دڵی ئەم دەکات ، ڕازە پەنهانەکانی ئەم بەرجەستە دەکات . جوانییەکان بە جۆرێ بەرجەستە دەکات ، وەکو ئەوەیە بە چاو ببینێ ، تەنیا یەک شتی بە ڕاشکاوی باسنەکرد ، خۆی لێی نە دەدا ، باشە حیکمەتی ئەو دوو دڵییەی لە چیدایە ؟! حەمیدە بە چاوە جوان و پڕ جورئەتەکانی ڕوانییە ئەفەندی وپرسی :

– مەبەستت چییە ؟

کابرا هەستی کرد ، گەییوەتە قۆناغێکی هەستیاری ، بەرنامە پێشوەختە داڕێژ راوەکەی خۆی ، نیگایەکی هیپنۆتیزە ئامێزی کرد و بە دەنگێکی نەوی گوتی :

– مەبەستم ئەوەیە لەماڵێکا بمێنی کە شایستە بە خۆت بێ و ئەو پەڕی لەزەت لە ژیان ونیعمەتەکانی ببینی ...

حەمیدە ، حایر و حەپەساو ، پێکەنی و لە بن لێوانەوە گوتی :– هیچ تێناگەم ..

کابرا ، لە کاتێکا دەبیرەوە چوو بوو تا بیرەکانی ڕێکبخات و بداتە دەم یەکەوە ، دەستێکی بە قژەکەی حەمیدەدا هێناو بە میهرەبانی گوتی :

– ڕەنگە لە خۆت بپرسیت : چۆن داوا لە من دەکات لە ماڵەکەیدا بمێنم ؟ دەیسا ڕێگەی منیش بدە بپرسم : بۆچی بۆ کۆڵانی میدەق دەگەڕێیتەوە ؟ بۆ ئەوەی وەکو کیژانی قەرەبەخت چاوەڕوان بکەی تا پیاوێکی کۆڵانەکە ڕەحمی بتلیسێتەوە و بەزەیی پێتا بێتەوە و بتخوازێت و خۆی لە جوانی و ناسکیت پاراو بکات و تەنیا تلپەکەت بێڵێتەوە و فرێت بداتە تەنەکەی خۆڵەوە ؟! من لە گەڵ کیژێکی گەوجدا ، کە بە قسەیەکی بێ مانا بکەوێتە سەما و بە قسەیەکی دی دابمرکێتەوە ، قسان ناکەم ، من سوور دەزانم کە تۆ گەنجێکی کەم وێنەی ، جوانیەکی دڵڕفێنت هەیە و ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندیە زۆر و زەبەندەکانی تۆ . تۆ یەکپارچە جورئەتی . خەڵکی وەکو تۆ هەر شتێکی بوێت ، لە کەفلە کونێکدا دەیکات .." .

سیمای حەمیدە گۆڕا ، ڕەنگی پەڕی و بە توندی گوتی :

- ئەم شۆخیانە بە سەر مندا تێناپەڕێ ...  هەوەڵجار بەگاڵتە دەست پێکرد و ئەنجام باتدایەوە ، کە گوایە بە جدیتە !

- شۆخی وگاڵتە ! نە بە خوا ... نە بەگیانی تۆ ، شتی وا نییە ، من کاتێ کە بە جدی قسە دەکەم هەرگیز بیر لە شۆخی ناکەمەوە . بە تایبەتی لە گەڵ کەسێکی وەکو تۆدا ، کە ئەو پەڕی ڕێزم بۆی هەیە و خۆشم دەوێ ، ئەگەر بە هەڵە نە چووبم ، تۆ دڵێکی گەورەیت ، کە لە پێناوی شادی خۆیدا ، گوێ بە هیچ کۆسپ و لەمپەڕێک نادات . من شەریکێکم بۆ ژیانی خۆم دەوێ و لە نێو هەموو خەڵکیدا تۆم هەڵبژرادووە ...

حەمیدە ، بەو پەڕی هەڵچوونەوە هاواری بە سەردا کرد :

- کام شەریک ؟ ... ئەگەر ڕاست دەکەی و دۆزیوتەتەوە ، چیت دەوێ ؟ ... ڕێگاکە دیار وئاشکرایە . ئەگەر دەتەوێ ... لە زگ بوو بڵێت : " زەماوەندم لە گەڵ بکە" لێ جڵەوی خۆی گرت و نیگا توند ونیگەرانەکانی بڕییە ئەفەندی . کابرا لە مەبەستی حاڵی بوو ، لە ناخی خۆیدا گاڵتەی بە ئەقڵی دەهات ، لێ تازە قسەکەی کرد بوو ، هەستیکرد ، پاشەکشە سوودی نییە ، بۆیە لە سەری ڕۆیی ، بە تین و تاو و گەرم و گوڕییەکی ساختەوە گوتی :

- من شەریکێکی ئازیزم دەوێ کە پێکەوە درێژە بە ژیان بدەین ، ژیانی خۆشی وشادی ، ژیانی دارایی و بە سەروەت و سامان ، نەک ژیانی ناو چوار دیواری ماڵەوە ، بەو پەڕی بەد بەختی و هەژاری ومنداڵ خستنەوە . ژیانێکی وەکو ژیانی ئەو ستێرانەی بۆم باسکردیت .

حەمیدە ، لە بێزاری و نیگەرانیدا زاری بەش بووەوە ، پاشان ڕووناکییەکی ترسناک ، لە چاوانیا پرشنگی دا . لە تووڕەییدا ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما . تەواو تووڕە بوو ، پشتی ڕاستکردەوە ، هاواری بە سەردا کرد :- فێری هەرزەیی و گەندەڵیم دەکەیت ! ... هەی هەرزەی گەندەڵی تاوانبار ...

ئەو تووڕەییەی کە لە ناخی حەمیدەدا هاتبووە جۆش زیاتر لەبەر ئەوەبوو کە لە ناکاوا غافڵگیر بوو بوو و لە ئەفەندی نائومێد بوو بوو ، نەک لەبەر ئەو هەرزەیی وگەندەڵییەی کە ڕەگی لە ناخی کابرادا داکوتا بوو و ئەم پەی پێنەبرد بوو . ئەفەندی ، بەدەم تەوسخەنێکەوە گوتی :

- من پیاوێکم کە ...

لێ حەمیدە ، قسەکەی پێبڕی و جڵەوی بۆ تەبعی ئاگرینی خۆی شلکرد و نەڕاندی :

- تۆ پیاو نیت ... تۆ گەوادیت .

کابرا لە قاقای پێکەنینی دا و بەدەم پێکەنینەوە گوتی :

– مەگەر گەوادیش پیاو نییە ؟! ... با ... ئەویش پیاوە ، بەو جوانیە دڵرفێنەت قەسەم ئەویش لە پێستی خۆیدا پیاوێکە چۆن بڵێی ... پیاوی ئاسایی ، تەنیا سەریەشەیە و هیچی دی ، لەوە زیاترە ؟! بەڵام گەواد ، دەلاڵی مەحەبەتە لەم دنیایەدا ! بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێت کە من تۆم خۆشدەوێ . مەیەڵە تووڕەیی ئەم ئەشق وڤیانەمان لێتێکبدات . من بۆ بە ختەوەری و ڤیان و سەروەت و سامان بانگتدەکەم . ئەگەر کیژێکی گەوج بوایەی کڵاوم لە سەر دەنایت . بەڵام ڕێزم گرتیت ، حەزم کرد لەگەڵتا ڕاستگۆبم و بە ڕاشکاوی قسەت لە گەڵدا بکەم ... ئێمە هەردووکمان لە یەک قوماشین . خودا بۆ ڤیان و هاوکاری خۆڵقاندووینی ، ئەگەر یەک بین ، ئەوا بە ئەشق وسامان و پێگەی باش دەگەین و ئەگەر لێک دوور کەوینەوە ئەوا بەشمان ، کڵۆڵی و نەداری و نەگبەتی دەبێت ، یان بەلای کەمەوە یەکێکمان تووشی بەڵا دەبین ، ئیدی بەو جۆرە ...

حەمیدە ، چاوی لێ نەدەگواستەوە ، گێژ ومەنگ لە خۆی دەپرسی : چۆن لەم گێژاوە دەرباز بێ ؟! سۆز وگوداز وهەڵچوونێکی سەیر لە ناخیا بەرپا بوو بوو . سەیر ئەوە بوو ، هەرچەندە زۆر لێی پەست وتووڕە بوو ، بەڵام بۆ ساتێکیش ئەشقی ئەوی فەرامۆش نەکرد ! تەنانەت لە هەڕەتی تووڕەییشدا ، ئەوەی لە بیر نەبردەوە ، کە ڕوو بە ڕووی پیاوێک بووەتەوە فێری خۆشەویستی کردووە و ئەشقی لە ناخیا ڕواندووە ، بە هەڵچوون وتووڕەییەوە هەستایە سەر پێیان و بە توندی گوتی :

– من ئەوە نیم کە تۆ تێی گەیشتووی جەناب ...

ئەفەندی ، هەناسەیەکی پڕ کەسەری هەڵکێشا ، وەکو بازرگانێک کە قەت مەزەندەی بە خەسار نەچوو بێ ، بە خەمینییەوە گوتی :

– باوەڕ ناکەم مەزەندەم سەبارەت بە تۆ بە هەڵە چوو بێ ، ئەی خودا ! ... یانی تۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کۆڵانی میدەقدا شوو دەکەی ؟! سک پڕ بوون و منداڵ بوون ، سک پڕ بوون و منداڵ بوون ، شیردانی منداڵ لە سەر شۆستە ، مێش و مەگەز و پاقلەی کوڵاو ، ژاکان و سیس بوونەوە و پووکانەوە ؟! ... نا ، نا ... هەرگیز باوەڕ ناکەم ...

حەمیدە ، خۆی پێ زەوت نەکرا ، هاواری بە سەریا کرد :– بەسە ...

بەرەو دەرگاکە دەرپەڕی ، ئەفەندی بە هەشتاو هەستا و خۆی گەیاندێ و بە میهرەبانی گوتی "لەسەرخۆ" بەڵام ڕێگەی لە حەمیدە نەگرت ، دەرگاکەی بۆ کردەوە و پێکەوە وەدەرکەوتن . بە خۆشحاڵی و بێپەروایی هاتبوو و، بە

پەستی ودڵی شکاوەوە وەدەرکەوت . لە بەر دەرگای دەرەوەی باڵەخانەکەدا راوەستان ، تا خزمەتکارێک تاکسییەکی بۆ هێنان و هەریەکەیان لە درگایەکەوە سوار بوون . تاکسییەکە بلەز بردنی . حەمیدە لە بیر وخەیاڵی خۆی ڕۆچوو . ئاگای لە دنیا بڕا . کابرا ژێرا وژێر و بە بێدەنگی تەمەشای دەکرد و هیچ بە پێویستی نەدەزانی بێدەنگییەکە بشڵەقێنێ . بەمجۆرە ڕێگاکەیان تەیکرد تا تاکسییەکە گەییە ناوەندی ( موسکی ) ، ئەفەندی داوای لە شوفێرەکە کرد بوەستێ ، حەمیدە لە دەنگی ئەو بە خۆهاتەوە ، تەمەشای دەرەوەی کرد و کەمێک جووڵا تا دابەزێت ، کابرا دەستی خستە سەر دەسکی دەرگاکە تا بۆی بکاتەوە ، بەڵام سووکە هەڵوێستەیەکی کرد ، ئەوسا لێی نزیک بووەوە و شانی ماچ کرد و گوتی :- سبەینێ چاوەڕوانت دەکەم ...

حەمیدە ، لە دەرگاکە دوور کەوتەوە و بە کورتی و بە توندی گوتی :- نەخێر ...

کابرا ، دەسکی دەرگاکەی بادا و گوتی :

- چاوەڕوانت دەکەم گیانەکەم ... ودەبێ بۆلام بێیتەوە .

پاشان ، لە کاتێکا حەمیدە لە تاکسییەکە دوور دەکەوتەوە ، ئەفەندی گوتی :

- سبەی ، لە بیرت نەچێ ، دەست بە ژیانێکی تازە وجوان دەکەین ... خۆشم دەوێی ... لە ژیان زیاتر خۆشم دەوێی ...

لەو کاتەدا کە حەمیدە بە هەشتاو دوور دەکەوتەوە ، ئەفەندی تەمەشای دەکرد و بە دەم تەوس خەنێکەوە ، بە خۆی دەگوت :

" هەڵبەتە جوانە ، سەری لێدەخورێ ، مەحاڵە مەزەندەم بە هەڵە بچێت ، بە تەبیعەت حەزی لێیە ... بە سەلیقە سۆزانییە ... دەبێتە دوڕێکی بێ وێنە .." .



دایکی لێی پرسی :- بۆ دواکەوتی ؟

حەمیدە ، بە بێ موبالاتی بەرسڤی دایەوە :

- زەینەب دەعوەتی کردم بۆماڵەوە ، منیش لە گەڵیا چووم .

ژنه ، مژدەی دایه که بەم زووانه خات سەنیه عەفیفی زەماوەند دەکات ، و خەبەری دایه که خا سەنیه ، بۆ شاییەکەی خۆی کراسێکی به دیاری دەداتێ ، حەمیده ، وای نواند که زۆر خۆشحاڵه ، ماوەیەکی زۆر گوێی له پڕ بێژییەکانی داکی گرت ، پاشان شێوەکەیان خوارد و چوون بۆ ژووری نووستن . حەمیده ، له سەر کۆنه قەنەفەیەک دەنووست . لێ داکی دۆشەکێکی له عاردی ڕادەخست و له سەری پاڵدەکەوت ، هێشتا چەند دەقیقەیەک نەبووری بوو ، که داکی حەمیده خەوێکی قووڵ بردییەوه و ژوورەکه پڕبوو له پرخه پرخ . حەمیده چاوی بڕییه پەنجەره داخراوەکه ، که تیشکی گڵۆپێن چاخانەکه له درزێن پەنجەرەکەوه دەخزیه ژوورەوه. ڕووداوه سەیرەکانی ڕۆژی وەبیر خۆی هێنایەوه ، نه جووڵەیەک ، نه هەڵوێستەیەک نه وشەیەکی نەبوارد . هەر هەمووی له خەیاڵی خۆیدا زیندوو کردەوه ، ئەو سەرکێشی و ڕیسکه ئاشقێنیانەی وەبیر هێنایەوه که له ئەقڵا جێیان نه دەبووەوه . وێڕای ئەو نیگەرانییەی که هەستی پێدەکرد ، شادییەکی بێترس له بوونیا شەپۆلی دەدا . شادییەکی پڕ غروور و زادەی ئەو شێتایەتیەی ڕەگی له غەریزه و ئارەزووەکانیا بوو . ئەوەشی له بیر نەچووەوه ، کاتێ که گەییەوه کۆڵانەکەی خۆیان له دڵی خۆیدا گوتبووی "شاڵڵا هەرگیز نەم دیتبوایه"! بەڵام ئەمه هەر قسەی زار بوو ، هیچ دەنگدانەوەیەکی له دڵیا نەبوو . ئەلهەقی ئەوەندەی ئەو ڕۆژه و له زەرفی ئەو ڕۆژەدا خۆی ناسی بوو ، به هەموو تەمەنی خۆی ئەوەنده خۆی نەناسی بوو . دەتگوت ئەم پیاوه بۆیه ڕێگەی پێگرتبوو ، تا ئەوەی له ناخیا پەنهان بوو ، دەربخات و وەکو ئاوێنه بیخاته بەر چاوی . لێ به هەرحاڵ که له کابرا جیابووەوه و پێی گوتبوو : " نەخێر " ڕەنگه بوو بێ به قسەی خۆیەوه ، بەڵام ئەو قسەیه به کردەکی چی دەگەیاند ؟! ئایا مانای ئەوه نەبوو که له ماڵی خۆیا دانیشێت و چاوەڕوانی عەباس حلو بکات ؟! خودایا ! هیچ له دڵیا بۆ حلو نەماوه ، هیچ ڕەنگدانەوه ودەنگدانەوەیەکی له دڵیا نەماوه . حلو له ڕاستیا ئەو مێردە کلۆڵەیه که جگه له سک پڕ بوون ومنداڵ بوون و شیردانی منداڵ له سەر شۆستەکان ومێش ومەگەزان هیچی تری به دیاری بۆ نایەنێ . ئیدی تا کۆتایی ئەم وێنه ودیمەنه ناشیرین و بێزراوه. بەڵێ سۆزی دایکایەتی سەرچاوەیەک نەبوو ، وەکو کیژانی هاوتای خۆی له ناخیا هەڵقوڵێ . ژنانی گەڕەک نه هەقیان نەبوو که به دڵڕەق وجەفاکاریان ناو دەبرد ... ئەم کچه عەوداڵی چی بوو ! دڵی به توندی کەوته لێدان ، به جۆرێ لێوی خۆی گەست خەریک بوو خوێنیان لێبێت . هەڵبەته دەبێ بزانێ عەوداڵی چییه ، چی دەوێت ، دڵی ئارەزووی چیدەکات . دوێنێی له نێوان تاریکی و ڕووناکیدا به سەر بردبوو ، لێ ئەمڕۆ پەرده له سەر شتەکان لاچووه ، هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا دەنوێنێ . سەیر ئەوه بوو ، به دەم ئەم خەو زڕانەوه تووشی هیچ جۆره دوودڵییەک نەبوو بوو که چ ڕێگەیەک هەڵبژێرێ ، بەراورد کردنی ڕابردوو و ئێستای خۆی ، خێر و شەڕی ژیانی خۆی ، هیچ کول وکۆڤانێکی له لا چێنەکرد ، له ڕاستیا به کردەکی و به شیوەیەکی نائاگا ڕێگەی خۆی هەڵبژارد بوو . ئەم ڕێگەیەی ئەو کاته هەڵبژارد که له ماڵی کابرا و له بەر دەستیا وەستابوو ! به زمان هەڕەشەی دەکرد وبه دڵ له خۆشیا سەمای دەکرد . به ڕوخسار پەست و تووڕە دیار بوو ، بەڵام خەونەکانی پەڕ وباڵیان دەرکرد بوو به ئاسمانی

خەیاڵدا دەفڕین ! ... وێڕای هەموو ئەمانەش ، بۆ تاقە ساتێک ڕقی لێ هەڵنەگرتبوو ، تەنانەت نەشی بێزاند بوو ، ژیان وشکۆ و توانا و شادی خۆی لەودا دەبینییەوە !

هیچ شتێک ڕقی حەمیدەی هەڵنەساند بوو ، تەنیا ئەو قسەیە نەبێ کە بەو پەڕی متمانەبەخۆ بوونەوە پێی گوتبوو " دەگەڕێیتەوە بۆلام " !

بەڵێ . دەگەڕێتەوە ، بەڵام پیاوە دەبێ باجێکی قورسی ئەو متمانە بە خۆبوونە گۆساخ و بێ پەروایە بدات . خۆشەویستی کیژێ بە ندایەتی و ملکەچی نییە ، بەڵکو شەڕێکە بلێسە دەسەنێ وگڕی لێدەبێتەوە ، دەمێکە لەم ماڵە و لەم کۆڵانەدا دەچەوسێتەوە ... بۆیە لە مرۆ  بە دواوە ، هێز نییە بتوانێ ڕێگای بەرەو ڕووناکی و دەسەڵات وپێگە و پایەی لێبگرێت . بەڵام ئایا ڕێگای ڕزگاری لە بەندی ڕابردوو ، بە هیچ دەستێکی دیکە ، جگە لە دەستی ئەم گەنجەی ، کە ئاگرێکی لە خەیاڵیا هەڵگیرساندووە ، دەکرێتەوە ؟ لێ هەرگیز بە ملکەچی و گوێڕایەڵی بەرەو پیری ناچێت و بە دەنگی بەرز هاوار ناکات کە : "من کۆیلەی تۆم ، هەرچیم لێدەکەیت ، بیکە " ، چونکە دان بە ئەشق و ڤیانی وادا نانێت . هەروەها وەکو گولله بە گێز وهۆڕ بەرەو ئەو ناچێت کە : "کە من بانۆی تۆم و کڕنۆشم بۆ بێنە " مل بۆ ڤیانی ئاسان ، یا ئاشقی بێ توانا نادات . بەڵام بە دڵێکی پڕ لە هیوا وئاوات و ئارەزووەوە ، بەرەو ڕووی دەچێت و ، زمانحاڵی دەڵێت :" من بە هەموو هێزی خۆمەوە هاتووم ، تۆش بە هەموو هێزی خۆتەوە وەرە بەرانبەرم ، با تا هەتا هەتایە لە شادییەکی لە وەسف نەهاتگدا بژین ، دەی تۆش ، لەزەتی شادی و شکۆ و جەلالم پێ بنۆشە" . ڕێگاکە بە هۆی ئەوەوە ڕوون بوو بووەوە ، مەحاڵ بوو ئەگەر گیانی لە پێناودا داناوە ، لێی لابدات و لە دەستی بدات .

بە هەرحاڵ ، شەوی حەمیدە ، لەو بیرانەش بە دەر نەبوو، کە جار جار ، ساردیان دەکردەوە . لە دڵی خۆیدا دەیگوت : "ئاخۆ سبەی چیم لە پاشملە ناڵێن ؟ " وەڵامەکەی یەک وشە بوو : "سۆزانییە!" بە جۆرێ دڵی گیرا کە دەمی وشک بوو و ئەو دەم بۆڵەیەی وە بیرهاتەوە کە دەگەڵ یەکێک لە هاوخوشکەکانیا — ئەو کیژانەی لە کارگەدا کاریان دەکرد — کەوتبووە نێوانیان و چۆن جنێوی پێدابوو و هاواری بە سەردا کرد بوو :" کچەتیوەی بەرەڵڵای کۆڵانان . سۆزانی قەحپە ! " تانەی ئەوەی لێدا بوو کە وەکو پیاو ئاسا عەوداڵی کارە و بەرەڵڵای جادە وبانان بووە . ئاخۆ ئەو کچە چی پێ بڵێت ؟! ... خەم چنگی لە ناخی نا ، بە داخ و کەسەرەوە جینگڵی دا ، بەڵام بڕیارێک بوو ودابووی ، هێز نەبوو ژێوانی بکاتەوە . لە کانگای دڵەوە بڕیاری دابوو و هەر کۆسپێک بهاتبایە ڕێگەی وەکو ڕەنووی بەفر ڕایدەماڵی و بە هەشتاو بەرەو چارەنووسی حەتمی خۆی دەڕۆیی .

ئەوسا ، لە ناکاوا ڕەوتی بیرکردنەوەی بەلای دایکیا وەرچەرخا . ئاوڕی لێدایەوە ، پرخە پرخەکەی کە ماوەیەک بوو ئاگای لێبڕابوو ، هەردوو گوێی پڕکرد . بە دەم چاوەڕوانی سبەیەوە ، ئەو سبەیەی کە ئەوەندە چاوەڕوانی کرد بوو، خەریک بوو لیی نائومێد دەبوو ، بە دەم ئەو چاوەڕوانییەوە ، دایکی هێنایە بەر چاوی خەیاڵ . ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە چۆن ئەو ژنە ، بە دڵ و گیان بە ڕادەیەک خۆشی ویستووە کە نەیهێشتووە ، کەم و زۆر هەست بە بێ دایکی بکات . ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە چۆن ئەمیش ، وێڕای ئەو دەم بۆڵە و قەرقەشانەی دەکەوتە بەینیان ، ئەوی خۆش ویستووە . وەکو ئەوەی بترسێت ئەم هەست و سۆزە سەراپای دابگرێت ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە بێزارییەوە بە خۆی گوت : " نە باوکم هەیە و نە دایک ، لە دنیادا جگە لەو کەسی ترم نییە " ، ئیدی ڕابردوو ڕۆیی ، تەنیا بیری لە سبەینێ و ڤەبوونی ڕازەکانی سبەی دەکردەوە . خەوی زڕابوو ، هەستی دەکرد پێڵوەکانی ومێشکی خەریکە لە بێ خەویدا دەتوێنەوە ، خۆزیای دەخواست خەو فریای بکەوێ ، لەو عەزابە ڕزگاری بکات و چاوانی بچنەخەو و تاکو گزینگی بەیانی هەڵنەیەن . هەوڵیدا ، بیرو خەیاڵەکان لە مێشکی خۆی بتارێنێ و ، تا ماوەیەک ئەمەی بۆ چووە سەر، بەڵام لەو دەنگانەی کە لە چاخانەکەی کەرشەوە بەرز دەبوونەوە ، وەخۆ هاتەوە . زۆر ناڕەحەت بوو ، نەفرەتی لێدەکردن و گلەیی ئەوەی دەکرد ، کە خەویان لە چاوی تاراندووە . بەڵام بە نە بەدڵی گوێی بۆ دەنگەکان هەڵخست ، بە کەرب و کینەوە جنێوی بە خۆدانی دەنگەکان دەدا :" ئەهای سەنقەر ... ئاوی ئەم نیرگەلەیە بگۆڕە " ... ئەمە دەنگی کەرشەی هەرزە و حەشاش بوو . " خوا خۆی چاکی بکات قوربان" ئەمە دەنگی هاپۆ کامیلی حەیوان بوو . " هەڵبەتە ... هەر شتێک ڕەگ و ڕیشەیەکی هەیە" . ئەمە دەنگی دوکتۆر بۆشی هیچ و پووچ بوو . لە ناکاوا چاوی بەخۆشەویستەکەی کەوت ، کە لە شوێنەکەی خۆی لە نێوان وەستا کەرشە و شێخ دەروێشدا دانیشتبوو ، بە خەیاڵ وای هێنایە بەرچاوی خۆی کە ماچی هەوایی بۆ هەڵدەدا . دڵی داخورپا . وێنەی باڵەخانە گەورەکە و ژوورە جوانەکە لە زەینیا زیندوو بوونەوە ، لەو کاتەدا ، دەنگی کابرا لە گوێیدا زرینگایەوە کە لە بن لێوانەوە دەیگوت :" دەگەڕێیتەوە بۆلام .." خودایا ! کەی خەو فریای دەکەوێ ؟ " سڵاوتان لێ بێ براینە" ... ئەمە دەنگی سەید ڕەزوان حوسەینی بوو ، ئەو پیاوەی کە بەر لەوەی سەلیم عەلوان نەخۆش بکەوێ ، بە داکی حەمیدەی گوتبوو کە خوازگاریەکەی ئەو بۆ حەمیدە ، ڕەتبکاتەوە . ئاخۆ سبەی کە ئەم هەواڵەی بیست چ دەربارەی حەمیدە دەڵێت ؟ ... چی دەڵێت ، با بیڵێت ، نەعلەتی خوا لە هەموو خەڵکی گەڕەک ! ئیدی بێ خەوییەکە بوو بوو بە نەخۆشیەک ودابوویە گیانی ، ئیدی بە هەر چوار لادا گینگڵی دەدا . دەکەوتە سەردەم ، سەر پشت ، سەر تەنیشت ، شەو زۆر بە هێواشی و خاوی و ناخۆشی دەبووری و هەر نە دەبڕایەوە و ، سبەینێی چارەنووس ساز ، هێندەی دیکە ناخۆش و ترسناکی دەکرد . بە ماوەیەکی کەم پێش بەرە بەیان خەوێکی قووڵ بردییەوە و تا چێشتەنگاو خەبەری نەبووەوە . هەموو بیر و خەیاڵەکان هێرشیان بۆ زەینی هێنا ، دەتگوت ماوەیەکی زۆر ، بەر لە خۆی بێدار بوو بوونەوە . لێ دووچاری هیچ دوودڵییەک نەبوو و بەبێ سەبری لە خۆی پرسی : " کەی

ئێواره دێت " . له دڵی خۆیدا گوتی ئەو ئێستا ڕێبوارێکی ڕەوتەنیە لە میدەق ، دەنکەکەی گوتەنی نە ئەو پەیوەندی بە میدەقەوە هەیە ونە میدەق پەیوەندی بەمەوە هەیە . وەکو هەمیشە هەستا و پەنجەرەکەی کردەوەو دۆشەک و پێخەفەکەی داکی هەڵگرت و لە سووچێکی ژوورەکەی دانا . پاشان ماڵەکەی گسک دا و ڕاڕەوەکەی دەرەوەی سڕی و ، بە تەنیا تێشتی خوارد ، چونکە دایکی بە کاری تایبەتی چوو بووە دەرەوە ، کاری داکی لە بن نە دەهات . پاشان چوو بۆ مدبەقەکە ، هەندێک نیسکی لە قاپێکا بینی ، کە دایکی داینا بوو تا بۆ فراڤینی هەردووکیانی لێبنێت ، قۆڵی لێ هەڵماڵی و کەوتە بژارکردن و شۆردنەوەی ، ئاگری کردەوە و بە دەنگی بەرز بە خۆی گوت : "ئەمە دوا چێشتە کە لەم ماڵەدا لێی دەنەم ، ڕەنگە دوا چێشت لێنانی هەموو ژیانم بێ ... داخۆ کەنگێ جارێکی دی نیسکێنە بخۆم ؟!" هەرچەندە ڕقی لە نیسکێنە نەبوو ، لێ دەیزانی خۆراکی هەژاران و خواردنی سەرەکی سەر سفرەی هەژارانە . هیچ زانیارییەکی دەربارەی سفرەی دەوڵەمەندان نەبوو ، تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە گۆشت و گۆشت و گۆشتە . بە خەیاڵ ، خواردن و جل و بەرگ و شکۆ وجەلالی ئایندەی خۆی هێنایە بەرچاو . ڕوخساری وەکو گوڵ گەشایەوە . گەشکەیەکی خەوناسا نیشتە سەر سیما ، لای نیوەڕۆ لە مدبەقەکە هاتە دەرێ و چووە حەمام . پاشان قژەکەی بە دیقەت شانەکرد وکردی بە پرچێکی ئەستوور و درێژ و هەڵیدایە پشتەوە ، ئەوەندە درێژ بوو دەگەییە خوار ڕانەکانییەوە ، باشترین جلکی خۆی لە بەرکرد ، بەڵام لە دیمەنی جلە کۆنەکانی ژێرەوەی بێزار بوو ، دەم وچاوە برۆنزییەکەی سوور هەڵگەڕا و تیا مابوو چۆن بەم جلانەوە لە گەڵ ئەودا بچێتە پەردەوە . ڕوخساری تاریک بوو و دڵ و دەروونی هاتەجۆش ، لێبڕا تا جلەکانی بە جلی جوان و ناسک و ڕەنگین وتازە نە گۆڕێت خۆی ڕادەستی نەکات ، بەم بیرۆکەیە ئاسوودە بوو . بوونی شەڕفرۆش و سەرکێشانەی لە لەزەتا غەرق بوو ، ئەوجا لە پشت پەنجەرەکەوە وەستا و ، نیگای ماڵئاوایی بڕییە گەڕەکەکەی خۆی ، بە بێ وەستان چاوی بە دیمەنەکانیا گێڕا : نانەوا خانەکە ، چاخانەکەی کەرشە ، دووکانەکەی هاپۆ کامیل ، دووکانی دەلاکەکە ، فرۆشگا و کاروانسەراکە ، ماڵەکەی سەید حوسەینی و ... ئەو بیرەوەریانەی کە نیگای بەرجەستەی دەکردنەوە ، وەکو ئەو مەشخەڵانە بوون کە بە دەنکە شقارتەیەک گڕ دەگرن .

سەیر ئەوە بوو ، لە هەنبەر ئەو دیمەنانەدا ئەوندە سارد و سڕ بوو ، کەمترین خۆشەویستی نە بەرانبەر بە کۆڵانەکە و نە بەرانبەر بە خەڵکەکەی نەبوو . پەیوەندی دۆستایەتی و هاوسێیەتی لە نێوان ئەو و زۆربەی ژنانی گەڕەک پچڕا بوو ، وەکو داکی حوسەین — کە دایکی شیری بوو — حوسنیەی نانەوا و تەنانەت ژنەکەی سەید ڕەزوان حوسەینیش ، لە زمانی حەمیدە نەخەلەسی بوو . ڕۆژێک بیستبوویەوە ، کە لە پاشملە پێی گوتبوو دەم پیس ، حەمیدە ئەمەی بۆ خستبووە توێی نانێکی گەرمەوە ، تا ڕۆژێک لە سەربان دەیبینێ کە خەریکی جل هەڵخستن دەبێ ، بە هەشتاو خۆی دەگەیەنێتە سەربان ، سەربانەکەیان بە دەم یەکەوە دەبێت ، لەستارەکە نزیک دەبێتەوە و بە تەوس وکینایەوە بە ژنە دەڵێت : " دڵم پێت دەسووتێ حەمیدە ! بەم زمانە پیسەتەوە شایەنی ،

ئەوە نیت لە گەڵ ژنانی کۆڵانەکەدا ، کە هەموویان خانەدان وکیژە پاشان ، تێکەڵ ببێت ! " لێ ژنە ، لای ئاشتی هەڵبژاردبوو و پەنای برد بووە بەر بێدەنگی . حەمیدە ، ماوەیەکی باش چاوی بڕییە کاروانسەراکە و ئەوەی بیر کەوتەوە کە ئاغای سەلیم عەلوان ، چۆن ناردبوویە خوازگاری و چۆن ئەم ( حەمیدە ) بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک مەست و مەند خەونی بە سەروەت وسامانەوە بینی بوو ! و بە هۆی لە دەستدانی ئەم پیاوەوە ، چەندی خەفەت خوارد بوو ! بەڵام ئەم دوو پیاوە زۆریان فەرق بوو ! ئەگەر سەلیم عەلوان — بە هۆی سەروەتەکەیەوە — بەشێکی دڵی جووڵاند بوو ، ئەمی دیکەیان بە جۆرێ دڵی ڕاچڵەکاند بوو کە چیوای نە مابوو دڵی لەڕەگەوە هەڵکەنێ . چاوی بۆ دووکانی دەلاکەکە گواستەوە . عەباس حلوی بیرکەوتەوە و لە خۆی پرسی : ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان لە غەریبی بگەڕێتەوە وئەم نەبینێ تۆ بڵێی چ بکات ؟! بە دڵڕەقیەکی زۆرەوە ، دوا ماڵئاوایی ئەوی لە سەر قاڵدرمەکان ، وەبیر هێنایەوە ، سەری لەوە سووڕما کە بە چ ئەقڵێکەوە ، لێوی دابوویە کە ماچیان بکات ؟! پاشان پشتی کردە پەنجەرەکە و بە عەزمی جەزمەوە بۆ لای قەنەفەکە چوو . داکی ، نیوەڕۆ بۆ ماڵ گەڕایەوە ، پێکەوە فراڤینیان خوارد . ژنێ ، لە سەر نانخواردن گوتی : "کارێکی خێری زۆر گرینگم بنیات ناوە ، ئەگەر سەر بگرێت ، نانمان دەکەوێتە ڕۆنەوە ، خوا دەرگای خێرمان لێدەکاتەوە " .  حەمیدە ، بە ساردیەکەوە پرسیاری ئەو کارە خێرەی کرد ، بەڵام قسەکانی داکی بە هەند وەرنەگرت ، چونکە زۆر جاری دی لەو بابەتە قسانەی کرد بوو و سەرەنجام بەچەند جونەیهێک و ژەمە گۆشتێک شکابووەوە . هەندێجار تەنیا بە ژەمە گۆشتەکە دەشکایەوە و تەواو . کاتێ داکی پاڵکەوت تا سەر خەوێک بشکێنێ ، حەمیدە بە چوار مشقی لە سەر قەنەفەکە دانیشت و چاوی بڕییە ئەو . ئەمڕۆ ڕۆژی ماڵئاواییە و لەوەیە جارێکی دی چاوی پێی نەکەوێتەوە . بۆ یەکەمجار سۆزی بزوا و لە ناخی دڵەوە بەزەیی بەو ژنەدا هاتەوە کە گرتبوویە ژێر باڵی خۆی و حەواندبوویەوە و بەخێوی کردبوو ، گەورەی کردبوو و خۆشی ویستبوو ، وجگە لەو هیچ دایکێکی دیکەی شک نەدەبرد ، خۆزێ دەخواست ، کە بتوانێت دوا ماچی ماڵئاوایی بکات .

خۆر بەرەو ئاوا بوون دەچوو ، عەباکەی دا بە سەریا ، سۆلەکانی لە پێ کرد ، دەستەکانی لە نیگەرانی و شپرزەییدا دەلەرزین . دڵی بە توندی لێی دەدا . هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی بە بێ ماڵئاوایی دایکی جێبێلێ . زۆری لە بەر گران بوو . ئەوی، کە نەیدەزانی سبەی چ بە سەر دێت ، لەو پەڕی ئارامیدا بینی ، هێندەی دی دەردی زیادی کرد ، بڕیاری ڕۆیشتنی دا ، ماوەیەکی زۆر چاوی تێبڕی و کە کەوتەڕێ ، تەنیا ئەوەندەی گوت :– ئاگاداری خۆت بە دایکە ... خودا حافیز ...

ژنە ، بە دەم داگیرسانی جگەرەکەیەوە گوتی :– خوات لە گەڵ ... ماتەڵ مەبە ...

حەمیدە ، لێبڕاوانە لە ماڵ وەدەرکەوت ، بێئەوەی سەیری دەور وبەری خۆی بکات بۆ دواجار میدەقی بڕی و لە سەنادقیەوە بەرەو گوریە نشێو بووەوە ، ئەوسا بەرەو سکەالجدیدە پێچی کردەوە ، بە کاوە خۆ دەڕۆیی و بە دوودڵی و بەزەییەوە هەڵیدەڕوانیە دەور وبەر ... ئەفەندی لە هەمان شوێنەکەی دوێنێ چاوەڕوانی دەکرد ! ... گۆناکانی سوور بوونەوە ، شەپۆلێکی یاخی بوون و تووڕەیی سەراپای حەمیدەی داگرت . لە کانگەی دڵەوە حەزی دەکرد ، تۆڵەیەکی ئەوتۆ لەم سەرکەوتنەی کابرا بسەنێ ، کە هێوری خۆی وەدەست بێنێتەوە و سوکنایی دڵی بێت . چاوانی نایە سەر یەک و لە خۆی پرسی : " تۆ بڵێی هەمان بزەی گۆساخی بە سەر لیوەوە بێ ؟!" بە تووڕەیی چاوی هەڵێنا ، بەڵام کابرا زۆر هێور و جدی و بە ویقار بوو ، چاوە بادەمیەکانی مەند وپڕ ئومێد بوون ، هەنگێ هەڵچوونەکەی کەمێک دامرکایەوە . حەمیدە بەلایدا بووری بەو ئومێدەی ئەفەندی قسەی لە گەڵدا بکات یان وەکو دوێنێ دەستی بگرێت ، بەڵام کابرا خۆی لە گێکی دا ، کەمێک چاوەڕوانی کرد تا حەمیدە پێچی کردەوە و کەوتە نەدیوی ، ئەوسا بە کاوە خۆ دووی کەوت . حەمیدە بۆی دەرکەوت کە کابرا زۆر پارێز دەکات و هەست بە مەترسی هەڵوێستەکە دەکات . حەمیدە ، درێژەی بە ڕێگەی خۆی دا ، تا خەریک بوو سکەالجدیدە تەواو دەبوو . پاشان وەک ئەوەی شتێکی تازەی بیر کەوتبێتەوە ، هەڵوێستەیەکی کرد ، نیمچە پێچێکی کردەوە کە بگەڕێتەوە ، کابرا کە دووی کەوتبوو ، بە دەنگێکی نەوی پرسی :- بۆ گەڕایتەوە ؟

حەمیدە ، کەمێک شڵەژا و ئەوسا بە پەستیەوە گوتی :- کچانی کارگە ...

کابرا ، بە شادمانی گوتی :- بەرەو ئەزهەر بڕۆ ، کەس نامانبینێ ...

دوورا ودووری یەکدی ، درێژەیان بە ڕێگا دا ، بە بێدەنگیەکی قورس ، بەرەو شەقامی ئەزهەر ڕۆیشتن . حەمیدە هەستی کرد بوو ، بەو قسەیەی کە کردی ، ڕادەست بوونی یەکجارەکی خۆی ڕاگەیاندووە . بە هەمان بێدەنگی گەیینە مەیدانی (شابانۆ فەریدە) . حەمیدە کە نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوات ، وەستا . لە هەمان دەمدا گوێی لە دەنگی ئەفەندی بوو کە بانگی تاکسی کرد . کە تاکسییەکە وەستا ، یارۆ دەرگاکەی بۆ کردەوە ، حەمیدە لاقی هەڵبڕی کە سوار بێت، ئەم جووڵەیە سنووری خستە نێوان دوو ژیانەوە ! هێشتا تاکسییەکە بە تەواوەتی نەکەوتبووە ڕێ کە فەرەج ئیبراهیم بە دەنگێکی لە ڕزۆک و بە کارامەییەکی شایستەوە گوتی :

- مەگەر هەر خوا بزانێ چ عەزابێکم کێشاوە حەمیدە ! دوێشەو بۆ تاقە سەعاتێک چاوم نەچوونە خەو . تۆ نازانی خۆشەویستی چییە گیانەکەم . لێ ئەمڕۆ خۆشحاڵم ، خەریکە لە خۆشیا شێت دەبم ، خودایا ، چۆن باوەڕ بە چاوم بکەم ؟! سوپاس گیانەکەم ، سوپاست دەکەم ، بە زاتی خوا شادی دەکەم بە ڕووبار و بە بەر پێتا بڕوات ... ئەم ملە هەر بۆ گەردانەی ئەڵماس جوانە ( بە نەرمی دەستی بە ملیا هێنا ) .. ئەم باسکە خوا دایناوە بۆ موچەوانەی

زێڕ ( باسکی ماچ کرد ) ... ماتیک وسوراو چ جوانیەک بەم جووتە لێوە دەبەخشێت ( سەری بردە پێشەوە تا دەمی ماچ بکات ، لێ حەمیدە سەری لابرد و کابرا گۆنای ماچکرد ) چەند جوان وسرکی ! ...

کەمێک بێدەنگ بوو ، پاشان بە دەم زەردەخەنەیەکەوە لە سەری ڕۆیی :

- ڕۆژانی سەخت و دژوار فەرامۆش بکە ، ئەو ڕۆژانە ڕۆیی . لە ئەمڕۆ بە دواوە ژیان مۆنت لێناکات ! ... تەنانەت مەمکەکانیشت ، مەمکدانی ئاورێشم بۆتی هەڵدەگرن ! ...

حەمیدە ، بەو قسانە خۆشحاڵ بوو ، نە تووڕە بوو ونە هەڵچوو ، هەرچەندە گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوون ، لێ جەستەی بەو ئوتومبیلە سپارد بوو ، کە ئەوی لە هەموو ڕابردووی دوور دەخستەوە ! ...

ئیدی تاکسییەکە ، لە بەر ئەو باڵەخانەیەدا وەستا کە بوو بە شوێن و ماوای ئەو ، بە دوو قۆڵی لە تاکسییەکە دابەزین و بە هەشتاو خۆیان بە شۆقەکەدا کرد ، هێشتاش وەکو ئەوسا پڕ بوو لە هەرا وزەنا ، لە هەموو دەرگاکانەوە دەنگە دەنگ دەهات و پاشان خۆیان بە ژوورێکی جواندا کرد و پیاوەکە بە دەم پێکەنینەوە گوتی :- عەباکەت داکەنە با بە دوو قۆڵی بیسووتێنین .

حەمیدە ، سوور بووەوە ، لە بن لێوانەوە گوتی :- جلەکانم نەهێناوە ...

ئەفەندی بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد :- زۆر چاکت کردووە ... هیچ شتێکی ڕابردوومان ناوێ .

حەمیدەی لە سەر کورسییەک دانیشاند و بە خۆی لە ژوورەکە کەوتە هاتوچۆ ، ئەوسا بەرەو دەرگایەکی باریکی دەستە ڕاستی ئاوێنە بەرزەکە چوو ، دەرگاکەی کردەوە و ژوورێکی نووستنی جوانی نیشاندا وگوتی :- ئەمە ژوورەکەمانە ...

لێ حەمیدە ، بلەز و بەتوندی گوتی :- نا ... نا ... من لێرە دەنووم ...

ئەفەندی ، نیگایەکی تیژی کرد ، ئەوسا بە دەنگێکی ملکەچانە گوتی :

- باشە ، تۆ لە ژوورەکە بنوو و من لێرە دەنووم ...

لە دڵی خۆیدا لێبڕا بوو ، کە وەکو مەڕ ڕادەست نەبێت ، تا مەیلی سەرسەختی و عینادی خۆی پاراو نەکات ، مل بۆ هیچ نەدات . هەڵبەتە ئەم پەڵپ و بیانووەی لە نیگای فێڵبازانەی کابرا پەنهان نەبوو . چونکە بەدەم بزەیەکی تەوسامێزەوە ، ئەو پەڕی نەرمکێشی نواند و بە شادمانی و شانازییەوە گوتی :

- گیانەکەم ، تۆ دوێنێ بە منت گوت گەواد ... جا بە یارمەتیت با حەقیقەتی خۆمت پێ بناسێنم : دڵبەندەی تۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکە ، و لە کاتی خۆیدا هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە ...

( ٢٥ )

حوسەین کەرشە ، کە لە کۆڵانەکە نزیک بووەوە لە دڵی خۆیدا گوتی : " ئێستا ئەو کاتەیە کە هەموو لە چاخانەکە کۆدەبنەوە ، بێگومان هەموو دەمبینن و هەواڵی هاتنەوە بە باوکم ، ئەگەر خۆی نەمبینێ ، دەدەن" . تاریکی شەو باڵی بە سەر دنیادا کێشابوو ، تەنیا ، دەنگی هەراو زەنای شەو بێدارانی چاخانەکەی کەرشە دەهاتە گوێ . حوسەین زۆر بە قورسی هەنگاوی دەنا ، سەرو دڵی گیرابوو، چارەی گرژ و پەست بوو ، کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی وکیژێکی عازەب بە دوویەوە بوون . حوسەین کراس وپانتۆڵی لە بەر بوو ، جانتایەکی گەورەی هەڵگرتبوو ، کوڕە گەنجەکەی هاوڕێشی جانتایەکی پێبوو . کیژەش کراسێکی جوانی — بەبێ سەرپۆش و عەبا — لە بەر بوو . هەرچەندە ڕەوت و ڕەفتاری جوان وخەرامان بوو ، لێ تا ڕادەیەک مۆرک و شەقڵی چینەکەی خۆی پێوە دیاربوو ، حوسەین بێئەوەی ئاوڕی لای چاخانەکە بداتەوە ، بەرەو باڵەخانەکەی سەید ڕەزوان حوسەینی ملی نا وخۆی بە ژوورێدا کرد ، هاوڕێکانیشی خۆیان بە ژوورا کرد ، ئەوسا بە قاڵدرمەکاندا سەرکەوتن تا گەیینە نهۆمی سێیەم . حوسەین بە پەستی و ڕووگرژی لە دەرگای شوقەکەی دا ، گوێی لە دەنگی پێ بوو کە نزیک دەبووەوە . ئەوسا دەرگا ڤەبوو ، دایکی لە پشت دەرگاکەوە بە دەنگە گرەکەی گوتی : " کێیە ؟ "

لەبەر تاریکییەکە ، ئەو تارماییەی ، کە لە بەر دەمیا وەستا بوو ، نەناسییەوە . حوسەین بە دەنگێکی نەوی گوتی :- حوسەینم ! ...

ژنە ، کە خەریک بوو باوەڕی بە گوێی خۆی نەدەکرد ، هاواری کرد :- حوسەین ! ... کوڕەکەم !!

پڕی دایە ، باسکەکانی گرت ، ماچی کرد و بە گەرمی گوتی :

- کوڕەکەم ، جەرگەکەم گەڕایتەوە ! ... سوپاس بۆ خوا ... سوپاس بۆ خوا ، کە وەئەقڵی هێنایتەوە و لە وەسوەسەی شەیتان ڕزگاری کردیت ، وەرە ژوورەوە ( بە خەمینییەوە پێکەنی ) وەرە ژوورێ غەدار ... خەوت لێحەرام کردم ، بەندی دڵت پچڕیم ...

حوسەین ، بێئەوەی پەستی و بێزاری خۆی بشارێتەوە ، خۆی ڕادەستی دایکی کرد ، لەوە دەچوو ، پێشوازییە گەرمەکەی دایکی ، نەیتوانی بێ ، پەستیەکەی ئەو بڕەوێنێتەوە . کاتێ دایکی ویستی دەرگاکە دابخات ، حوسەین نەیهێشت دەرگاکە دابخات و ڕێگەی بۆ کچ و کوڕەکە کردەوە و گوتی :

- خەڵکم لە گەڵن . وەرە ژووریٚ خانم ، وەژوور کەوە عەبدە ، دایکە ئەمە خێزانمە ، ئەمەش برایەتی.

ژنەی تاین حەپەسا ، نیگەرانییەکی بێزاری ئامێز ، نیشتە سەر چاوەکانی ، بە واقی وڕەوە کەوتە تەمەشاکردنی میوانەکان ، لیٚ کە گوێی لە سڵاوکردنەکەیان بوو ، وەخۆ هاتەوە و خۆی کۆنترۆڵکرد وسڵاوەکەی سەندنەوە و بە کوڕەکەی گوت :

- حوسەین ژنت هێناوە ! ... ئەی ئافەرین زاوای زەرد ... بەبیٚ پرسی ئێمە زەماوەندت کرد ؟ ... چۆن دڵت هات بە بیٚ داک و بابت ، کە هێشتا لە ژیاندان ، زەماوەند بکەی ؟!

حوسەین بە ناڕەزاییەوە گوتی :

- شەیتان چووە بن کڵێشەمەوە ! ... تووڕە و بێزار بووم و خۆمیش نەمدەزانی چ دەکەم ... ئیدی هەموو شتێک قسمەت و نەسیبە ! ..

ژنە ، چراکەی لە قەد دیوارەکە هێنایە خواریٚ ، بەرەو ژووری میوان پێشیان کەوت ، چراکەی لە قەراخ پەنجەرە داخراوەکە دانا ، کەوتە تەمەشاکردنی ڕوخساری بووکەکەی ، ژنەی گەنج ، بە خەمینییەوە گوتی :- بە خوا جێگاتان دیار بوو ، بەڵام هیچ چارێکمان نەبوو .

براکەشی داخی خۆی دەربڕی . داکی حوسەین بزەیەکی کرد ، لیٚ هێشتا ، سەرسامی بەری نەدابوو ، لە بن لێوانەوە گوتی :- هەموو لایەکتان بەخێر بێن .

ئەوسا ئاوری لای کوڕەکەی دایەوە ، لە ڕوو گرژی و بێدەنگیەکەی ترسا ، بۆ یەکەمجار بیری کەوتەوە ، کە لەوەتای هاتبووە ژوورەوە ، تاقە وشەیەکی لە زار نەهاتبووە دەرەوە . بە گلەییەوە گوتی :- کە هاتوویتەوە ، بەم حاڵەوە بۆمان هاتوویتەوە ...

حوسەین ، بە خەمینییەوە سەری لەقاند و بە کورتی گوتی :- جوابیان کردم ...

ژنەی تاین ، لە ڕووی نائومێدییەوە و بە نەباوەڕی پرسی :

- جوابیان کردووی ؟! یانی ئێستا بێکاریت ؟!

پێش ئەوەی حوسەین وەڵام بداتەوە ، بە توندی لە دەرگا درا ، داک و کوڕ تەمەشایەکی بە ماناوەی یەکتریان کرد ، ئەوسا ژنەی تاین لە ژوورەکە وەدەرکەوت ، حوسەینیش دوای کەوت و دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست . لە دالآنەکەدا بە دایکی گوت :- بێگومان باوکمە ...

ژنە ، بە نیگەرانییەوە گوتی :

- پێموایە ، تۆی بینی ؟ ... مەبەستم ئەوەیە کە هاتن ، ئێوەی بینی ؟

لێ حوسەین ، بەرسڤی نەدایەوە ، چووە پێشەوە و دەرگای کردەوە ، وەستا کەرشە ، بە توندی وەژوور کەوت ، هەر کە چاوی بە کوڕەکەی کەوت ، چاوانی سوور بوون و تەمی تووڕەیی ڕوخساری گرت وگوتی :- ئەمە تۆیت ؟! ... پێیان گوتم لێ باوەڕم نەکرد ... بۆچی هاتوویتەوە ؟!

حوسەین  بە دەنگێکی نەوی گوتی :

- خەڵکی دیکەم لە گەڵن ، وەرە با بچینە ژوورەکەی خۆت ، لەوێ قسە دەکەین ...

حوسەین ، بە هەشتاو بەرەو ژوورەکەی بابی ڕۆیی و وەستا کەرشەش ، بە خوتە خوت دووی کەوت . ژنەش ، دوویانکەوت ، چراکەی داگیرساند و بە تکاو ڕجا و هۆشدارییەوە بە مێردەکەی گوت :

- بووکەکەت و براکەی لەو ژوورەی دی دانیشتوون ...

پیاوە ، حایر و سەرسام پێڵوە قورسەکانی هەڵبڕی و بە دەنگی بەرز گوتی :

- ئەوە تۆ چ دەڵێی ئافرەت ؟ ... بە ڕاستی ژنت هێناوە ؟

حوسەین ، لە داکی پەست بوو ، چونکە یەکسەر و بێ هیچ پێشەکییەک خەبەرەکەی بە بابی گوت . بۆیە ناچار بوو بڵێت :- بەڵێ باوکە زەماوەندم کردووە ...

وەستا کەرشە ، بێدەگ بوو ، لە حەژمەتاندا لێوی دەکرۆشت و هیچی نەدەگوت ، لێ بۆ تاقە ساتێکیش بیری بە لای ئەوەدا نەچوو ، گلەیی ئەوە لە کوڕەکەی بکات کە بە بێ پرسی ئەو ژنی هێناوە ، چونکە گلەیی بە بۆچوونی ئەو جۆرە دۆستایەتیەکی دەنواند ، ئیدی لێبڕا ، کە ئەم هەواڵە فەرامۆش بکات وخۆی لێ بە خاوەن نەکات ، ئیدی بە ڕق وکینەوە گوتی :

- من هەرگیز ئەمەم بەلاوە گرینگ نییە ، بەڵام پێم بڵێ بۆچی بۆ ماڵی من گەڕاویتەوە ؟ ... خودا لە دەستی تۆ ڕزگاری کرد بووم ، بۆچی گرگرِ هاتیتەوە بەر چاوم ؟ ...

حوسەین بێدەنگ بوو ، سەری لە بەر خۆ نا ، دایکی ، بە سۆزەوە هەڵیدایە :

- وەستا ، جوابیان کردووە .

حوسەین ، دیسان لەم پەلە پەلەی داکی پەست بوو ، لێ وەستا کەرشە ، کە دەم بە دەم تووڕەتر دەبوو ، بە دەنگە گڕەکەی بە جۆرێ هاواری کرد کە — ژنە ناچار بوو دەرگاکە پێوەدا — وگوتی :

- جوابیان کردوویت ؟! .. ماشەڵڵا .. چما ماڵی من تەکێیە ؟! ... ئەدی تۆ حاشات لێ نە کردبووین ؟ .. ئەدی قەرارت نەکرد بوو کە نەگەڕێیتەوە کوڕی سەگ ؟ ئێستا بۆچی هاتوویتەوە ؟ ... گوم بە لە بەر چاوم . بگەڕێوە سەر ژیانی پاک و بە ئاو وکارەبا ... دەی بجووڵێ ..

داکی حوسەین ، بە نەرمی گوتی :- هێدی بە وەستا ، سەڵاوات لە پێغەمبەر بدە ...

وەستا کەرشە ، کۆڵە مستی لێگوشی و بە هەڕەشەوە هاواری بە سەردا کرد :

- بەرگری لێدەکەی کچی شەیتان ؟! ... هەمووتان شەیتانن ، هەر بۆ ئەوە باشن بەر قامچی ئاگرین بدرێن و بخرێنە ئاگرەوە . تۆ چیت لە من گەرەکە هەی دایکی ئۆین ؟ ... یانی دەتەوێ جێگەی خۆی وخێزانەکەی بکەمەوە ؟ ... کەس بە تۆی گوتووە من گەوادم و لە چەپ و لە ڕاستەوە ، بێهیچ ڕەنجێک قەرە دینارم بە سەردا دەبارێ ؟! ... کە وای لێهات ، چاک بزانن کە پۆلیس بە دەورمانا دەسووڕێنەوە ، دوێنێ چوارکەسیان لە هاوڕێیەکانم گرتووە ، پەنا بەو خوایە ، سبەی ئێوەش لە قوڕی ڕەش دەنیشن ...

ژنە داوای لێکرد کە سەبر و حەوسەڵەی هەبێ و بە نەرمییەکی ئەوتۆوە کە لەودا نەبوو ، گوتی :

- وەستا ، سەڵاوات بدە ، نەعلەتی خوا لە شەیتان بکە .

وەستا کەرشە بە زبری گوتی :

- لێی بپرسە ، بۆچی هاتووەتەوە ، چی بۆ ئێرەی هێناوەتەوە ؟

ژنە ، بە تکاو ڕجاوە گوتی :

- کوڕەکەمان بێ ئەقڵییەکی کردووە ، فریوی شەیتانی خواردووە ، ئێستاش ، جگە لە تۆ هیچ پەنایەکی دیکەی نییە ...

وەستا کەرشە ، بە دەم تەوسخەنێکەوە گوتی :

- تۆ ڕاست دەکەی دایکی ئۆین ، ئاغا هیچ پەنایەکی نییە جگە لە من ، منێک کە لە خۆشیا جنێو باران دەکرێ و ، لە تەنگانەدا پەنای بۆ دەهێنرێ !

ئەوجا، تەمەشایەکی توندی حوسەینی کرد و بە تەوس و توانجەوە پرسی :

- بۆچی جوابیان کردیت ؟

ژنەی تاین ، لە ناخەوە هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا ، چونکە بە تەبیعەت هەستی بەوەکرد کە ئەم پرسیارە — هەرچەند توند بوو — بۆنی جۆرە ئاشتەواییەکی لێدێت . لێ حوسەین ، بە ئەسپایی و بە دەنگێک کە تاڵی ناکامی لێدەچۆڕا گوتی :

- زۆر کەسیان جواب کردووە ... دەڵێن شەڕ ڕوو لە کۆتاییە .

- شەڕ لە شەڕگە تەواو بووە ، بەڵام لە ماڵی مندا تازە دەست پێدەکات ! ... ئەدی بۆ نەچوویت بۆ لای ماڵباتی ژنەکەت ؟

حوسەین ، بە نامرادیەوە گوتی :- جگە لەم برایە کەسی دیکەی نییە .

- ئەدی بۆ نەچوویت بۆ لای ئەم ؟

- ئەویش جواب کراوە ...

کەرشە تەوسخەنێکی بۆ کرد و گوتی :

- سەر چاو ... سەر چاو ... یانی تۆ بۆ ئەم خانەوادە لێقەوماوەی ڕۆژگار ، هیچ شوێنێکت نەدۆزییەوە ، تەنیا ماڵە دوو ژووریەکەی من نەبێ ! ... دەیسا ئافەرین بۆ خۆت ... پارەیە پولێکت پاشەکەوت نەکردووە ؟

حوسەین ، زۆر بە کورتی گوتی :- نەخێر ...

– ئەی ئافەرین. شاهانە ژیاوی ! ئاو و کارەبا و شەپلی شۆپان ، ئێستاش ، دەست لە گونان شۆڕتر ، بە هەمان سوالْکەریی خۆت گەڕاویتەوە .

حوسەین ، بە خەمینییەوە گوتی :

– گوتیان شەڕ تەواو نابێت . هیتلەر دەیان ساڵ شەڕ دەکات ، و پاشان دەست بە هێرش دەکات ...

– بەلاّم هێرشی نەکرد و غەیب بوو ( تەنانەت لەو ساتەشدا نەیگوت مرد ) ، ئەدی ئەم بەگەی برای خانم ؟

– حالّی ئەویش ، وەکو حالّی ئەوانی دی .

– زۆر چاکە ، خوا بەرەکەت بخاتە مالّی وەستا کەرشە . داکی حوسەین مالّەکەیان بۆ ئامادە بکە ، هەرچەندە مالّێکی بچووک و پەڕپووتە و شایستە بە پایە وپێگەی وان نییە ، بەلاّم قەیدی نییە ئاو وکارەبایان بۆ ڕادەکێشم و لەوەیە گالیسکەکەی جەنابی عەلوانیش بکرم و بیخەمە خزمەتیان .

حوسەین ، ئاهێکی هەلْکێشا وگوتی :– بەسە باوکە ... بەسە .

کەرشە ، وەکو ئەوەی تەوازی بۆ بێنێتەوە ، بە تەشەرەوە گوتی :

– ببورە قوربان ، سەر ودلْم گرتیت ؟ ... چەند دلّت ناسکە ، جەلال وشکۆ و ڕێزی خانەدانی لێقەوماو واجبە . وەستا کەرشە، کە مێک بە سلوکەت بە ، بە زمانی خانەدانی ، خانەدانان بدوێنە . فەرموون ، ئیسراحەتی خۆ وەربگرن ، تۆش خانم ، داکی حوسەین ، تۆش گەنجینەی ئابخانەکە بکەوە و بیخە خزمەتی جەنابی بەگەوە ، با ئیسراحەتی خۆی بکات .

حوسەین ، تووڕەیی خۆی خواردەوە و فزەی نەکرد ، زریان و گەرداوەکە بە سەلامەتی تێپەڕی ، ژنەی تاین لە دلّی خۆیدا دەپاڕایەوە :" خودایە ، خۆت ڕەحم بکە " . وەستا کەرشە ، سەرباری تەوس وتەشقەلّەکەی — لە بیری ئەوەدا نەبوو کە دەری بکات ، تەنانەت لە گەرمەی ئەو تووڕەیی وهەلّچوونەشدا ، بە هاتنەوەکەی ، بە ژن هێنانەکەی خۆشحالّ بوو . بۆیە دایە نەرمکێشی و لە بن لێوانەوە گوتی :– هەرچییەکم بە سەردێ لە سۆنگەی ئێوەوەیە ... خودایا خۆت ڕەحم بکە ...

ئەوسا لە سەری ڕۆیی وگوتی :– ئەدی بە تەمای چی بکەی ؟

حوسەین ، کە هەستیکرد ، لە مەینەتەکە دەرباز بووە گوتی :

- به ئومێدی خوا کارێک دەدۆزمەوە ، تا ئەو کاتە خشڵەکانی ژنەکەم هەن .

داکی، که گوێی له وشەی ( خشڵ ) بوو ، وەخۆ هاتەوە و نائاگایانە پرسی :

- تۆ بۆیت کڕیوه ؟

حوسەین گوتی :- هەندێکی من بۆم کڕیوه و هەندێکی براکەی بۆی کڕیوه .

ڕووی کرده بابی و له سەری ڕۆیی :

- کارێک دەدۆزمەوە ، عەبدەی ژن برایشم له کار دەگەڕێ . به هەرحاڵ ، ئەو هەرچەند ڕۆژێک له لای ئێمه دەمێنێتەوە .

ژنەی تاین ، دەرفەتی ئەو ئارامییەی ، پاش گەرداوەکەی قۆزتەوه و به مێردەکەی گوت :

- وەره وەستا ... وەره خێر هاتنی خزمانی کوڕەکەت بکه .

به دزییەوه ژێرا وژێر تەمەشای کوڕەکەی کرد و چاوێکی داگرت ، حوسەین بەلارەملی گوتی :

- له بەر چاوی خزمەکانم پیرۆزباییم لێناکەیت ؟

وەستا کەرشه ، دوای سووکه هەڵوێستەیەک ، به نه بەدڵی گوتی :

- ئاخر چۆن پیرۆزبایی زەماوەندێکت لێبکەم ، که من ئاگا وعیلم و خەبەرم لێی نەبووه ؟!

وەختایەک هیچ بەرسڤێک نەدرایەوه ، به دەم خوتەخوت و بۆڵه بۆڵەوه هەستا ، ژنه دەرگاکەی کردەوه و وەستا کەرشەی وەپێش دا ، هەموو چوون بۆ ژوورەکەی دیکه و سڵاویان کرد و وەستا ، خێر هاتنی بووکەکەی خۆی و برای بووکەکەی کرد ، بەو جۆره ئەوەی له دڵاندا بوو شاردرایەوه ، بەڵام ڕوخسار وسیماکان ، به پێشوازی وخێرهانین و مجامەله ، گەشانەوه . وەستا کەرشه ، ڕادەستی واقیع بوو ، بەڵام ناڕەحەت بوو ، نەیدەزانی ، چاکی کردووه یان خراپ ، ئەم کارەی دروسته یان هەڵەیه . به هەرحاڵ دڵی له کینه پاک بووەوه . ئەوجا چاوه خەواڵووەکانی ، له کاتی قسه کردنا ، کەوتنه سەر برای بووکەکەی و بەدیقەت لێی ورد بووەوه ، زۆری پێنەچوو هەموو هۆش وگۆشی کەوته سەر ئەو ، ئەم دیمەنه هەرچی نیگەرانی ، کەرب وکینه و بێزارییەکی هەبوو ، هەر هەمووی له بیر بردەوه . کوڕێکی جوانکیلەی قۆزی ڕۆح سووک بوو . سەری قسەی له گەڵیا دامەزراند و هەموو هۆش وگۆشی لای ئەو بوو ، ئۆخژن له دڵ ودەروونی گەڕا ، لەرزەیەکی شادی ناخی هەژاند ، دەرگای دڵی به ڕووی

خانەوادە تازە هاتگەکەدا کردەوە ، جارێکی دی خێرهاتنی کردن ، بەڵام بە هەست و نیازێکی تازە ، بە میهرەبانی لە کوڕەکەی پرسی :- ناو ماڵت نییە حوسەین ؟

حوسەین گوتی :- تەنیا ژوورێکی نووستنم هەبوو ، لە ماڵە دراوسێیەکەدا داماننناوە .

وەستا کەرشە ، بە دەنگێکی ئامیرانە گوتی :- برۆ شڕ وشیتاڵەکەت بێنەوە !

***

حوسەین، لە گەڵ دایکیا تاک کەوتەوە ، دانیشتن و بە دەم قسانەوە کەوتنە تەگبیر و ڕایە ، لە کۆتاییدا و لە پڕ داکی هاواری کرد :- دەزانی چ بووە ؟! ... حەمیدە غەیب بووە .

حیرەت و سەرسامی نیشتە سەر ڕوخساری کوڕە وپرسی :- چۆن ؟

ژنەی تاین ، بێئەوەی هەوڵبدات ، پێخۆشبوونی خۆی وەشێرێ ، گوتی :

- پێرێ وەکو خووی هەموو ڕۆژێکی ، لای عەسر لە ماڵ وەدەرکەوت و ئیدی نەگەڕایەوە ، دایکی بە سەر هەموو ماڵە دراوسێ و ناسیاوەکاندا گەڕا ، نەبوو و نەبوو . داماوە چووە پۆلیسخانەی جەمالییە و قەسرل عەینیش ، هەر فایدەی نەبوو و هیچ هەواڵێکی دەست نەکەوت .

- تۆ بڵێی چی بە سەر ئەم کچە داماوە هاتبێت ؟

داکی حوسەین ، بە گومانەوە سەری لەقاند و بە دڵنیاییەوە گوتی :

- بە گیانی تۆ ڕەدوو کەوتووە ، ڕەڤیوە ! ... کابرایەک لە خشتەی بردووە ، ئەوەندەی بە گوێدا خوێندووە و ئیدی فریوی خواردووە و ڕەدووی کەوتووە . کیژێکی جوان بوو ، لێ هەرگیز باش نەبوو .



حەمیدە ، چاوەکانی کە بە هۆی خەوەوە سوور بوو بوونەوە ، هەڵێنا و میچکی یەکدەست سپی بینی ، کە گڵۆپێکی زۆر جوانی پێیا شۆڕ بوو بووەوە ، گڵۆپەکە لە نێو تۆپێکی گەورەی بلوورینی سوورا دەدرەوشایەوە ، چاوانی پڕ بوون لە سەرسامی ، بەڵام ئەمە تەنیا یەک چرکە بەردەوام بوو ، ئەوسا بیرەوەرییەکانی دوێشەوی وەبیر هاتنەوە . ژیانی تازەی لە زەینا بەرجەستە بوو . نیگای لە سەر دەرگاکە گیرسایەوە ، دەرگاکە داخرا بوو ، ئەوسا لە سەر مێزیکی نزیکدا ، کلیلی دەرگاکەی بینی کە ئەفەندی دوێنێ لەوێی دانا بوو . ئیدی قسەی خۆی بردبووە سەر

و به تەنیا نووستبوو ، ئەفەندیش به تەنیا له ژوورەکەی دەرەوه خەوتبوو . بزەیەک نیشته سەر لێوانی حەمیده و چەرچەفه نەرمەکەی له سەر سینگی لادا ، کراسەکەی له چاو ئەو مەخمەڵ و حەریرەوه که ئەو پۆشی بووی ، مایەی شەرمەزاری بوو . چ جیاوازییەکی گەوره له نیوان ئێستا و ڕابردوویدا هەبوو ! تیشکی ڕۆژ له پەنجەره داخراوەکانەوه دەخزییه ژوورەوه و به ڕووناکییەکی زەرد باو ناو ژوورەکەی ڕووناک دەکردەوه ، حەمیده هەستی کرد چێشتەنگاوه ، لێ سەری له دێر هەستانەکەی خۆی نه سوڕما ، چونکه تا بەره بەیان خەوی لێنەکەوتبوو ، گوێی لێبوو که به ئەسپایی له دەرگاکه درا ، به بێزاری ئاوڕی لای دەرگاکەی دایەوه . نیگای له سەر دەرگاکه گیرسایەوه . بەبێ ئەوەی جووڵەیەک یان قسەیەک بکات ، ئەوسا له جێگا وەدەرکەوت و خۆی به تەوالێتەکەدا کرد . به سەرسامی له بەینی ئاوێنەکانیا وەستا .

دیسان له دەرگا درایەوه ، به دەنگی بەرز گوتی : "کێیه ؟"

دەنگی ئەفەندی بوو که گوتی : "بەیانیت باش ... دەتوانی دەرگا بکەیەوه ؟" حەمیده ڕوانیه ئاوێنەکه ، سەیری کرد قژەکەی لووله ، چاوانی سوور بوونەتەوه ، پێڵوەکانی قورسن ... خودایا ... تۆزێ ئاو نییه دەم وچاوی بشوات ؟! ئەفەندی چاوەڕوان ناکات ، تا ئەم خۆی بۆ پێشوازی ئاماده بکات ؟! ئەفەندی دیسان به ڕژدی له دەرگای دا، لێ حەمیده گوێی نەدایێ ، ئەو ڕۆژەی بیر کەوتەوه که بۆ یەکەمجار له ( دراسه ) ئەوی بینی بوو و ئەم بیری چوو بوو خۆی ئاڕایش بدات . بێگومان ئەمڕۆ زۆر پەرێشانتره ! ئەو شووشه عەترانەی بینی که له سەر مێزی تەوالێتەکه ڕیز کرابوون ، بۆ یەکەمین جار له ژیانیا ئەم دیمەنەی دەبینی ، تیا مابوو ، نەیدەزانی چۆن بەکاریان بێنێ . ئیدی شانەیەکی عاجی هەڵگرت و به پەله پەل و دەسەپاچه کەوته شانەکردنی قژەکەی . به چمکی کراسەکەی دەم وچاوی سڕی . دیسان تەمەشایەکی ئاوێنەکەی کرد ، به تووڕەیی و نیگەرانی ئاهێکی هەڵکێشا . ئەوسا کلیلەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگاکه چوو . دەتگوت ناڕەحەته ، به بێموبالاتی شانەکانی بەرز کردنەوه و دەرگاکەی کردەوه . که ڕوو به ڕووی یەکدی بوونەوه ئەفەندی ناسکه بزەیەکی به ڕوویا دا و بەو پەڕی نەرمی گوتی :

– بەیانیت باش تی تی ! ... بۆچی ئەم هەموو ماوەیه ماتەڵت کردم ؟ دەتەوێ شەو و ڕۆژ به بێ من به سەر بەری ؟!

حەمیده بێئەوەی زار هەڵێنێ لێی دوورکەوتەوه ، ئەفەندی به هەمان بزەوه ، پرسی :

– بۆچی قسه ناکەی تیتی ؟!

تیتی !! تۆ بڵێی ئەمه نازناو بێ ؟ بەڵام داکی که بیویستایه نازی بکێشێت به " حەمەدمەد " بانگی دەکرد ، ئەم تیتییه چیه ؟ ... به گومانەوه تەمەشایەکی ئەفەندی کرد و له بن لێوانەوه گوتی :

– تیتی .

ئەفەندی دەستی حەمیدەی گرت و غەرقی ماچی کرد و گوتی :

– ئەمە ناوی تازەی تۆیە ، چاک ئەزبەری بکە و لە بیرت نەچێ ، حەمیدە لە بیر خۆت بەرەوە ، وا بزانە لە ئیجادی نەبووە ! ... گیانەکەم ناو شتێکی کەم نییە کە حیسابی بۆ نەکرێت ، بە پێچەوانەوە ناو هەموو شتێکە ، دنیا — بۆزانیاریت — جگە لە ناو هیچی دیکە نییە ...

حەمیدە دەیزانی ، کە ئەفەندی ناوەکەشی — وەکو جلە کۆنەکانی — بە شتێک دەزانێ کە دەبێ لە خۆی دایماڵێ و بخرێتە گۆڕی فەرامۆشییەوە . حەمیدە هیچ کێشەیەکی لە مەدا نەدەبینی . هەر ماقووڵیش نەبوو لە شەریف پاشادا بە هەمان ناوەوە بانگ بکرێت کە لە کۆڵانی میدەقدا بانگەکرا . وێڕای ئەمەش بە جۆرە واز وازی و نیگەرانییەکی قووڵەوە ، هەستی دەکرد کە بۆ هەتا هەتایە لە ڕابردوو دابڕا ، بە هەرحاڵ ئەوێک کە ڕابردووی لە گۆڕناوە ، بۆچی ناوەکەی بێلێتەوە ؟ ... کاشکێ توانیبای دەستەکانیشی بە دوو دەستی تازە و جوانی ، وەکو دەستەکانی ئەفەندی ، بگۆڕایە . یان دەنگە گڕ و ناساز و ئەستوور و ناخۆشەکەی ، بە دەنگێکی نەرم ونیان وخۆش ئاهەنگ بگۆڕێت . بەڵام ئەفەندی بۆچی ئەم ناوە غەریبەی بۆ هەڵبژاردووە ؟! خۆی پێ زەوت نەکرا و بە پەستی گوتی:

– ئەمە ناوێکی سەیرە ، هیچ مانایەکی نییە .

ئەفەندی بە پێکەنینەوە گوتی :

– ناوێکی جوانە ، جوانیەکەی لەوەدایە کە مانای نییە ، ئەو ناوەی مانای نەبێ ، هەموو مانایەک لە خۆ دەگرێت . ئەمە ناوێکی کۆنە ، کە ئینگلیز و ئەمریکاییەکان ئەفسسون دەکات و بە زمانە خوار وخێچەکەی ئەوان خۆشە .

سەرسامییەکی گومانئامێز نیشتە سەر چاوەکانی حەمیدە و، ئامادەی هێرش و شەڕ بوو ، لێ ئەفەندی زوو فریا کەوت ، نەرمە بزەیەکی بۆ کرد و لە سەری ڕۆیی :

– تیتی گیان ، پەلە مەکە . بەرە بەرە هەموو شتێک فێر دەبی و دەزانی ، چما نازانی بەم زووانە دەبیت بە خانمێکی جوان و بە نێوبانگ ؟ پەرجووی ئەم ماڵە ، لەمەدایە . ڕەنگە وات وێناکرد بێ کە زێڕ و جەواهێر لە ئاسمانەوە دەبارێ ! ... وانییە گیانەکەم ، لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا ،جگە لە وردەواڵەی بێ کەڵک هیچی دی لە ئاسمانەوە نابارێت . ئێستاش خۆت بۆ پێشوازی خانمە خەیاتەکە ئامادە بکە . بەڵام ببورە ، شتێکی گرینگم

بیرکەوتەوە ، دەبێ بتبەم بۆ سەردانی قوتابخانەکەم — گیانەکەم من بەرپێوەبەرم . نەک ئەو گەوادەی کە دوێنێ تۆ پێت گوتم — دەی ئەم ڕۆبە لە بەر بکە و ئەم نەعلە لە پێ بکە .

فەرەج ئیبراهیم ، چوو بۆ تەوالێتەکە ، شووشەیەکی شینی خڕی لە گەڵ خۆیدا هێنا کە سۆندەیەکی نایلۆنی باریکی بە ناوا دەهات و دەگەییە سەرە کانزاییەکەی ، دەمی شووشەکەی کردە حەمیدە و پلی بە سەرەکەیەوە نا و ، عەترێکی بۆنخۆشی کرد بە سەرو چاوی حەمیدەدا ، هەوەڵجار ترسا و هاوارێکی کورتی کرد ، بەڵام پاشان ، بە خۆشی و شادییەوە ، لە گەڵ بۆنەکەدا ڕاهات .

ئەفەندی ، بە خۆی ڕۆبەکەی لەبەر حەمیدە کرد ، ئەوجا نەعلەکانی هێنا و لە پێی کرد ، ئەوسا قۆڵی کرد بە قۆڵیا و چوون بۆ ژوورەکەی دیکە و ئەوسا چوون بۆ دالانەکە و لە وێوە بەرەو یەکەمین دەرگای سەمتی ڕاست چوون و ئەفەندی پێی گوت :

– نەکەی شەرم بکەی یان بترسیت ... هەرچەندەش دەزانم کە تۆ لەوە ئازاتری سڵ لە هیچ شتێک بکەیتەوە ...

ئەم ئاگادارییەی ئەفەندی ، حەمیدەی وەخۆ هێنایەوە . نیگایەکی توندی کرد ،سینگی دەرپەڕاند و سەری قوت کردەوە . ئەفەندی بە دەم زەردەخەنەوە گوتی :

– ئەمە هەوەڵین پۆل و بەشی قوتابخانەکەیە ... بە شی سەمای عەرەبی .

دەرگاکەی ڤەکرد و وەژوور کەوتن . حەمیدە ژوورێکی مامناوەندی جوانی ، پارکێت کراوی بریقەداری بینی . ژوورەکە جگە لە چەند کورسییەک کە لە دەستە چەپا ڕیز کرابوون ، عەلاگەیەکی گەورەی جل کە لە سووچێکی ئەوپەڕی ژوورەکەدا دانرا بوو ، هیچ کەل وپەلێکی دیکەی تیا نەبوو . دووکیژ لە سەر دوو کورسی لە تەنیشت یەک ، دانیشتبوون ، کوڕێکی گەنجی تازە پێگەیشتوو، بە دیزداشەیەکی دەڵبی حەریری سپییەوە ، کە پشتێنێکی لە سەر بەستبوو ، لە ناوەند و پشتی کچەکانەوە وەستا بوو . کە حەمیدە و ئەفەندی وەژوور کەوتن ، هەموو نیگاکان بە دەم زەردەخەنەی پێشوازی و خێرهانینەوە ، بۆلای ئەوان وەرگەڕان . فەرەج ئیبراهیم ، بە دەنگێکی پتەوی دەسەلاتدارانەوە گوتی :

– ڕۆژ باش ... ئەمە تیتی هاوڕێمە ...

کچەکان ، بە ڕێزەوە سەریان دانەواند ، کوڕە گەنجەکە بە دەنگێکی تێکشکاوی ژنانەوە گوتی :

– سلاو ئەبڵە ( ئەبڵە: وشەی ڕێزە بۆ ئافرەت ، بە واتا خوشکی گەورە )

حەمیدە ، بە کەمێک شپرزەییەوە سڵاوەکەی سەندەوە ، چاوێکی هەر لە کوڕە سەیرەکە بوو . بە ڕواڵەتیا ، لەوە دەچوو ، لە کۆتایی دەیەی سێیەمی تەمەنیا بێ . سیمای ناشیرین و چاوانی چەپ وخێل بوون . دەم و چاوی بە مکیاجی ژنانەی وەکو سورمە و سوراو و بۆدرە ئاڕایشت دابوو ، قژە لوولەکەی بە ڤازلین هێنابووە بریقە . فەرەج ئیبراهیم ، بزەیەکی کرد و کوڕەی بە حەمیدە ناساند :

- ئەمە سوسووە ، مامۆستای سەمایە ..

وەکو ئەوە بوو بیەوێ سوسو بە شێوازی تایبەتی خۆی ، خۆی بە تیتی ( حەمیدە ) بناسێنێت ، چاوێکی لەو دوو کچەی کە بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون ، داگرت ، کچەکان کەوتنە چەپڵەلێدان و کوڕەکە کەوتە سەما ، وەکو مار پێچی دەخوارد و هێندە بە گورجی و سووکی و وەستایانە دەڕەقسی ، ئینسان سەری دەسوڕما ، حەمیدە ، پێی وابوو کە بەدەنی ئەو کوڕە نە ئیسقانی تیایە و نە جومگە ، بەڵکو پارچە لاستیکێکی کارەبا گرتەیە . ئازای بەدەنی ، بێ وچان دەلەرزی . سمتەکانی ... ناوقەدی ... سینگی ... گەردنی ... برۆکانی . چاوانی شۆڕ ... پێدەکەنی و ددانە زێڕەکانی دەنواند ، سەرەنجام کۆتایی بەو سەما و سوڕدانە هونەرییە هێنا و پشتی ڕاستکردەوە و کچەکانیش دەستبەرداری چەپڵە و چەقەنە لێدان بوون .

هەڵبەتە سوسو ، نیازی ڕەقسینی نەبوو ، لێ ویستی بەم شێوازە پێشوازی و خێرهاتنی میوانە تازەکە بکات . دوای ئەم نمایشە ڕووی کردە فەرەج ئیبراهیم وپرسی :- ئەمە قوتابی تازەیە ؟

فەرەج ، ئاوڕی لای تیتی دایەوە وگوتی :- پێموایە .

- پێشتر سەمای کردووە ؟

- نەخێر ...

سوسو ، بە خۆشحاڵییەوە پێکەنی وگوتی :

- ئاوا باشترە ئاغای فەرەج . ئەگەر پێشتر سەمای نەکرد بێ و ئەهلی ئەم کارەش نەبوو بێ ، لە قوڕە خۆشەیەک دەچێت ، کە هەرچیم بوێ ، ئەوەی لێ دروستدەکەم . بەڵام ئەوانەی کە بە نادروستی فێری ڕەقس بوون ، مامەڵەکردن لە گەڵیاندا زۆر زەحمەتە ، بە ئاسانی فێر ناکرێن .

ڕووی کردە حەمیدە ، ملی بە ڕاست و بە چەپدا بادا و بە دەنگێکی بێپەردە گوتی :

- ئەبڵە ، پێتوایە سەما گاڵتەیە ؟! ببورە گیانەکەم . سەما ، هونەری هونەرانە . مامۆستای ئەم هونەرە ، هێندە پێوەی ماندوو دەبێت ، کە بە پێڵاوەکانییەوە دەچێتە بەهەشت ... تەمەشاکە ..

بە خێراییەکی یەجگار سەیر ناوقەدی بادا ، ئەوسا وەستایەوە و بەحیرەت و دڵبەندییەوە ڕوانییە حەمیدە ، بە نەرمی لێی پرسی :

- دەکرێ ڕۆبەکەت دابکەنی ، تەمەشایەکی لە ش ولارت بکەم .

لێ فەرەج ، بە پەلە هەڵیدایە و گوتی :- جارێ نا ... دوایی ، دوایی ...

سوسو ، بە کەسەرەوە لێوەکانی هەڵقورتاند و لە حەمیدەی پرسی :

- تیتی شەرم لە من دەکەیت ... منی خوشکت سوسو ... سەماکەمت بە دڵ نەبوو ؟

حەمیدە ، کە هەوڵی دەدا شپرزەیی و پەرێشانی ناخی خۆی وەشێرێت ، بەوپەڕی ڕژدییەوە ، هەوڵیدەدا ، خوێنسارد و بێموبالات و بگرە شاد و خوشحاڵ بنوێنێ ، بە دەم زەردە خەنەیەکەوە گوتی :- سەماکەت زۆر جوان بوو سوسوگیان .

سوسو ،لە کەیفان چەپڵەیەکی لێدا وگوتی :

- هەر بژی کیژی باش . ژیان ڕەوتەنیە تیتی گیان ، جوانترین شتی ژیان ، پەیڤی شیرینە . مرۆڤ جگە لەوە ، هیچی تری بۆ دەمێنێتەوە ؟ ... ئینسان کاتێ قوتوویەک ڤازلین دەکڕێت نازانێ لە قژی خۆی دەدات یان بۆ میراتگری دەمێنێتەوە ؟!

***

لەو بەشە وەدەرکەوتن ، هاتنە دالانەکە و چوون بۆ بەشەکەی دی ، ئەفەندی هەستیکرد حەمیدە تەمەشای دەکات ، لێ بە ئانقەست ، خۆی لە گێلی دا ، تا گەیشتنە بەر دەرگای بەشەکەی دی و لەبن لێوانەوە گوتی :- ئەمە بەشی سەمای ڕۆژ ئاواییە ...

حەمیدە ، بە بێدەنگی بەگەڵی کەوت . دەیزانی کە گەڕانەوە مەحاڵە ، ئێستا ، ڕابردووی سڕیوەتەوە ، کەواتە تاقە چاری ئەوەیە مل بۆ چارەنووسی خۆی بدات . لە خۆی پرسی : "ئایا بە ڕاستی دەگاتە ئەو شادییەی کە عەودالییەتی ؟ " ئەم ژوورەشی لە ڕووی بنیا و فۆرمەوە ، وەکو ژوورەکەی پێشوو ، هاتە بەرچاو ، تەنیا ئەوە نەبێ

کە تۆزێک بە جووڵەتر وجەنجاڵتر بوو . ئاهەنگێکی غەریب وسەیر لە گرامافۆنەکەوە بەرز دەبووەوە کە بە گوێی ئەو سەیر وناخۆش بوو ، کۆمەڵێک لەوێ بوون کە بە دوو قۆڵی دەرەقسین . هەر جووتێک بریتی بوو لە دوو کچ ، کوڕێکی بۆشناخی شیکپۆش ، لە سووچێکی ژوورەکەدا وەستابوو و بە دیقەت چاودێری دەکردن و ڕێنمایی دەکردن . ئەفەندی سڵاوی لەم کوڕە کرد . سەماکارەکان ، بە دەم سەماکردنەوە ، حەمیدەیان بە نیگای تیژ دا دەبێژت . حەمیدە ، بە دەم چاوگێڕانەوە غەرقی تەمەشای جلە جوان و زێڕ وزەنبەرەکانیان بوو بوو . زۆو بە زوو ترس ونیگەرانی و دوو دڵییەکانی ڕەوینەوە . بەڵام زۆر خەمبار بوو ، هەستی بە خودکەمیەکی بە سوێ وپڕ ئازار کرد ، لێ بلەز وەخۆ هاتەوە و بە سەرخۆیدا زاڵ بوو ، زاتی پەیدا کردەوە و ... ئەوسا ئاوڕێکی لای پیاوەکەی دایەوە ، سەیری کرد ، زۆر ئارام و بە ویقارە ، نیگایەکی خۆپەسندی لە چاوانیا شەپۆلی دەدا . پیاوە لە ناکاوا ئاوڕی لێیدایەوە ، وەکو ئەوە بوو ، پرشنگی چاوەکانی ڕایان کێشابێت . ڕووی گەشایەوە ، کەمێک سەری لێ بردە پێشەوە و دەمی لە پەنا گوێی نا وپرسی :- ئەم شتانەت بە دڵە ؟

حەمیدە ، کە بەگژ هەڵچوون و نیگەرانییەکانی خۆیا دەچووەوە ، زۆر بە سادەیی گوتی :

- زۆر .

- کام سەمایەیانت بە دڵە ؟

حەمیدە ، بزەیەکی کرد و هیچی نەگوت . ماوەیەکی کەم بە بێدەنگی مانەوە و پاشان لە ژوورەکە وەدەرکەوتن و بەرەو دەرگای سێیەم چوون . جۆرە بایەخ وجدییەتێک لە ڕوخساری حەمیدە دەبینرا ، هێشتا دەرگاکە بە تەواوەتی نەکرا بووەوە ، کە بە حیرەت و سەرسامییەوە ، تەمەشای کرد ، ژنێکی لە ناوەندی ژوورەکەدا بینی کە بە ڕووت وقووتی، ڕەق ڕاوەستا بوو . بۆ چەند چرکەیەک بە نیگا دایبێژت و جگە لەو هیچی دیکەی نەدەبینی . سەیر ئەوە بوو ، ژنەی ڕووت ، لە جێی خۆی نەبزووت ، وەکو ئەوەی هەستی بە هاتنی ئەوان نەکرد بێ . بە هێمنی و بێ موبالاتیەوە سەیری دەکردن ، ناسکە بزەیەک بە ئاستەم لێوەکانی لێک ترازاندن ، وەکو ئەوەی خێر هانینی ئەوان بکات ، یا باشتر وایە بڵێین خێرهانینی ئەفەندی بکات . لەم کاتەدا ، هەندێ دەنگی هاتنەگوێ ، بە ڕاست و بە چەپدا ئاوڕی دایەوە ، بۆی دەرکەوت کە ژوورەکە پڕە لە خەڵکی . لە دەستی چەپا ڕیزێک کورسی بەدی کرد ، کە نیوەیان لەلایەن کیژانی جوانی نیمچە ڕووت و تەقریبەن ڕووتەوە ، گیرا بوون ! ... حەمیدە ، لە نزیکی ژنە ڕووتەکەوە پیاوێکی بۆشناغی بینی کە بە دەستی ڕاستی دارێکی بە دەستەوە گرتبوو و نووکی دارەکەی لە سەر نووکی پێڵاوەکەی دانا بوو . فەرەج ئیبراهیم ، هەستی بە سەرسامییەکەی حەمیدە کرد ، ویستی وەخۆی بێنێتەوە وگوتی :

- ئەم بەشە ، بەشی فێرکردنی پرەنسیپەکانی زمانی ئینگلیزییە !

حەمیدە ، بە نەباوەڕییەوە نیگایەکی کرد ، کە زمانحاڵی دەیگوت : "سەر لە هیچ شتێک دەرناکەم " ئەفەندی ، بە ئاماژە حەمیدەی تێگەیاند کە سەبر بکات ، ئەوجا ڕووی کردە ئەو زەلامەی کە دارەکەی بەدەستەوە بوو و، گوتی :
- مامۆستا ، لە دەرسی خۆت بەردەوام بە ...

مامۆستا ، بە لارەملی گوتی :- ئەم وانەیە ، وانەی دروست بیستنە ..

بە سووکی دارەکەی بەرز کردەوە ، نووکی دارەکەی خستە سەر قژی ژنە ڕووتەکە و ژنەی تاین ، بە فۆنەتیکێکی غەریب گوتی " هێر " دارەکەی هێنایە سەر هەنیەی و ژنە گوتی : "فرانت " ، سەری دارەکەی هێنایە خوارەوە بۆ سەر برۆو چاو ودەمی، بۆ ڕاست وچەپ، بۆ سەرو خوارەوە و ... ژنەش ، بە وشەێن غەریب ، وەڵامی پرسیارە بێدەنگەکانی ئەوی دەدایەوە ، وشەیەلێک کە حەمیدە پێشتر نەیبیستبوون ، و هێندەی دی وەڕز و بێزار بوو ، لە دڵی خۆیدا دەیپرسی : "ئەم ژنە چۆن بەم ڕووت وقووتییە ، لە بەردەم ئەم هەموو خەڵکەدا وەستاوە ، فەرەج ئیبراهیم چۆن بەو سادەییە دەڕوانێتە ئەم بەدەنە ! خوێنی هاتەجۆش ، گۆناکانی سوور بوونەوە . تەمەشایەکی بلەزی فەرەجی کرد ، سەیری کرد ، سەری ڕەزامەندی بۆ قوتابیە زیرەکەکەی دەلەقێنێ و لە بن لێوانەوە دەڵێت : " ئافەرین ... ئافەرین .." ئەوسا بە مامۆستاکەی گوت :

- هەنووکە چەند ڕستەیەکی ئەڤینداریم ( ڕۆمانسی ) بۆ پرۆڤەبکە ..

مامۆستاکە ، دارەکەی لە لایەکەوە دانا و بە ئینگلیزی لە گەڵ ژنەکەدا کەوتە گفت وگۆ ، ژنەی تاین گوێی بە گوێی ئەو و بە زمانێکی ڕەوان و بێگرێ وەڵامی دایەوە و چەند دەقیقەیەک بەو جۆرە بەردەوام بوون ، تا فەرەج ئیبراهیم بە دەنگی بەرز هاواری کرد :

- چاکە .. زۆر چاکە .. ئەدی ئەوانی دی ؟

ئاماژەی بۆ ئەو کیژانە کرد کە دانیشتبوون . مامۆستاکە گوتی :

- خەریکە پێش دەکەون و باش دەبن ! ... من هەمیشە پێیان دەلێم ، کە لە ڕێگەی ئەزبەر کردنەوە ، فێری پەیڤێن و قسەکردن نابن ، بەڵکو بە پرۆڤە و ئەزموون فێری دەبن . واتە مەیخانە و پانسیونەکان مەڵبەندی ڕاستەقینەی زانست و فێر بوونن ، دەرس و وانە بۆ چەسپاندنی زانیارییە پەراگەندەکانە ..

فەرەج ، ئاوڕێکی لە حەمیدە دایەوە و، بە مامۆستاکەی گوت :- دروستە ... ڕاست دەکەی ..

به ئاماژەی سەر ، خوا حافیزی لە مامۆستاکە کرد و ، قۆڵی بە قۆڵی حەمیدەدا کرد و بە دوو قۆڵی لەوێندەر وەدەرکەوتن ، جارێکی دی بە هەمان دالانی درێژدا بۆ ژوورەکەی خۆیان گەڕانەوە . سەر ودڵی حەمیدە گیرا بوو ، دەمی چوو بووە کلیلە و حیرەت و سەرگەردانی لە چاوانیا شەپۆلیان دەدا ، لە هەنجەت وبیانوویەک دەگەڕا کە بتەقێتەوە ، نەک بۆ ئەوەی نیشانەیەک بئەنگێوێ ، بەڵکو دەیویست لەو ڕێگەیەوە ، دڵی پەرێشان و هەڵچووی خۆی خاڵی بکاتەوە و ئۆخژنێکی لە دڵ و دەروون بگەڕێ .

ئەفەندی ، تا نەگەیشتنەوە جێگە و خەڵوەتگاکەی خۆیان ، فزەی لێوە نەهات ، لەوێ زۆر بە نەرمی گوتی :

- زۆر خۆشحاڵم ، کە قوتابخانەکەی خۆم نیشاندایت ، و بە چاوی خۆت بەشە جیاوازەکانیت بینی . لەوەیە بەرنامەکەیت قورس هاتبێتە بەر چاو ، بەڵام بە چاوی خۆت قوتابییە کچە زیرەک و لێهاتووەکانت بینی ، کەهەر هەموویان بێ چەند و چوون نە زیرەکی و نە جوانی تۆیان نییە ..

حەمیدە ، مۆرەیەکی شەڕفرۆشانەی لێکرد و بە ساردی لێی پرسی :

- یانی دەتەوێ ، منیش وەکو ئەوان بکەم ؟

ئەفەندی ، نەرمە بزەیەکی بۆ کرد ، زۆر زیرەکانە دایە باریکی و گوتی :

- هیچ کەسێک گەورە و بەرپرسی تۆ نییە ، کەس ڕایەی ئەوەی نییە قسە لە ویست و بڕیاری تۆ بکات ، خۆت خاوەنی هەموو ئەمرو نەهیەکی . بەڵام من بە ئەرکی خۆمی دەزانم ، ڕێگا و جێگاکانت نیشان بدەم و ئیدی خۆت سەرپشکی لەوەی چیدەکەی و چی ناکەیت . خۆشبەختانە دۆستێکم دۆزیوەتەوە ئاقڵ و بەردەبار ، کەسێکە کە ئەلفێکی بەسە . خودا ، جوانی وتوانای پێ بەخشیوە وخۆی دەزانێ دەبێ چ بکات . من کە ئەمڕۆ دەستت دەگرم و یارمەتیت دەدەم ، بە ئومێد و چاوەڕوانی ئەوەم سبەی تۆش یارمەتی من بدەیت . من زۆر چاکت دەناسم . دەمارت دەناسم و کتێبی دڵت بە ئاسانی دەخوێنمەوە . بۆیە ، بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێت دەڵێم : تۆ پێشوازی لە فێربوونی سەما و زمانی ئینگلیزی دەکەیت و لە کەمترین ماوەدا هەموو شتێک بە زیادەوە فێر دەبیت . من لە هەوەڵەوە ڕێگەی ڕاشکاویم لە گەڵ تۆدا گرتووەتە بەر ولە هەر درۆ وڕیپیایەک خۆم دوور گرتووە ، چۆنکە ڕاستگۆیانە خۆشم ویستوویت و لە هەوەڵەوە زانیم کە تۆ نە کڵاوت دەچێتە سەر ونە هەڵدەخەڵەتێی ، کەواتە بە کەیفی دڵی خۆت بکە ، چیت گەرەکە ئەوە بکە گیانەکەم . سەما تاقی بکەوە ، یاڕەفزی بکە ، کار بکە ، یان هیچ مەکە ، لێرە بمێنەوە ، یا لە کوێوە هاتووی بۆ ئەوێ بگەڕێوە . هەرچییەک دەکەی بۆ من فەرق ناکات ..

قسەکانی ئەفەندی بە فیڕۆ نەچوون ، حەمیدە دڵی کرایەوە ، گرژی و پەستییەکەی ڕەوایەوە . ئەفەندی بە شێنەیی لێی نزیک بووەوە ، دەستی لە نێو دەستەکانی خۆی نا ، لە کاتێکا کە بە میهرەبانی دەیگوشی ، گوتی :

– تۆ باشترین بەخت وشانسی کە ژیان بە منی بەخشیوە ... چەند دڵڕفێنی ... چەند جوانی ..

ئەفەندی بە وردی و شەیداییەوە چاوی بڕییە چاوەکانی . هەردوو دەستی حەمیدەی — کە نوقاندبوونی — بۆ دەمی بەرز کردەوە ، کەوتە لستنەوە و ماچ کردنی سەری قامکەکانی ، حەمیدە بە تەواوەتی ملی دابوو ، لەگەڵ هەر ماچێکی ئەودا ، وەکو ئەوەی کارەبای لێ بدرێ ، تەزوویەکی پێدا دەهات ، ئەشقێکی شێتانە نیشتە سەر چاوەکانی ، هەناسەیەکی گەرم لە ناخی ناخیەوە هاتە دەرێ ، ئەفەندی هەر دوو باسکی لە قەدی هاڵاند و هێدی هێدی بە سینگی خۆیەوەی گوشی ، تا هەستی بە تەماسی هەردوو مەمکی لە سەر دڵی خۆی کرد ، جووتێ مەمکی قوتی توند ، لە بەر توندی لە سینگی دەچەقین ، ئەوجا کەوتە دەست هێنان بە پشتیا ، دەستەکانی بەوپەڕی ئازادی بە پشتیا خوارو ژووریان دەکرد . دەم و چاوی حەمیدە ، لە سینگ و بەرۆکی ئەفەندیدا نقوم بوو بوو ، ئەوجا ئەفەندی بە گوێیدا چپاند :" دەمت " حەمیدە ، بە ئاسپایی سەری بەرز کردەوە ، لێوەکانی بە ئاستەم لێک ترازان ، لێوان لە ماچێکی دوو و درێژا ئالکاوی یەکدی بوون ، حەمیدە وەکو ئەوەی خەوی لێکەوتبێ چاوانی لێکنان . ئەفەندی زۆر بە ئاسانی هەڵیگرت، وەکو منداڵێکی بەرمەمکە گرتیە باوەش و بە ئەسپایی بردی بۆ سەر جێگاکە ، هەر دوو لاقە ئازادەکەی حەمیدەی بە جۆرێ تەکان دا ، کە نەعلەکان لە پێی داکەندران ، ئەوجا خەواندی ، ئەوسا خۆی دا بە سەر هەردوو ناو لەپی خۆیدا و لە ڕوخسارە سوور هەڵگەڕاوەکەی ورد بووەوە . حەمیدە چاوەکانی کردنەوە ، لە گەڵ چاوەکانی ئەفەندیدا یەکانگیر بوون ، ئەفەندی بزەیەکی نەرمی بە ڕوویا دا ، لێ کیژێ بە ئارامی تەمەشای دەکرد . فەرەج ئیبراهیم لە ڕاستیا خۆی زەوت کرد بوو و بە تەواوەتی ئاگای لە خۆ بوو . هەرچەندە بە ڕواڵەت پێچەوانەی ئەو حاڵەتەی دەنواند ، هۆشی لە دڵی چاکتر بوو ، هێڵێکی دیاریکراوی بۆ خۆی دانابوو ، و بە موو لێی دەر نەدەچوو ، هەستا و لە جێگای خۆی وەستا و ، بزەیەکی فێڵبازانەی خواردەوە ئەوجا وەکو یەکێک لە خۆی بخوڕێت و ئارەزووەکانی خۆی سەرکوت بکات ، گوتی :

– تۆ سەبر ... سەبر ... خۆ ئەفسەرە ئەمریکاییەکە بە مەمنوونیەوە بۆ هەر کیژێکی سەرمۆر پەنجا جونەی دەدات !

حەمیدە ، بە سەرسامی لە ئەفەندی ڕوانی ، نیگا گەرمەکە بلەز لە چاوانی ئاوا بوو ، نیگایەکی سارد وتوند جێگەی گرتەوە . هەستا و لە سەر جێگاکە دانیشت ، ئەوسا بلەز دابەزییە سەر ئەرزەکە و وەکو ماری هاڕوژاو بەرانبەری وەستا . خرۆشا و دەستی بەرزکردەوە و تا هێز لە بازوویدا بوو زللەیەکی بە بناگوێیدا کێشا کە لە سەرانسەری ژوورەکەدا دەنگی دایەوە . ئەفەندی بۆ چەند ساتێک حەپەسا ، ئەوسا تەوسخەنێک نیشتە سەر گۆشەی

چەپی دەمی و بە خێراییەکی باوەڕ نەکردەنی دەستی بەرزکردەوە وتاهێز لە دەستیا بوو زللەیەکی بە ڕوومەتی ڕاستی حەمیدەدا کێشا ، ئەوسا دەستی چەپی بەرزکردەوە — بەر لەوەی کیژێ لە زللەی یەکەم وەخۆبێتەوە — زللەیەکی توندی بە ڕوومەتی چەپیدا کێشا ! حەمیدە ڕەنگی زەرد بوو ، لێوەکانی کەوتنە تەتەڵە ، وەکو گیاندارێکی هۆڤی ڕاپەڕی ، خۆی دا بە سەر سینگی ئەفەندیدا ، چنگەکانی نایە گەردنی . لێ فەرەج ئیبراهیم ئەم هێرشەی بە بێدەنگی تەحەموول کرد ، هەوڵی نەدا بە گژیا بچێتەوە و لە خۆی دوور بخاتەوە ، بەڵکو باوەشی پێداکرد و بە جۆرێ گوشی ، لە زگ بوو بیپلیشێنێتەوە .

قامکەکانی حەمیدە بەرە بەرە خاو بوونەوە و لە گەردنی کابرا بوونەوە وکەوتنە نەوازشی شانەکانی و خۆی پێوە هەڵواسین . حەمیدە ڕوخساری ، کە هێشتا جێ پەنجەی کابرای پێوە دیاربوو ولێوە لەرزان و تامەزرۆ و تاسەمەندەکانی کردە کابرا ...

( ٢٧ )

تاریکی ، لە کۆڵانەکەدا ، هەواری هەڵدا ، بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بە سەر سەرانسەر کۆڵانەکەدا کێشا ، تەنانەت چاخانەکەی کەرشەش دەرگاکانی داخستبوو، شەو نشینەکانی بڵاوەیان کردبوو . لەم کاتەی شەودا بوو کە تاپۆی زیتەی عەیبسازی گەدایان ، لە دەرگای نانەواخانەکە وەدەرکەوت ، تا دەست بە گەشتی شەوانەی خۆی بکات . زیتە پاش ئەوەی لە کۆڵانەکە وەدەرکەوت بەرەو سەنادقیە نشێو بووەوە ، بە سەمتی چەپدا پێچی کردەوە و بەرەو ئیمامزادە حوسەین بووەوە چیوای نەمابوو ، لە نیوەی ڕێگادا ، خۆی بە تاپۆیەکدا ، کە بەرەو ڕووی ئەم دەهات ، بکێشێت ، بەڵام دوای تۆزێک لە بەر تیشکی کزی ئەستێرەکاندا ڕوخسار و سەرو سەکوتی بە دیارکەوت و زیتە بە دەنگی بەرز هاواری کرد :- ئەمە تۆی دکتۆر بۆشی ؟ لە کیدەرەوە دێی ؟

دوکتۆر ، بە پەلە و هانکە هانکەوە گوتی :- خەریک بوو بۆ لای تۆ دەهاتم ..

- مشتەری عەیبانت هەیە ؟

دوکتۆر ، لە بن لێوانەوە گوتی :

- لەوە گرنگترم هەیە ، هاپۆ عەبدول حەمید تاڵبی مردووە !

چاوانی زیتە ، لە تاریکییەکەدا ، درەوشانەوە و بە تاسەوە پرسی :

- کەی مرد ؟ ... ناشتوویانە ؟

- ئەم دوا نیوەڕۆیە ناشتوویانە .

- دەزانی لە کوێ ناشتوویانە ؟

- لەنێوان باب النصر وطریق الجبل .

زیتە ، قۆڵی بە قۆڵیا کرد و بەرەو ڕێگاکەی خۆیی برد و بۆ دڵنیایی پتر ، لێی پرسی :

- بەم تاریکییە ڕێگا دەردەکەی ، گوم نابی ؟

- نەخێر ... لە کاتی بە ڕێکردنی جەنازەکەدا ، بە وردی سەرنجی ڕێگاکەم دا و ڕێگاکەم نیشانە کردووە ، ئەمە جگە لەوەی کە هەردووکمان ئەو ڕێگایە دەناسین و جارەهای جار بە تاریکی پێیدا ڕۆیشتووین ..

- ئەدی ئەوزار و تفاقەکەت ؟

- لە بەرانبەر مزگەوتەکە ، لە جێیەکی ئەمین دامناوە ...

- گۆڕەکە لە جێیەکی کراوەیە ، یا لە جێیەکی سەرگیراوە ؟

- لە نزیکی دەروازەکەدا ، ژوورێکی سەرگیراو هەیە ، بەڵام گۆڕەکە لە مەیدانێکی کراوەدایە .

زیتە ، بە دەنگێکی تەوسامێزەوە پرسی :- تۆ ڕەحمەتیت دەناسی ؟

- کەمێک ... لە مەبیەزە ، ئارد فرۆش بوو .

- تاقمی تەواوی لە دەما بوو ، یان تەنیا چەند ددانێکی عەمەلی هەبوو ؟

- تاقمی تەواو ...

- باشە ناترسیت کەس و کارەکەی ، بەر لە ناشتن ، تاقمەکەیان دەرهێنا بێ ؟

- نەخێر . ئەوانە ئەهلی تەقوان ، مەحاڵە شتی وا بکەن ..

زیتە ، لە کاتێکا بە کەسەرەوە سەری با دەدا ، گوتی :

- ئەو زەمانە ڕۆیی کە خەڵکی مردووەکانیان بە زێڕ و زێوەکانیانەوە دەناشت .

دوکتۆر ، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی :- خۆزگەم بەو زەمانە !

بەو تاریکە شەوە و بە بێدەنگی ، گەیینە جەمالییە ، لە ڕێگادا بەلای دوو پۆلیسدا ڕەتبوون ، ئەوسا لە "بابل نەسر" نزیک بوونەوە . زیتە لەتە جگەرەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا ودایگیرساند و بە تامەزرۆییەوە کەوتە مژلێدانی . دوکتۆر بۆشی کە لەوە ترسا بوو ڕووناکی دەنکە شقارتەکە کەشفیان بکات ، بە شپرزەیی و پەشۆکاوی بە هاوڕێیەکەی گوت :

- ئێستا وەختی جگەرەکێشانە ، وەختت نە دۆزییەوە ئێستا نەبێ ! ..

لێ زیتە ، خۆی شلوێ نەکرد، ئەوسا وەک ئەوەی خۆی بدوێنێ گوتی :

- زندووان خێریان بە ناوچەوانەوە نییە ، مردووانی بە خێریش زۆر کەمن !

بە دوو قۆڵی لە "بابل نەسر" تێپەڕین و بە سەمتی ڕاستا لایاندا و کەتنە سەر باریکە ڕێیەک کە ئەمبەر وئەو بەری قەبر بوون .

بێدەنگییەکی ترسناک و خەمینییەکی فراوان باڵی بە سەر دنیادا کێشا بوو . زیتە لە کۆتایی سێیەکی یەکەمی ڕێگاکەدا گوتی : "ئەوە مزگەوتەکەیە " بۆشی ، ئاوڕێکی هەر چوار نکاڵی خۆی دایەوە ، ماوەیەکی کەم بە پارێزەوە گوێی هەڵخست ، ئەوجا بە خشکەیی و بۆ ئەوەی کەمترین ، سەر وسەدا بەرپا نەبێ ، لە مزگەوتەکە نزیک بووەوە . ئەوجا لە نزیکی دەرگاکەوە و بە پاڵ دیوارەکەوە ، بە پێ خشکە کەوتە سەح کردنەوە ئەرزەکە ، پێی لە بەردێکی گەورە هەڵنووتا ، و بە دەست بەردەکەی لادا و لە چاڵی ژێر بەردەکەوە پاچێکی چکۆلە و بەستەیەکی، کە مۆمێکی تێوە پێچرابوو ، دەرهێنا و بەرەو لای هاوڕێکەی زڤڕییەوە ، کەوتنەڕێ و بە دەم ڕێوە بە چپە پێی گوت : " ئەو گۆڕەی کە بۆی دەگەڕێین ، پێنج گۆڕ ، بەر لەو ڕێگایەیە کە بەرەو بیابان دەڕوات " . ڕێیان دەکرد و دوکتۆر بە دیقەت دەیڕاونییە گۆڕەکانی لای چەپی ڕێگاکە و دڵی بە توندی لێی دەدا . لە ناکاوا پێی سووک کرد و بە چپە گوتی : " ئەمە گۆڕستانەکەیە " لێ نەوەستا ، بەڵکو هاوڕێکەشی هاندا کە ڕێبکات و گوتی :

- شوورەی گۆڕستانەکە ، لەم ئاستەوە بەرزە ، ڕێگاکەش ئەمین نییە ، باشتر وایە ، لە قۆڵی بیابانەکەوە بە دەوری گۆڕستانەکەدا بسووڕێینەوە و ئەوسا بە دیواری پشت گۆڕستانەکەدا سەربکەوین کە گۆڕەکە لەوێیە ..

زیتە ، هیچ ناڕەزاییەکی نەنواند ، بە بێدەنگی ڕۆیشتن . تاگەیینە ئەو ڕێگایەی کە بۆ بیابانەکە دەڕۆیی . زیتە پێشنیازی کرد کەمێک دانیشن و چاودێری ڕێگاکە بکەن ، شانبەشانی یەکدی دانیشتن و چوار چاو کەوتنە ڕوانینی دەور وبەر . دنیا ئەنگوستەچاو بوو ، شوێنەکە چۆڵ و هۆڵ بوو ، پشتەوەی ئەوان تا هەتەری چاو هەر گۆڕ بوو ،

هەرچەندە ئەم ڕیسکە یەکەمین کاری وان نە بوو ، لێ دوکتۆر بۆشی خۆی پێزەوت نەدەکرا و ، نە دکاری بە سەر لێدان وخورپەی دڵی خۆیدا زاڵ بێ . بە وردی دەیڕوانییە تاریکییەکە ، دڵی دەلەرزی ، دەمی وشک بوو بوو ، ئەعسابی شپرزە بوو ، کەچی زیتە بە هێمنی دانیشتبوو و مێشیش میوانی نەبوو ، گوێی بە هیچ نە دەدا ، کە لەچۆڵی ڕێگاکە دڵنیا بوو ، بە دوکتۆری گوت :

– ئەوزار وتفاقەکەت لێرە دابنە و بڕۆ بۆ لای شوورەی پشت گۆڕستانەکە و لەوێ چاوەڕوانم بکە .

دوکتۆر بە نەبەدڵی هەستا ، بە ناو قەبرەکان کەوت و بەرەو شوورەی پشتەوەی گۆڕستانەکە کەوتە ڕێ . بە پەنا دیوارەکەدا دەڕۆیی و بە زەحمەت لە تاریکییەکەدا بەرپێی خۆی دەبینی . دنیا زۆر تاریک بوو ، مەگەر پرشنگی کزی ئەستێرەکان ، تروسکاییەکیان پێ ببەخشایە . دیوارەکانی ژمارد تا گەییە پێنجەمین دیوار ، ژێرا وژێر و دزە نیگایەکی دەور وبەری خۆی کرد ، ئەوجا چنچکی دایەوە . نە چاوی بە شتێک کەوت مایەی گومان بێ و نە گوێی بە هیچ دەنگێک زرینگایەوە . لێ نیگەرانی و دڵەڕاوکێ دەستبەرداری نە دەبوون و دەم بە دەم ترسی زیادی دەکرد . دوای تۆزێک ، لە چەند شەقاوی خۆیەوە تاپۆی زیتەی بەدی کرد . بە پارێزەوە هەستا ، کابرا تەمەشای شوورەکەی کرد و ئەوسا بە چپە گوتی :– دانەوە ، با بچمە سەر پشتت .

دوکتۆر ، هەر دوو ناو لەپی دەستی خستە سەر کڵاوەی ئەژنۆکانی . زیتە ، چووە سەرپشتی ، دیوارەکەی سەح کردەوە تا دەستی لە قەراخەکەی گیر بوو و ئەوسا بە سووکی خۆی هەڵدایە سەر دیوارەکە و پاچاکە و پریاسکە مۆمەکەی هەڵدایە ناو گۆڕستانەکە . ئەوجا دەستی بۆ دوکتۆر درێژ کرد ، دەستی گرت و یارمەتی دا ، کە سەر بکەوێتە سەرەوە . هەرکە سەرکەوتە سەری ، بە دوو قۆڵی خۆیان هەڵدایە خوارەوە ، کەمێک لە پاڵ دیوارەکەدا وەستان تا پشوویەک بدەن . زیتە لەم ماوەیەدا پاچەکەی هەڵگرت . ئێستا چاویان بە تاریکییەکە و تیشکی کزی ئەستێرەکان ڕاهاتبوو . بە ڕوونی ناو حەسارەکەیان دەبینی ، دوو قەبر لە نزیکیانەوە بوو ، لە کۆتایی حەسارەکەدا دەرگایەک هەبوو کە بە سەر ئەو ڕێگایەدا دەکرایەوە کە لێوەی هاتبوون ، لەمبەرو لەو بەری دەرگاکە ، دوو ژووروۆچکە هەبوون ، زیتە بە دەم ئاماژەوە بۆ دوو قەبرەکە پرسی:– کامەیانە ؟

دوکتۆر بە دەنگێک کە بە زەحمەت لە گەرووی دەهاتە دەرێ بەرسڤی دایەوە :

– ئەوەی لای دەستەڕاستت ...

زیتە ، لە حالێکا کە دوکتۆر بۆشی ، بە لەرزە لەرز لە دووی دەڕۆیی ، بێهیچ دوو دڵییەک ، لە قەبرەکە نزیک بووەوە ، بە سەریا دانەوییەوە و گڵەکەی سەح کردەوە ، سەیری کرد هێشتا نەرم وشێدارە . زۆر بە پارێز ومداراوە ، پاچەکەی لە گردە خۆڵەکە خستەکار و گڵەکەی  هەڵدەکەند و لە ژێر هەردوو لینگە کراوەکەیدا کەڵەکەی دەکرد ،

درێژەی بە کارەکەی دا ، ئەم کارە بۆ ئەو تازە نەبوو . بەردەوام بوو ، تا گەییە تەختە بەردەکانی سەر گۆڕیچەکە ، داوێنی دێزداشەکەی هەڵماڵی و لوولی دا و لەناو قەدی بەست . لە یەکەمین تەختە بەرد نەوی و تین و تاوی دایە خۆی و ڕاستی کردەوە و ئەوجا بە کۆمەکی بۆشی بەردەکەی لادایە لاوە .. تاشە بەردی دووەمیشی بە هەمان شیوە لابرد و کونێکی ئەوتۆی لە گۆڕەکە کردەوە ، کە خۆی و هاوڕێکەی پێیدا بچن . خۆی بە کونەکەدا کرد و بە دەم داخزینەوە وبە دەنگێک کە دەتگوت لە بنەبانی بیرەوە دێت ، بە دوکتۆری گوت :" لە دووم وەرە"

دوکتۆر ، بە نە بەدڵی و بە لەرزە لەرز دووی کەوت . دوکتۆر لەم حاڵەدا ، لە سەر یەکێک لە پلەکانی ناوەڕاست دادەنیشت و مۆمەکەی دادەگیرساند و لە پلەیەکی خوارترەوە دایدەنا و ئەوجا چاوانی دەنووقاندن و سەری لە نێو هەردوو ئەژنۆی ( زرانی ) دەنا ، بە ناچاری دەچووە نێو قەبرانەوە ، زۆر جار لە زیتە دەپاڕایەوە ، کە بەزەیی پێیدا بێتەوە و لە چوونە نێو قەبر مەعافی بکات ، بەڵام زیتە خوازیاری ئەوە بوو ، دوکتۆر ، لە هەر هەنگاوێکی ئەم کارەدا بەشداری بکات ، دەنا ئامادە نەبوو بە خۆڕایی بیکا بە شەریک ، و لە ناخی خۆیدا لەزەتی لەم عەزابدانەی ئەو دەبینی . فتیلەی مۆمەکە داگیرسا و ناو قەبرەکەی ڕووناک کردەوە . زیتە نیگایەکی وشک و بەردینی جەندەکەکانی کرد کە بە تەنیشت یەکەوە و تا ئەوسەری گۆڕەکە ڕیز کرا بوون . سیستەمی ڕیز بەندییەکەیان بە رواری مردنەکەیانی دەنواند، بێدەنگیە ترسناکەکەیان چیرۆکی فەنای ئەبەدی ئەوانی دەگێڕایەوە ، بەڵام هیچ دەنگدانەوەیەکی لە دڵ و دەروونی زیتەدا چێنەدەکرد ، بلەز نیگا وشک وبەردین وبێگیانەکەی گواستەوە وخستیە سەر کفنە تازەکەی سەرەتای گۆڕەکە . چنچکی دایەوە . ئەوسا بەدەستە چایوەکانی کفنەکەی لە سەری مردووەکە لادا ، دەمی کردەوە ، پەنجەی لە تاقمەکەی گیرکرد ، تا دەری نەهێنا دەستبەردار نەبوو ، تاقمە زێڕەکەی خستە گیرفانی و پەنجەکانی کە پیس بوو بوون خاوێن کردەوە . ئەوجا سەری مردووەکەی وەکو خۆی داپۆشییەوە . وازی لە جەنازەکە هێنا و بەرەو دەرگاکە هات ، سەیری کرد دوکتۆر سەری ناوەتە بەینی هەردوو زرانی و مۆمەکە لە پلەکەی خوارەوە دەسووتا . نیگایەکی تەوسامێزی کرد و بە تەشەرەوە گوتی :"ڕابە !".

دوکتۆر ، بە ترسەوە سەری هەڵبڕی ، مۆمەکەی هەڵگرت ، فوویەکی لێکرد وکوژاندییەوە . وەکو یەکێک ترسابێ و بیەوێ هەڵێت ، بەو ئاوایە بلەز بە پلەکاندا سەرکەوت . زیتەش بەپلەکاندا سەرکەوت ، بەڵام پێش ئەوەی لە چاڵەکە وەدەربکەوێ ، دەنگێکی سامناک لە گوێیدا زرینگایەوە . پاشان گوێی لە دەنگی لوورە ئاسای دوکتۆر بوو کە دەیگوت :" ئێوە و خواتان .." لاقەکانی سست بوون ، ئەوجا بەرەو پاس بە پلەکاندا داگەڕا ، خۆیشی نەیدەزانی چیدەکات ، هەر چوارپەلی تەزی بوون ، پاشەو پاش هاتە خوارەوە تا پاژنەی پێی بەر جەنازەکە کەوت ، هەنگاوێک هاتە پێشەوە ، لە جێی خۆی چەقی ، هیچ مەفەڕێکی نەبوو ، لێبڕا ، لە بەینی جەنازەکاندا پاڵ بکەوێ . بەڵام پێش

ئەوەی هیچ جووڵەیەک بکات ، شەوقی ڕووناکییەکی بە هێز چاوی خستە ڕێشکەو پێشکە و بە ناچاری چاوی داخست. گوێی لە دەنگێکی سامناک بوو کە بەزمانی سەعیدی هاواری دەکرد :

– وەرە دەرەوە دەنا بە گوللە دات دەبێژم ..

نائومێدی گرتی و ڕادەست بوو ، بە دەنگەکەوە هات و بە پلیکانەکەدا سەرکەوت . تاقمە ددانە زێڕەکەی لە گیرفانیا بیر چووەوە .

***

هەواڵی دەستگیری دوکتۆر بۆشی و زیتە لە گۆڕستانی تالبی دا ، بۆ عەسری ڕۆژی دواتر ، ئەوجا گەییە کۆلانی میدەق . هەواڵەکە بڵاو بووەوە و هۆیەکەی زانرا . خەڵکی بە بێزاری و سەرسامییەوە هەواڵەکەیان دەگێڕایەوە . هەر کە خا سەنیە عەفیفی بەم هەواڵەی زانی ، ترسی لێنیشت و کەوتە هاوار وشێن و شەپۆڕ و تاقمە زێڕەکەی لە دەمی دەرهێنا و تووڕی دا . بە تووڕەیی کەوتە ڕنینەوەی گۆناکانی . سەرەنجام بورایەوە . مێردەکەی لە حەماما بوو ، کە گوێی لە گریە و هاواری ئەو بوو ، ترسی لێنیشت ، دیزداشەکەی بە سەر لەشە تەڕەکەیدا لە بەرکرد و بە هەشتاو بەرەولای ئەو چوو .

( ٢٨ )

هاپۆ کامیل ، لە بەر دووکانەکەی ، لە سەر کورسییەکەی دانیشتبوو ، سەری لە بەر خۆ نابوو و وەنەوزی دەدا ، مێشکوژەکەی بە باوەشەوە بوو ، هەستی بە خزینی شتێک بەسەر سەرە کەچەڵەکەیەوە کرد ، دەستی بە شێوەیەکی میکانیکی بۆ سەری برد ، وایزانی مێروو بە سەریا هەڵگەڕاوە ، بەڵام دەستی ، بەر دەستێکی مرۆڤانی کەوت . بە تووڕەیی و توند دەستەکەی گرت ، بە دەم خوتە خوت و بۆڵەوە سەری هەڵبڕی تا ئەو کەسە بدینێ کە بەو شۆخییە بێتامە ، ئەو وەنەوزە خۆشەی لێ زڕاندبوو . چاوی بە عەباس حلو کەوت ... باوەڕی بە چاوی خۆی نە دەکرد . حایر و حەپەساو لێی ورد بووەوە . دەم و چاوە گۆشتنەکەی ، لە کەیفان هێندەی دی سوور بووەوە . تەکانی دایە خۆ کە هەستێ ، بەڵام عەباس حلو نەیهێشت هەستێ و باوەشی پێداکرد و بە گەرمی یەکیان ماچ کرد ، حلو ، کە سۆز ئەوکی گرتبوو ، گوتی :– هاپۆ کامیل حاڵت چۆنە ؟

هاپۆ ، بە شادی و تاسەوە گوتی :

– تۆ چۆنی عەبس ... باشی ، بە کەیفی ... چەندت ترساندم ناڕەسەن !

حلو ، دەم بە خەندە لە بەر دەمیا وەستا ، هاپۆش بە چاوانی تامەزرۆ و تاسەمەندەوە لێی دەڕوانی . عەباس کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی کەوەیی لەبەر بوو . سەری ڕووت و قژی بەردابووەوە ، بە شێوەیەکی گشتی ، شیک دیار بوو ، ڕوخساری سووری ، ئەوەی دەنواند کە سیحەتی باشە . هاپۆ کامیل بە تاسەوە سەیری دەکرد و بە دەنگە بەرزەکەی گوتی :

– ماشەڵڵا ، بێ چاوێنی بی ، جوان بوویت !

عەباس حلو ، بە شادی و لە کانگای دڵەوە پێکەنی وگوتی :

– تانکیو ... لە مڕۆ بە دواوە ، هەر شێخ دەروێش بە ئینگلیزی قسە ناکات !

عەباس ، چاوی بە کۆڵانە خۆشەویستەکەدا گێڕا و نیگای لە سەر کۆنە دووکانەکەی خۆی گیرسایەوە . خاوەنە تازەکەی بینی کە خەریکی تاشینی ڕدێنی مشتەرییەک بوو ، بە چاوی ڕێز و سۆزەوە ڕوانییە دووکانەکە ، ئەوجا نیگای بەرەو پەنجەرەکە هەڵفڕی ، بینی وەکو ئەوسای کە ئەم هاتبوو هەر داخراوە ، لە خۆی پرسی : "ئاخۆ لە ماڵەوەیە یان چووەتە دەرێ ؟ ئاخۆ وەختێ دەرگا بکاتەوە و بدینێ ئەم لە دەرگای داوە ، چ بکات ؟ هەڵبەتە بە سەرسامی تەمەشای ئەم دەکات وچاوانی ئەم لە جوانی ئەو پڕ دەبن ! ئەمڕۆ ، یەکێکە لە ڕۆژە دەگمەن و زیندووەکانی ڕۆژانی تەمەن . لە دەنگی هاپۆ کامیل ، وەخۆ هاتەوە کە دەیگوت :– وازت لە کارەکەت هێناوە ؟

– نەخێر ، مادونیەکی کورتم وەرگرتووە .

– ئاگات لێیە حوسەین کەرشەی هاوڕێت چی بە سەر هاتووە ؟ داک وبابی بەجێهێشت و ڕۆیی ، ژنی هێنا ، پاشان لە کارەکەی دەرکرا ، ئێستا هاتووەتەوە و ژنەکەی و ژن براکەشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە ، ڕێوی بە کونەوە نە دەچوو و هەژگێکیشی لە خۆ بەست .

داخ و کەسەر بە ڕوخساری عەباسەوە دەرکەوت و گوتی :

– نەگبەتیە ئیدی ... لەم ڕۆژانە بە کۆمەڵ کرێکاران جواب دەکەن . ئەدی وەستا کەرشە چۆن پێشوازی کرد ؟

هاپۆ کامیل ، لێوەکانی هەڵقورتاند و گوتی :

– نارازییە . هەمیشە گلەیی دەکات ، لێ حوسەین و خێزانەکەی لە ماڵەوە دایانکوتاوە .

هاپۆ کامیل نیو دەقیقەیەک بێدەنگ بوو و ئەوجا وەک ئەوەی شتێکی گرینگی بیر کەوتبێتەوە ، بە هەشتاو گوتی :- ئەدی زانیوتە دوکتۆر بۆشی و زیتە لە زیندانن ؟!

ئەوسا بۆی گێڕایەوە کە چۆن لە سەر گۆڕەکەی تالّیبی بە دزییەوە گیراون ، بە تاوانی دزینی تاقمێک ددانی زێڕەوە گیراون ، عەباس حلو ، زۆری پێناخۆش بوو . هەڵبەتە بە دووری نە دەزانی کە زیتە نەنگین ترین دزی بکات ، بەڵام سەیری لە دوکتۆر بۆشی دەهات چۆن ڕێی بە خۆ داوە ئەم تاوانە نەنگینە بکات ! ... بیری کەوتەوە چۆن داوای لێکرد بوو کاتێ لە گرێ مەزن هاتەوە ، تاقمێکی بۆ دابنێت ، بە پەستی و بێزاری لێوی هەڵقورتاند .

هاپۆ کامیل لە سەری ڕۆیی :- خا سەنیە عەفیفیش شووی کرد ..

لەزگ بوو بڵێت "تۆخشە بێ لە تۆش " بەڵام لە ناکاوا زمانی خۆی گرت و دڵی بە توندی کەوتە لێدان ! لەو دەمەدا حەمیدەی بیر کەوتەوە ! ... پاشان هەرچەندە ئەو هەڵوێستەی بیر دەکەوتەوە ، سەری دەسوڕما ، چۆن بیری چوو ، دەبوا یەکەمجار ئەوەی بۆ گێڕاباوە . بەڵام عەباس حلو ، هەستی بە گۆڕانەکەی هاپۆ نەکرد ، بلەز گەڕایەوە سەر خۆشی و ئاواتەکانی خۆی ، یەک دوو هەنگاو چووە دواوە وگوتی :- جارێ خودا حافیز ..

هاپۆ دڵی نەهات ، لە ناکاوا هەواڵەکەی بداتێ ، بە بێموبالاتیەوە پرسی :- بۆ کوێ ؟

حلو ، کە لە ڕۆیشتنا بوو گوتی :

- دەمەوێ بچم بۆ چاخانەکە و سڵاوێک لەو دۆستانە بکەم کە ماون ..

هاپۆ کامیل ، دەستی خستە سەر ئەژنۆکانی و بەزەحمەت هەستا و ، بە لارەلار دووی کەوت . کات عەسر بوو ، لە دۆستە هاوبەشەکانیان تەنیا وەستا کەرشە وشێخ دەروێش لەوێ بوون . عەباس سڵاوی لە وەستا کەرشە کرد کە بە گەرمی پێشوازی کرد بوو ، تەوقەی لە گەڵ شێخ دەروێشدا کرد . شیخ دەروێش بزەیەکی بۆ کرد و لە پشت عەینەکەکەیەوە تەمەشایەکی کرد و لێوی لە بەر یەک هەڵنەهێنا . هاپۆ کامیل دڵتەنگ بوو ، خەمێکی تاڵ خوێناوی جگەری دەخواردەوە ، نەیدەزانی چۆن ئەم هەواڵە بەسووە بە هاوڕێکەی بڵێیت ، بە تکاوە پێی گوت :

- چەند دەقیقەیەک لە گەڵما بۆ دووکان دێیتەوە ..؟

عەباس ، لە نێوان تکای دۆستەکەی و ئەو دیدارە دڵخوازەدا کە چەند مانگێک بوو بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی دەکرد ، تیا مابوو ، بەڵام نەیتوانی داواکەی هاپۆ کامیل ڕەت بکاتەوە و دەست بە ڕوویەوە بنێت ، ئەوەی پێ ڕەوا دەبینی چەند دەقیقەیەک لە وەختی خۆی بۆ ئەو تەرخان بکات ، لە گەڵیا بۆ دووکانەکەی گەڕایەوە . بە دەم ناسکە

بزەیەکەوە بێزارییەکەی خۆی شاردەوە ، لە دووکانەکەدا ، شانبەشانی یەکدی دانیشتن . عەباس بە شادییەوە دەیگوت :

– ژیان لە گرێ مەزن ( التل الکبیر ) زۆر باشە ، کاری بەردەوام و پارەی باش . من پارەکەی خۆم بە فیڕۆ نادەم . زۆر سادە دەژیم ، ژیانم لە گەڵ ئەو ژیانەی کە لە کۆڵانەکەی خۆمانا بە سەرم دەبرد ، تەقریبەن نەگۆڕاوە ، تەنانەت حەشیشم ، کە یەجگار زۆر باوە ، تەنیا چەند جارێک کێشاوە . هاپۆ کامیل بڕوانە چیم کڕیوە ، نوخشەبێ لە تۆش ..

پاکەتێکی چکۆلەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا ، کردییەوە . ملوانکەیەکی زێڕی تیا بوو ، بریتی بوو لە زنجیرێک و دڵێکی ناسک ، ئەوسا لە کاتێکا چاوەکانی لە خۆشیا شەپۆلیان دەدا ، لە سەری ڕۆیی :– بۆ حەمیدەم کڕیوە .. نەت زانیوە ؟ ... لەم مادوونیەدا مارەی دەکەم ...

پێشبینی دەکرد هاپۆ شتێک بڵێ ، بەڵام هاپۆ کامیل مات و بێدەنگ بوو ، چاوی داخستبوو ، لەوە دەچوو خۆی لە شتێ ببوێرێ . عەباس ، بە جدی تەمەشای کرد ، بۆ یەکەمجار پەستی و بێزاری بە ڕوخسارییەوە بەدی کرد . هاپۆ کامیل ، لەو کەسانە نەبوو بتوانێ ڕازی دەروونی بشارێتەوە و نەیەڵێ بە ڕوخسارییەوە دەربکەوێ . ڕوخساری ئاوێنەی دەروونی بوو . حلو هەستی بەمە کرد، تووشی پەشێوی ونیگەرانی بوو . پاکەتەکەی داخستەوە و نایەوە گیرفانی ، بە وردی ڕوانیە هاوڕێکەی ، ترسی لێنیشت ودڵی وشرا ، لەوە دەترسا، نائومێدییەکی لە ناکاو و چاوەڕوان نەکراو ، بڵێسەی شادی وخۆشی دڵی دابمرکێنێتەوە ، زۆری بەزەیی بە دڵی خۆیدا هاتەوە . بەڵام سەرەنجام چارەی وشک و خەمباری هاپۆ کامیل ، کاسەی سەبری سەر ڕێژ کرد . بە دوو دڵییەوە لێی پرسی : "چیتە هاپۆ کامیل ؟ .. تۆ هاپۆکەی جاران نیت . بۆچی گۆڕاوی ؟ بۆچی تەمەشام ناکەیت ؟ " .

هاپۆ ، سەری هەڵبڕی ، ڕووی کردە دۆستەکەی ، بە دوو چاوی لێڵ وخەمناکەوە لێی ڕوانی ، زاری هەڵێنا کە قسە بکات ، بەڵام زمانی نەهاتە ژێر بار و بە گوێی نەکرد . عەباس هێندەی دی ترسا ، دڵی پێشبینی کارەساتێکی دەکرد ، هەستی بە نا ئومێدییەک کرد کە جۆشی شادییەکەی دەکوژاندەوە ، کە هەناسی لەبەر هیواکانی دەبڕی . بە دەنگی خەمین گوتی :

– مەسەلە چیە هاپۆ کامیل ؟ دەتەوێ چ بڵێی ؟ بێگومانم کە قسەیەکت پێیە ، نیهادت پڕە لە زۆر شت ، بەم ڕەفتارەت مەمکوژە . حەمیدەیە ؟! ... بەڵێ مەسەلەکە حەمیدەیە ، بە خوا دەزانم !... هەرچیت پێیە بیڵێ . لەوەی پتر بەم بێدەنگیە عەزابم مەدە ... چیت پێیە بیڵێ و با ببڕێتەوە .

هاپۆ ، تفەکەی دەمی قووت دا، بە دەنگێکی نەوی کە بە ئاستەم دەهاتە بیستن گوتی :

– غەیب بووە ؟! دیار نەماوە ! لێرە نییە ، ڕۆییوە و نەگەڕاوەتەوە . کەس سوراغی نازانێ .

عەباس ، حایر و حەپەساو ، پەرێشان و ترساو ، گوێی بۆ شل کردبوو و یەک بە یەکی وشەکانی لە هۆشیا نەخش دەبوون ، بەڵام تەم و مژێک سەری بیرکردنەوەی تەنی بوو ، وەکو ئەوەی لە ناکاوا تای لێبێت ، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی :

– هیچ تێناگەم چیت گوت ! ڕۆییوە و نەگەڕاوەتەوە . دیار نەماوە ... مەبەستت چییە ؟

هاپۆ کامیل بە داخ و کەسەرەوە گوتی :

– عەباس ، گوێ مەدەیە . ورەت بەرز بێ ، خوا شایەدە منیش خەمبارم ، لە هەوەڵەوە خەمی تۆم بوو ، بەڵام چ دەکرێ ؟ حەمیدە گوم بووە و کەس سوراغی نازانێ . ڕۆژێک وەکو هەموو ڕۆژان ، عەسر لە ماڵ وەدەرکەوت و ئیدی نەگەڕایەوە . هەموو ئەو شوێنانە گەڕان کە مەزەندە دەکرا بۆی چووبێت ، بەڵام بێهودە . خەبەری پۆلیسخانەی جەمالییەمان دا ، لە (قەسرل عەینی ) بۆی گەڕاین ، بەڵام هیچ سەر وسوراغێکی نەبوو .

ڕەنگ بە ڕووی عەباسەوە نەما بوو ، وشک بوو ، ماوەیەک بێدەنگ بوو ، نە قسەی دەکرد ، نە لە جێی خۆی دەجووڵا و نە چاوی دەتروکاند . نەدەهات ، نە دەچوو . هیچ مەفەڕێکی نەبوو . ئەدی دڵی خەبەری نە دابوو کە کارەساتێکی دێتەڕێ ؟ ئەوە هاتە دی . سەیرە ... ئەم پیاوە چ دەڵێت ؟ ... حەمیدە گوم بووە ؟ باشە بەشەر وەکو دەرزییەک یان پارچە دراوێک ون دەبێ ؟! ئەگەر بیگوتبایە مردووە یان شووی کردووە ، ڕەنگە باشتر بوایە و بیتوانیبا دڵی خۆی بداتەوە ، بە هەرحاڵ نائومێدی هەرچییەک بێ لە گومان وحیرەت و ئازار ئەهوەنترە ، باشە ئێستا چ بکات ؟! بە هەرحاڵ نائومێدی شتێک نەبوو کە ئارەزووی بکات . لە پڕ وەخۆ هاتەوە ، لە ناخی ناخەوە هاڕووژا ، ئازای کەوتە لەرزین ، بە چاوانی سوور هەڵگەڕا و ودەرپۆقیوەوە ڕوانیە هاپۆ و هاواری بە سەردا کرد :

– حەمیدە گوم بووە ! ... ئەدی ئێوە چیتان کرد ... خەبەرتان بە پۆلیسخانەی جەمالییە دا و لە (قصر العين ) بۆی گەڕان ؟ خوا خێرتان بنووسێت ، ئەدی پاشان ؟ ... گەڕانەوە سەر کارو باری خۆتان ، وەکو ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێت ! ... خودایا ! ... هەموو شتێک تەواو بوو ، تۆ بۆ دووکانەکەت گەڕایتەوە و ، دایکیشی کەوتە دووی بووک و زاوایان . حەمیدەش تەواو بوو ، منیش تەواو بووم ، ئەوە تۆ چ دەڵێی کابرا هەرچییەک دەزانی پێمی بڵێ ، چ دەربارەی گوم بوونەکەی دەزانی ؟ چۆن گوم بوو ؟ کەی ئەمە ڕوویدا ؟

هاپۆ کامیل ، به تووره بوون ونیگەرانی دۆستەکەی ، زۆر خەمبار بوو ، به دەنگە خەمینەکەی گوتی :- نزیکەی دوومانگە گوم بووە کوڕی خۆم ، بویەرێکی یەجگار ناخۆش بوو ، دڵی هەمووانی هێنایە ژان . خودا شایەدە ، ئێمە درێغیمان له گەڕان وتاقیبکردنی نه کردووە ، بەڵام چ دەکرێ !

عەباس دەستی به دەستی خۆیدا دا ، خوێن زاییە دەم و چاوی ، چاوانی دەرپۆقین ، وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ بەو ئاوایە گوتی :

- نزیکەی دوو مانگ ! .. خودایا ، دەمێکە . ئومێدی دۆزینەوەی نەماوە . ئاخۆ مردووە ؟ ... خنکاوە ؟ ڕفێنراوە ؟ له کوێ بزانم ؟ ... پێم بڵێ ، خەڵکی چ دەڵێن ؟

هاپۆ کامیل ، به خەمینی و میهرەوە تەمەشای کرد وگوتی :

- هەرکەسە و شتێکی دەگوت ، پاشان گەیینە ئەو باوەڕەی که ڕووداوێکی به سەر هاتووە ، بەڵام ئێستا باسی هیچ ناکەن ...

عەباس ئاهێکی هەڵکێشا و به دەنگی بەرز گوتی :

- هەڵبەتە .. هەڵبەتە ، باسی ناکەن ، نه کچی کەسیانە ، نه خزمی کەسە ، تەنانەت دایکەکەشی، دایکی خۆی نییە . خوا دەزانێ چی به سەر هاتووەە ! لەزەرفی ئەم دوومانگەدا ، بەدەم خۆشترین خەونانەوە دەژیام ، قەت دیتووتە ، ئینسانێک خەون به شادییەوە بدینێ و له هەمان کاتدا نەگبەتی وکڵۆڵی بۆی چووبێتە کەمینەوە تا که هەستا گاڵتەی پێبکات و به دەستە غەدارەکانی خۆی چارەنووسی زندە به چاڵ بکات ؟! لەوەیە ئەو شەوەی که من خۆشترین کاتم به سەر برد بێ ، ئەو له ژێر تایەی ئوتومبیلێکدا پلیشابێتەوە ، یان له ئاوی نیلدا خنکا بێ ... دوو مانگ حەمیدە گیان ! ... لا حەولە وەلا قوەتە ئیلابیلا .

هەستا ، پێی به عاردیدا کوتا ، ئەوسا به پەستی گوتی :- خوا حافیز .

هاپۆ کامیل ، به خەمینی گوتی :- به تەمای چیت ؟

عەباس ، به بێتاقەتی گوتی :- دەچمە دیدەنی دایکی .

هاپۆ کامیل ، که به هەنگاوی قورسەوە بەرەو دەرگای دووکانەکە دەچوو ، بیری لەوە دەکردووەوە که کاتێ هاتبوو چەند دڵی خۆش بوو و چۆن له کەیفان له پێستی خۆی نه دەهێوری و ئێستا که دەڕوات چۆن هەرەسی هێناوە . لێوی خۆی گەست ، لاقی وشک بوون ، خەم و پەژارە دایگرت . عەباس ئاوڕی له دۆستەکەی دایەوە ، سەیری کرد

بە دوو چاوی تەژی ڕوندکەوە تەمەشای دەکات . هۆشی بە خۆ نەما ، نا ئاگایانە و بە هەشتاو بەرەو ڕووی چوو ، بەو پەڕی نائومێدی خۆی لە هەمێزی هاوێشت ، وەکو منداڵ ، لە هوڕژنی گریانی دا .

***

باشە هیچ گومانێکی سەبارەت بە دیارنەمانی حەمیدە لا دروست نەبوو ؟ ئایا هیچ دڕدۆنگی و بەد گومانیەکی لەو بەد گومانیانەی کە بەرۆکی ئاشقانی وەکو ئەو دەگرن ، لا دروست نەبوو بوو ؟ ئەلهەقی سووکە گومانێکی لا دروست بوو ، بەڵام ڕێگەی نەدا تەشەنە بکات و لەجێوە خەفەی کرد . کوڕێک بوو بە سروشت خۆشباوەڕ ، زۆر گەشبین ، فرە دڵپاک . لەو خەڵکە کەمانە بوو کە بە تەبیعەت حەزدەکەن پاکانە بۆ کردار و گوفتاری خەڵکی بدۆزنەوە . بە باشە کردار وگوفتاری خەڵکی ڕاڤە بکەن . سووکترین ڕاڤە ، بۆ دزێوترین کار بکەن . خۆشەویستی ، ئەم تەبیعەتەی ئەوی نە گۆڕی بوو ، بەڵکو بە هێزتری کرد بوو ، پتر ڕیشاژووی کرد بوو ، ئیدی وەسوەسەی غیرە وهەمهەمەی گومانی بە سەردا زاڵ نەبوو . حەمیدەی بە دڵ خۆش دەویست و لە پاکی وبێگەردی خۆیەوە ، نەک هیچ گومانێکی لێی نەبوو ، بەڵکو قەناعەت و باوەڕی وابوو ، دلبەرەکەی ، بێ عەیبترین کیژی ئەم دنیایەیە کە ئەو هیچ خێرێکی لێنەبینی بوو . بۆیە هیچ گومانێکی لە حەمیدە نەبوو ، ئەگەر سووکە گومانێکیشی هەبوو بێ ، زوو دامرکاوەتەوە و ئاوا بووە . هەر ئەو ڕۆژە چوو بووە دیداری داکی حەمیدە ، بەڵام ئەویش تینوویەتی نەشکاندبوو . بە دەم سۆز و پەڵمەی گریانەوە هەمان حیکایەت وسەر بووری بۆ گێرایەوە کە هاپۆ کامیل بۆی گێڕا بووەوە . وای تێگەیاند کە کیژێ هەمیشە باسی کردووە و بە تاسەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەم بووە . بەمە هێندەی دی خەم و پەژارەی زیاد کرد . ئیدی کوڕەی داماو ، بە دڵشکاوی و پەرێشانی و خەمینی لە لای داکی حەمیدە هەڵدەستێ و بە خاوە خاو لە کۆڵانەکە وەدەر دەکەوێ ، ڕۆژ ، ڕەنگزەرد ، لە ئاوا بوونا بوو . ڕێک ئەو کاتانە بوو ، کە — جاران — دەرکەوتنی دلبەرەکەی دەبینی کە دەچووە ئێوارە پیاسە و بێئەوەی ئاوڕی دەور وبەر بداتەوە ، سووکێ ملی ڕێگای دەگرت ، بەژن و باڵا ڕێک و پێکەکەی بە عەبا ڕەشەکەوە و چاوەگەش و درشتەکانی دلبەرە ئازیزەکەی لە بەر چاوی بەر جەستە بوو . یادی دوا ماڵاوایی سەرپلیکانەکان لە دڵیا زندوو بووەوە . هەناسەیەکی ساردی لە قووڵایی دڵییەوە هەڵکێشا ، بەو پەڕی نائومێدی و خەمینییەوە بە خۆی گوت : تۆ بڵێی ئێستا لە کوێ بێ ؟ .. چی دەکات ؟ خودا چی لێکردووە ؟ ... ئاخۆ لە سەر زەوی دەژی ؟ یان لە گۆڕێکی نادیاردا ، لە ژێر خەرمانێ خاک و خۆڵدا ، لە خەوێکی ئەبەدیدایە ؟ ... خودایا ، چۆن بە درێژایی ئەو ماوەیە دڵی ئەم بووە بە بەرد و هیچ گومانێک ڕێی نەبردووەتە ناوی و هیچ ختوورەیەکی پێدا نەهاتووە ! ...

چۆن بە دەم خەونانی ڕەنگینەوەو لەزەتی هیواو ئاواتەوە بە ئاسوودەیی ملی بە کارەوە ناوەو . غافڵ و بێ ئاگا لەوەی ، سبەی چی بۆ حەشار داوە ؟! لە هەراو هەنگامەو جەنجاڵی شەقامەکە وەخۆ هاتەوە . ئێرە ( موسکی ) یە

، ئەو شەقامەی کە حەمیدە حەزی لێدەکرد . خەڵکەکەی و موغازەکانی ( دووکان ) و هەموو شتێک وەکو خۆی ماوەتەوە ، تەنیا ئەو ( حەمیدە ) نەبێ ، کە غەیب بووە ! بە جۆرێ غەیب بووە ، وەکو ئەوەی قەت لە دنیادا نەبووبێ ، ئارەزووی گریانی هەستا ، بەڵام ئەمجارەیان ملی بۆ گریان نەدا . گریانەکەی باوەشی هاپۆ کامیل ، کوڵی گریانی لە جۆش خستبوو . ئەعسابی خاو کردب ووەوەو خەم و پەژارەیەکی قووڵ و ئارام سەر ودڵی گرتبوو . ئێستا کاتی ئەوە بوو لە خۆی بپرسێت ، چ بکات ؟ بڕوات بۆ پۆلیسخانەکان و ڕێگا ( قەسرل عەینی) بگرێتەبەر ... ؟ بەڵام سوودی ئەم کارە چییە ؟ بە شەقامەکانی قاهیرەدا بسوڕێتەوەو بانگەوازی بۆ بکات ؟ لە دەرگای یەک بە یەکی ماڵەکان بدات و سۆراغی بکات ؟ هەرچی سەردێنێ و سەردەبات بیری بە هیچ کوێ ڕاناگات . باشە بۆ گرێ مەزن بگەڕێتەوەو هەقی بە سەر هیچەوە نەبێت ؟ بەڵام بۆچی بگەڕێتەوە ؟ بۆچی و لە ڕای چیدا ، ئەم غەمی غوربەتە هەڵگرێت ؟ بۆچی ڕەنج بدات و کاربکات و پارە کۆبکاتەوە ؟ ژیان بە بێ حەمیدە بارێکی قورسەو بەم هەڵناگیرێت ، هیچ ئومێدو هیوایەکی لە دڵدا نەبوو ، هەستی بە بێتاقەتیەکی نەفەسگیرو کوشندە دەکرد ، هێندە ماندوو بوو ، کە ژیانی لێ بوو بوو بە هەڵدێرێکی پڕ لە نائومێدی . بە غەریزە دەژیاو ، هیچی دەربارەی ئەو دیوی ژیان نە دەزانی ، بۆیە جەوهەری ژیان و نەمری ژیانی لە قیان و خۆشەویستیدا دەبینی ، کە ئەمەی لە دەست دا ، ئیدی پەیوەندی بە ژیانەوە نامێنێ و دەبێ بە گەردیلەیەکی سەرگەردان لە فەزادا . ئەگەر ژیان — بە هەموو تاڵیەکییەوە — ڕۆڵەکانی خۆی فریو نەدابا کە لە نا خۆشترین و تاریکترین کاتدا ، خۆیانی پێوە هەڵوسن ، ئەوا کۆتایی بە ژیان دەهێناو خۆی ڕزگار دەکرد . بەڵام حایرو سەرگەردان ، بێهیچ ئارمانجێک درێژەی بە ڕێگەی خۆی دا ، لەو دەمەدا هەستی دەکرد ، هەمیشە گومڕا بووە . بەڵام هێشتاش ، سووکە ئومێدێک ختووکەی هۆش و گۆشی دەدا ، بە دەم ڕێگاوە کیژەکانی کارگەی بینی کە لە کار دەگەڕانەوە ، بە خۆی نەوەستاو نائاگایانە ڕێگەی پێگرتن ، بە سەرسامی و سڵکردنەوە وەستان ، بەڵام زوو ناسیانەوە ، عەباس بێ چەندو چوون ، بێهیچ دوو دڵییەک لێی پرسین :

– ئێوارەاتان باش کچینە ، ببورن ، ئێوە حەمیدەی هاوخوشکتان بیر دێتەوە ؟

یەکێکیان گوتی :

– هەمووما لە بیرمانە ... ئەوەشمان لە بیرەکە چۆن لە ناکاوا غەیب بوو و ئیدی لەو ڕۆژەوە تا ئێستا نەمان بینیوەتەوە !

عەباس ، بە کەساسییەوە پرسی :– هیچ شتێک دەربارەی گوم بوونەکەی دەزانن ؟

یەکێکی دیکەیان ، کە دوو چاوی مەکربازانەی پێوە بوو گوتی :

- شتێکی تەواو و ئەسەحی دەربارە نازانین ، بەڵام ئەو ڕۆژەی کە ون بوو بوو ، دایکی هەمان ڕۆژ هاتە لای من و سۆراغی کرد ، بە دایکم گوت ، ئێمە چەند جارێک کە لە گەڵ ئەفەندییەکدا دیتبومان کە لە ( موسکی ) پیاسەیان دەکرد !

عەباس ، ئاشفتەو حەیران ڕوانیە ڕوخساری کچەکەو ناخی دا لەرزی و پرسی :

- یانی لە گەڵ ئەفەندییەکدا بینیتان ؟!

نیگای ، لە نیگای پڕ تەوس و توانجی کیژەکان دزییەوە ، کیژەکان کەمێک خۆیان زەوت کرد ، هەمان ئەو کیژەی کە قسەی لە گەڵ کردبوو ، بە نەرمی گوتی :- بەڵێ بەڕێز .

- ئەمەت بە دایکی گوت ؟

- بەڵێ ..

سوپاسی کردن و بە ڕێی خۆیدا ڕۆیی . دڵنیا بوو ، کە دەیکەن بە بابەتی قسەکانی پاشماوەی ڕێگاکەیان ، لەوەشە ، قاقا بەم گەنجە گەمژەیە پێبکەنن کە سەفەری گردی مەزنی کرد بوو ، تا پارە بۆ خۆشەویستەکەی کۆ بکاتەوە ، ئەو خۆشەویست و دلبەرە بێ ئەمەگەی کە دڵی بە یەکێکی دی دابوو و ڕەدووی کەوتبوو . بە ڕاستی گێڵ بوو ! دوور نییە هەموو خەڵکی گەڕەکەکەشی باسی گێلیەتی ئەمیان کرد بێ . هاپۆ کامیل بەزەیی پێیدا هاتووەتەوەو حەقیقەتەکەی لێشاردووەتەوە ، وەکو چۆن دایکی حەمیدە لێی شارد بووەوە . ئایا جگە لەوە هیچ کارێکی دیکەیان لە دەست دەهات ؟! هێشتا بە تەواوەتی وەخۆ نەهاتبووەوە کە بە خۆی گوت : " دڵم لە هەوەڵەوە خەبەری دا "، بەڵام ئەمە خەیاڵ بوو ، ڕاستی نە دەکرد چونکە جگە لە سووکە گومانێک ، هیچی تر نە کەوتبووە دڵی .

ئیدی ئێستا کە کەوتبووە داوی ئەم مەینەتەوە ، دڵخۆشی خۆی بەو سووکە گومانە دەدایەوە . دوای تۆزێک ئاهێکی هەڵکێشاو لە کاتێکا بە پەستی قامکەکانی دەستی دەگوشین و دەکردنەوە ، لە خۆی دەپرسی :" خودایا ، چۆن لەمە بگەم ! ئایا حەمیدە بە ڕاستی لە گەڵ پیاوێکدا ڕۆییوە ؟! کێ باوەڕ بەمە دەکات ؟ کەواتە نەمردووە ، هیچ ڕووداوێکیشی لێ نە قەوماوە. هەڵەیەکی گەورەیان کردووە کە لە پۆلیسخانەکان و قصر العینی دا بۆی گەڕاون . هەرگیز بیریان بۆ ئەونەچووە ،

کەسەر ڕەحەت و ئاسودە خەیاڵ ، لەباوەشی ئەو پیاوەدا هەلآئابێ ، کە ڕەدووی خستووە ، باشە خۆبەڵێنی بەم دابوو ، ئەمەداری کردبوو ، ئایا هەڵی دەخەڵەتاند ؟ ... یان خۆی هەڵخەڵەتاندبوو کە گوایە حەزی لەمە ... ! باشە

چۆن ئەوئەفەندییەی ناسیوە ؟ کەی خۆشی ویستووەو حەزی لێکردووە ؟ چ جورئەتێکی ئەهریمەنی هانیداوە لە گەڵیا برەڤێ ؟ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو ، چوار پەلی تەزی بوو ، زۆر ناڕەحەت بوو ، نیگایەکی تاریک نیشتبووە سەر چاوانی ، جار جار گریان لێدەبووەوە . بیرۆکەیەکی بە مێشکا هات ، سەری بۆ ئەو ماڵانەی ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگاکە هەڵبڕی ، دەیڕوانیە پەنجەرەکانیان و لە خۆی دەپرسی : " ئاخۆ ئێستا لە کام خانووەدا لە پاڵ پیاوەکەیدا هەڵاژاوە ؟ " تەپو تۆزی حیرەتی لێ ڕەوییەوە ، ڕقێکی ئاگرین و کینەیەکی برسی جێگەی گرتەوە . دڵی لە ژێر گوشاری غیرەدا ، دەگوشرا . بەڵام هەستی نائومێدی — زادەی بە فیرۆ چوونی هیواو لە خاک نشتنی دلبەر — لە غیرەکە زۆر بە ئازارتر بوو . غروور و کبریا ، سووتەمەنی غیرەن و ئاگرەکەی خۆشدەکەن . غروور و کبریایەکی زەقی پێوە دیار نەبوو . بە هیوای زۆر و خەونی گەورەوە دەژیا ، بەڵام هیواکانی پەژمردە بوون و خەونەکانی ڕەوینەوە ، تووڕەیی سەراپای تەنی ، ئەم تووڕەییە ، بە بێ ئەوەی بە خۆ بزانێ سوودی بۆ ئەو هەبوو ، لەو خەمە بێدەنگ و قورسە رزگاری کرد و گیانی تۆڵە ئەسێنێ لە لا جۆشدا ، ئەگەر تاقە تفێکیش بووە . لە ڕاستیدا بیرۆکەی تۆڵەی ئەستێنێ ، لەو ساتە دۆزەخینەی قارو تووڕەییەدا ، بە سەر هۆش و گۆشیا زاڵ بوو ، پڕ بە دڵ حەزی دەکرد ، تاهێز لە دەستیایە خەنجەرێکی تیژ بە دڵەی ستەمکارو ناپاکی حەمیدەدا بکات . ئێستا دەیتوانی پەلی بە نهێنی عەسر پیاسەکانی بەرێت و بۆچی ڕۆژ بێری نە دەکرد . تومەز لەو ڕێگایەوە خۆی نیشانی گورگانی سەر ڕێگاو بانەکان داوە ! لێ گومان لەوەدا نییە شێت بووە ، ئەو ئەفەندییە هۆش و گۆشی بردووە ، ئەگینا چۆن سۆزانیەتی ، بە سەر شووکردن بەمدا ، پەسەند دەدا ! لێرەدا بە داخ و کەسەرەوە لێوی خۆی کرۆشت ، یەکسەر پێچی کردەوە کە بگەڕێتەوە . لە ڕێکردن و تەنیایی وەڕز بوو . دەستی بە گیرفانیا کرد ، قوتووی ملوانکەکەی سەحکردەوە ، پێکەنینێکی و شک و تەوسامێزی لە دەم دەرپەڕی ، لە ڕاستیا هاواری تووڕەیی بوو لە ژێر پەردەی پێکەنیندا ، خۆزیا دەیتوانی بە زنجیری ئەم ملوانکەیە بیخنکێنێ ! بیری کەوتەوە چۆن لە دووکانی زەڕەنگەرەکەدا وەستاو چاوی بە خشڵ و جەواهێراتەکاندا دەگێڕاو لە زگ بوو دڵی لە خۆشیا ، لە سینەی بێتە دەرەوە . بیرەوەریان وەکو شنەیەکی فێنک بە سەر دڵیا هەڵیکرد ، بەڵام لە جیاتی دڵی فێنک بکاتەوە ، هێندەی دی ئاگری دڵی گەشاندەوەو کڵپەو بڵێسەیان زیاد کرد ...

(٢٩)

کاتێ جەنابی عەلوان ، گرێبەست و قەرار دادەکەی سەر مێزەکەی ئیمزا کرد ، خواجە کە لە بەرانبەری دانیشتبوو ، دەستی گوشی و گوتی :- پیرۆزە سەلیم بەگ . ئەمە سەروەتێکی مۆڵە .

ئاغای عەلوان ، چاوی بڕییە خواجە کە دەڕۆیی و ، تا لە دەرگای کاروان سەراکە ئاودیو بوو ، هەر چاوی لێنەگواستەوە . سەودایەکی باش بوو ، خێرێکی زۆری کرد بوو . ئەوەندەی بەس بوو کە لە زەحمەتی عەمارکردنی

چایەکە . کە خواجە بە کۆ کڕی بووی ، ڕزگار بووە جگە لەوەی خێرێکی باش کرد بوو ، لە ترس و دوو دڵی بازاریش خەلەسی ، بە تایبەتی کە سیحەت و سەلامەتی ئەو ، بەرگەی هەراو هەنگامەو هەوراز و نشێوی بازاڕی ڕەشی نە دەگرت . بەڵام بە بێزاری و پەستی و تووڕەییەوە ، بە خۆی گوت : " سەروەتێکی مۆڵە ، بەڵام نەعلەتە ، لە دنیای مندا هەموو شتێک لە نەعلەت نیشتووە ." ئەلهەقی جەنابی عەلوان ، عەلوانەکەی جاران نەبوو ، جگە لە تاپۆیەکی باریک و بنێس هیچی تری لێ نەما بووەوە . بە دەست ئەعسابیەوە زۆر شەکەت بوو، ئەگەر کار وا بڕوات دەیکوژێت ، لە ناوێ دەبات . بەر دەوام بیری لە مردن دەکردەوە ، مردن بوو بوو بە خەمی شەو و ڕۆژی . ئەم پیاوە لە بنەڕەتدا کەسێکی بێورەو سست باوەڕ نە بوو ، ترسنۆک و بودەڵەش نەبوو ، بەڵام سەرگەردانی و پەرێشانی ئەعساب ، باوەڕو ئازایەتی لە بیر برد بووەوە . بەردەوام بیری لە کاتی گیانەڵڵاو ئاوزینگ — کە لە کاتی نەخۆشییەکەیدا ، بەشێک لە تاڵی ئاویلکەدانی چەشتبوو – دەکردەوە . بیری لەو خزمانەی دەکردەوە ، کە مەرگ هێنا بوونیە سەرینی ئەو و لە دەوری ئەوی کۆکردبوونەوە . بیری لەوە دەکردەوە کە بە چ ئازارێک و بە چ بێ دەسەڵاتیەک لە سەر جێگا کەوتبوو ، چۆن سینگی بەرز ونزم دەبووەوە ، چۆن هەناسەی سوار دەبوو بە ڕچاوانی لێڵ و تاریک دەبوو . و گیان خەریک بوو لە جەستە دەردەچوو . ئایا هەر هەموو ئەمە بە ئاسانی ڕوو دەدات ؟ ئینسان ئەگەر نینۆکێکی دەر بێنن شێت دەبێ ، ئاخۆ کە گیانی دەربچێ چی بە سەر بێت ؟! تەنیا ئەو کەسانە حەقیقەتی ئەم ئازارە دەزانن ، کە کەوتبنە حاڵی مەرگ و ئاویلکەیان جەڕیاندبێ . ئێمە تەنیا نیشانە دیارو ڕواڵەتیەکانی گیانەڵا دەرک دەکەین ، بەڵام دەنگدانەوەی گیانەڵا لە ڕوحدا ، ئازاری ئاوزینگ لە جەستەدا ، ئەمە ڕازێکە ، بە هەموو دەرد و ئازاریکیەوە ، مردووان لە گەڵ خۆدا دەیبەنە گۆڕەوە . خۆ ئەگەر بکرابا ، مردوویەک باسی دەمی گیان کەنشتی خۆی بگێڕاباوە ، هیچ بەشەرێک بۆ تاقە ساتێک لە ژیاندا نە دەهێوری و نەدەحەویەوە ، خەڵکی بەر لەوەی ئەجەلیان بێت ، لە ترسا ڕوحیان دەر دەچوو . لە خوا دەپاڕانەوە ، بیانخانە ڕێزی ئەو بەختەوەرانەوە کە بە مەرگی مفاجات دەمردن . بەختەوەرن ئەو کەسانەی کە بە دەم قسەکردنەوە یا نانخواردنەوە ، یان دانیشتنەوە یا هەستانەوە وەکو ئەوەی چاو و ڕاو لە ئاوزینگ بکەن و فرسەت بێنن و لە ناکاوا بە دزییەوە ، خۆ بە دەرگای ئەبەدیەتدا بکەن ! ..

بەڵام ئەو تەقریبەن لەو جۆرە مەرگە خۆشە نائومێد بوو ، چونکە بۆیان گێڕا بووەوە . کە چۆن باوکی و باپیری ، تاقێکی تەواو ، بە دەم گیان کێشانەوە تلابوونەوە ، ئازارێکی وەهایان چەشتبوو ، لە وێناکردن نەیەت .

کێ باوەڕی دەکرد پیاوێکی وەکو سەلیم عەلوان — ئەو پیاوە بە هێزو بەختەوەرەوە — بکەوێتە داوی ئەم ترس و خەیاڵاتانەوە ؟ .. هەڵبەتە ترسی ئەو تەنیا لە ئازاری گیان کەنشت نەبوو ، بەڵکو بیری لە خودی مەرگیش ، لە پاڵ کەوتن و ڕاکشانی ئەبەدیش دەکردەوە ، بە شێوازی تایبەتی خۆی بیری لێدەکردەوەو دەیفەلسەفاند ! بە خەیاڵی

خۆی و له بەر ڕۆشنایی ئەو کەلتورەی کە بابەلباب بۆی مابووەوە ، وای وێنا دەکرد کە هەندێ لە هەست و بیرەکانی دوای مەرگیش لە گەڵیا دەمێننەوە . مەگەر زندووەکان ناڵێن : چاوی مردوو، ئەو خزمانە دەبینن کە تەمەشای دەکەن ؟ ئیدی دڵنیا بوو کە مەرگ دەبینێ ، هەست بەو کۆتاییە ئەبەدیە دەکات کە ئەمیش دەگرێتەوە ، هەستەکانی ئاوێتەی تاریکی وترس و نامۆیی گۆڕو ئیسک پرپوسک و کفنان بوو ، لە گەڵ تەنگی و تاریکی گۆڕدا یەکانگیر بوو . ئەم ئەگەرەش هەبوو کە بیری دنیاو خەڵکی دنیاش بکات ! ... بە دڵی تەنگ و چوارپەلی سست و تەزیوو هەنیەی لە ئارەقدا هەڵکشاوەوە ، هەموو ئەوانەی هێنایە بەر چاوی خۆی . هەڵبەتە ئەو حەشرو نەشرو حیساب وکیتاب و عەزابەشی لە بیر نە دەکرد ، کە لە دوای هەموو ئەو حاڵەتانەوە دەهات .. ئاە ڕێگای نێوان مەرگ و بە هەشت ، چەند دوور و درێژە ! .

هەرچەندە ، ژیانی هیچ تامێکی تیا نەما بوو و ژیان ، جگە لە ئەنجامدانی مامەڵە و ئیمزاکردنی قەرارداد و گرێبەستان و پێداچوونەوەی تۆماران ، هیچ شتێکی تری بۆ نەهێشتووە ، بەڵام لە ترس و نائومێدیدا خۆی بە ژیانەوە هەڵواسی بوو . دوای هەستانەوەی لە نەخۆشی . لە سەر پرس و ڕاوێژ بە دکتۆرەکەی بەردەوام بوو ، دکتۆرەکەی دڵنیای کردەوە کە لە جەڵتەکەو شوێنەواری جەڵتەکە خەلەسیوە ، بەڵام ئامۆژگاری کرد کە ئاگای لە خۆبێ و لە هەموو شتێکدا میانڕەو بێت . چەند جارێک ، گلەی بردە لای دکتۆرەکە، کە بە دەست بێخەوی و ترسەوە حاڵی بێ حاڵە ، دکتۆرەکە ئامۆژگاری کرد کە سەری دکتۆری مێشک و دەمار بدات . لەوە بە دواوە ، کەوتە هاتوچۆی دکتۆرێن پسپۆڕی مێشک و دەمار و دڵ و سینگ . ئیدی دەرگای دنیای نەخۆشی لێکرایەوە . دنیایەک بوو لە ڕووی بەرینیەوە چیوای لە دنیای ئێمە کەمتر نەبوو ، یەک دنیا میکرۆب و نیشانەی نەخۆشیانی نادیاری تیا دەژیا . سەیر ئەوەبوو باوەڕی بە حەکیمی و حەکیمان نەبوو ، بەڵام لە ناچاریدا باوەڕی پێهێنا بوون . لەوەیە ئەم باوەڕە ناچاریە ، یەکێک بوو بێ لە نیشانەکانی ئەو نەخۆشیەی کە ئەعسابی ئازار دەدا ! .

ژیانی لەم دۆزەخی ترس و دڵە ڕاوکێیەدا قەتیس بوو بوو . لە کاتی کارکردن و لەو ساتانەدا کە دەروونی دەهێوری و لە مۆتەکە و ترس دەخەلەسی . وەکو ئەوە بوو ، ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆی لە گەڵ دەور وبەرەکەیدا تێکبدات ، ئیدی یا بە گژ خۆیا دەچوو ، یا بە گژ خەڵکیدا دەچوو . کارگەرانی کاروانسەرەکە لە هەوەڵەوە بۆیان دەرکەوتبوو کە ئاغایان گۆڕاوەو تەواو تێکچووە . سکرتێر و پێشکارەکەی دوای چارەکە سەدەیەک لە خزمەت ، وازی هێناو کرێکارەکانی دیکەش ، ئەوانەی کە مابوونەوە ، بە ناچاری مابوونەوەو بە ترس و دوو دڵییەوە درێژەیان بە کارەکەیان دەدا . خەڵکی کۆڵانەکە . لە پاشملە دەیانگوت ، نیمچە شێت بووە . حوسنیەی نانەوا ، کە پێ خۆشبوونی ، خۆی نە دەشاردەوە ، گوتی : " خوا پێم نەگرێ ، کاریگەریی ، سینیە فریکەکەیە ."
ڕۆژێک هاپۆ کامیل بە نیازو مەبەستێکی پاکەوە پێی گوت :

- جەناب ، ئیجازە دەفەرمووی ، یەک سینی بەسبوسەی تایبەتیت بۆ دروست بکەم ، کە بە ئومێدی خوا ، ببێت بە شیفات ؟

لێ ئاغا زۆر توورە بوو ، بە ڕوویا هەڵشاخی و هاواری بە سەردا کرد :

- لاکەوە لە بەر چاوم قەڵەڕەش ، ئەوە تۆ شێت بووی هەی کاڵفامی بێ ئەقڵ ! خەڵکانی وەکو تۆ ، لەو حەیوانانەن کە تەنیا گەدەیان کار دەکات .

هاپۆ کامیل ، لەوە دوا ، نە بەچاک و نە بەخراپ خۆی لە قەرەی نەدا ، خێری نییە ، شەڕی بە پای سەگ .

سەلیم عەلوان ، لە سۆنگەی ئەو گۆڕانە جەستەیی و ئەقڵییەوە ، کە بە هۆی نەخۆشییەکەیەوە تووشی بوو بوو ، هەمیشە بەو خەیاڵەوە دەژیا کە ژنەکەی حەسوودی پێدەبات ، بۆیە بەر دەوام لێی توورە دەبوو ، خەشی خۆی بەو دەڕشت ، هاواری بە سەردا دەکرد :

- سیحەت و سەلامەتی من هەمیشە چقڵی چاوی تۆ بووە ، چاوت پێما هەڵنەهاتووە ، ئێستا کە تیا چووم و لێبوومەتەوە خەنی لە خۆت . هەی ئەژدیها ..

ڕۆژ بە ڕۆژ بەگومانتر دەبوو ، تا ڕۆژێک ئەو خەیاڵەی لا دروست بوو کە هەبێ و نەبێ ژنەکەی بەوەی زانیوە کە ئەم نیازی خواستنی حەمیدەی هەبووە . چونکە زۆر چاو هەن کە ژێراو ژێر تاقیبی ئەم جۆرە کارانە دەکەن ، زۆر زمان هەن خۆ بەخش ئەم جۆرە کارانە بڵاو دەکەنەوەو دەیگەیەننە لایەنی پەیوەندیدار ، بۆیە هیچ بە دووری نەزانی کە ژنەکەی بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە ، کارێکی کرد بێت ، کە بەو دەردە بچێت و ئەقڵ و سیحەتی تێک بچێت ؟ . هەڵبەتە لە حاڵێکا نەبوو ، کە ئەو گومانە بە تەرازووی ئەقڵ هەڵبسەنگێنێ و ئاقڵانە لێکیبداتەوە . ئیدی ئەم گومان و دوودڵییەی زۆر زوو لە لا بوو بە یەقین ، ڕەق و کینە دایگرت و خۆی بۆ تۆڵە ئامادەکرد : بەد ڕەفتاری لە گەڵ ژنەی داماودا دەکرد ، جنێوی پێدەدا ، هاواری بە سەردا دەکرد ، لێ ژنەی تاین ، بەو پەڕی سەبر وحەوسەڵەوە خۆی زەوت دەکرد و هیچ بیانوویەکی نە دەدایە دەستی . بەڵام پیاوە دەستبەردار نە دەبوو ، هەوڵی دەدا توورەی بکات و کارێک بکات ئەو سەبرو بێدەنگیە بشکێنی و بکەوێتە گلەیی و خوتەو بۆڵە و گریان و ڕوندک هەڵڕشتن . سەلیم عەلوان ، ڕۆژێک بە حەقارەتەوە پێی گوت :

- لە تۆ بێزار بووم ، تاقەتی تۆم نەماوە. لێتی ناشارمەوە بە نیازم  ژن بێنم ، دەمەوێ ئەم جارەش ژیانی خۆم تاقی بکەمەوە !

ژنه باوەڕی پێکرد ، بەمجۆره بناغەی ویقارو سەنگینیەکەی لەرزی ، پەنای برده بەر منداڵەکانی و هەموو جنێوو سخیف و بەد رەفتاریەکانی مێردەکەی ، لە سیری تا پیازی بۆ گێڕانەوە . کوڕەکان حەپەسان . لەم کاره ترسان . دڵنیا بوون کە باوکیان بەرەو هەڵدێرێکی خراپ دەڕوات : ئەوە بوو ڕۆژێک چوون بۆ لای و پێشنیازیان کرد ،- بۆ سەلامەتی خۆی — واز لە بازرگانی و کاسبی بێنێ و بۆ خۆی دانیشت و ئیسراحەت بکات و ئاگاداری سیحەت و سەلامەتی خۆی بێ . سەلیم عەلوان ، لە فیکەی خۆی حاڵی بوو و لە مەبەستیان تێگەیی ، ئیدی زۆر تووڕە بوو ، بە جۆرێ بە گژیاندا چووەوە کە بە عەمراتی خۆیان ، تووڕە بوونی وایان لێنەبینی بوو . بە توندی پێی گوتن :

- ژیانم موڵکی خۆمە ، چونم بوێ وای ئاراستە دەکەم ، حەزم لە هەرچیەک بێت دەیکەم ، پێویستم بە ئامۆژگاری بەغەرەزی ئێوە نییە .

لە کاتێکا چاوە بێ گیانەکانی بە سەرا دەگێڕان ، بە تەوسخەنەوە گوتی :

- دایکتان باسی ئەوەی بۆ نە کردوون کە بە تەمام ژن بێنم ؟ ..

بەڵێ ئەمە حەقیقەتە . دایکتان لێبڕاوە من بکوژێت و منیش بڕیارم داوە پەنا بەرمە بەر ژنێک کە کەمێک ڕەحمی لە دڵ بێ . ئەگەر دەترسن بەم زەماوەندەی من ژمارەتان زۆر ببێ ، ئەوا دڵ لە دڵ مەدەن ، ئەوەندەم سەروەت و سامان هەیە کە چاوی تەماعی هەمووتان تێربکات ..

هەڕەشەی لێکردن کە دەستیان لێ دەگرێتەوەو دەبێ هەر کەسەو بە پارەو پشتیوانی خۆی بژی ، بە هەمان تووڕەیی لە سەری ڕۆیی :- من ، وەکو بە خۆتان دەبینن ، هەموو خواردنێکم هاتووەتە سەر دەرمانی تفت و تاڵ ، ئیدی هیچ ماقووڵ نییە خەڵکانی دی لەزەت لە موڵک و ماڵی من بدینن .

برا گەورەکەیان گوتی :

- چۆن بەم زمانە تاڵە قسەمان لە گەڵدا دەکەی . لە کاتێکا ئێمە هەموومان کوڕی دڵسۆزی تۆین ؟

سەلیم عەلوان ، بە تەشەرەوە گوتی :- هەموو گەوهەری یەک دانەی دایکتانن ! ..

هەڕەشەکەی پراکتیزە کرد ، نەیهێشت هیچ شتێک لە ماڵی ئەوەوە ، بۆ ماڵی کوڕەکانی ببرێ . ڕێگەی نەدەدا ، ئاشخانەکەی ، کە بە خواردنی زۆر خۆش و نایاب بە نێو بانگ بوو ، وەکو جاران جۆرەها خواردنی نایاب ئامادە بکات . چونکە خۆی ، دوای نەخۆشیەکەی خواردنی خۆش و بە لەزەتی لێ قەدەغە کرابوو ، دەیویست هەموو ئەوانەی دیکەش — بە تایبەتی ژنەکەی — لەم ڕووەوە بکات بە شەریکی خۆی و بە خورتی پارێزیان پێبکات ! .

کە زانی باسی ژن هێنانی دووەم ، ژنەکەی دەهاڕوژێنێ و چەکی سەبر و ویقاری لە دەست دەدرێنێ ، زوو زوو دەیدا بە گوێیا . کوڕەکانی ، پێکەوە کۆبوونەوە تا تەگبیر و ڕاوێژ بکەن ، بەڵام بێئەوەی هیچ حیسابێک بۆ دەردو ئازاری باوکیان بکەن ، هیچ هاوخەمییەکی بکەن ، کەوتنە قسەی بێ سەر وبەر ، گەورەکەیان گوتی :

- با وازی لێبێنین ، تا بزانین خوا چی دەکا .

بەڵام کوڕە پارێزەرەکە ، هەڵیدایە و بە جدی گوتی :

- بەڵام ئەگەر مەسەلەی ژنهێنانەکەی بە ڕاست بێ ، پێویستە ئاگادار بین و نەیەڵین ، بەو ئاسانیە بکەوێتە دەستی تەماعکاران ..

***

دیار نەمانی حەمیدە ، بۆ سەلیم عەلوان ، بویەرێکی زۆر ناخۆش بوو . هەرچەندە — لە نەخۆشییەکەی بە دواوە — ناوی نە دەبرد ، بەڵام هەواڵی غەیب بوونەکەی زۆری خەمبار کرد ، زۆر بە وردی و پەرۆشەوە پەیگیری کاری ئەوانەی دەکرد کە سۆراغیان دەکرد . کاتێ گوێی لە قسە و قسەڵۆکی دەم نەوەستراوان بوو کە گوایە لە گەڵ پیاوێکی نە ناسراوا هەڵاتووە ، زۆر نارەحەت بوو . ئەو ڕۆژە بە ڕادەیەک تووڕە بوو کە کەس زاتی نە دەکرد لێی نزیک ببێتەوە . هەر کە ئێوارە داهات بە ئەعساب ومێشکی ماندووەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە ، تووشی سەر یەشەیەکی ئەو تۆ بوو کە تا بەرە بەیان خەو نەچووە چاوی . ڕقێکی گەورەی لە کیژەی هەڵاتوو هەڵگرت . ڕق و کینە دڵی خواردەوە ، خۆزی خواست کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە زمانی دەرهاتگ و چاوانی دەرپۆقیوەوە ، بە سەر سێدارەوە بیبینێ . کاتێ بیستی عەباس حلو لە گرێ مەزن زڤریوەتەوە ، بێهیچ هۆیەکی دیار ، سوکنایی هات و هێور بووەوە ، ئەنگێزەیەکی سەیرە کە مقاوەمە نە دەکرا ، هانیدا کە بنێرێ بە دووی عەباسدا ، لێی نزیک بووەوە ، بە میهرەبانی دواندی ، لە حاڵ و باڵ و ژیان و بژێوی پرسی ، باسی کچەی لە گەڵدا نەکرد ، عەباس ، ئەم هەست و سۆزەی ئەوی پێخۆش بوو ، سوپاسی کردو بە دوور و درێژی باسی خۆی بۆ کرد . ئاغا بە چاوانی بەقوڵا چووەوە تەمەشای دەکرد . لە ڕۆژانی هەوەڵی پاش هەڵاتنەکەی حەمیدەدا ، بوبەرێک ڕووی دا — ئەگەر چی بە ڕواڵەت و لە خودی خۆیدا هیچ نەبوو — بەڵام بویەرێک بوو لە مێژووی میدەقدا گرینگ بوو . جەنابی سەلیم عەلوان دەور وبەری چێشتا نان بەرەو فرۆشگاو کاروانسەراکەی دەچوو . لە ڕێگا تووشی شێخ دەروێش بوو ، کە لە دووی هەندێ کاروباری خۆی بوو . ئاغا ، لە هەوەڵەوە ، لە دڵبەندانی شێخ دەروێش بوو ، زۆر جار چاکەی لەگەڵ دەکرد ، دەستی پێوە بوو ، دەستگیرۆیی دەکرد و دیاریی دەدایە . بەڵام شێخ لە کاتی نەخۆشیەکەدا ، فەرامۆشی کرد بوو ، وەکو ئەوەی

له ئیجادی  نەبووبێ . کاتێ لە نزیک دەرگای کاروانسەراکە تووشی یەکدی بوون ، شێخ لە بەر خۆیەوەو بە دەنگی بەرز گوتی :- حەمیدە غەیب بووە .

عەلوان ، حەپەسا ، حایرما و وای بۆچوو کە شێخ لە گەڵ ئەویّتی ، خۆی پێزەوت نەکرا ، بە خۆی نەوەستاو هاواری بە سەردا کرد :- جا من حەقم چیە ؟ چ پەیوەندییەکی بە منەوەیە ؟

لێ شێخ دەروێش لە سەری ڕۆیی :

- هەر غەیب نەبووە، بەڵکو هەڵاتووە . هەر هەڵنەهاتووە ، بەڵکو ڕەدووی پیاوێک کەوتووە : لە ئینگلیزیدا بەمە دەڵێن ( Elobement ) کە سپێڵەکەی دەکاتە : ئی ..

بەڵام پێش ئەوەی کابرا سپێڵەکەی تەواو بکات ، عەلوان بە ڕوویا تەقیەوەو هاواری بە سەردا کرد :

- ئەمڕۆ ڕۆژێکی شوومە ، کە ڕووم بە ڕووی تۆی شێت و شورەوە بووە . هێدێ ، گوم بە لەبەر چاوم ، بە نەعلەتی خوا بی ..

شێخ . لە جێی خۆی وشک بوو ، دەتگوت بە خورتی لەو عەرزەیان چەقاندووە، وەکو منداڵێک ، کەسێک بە دار هەڕەشەی لێکردبێ و زراوی تۆقی بێ ، بەو ئاوایە چاوانی ئەبڵەق بوون . ئەوسا کەوتە گریان و سەلیم عەلوانیش ڕۆیی بەلای کاری خۆیەوە . شێخ دەروێشیش بە دەم گریانەوە لە جێی خۆی وەستاو بەرە بەرە دەنگی گریانی بەرز بووەوەو گەبیە گوێی وەستا کەرشەو هاپۆ کامیل و دەلاکە پیرەکە . بە هەشتاو خۆیان گەیاندێ و لە هۆی گریانەکەیان پرسی ، بۆ چاخانەکەیان برد و لە سەر کورسییەکەی خۆی دایان نا . هەوڵیاندا ژیری بکەنەوە ، وەستا کەرشە داوای پەرداخێ ئاوی بۆ کرد ، هاپۆ کامیل ، شانەکانی نەوازش کرد و بە خەمێنیەوە گوتی :

- ئومێدت بەخوا بێ شێخ دەروێش ، خودایا لە شەڕی ناگەهان لامان بدە . ئەم گریانەی شێخ ، ئاقیبەت خێر نا بێ .. خودایە خۆت ڕەحم بکە .

بەڵام کوڵی گریانەکەی شێخ لە جۆش نەکەوت ، سەری بە گریانەوە هەڵدەگیرا ، هەناسەی بۆ نە دەدرا ، ئازای دەلەرزی ، لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد ، بە توندی بۆینباخەکەی ڕادەکێشاو لە ملی خۆی دەجەڕاند ، قاپقاپەکەی خۆی بە عاردیدا دەکێشا ، پەنجەرەی ماڵەکان کرانەوەو سەران بە سەرسامی و پەرۆشەوە ، لە چوار چێوەی پەنجەرەکانەوە ، کێشرانە دەرەوە . حوسنیەی نانەوا هات ، دەنگی گریەو زاری گەبیە ناو کاروانسەراکەو سەلیم عەلوان ، بە تووڕەیی گوێی بۆ هەڵخست ، تەواو خرۆشا ، لە خۆی دەپرسی : " باشە کەی دەستبەرداری ئەم گریەو زاریە دەبێت ؟ .. بێهودە هەوڵی دەدا خۆی لە شێخ وگریە و زارییەکەی بدزێتەوە ، پێدەچوو ، گریەو زارییەکە

دەستبەرداری نەبێت ، کارگەییە ئەوەی وای خەیاڵ دەکرد هەموو دنیا دەگری . تووڕەییەکەی داسەکنی و هەڵچوونەکەی نیشتەوە ، بەڵام گریە و ناڵەکە هێشتا ژێیەکانی دڵی دادەلەرزاندو سۆزو بەزەیی دەجوڵاند . خۆزیا ، جڵەوی تووڕەییەکەی خۆی دەگرت و هاواری بە سەر شێخی وەلیدا نە دەکرد ! .. بریا لە ڕێگادا تووشی نە دەبوو ! چ دەبوو ئەگەر چاوپۆشی لێکردباو ، بە ڕێزەوە بەلایا تێپەڕیبا ! . ئاهێکی پەشیمانی هەڵکێشاو بە خۆی گوت : خەڵکی وەکو ئەو نەخۆش ، هەقە لە خوا نزیک ببنەوە ، نەک وەلییەکی خوا بڕەنجێنن " غرووری خۆی سەرکوت کردو هەستا ، لە کاروانسەراکە وەدەرکەوت و بەرەو چاخانەکەی کەرشە ڕۆیی ، بێئەوەی گوێ بەو چاوانە بدات کە حایرو حەپەساو تەمەشایان دەکرد ، یەکسەر چوو بۆ لای شێخ ، بە میهرو سۆزەوە ، دەستی نایە سەر شانەکانی ، بە دەنگێکی تەوازی خوازانەو خەمین گوتی :- شێخ دەروێش .. بمبورە .

( ٣٠ )

عەباس حلو ، خۆی پەنا دابوو و لە شوقەکەی هاپۆ کامیلدا دانیشتبوو کە بە توندی لە دەرگا درا ، هەستا ، دەرگای کردەوەو حوسەین کەرشەی بینی کە کراس و پانتۆڵی لە بەر بوو . چاوە چکلۆلەکانی ، وەکو هەمیشە ، بریسکانەوەو ئەوسا گوتی :- دوو ڕۆژە بۆ کۆڵان هاتوویتەوەو لێت نەپرسیوم ! ئێ حالت چۆنە ؟

حلو ، بە دەم بزەیەکی کاڵەوە ، دەستی بۆ درێژ کردو گوتی :

- تۆ چۆنی حوسەین ؟ ... گلەیی مەکە ، حاڵی براکەت باش نییە ، نە کەسێک نە کارێک ، با بڕۆین پیاسەیەک بکەین ..

پێکەوە لە ماڵ وەدەرکەوتن ، عەباس حلو کە شەوی بە بێداری و ڕۆژی بە بیرکردنەوەوە بە سەر بردو بوو . بە دەم ژانە سەرو چاوانی خەواڵۆوە ، لە گەڵ برادەرکەیدا ڕێی دەکرد . هەڵچوونەکەی دوێنێی نیشتبووەوە . تووڕەییە شێتانەکەی دامرکابووەوە . جۆش و خرۆشە گەرمەکەی سارد بوو بووەوە ، حەزی تۆڵەی خوێنین بەری دابوو و خەمێکی قووڵ و نائومێدییەکی دژوار جێگەی گرتبووەوە . بە گوتەیەکی دی خۆی لە هەموو سۆزو گودازو هەڵچوونێک دزی بووەوەو بە تەواوەتی ڕادەستی خەم و نائومێدی بوو بوو . حوسین لێی پرسی :

- دەزانی منیش ، لە دوای سەفەرەکەی تۆ ، ماڵی خۆمانم بەجێهێشت ؟

- بە ڕاست !

- ژنم هێناو ، ماڵ و حاڵێکی باشم پێکەوە نا ...

حلو ، به دەنگێکی هەندێ جدی گوتی :- لە خوا بە زیادبێ .. پیرۆز بێ ... زۆر چاکە ..

گەیی بوونە غوریە ، کە حوسەین ، پێی بە عاردیدا داو بە توندی گوتی :

- بەڵام هەمووی بە با ڕۆیی ! ...فنشیان کردم و بە ناچاری بۆ کۆڵان گەڕامەوە ، تۆش فنش کراوی ؟

عەباس ، بە ساردی وەڵامی دایەوە :- نەخێر ... موڵەتی چەندە ڕۆژێکم وەرگرتووە .

بەغیلی چنگی نایە دڵی حوسەین ، بە دەم پێکەنینێکی ساردەوە گوتی :

- من هانمدایت ، کەچی تۆ بە دڵت نەبوو ، ئێستا تۆ لە نازو نیعمەتای و من بە تاڵ و حەتاڵ ، بێکار دەسوڕێمەوە .

عەباس ، دەماری هاوڕێکەی دەناسی ، لە هەموو کەس باشتر دەیزانی چەند بە غیل و دڵڕەشە ، بە دڵی شکاوەوە گوتی :- فنش کردنی ئێمەش نزیکە ، چەندین جار ئەمەیان بە گوێدا داوین .

حوسەین ، کەمێک هێور بووەوە . ئەوسا بە دەنگێکی خەمین گوتی :

- چۆن ئەم شەڕە بەم خێراییە تەواو بوو ؟! لە باوەڕی کێدا بوو وا زوو تەواو بێت ؟!

حلو ، بێئەوەی ، تاقە و شەیەکی لە زار بێتە دەرێ ، سەری لەقاند . بۆ ئەو هیچ فەرقێکی نە دەکرد ، شەڕ بەر دەوام بێ یان کۆتایی پێبێت ، لە کارەکەی وەمێنێ یان دەربکرێ ، هیچ شتێک بۆ ئەو و بە لای ئەوەوە بایەخی نەبوو . خەریک بوو لە گفتوگۆی هاوڕێکەی بێتاقەت دەبوو ، بەڵام سەیری کرد لە لایەکەوە هەرچۆنێ بێ لە تەنیایی باشترەو لە خەیاڵاتی ئاڵۆز کەمێک دووری دەخاتەوە ، لە لایەکی دیکەوە — وەکو هەمیشە تەحەمولی دەکرد — تا لە شەڕی بخەلەسێت .

حوسین لە سەری ڕۆیی و گوتی :

- چۆن ، بەم خێراییە تەواو بوو ؟ ... دڵمان بە هیتلەر خۆشبوو کە تا هەتا هەتایە درێژەی پێبدات ، بەڵام قەرە بەختی ئێمە ، کۆتایی پێ هێنا. بچینە سەر سیروان ، و شک دەکات .

- ڕاست دەکەی ..

حوسەین ، بە دەنگی بەرز هاواری کرد :

- ئێمە نەگبەتین . وڵاتێکی نەگبەت ، خەڵکێکی نەگبەت تر . ئاخر ئەمە نەگبەتی نییە ، بە حەیاتی تامی شادی نەچێژین ، تەنیا ئەو کاتانە نەبێ کە دنیا بکەوێتە شەڕێکی خوێناوییەوە ؟! لەم دنیایەدا جگە لە شەیتان کەس بەزەیی پێماندا نایەتەوە !

سووکە هەڵوەستەیەکی کرد ، بە دەم ڕێکردنەوە بە زەحمەت درپیان بە ڕێڤینگەکانی ( سکه الجدیده ) دەداو ڕێگەی خۆیان دەکردەوە . شەو خەریک بوو پەردەی ڕەشی خۆی دادەدایەوە . حوسەین ، هەناسەیەکی پڕ حەسرەتی هەڵکێشاو لە سەری ڕۆیی :

- چەندم حەز دەکرد سەربازێکی جەنگاوەر بم ! ژیانی سەربازێکی دلێرو دلاوەر بێنە بەر چاوی خەیاڵ ... شەڕ دەکات و سەرکەوتن لە دووی سەرکەوتن بە دەست دێنێ ، سواری فڕۆکەو تانک دەبێت . هێرش دەبات ، دەکوژێ و دەبڕێت ، پەلاماری ژیانی دیل دەدات ، وەکو خۆڵ پارەی بە سەردا دەرێژن ، مەست دەبێت و سەر سەراتی دەکات و یاسا بن پێ دەنێ ، بەمە دەگوترێ ژیان ! ئەمە ژیانە ! تۆ حەزناکەی ببیە سەرباز ؟

ئەلهەقی ئەو لەو کەسانە بوو ، ئەگەر گوێ لە ئاژیری خەتەر بوایە ، ئەژنۆکانی دەلەرزین ، پێی عاردی نە دەگرت ، لەو کەسانە بوو ، کە هەمیشە خۆیان لە پەناگایاندا حەشار دەدا . ئیدی چۆن دەیتوانی خۆزیا بخوازێ کە ببێ بە سەربازێکی جەنگاوەر ؟ بەڵام بە ڕاستی خۆزی دەخواست ، وەکو سەربازێکی درپ تینووی خوێن ، بخولْقابایە ، تا تۆڵەی خۆی لەو کەسانە بکردباوە کە ئازاریان دابوو ، خەونی شادی وژیانی ئاسوودەیان ، لە بار برد بوو . ئیدی بەرسڤی هاوڕێکەی دایەوەو گوتی :- کێ حەز بەوە ناکات ؟!

سەرنجی کەوتە سەر ڕێگاکە ، بیرەوەری لە مێشکیا پەنگایەوە . خودایا ، ڕۆژگار چۆن دەتوانێ یادگاری و بیرەوەری ئەم ڕێگایەی لە دڵ بسڕێتەوە ؟! ئەرزەکە ، هێشتا شوێنەواری پێیە ناسکەکانی ئەوی پێوەیە ، هەواکە ، هێشتا بە بۆنی هەناسە ئازیزەکەی ئەو بارگاویە . دەڵێی بە چاوی دڵ دەیبینێ ، کە بە بەژن وباڵا زراڤ و شووشەکەیەوە لەنجە دەکات . ئاخر چۆن دەتوانێ ، هەر هەموو ئەوانە لە بیر بکات ؟! کەوتە گلەیی لە خۆی کە ئەم هەموو سۆزەو میهرەی بە کەسێکی ناشایستە دابوو ، دەمی داخست ، ڕوخساری گڕی لێدەبووەوە ، کەمێک لە تووڕەییەکەی دوێنێی بۆ هاتەوە . دەبێ دڵ دابنێ و ئەو کەسەی ، کە خیانەتی لێکردووە ، لە دڵی خۆی وەدەربنێ و پێویست ناکات ، خەفەت بۆ کەسێک بخوات ، کە ئێستا بێخەم و خەیاڵ لە باوەشی ڕەقیبەکەی ئەمدا ، هەڵاژاوە . نەفرەت لە دڵ ، کە کەسێکی خۆش دەویست خاین بوو ، دۆستایەتی نە دەناسی ، قەدری دۆستەکەی خۆی نە دەگرت . لەو کاتەدا لە دەنگی حوسەین وەخۆ هاتەوە ، کە سیخورمەیەکی تێوە ژەندو بە دەنگە گڕو بەرزەکەی گوتی :- گەڕەکی جوولەکان .

به دەست هاوڕێکەی لە ڕێکردن وەستاندو پرسی :

- مەیخانەی فیتا نازانی ؟ .. لە گرێ مەزن مەیت نە دەخواردەوە ؟

عەباس ، بە کورتی گوتی :- نەخێر .

- باشە چۆن تێکەڵاوی ئینگلیزت دەکرد و نەتدەخواردەوە ؟ چەند بەرخێکی داماوی .. مەی مرۆڤ شاد دەکات و مێشک دەکاتەوە ، وەرە ..

قۆڵی بە قۆڵیا کردو بەرەو گەڕەکی جوولەکانی برد کە مەیخانەی ڤیتا لە چەندی شەقاوی دەروازەکەیدا بوو و کەوتبووە دەستی چەپیەوە . زیاتر لە دووکانێکی مامناوەندی چوار گۆشە دەچوو . لە دەستی ڕاستیا ، پێشخوانێک هەبوو کە سەرەکەی مەڕ مەڕ بوو ، خواجە ڤیتا ، لە پشت ئەو پێشخوانەوە دەوەستا ، ڕەفەیەکی درێژی بە دیوارەکەی پشتیەوە هەڵواسی بوو ، کە بوتڵەکانی لە سەری ڕیز کردبوو . لەو سەری دووکانەکەو لە ناوەوە ، چەند بۆشەکەیەکی گەورەی شەراب بە پاڵ یەکەوە دانرا بوون . پەرداخ و قاپە لۆبیای سوێرکراو لە سەر مێزو پێشخوانەکە دانرا بوون . مشتەریانی خەڵکی شار ، لە عەرەبانچی و کرێکار و پێ پەتی و ڕەش و ڕووتان لە دەوری پێشخوانەکە خڕ بوو بوونەوەو سەرقاڵی خواردنەوە بوون . باقی مەیخانەکە بریتی بوو لە چەند مێزێکی تەختە ، کە پیاوماقوڵانی بازاڕو پیرە پیاوی ناوچەکەو خەڵکانی زۆر مەست کە خۆیان بە پێوە نە دەگرت ، لە پشت ئەو مێزانەوە دانیشتبوون . حەسەین ، لەو سەری مەیخانەکە مێزێکی چۆڵی بەدی کردو دۆستەکەی بۆ ئەوێندەر برد و لە دەوری مێزەکە دانیشتن . عەباس بە بێدەنگی و نیگەرانییەوە چاوی بە ناو مەیخانە جەنجاڵ و پڕ هەراو زەناکەدا گێڕا ، تا لە سەر کوڕیژگەیەکی چواردە ساڵانی ، کورتە باڵای زۆر قەڵەوی ڕوخسار و جل و بەرگ تۆزاوی ، پێ خاوس گیرسایەوە . ئەم کوڕە بە تۆبزی جێی خۆی لە بەینی مەیخۆرەکاندا دەکردەوەو پەرداخێکی گەورەی پڕی بەدەستەوە بوو و پەیتا پەیتا لێی دەخواردەوە . ئەوەندە مەست بوو ، لە مەستیا سەری بە سەر ملیەوە نە دەوەستا . عەباس لە سەر سامیا چاوانی ئەبڵەق بوو بوون ، حوسینەیش ئاوڕی لێدایەوە . بەڵام بە بێموبالاتی لێوی هەڵقورتاندو بە تەوسەوە گوتی :

- ئا ، ئەمە عەوکەلی ڕۆژنامە فرۆشە . بە ڕۆژەوە ڕۆژنامە دەفرۆشێت و بە شەوان دەخواتەوە . منداڵە ، بەڵام بە دەگمەن پیاوی وەکو ئەو هەیە ، ئێستا حاڵی بووی خشیم !

سەری لە عەباس هێنایە پێشێ و گوتی :

- پەرداخێ شەراب بە قروش و نیوێک بۆ بێکارانی وەک من نیعمەتە . تا مانگێ لەمە پێش لە باری فش ویسکیم نۆشی گیان دەکرد ، بەڵام بەخت هەڵگەڕایەوەو شانس نەی هانی !

دوو پێکی داواکرد ، خواجە بۆی هێنان ، لە گەڵ قاپێک مەزەی لۆبیادا ، لە سەر مێزەکە بۆی دانان . عەباس بە ترس ونیگەرانییەوە ڕوانییە پەرداخەکە ، بە دوو دڵییەوە گوتی :- دەڵێن خراپە !

حوسەین ، پەرداخەکەی خۆی هەڵبڕی و بە تەوسەوە گوتی :

- لە خۆت دەترسیت ؟! با بتکوژێت ... بە جەهەنەم ، بوون و نەبوونی تۆ هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت ... بە سەلامەتیت .

پەرداخەکەی ، لە پەرداخەکەی ئەو دا ، ئەو سا لە یەکبینە هەڵیدا . عەباسیش پێکەکەی هەڵگرت و فرێکی لێدا ، بەڵام دڵی تێک هەڵهات و لە دەمی دوور خستەوە . وای هەست کرد ، گڕ لە گەرووی بەر بوو . دەم و چاوی ، گرمۆڵە بوو ، وەکو ئەوە بوو دەم و چاوی بووکەڵەیەکی پلاستیکی بێت و لە ژێر گوشاری قامکی منداڵێکدا هاتبێتەوە یەک و قوپا بێ . بە بێزارییەوە گوتی :- ئاە .. چەند تاڵە ... چەند گەرمە ...

حوسەین ، تەوسخەنێکی بۆ کرد ، بە کەش و فش و خۆ پەسەندییەوە گوتی :

- منداڵ مەبە . ژیان زۆر لەم شەرابە تاڵترە و ئاقیبەتیشی خراترە ..

پەرداخەکەی بەرز کردەوە ، لێوارەکەی نا بە دەمییەوەو و گوتی: "بیخۆوە تا بە سەر کراسەکەتا نەڕژێ ."

عەباس ، پەرداخەکەی خۆی تا دوا چۆڕ هەڵدا ، دیسان دڵی تێک هەڵهات ، ناوسکی گەرم داهات ، تەزووی گەرمییەکە بە شێوەیەکی سەیر بە ناخیا بڵاو بووەوە ، خەریک بوو هەڵی بێنێتەوە . کاریگەریی شەرابەکە لە گەڵ سووڕی خوێنەکەیا ، بە دەمارەکانیا دەگەڕا ، کاتێ گەییە سەری ، کەمێک باری دەروونی سووک بوو و خەمی دنیای لە کۆڵ بووەوە .

حوسەین ، بە تەوسەوە گوتی :- ئەمڕۆ ، دوو پەرداخ بە سە زیادە خۆری مەکە ..

پەرداخێکی دیکەی بۆ خۆی داوا کرد و لە سەری ڕۆیی :

- ئێستا لە ماڵی بابم دەژیم ، ژنەکەم و ژن براکەشم لە گەڵن . بەڵام ژن براکەم لە ترسانە کاری دۆزیوەتەوەو ئەمڕۆ یا سبەی دەڕوات و بەجێمان دیڵێت ، بابم پێشنیازی کردووە چاخانەکەی ، بە مانگی سێ جونەیهان بۆ بەڕێوە بەرم

، بە گوتەیەکی دی . لە شەوەکییەوە تا نیوەشەو بە سێ جونەیهان ڕەنج بدەم ! .. بەڵام چی بەم کابرا بەنگییە شێتە دەڵێی ؟! بەمجۆرە دەبینی دنیا ڕکابەری و دژایەتیم دەکات و دەهریم دەکات ، منیش تەنیا یەک وەڵامم بۆی هەیە : یا دەبێ چەرخی دنیا بە بەختی ئێمە بگەڕێ ، یا دنیاو خەڵکی دنیا دەسووتێنین ..

عەباس ، کە بە درێژایی ڕۆژەکە نارەحەت و خەمبار بوو بوو و ئێستا خەیاڵ بوو بوو و هەستی بە ئاسوودەییەکی سەیرو بەلەزەت دەکرد ، لە حوسەینی پرسی :- باشە پارەیەکت پاشەکەوت نەکردووە ؟ ..

حوسەین ، بە توندی وەڵامی دایەوە :

- تاقە پولێک ! شوقەیەکی خاوێن و باوێنم لە وایلیە بە کرێ گرتبوو ، ئاو و کارەبای تیا بوو ، کارەکەرێکی چکۆلەم ڕاگرتبوو کە بەو پەڕی رێزەوە پێی دەگوتم : "سەروەرم " هاتو چۆی سینەماو تیپی نەتەوەییم دەکرد . پارەیەکی زۆرم دەهاتە دەست و باشیشم سەرف دەکرد . ژیان یانی ئەمە ، تەمەنمان دەڕوات ، ئیدی پارە بۆچی بمێنێ ؟ پارە تا کۆتایی تەمەن زەرووریيە ، لەوە دوا خوام دەکرد دنیا کاول دەبوو ، جا ئێستا جگە لە خشڵ و زێڕو زێوەری ژنەکەم ، تەنیا چەند جونەیهێکی کەمم هەیە و تەواو ..

چەپڵەیەکی لێداو پەرداخی سێیەمی داوا کردو بە نارەحەتییەوە گوتی :

- جا نەگبەتی لەوە دایە کە ژنەکەم هەفتەی رابردوو کەوتە ڕشانەوە ..

عەباس بە بایەخەوە گوتی :- هیچ نییە ، سەلامەتە بێ ئیشەڵلا .

- ئیدی سەلامەت بێ یا نەبێ .. دایکم دەڵێ نیشانەی حامیلە بوونە . وا دیارە منداڵەی داماو ، قێزی لەو ژیانە هاتووەتەوە کە چاوەڕوانیەتی و ئەم نەخۆشییە بۆ دایکیشی سیرایەتی کردووە .. عەباس ، لە قسە بێ سەر وبەرەکانی حوسەین ، بێزار بوو و ئیدی گوێی نەدەدایە . دوای سەعاتێک ، کە مەستییەکەی رەوییەوە گرفتاری دڵتەنگی بووەوە ، حوسەین هەستی بە حەواس پەرتی ئەو کرد و بە گلەییەوە گوتی :

- چیتە ؟ ... گوێت لە من نییە ! ..

عەباس بە خەمینییەوە گوتی :- پێکێکی دیکەم بۆ داوا بکە ..

حوسەین ، بە خۆشحالییەوە داواکەی بۆ جێبەجێکرد . بە دوودڵیەوە تەمەشای کرد و گوتی :

- تۆ خەمباری و من هۆی ئەم خەمینییەت دەزانم ..

دڵی عەباس کەوتە پەلە پەل وب لەز گوتی :  – نا ، هیچ نییە ، قسەی خۆت بکە گوێم لێتە ..

حوسەین ، گوێی نەدایەو ، بەتەوسەوە گوتی :– حەمیدە ..

لێدانی دڵی عەباس توندتر بوو ، دەتگوت پێکی سێیەمی خواردووەتەوە . خوێنی خرۆشا ، جەزمەو خەم و تووڕەیی دایگرت ، بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی :

– بەڵێ .. حەمیدە .. ڕایکردووە ، ڕەدووی پیاوێک کەوتووە .. بە ڕاستی حەیا چوونە !

– خۆت خەفەت خان مەکە ، کەر مەبە . چما ژیانی ئەوانەی ژنەکانیان ڕەدوو نە کەوتوون ، زۆر خۆشە ؟!

عەباس ، تەواو غەمین و بێتاقەت بوو و نا ئاگایەنە گوتی :– ئاخۆ ئێستا چ دەکات ؟

حوسەین بە دەم تەوسخەنێکەوە گوتی :

– کە ژنێ ڕەدووی پیاوێک دەکەوێ چی دەکات ، ئەویش هەمان شت دەکات ..

– تۆ گاڵتە بە خەم و ئازاری من دێت .

– ئازارەکەت سەخیفە ... پێم بڵێ کەی بە هەڵاتنەکەیت زانی ؟ .

دوێنێ ئێوارە ! ... دەبوایە تا ئێستا لە بیرت ببردایەوە .. لەم کاتەدا ، عەوکەلی ڕۆژنامە فرۆش ، جووڵەیەکی کرد کە سەرنجی هەموو دانیشتوانی ڕاکێشا ، لە خواردنەوە بووەوە، مەستی مەست ، بە لارە لار ڕۆیی تا گەییە بەر دەرگای مەیخانەکە ، بە دوو چاوی گێژو وێژەوە ڕوانییە دەور وبەری خۆی ، بەو پەڕی جەلال و شکۆوە ئاوڕی پاشی دایەوەو ، مەستانە گوتی :

– من عەوکەلم . زرنگی زرنگان و سەروەری پیاوان ، مەستم و سەرخۆش ، هەنووکە دەچمە خزمەت ماشقەکەم ، کەستان ئیعتزارتان هەیە ؟... ئەهرام ، میسری ، بەعکوکە ..

کوڕیژگەکە ڕۆیی ، لە دوای ئەو زریانێکی . پێکەنین هەڵیکرد ، لی حوسەین کەرشە ، زۆر تووڕە بوو ، گڕی شەڕ لە چاوانی دەبووەوە ، تفێکی کرد، گەییە ئەو شوێنەی کە کوڕەکەی لێوەستابوو و کەوتە جینۆدانی . کەمترین تەحەدا — ئەگەر بە سوعبەتیشەوە بوایە — بەس بوو بۆ ئەوەی ئاگری تووڕەیی هەڵایسێنێ و گیانی دژمنایەتیە پەنهانەکەی بوروژێنێ و ئاشکرای بکات ، خۆ ئەگەر دەستی بە کوڕەی تاین بگەیشتبایە ، یەخەی دەگرت و دەیخستە

ژێر مست و پێ لەقە . ئاوڕی لە عەباس دایەوە کە لە پێکی دووەمی دەخواردەوە . وەکو ئەوەی بیری چوو بێ کە باسی چییان دەکرد ، بە توندی گوتی :- ئەمە ژیانە ، گەمە نییە ، دەبێ بژین .. تێناگەی ؟

لێ عەباس ، ئاگای لەو نەبوو ، بە خۆی دەگوت : " حەمیدە ، هەرگیز ناگەڕێتەوە ، بۆ هەمیشە لە ژیانی من دەرچوو ، تازە گەڕانەوەی ئەو بەچی دەچێ ؟ ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بیدینم تفێک دەکەمە چارەی ، ئەمە لە کوشتن خراپترە ، بەڵام وا وەیلا بە حاڵی ئەو ئەفەندییە ، لە ملی دەدەم .."

حوسەین ، لە سەری ڕۆیی :- من ئەم کۆڵانە بەجێ هێشتبوو ، لێ شەیتان گەڕاندمییەوە . ئاگری تێ بەر دەدەم ، ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی لێی ڕزگاربم .

عەباس ، بە کەسەرەوە گوتی :

- کۆڵانەکەمان میهرەبانە ، من جگە لە ژیانێکی باش ، تەماحم لە هیچی تری کۆڵانەکەمان نەبووە ..

- تۆ بەرخی بەرخ ! هەقە لە جەژنی قوربان‌دا سەرت ببڕن . بۆچی دەگریت ؟ خەمی چیتە ؟ کەسێکی کارت هەیە و پارەت لە بەرکایە ، سبەی بەم ڕژدی و چرووکییەی خۆت پارەیەکی زۆر پێکەوە دەنەیت ، ئیدی گلەیی چی دەکەیت؟

عەباس ، بە دەنگێکی ناڕازی گوتی :- تۆ زۆر لە من بە گلەیی تری . بە عەمراتت شوکری خوات نەکردووە .. حوسەین ، مۆڕەیەکی ئەوتۆی لێکرد ، کە ناچار بوو بیداتە باریکی و بە نەرمی لە سەری ڕۆیی :

- واز لەمە بێنە ، عیسا بە دینی خۆی و موسا بەدینی خۆی ..

حوسەین ، قاقایەکی لێدا کە مەیخانەکەی هێنایە لەرزە ، بە دەم مەستیەوە گوتی :

- ئەگەر ببم بە ساقی باشترە لەوەی کە لە جیاتی باوکم چاخانەکە بەڕێوەبەرم ، ئێرە قازانجی زۆرە ، شەراب و خواردنەوەی ساقیش مشەو بەلاشە ..

عەباس ، بزەیەکی ساردی بۆکرد . زۆر بە پارێزەوە قسەی دەگەڵ هاوڕێ دینامیت سیفەتەکەیدا دەکرد ، کاریگەریی شەرابەکە بە دەمارەکانیا مێرولەی دەکرد ، بەڵام لە جیاتی ئەوەی خەمەکەی برەوێنێتەوە ، زیاتر خەستی کردەوە . حوسەین ، جارێکی دی هاواری کرد :

- بیرۆکەیەکی باشم بۆ هات ! .. دەبم بە ئینگلیز ، رەگەزنامەی وان وەردەگرم ، لە وڵاتی ئینگلیزاندا یەکسانی هەیە . هەموو وەک و یەکە ، جیاوازی لە نێوان پاشاو کەناسدا نییە . هیچ دوور نییە کوڕی چاپچیەک ببێ بە سەرۆک وەزیران ..

عەباسیش کە مەست بوو بوو ، بە پەرۆشەوە گوتی :

- بیرۆکەیەکی باشە ! . منیش دەبم بە ئینگلیز ..

لێ حوسەین ، پۆز خەنێکی بۆ کردو بە تەوسەوە گوتی :

- مەحاڵە . تۆ کەسێکی سست وخاو وخلیچکی ، باشتر وایە ببی بە ئیتاڵی ، بە هەرحاڵ ، هەر چۆنێ بێ بە یەک کەشتی سەفەر دەکەین .. هەستە با بڕۆین .

هەستان ، حیسابەکەیان دا ، لە مەیخانەکە وەدەرکەوتن ، حلو پرسی :- تۆ ئێستا بۆ کوێ دەڕۆیت ؟

(٣١)

تاقە شتێکی ژیانی رابردووی ، کە هێشتا پێوەی پاپەند بوو ، عەسرە پیاسەکانی بوو . ئێستا ماوەیەکی زۆر لە بەردەم ئاوێنە سافەکەدا دەوەستا ، ئەو ئاوێنەیەی بنی لە حەوزێکی زێڕین و سەری لە بن میچەکە بوو . جلەکانی لەبەر کرد بوو ، خۆی ئارایشت دابوو ، لە ژنێک دەچوو . لە نازو نیعمەتدا لە دایک بووبێ و لە سایەی دەوڵەمەندیدا پەروەردە بووبێ . تاسکڵاوێکی سپی ، بەرزی لە سەر نابوو ، قژە بۆن خۆشەکەی لە ژێریا کۆ کردبووەوە . بە تەجرەبە بۆی دەرکەوتبوو کە رەنگە برونزییەکەی دەم و چاوی ، لە نێو سەربازان و ئەفسەرانی فەرەنگیدا ، هەواداری زۆری هەیە ، بۆیە تەنیا گۆناو لێوەکانی سوورکرد و باقی دەم و چاوی میکیاج نەکرد . کلی لە چاوان کرد ، برژانگەکانی چەور کردو بۆ سەرەوەی بەرز کردنەوە ، تەنکە مکیاجێکی وەنەوشەیی پێڵوەکانی کرد ، دەستێکی مەعلان دوو کەوانەی باریکی ، لە جیاتی برۆ بۆ نەخشاند بوو . دوو زنجیری ئاڵتوونی سپی ، بە نقێمی مرواریەوە ، بە گوێدا شۆڕ بوو بوونەوە ، سەعاتێکی ئاڵتوونی لە دەست کرد بوو ، تاجێکی ئەڵماسیش بە پێشی تاسکلاوەکەیەوە دەدرەوشایەوە . کراسێکی سپی یەخەداری لەبەر بوو ، ژێر کراسێکی پەمەیی بە شێک لە سینەو مەمانی دا دەپۆشی و داوێنەکەی هاتبووە خوارەوەو لە ڕانە ئەسمەرەکانی دەخشی و بەرجەستەتری دەکردن . جووتێ گۆرەوی ئاوریشمی کەوەیی خالیسەی لە پێ کرد بوو ، کە تەنیا لەبەر ئەوەی گران بەهابوون لە پێی کرد بوون . بۆنی خۆشی بن باڵ و دەست و گەردنی ، بە چوار دەوریا بڵاو دەبووەوە ، بە کورتیەکەی هەموو شتێک گۆڕابوو !

***

له هەوەڵەوە ، خۆی ڕێگەی خۆی هەڵبژارد بوو ، دوای ئەزموون و ماندوو بوونێکی زۆر ، هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت ، لە هەڕەتی خۆشی و شادیدا ، هەستی بە نائومێدییەکی تاڵ دەکرد ، لە گەرمەی ئەم تاقیکردنەوەیەدا ، حایرو سەرگەردان ، چاوی بە ڕاست و بە چەپدا دەگێڕا ..

لە یەکەم ڕۆژەوە زانی کە چییان لێی دەوێ . بۆیە توورە بوو ، بە جارێ هاڕووژاو کەوتە خوتەو بۆڵە ، نەک بۆ ئەوەی ئیرادەی پۆلاینی ئاشقەکەی بشکێنێ ، بەڵکو دەیویست کبریای خۆی ڕازی بکات و ئارەزووی شەڕەنگێزی خۆی پاراو بکات . پاشان ، وەکو ئەوەی بە خواستی خۆی ملی دابێ ، ملی دا . زۆر بە ڕوونی و ، بە کۆمەکی دەماوەری و زمان تەڕی فەرەج ئیبراهیم بۆی دەرکەوت ، کە ئەگەر بیەوێ ماسی بگرێ ، دەبێ لاقی تەڕ بێ . ئیدی لەوە بە دواوە ، خۆی لە گێلی دا ، بێدەنگ و گوێڕایەڵ ، بە شادی و بە تاسەوە خۆی بۆ پێشوازی ژیانی تازەی سازدا . بە جۆرێ خۆی ئامادە کرد ، کە قسەی ئاشقەکەی ، هاتەدی . فەرەج ئیبراهیم ئەو ڕۆژەی کە ئەوی بە تاکسی گەیاندبووە گەڕەکی خۆیان لە دڵی خۆیدا گوتبووی " بەسروشت سوزانییە " . ئیدی بەهرەو توانای خۆی تواند ، لە ماوەیەکی کەمدا ، گۆی هونەری خۆ ڕازانەوەو خۆ نواندنی بردەوە ، هەرچەندە لە هەوەڵەوە گاڵتەیان بە بەد زەوقیەکەی دەکرد ، بەڵام زۆری نەبرد کە پرەنسیپەکانی خۆ ڕازانەوەو خۆ نوێنێ فێر بوو . زۆر بە خێرایی فێر دەبوو ، بەباشی لاسایی دەکردەوە ، بەڵام لە هەڵبژاردنی ڕەنگی جل و بەرگەکانی و لە هەڵبژاردنی زێڕو زێوەراندا ، بێ زەوق و سەلیقە بوو . ئەگەر لێی گەڕابان ، بە کەیفی دڵی خۆی بکات ، ئەوا ئاگایانە ئارایشت و مکیاجی تۆخ و زەقی دەکرد ، هەرچی خشڵ و زێڕ و زێوەری هەبوو ، بە خۆیدا دەکرد . هەر دوو جۆرە سەماکە فێر بوو ، پرەنسیپە سێکسیەکانی زمانی ئینگلیزی فێر بوو ، ئیدی سوپاییان ملی خۆیان بۆ دەشکاند ، شەڕیان بوو لە سەری ، ئەسکەناسیان بە سەردا دەباراند . ئیدی لە نێو ژنانی هەرزەو بەدکارەدا ، بوو بوو بە گەوهەری یەک دانەو مرواری بێ هاوتا . وای وێنا دەکرد ، هەموو شتێکی بردووەتەوەو بە کامی دڵ گەییوەو هیچی نەدۆڕاندووە . لەو کیژە ساوێلکانە نەبوو ، خەفەت لەوە بخوات ، بە فێڵ خراوەتە داوەوە ، لەو کچە باشانەش نەبوو ، خەفەت بۆ ئەوە بخوات ، کە هیواو ئارەزووەکانی بە فیڕۆ چوو بوو ، هیواو ئارەزووی ژیانی پاک و بێگەرد . لەو کچانەش نەبوو ، بۆ ئابرووی تکێنراوی بگری ، بیرەوەریانی ڕابردووش ئەوەندە باش و خۆش نەبوو ، کە لە بیری نەچێتەوەو نەتوانێ چاوپۆشی لێبکات و لە ئێستادا مەحوو نەبێتەوە . بۆیە بێخەم و خەیاڵ لە ئێستادا و بۆ ئێستا دەژیا . ڕێک بە پێچەوانەی ئەوەوە ، زۆربەی ئەو کچانەی لە هەمان بازنەی ئەودا بوون ، بە دەم ، ئازارەوە دەتلانەوە ، داخ و تەماع و کڵۆڵی و هەستی نائومێدی و پەشیمانی و بێنەوایی دڵی دەخواردنەوە ، هەندێکی دیکەیان ، ڕەنجیان دەدا تا سکی خانەوادە برسییەکانیان تێر بکەن ، هەندێ قەرەبەخت و نەگبەتی دیکەیان ، دڵێکی پڕ لە خوێنیان لە ژێر ئارایشت و

لێوە بە سوراوەکانیان ، دەشاردەوەو ، لەزگ بوو بۆ ساتێک ژیانی ئابڕوومەندانە سوویان ببێتەوە . بەڵام ئەو دڵی بەم ژیانەی خۆشبوو ، تروسکەی بە خۆ نازین ، ئازادی ، ڕەزامەندی و شادمانی ، لە چاوە جوانەکانیا شەپۆلی دەدا. ئەدی خەونەکانی نەهاتبوونە دی ؟ بەڵێ ، جل و بەرگ و زێڕ و زێوەر و خشڵ و ئەو پیاوانەی کە بە دەوریا دەهاتن ، نیشانەی ئەوە بوو .. جا بەم پێیە ئایا سەیر بوو ، وەکو کۆیلەیەکی ڕزگارب وو ، تەمەشای گەڕەک و کۆڵانی میدەق بکات ! کۆڵانی میدەق بە زاندان بزانێ ؟ ڕۆژێک بیری لەوە کردەوە ، کە ئایا باشتر نە بوو شوو بە عەباس بکات ؟ لە خۆی پرسی ئایا بە ڕاستی حەزی دەکرد شووی پێبکات ؟ بێ چەندو چوون ، بە نەخێر وەڵامی خۆی دایەوە . ئەگەر ئەو زەماوەندە سەری بگرتایە ، دەبوایە ئێستا لە کونجی ماڵەوە دابنیشتایە . دەوری هاوسەر و کارەکەر و دایکی بدیتبایە کە ئێستا بە تەجرەبە و بە دڵنیایی بۆی دەرکەوتبوو کە ئەم بۆ ئەو شتانە نەخوڵقاوە . ئەو پیاوە گەندەڵە چ هۆش و گۆشێکی هەبوو ، چەند زرینگ و چەند دوور بین بوو ! بەڵام وێڕای ئەوەش ئاگادارت دەکەمەوە ، نەکەی بە ژنێکی داوێن تەڕ و بە ئالۆشی ئەو تۆی بزانێ کە هەموو هۆشی لە کۆشی بێ، نا ، لەو ژنانە نەبوو ! شزووزی ئەو پەیوەندی بە شەهوەتڕانیەوە نەبوو ، لەو ژنانە نەبوو کە دیل و ئەسیری سێکس بێ و بە هەرن رخێک بووە ، بێ دڵی خۆی نەکات ، بە هەموو دڵ و گیان و جەستەوە ئارەزوومەندی خۆ نوێنی و دەسەڵاتداری و شەڕەنگێزی بوو . تەنانەت لە باوەشی ئەو پیاوەشدا کە ئاشقانە ڕادەستی بوو ، لە میانی مست و زلەوە بۆ ئەشق دەگەڕا . دیارە ئەم کچە بە خۆی هەستی بەم کەچ سۆزییانەی خۆی دەکرد ، ئاگای لەم کیماسییەی تەبیعەتی خۆی هەبوو . ئەمە ئەنگێزەو هۆکاری بێپەروایی و خۆ سەپێنیەکانی بوو . هەروەها هۆی بەندیواریشی بوو بە ئاشقەکەیەوەو ، ئەم بەندیواریە ، سەرچاوەی ئەو نائومێدییە تاڵە بوو کە گرفتاری بوو بوو .

❊❊❊

لە بەردەم ئاوێنەکەداو بە دەم خۆ ئارایشت دانەوە ، ئەم نامرادییەی کاوێژ دەکردەوە ، کە دەنگی پێی — ئەو پیاوە — ی هاتە گوێ . دەم و چاوی ئەوی لە ئاوێنەکەدا بە دی کرد . هێندە بە بێموبالاتی و وشکی خۆی بە ژوورەکەدا کرد ، وەکو ئەوەی هەرگیز ئاشقە شەیداکەی جاران نەبێ . نیگای کیژێ بوو بە بەرد ، دڵی گرژ بوو ، ئەمە ئەو پیاوە نەبوو کە پێشتر ناسی بووی ، ئەمە ناکامی و نامرادیە کوشندەکەی بوو ، خۆ ئەگەر ماوەیەک تێ پەریباو شتەکە هەندێک کۆن بایە ، ڕەنگە تەحەمولی ئەم نەگبەتیە بۆ ژنەی تاین برێک ئاسانتر بوایە . بەڵام پیاوە هەر زوو نائومێدی کرد و ، کیژێ جگە لە نزیکەی دە ڕۆژێک ، ئیدی چ لەزەتێکی لە نیعمەتی ئەشقی ئەو وشادی و خەون و خەیاڵان بە سەر نەبر دبوو ، ئیدی بەرە بەرە پیاوە وەکو ڕاهێنەر دەرکەوت نەک ئاشق ، وەکو بازرگان و سەوداگەر کەشف بوو نەک ئاشق ، وەکو پیاوێکی دڵڕەقی زبر کە بازرگانی بە ناموسەوە دەکرد . سەیر ئەمە بوو کە دڵی ئەو هەرگیز ئەشقی نەناسی بوو و نە دەناسی ، سەیر ئەوە بوو کە ژیانی لە سەر سۆزێک بوو کە قەت دڵی

دا نەلەرزاند بوو ، و دای نە دەلەرزاند . ئیدی شێوازی کارکردنی وا بوو ، هەرکاتێک نێچیرێک بکەوتبایە داویەوە ، دەوری ئاشقی لە گەڵ دەبینی — بە ئەزموون و مومارەسە فێری ئەم کارە بوو بوو و ، سوودی لە ڕواڵەتی نێرانی خۆیشی دەبینی — هەرکە نێچیرەکە دەستەمۆی ئەو دەبوو ، ماوەیەکی کەم بە ناوی ئەشقەوە لە گەڵیا ڕایدەبوارد ، پاش ئەوەی بە سەریا زاڵ دەبوو و بە تەواوەتی دەیخستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بە یەکجارەکی دەیبەستەوە ، کۆت و زنجیری دارایی لە دەست و پێی دەکرد ، ئەوسا زۆر ئاسایی هەڕەشەی چاودێری و سانسۆری لێدەکرد ، کە بە مرادی خۆی دەگەیی ، هەنگی حەقیقەتی خۆی دەردەخست و ئاشقە شەیداکە ، بازرگانی ناموس دەر دەچوو . حەمیدە هۆی سارد بوونەوەی هەست و سۆزی ئەفەندی بۆ ئەو ژینگەیە دەگێڕایەوە کە پڕ بوو لە ژنان ، ئیدی وەخۆ هاتەوە و هەموو خەمێکی بوو بەوەی ئەفەندی بۆ خۆی داگیر بکات و جگە لەم نەچێ بە لای هیچ ئافرەتێکی دیدا . ئیدی ئەمە بوو بە خەمی شەو و ڕۆژی ، ژیانی لێ تاڵکرد ، بوو بە نێچیری ڤیان و غیرەو تووڕەیی .. بە دەم ئەم بیرانەوە ، دەیڕوانیە چارەی کابرا کە لە ئاوێنەکەدا بە دیار کەوتبوو . نیگای بوو بە بەرد ، خوێنی هاتە جۆش ، دەماری گرژ بوو . بەڵام پیاوەکە ، بە ڕواڵەت پەلەی بوو ، گوتی :– تەواو بوویت گیانەکەم .. ؟

لێ حەمیدە گوێی نەدایە ، بە بیانووی سەرقاڵییەوە و لە داخا بەرسڤی نەدایەوەو بە کەسەرەوە ئەو زەمانەی وەبیر هێنایەوە کە تەنیا بە زمانی ئەشق و ڤیان و ستایش دەیدوان . کەچی ئێستا سەری زمان و بنی زمانی بووە بە باسی کارو قازانج !

ئێستاش ، حەمیدە ، بە حوکمی ئەم کارەو بە هۆی زاڵ بوونی هەستەکانی خۆیەوە ، ناتوانێ لێی جیابێتەوە ، تووڕەیی دڵ و دەروونی تەنی بوو ، بەڵام ئەم تووڕەییە بەچی دەچوو ، سەری بە کوێوە دەنا ؟! .. ئازادی خۆی ، کە لە پێناویا ، ملی بۆ هەرکارێکی دزێو و نەنگین دابوو ، لە دەست دا . هەمیشە بە دەم ڕێگاوە ، یان ئەو کاتانەی لە مەیخانە بوایە هەستی بە سەروەری و تواناو دەسەڵات دەکرد ، بەڵام هەرکە چاوی بەو دەکەوت یان بیری دەکەوتەوە ، هەستی دیلی و ئەسارەت جێگەی ئەو هەستی سەروەرییەی دەگرتەوە . ئەگەر باوەڕی بە دڵی کابرا بکردایە ، لە دڵی ئەو دڵنیا بوایە ، هەرملکەچی و زیللەتێکی بە لاوە ئاسان بوو . زەلیلی ڤیان بە سەر دەروونیا زاڵ بوو ، بەڵام ئێستا کە حاڵەکە پێچەوانە بوو ، تەنیا شێتانی شک دەبرد بۆ ئەوەی لە سەرگەردانی خۆی هەڵێت . فەرەج ئیبراهیم دەیزانی چی لە دڵ و دەروونی حەمیدەدا دەگەڕێ ، بەڵام دەیویست ڕاییێنێ و بەرە بەرە دوور کەوتنەوەی ئەم بە ئاسایی وەربگرێت ، ئەگەر ژنێکی دیکە بوایە ، بە ئاسانی دەیتوانی لێی دوور بکەوێتەوە ، بەڵام دەیویست . جامی نائومێدی دڵۆپ دڵۆپ بە گەرویدا بکات ، یەک مانگی تەواوی بە سەبر و ئارامی لە گەڵیا بردە سەر ، تا خۆی بۆ دوا زەربە ئامادە کرد . بە زمانێکی ئاسایی و دوور لە هەر سۆزێک گوتی :

– با بڕۆین گیانەکەم ، زۆر درەنگە .

حەمیدە ، بە تووڕەیی تەمەشایەکی کردو بە توندی گوتی :

– ئەرێ ناتوانی واز لەم قسە بێتامانە بێنی ؟

– ئەدی تۆ ، ناتوانی دەسبەرداری ئەم وەڵامە وشکانە ببی گیانەکەم ؟

حەمیدە کە لە تووڕەیدا دەنگی دەلەرزی گوتی :– زۆرت حەز لێیە ، بەمجۆرە قسەم لە گەڵدا بکەی ؟

کابرا ، بە دەم بێزاری نواندنەوە گوتی :– هۆ .. هۆ دیسان هاتیتەوە سەر ئەم قسە سواوانە ؟!

"بەم زمانە دەم دوێنێ " . "تۆ خۆشت ناوێم " ... " ئەگەر خۆشت بویستبام ، تەنیا بە چاوی کالاوە سەیرت نەدەکردم !" .. ئەم.. فایدەی ئەم قسانە چییە ؟ .. یانی ئەگەر شەو و ڕۆژ هاوار نەکەم "من ئاشقم " ئاشق نیم ؟ .. یانی ئەگەر هەر کاتێ یەکەمان بینی و هاوار نەکەم کە "خۆشم دەوێی " ئاشق نیم ؟ .. یانی دەبێ دەبێ واز لە هەموو کار وبارێک و ژیانمان بێنین و تەنیا باسی ڤیان بکەین ، ئەو جا ئاشقم ؟! حەزدەکەم ئەقڵیشت وەکو تووڕەییەکەت گەورە بێ ، ژیانی خۆت — وەکو من — بۆ کارە مەزنەکەمان تەرخان بکەی ، خۆزگە کارەکەمانت ، دەخستە سەرووی ڤیان و هەرشتێکی دیکەوە ..

حەمیدە ، کە لەتووڕەیدا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو ، گوێی دەگرت . قسەکانی ئەفەندی زۆر سارد و سڕ بوو ، هیچ سۆزێک لە قسەکانیا نەبوو ، حەمیدە لەم قسانە بێزار بوو بوو ، ئەوەی بیر هاتەوە کە ئەم فریبۆکە چۆن ، بە ئانقەست ئیرادی لێدەگرت و بە وردی دەیڕوانییە دەستەکانی و هانی دەدا ، کە زیاتر بایەخیان پێبدات و دەیگوت : " نینۆکەکانت درێژ بکەوەو بە مانیکور بۆیەی بکە ... دەستەکانت بە خاڵی لاوازی جوانیەکەت دەژمێردرێن ! "

جارێکی دیکەش ، کە قەرقەشەی نێوانیان درێژەی کێشا بوو ، بە ڕکونیەوە پێی گوتبوو : "ئاگادار بە ئەمەش خاڵێکی لاوازی دیکەی تۆیە ، مەبەستم دەنگتە گیانەکەم ... ئەگەر ویستت بە دەنگی بەرز قسە بکەی بە دەم قسە بکە نەک بە قورگ ، ئەم دەنگە گڕو ناخۆشە ، ئەگەر ئاگامان لێ نەبێ و بەم دەقەوە وازی لێ بهێنین ، بە ڕاستی مایەی ئیحراجە . ئەم دەنگە ، میدەق وەبیر گوێگر دێنێتەوە ، با لە عیمادالدین — ش بژی !" .. ئەوە دەم و دووی ئەم پیاوە بێناموسە بوو ! کە حەمیدە زۆری لە بەرگران بوو ، ئازاری پێدەچەشت و پێی دەشکایەوە . هەر جارێ حەمیدە باسی ڤیان و خۆشەویستی بهێنایە ئاراوە ، ئەفەندی دەکەوتە مەرایی و ڕوپامایی و نەرمکێشی ، بەڵام ئەفەندی بەرە بەرەو بە تێپەڕبوونی کات دەستبەرداری ئەم مەرایی و نەرمکێشییە درۆینەو ڕواڵەتیەش بوو ، بە بێزارییەوە پێی دەگوت : ڤیان گەمەیە ، ئێمە خەڵکانێکی جدین !" یا بە بێموبالتیەوە دەیگوت : " با بڕۆین بە لای کار وباری خۆمانەوە ... ڤیان قسەی بۆش و بەتاڵە ."

نەفرەتی خوای لێبێ ، کە خەیاڵی ئەمی ( حەمیدە ) بەو یادگارە خەمناکانە پڕ دەکرد !

حەمیدە ، ئەمجارە مۆرەیەکی لێکردو بە توندی گوتی :- ئەم قسانەم بە سەرا تێناپەڕن ، بۆچی هەمیشە کارم بیر دەخەیتەوەو خەفەتم دەدەیتێ ؟ بە خۆت چاک دەزانی من لەوانی دی زیاتر و باشتر و جوانترم ، ئەو قازانجەی لە ڕەنجی من دەست دەکەوێ ، لە دەرامەت و دەسکەوتی کۆی دەسکەوت و دەرامەتی هەموو ئەوانی دی زیاترە . جا ئیدی بەس فەلسەفەڕێسی بکەو ، واز لەم قسە سواوانە بێنەو ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ ئاخۆ هێشتا خۆشت دەوێم یان نا ؟

ئەفەندی ، ویستی ڕێک و ڕەوان ، بە ڕاشکاوی وەڵامی بنجبڕی بداتەوە ! بەڵام ئایا زەمینەی پێویست فەراهەم بوو بوو ؟ .. مێشکی ، بلەزو بە نیگەرانی کەوتە جم و جۆڵ ، چاوە بادەمییەکانی بڕینە ڕوخساری گڕ گرتووی حەمیدە ، لێ بەگی بۆ داناو بە شێوەیەکی کاتی ، لایەنی ئاشتەوایی هەڵبژارد ، بە مداراوە گوتی:

— دیسان هاتینەوە سەر قەوانە کۆنەکە ..

حەمیدە ، بە ڕوویا هەڵشاخی و هاواری کرد :

– بە دروستی وەڵامم بدەرەوە . ناشێ وا وێنابکەی ئەگەر لە نیعمەتی ڤیانم بێبەش بکەی ، ئیدی لە خەفەتا دەمردم! .

کاتەکە لە بار نەبوو . ڕەنگە ئەگەر ئەم پرسیارەی لە کاتی گەڕانەوەی لە دەرەوە ، یان لە بەیانیدا — کە کاتی قەرقەشەو دەمەقاڵێ هەبوو — بکرد بایە ، دەیتوانی بە دڵی خۆی وەڵامی بداتەوە ، بەڵام ئێستا وەڵامی ڕاشکاوانە ، دەبووە بایسی لە دەستدانی ، دەسکەوتی یەک ڕۆژی تەواو ، بۆیە بزەیەکی ساردی بۆ کرد و بە هێمنی گوتی :

– خۆشم دەوێی گیانەکەم ..

نەفرەت لە وشەی ڤیان ، ئەگەر وەکو تف لە زارێکی نەفرەت ئەنگێزەوە بێتە دەرێ ! قار و خەفەت سەر ودڵی حەمیدەی گرت و لە هەمان کاتدا هەستیکرد ، ئامادەیە هەر ملکەچی و خوارییەک چەند گەورەش بێ ، بکێشێت ، بەو مەرجەی ئەفەندی بگەڕێتەوە باوەشی . لە ساتێکدا هەستیکرد ، ژیان لە حانای ڤیانی ئەودا هیچ بایەخێکی نییە ، بەڵام ئەمە ساتێکی گوزەرا وتیژ تێپەڕ بوو . زۆر زوو وەخۆ هاتەوە ، هەەنگێ دڵی پڕ بوو لە بوغز وکینە ، لە کاتێکا چاوەکانی ، وەکو تاجە ئەڵماسەکەی سەر تاسکڵاوەکەی دەبریسکایەوە ، چەند هەنگاوێک لە ئەفەندی نزیک بووەوە ، وەکو ئەوەی بیەوێ تا کۆتایی درێژە بە شەڕەکە بدات ، لێبڕاوانە گوتی :

- به ڕاستی خۆشت دەوێم ؟! کەواتە وەرە زەماوەند بکەین .

چاوانی ئەفەندی ئەبلەق بوون ، بە نەباوەڕییەوە تەمەشای حەمیدەی کرد . حەمیدە ، ئەو قسەیەی بە جدی نە بوو ، بەڵام دەیویست ، ئەفەندی تاقیبکاتەوە ، قسەی دڵی بزانێت ، فەرەج ئیبراهیم گوتی :

- باشە . با زەماوەند بکەین و دەست بەرداری ئەم ژیانە ببین.

سەبری فەرەج ئیبراهیم سوا ، هاتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بە ڕاشکاوی قسان بکات و مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوەو ئەگەر دەرامەتی شەوەکەشی لەکیس چووە ، گرێی دڵی بۆ بکاتەوە . بە تەوس و توانجەوە لەقاقای پێکەنینی داو بە تەشەرەوە گوتی :

- بیرۆکەیەکی زۆر باشە ! ئافەرین بۆ تۆ گیانەکەم . زەماوەند دەکەین و وەکو خەڵکانی ئابڕوومەند دەژین . فەرەج ئیبراهیم و ژنەکەی و منداڵەکانیان ! ... بەڵام پێم بڵێ زەماوەند چییە ؟... لەبیرم کردووە ، وەکو چۆن هەموو داب ونەریتێکی ئابڕوومەندانەم لە بیر کردووە، بەو ئاوایە ئەویشم لە بیرکردووە ، دەی باشە کەمێکم مۆڵەت بدەیە با بیرکەمەوە ... زەماوەند ؟! .. ئەوەندەی من بیرم بێتەوە ، شتێکی خەتەرە ، مەرجەکانی بریتین لە پیاو و ژنێک ، مەلایەک ، بەڵگەنامەیەکی ئاینی و زۆر سرووت و ڕێوڕەسمی دی ... فەرەج ئەم هەموو شتەت لە کوێوە زانیوە ؟ ... لە کتێبانەوە یان لە قوتابخانەوە فێریان بووی ؟! بەڵام من نازانم ، ئەم داب و نەریتە هێشتا ماوە ، یا خەڵکی وازیان لێهێناوە ! .. گیانەکەم حەمیدە ، پێم بڵێ ، خەڵکی هێشتا زەماوەند دەکەن ؟

حەمیدە ، لە تووڕەییدا ، ئازای گیانی کەوتە لەرزین ، دڵی پڕب وو لە نامرادی و خەم . تەمەشای کابرای کرد ، بزەیەکی تەوسامێز نیشتبووە سەر لێوی ، حەمیدە خوای نەما ، شێت و شبر بوو . بەو خەیاڵەی نینۆکەکانی لە گەردنی بچەقێنێ هێرشی بۆ برد ، بەڵام ئەم پەلامارە ناگەهانییە ، فەرەجی غافڵگیر نەکرد ، بە هێمنی ڕوو بە ڕووی بووەوە ، هەر دوو باسکی گرت ولێکی واڵا کردنەوە و لە کاتێکا هەمان بزەی تەوسامێز ، بە سەر لێوییەوە سەمای دەکرد ، خۆی لە دەستی دەرباز کرد . لێ حەمیدە هێندەی دی گڕی گرت ، دەستی هەڵبڕی و تا هێز لە بازوویا بوو و بەو پەڕی تووڕەیی زلەیەکی خێواندە بناگوێی . بزەکە لە لێوی ئەفەندی ئاوا بوو و نیگایەکی هەڕەشە ئامێزو شەڕانی نیشتە سەر چاوەکانی .

حەمیدەش چاوی بڕییە چاوانی ، بە تاسەوە چاوەڕوانی هەڵکردنی زریانەکەی دەکرد . لەزەتی ئەو شەڕەی کە چاوەڕوانی دەکرد ، خەمەکانی لە دڵی سڕییەوە ، ئەم شەڕو دەعوا هۆڤیانەیە ، مژدەی کۆتاییەکی خۆشی خەونە هیستریکیەکانی حەمیدەی پێبوو . بەڵام پیاوەش لە لای خۆیەوە ، دڵی بە ئاقیبەتی ئەم شەڕە خۆشبوو و بە قازانجی خۆی لێکیدەدایەوە ، لەمە غافڵ نەبوو ، کە ئەم شەڕ بە شەڕە ، ئەو پەیوەندییەی کە لە حاڵی پچڕاند بوو

، توند دەکاتەوە و ژنەی تاین زیاتر مەجبوور و ڕمموودەی ئەم دەبێت ، بۆیە خۆی زەوت کرد ، جڵەوی تووڕە بوونی خۆی گرت و لێبڕا بە کردەوە ، نیازی دابڕانی یەکجارەکی خۆی نیشان بدات ، ئەوە بوو بێهیچ بەرگرییەک خۆی لەشەڕەکە دزییەوە ، هەنگاوێک چووە دواوە ، لە حاڵێکا بەرەو دەرگاکە دەچوو ، بە هێمنی گوتی :

- با فریای کارەکەمان بکەوین گیانەکەم ...

حەمیدە ، باوەڕی بە چاوانی خۆی نە دەکرد ، تەمەشایەکی ئەو دەرگایەی کرد ، کە فەرەج لێوەی دەرچوو بوو ، تووشی نائومێدیەکی دژوار بوو . هەر بەغەریزە هۆی پاشەکشەکەی ئەفەندی بۆ دەرکەوت ، دڵی هەستی بە کارەساتە بە سوێیەکە کرد . ئارەزوویەکی بە کوڵ و جۆش و کوت و پڕی کوشتنی ئەوی کەوتە دڵ ! ئارەزوویەکی توند و ڕاستەقینە ، نەک خۆزیایەکی درۆینەی ڕکوونی ، هەستی دەکرد ، توانای کوشتنی ئەوی هەیە. لە سایەی ئەم پیاوەدا زۆر لایەنی پەنهانی خودی خۆی بۆ ئاشکرا بوو وئێستاش یەکێک لە خەتەرترین ئەو لایەنانەی بۆ دەرکەوتبوو ، بەڵام ئایا ئامادە بوو ، لە بەر خاتری کوشتنی ئەو ڤیروسیا لە ژیانی خۆی بکات ؟

ئەو هەموو شتێکی لە پێناوی ژیاندا دانابوو ، بەڵام چاو پۆشی لە ژیان و قوربانیدان بە ژیان ؟! . سەر و دڵی گیرا ، نیگەرانی و نەفرەت بە سەریا زاڵ بوو ، مەیلی کوشتن لە ناخیا دەم بە دەم زیاتر کڵپە و بڵێسەی دەسەند ، دەبوو پێش هەموو شتێک لە ماڵەکە وەدەربکەوێ ، مەگەر لە دەرێی ماڵەکەدا ، لە دۆخی بیرکردنەوەو هزرینەکانی ڕزگار بوایە ، دەلیڤەیەکی هێور بوونەوەی بدۆزیباوە . بە هەنگاوی قورس بەرەو دەرگاکە چوو ، هەنگێ بیری کەوتەوە کە خەریکە ئەم ژوورە — ژوورە هاو بەشەکەیان — بە یەکجارەکی بەجێدێڵێت . ئیدی ئاوڕی پاشی دایەوە ، وەکو ئەوەی بە نیگا ماڵاوایی لێبکات . لەو ساتەدا ، دڵی لە سینەیدا نە دەهێوری . خودایا . چۆن هەموو شتێک بەم خێراییە کۆتایی هات و بڕایەوە ؟! ئەم ئاوێنەیە .. چەند شاد و دڵخۆش تیا دەرکەوتبوو ، ئەدی ئەم تەختە خەوە نەرم و نیانە بۆ ناڵێی کە بێشکەی خەون و ڤیان بوو ، ئەدی ئەم قەنەفەیە ! لە بەر دەم ئەوا لە سەری دادەنیشت و بە دەم ماچ و دەست لە ملانێوە گوێی لە ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی دەگرت ، وێنە دوو قۆڵییەکەیان ، بە جلی شەوەوە ، لە سەر ئەم مێزە دانرا بوو ! ئەوسا ، پشتی کردە بیرەوەری و یادگاریەکان و بە هەشتاو لە ژوورەکە دەرکەوت ، بە دەم ڕێگاوە شنەبای فێنکی هەڵدەمژی و لە دڵی خۆیدا دەیگوت :"هیچ دەرفەتێک بۆ لە نێوبردنی لە دەست نادەم !" چەند ئەمەی بەلاوە خۆش بوو ، بەو مەرجەی ژیانی لە قەبەڵی نە دابا ، ژیان بۆ ئەوە نییە قوربانی پێبدرێ ، ژیان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە ، تەنانەت لە سەرووی خودی ڤیان و خۆشەویستیشەوەیە . ئەشق لە دڵیا بوو بوو بە برینێکی قووڵ ، بەڵام ئەو ژنێک نەبوو کە ڤیان فەوت و فەنای بکات ، زامێکی قووڵی لە دڵدا بوو ، لێ زامدار، دەتوانێ بە دەم ئازاری زامەوە بژی ، دەتوانێ ژیانێکی بە سەروەت و سامان و ، شادی و دەسەڵاتخوازی و شەڕو قەرقەشە بە دەست بێنێ . بەو جۆرە ڕوو بە ڕووی نائومێدییەکەی

خۆی بووەوە . گالیسکەیەکی بینی ، ئاماژەی بۆ عارەبانچیەکە کرد ، سوار بوو ، هەستی کرد پێویستیەکی زۆری بە ئیسراحەت و هەوا هەیە . بە عەرەبانچیەکەی گوت :

– یەکەمجار برۆ بۆ مەیدانی ئۆپراو پاشان بگەڕێوە بۆ شەقامی فوئادی یەکەم ، بێ زەحمەت یەک لە دوای یەک .

لە ناوەندی کوشنی عارەبانەکەدا دانیشت و پشتی دایەوە ، لاقەکانی نانە سەر یەک ، کراسە ئاوریشمینەکەی هەڵماڵراو شلکەی ڕانی دەرکەوت ، جانتاکەی کردەوە ، پاکەتە جگەرەکەی دەرهێنا ، جگەرەیەکی دەرهێناو دایگیراند ، بێئەوەی گوێ بەو چاوانە بدات کە بڕدرا بوونە ڕانە ڕووتەکانی ، بە تاسەوە جگەرەکەی دەکێشا ... لە فکران ڕاچوو ! زۆر دوورە ، زام و دەردو ، کول و کۆڤانی دڵی سارێژ ببێتەوە . هەروەها زەحمەتیش بوو ، دەستی کە گەیی بووە پەتی ژیان ، خاو ببێتەوەو لە ژیان بەر بێ ، ئاوات و ئارەزووی زۆری لە دڵدان و چاوەڕوانی خۆشی و شادی فرەی دەکرد . بەڵام هەرگیز ئەوەی بە خەیاڵدا نە دەهات ، کە تووشی ڤیانێکی تازەی ئەو تۆ ببێت ، کە ئەم ڤیانە ناکامەی لە بیر بەرێتەوە . چونکە ڕقی لە ڤیان بوو ، مرۆڤیش هەرکاتێ گەوهەری پرشنگداری ڤیان لە دەست بدات ، ئیدی هەرگیز وێنا ناکات جارێکی دی پێی شاد بێتەوەو بیدۆزێتەوە . کاتێ وەخۆ هاتەوەو تەمەشای ڕێگاکەی کرد ، بینی گالیسکەکە بە دەوری مەیدانی ئۆپرادا دەسوڕێتەوە. لە دوورەوە چاوی بە مەیدانی مەلیکە فەریدە کەوت ، خەیاڵ هەڵیگرت و بۆ موسکی و سکەالجدیدە و سەنادقیەو میدەقی برد ، ئاپۆڕای خەڵکی بەر چاو کەوت : ژنان و پیاوان و لە خۆی پرسی : " ئەگەر یەکێک لەوانە بەم جل و بەرگەوە بیدێنێ ، ئاخۆ دەیناسێتەوە ؟ .. ئایا هیچ کەسێک حەمیدە ، لە پشت پەردەی ( تیتی ) یەوە دەناسێتەوە ؟ خەمی چیەتی ؟! نە بابی هەیە نە دایک ! ... بە فیزێکەوە دوا مژی لە جگەرەکەی داو ئاغزەکەی تووڕ دا ، خۆی بە تەمەشای شەقامەکەوە مژوول کرد . تا ئەوە بوو گالیسکە کە بەرەو شەقامی شەریف گەڕایەوەو بەرەو ئەو مەیخانەیە چوو کە حەمیدە بە نیازی بوو . لەو کاتەدا دەنگێکی هاتە گوێ وەکو ئەوەی لە بنەبانی گۆڕێکەوە بێ وهاواری کرد "حەمیدە" . ئاوڕی دایەوە ، حەپەسا ، عەباسی لە چەند شەقاوی خۆیدا بینی . نا ئاگایانە هاواری کرد :– عەباس ! ...

(٣٢)

عەباس ، کە ماوەیەکی زۆر لە مەیدانی ئۆپراوە ، بەغاردان دووی گالیسکەکە کەوتبوو ، هانکە هانکی پێکەوتبوو ، بێئەوەی گوێ بە دەور وبەری خۆی بدات ، شانی لە خەڵکەکە دەداو لە هیچ نەدەگەڕایەوەو گوێی لە دەمرێژی جنیو و نەفرەتی خەڵکەکە نەبوو . پێشتر ، لەگ ەڵ حەسەین کەرەشەدا ، قۆڵ لە قۆڵی یەکدیدا پیاسەیان دەکرد . بە جووتە بێهیچ ئامانجێک — دوای ئەوەی لە مەیخانەی ڤیتا وەدەرکەوتن — بۆ خۆ پیاسەیان دەکرد کە سەرەنجام بە دەم هەنگاوی کوێرانەوە گەیی بوونە مەیدانی ئۆپرا . لەوێ حوسەین چاوی بەو گالیسکەیە دەکەوێ کە حەمیدەی

تیابوو ، حەمیدەی بە دانیشتنەوە بینی بوو ، بەڵام نەیناسی بووەوە . بە ئاماژەی برۆ عەباسی ئاگادار کرد بووەوە ، عەباس ڕوانیە ئەو گالیسکەیەی کە بەرەو ڕوویان دەهات ، چاوی بەو کیژە کەوت کە لە فکران ڕاچوو بوو ، نەیتوانی چاوی لێبگوازێتەوە ، چونکە شتێک لە ڕوخساری ژنەی تایندا هەبوو ، کە بە هێزێکی جادوویی ئەمی ڕادەکێشا ، ناسکییەک لە جەستەو لەشیا هەبوو . بەر لەوەی چاو هەستی پێبکات ، دڵ هەستی پێدەکرد . تەزوویەک بە ئازای ئەندامیا هات ، سووکە مەستیەکەی ڕەواندەوەو دڵی هاواری کرد " خۆیەتی ؟" . گالیسکەکە لەوان تێپەڕی و پشت لەوان بەرەو باغی "ئوزبەکیە" ڕۆیی ، ئیدی عەباس بێئەوەی هەڵوەستە بکات یا بیربکاتەوە ، بە غاردان دووی گالیسکەکە کەوت . حوسەینی هاوڕێی ، لە دوایەوە کەوتە هاوار و بانگکردن .. قەرەباڵغی و جەنجاڵی هاتو چۆ لە هەوەڵی شەقامی فوئادی یەکەمدا ، عەباسی کەمێک ماتەڵ کرد ، بەڵام چاوی هەر لە گالیسکەکە بوو . پاشان بە غار دووی گالیسکەکە کەوتەوە ، خەریک بوو لە پەل و پۆ دەکەوت ، لە بەر مەیخانەکەدا ژنەی تاینی گرتەوە ، خەریک بوو خۆی بە مەیخانەکەدا دەکرد ، کە عەباس بانگی کرد ، کاتێ حەمیدە ئاوڕی دایەوەو بە ناو ناوی هێنا ، ئیدی هیچ گومانێکی لا نەما ، بە دەم هانکە هانکەوە لە هەنبەر حەمیدەدا وەستاو نەیدەزانی چۆن باوەڕ بە چاوی خۆی بکات . حەمیدە لە هەوەڵەوە دەسەپاچەو شپرزەبوو و نەیدەزانی چی بکات ، دوای تۆزێک هەستی بە خراپی شوێنەکەی کردوو خڕ بوونەوەی خەڵکەکە نیگەرانی کرد . هەوڵی دا خۆی زەوت بکات و ، بە هەشتاو خۆی بە کۆڵان وپێچێکی تەنیشت مەیخانەکەدا کردو ئاماژەیەکی بۆ عەباس کرد کە دوای بکەوێ . خۆی بە یەکەمین موغازەی دەستەچەپی کۆڵانەکەدا کرد کە موغازەیەکی گوڵ فرۆشتن بوو . کچۆڵە گوڵ فرۆشەکە کە حەمیدەی ، بە حوکمی هاتو چۆی بۆ دووکانەکە ، دەناسی ، سڵاوی لێکرد . حەمیدەش سڵاوەکەی سەندەوەو عەباسی لە گەڵ خۆیدا بۆ ئەو سەری دووکانەکە برد ، تا لە چاوی خەڵکی دووربن ، کچەی گوڵفرۆش ، تێگەیی کە حەمیدە گەرەکێتی لە گەڵ هاوڕێکەیدا بە تەنیا بێ ، بۆیە گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی خۆی کە لە پشت جامخانەکەوە بوو . بە خوێنساردی و بێ موبالاتی ، وەک ئەوەی کەس لە دووکانەکەیا نەبێت ، بێخەم لێی دانیشت . عەباس و حەمیدە ڕوو بە ڕووی یەکتر وەستان ، عەباس سەرسام و سەرگەردان دەینواند ، ئازای بە دەنی دەلەرزی . چ ئەنگێزەیەک هانی دابوو ئەو ڕاکە ڕاکەیە بکات ؟! چ مەبەستێکی لەم دیدارە ناچاریە هەبوو ! نیازی چ بوو ؟ لەو ساتەدا بیری بە هیچ کوێ ڕانەدەگەیی . هیچ نیازو مەبەستێکی بنجبڕی لە خۆیدا شک نە دەبرد . ئەو بیرە ناخۆشانەی کە — لە کاتی ڕاکردنەکەیدا — بەر چاویان دەگرت . لە زگ بوو بکەنە کارێک کە ڕێگاکەی بەردەم خۆشی نەبینێ ، سەری لێ شێوا بوو ، نەیدەتوانی لە سەر بۆچوونێک بگیرسێتەوە یان بڕیارێکی بنجڕ بدات . بۆیە نائاگایانەو بێهیچ ئامانجێک و بە شێوەیەکی میکانیکی غاری دەدا . ئەو کاتەی حەمیدە بە ناو ناوی برد ، هێندەی دی گێژو سەرگەردان بوو ، وەکو یەکێک بە دەم خەوەوە ڕێ بکات ، بەو ئاوایە تا ناو موغازەی گوڵ فرۆشیەکە ، بە گەڵی کەوت . دوای ئەوە بەرە بەرە وەخۆ هاتەوەو کەوتە تەماشاکردنی ئەو ژنەی کە بەجل و بەرگی تازەو ئارایش و زێڕ و زێوەری نامۆوە لە

بەر دەمیا وەستا بوو . بێهودە ، هەوڵیدەدا ، یەک نیشانەی ئەو کیژەی تیا بدۆزێتەوە کە خۆشی ویستبوو ، بەر چاوی تاریک بوو ، دڵی تەژی خەم و پەژارە و نامرادییەکی تاڵ بوو . ئەوەندە گێل و کەودەن نەبوو ، کە هەست بە حەقیقەتی ئەو دیمەنەی بەردەمی نەکات . ئەو دەنگۆیانەی لە میدەق باو وبڵاو بوون ناچاریان دەکرد باوەڕ بە کارێکی نەنگین بکات ، بەڵام ئەو دەنگۆیانە لە کوێ و ئەم حەقیقەتەی بە چاوی خۆی دەیبینی لە کوێ ! لە کانگای دڵەوە هەستی بە پوچی و بێهودەیی ژیان کرد. بەڵام ئاگری ئەو تووڕەیییەی کە شەو و ڕۆژ دەیسووتاند ، دەهری نەکرد ، نەیکردە کارێک بە ڕوویا بتەقێتەوە ، یان تەنانەت تفێکی لێبکات . ئەم هەڵوێستەی عەباس ، کردیە کارێک حەمیدە، حایر و پەرێشان تەمەشای بکات ، دڵی دالەرزی ، هەستی بە ترس کرد ، حەزی نە دەکرد ڕابردووی بیر بکەوێتەوە ، خۆی لە هەر شوێنەوارێکی رابردوو دەدزییەوە . عەباس . نە هیچ سۆزێکی بەرانبەری هەبوو ، نەخەفەتی لێ دەخوارد ، بەڵام ئەم هەڵوێستە نەفرەت و ڕقی ژنەی هەڵدەسان ، ژنە لە دڵی خۆیدا نەفرەتی بۆ ئەو بەختە شوومە دەنارد ، کە ئەوی هێنابووە سەر ڕێگای ، بێدەنگییەکە ئەعسابی ژنەی گرژ کرد ، تەواو زەیفی لێسەند ، ئەنجام حلو ، بە دەنگێکی گڕو لەرزۆک گوتی :

– حەمیدە ! ئەمە تۆی ؟! خودایە چۆن باوەڕ بە چاوانی خۆم بکەم ؟! چۆن ماڵ و ژیان و دایکت بەجێهێشت و خۆت بەم حاڵ و ڕۆژە سپارد ؟!

حەمیدە ، بە نیگەرانیەکی ئاشکراوەوە بەرسڤی دایەوە :

– هیچ شتێک لە من مەپرسە ، هیچ قسەیەکم پێ نییە . خواستی خوا ، هەرچیەک بێ ، گەڕانەوەی نییە .

شڵەژان و قسەکەی ، کاردانەوەیەکی چاوەڕوان نەکراوی لێکەوتەوە . کوڕەی زۆر تووڕە کرد ، ڕقی هەستاند ، هاوارێکی ئەوتۆی کرد ، لە سەرانسەری موغازەکەدا دەنگی دایەوە :

– هەرزەی درۆزن خوێڕییەکی وەکو خۆت تەفرەی دایت ، چووە ژێر کلێشەتەوەو ڕەدووی کەوتیت و لە گەڕەکەکەدا حەیاو حورمەتی خۆت برد . ئەوەتا ڕوخسارو میکیاجەکەت هاوار دەکات و ڕسواییەکەت لە قاو دەدات ..

ئەم تورەبوونە لە ناکاوە . تەبیعەتی هۆڤیانەی حەمیدەی بێدار کردەوەو بە جۆرێ تووڕەبوو ، هەرچی ترس و نیگەرانییەکی لە دڵدا بوو ، هەمووی ڕەواندەوە ، خۆی لە خۆیا تووڕە بوو ، ئەمەشی هاتە سەرو هێندەی دی شێلگیر بوو . ڕوخساری گڕی گرت و هاوارێکی شێتانەی بە سەرا کرد:

– بێدەنگ ... وەکو شێتان هاوار مەکە . وا دەزانی لەم دادو بێدادەت دەترسم ؟! چیت لێم دەوێ ؟ .. تۆ هیچ هەقێکت بە سەر منەوە نیە ، هەیدێ گوم بە لەبەر چاوم ..

پێش ئەوەی ژنە قسەکەی تەواو بکات ، تووڕەیی کوڕە دامرکابووەوە ! هێرشەکەی ژنە ، وەکو ئاوێک کە بکرێ بە ئاگردا ، بەو ئاوایە تووڕەیی کوڕەی لە سینگیا خەفەکرد . گێژو مەنگ چاوی بڕیە حەمیدەو لە بن لێوانەوەو بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی :

- چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەی بەمجۆرە قسە لەگەڵ مندا بکەی ؟ ئەدی تۆ ... ئەدی تۆ دەزگیرانی من نەبوویت ؟

ژنە ، کە بە شکستی بەرامبەرەکەی خۆشحاڵ بوو و لە تووڕە بوونەکەی خۆی کە فریای کەوتبوو ، ڕازی دیار بوو ، بە ناڕەحەتیەوە گوتی :- باسکردنی ڕابردوو بە چ دەچێ ؟! لە دوای چووان مەچوو ، تازە ڕابردوو ناگەڕێتەوە ، ئەوەی چوو چووا .

عەباس ، حایرو سەرسام ، بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە گوتی :

- ڕاستە ، ڕابردوو ڕۆیی و بڕایەوە . بەڵام من سەر لەم بادانەوەیەی تۆ دەرناکەم ، باشە تۆ خۆت گفتت نەدابوو ؟ .. مەگەر من لە پێناوی بەختەوەری هەردوو کماندا ، سەری خۆم هەڵنەگرت و نە چووم بۆ ئەو دیارو دەڤەرە دوورە ؟!

حەمیدە ، بێئەوەی بشڵەژێ یان لە ڕوو دابمێنێ ، لە دڵی خۆیدا و بەنیگەرانییەوە دەیگوت : کەی دەستبەردار دەبێ ؟ کەی تێدەگات ؟ کەی دەڕوات ؟ . ئەوسا ، بە دەنگێکی بڕێک خەمینەوە بەرسڤی دایەوە :

- من شتێکم دەویست و قەدەرو چارەنووس شتێکی دی ... ئەوەی لای بەندە خەیاڵە ، لای خودا بەتاڵە ..

بەڵام ، پەرێشانی حەمیدە ، لە عەباس شاراوە نەبوو . بەڵام حەزی دەکرد درێژە بە گفتوگۆیەکە بدات و بچێتە بنج و بناوانی مەسەلەکە . خاو بوونەوەی تووڕەییەکەی حەمیدەی بە هەل زانی و بە دوودڵی و نا ئومێدییەوە گوتی :

- چیت بە خۆت کردووە ؟ ... بۆچی خۆت تووشی ئەم چارەنووسە ڕەشەکرد ؟ .. چ نەگبەتیەک کوێری کردی ؟ چ تاوانبارێک ( لێرەدا دەنگی ئەستوور بوو ) تۆی لە باوەشی ژیانە بێگەردەکەت ڕفاندو تووڕی دایتە زبڵدانی لەشفرۆشییەوە ؟ ..

ڕوخساری حەمیدە تاریک بوو و بە ناڕەحەتییەوە گوتی :

- ئیدی ئەمە ژیانی منە ، ئەمە ئەو چارەنووسەیە کە لێم نابێتەوە . ئێمە ئێستا ، بە یەکەی نامۆین و یەکدی ناناسین . ئیدی ناتوانم بگەڕێمەوە ، تۆش هەرچیەک بڵێی ناتوانی هیچ شتێک بگۆڕیت ، ئاگادار بە دەنگم بە سەرا بەرز نەکەیتەوە ، چونکە لێتی قەبووڵ ناکەم ، بەخۆم دەزانم ئەمە چارەنووسمەو ناتوانم چارەنووسی خۆم بگۆڕم .

بۆیە بەرگەی ئەوە ناگرم هیچ کەسێک لێم تووڕە بێ و هێندەی دی خەفەتبارم بکات . لە بیرم بەرەوە ، بە کەیفی خۆت بمبوغزێنە ، بەڵام بە خۆشی و سەلامەتی وازم لێبێنە ..

ئەم کیژە کێیە ، چی بە سەر هاتووە ؟ ئەمە لە کوێ و ئەو حەمیدەیەی کە یەکیان خۆش دەویست و دلبەرو دڵداری یەکدی بوون لە کوێ ؟ .. سەیرە : باشە حەمیدە بە ڕاستی خۆشی نەدەویست ؟ باشە لە سەر قاڵدرمەکان ، ماچی نە دابووێ ، دەمیان لە دەمی یەکدی نە نابوو ؟ باشە ڕۆژی خودا حافیزییەکە دوعای خێری بۆ نەکرد بوو ، بەڵێنی نە دابوو بچێتە سەر نزرگەی ئیمامزادە حوسەین و لێیی بپاڕێتەوەو شەفاعەت بۆ دەزگیرانەکەی بخوازێ ؟ .. باشە ئەم کیژە ، بۆچی وای بە سەر هاتووە ؟! هەست بە ژێوان بوونەوە ناکات ؟ هیچ شوێنەوارێکی میهرو مەحەبەتەکەی جارانی لە دڵدا نەماوە ؟ ئەگەر بەزەیی بە ژنەدا نەهاتباوەو لەوە نە ترسابا دیسان تووڕە ببێت ، لەگین بوو دیسان بخرۆشێت و تووڕە ببێت ، بەڵام لە کانگای دڵەوە ئاهێکی بۆکرپوزاوی هەڵکێشاو گوتی :

- تۆ منت حایر کردووە ، تا زیاتر گوێت لێدەگرم ، زیاتر حایر دەمێنم . دوێنێ کە لە گرێ مەزن گەڕامەوە ، ئەم هەواڵە ناخۆشەم بە سەرا ڕوخا . دەزانی بۆ چی گەڕامەوە ؟ ( پاکەتی ملوانکەکەی نیشاندا ) ئەم دیارییەم بۆ هێنا بوویت ، بە نیاز بووم بەر لەوەی بۆ ئەو دیارو دەڤەرە بگەڕێمەوە ، مارەت بکەم ..

حەمیدە بە بێدەنگی تەمەشایەکی پاکەتەکەی کرد . لەم کاتەدا عەباس چاوی بە تاجە ئەڵماس و گوارە مرواریەکانی حەمیدە کەوت و پاکەتەکەی نایەوە ناو گیرفانی . سەر ودڵی گیراو بە توندی لێی پرسی :

- باشە خەفەت لەم حاڵەی خۆت ناخۆیت ؟!

چاوانی حەمیدە ، پرشنگیان دا ، پرشنگێکی گۆنگ کە ناخی بێدار کردەوە بە دەنگێکی ، بە ڕواڵەت خەمناک و لە ڕاستیا ساختەو دەستکرد گوتی :- تۆ نازانی من چەند بەدبەخت و چارەڕەشم.

چاوانی عەباس ، لە سەر سامی و گومانا ، ئەبڵەق بوون ، بەو پەڕی خەمینییەوە گوتی :

- نەگبەت خۆت حەمیدە ! ... بۆچی بە گوێی شەیتانت کرد ؟ .. چۆن دڵت هات ژیانی ئابڕوومەندانەی خۆت بە فیرۆ بدەیت ؟ .. چۆن ژیانی پاک وبێگەردی خۆت ، هیواو ئاواتە چاوەڕان کراوەکانت ( لێرەدا دەنگی لە ئەوکیا گیرا ) .. لە قەبەڵی تاوانبارێکی شەیتان ئاسا بکەیت ؟! .. ئەمە تاوانێکی گەورەیە ، لە بەخشین نایەت .. بیرکردنەوەی حەمیدە ، هێشتا لە ژێر باندۆری ئەم نیگەرانییەدا بوو ، کە بە هەمان زمان و تۆنی خەمینەوە گوتی :

- من بە خوێن و گۆشتی خۆم باجەکەی دەدەم ..

عەباس . هێندەی دیکە نیگەران و شپرزە بوو ، لە دڵی خۆیدا سووکە شاییەکی گۆنگی بە ئیعترافەکەی حەمیدە هات کە گوایە زۆر بەدبەخت و چارەڕەشە . بەڵام ژنە کۆڵی نەدا ، بیرۆکەیەکی شێتانە ، بە مێشکیا دەهات و دەچوو ، ئیلهامێکی شەیتانی ختووکەی خەیاڵی دەداو هانی دەدا کە عەباس لەو پیاوە تیژ بکات کە بەمجۆرە کرد بووی بە مەخسەرە ، بە ئومێدی ئەوە بوو لە ڕێگەی عەباسەوە تۆڵەی خۆی لێبکاتەوەو بەخۆیشی لە هەر پێشهاتێکی خراپ بە دوور بێ ، یانی عەباس بکات بە داردەست و بە خۆیشی وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچێت . بە دەم نیگایەکی مەزڵوومانەوەو بە دەنگێکی کز گوتی :

- من کەسێکی بەدبەخت و چارەڕەشم عەباس ... گلەیی بەد قەولی و پەیمانشکێنیم لێمەکە ، نە گبەتی و بەد بەختی ئەقڵی لەکار خستبووم . ئێوە هەمووتان وەکو هەرزەیەکی بەدکارە تەمەشام دەکەن ، ئەوەی ڕاستی بێ من کەسێکی بەدبەخت و سیاچارەم ، شەیتانی نەعلەتی فریوی دام ، خۆشم نازانم چۆن بۆی هاتمە ڕەدایە ، چۆن کەوتمە داوییەوە ، بەڵام وێڕای ئەمەش خۆم بەبێ گوناح نازانم ، داوای بوردن لە تۆ ناکەم ، دەزانم هەڵەم کردووە ، گوناحم کردووەو ئێستاش باجی ئەو کارە دزێوەی خۆم دەدەم . ببورە کە تووڕە بووم ، و لە وەڵامی قسە هەقەکانی تۆدا ، قسەی بێ سەر وبەرم کرد . بمبوغزێنە ، بە کەیفی دڵ و دەروونە پاکەکەی خۆت بە سەرما ببۆڵێنە ، هاوارم بە سەردا بکە ، گاڵتەم پێ بکە ، پێم خۆشبە ، چونکە من حاڵی حازر و بەم ڕەوشەمەوە گەمە و بووکەڵەیەکی بێ بەهام بە دەست پیاوێکی دڵڕەقەوە ، دوای ئەوەی ئازیزترین دارایی بە تالان بردم ، بەرەڵای جادەو بانانم دەکات تا ئازیزترین داراییم بفرۆشم و سوودەکەی بۆ خۆی بەرێ . ڕقم لێییەتی ، بە هەموو بەد بەختی و ڕیسواییەکەوە ، کە ئەو بەسەری هێنام ، ڕقم لێیەتی ، لێی بێزارم بەڵام مەحاڵە بتوانم لە دەستی بخەلەسم .

داد وبێدادو گلەییەکانی حەمیدە ، پەرێشانی کرد بوو ، چاوەکانی حەمیدە کە نەگبەتی و بەد بەختیان لێدەچۆڕا ، ترسیان دەخستە دڵییەوە ، ئەو ژنە تووڕەیەی کە تۆزێ لەمە پێش خەریک بوو پەلاماری دەدا ، لە بیرکرد ، غیرەتی مەردانەی جوڵاو هاواری کرد :

- وا وەیلا بەحاڵی ئێمە حەمیدە ... تۆ بەد بەخت و من چارە ڕەش ، هەر دووکمان بە دەستی ئەم تاوانبارە بەد بەخت بووین ... من ناتوانم ئەوە لە بیربکەم کە هەڵە گەورەکەی تۆ بۆ هەتا هەتایە من و تۆی لێکدی کرد ، لە کاتێکا ئێمە هەر دووکمان باجی ئەم هەڵەیە دەدەین و بە ئازارییەوە دەتلێینەوە ، کەچی تاوانباری سەرەکی ، بارسووک و سەر سەلامەت لەو گۆڕە دەسوڕێتەوەو شایی بە نەگبەتی و چارە ڕەشی ئێمە دێت ، پیاو نەبم ئەگەر ئەو کەللەیەی نەپژێنم !

حەمیدە ، هەستی بە ئاسوودەیی کرد ، هەنگێ ، بۆ ئەوەی نەبا کەشف بێ ، چاوانی داخست . حەمیدە باوەڕی نە دەکرد ، عەباس بەو ئاسانییە بکەوێتە داوەکەیەوە و لە دڵی خۆشیا زۆر بەم قسەیەی عەباس : " ئەم هەڵە گەورەیەی تۆ بۆ هەتا هەتایە من و تۆی لێکدی کرد .." خۆشحاڵ بوو . ئیدی لەوە دڵنیا بوو ، کە عەباس لێی نابوورێ و بیر لەوە ناکاتەوە جارێکی دی بۆلای خۆیی بەرێتەوە ، بەمجۆرە ، خەتێکی ڕاست و چەپی بە سەر هەموو ئەو وێناو خەیاڵاتانەدا کێشا . بەڵام عەباس حلو دەسبەردار نە بوو ، بە پەستی و تووڕەیی لە سەری ڕۆیی :

– تا کەللەی نەپژێنم وئیسک و پروسکی تێک نەشکێنم ، سوکناییم نایەت ! ڕاستە ناتوانم ئەوە لە بیربکەم کە تۆ ڕەدووی کەوتی ، ئەوە لە بیربکەم ، کە خەڵکی تۆیان لە گەڵیا دیتووە کە بە دوو قۆڵی پیاسەتان کردووە . کەم و زۆر ئومێدی ئەوەم نییە کە جارێکی دی یەک بگرینەوە ، حەمیدەی ، ئازیزەکەی دڵم ، بۆ هەمیشە لە دەست دا . بەڵام دەبێ سزای ئەو نامەردەی کە بەد بەختی کردین ، لە قولی مستی بنەم . دەبێ ئەویش تاڵاوی هەمان بەد بەختێ بنووشێت کە بە ئێمەی نۆشاند . پێم بڵێ ، دەتوانم لە کوێ بیدینم ؟

حەمیدە کە لەو ساتەدا ئەقڵی لە زمانی خێراتر کاری دەکرد ، گوتی :

– ئەمڕۆ ناتوانی بیدینی ، بەڵام ئەگەر مەبەستتە ، نیوەڕۆی ڕۆژی یەک شەمە وەرە ، لەو مەیخانەیەی سەری ئەم کۆڵانەدا دەیبینی . جگە لەو هیچ میسرییەکی دی لە مەیخانەکەدا نابێ ، خۆ ئەگەر کەوتیە گومانەوە ، بە ئاماژەی چاو نیشانتی دەدەم ... بەڵام پێم بڵێ دەتەوێ چی لێبکەی ؟

ئەم قسەیەی دوایی بە جۆرێ کرد ، وەکو ئەوەی خەمی ئەمی بێ و ، نەبا بەڵایەکی بە سەر دا بێ . بەڵام عەباس ، بە تووڕەیی و نائومێدییەکی شێتانەوە گوتی :– کەللەی ئەم گەوادە خوێڕییە دەپژێنم ..

حەمیدە ، بە دەم تەمەشاکردنی عەباسەوە لە خۆی پرسی :– باشە حلو دەتوانێ پیاو بکوژێت ؟ ..

هەر خۆی ، بە فیراسەت پەی بە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی برد ، بەڵام ئارەزووی دەکرد ، زەمینەیەک فەراهەم بکات تا فاسقەکەی گیرۆدەی یاسا بکات و هەم تۆڵەی خۆی لێبکاتەوەو هەم لە داوی ئەو دەرباز ببێت ، بیرۆکەکەی خۆی بە دڵ بوو ، بەڵام لە کانگای دڵێشەوە حەزی دەکرد ، حلو لە سۆنگەی ئەم سەرکێشی و ڕیسکەوە . گرفتاری بەڵایەکی گەورە نەبێ و بە سەلامەتی دەرباز ببێت ، لە خوا دەپاڕایەوە کە عەباس ، تۆڵەی ئەم لە ئەفەندی بکاتەوە و بێئەوەی تووشی هیچ بەڵایەک ببێت ، بۆیە ئاگاداری کردەوە و گوتی :

– ئاگادار بە ، نەکەی لە پێناوی تۆڵە ئەستاندندا گیانی خۆت بخەیتە مەترسییەوە ! لێی بدە ، ئابڕووی بەرە بیکێشە پۆلیسخانە تا ئەوان خۆیان بە پێی یاسا سزای بدەن ..

لێ عەباس گوێی لێنەدەگرت ، وەکو ئەوەی خۆی بدوێنێ دەیگوت :

– هیچ ماقووڵ نییە بەخوت و خۆڕایی بەدبەخت بین . حەمیدە تەواو بوو ، عەباس تیاچوو ، چۆن دەبێ ئەم گەوادی خوێڕییە وەکو بەرزەکی بانان ، بێخەم و خەیاڵ بسوڕێتەوەو بە بەد بەختی و چارەڕەشی ئێمە پێبکەنێ ، ملی دەشکێنم ، حەیاتی لەبەر دەبڕم ( ئەوسا دەنگی لێ بەرزکردەوەو ڕوویکردە حەمیدە ) : ئەدی تۆ .. حەمیدە ، ئەگەر ئەم شەیتانەم لە کۆڵ کردیتەوە چ دەکەی ؟

حەمیدە لە لێکەوتەکانی ئەم پرسیارە ترسا ، حەزی نەکرد ، ڕابردووی وەبیر بخاتەوە ، زۆر بە بنجبڕی و هێوری گوتی :– تازە من و دنیای ڕابردوو هەرگیز یەک ناگرینەوە ، هەموو شتێک تەواو ، بڕاوەتەوە ، خشڵەکانم دەفرۆشم و دەڕۆم ، لە شوێنێکی دوور کارێکی ئابڕوومەندانە بۆ خۆم دەدۆزمەوە .

عەباس ، بۆ ماوەیەک تاسا ، بە خەمێنییەوە لە فکران ڕاچوو . حەمیدە لەم ماوەیەدا هەزار ویەک ختوورەی بە دڵدا هات ، جۆرەها نیگەرانی تێوڕوکا ، تا ئەوە بوو عەباس سەری داخست و بە دەنگێک کە بە ئاستەم دەبیسترا ، گوتی :

– دڵم توانای بەخشێنی نییە .. ناتوانێ ، ناتوانێ ... بەڵام جارێ پەلەی خۆ گوم کردنت نەبێ ، تا بزانین ئاقیبەتی ئەم کارە بە کوێ دەگات ...

حەمیدە . لە قسەکانی عەباسدا ، جۆرە نیشانەیەکی بەخشین و چاوپۆشی و ڕامبوونی خوێندەوە ، پرشنگێکی نیگەرانی و پەرێشانی و پەشۆکان لە چاوانیا شەپۆلی دا . پڕ بە دڵ حەزی دەکرد کە ئەگەر قەرار بێ جارێکی دی عەباس باوەشی بۆ بکاتەوە ، هەر دووکیان ، هەم فاسقە بێ غیرەتەکەی و هەم عەباس تیا بچن و لە کۆڵی ببنەوە . بەڵام نەیدەتوانی ئەوەی لە دڵیایەتی بە ئاشکرا بیڵێ ، لاریشی لەوە نەبوو ئەگەر کەڵکەڵەی تۆڵەی لە سەرا نەبوایە ، خۆی ون بکات ، زۆر بەلایەوە ئاسان بوو ، بارگە تێکبنێ و بەرەو ئەسکەندەریە بڕوات ، ئەو ئەسکەندەریەی کە فەرەج ئیبراهیم زۆری بۆ باسکرد بوو . لەوێ دەیتوانی بەختەوەر بێ ، ئازادو سەربەست بژی و پابەندی هیچ قەید وبەندێک نەبێت و لە مێملان بە دوور بێت . بەمجۆرە ، هیچ چارێکی نەبوو جگە لەوەی بە هەمان میهرەبانی ئەو بڵێت :– بە کەیفی تۆ عەباس .

عەباس بە دەم بەدبەختی و نائومێدییەوە دەیناڵاندو و دڵی بۆ تۆڵەکردنەوەی هاندەدا ، بەڵام هێشتا دوو دڵ و حایرو سەرگەردان بوو .

ڕۆژ ڕۆژی دوعاخوازی و شادمانی بوو ، یەک هەست لە دڵی دۆستاندا شەپۆلی دەدا : ئەویش ئەوە بوو کە سەید ڕەزوان حوسەینی ، هەمان جێگەو پێگەی بەرزی لە دڵی هەمووواندا هەبوو . سەید لە خوا پاڕابووەوە کە ئەمساڵ حەجی بە نسیب بکات و دوعاکەی گیرابوو بوو، هەموو خەڵکەکە زانیبوویان عەسری ئەمڕۆ بە پشتوانی خوا بەرەو کەناڵی سوێس دەڕوات تا لەوێندەرەوە بەرەو دەڤەرە پیرۆزەکان وەڕێبکەوێ . ماڵەکەی پڕ بوو لە دۆستانی تەمەن و یارانی ئەمەکدار کە هاتبوون دوعاخوازی لێبکەن ، لە ژووره کۆنەکەدا ، کە دیوارەکانی ساڵەهای ساڵ شایەدی لوتف و میهری شەوبێداری زاهیدانەی ئەوان بوو، لە دەوری خڕ بوو بوونەوەو باسی حەجیان دەکرد و بیرەوەرییەکانیان دەگێڕایەوەو لە دەوری ئەو مەقەڵییە دانیشتبوون کە دوو کەڵی بخوردو ئەسپەندەری لێ بەرز دەبووەوە ، کەوتنە گێڕانەوەی هەندێک هەواڵی حەج کە زندووان و مردووەکانیشی دەگرتەوە . زۆر فەرموودەی شەریف وشیعری جوانیان بە نموونە هێنایەوە ، یەکێک لە ئامادە بوان بە دەنگی خۆش چەند ئایەتێکی پیرۆزی قورئانی خوێندەوە . پاشان هەموو بێدەنگ بوون . تاگوێ لە قسەکانی سەید ، کە لە دڵەوە دەردەچوون و دەچوونە دڵەوە ، بگرن . یەکێک لە خواناسان پێی گوت :- بە خێر بڕۆی و بە خۆشی بگەڕێیتەوە ..

بزەیەکی نوارانی نیشتە سەر ڕوخساری سەیدو هێندەی دی جوانی نواند ، بە دەنگە میهرەبانەکەی گوتی :

- برام ، باسی گەڕانەوە مەکە ، گەڕانەوەم بە گوێدا مەدە ، ئەوەی کە بە نیازی سەردانی ماڵی خوا بێ و بیری لای گەڕانەوە بێ و بیری نیشتمان بکات ، شایستەی ئەوەیە خوا خێرەکەی لێ قبووڵ نەکات و دوعاکەی گیرا نەکات و لە شادمانی مەحروومی بکات .. ئەو کاتەی لە بێشکەو سەر زەمینی سروشەوە ، بەرەو میسر گەڕامەوە ، بێگومان بیر لە گەڕانەوە دەکەمەوە ، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر حەزی خوای لە سەر بێ و دەستم بدات ، جارێکی دی بۆ حەج بگەڕێمەوە . پڕ بە دڵ حەزدەکەم ، ئەوەندەی تەمەنم ماوە . لە پەنای حەرەمی پاک و بێگەردی بە سەر بەرم ، شەو و ڕۆژ چاوم لەو دیار و دەڤەر بێ ، کە پێغەمبەری خوا بە سەریا ڕۆییوە . دەخوازم ئەو هەوایە هەڵمژم کە بە ژێرباڵی فریشتەکاندا هاتووە ، نەوای ئەو قورئانە بژنەوم کە لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوەو دووبارە بە دەنگی خەڵکی زەوی بۆ ئاسمان دەڕواتەوە ، لەوێدا جگە لە جاویدانی و نەمری ، خەیاڵ لە هیچی دی ناکرێتەوە . دڵ تەنیا بۆ خۆشەویستی خوا لێدەدا . ئەوێ مەڵبەندی دەواو دەرمانە . برام ... بە تاسەی ئاسۆی مەکەوە ، لە خۆشیا دەمرم . شامەرگ دەبم ، لەوێ بە دەم هەوای دەشت و دەر وکێوو ئاسمانەکانیەوە ، بە دەم چیەی زەمانی گۆشەو کەنارەکانییەوە گیان دەدەم ، ئاواتم ئەوەیە کونجی پەرستگاکانی بگرم و بچمە خەڵوەتەوە ، ئاواتم ئەوەیە ، تێر بە گەروو لە زەمزەمەکانی بخۆمەوەو تینوێتیم بشکێ ، بەو ڕێگایەدا بڕۆم کە پێغەمبەر بەهیجرەتی خۆی هەمواری کرد و پیتر لە هەزارو سێسەد ساڵە کە قەومێن جیاواز پەیڕەوی دەکەن . دەمەوێ بە زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر دروودی خوای لێ بێ ، دڵم فێنک بکەمەوە ، لەحەرەمی پاکی وی نوێژ بکەم . بە دڵبەندم ، کە زمان لە عۆیەی دەربڕینی

نایەت ، ئەوەندە دڵخۆش و شادمانم ، کە ئەقڵ وێنای ناکات ... برایان ، خۆم لە دۆڵەکانی مەکەدا دەبینم ، هێندە بە سۆزەوە سەرگەرمی خوێندنەوەی ئایەتانم ، دەڵێی تازەو یەکەمجارە هاتوونەتە خوارەوە .. دەڵێی گوێم لە دەرسێکی زاتی باڵایە ، وای لەو شادمانی و خۆشیە ! . خۆم لە حەرەمدا ، لە حاڵی سوجدە دەبینم و چارەی مەحبووب وەکو چۆن لە خەوا دێتە بەرچاو ، بەو ئاوایە دێتە بەرچاوی خەیاڵم ، وای لەو شادمانی و خۆشییە ! ... خۆم ملکەچ وسەر بە کڕنۆش لە هەنبەر دۆستا ، لە حاڵی ئیستغفارا دەبینم ، وای لەو ئاسوودەیی و دڵنیاییە ! بە خەیاڵ خۆ بە زەمزەمدا دەکەم و زامی تاسەم ، بە ئاونگی شەفاعەت تەڕ دەکەم ، تەحا لەو ئارامییە ... ! برام باسی گەڕانەوەم بۆ مەکە ، دوعام بۆ بکە کە خوای گەورە ئاواتەکەم بێنێتە دی ...

هاوڕێکەی گوتی :- خوا بە دڵی خۆت لە گەڵدا بکات و تەمەن درێژو ساغ و سەلامەت بی .

سەید ، دەستی بە ڕدێنی خۆیدا هێنا ، چاوەکانی لە خۆشیا درەوشانەوەو لە سەری ڕۆیی :

- دوعایەکی جوانە ، ئەلهەقی خۆشەویستی من بۆ ئەو دنیا ، بەو مانایە نییە کە دنیا تەرک بکەم یان ژیان ڕەفزبکەم . زۆر جار بە خۆتان دیووتانە کە چەند ژیانم خۆش ویستووەو چەند دڵم بە ژیان و شادیەکانی ژیان خۆشبووە ، چما دنیاو ژیان ئافەریدەی خوا نییە ، ئیدی بۆ حەزی لێنەکرێ ، خۆش نەویسترێ ؟ پەروەردگار دنیای دروست کردووە ، پڕی کردووە لە عیبرەت و لە خۆشی ، بۆ ئەوانەی بیری لێدەکەنەوەو شوکرانە بژێری دەکەن . بۆیە خۆشم دەوێ . ڕەنگەکانی ، دەنگەکانی ، شەوانی و ڕۆژانی ، خۆشی و ناخۆشییەکانی ، شانسداری و بێ شەنسیەکانیم خۆشدەوێ ، هەر گیاندارو بێ گیانێکی سەر ڕووی زەویم خۆشدەوێ ، دنیاو ژیان ، خێری خالیسەیە ، هەموو شتێکی خێرە ، شەڕ زادەی حاڵەتێکی نەخۆشانەیە ، نەخۆشی پەی نەبردن ، بە هەندێک لە لایەنە پەنهانەکانی خێر . تەنیا خەڵکی بێ توانای نەخۆش ، گومانی خەراپ لە دنیای خودا دەکەن . بۆیە پێتان دەڵێم کە خۆشەویستی ژیان و دنیا نیوەی عیبادەتە و خۆشەویستی پەسلان و ئاخیرەت نیوەکەی دیکەیەتی ، بۆیە زۆر لەو ئاهو ناڵەو ڕوندک و کینەو بوغرانە دەترسم کە دنیایان پڕ کردووە ، لە هەموو ئەمانەش خراپتر ، خوتەو بۆڵەی ئەو خەڵکانەیە کە تووشی نەخۆشی بێ توانایی بوون ، باشە ئەمانە حەزیان دەکرد ، لە بنی نەخوڵقابایەن ، نەهاتبایەنە دنیاوە ؟ ئەمانە بە تەمان بەر پەرچی حیکمەتی خوایی بدەنەوە ؟ بەگژ حیکمەتی خوادا بچنەوە ؟ نامەوێ پاکانە بۆ خۆم بکەم ، جارێکیان کە یەکێک لە جگەرگۆشەکانم مرد ، زۆرم خەفەت خوارد ، لە هەڕەتی خەم و ئازارا لە خۆم پرسی :" بۆچی پەروەردگار ، دەرفەتی بە منداڵەکەم نەدا کە بە کامی دڵ بژی و لەزەت لە خۆشیەکانی ژیان بدینێ ؟ " بەڵام خوا هیدایەتی دام و بەخۆم گوت : مەگەر خوا خۆی دروستی نەکردووە ، ئیدی بۆچی هەر کاتێ حەزی لە سەر بێ ، نەیباتەوە ؟ خۆ ئەگەر خوا بیویستبا بژی ، ئەوا تا ئەو ڕۆژەی خوا خواستی لە سەر بوایە دەژیا ، بەڵام کە بردوویەتیەوە ، حیکمەتێکی تیایە ، چونکە ئەو هیچ شتێک بە بێ حیکمەت ناکات و حیکمەتیش خێرە ، واتە پەروەردگار هەم خێری

ئەو و هەم خێری منی ویستووە ، ئیدی هەرکە پەیم بەحیکمەتی ئەوبرد ، خێرا شادی و جەزمە گرتمی و بەسەر خەمەکەمدا زاڵ بوو و زمانی دڵم دەیگوت : پەروەردگار ، بۆیە ئەو بەڵایەت بە سەرما هێنا تا تاقیم بکەیتەوە ، ئەوا بەئیلهامی حیکمەتی تۆ ، بە باوەڕی بتەوەوە ئیمتیحانی خۆم دەدەم :" سوپاس بۆ تۆ خودایە " . ئیدی لێم بوو بە عادەت هەر جارێ بەڵایەکم بە سەر بێ ، لە کانگای دڵەوە شوکری خوا بکەم . بۆ نا ، چونکە خوا ، بە ناردنی ئەم بەڵایە منی بە سەر کردووەتەوە . هەر کاتێ لە بەڵایەک دەرباز دەبووم و لە خەتەر دەخەلەسیم و دەگەییمە مەڵبەندی ئاشتی و ئیمان ، پتر پەیم بە حیکمەت و خێری حیکمەتی خوا دەبرد ، پەیم بەوە دەبرد کە چەند شایستەی سوپاس و ستایشە ، بەڵاو نسیبەتان ، پەیوەندییەکی بەردەوام و لە پچڕان نەهاتوویان لە نێوان من و حیکمەتی خوادا چێکرد . وام خەیاڵ دەکرد منداڵێکی نازدارم لە مەلەکوتی خوادا ، رووم نادات بۆ ئەوەی بێزار ببم ، بە ئەنقەست و بە ڕواڵەت ڕووم لێ گرژ دەکات ، تاز یاتر ڕموودەو هۆگری ببم . ئاشق ڕوو لە مەعشوق وەردەگێڕێ تا تاقی بکاتەوە ، ئەگەر مەعشوق ، پەی بە نەخشەو فەندەکەی بەرێ ، نەک هەر خەفەتبار نابێت ، بەڵکو زیاتر ڕموودەو هۆگری دەبێت ، زیاتر خۆشی دەوێ . بۆیە من دڵنیام و باوەڕم وایە کە بەڵادیدەکانی ئەم دنیایە ، خۆشەویست و وەلیانی خوان و دەیانخاتە تاقی کردنەوەوە تا بزانێ کە ئاخۆ بە ڕاستی شایستە خۆشەویستی و میهری ئەون یان نا ... زۆر شوکور بۆ خوا کە بە سەری کردوومەتەوە ..

بە شادی و شەوقەوە دەستی بە سینگە پانەکەی خۆیدا هێنا و لە دڵەوە وەکو سازڤانێکی ئاشق کە مەستی شیرینی گۆرانی بێ و بە سەر هونەرەکەیدا زاڵ بێ . بەو ئاوایە ، بەگەرم و گوڕییەوە لە سەری ڕۆیی :

– هەندێ کەس پێیان وایە ئەو بەڵایانەی کە بە سەر خەڵکانی بێ گوناحدا دێن ، جۆرە تۆڵەیەکی دادوەرانەیە کە عەوامی خەڵک لە حیکمەتەکەی تێناگەن و پەی پێ نابەن . بیستومە گوایە دەڵێن ئەگەر بۆ نموونە باوکی جەرگ سوتاو بیری لێبکاتەوەو لە خۆیدا بۆی بگەڕێ . بۆی دەر دەکەوێ کە جەرگ سووتانەکەی سزای گوناحێکە یا خۆی کردوویەتی یان یەکێک لە باب و باپیرەکانی کردوویانە . بەڵام بە گیانی خۆم ، شتی وانیە ، خوا لەوە دادوەرترو میهرەبانترە ، کە قەزای گۆزە بخات لە دیزە ، کە بێ تاوانێک لە سەر تاوانی تاوانبارێک سزا بدات . جا بۆ دروستی ڕای خۆیان . ئەو ئایەتە بە نموونە دێننەوە کە پەروەردگار لە وەسفی خۆیا فەرموویەتی کە "‌.. زۆر تواناو تۆڵە ئەستێنە .." ( بڕوانە سورەتی ئال عمران ، ئایەتی چوار .) بەڵام بەرێزینە من دەڵێم : خوا پێویستی بە تۆڵە نییە . بۆیە ئەم سیفەتەی داوەتە پاڵ خۆی تا بەشەران پەیڕەوی بکەن . ئیدی ئیرادەی وا بووە . کە کاروباری دنیا ، بە بێ پاداشت و سزا بەڕێوە نەچێت ، بەڵام سونەت و یاسای خودی ئەو بریتیە لە حیکمەتی ڕەبانی و ڕەحمەتی خوایی . من ئەگەر بەڵاکانم بە زادەی سزایەک بزانیبا کە شایستەیم ، یان مەرگی منداڵەکانم بە سزایەک بزانیبا کە شایستەیم ، دەبوایە عیبرەت وەربگرم و خۆم سەرزەنشت بکەم ، بەڵام داخ و کەسەرم لەدڵ نە دەڕۆییەوەو ڕوندکم

له چاوان نەدەبڕا ، لەوە بوو دڵی سووتاوم هاواری کردبا : بێ دەسەڵاتێک گوناحی کرد و بێتاوانێک تیا چوو . ئیدی عەفووی چی و ڕەحمەتی چی ؟ ئیدی ئەمە لە کوێ و ئەو بەڵایە لە کوێ کە حیکمەت و خێر وشادی بەرجەستە دەکات ! ..

ئەو بۆچوونەی ئەو ، کۆمەڵێک ئیعترازی لێکەوتەوە . گروپێک خۆیان بە دەقەوە بەستەوە ، گروپێکی دی پەنایان بردە بەر ڕاڤەو شرۆڤە ، جماعەتێک پێیان وابوو تۆڵە بەندە بە ڕەحمەتەوە ، خەڵکانێکی زۆر لەو پارساترو زاناترو شارەزاتر بوون ، بەڵام ئەو ئامادەی مشت و مڕو گەنگەشە نەبوو ، تەنیا بۆ ئەوە ئەم باسەی کرد بووەوە تا گوزارشت لەو ئەشق و شادیە بکات کە لە دڵیا بلێسەی دەسەند . بزەیەکی بێگەرد ، وەکو بێگەردی منداڵ کەوتە سەر لێوی ، ڕەنگی سوور هەڵگەڕا ، چاوەکانی درەوشانەوە . بە دەنگێکی ناسک تر لە دەنگی ئاشقێنی ، خۆش ئاهەنگتر لە پاڕانەوەی ئاشقان گوتی :

– بەڕێزینە ، من داوای بوردن دەکەم . من ژیانم خۆشدەوێ ، بەڵکو خۆیشم خۆشدەوێ ، هەڵبەتە نەک وەکو زات وخودێک کە تایبەت بێ بە من ، بەڵکو وەکو پارچەیەک لە دڵی بەشەریەت و بەشێک لە ژیان و ، ئافەریدەیەکی دەستی پەروەردگاری مەزن و ئەزموونێکی حیکمەتی خوایی ، هەموو خەڵکیم خۆشدەوێ تەنایەت گوناحکارانی بەد کرداریش . ئایا ئەوانیش ڕەمزو هێمای ماندوویەتی ژیانی دژوار نین لە پێناوی کەماڵدا ؟ ئایا تاریکیەک نین کە تاریکیەکەیان ، جوانی خێر ڕوناک دەکاتەوە ؟ با ڕازێکی شاراوەتان بۆ ئاشکرا بکەم ، ئایا دەزانن چی هانیدام ئەمساڵ بچمە حەج ؟

کەمێک بێدەنگ بوو ، چاوە سافەکانی پرشنگی تاسەیان لێدەبووەوە . ئەوسا ، لە وەڵامی نیگا پرسیار ئامێزەکاندا گوتی :

– نایشارمەوە ، حەج یەکێک بووە لە ئاواتەکانم ، بەڵام ئیرادەی خوا وای خواست ، کە ساڵ بە ساڵ دوای بخەم ، تا وام لێهات هەستم دەکرد تاسەی دیداری خۆشەویست ، وەکو دێنی خۆشەویست خۆیەتی ، ئارەزوو و تاسەی عیبادەت . هەمان لەزەتی ئەنجامدانی کردەگی عیبادەتەکەی هەیە . بەڵام سەبارەت بە گەڕەک و کۆڵانەکەمان ، وەکو دەزانن شەیتان چووە بن کلێشەی دوو پیاو و کیژێکی دراوسێمانەوە ، سەبارەت بە پیاوەکان ، چوونە سەر قەبرێک و هەڵیاندایەوەو ئیدی خرانە زندانەوە . سەبارەت بەکچەکەش ، بەرەو دۆزەخی شەهوەتڕانی برد و سەرەنجام خستیە سیاناوی ڕیسواییەوە . کە بەم شتانەم زانی ، بە جۆرێ دڵم دالەرزی لەزگ بوو لە سینەمەوە دەربچێت . بەڕێزینە چی بێ لە ئێوە نهێنی ، هەستم بە گوناح کرد چونکە یەکێک لەم دوو پیاوە لە سەر بەرماوە دەژیا ، بۆیە ئەو قەبرەی هەڵدایەوە ، بەڵکو لە نێو ئێسک و پڕوسکەکانیا ، پارووەکی گەوارای دەست بکەوێ . وەکو سەگی بەرەڵڵا

، رزق و رۆزی خۆی لە ناو گوفەکاندا دەدۆزییەوە . زۆر جار کە برسیەتی ئەو دێنمە بەر چاوی خۆم ، قەڵەوی و ڕەنگ سووری وتێر وپڕی خۆمم بیر دەکەوێتەوە، خەجاڵەت دەبم ، لە خۆم تەریق دەبمەوە ، گریان ئەوکم دەگرێت ، سەر زەنشتی خۆم دەکەم ، لە خۆم دەپرسم : من کە خوا خێر وبەرەکەتێکی فراوانی بە سەردا ڕژاندووم ، چیم بۆ دەفعی بەڵا یان سووککردنی کاریگەریی بەڵا کردووە ؟ ئایا کارێکی وام نەکردووە کە شەیتان بە کەیفی دڵی خۆی گەمە بە دراوسێکانم بکات و لە ڕێیان دەربکات و خۆم لە شادی و ئاسوودەییدا نقوم بم ؟ باشە ئینسانی پاک وباش ، بە گۆشە نشینی خۆی ، نا ئاگایانە یارمەتی شەیتان نادات ؟ ... ئیدی ویژدانی ئازارمەندم هاواری لێکردم ، کە بە دەنگی بانگەوازە کۆنەکەوە بچم و بارگە تێکبنەم و بە مەبەستی داوای بوردن ڕوو بکەمە سەرزەمینی تۆبە ، تا ئەگەر حەزی خوای لە سەر بوو بە دڵێکی پاک گەڕامەوە ، دڵ و زمان ودەستەکانم لە ئەرزی بەرینی خوادا ، بۆ خێر وچاکە تەرخان بکەم ..

برایان ، بە ڕاستگۆیی و بە گەرمی دوعایان بۆ کرد و بە شادی و خۆشییەوە درێژەیان بە گفت و گۆیەکەیان دا .

***

سەید ڕەزوان ، پاش ئەوەی ماڵئاوایی لە کەس و کارەکەی خۆی کرد ، بۆ خوا حافیزی و دوعاخوازی چوو بۆ چاخانەکەی کەرشە ، ئیدی وەستا کەرشە و هاپۆ کامیل و شێخ دەروێش و عەباس حلو و حوسەین کەرشە لە دەوری خڕبوونەوە . ئەوجا وەستا حوسنیەی نانەوا هات ، دەستی ماچ کرد و دوعای خێری بۆ کرد . سەید ڕووی تێکرد وگوتی :

– کەسێک حەجی لە سەرە کە توانای هەبێت . موسڵمان ئەم حەجە لە جیاتی خۆی ولە جیاتی ئەوانە دەکات کە بەڕاستی توانای حەجیان نەبووە .

هاپۆ کامیل ، بە دەنگێکی منداڵانە گوتی :

– سەفەر بە خێر بە سەلامەتی برۆیت و بە خێر بگەڕێیتەوە ، خۆزیا بیرت دەبوو و لە مەدینەی منەوەرە ، تەزبێحێکت بۆ دێنام .

سەید بزەیەکی کرد وگوتی :– من وەکو ئەو کەسە نیم کە بەڵێنی کفنی دایتێ و پاشان پێت پێکەنی .

هاپۆ کامیل پێکەنی ، خەریک بوو ئەو بابەتە زیندوو بکاتەوە ، بەڵام کە ڕوخساری خەمینی عەباس حلوی بینی ، دەستبەردار بوو . سەید بە ئانقەست ئەو دەرگایەی کردەوە ، تا لەوێوە بچێتە ناو دەروونی ئەم گەنجە کلۆڵەوە ، بە میهرەبانی ڕووی کردە عەباس وگوتی :

– عەباس گیان گوێ لە من بگرە ، هەموو خەڵکی کۆڵانەکە شایەدی ئەوە دەدەن کە تۆ کوڕێکی ئاقڵ و ڕێک وپێکی ، بە زووترین کات بۆ گرێ مەزن بگەڕێوە ، ئەگەر بە گوێی من دەکەیت ، هەر ئەمڕۆ بگەڕێوە . بە هەموو توانایەکی خۆتەوە کاربکە . ئەوەندە پارە کۆ بکەوە کە پشت بە خوا ژیانێکی تازە بۆ خۆت پێکەوە بنەی . نەخەڵەتابی خۆت گیرۆدەی بیر وخەیاڵاتی بێهودە بکەی یان تووڕەیی و نائومێدی ورەت پێ بەربدات . وا وێنا نەکەی ئەو کێشەیەی تووشت بووە ، هەموو ژیانە ، ئەمە کۆتایی ژیان نییە . تۆ هێشتا گەنجیت و لە کۆتایی بازنەی دووەمی تەمەندایت ، ئەوەی بە سەر تۆ هاتووە ، بەشێکە لەو شتانەی کە لە ژیانا دێنە ڕێی بەشەر . وەکو چۆن منداڵێک تووشی سوورێژە و ئاوڵە و پەسیڤ و ئەو جۆرە دەردانە دەبێت . ئەگەر بوێرانە ڕوو بە ڕووی کۆست وناخۆشی وبەڵایان ببیتەوە ، بە ئاسانی دەیانبڕیت و لە قۆناغەکانی دواتری تەمەندا بە دەم بزەی سەرکەوتنەوە ، یادیان دەکەیتەوە . ڕابە ، سەبر و هەدارت بێ ، پشت بە باوەڕی خۆت ببەستە و دوای ڕزق و ڕۆزی خۆت بکەوە . ئەوە بزانە کە خوا بەو بەڵایانە بەندەی خۆی تاقیدەکاتەوە ، ئەوانەی خۆ لە بەر بەڵا و نەهامەتیان ڕادەگرن، دڵخۆشی خۆ دەدەنەوە ، لە ڕیزی وەلیاندان ، بەو نەفەسەوە ڕابە و هەرە پێش .

عەباس هیچی نەگوت . بەڵام وەختێ بینی کە سەید چاو لەو ناگوازێتەوە بزەیەکی بۆ کرد ، کە جۆرە ڕەزامەندییەکی پێوە دیار بوو ، بە نیمچە نائاگاییەکەوە گوتی :

– هەمووشتێک دەڕوا و دەبڕێتەوە ... وەکو ئەوەی لە ئیجادی نەبوو بێ !

سەید بزەیەکی کرد ، ئاوڕی لای حوسەین کەرشەی دایەوە وگوتی :

– حاڵی کوڕی گەڕەک ! ... لە خاکێکا کە دوعا تیایدا گیرایە ، دوعات بۆ دەکەم کە خوداوەند هیدایەتت بدات . ئیشەڵڵا وەختێ کە گەڕامەوە ، وەکو بابت حەزدەکات ، لە جێی ئەو دەتبینمەوە ... هیوای خۆشی بۆ وەستای تازەمان دەخوازم .

لەم کاتەدا شێخ دەروێش ، بێدەنگیەکەی خۆی شکاند وگوتی :

– سەید ڕەزوان ، کە ئیحرامت بەست ، یادم بکەوە و بیری ئەهلی بەیتی بخەوە کە دۆستەکەیان لە پێناوی ئەشقا فەوتاوە ، دار و نەداری خۆی لە پێناوی ئەشقی ناکامدا داناوە ، سکاڵای ئەوەیان لە لا بکە کە چ حەشرێکی لە لایەن خانمی خانمانەوە پێدەکرێ ...

❊❊❊

سەید ڕەزوان لە چاخانەکە وەدەرکەوت . دۆستان بەگەڵی کەوتن ، دوو خزمیشی کە قەرار بوو تا سویس لە گەڵی بڕۆن ، لە ماڵ هاتنە دەر و بە گەڵی کەوتن . سەید ڕەزوان ، لە جەماعەت دابڕا و بەرەو کاروانسەراکە دایکێشا . ئاغای سەلیم عەلوانی بینی خەریک بوو بە دەفتەرەکانیا دەچووەوە . بزەیەکی کرد وگوتی :

– کاتی سەفەر هاتووە ... با ماچێکت بکەم .

کابرا ، بە سەرسامی ڕوخسارە چرچەڵەکەی هەڵبڕی . کاتی سەفەرەکەی دەزانی ، بەڵام لە جێی خۆی نەجووڵا .زۆر سارد وسڕ بوو ، بەڵام سەید ڕەزوان بێموبالاتی وسارد وسڕییەکەی ئەوی لە دڵ نەگرت، چونکە وەکو هەموو خەڵکەکەی دی دەیزانی نەخۆشە وحاڵی خراپە ، بۆیە نەیدەویست بەر لەوەی خوا حافیزی لێبکات ، لە کۆڵانەکە وەدەر بکەوێ . لەوە دەچوو سەلیم عەلوان ، لەم کاتەدا هەستی بە هەڵەکەی خۆی کردبێت ، بۆیە پەشۆکاو دیار بوو ، بەڵام سەید ڕەزوان ، لە باوەشی گرت ، ماچی کرد و ماوەیەکی زۆر دوعای بۆ کرد ، ماوەیەک بە دیارییەوە دانیشت ، ئەوجا هەستا وگوتی :– با دوعا بکەین ساڵی ئاینده پێکەوە بچینە حەجێ .

عەلوان ، لە بن لێوانەوە گوتی :– بە ئومێدی خوا .

دیسان یەکتریان ماچ کردەوە . سەید ڕەزوان بۆ لای هاوڕێکانی گەڕایەوە و بە کۆمەڵ بەرەو دەروازەی کۆڵانەکە ڕۆیشتن ، کە لەوێ گالیسکەیەک کە جانتا و شتەکانی بارکرد بوو چاوەڕوانی دەکرد . سەید ڕەزوان ، تەوقەی لە گەڵ بەڕێکەرەکانیا کرد و بە گەرمی خوا حافیزی لێکردن و خۆی و دوو خزمەکەی سواری گالیسکەکە بوون و گالیسکەکە بەرەو غوریە داگەڕا و بەڕێکەرەکان لە دواوە هەر تەمەشایان دەکرد ، تا بەرەو ئەزهەر پێچی کردەوە .

( ٣٤ )

هاپۆ کامیل ، بە عەباس حلوی گوت :

– ئامۆژگارییەکانی سەید ڕەزوان زۆر بەجێ بوون . دڵی خۆت یەکلایی بکەوە و ناوی خوای لێبێنە و برۆ ، من چ زۆر وچ کەم لێرە چاوەڕوانت دەکەم و پشت بە خوا بە دەستی پڕ دەگەڕێیتەوەو دەبیت بە سەرامەدی هەموو دەلاکەکانی ئەم گەڕەکە .

عەباس ، لە بەر دووکانی بەسبوسە فرۆشییەکە ، لە سەر کورسییەک و لە نزیکی هاپۆ کامیلەوە دانیشتبوو ، گوێی لە دۆستەکەی دەگرت و ورتەی لیوە نە دەهات ، هەڵبەتە نەخشە و ڕازە تازەکەی بەکەس نەگوتبوو . ئەوکاتەی کە سەید ڕەزوان ئامۆژگاری دەکرد ، چیوای نە مابوو کە گرێی دڵی بکاتەوە و باسی ئەو بارە قورسە بکات کە بە سەر شانییەوە بوو ، بەڵام سووکە هەڵوێستەیەکی کرد و لەم کاتەدا سەید ڕەزوان، لە گەڵ حوسەین

کەرشەدا کەوتە قسان و ئەم لە بڕیارەکەی خۆی ژێوان بووەوە . ئەوە نەبێ ، ئامۆژگارییەکانی سەید ڕەزوانی بە هەند وەر نەگرتبێ ، بەڵکو لە هزری خۆیدا زۆری شەن و کەو کرد بوون ، بەڵام مەوعیدەکەی ڕۆژی یەکشەمە ، زۆربەی بیرکردنەوەی ئەوی داگیر کر . شەو و ڕۆژێک بە سەر دیدارە غەریبەکەی دووکانی گوڵ فرۆشییەکەدا تێپەڕی بوو ، بە کاوە خۆ و بە ئارامی بیری لە هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە کردەوە ، لە کۆتاییدا گەییە ئەو ئەنجامگیرییەی هەرچەندە ، بۆ هەتا هەتایە کچەی لە دەست چووە ، لێ هێشتا هەر خۆشی دەوێ ... بە هەرحاڵ ، هەرچی دەکرد ، مەیلی تۆڵەکردنەوەی خۆی بۆ زەوت نە دەکرا ، هەڵبەتە تۆڵە سەندنەوە لە خەنیمەکەی . لە کاتێکا بە بێدەنگی گوێی لە هاپۆ کامیل ڕادێرا بوو ، لە پڕ لە کانگای دڵەوە ئاهێکی هەڵکێشا ، ئاهەکەی ئاە نەبوو ، ئاهی ئینسانێک بوو کە چارەنووس بە کۆت و زنجیری بەدبەختی و چارەڕەشی بەستبێتیەوە و دنیای بە سەرا ڕوخا بێ . هاپۆ کامیل ، بە نیگەرانییەوە لیی پرسی :- پێم بڵێ بە نیازی چیت ؟

عەباس ، لە جێی خۆی هەستا وگوتی :

-چەند ڕۆژێکی دی لەم ناوە دەمێنمەوە ، بەلای کەمەوە تا ڕۆژی یەکشەممە دەمێنمەوە و ئەوسا تەوەکەل بە خوا دەڕۆم .

هاپۆ کامیل ، دلۆڤانانە گوتی :- فەرامۆشی ، کارێکی قورس نییە ، ئەگەر ڕاستگۆیانە هەوڵی بۆ بدەین .

عەباس ، بە دەم ڕۆیشتنەوە گوتی :- ڕاست دەکەی ! ... خودا حافیز .

ڕۆیی .. بە نیازی مەیخانەی ڤیتا بوو ... پێی وابوو حوسەین کەرشە ، دوای ڕێوڕەسمی بە ڕێکردنەکەی سەید ڕەزوان ، یەکسەر بۆ ئەوێندەر چوو بێ . هێشتا نیگەران و بیر پەشێو بوو ، هەستێن ئاگرین دڵی دەخوارد . چاوەڕوانی یەکشەممەی دەکرد و هێشتا مابووی بۆ یەکشەممە، بەڵام ئەگەر یەکشەممە هات ، دەبێ چ بکات ؟! ئایا خەنجەرێک هەڵگرێ و بڕوات بۆ ژوانگەکە و خەنجەرەکە بکات بە دڵی خەنیمەکەیا ؟ لەگینە ئەم کارە سوکنایی و ئارامی بە دڵەی پڕ لە ڕق وکینە و خەمینی بدات ، بەڵام ئایا توانای ئەنجامدانی ئەو تاوانەی هەیە ؟ ئایا دەستی توانای وەشاندنی ئەو جەزرەبە کوشندەیەی هەیە ؟ بە ڕق و کینە و دوو دڵییەوە سەری لەقاند . کەسێک بوو دوور لە هەر ستمەکاری و تاوانێک ، ڕابردووی گەواهی دەدا کە کوڕێکی ئاشتیخواز و هێمن ولا شەڕە . باشە کە یەکشەممە هات چ دەکات ؟ حەزی دەکرد ساتێ زووتر حوسەین کەرشە ببینێ ، دەیویست چیرۆکەکەی حەمیدەی بۆ بگێڕێتەوە و تەگبیر و ڕاوێژی پێبکات ! داوای کۆمەک و یارمەتی لێبکات ! زیاتر یارمەتیەکەی مەبەست بوو ، چونکە لەوە دەچوو بە بێ ئەم یارمەتیە ، هیچی پێنەکرێت . لەم حاڵی بێ دەسەڵاتیەدا بوو ، کە ئامۆژگارییەکەی سەید ڕەزوان حوسەینی وەبیرهاتەوە :"... بە زووترین کات بۆ گرێ مەزن بگەڕێوە ، ئەگەر بە گوێی من دەکەیت ، هەر

ئەمڕۆ بگەڕێوە ... نەخەڵەتابی خۆت گیرۆدەی بیر و خەیاڵاتی بێهودە بکەی ، یان تووڕەیی و نائومێدی ورەت پێ بەربدەن .." .

قسەکانی سەید ڕەزوانی ، کە خەریک بوو لە بیری بچنەوە ، وەکو خۆی بیر هێنانەوە . بەڵێ بۆچی ڕابردوو بە هەموو کوڵ و کۆڤانەکانییەوە فەرامۆش نەکات و مەرد و مەردانە شان بداتە بەر ژیان و کار ؟ بۆچی بچێتە ژێر بارێک کە لە توانای ئەمدا نییە ؟ بۆچی ژیانی خۆی بخاتە کۆمەڵێک مەترسییەوە کە هەرە سووکەکەیان زیندانە ؟ ... بەم بیر و هزرە تازەیەی دڵخۆش بوو ، بەڵام نەیتوانی لە سەر قەرارێکی بنجبڕ بگیرسێتەوە . لە گەڵ خۆیا لە شەڕا بوو . سەبارەت بە تۆڵە ، هەڵبەتە هەموو هۆش وگۆشی لای تۆڵە کردنەوەکە نە بوو ، لە لایەکەوە بیری لەوە دەکردەوە کە دەستبەرداری تۆڵە بێ و لە لایەکی ترەوە لەوە دەترسا کە ئەم دەستبەردار بوونە ، ئەو هەودا باریکەش بپچڕێ کە دوێنێ بە حەمیدەوەی گرێ دابوو . هەرچەندی دەکرد ، باوەڕی نە دەکرد بتوانێ ڕابردوو لە بیر بکات . چەندین جار گوتبووی و گوتبوویەوە کە بۆ هەتا هەتایە پەیوەندییان بڕا ، بەڵام سوور بوون لە سەر ئەو گوتەیە ، خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوە بوو — بێئەوەی بە خۆ بزانێ — کە ژێرا و ژێر حەزیدەکرد ئەو پەیوەندییە دروست بکاتەوە ! ئەو هەستی تۆڵەیەش کە لە لای دروست بوو بوو ، زیاتر وابەستەگی ئەو بەو ژنەوە بوو کە خۆشی دەویست ونەیدەتوانی لە دووری ئەو هەڵبکات .

بەو بارە دەروونیە پەرێشانەوە ڕۆیی تا گەییە مەیخانەی ڤیتا . حوسەین کەرشە لەوێ دانیشتبوو و شەرابی سووری دەخواردەوە و سەری گەرم بوو . عەباس چوو بۆلای سڵاوی لێکرد و بە تکاوە گوتی :

– بەسە چیتر مەخۆوە ، کارێکی گرینگم پێت هەیە ... وەرە با بڕۆین .

حوسەین بە نە بەدڵییەوە برۆکانی ویکهێنایەوە ، پێدەچوو پێی ناخۆش بێ ئەو جەوەی لێ تێکبچێ . بەڵام عەباس کە خەم و پەژارە پەرێشانی کردبوو و دەتگوت بە سەر دنیاوە نییە ، قۆڵی گرت و ڕایکێشا تا هەڵیساند وگوتی :– زۆرم پێویست پێتە .

حوسەین ، بە فیکەیەک گارسۆنەکەی بانگکرد و حیسابەکەی دا و لە گەڵ هاوڕێکەیدا لە مەیخانەکە وەدەرکەوت . عەباس بۆیە ڕژد بوو لە سەر ئەوەی لەمەیخانەکە وەدەری بێنێ ، چونکە ئەگەر سەرخۆش بوو بووایە ، چۆن دەیتوانی شیرەتی پێبکات ؟

کە گەییبنە ( موسکی ) عەباس ، وەکو ئەوەی مۆتەکەیەک لە کۆڵ خۆی بکاتەوە ، گوتی :

– حەمیدەم دۆزییەوە ... حوسەین .

چاوە چکۆلەکانی حوسەین ، پرشنگیان دا وپرسی :- لە کوێ ؟

- ئەو ژنەی ناو گالیسکەکەت بیرە کە دوێنێ بە غاردان دووی کەوتم ، و ئەوەی تۆ لێمت پرسی و من وەڵامم نەدایتەوە ؟ ئەوە حەمیدە خۆی بوو ..

حوسەین ، بە حەپەساوی و تەوسەوە هاواری کرد :- مەستی ؟! ئەوە تۆ چ دەڵێی !

لێ عەباس زۆر بە جدی و بە خەمینییەوە گوتی :

- باوەڕم پێبکە ، حەمیدە بوو . لە یەکەم نیگاوە ناسیمەوە و بە خۆت بینیت چۆن بە غار دووی کەوتم . پاشان دیتم و قسەم لە گەڵیا کرد .

حوسەین ، بە گومان و نە باوەڕییەوە پرسی :

- یانێ دەتەوێ باوەڕ بە تۆ بکەم ، بەڵام باوەڕ بە چاوی خۆم نەکەم ؟

حلو ئاهێکی پڕ کەسەری هەڵکێشا . هەر هەموو گفت و گۆیەکەی نێوان خۆی حەمیدەی ، بێئەوەی وشەیەکی لێ بپەڕێنێ ، لە سیری تا پیازی بۆ حوسەین ، کە سەراپای بوو بوو بە گوێ ، گێڕایەوە . عەباس ، قسەکەی بەمە بڕییەوە وگوتی :

- ئەمە ئەو شتەبوو کە حەزم کرد پێتی بڵێم . حەمیدە کەوتۆتە دۆزەخەوە و ڕێگەی ڕزگاری نییە ، بەڵام من نایەڵم ئەم تاوانباری بەد خووە ، وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ و بارسووک وسەر سەلامەت بسووڕێتەوە ...

حوسەین ، ماوەیەک لێی ڕاما ، دەیویست بگاتە ئەنجامگیرییەک ، حوسەین گەنجێکی هەڵەشە و بە تەبیعەت بێ پەروا و بێموبالات بوو ، زووتر لەوەی هاوڕێکەی پێشبینی دەکرد ، وەخۆ هاتەوە و بە تەشەرەوە گوتی :

- تاوانباری سەرەکی حەمیدەیە . مەگەر ئەم ڕەدووی ئەو نەکەوتووە ؟ مەگەر ئەم سرِی نەخستۆتە بەردەستی ئەو ؟ بۆی دا نەکەندووە ؟ گلەیی چی لەو مێردەکە دەکەی ؟ ... کیژێک کەوتووەتە داوییەوە و ، ئەویش نەیکردووەتە نامەردی و فریوی داوە ، کە دیویەتی خۆشدەست و دەستەمۆیە ، هەپەی ناوە ، پاشان ویستوویەتی کاسبی پێوەبکات و بەرەڵلای ناو کافیە و شەقامەکانی کردووە ... بە گیانی خۆم پیاوێکی زۆر ئاقڵە ، خۆزگە منیش شتێکی وام لێهەڵدەکەوت ، باوەڕ بکە بستیم بە قەرز نە دەدا و خۆم لەم بەدبەختی و چارەڕەشییە ڕزگار دەکرد . حەمیدە تاوانبارە ... هەی بەد بەختی نەگبەت ..

عەباس ، هاوڕێکەی خۆی باش دەناسی ، گومانی لەوە نەبوو ، ئەگەر شتێکی وای لێهەڵکەوێ ، سێ و دووی لێناکات . هەر بۆیەش بەرگری لەو پیاوە خوێڕی و بەد ڕەوشتە دەکرد . بۆیە عەباس ئاقلانە وازی لە زەمی ڕەفتار وڕەوشتی کابرا هێنا ، هەوڵیدا لە ڕێگەیەکی دیکەوە غیرەتی حوسەین بجووڵێنێ وگوتی :

– بەڵام تۆ پێت وانییە ئەم مێردەک و بۆرە پیاوە کە ئابڕووی ئێمەی لەکەدار کردووە ، هەقی ئەوەی نییە تەمبێ بکرێت ؟

حوسەین ، یەکسەر دەرکی بەوە کرد عەباس بۆیە وشەی ( ئابڕووی ئێمە )ی بە کاربرد ، تا ئەوەی بیربخاتەوە کە حەمیدە و حوسەین خوشک وبران . هەموو خەڵکی دەیانزانی ئەم دووانە خوشک وبرای شیرین . یەکسەر خوشکە ڕاستەقینەکەی خۆی بیرکەوتەوە کە لە سەر ڕیسواییەکی لەو جۆرە لە زینداندا بوو . بۆیە زۆر تووڕە بوو و بەو پەڕی ڕقەوە هاواری کرد :

– ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە ... چاوی حەمیدە دەر دەهات و ملی دەشکا .

بەڵام ، ئەو قسەیەی زۆریش بە ڕاست نە بوو ، ئەگەر لەو کاتەدا کابرای دیتبا لەگین بوو ، وەکو پڵنگ پەلاماری دابا و چنگی بخستبایە بینی . بەڵام حلو ، باوەڕی بە قسەکەی کرد و بە نیمچە گلەییەکەوە گوتی :

– باشە ، تۆ پێت ناخۆش نییە پیاوێکی بێگانە بەو نامەردییە دەستدرێژی بکاتە سەر کیژێکی کۆڵانەکەمان و بە تۆبزی ئەم کارە دزێوەی لە گەڵدا بکات ؟ ... منیش لە گەڵتام حەمیدە تاوانباری ڕاستەقینەیە ، و کاری کابرا ئاساییە ، بەڵام ئایا ئەمە بۆ ئێمە زێدەگاڤیەکی نەنگین نییە ، هەقە بێڵین ، ئەم کابرایە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت ؟!

حوسەین ، بە توندی هاواری کرد :

– تۆ کەری ... تۆ خەمی ئابڕووت نییە ، تۆ ئاگری غیرە هەڵیگرتوویت . ئەگەر حەمیدە ڕازی بوایە بێتەوە بۆ لای تۆ ، لە خۆشیا باڵت دەگرت . چۆن بینیت ؟ ... هێناتە قسە و کەوتیتە گلەیی و گازندە ؟! کە پیاوی . ئەی ئافەرین بۆ خۆت ، پیاوی پیاو ! ... ئەدی بۆ نەتکوشت ؟! ئەگەر من لە جیاتی تۆبام و بەرێکەوت ئەو ژنەم بەردەست کەوتبا کە خیانەتی لێکردووم، بێ چەند وچوون دەم خنکاند ، ئەوسا فاسقەکەشیم (پیاوی دۆستی ژن ) سەر دەبڕی . ئەوسا خۆم ون دەکرد ... تۆ دەبوا ئەم کارە بکەی ، هەی کەر ! ..

ڕوخسارە ، ئاماڵ ڕەشەکەی ، ڕەنگی شەیتانی لە خۆگرت ، بە دەنگی بەرز لە سەری ڕۆیی :

- من ئەم قسانەم بۆ ئەوە نییە خۆم بدزمەوە ، ئەلهەقی دەبێ ئەم کابرایە ، باجێکی قورسی ئەم دەستدرێژییەی خۆی بدات . خەمت نەبێ ، لە کاتی مەوعیدەکەدا بە دوو قۆڵی دەڕۆین . تێر وپڕی تێهەڵدەدەین ، پاشان تاقیبی دەکەین ، بزانین لە کێندەرەوە هات وچۆ دەکات ، هەموو ڕۆژێ ڕێگەی پێدەگرین و بگرە کوێت دێشێت ، ئەگەر پێوستی کرد ، یەک لە شکری لە برادەران بۆ کۆ دەکەینەوە و وازی لێنایەنین ، تا پارەیەکی مۆڵی لێنەسەنین . یانی هەم تۆڵە دەکەینەوە و هەم پارەیەکی مۆڵیش دەست دەخەین ! ..

عەباس ، بەم ئەنجامە چاوەڕوان نەکراوە شاد بوو و بە هەڵچوونەوە گوتی :

- بیرۆکەیەکی زۆر چاکە ... بە ڕاستی پیاوێکی زرینگی ، کوڕی تەنگانەی ! ...

حوسەین ، ئەم ستایشەی لە گیان خۆشبوو ، بیری لە نەخشەیەک دەکردەوە ، کە بە سوود وەرگرتن لەو واقیع و ڕەوشە هەم بەرگری لە ئابڕوو و کەرامەتی بکات ، هەم مەیلی تەبع وتەبیعەتی شەرئەنگێزی خۆی تێربکات و هەم برە پارەیەکیش بخاتە تەنکەی باخەڵی . ئەوسا لەبن لێوانەوە وبە دەنگێکی ناڕەزایی ئامێزەوە گوتی : "ئێمە لە کوێ و یەکشەممە لە کوێ ؟ .." لەم کاتەدا گەیبوونە مەیدانی مەلیکە فەریدە ، لە ڕۆیشتن وەستا وگوتی :

- با بچینەوە بۆ مەیخانەی ڤیتا ..

بەڵام عەباس باسکی گرت و گوتی :

- باشتر نییە بچین بۆ ئەو مەیخانەیەی کە قەرارە ڕۆژی یەکشەممە ، ئەو ، لەوێندەر بدینین و تۆش شوێنەکە بناسیت ؟

حوسەین سووکە هەڵوێستەیەکی کرد و بە پێشنیازەکەی عەباس قایيل بوو و بلەز وەڕێکەوتن . خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیی ، جگە لە تەنکە زەردەپەڕێک هیچی تری نە مابوو ، تاریکی بەرە بەرە دادەهات . ئارامییەکی خەیاڵی بە ئاسمان دەبەخشی . گڵۆپی شەقامەکان هەڵبوون ، لێشاوی ڕێبواران کە شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو ، لە هات وچۆی بەردەوامدا بوو . ئیدی دەنگی ترام و ئۆتومبیل و گالیسکە و هاوار و بانگی فرۆشیاران و غەڵبەغەڵب و ژاوە ژاوی بەشەران ، دنیای پڕ کرد بوو . بۆیە ئەم دووانە کە لە کۆڵانی میدەقەوە ڕێیان کەوتبووە ئێرە ، وەکو ئەوە بوو لە خەوێکی ئارام ڕابوو بن و کەوتبنە بێدارییەکی پڕ ژاوە ژاوەوە .

عەباس حلو ، شاد بوو، ئەو نیگەرانی و حیرەتەی ماوەیەکی زۆر بوو پێوەی دەتلایەوە ، ڕەوییەوە ، و ئێستا لە سایەی هاوڕێ بوێر و ئازاکەیدا بە دڵنیاییەوە هەنگاوی دەنا . بەڵام باسی حەمیدەی دواخستبوو بۆ کاتێکی دیکەی نادیار ، نەیتوانی بوو سەبارەت بەو بگاتە بڕیارێکی یەکجارەکی و بنجبڕ . مەسەلەکەی بە ڕۆژگارێکی نادیار سپارد

بوو ، پێدەچوو دڵی نەهاتبێ بڕیاری یەکجارەکی دەربارەی حەمیدە بدات . لە ساتێکی کوت وپڕدا ، ئەوەی بە بیراهات کە هەندێک لە بیر وخەیاڵەکانی بۆ هاوڕێکەی باسبکات ، بەڵام کە چاوی بە ڕوخساری تاریکی کەوت ، وشە لە ئەوکیا تاسان و یەک وشەی بۆ نەگوترا . درێژەیان بە ڕێگەی خۆ دا تا گەیینە شوێنی دیارە لە فەرامۆش نەهاتگەکەی دوێنێ . عەباس ژەنی بە قەبرغەی دۆستەکەیدا و گوتی :

– ئەوە دووکانی گوڵفرۆشییەکەیە ... لێرە قسەم لە گەڵدا کرد .

حوسەین بە بێدەنگی ڕاونییە ئەو دووکانەی کەعەباس نیشانی دا و ئەوسا بە جدی پرسی :

– ئەدی مەیخانەکە لە کوێیە ؟

عەباس ، ئاماژەی بۆ دەرگایەکی نزیکی ئەو ناوە کرد و لە ژێر لێوانەوە گوتی : " ئاوەتا " .

بە دووقۆڵی نزیک دەبوونەوە و حوسەین کەرشە ، بە چاوە چکۆلە و تیژەکانی دەیڕوانییە دەور وبەر وشوێنەکەی دەست نیشان دەکرد ، لە کاتێکا بەلای مەیخانەکەدا دەڕۆیشتن ، عەباس سەیری ناو مەیخانەکەی کرد ، چاوی بە دیمەنێکی نامۆ کەوت . کسپە لە دڵییەوە هەستا ، ماسوولکەکانی دەم و چاوی گرژ بوون ، دوای ئەوە ڕووداو وبویەرەکان هێندە بە خێرایی ڕوویان دا کە حوسەین کەرشە هیچی لێ حاڵی نەبوو . عەباس ، حەمیدەی بە دانیشتنێکی نا ئاساییەوە ، لە نێو کۆمەڵێک سەربازدا بینی . لە سەر کورسییەک دانیشتبوو ، سەربازێک لە پشتییەوە وەستابوو ، پەرداخێ شەرابی بە دەستەوە بوو و ناو بە ناو دەیکرد بە دەمی حەمیدەوە ، سەربازەکە کەمێک بە سەریا دانەوییەوە و حەمیدەش سەری بۆلای ئەو وەرسووڕاند ، حەمیدە لاقی لێ ڕاکێشابوو و خستبوویە باوەشی سەربازیکی دیکەوە کە لە بەر دەمیا دانیشتبوو ، کۆمەڵێک سەربازی دیکەش دەوریان دابوون ، مەیان دەخواردەوەو هەرا و زەنایان دەکرد . عەباس حەپەسا ، لە جێی خۆی چەقی ، پیشەی ژنەکەی لە یاد چوو بوو ، پێدەچوو ئەو دیمەنەی پێ قووت نە چوو بێ ، وەکو ئەوەی لە ناکاوا بەڵایەکی بە سەرا بێت ، خوێنی هاتەجۆش و ئەقڵی لە حەوت کێوان ئاودیو بوو . ئیدی جگە لەو هیچکەسێکی تری لە دنیادا بە دژمنی خۆی نەدەزانی ، وەکو شێت خۆی بە مەیخانەکەدا کرد و وەکو هەورەگۆڵە گرماندی :– حەمیدە ..

حەمیدە ، لە ترسا ڕاپەڕی و لە سەر کورسییەکە قیت بووەوە ، بە دووچاوی سوورەوە لە عەباس ڕاما . بۆ چەند چرکەیەک حەپەسا ، پاشان وەخۆ هاتەوە ، لەوە ترسا ئەم کەرپیاوە ، بە کەرێتی خۆی فەرتەنەیەک بنێتەوە و حەیای بەرێ ، ئیدی خێرا فریای خۆی کەوت . بە دەنگێکی نەڕە ئاسا هاواری بە سەردا کرد :

– یەک چرکە لێرە نەمێنی ... هەیدێ گوم بە لە بەر چاوم ...

هاوار و تووڕە بوونی ژنە ، وەکو نەوتێ بوو بکرێت بە ئاگردا . شێت وهار بوو ، ترس و دوودڵییەکەی ڕەوییەوە . ئەو قار وعەزاب و نائومێدیەی کە لە ماوەی سێ ڕۆژی رابردوودا ، لە دڵ و دەروونیا پەنگابووەوە ، ئەنجام دەربیجەیەکی دۆزیوە کە دەربچێت ، هەلە ، مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ ، شێت ئاسا هاواری کرد ، کۆمەڵیک بوتڵە بیرەی بە تاڵی لە دەستەچەپی خۆیا ، بە سەر پێشخوانی مەیخانەکەوە بەدی کرد ، پڕی دایە یەکێکیان و بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ و بزانێ چ دەکات ، بە هەموو هێز وتووڕەیی و نائومێدی خۆیەوە ، خێواندیە ژنەی تاین . هێندە بلەز ئەو کارەی کرد ، هیچ کەسێک ، نە سەربازەکان و نە کرێکارانی مەیخانەکە ، فریا نەکەوتن ، پێشی بگرن . بوتڵەکە ، ڕێک بەر دەم وچاوی ژنە کەوت ، خوێن لە دەم و کەپوو وچەناگەیەوە فیچقەی کرد ، تێکەڵ بە سووراو و سپیاوەکەی دەم و چاوی بوو و بە سەر گەردن و کراسەکەیدا هاتە خوارەوە . هاواری حەمیدە تێکەڵ بە هاواری سەرخۆشەکان بوو . ئیدی سەربازەکان وەکو دالاش بەسەریا دابارین و بە مست و لەقە و بوتڵان کەوتنە گیانی ..

حوسەین کەرشە ، لە بەردەرگای مەیخانەکە وەستابوو، زەق زەق تەمەشای ئەوانەی دەکرد کە بە دەست ولاق وهەموو شتێک تۆپ تۆپێنیان بە هاوڕێکەی دەکرد . عەباس لە گەڵ هەر جەزرەبەیەکدا هاواری دەکرد : " حوسەین ... حوسەین ) بەلام حوسەین کە بە عەمراتی خۆی لە هیچ شەڕێک نەدزی بووەوە ، لە جێگای خۆی چەقی بوو ونەیدەزانی چۆن خۆی بگەیەنێتە هاوڕێکەی کە کەوتبووە داوی ئەو سەربازە داڵ ئاسایانەوە . خەریک بوو لە داخا دڵی شەقی دەبرد ، بە ڕاست و بە چەپدا هەڵیڕوانی تا بەڵکو دارێ ، چەقۆیەک ، یا هەر ئەوزارێکی دی وەدۆزێ ، بەلام هیچی بەدی نەکرد . ئیدی هەر ڕێبوار بوو لە بەر دەرگای مەیخانەکە خڕ دەبوونەوە و حایر و حەپەساو، بێئەوەی هیچیان لە دەست بێ ، بە ترسەوە تەمەشایان دەکرد تا هۆی شەڕەکە بزانن .

( ٣٥ )

ڕووناکی ڕۆژ ، خۆی بە پەنا و پەسێری کۆلانەکەدا دەکرد ، تیشکی هەتاو ، لە سەرووی دیواری کاروانسەراکە و دووکانی دەلاکەکەی دەدا . سەنقەری شاگردی چاخانەکە ، دۆڵچەیەک ئاوی بە دەستەوە بوو و ئەرزەکەی ئاوڕشێن دەکرد . کۆلانی میدەق لاپەڕەیەکی دیکەی ژیانە ڕۆتینیەکەی خۆی دەکردەوە و خەڵکەکەی بە هاوارە خەفە وبێدەنگەکانیانەوە پێشوازیان لە بەیانی دەکرد . هاپۆ کامیل ، بە پێچەوانەی عادەتی باوی خۆیەوە ، بەم بەیانییە زووە ، چالاک و چەلەنگ دیار بوو ، بە دیار سینییە بەسبوسەکەیەوە وەستابوو و مندالانی مەکتەبی سەرەتایی ، دەوریان دابوو و گیرفانی لە دراوی ڕۆژانەکەی ئەوان پڕ دەکرد . دەلاکە پیرەکەی دراوسێی خەریکی تیژ کردنەوەی تیغەکانی بوو . جەعدەی نانەوا هەویری مالانی کۆ دەکردەوە ، کرێکاران بەرەو کاروانسەراکە دەهاتن، دەرگاو عەمارەکانیان دەکردەوە، بە هەرا و زەنا و ژاوە ژاوی خۆیان ، کە ڕۆژ تا ئێوارێ نە دەبڕایەوە ، ئەو بێدەنگییەیان

دەشڵەقاند کە باڵی بە سەر شوێنەکەدا کێشابوو . وەستا کەرشە لە پشت سەندووقی تکتەکانەوە ، چوار مشقی دانیشتبوو . چوو بووە ژێری و شتێکی بەدان دەپچڕی و لە دەمیا دەیجوو و پاشان فڕێ قاوەی بە سەرا دەکرد و قووتی دەدا . شێخ دەروێش ، مات و بێدەنگ ، بێئاگا لە خۆ ، لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو . خات سەنیە عەفیفی بەم بەیانییە زووە ، لە بەر پەنجەرەکە وەستابوو و دەیویست ، مێردە گەنجەکەی ، کە بە کۆڵانەکەدا ، دەڕۆیی بۆ داوامی پۆلیسخانە ، بە ڕێ بکات . ئیدی ژیان لە کۆڵانی میدەقدا بەو ڕوتینیە دەڕۆیی ، بێئەوەی نیگەرانی گوم بوونی کیژێک لە کیژەکانی بێ ، یا لە خەمی کەوتنە زیندانی پیاوێک لە پیاوەکانی بێ . ئەم جۆرە ڕووداو و بویەر وپێشهاتانە ، بڵقی سەر ئاو بوون ، زۆر زوو لە دەریا ئارام یا مەندەکەی میدەقدا ، دەتەقین و ئاوا دەبوون ، هەرکە شەو باڵی بە سەردا دەکێشا ، هەرچی ڕووداوی ڕۆژ هەبوون ، لە بیر دەچوونەوە . ڕۆژهەڵات ، کۆڵانەکە کەوتە پێشوازی لە ژیانی مەند وئارامی خۆی ، هێشتا چێشتان بوو کە حوسەین کەرشە ، بە ڕەنگ و ڕووی هەڵبزرکاوەوە پەیدا بوو ، پێڵوە ئاوساوەکانی ئەوەیان دەنواند کە شەو تا بەیانی نەخەوتووە . بەخاوەخاو خۆی گەیاندە چاخانەکە . چوو ، بە بێتاقەتی خۆی دا بەکۆڵ کورسییەکی بەرانبەر باوکیا . بە دەنگێکی گیراو ، بە بێ ڕۆژباش و سڵاو گوتی :- باوکە ... عەباس حلو کوژرا ! ..

وەستا کەرشە ، کە خۆی حازر کرد بوو ، لە سەر ئەوەی شەوێ نەهاتبووەوە ، سەرزەنشتی بکات و لێپێچینەوەی لە گەڵدا بکات . زمانی بەسترا ، یەک وشەی لە دەم دەر نەهات . بە چاوانی حایر و حەپەساو لێی ڕاما ، بۆ چەند ساتێک لەجێی خۆی وشک بوو ، وەکو ئەوەی باوەڕی بە گوێی خۆی نە کرد بێت ، ئەوجا بەو پەڕی بێزارییەوە پرسی :- چیت گوت ؟

حوسەین ، کە بە دووچاوی سەرگەردانەوە دەیڕوانییە بەردەم خۆی و بە دەنگێکی گڕ گوتی :

- عەباس حلو کوژرا ! ... ئینگلیزەکان کوشتیان !

حوسەین ، تفەکەی دەمی قووت دایەوە ، ئەوجا ئەو قسانەی ،کە دوێنێ بە دەم ڕێوە لە موسکی و بەر لە ڕۆژئاوا عەباس بۆ ئەمی کردبوو ، هەمووی لە نووکەوە بۆ بابی گێڕایەوە و بە دەنگێکی توند و پەرێشان گوتی :

- منی برد تا ئەو مەیخانەیەم نیشانبدات کە ئەو کیژە هەرزە و شەڕەنگێزە بەڵێنی دابوویە کە لەوێندەر یەکدی بدینن ، کە ئێمە گەیینە بەر دەرگای مەیخانەکە ، عەباس ئەو هەرزەیەی لە ناو کۆمەڵێک سەربازی مەستا بینی کە بەزمیان دەگێڕا ، ئیدی خوای نەما ، ئاگای لە خۆی نەما ، بە پرتاو خۆی بە مەیخانەکەدا کرد ، پێش ئەوەی من فریا بکەوم کە بزانم بە نیازی چییە ، بوتڵێکی بە تاڵی خێواندێ و دەم و لووتی پڕ کرد لە خوێن . سەربازەکان هاڕوژان و دە- دە بە سەریا دابارین و گرتیانە بن مست و لەقە و تا جووڵا ، جووڵاندیان و حەیاتیان لە بەر بڕی .

بە ڕقەوە کۆڵە مستی گوشی و ددانەکانی لێکدی سوون و بە تووڕەیی گوتی :

- نەحلەت لە شەیتان ! ... هیچ کارێکم لە دەست نەهات کە فریای بکەوم ! دەیان سەرباز بەر دەرگاکەیان تەنی بوو ... ئاخ ئەگەر دەستم لە گەرووی یەکێک لەو سەربازە مەلعوونانە گیر دەبوو ..

هەرچەندە ڕووداوەکەی بیر دەکەوتەوە دڵی دەگوشرا و گڕی تووڕەیی لە ناخیا پتر بڵێسەی دەسەند . بۆیە پەنای بۆ کۆڵانەکە هێنا بوو ، تا هەستی شەرمەزاری لە خۆی بڕەوێنێتەوە ، بەڵام وەستا کەرشە دەستی دا بە یەکدا وگوتی:- لا حەولە وەلا قوەتە ئیلا بیلا ... ئەدی چیتان لێکرد ؟

- دوای ئەوەی کار لە کار ترازا ، هەنگێ پۆلیس هاتن و مەیخانەکەیان گەمار دا ، بەڵام دوای چی ؟ جەندەکەکەیان بۆ (قەسرل عەینی) برد و ژنە هەرزەکەشیان نایە ناو ئەمبولانس ..

وەستا کەرشە بە پەرۆشەوە پرسی :- باشە ئافرەتەکە کوژرا ؟

حوسەین ، کە ڕق لە دەروونی سەری دەکرد گوتی :

- باوەڕ ناکەم ... پێموا نییە جەزرەبەکە کوشندە بوو بێ ! ... ئەم گەنجە داماوە بە خوت و خۆڕایی تیاچوو !

- ئەدی ئینگلیزەکان ؟

حوسەین ، بە کەسەرەوە گوتی :

- کە ئێمە بەجێمان هێشتن پۆلیس دەوری گرتبوون ، بەڵام کێ دەتوانێ دەستیان بۆ بەرێ ؟

وەستا کەرشە ، دووبارە دەستەکانی بە یەکدا دان وگوتی :

- انا للە وانا الیە ڕاجعون ... باشە خانەوادەکەی بەم هەواڵە ناخۆشەیان زانیوە ؟ یەکسەر بڕۆ ( خرنفش) و خاڵی ، یانی حوسەین قەباقیبی لە مردنەکەی ئاگادار بکەوە ، خواستی خوا ڕەتکردنەوەی نییە .

حوسەین ، بە سەر ماندووییەتی و شەکەتی خۆیدا زاڵ بوو ، هەستا و لە چاخانەکە وەدەرکەوت ، هەواڵەکە بڵاوبووەوە ، وەستا کەرشە ئەو حاڵ وحیکایەتەی کە کوڕەکەی گێرایەوە ، جارەهای جار بۆ ئەو کەسانەی کە پرسیاریان لێدەکرد ، دووبارە کردەوە . ئیدی هەواڵەکە کەوتە سەر زاران ، هەر کەسە و بەکەیفی خۆی شتێکی بۆ زیاد دەکرد . هاپۆ کامیل بە لارەلار هات بۆ چاخانەکە کە هەواڵەکەی بیست دڵی داخورپا ، خۆی پێنەگیرا ، خۆی دا بە سەر تەختێکا و وەکو منداڵ ، لە هۆڕژنی گریانی دا ، گریا ئەمما گریان ، باوەڕی نە دەکرد ، ئەو گەنجەی کە

— کفنی بۆ ئەم ئامادە کرد بوو — لە ژیاندا نەمابێ ، کە هەواڵەکە گەییە داکی حەمیدە ، بە شێوەن لە ماڵ هاتەدەرێ ، هەندێ لەوانەی کە دیتبوویان ، دەیانگوت :" بۆ بکوژەکە دەگریا نەک بۆ کوژراوەکە !" لە هەمووان بە پەرۆشتر ، ئاغای سەلیم عەلوان بوو ، بەڵام خەم و پەرۆشی ئەو بۆ کوڕە جوانە مەرگەکە نەبوو ، بەڵکو لە ترسی مەرگ بوو ، کە باڵی بە سەر کۆڵانەکەدا کێشابوو و بەر دەرکەی پێگرتبوو ، ئەمە ترساندبووی و دوو هێندە دەردی گران کرد بوو ، ئیدی بیرە ڕەش و وێنا سەقەت و نەخۆشەکانی سەریان هەڵدایەوە و خەیاڵاتی گیانەڵڵا و ئاوزینگ و ئاویلکە و قەبر و قیامەت ، ئەعسابیان وێرانکرد . ئیدی نیگەرانی بڕستی لێبڕی ، ئۆقرەی لێبڕا ، لە سەر کورسییەکەی هەستا ، بە ناو کاروانسەراکەدا دەهات و دەچوو . یان سەرێکی دەکێشایە کۆڵانەکە و بە ترسەوە تەمەشایەکی ئەو دووکانەی دەکرد ، کە ساڵانێکی زۆر دووکانی عەباس حلو بوو .

سەلیم عەلوان — کە بەو گەرمایە - خۆی لە ئاوی سارد مەحرووم کردبوو ، بە خزمەتکارەکەی گوت کە ئاوی خواردنەوەکەی ، وەکو زستان بۆ گەرم بکات . ئیدی چەند سەعاتێکی بە ترس و لەرزەوە بردە سەر و گریانەکەی هاپۆ کامیلیش زۆر ئازاری دا .

***

ئەم بڵقەش ، وەکو بڵقەکانی پێشوو تەقی و نیشتەوە . کۆڵانی میدەق وەکو خووی هەمیشەیی خۆی بە دەم فەرامۆشی و بێموبالاتییەوە دریژەی بە ژیان دا . وەکو هەمیشە بەیانیان — ئەگەر بەڵایەک بە رۆکی بگرێ — دەگری و شەوان قاقا پێدەکەنێ و لەم فاسیلەیشدا ، لە بەینی ڕۆژ وشەوا دەرگا و پەنجەران دادەخرێن و دەکرێنەوە و پاشان دادەخرێن . لەم ماوەیەدا هیچ پێشهاتێکی بەرچاو رووی نەدا ، تەنیا ئەوە نەبێ کە خا سەنیە عەفیفی هەردوو پێی کردبووە تاکێ کەوشەوە ، کە شوقەکەی دوکتۆر بۆشی ، کە کەوتبووە زیندان ، بۆ چۆڵ بکەن ، ئیدی هاپۆ کامیل ، خۆ بەخشانە چووە ژێر باری ئەوەی کە کەلوپەل و ئەوزار و ئامێرە پزیشکییەکانی بەرێتە شوقەکەی خۆی . خەڵکی ئەم هەڵوێستەی هاپۆ کامیلیان بەوە لێکدایەوە کە هاپۆ کامیل ، چونکە فێری تەنیایی نەبوو ، حەزی کردووە دوکتۆر بۆشی بەرێتە لای خۆی . کەسیش ئەم هەڵوێستەی لێ بە عەیب وئیراد نەگرت ، بەڵکو بە پیاوەتیشیان لە قەڵەم دا ، چونکە لە میدەقدا ، زیندانی بوون ، بە عەیبە نە دەژمێڕدرا و کەسی پێ سووک نە دەبوو .

لەو ماوەیەدا ، باسی ئەوە دەکرا کە داکی حەمیدە ، پەیوەندی بە کچەکەیەوە کردووە و کچەکەی لە حاڵی چاکبوونەوە و بوژانەوە دایە . باسی ئەوە دەکرا ، داکی حەمیدە خەون بەوەوە دەبینێ کە سوود لەم گەنجە چەورە بدینێ . لە پڕ سەرنجی کۆڵانەکە لە سەر ماڵە قەسابێک گیرسایەوە ، کە هاتبوونە ناو شوقە چۆڵەکەی دوکتۆر بۆشی . ئەم ماڵباتە بریتی بوو لە کاورای قەساو و ژنەکەی وحەت منداڵ کە یەکێکیان کیژێکی جوان بوو ، کە

حوسەین کەرشە دەربارەی ئەم کیژە گوتبووی شەڕ لە گەڵ مانگدا دەکات . بەڵام کە کاتی گەڕانەوەی سەید ڕەزوان حوسەینی لە وڵاتی حیجاز نزیک بووەوە ، ئیدی کەس جگە لە ڕۆژی هاتنەوەی ئەو بیری لە هیچی دی نە دەکردووە ، دەر ودیواریان ڕازاندەوە ، ئاوێزە و بەیداخیان هەڵواسی ، ڕێگەو بانی کۆڵانەکەیان چەو ڕێژ کرد ، هەر هەموو بە ئومێدی شەوێکی پڕ خۆشی و شادی ئەوتۆ بوون کە بە داستان بگێڕدرێتەوە .

ڕۆژێک شێخ دەروێش ، هاپۆ کامیل دەبینی کە شۆخی و سوعبەت لە گەڵ دەلاکە پیرەکەدا دەکات .

سەری بۆ میچی چاخانەکە هەڵبڕی و بە دەنگی بەرز گوتی :

بۆیە بە ئینسان گوتراوە ئینسان چونکە فەرامۆشکارە

بۆیە بە دڵ گوتراوە دڵ ، چونکە لە حاڵی گۆڕانە

یان :

بنیادەمێ کە فەرامۆش نەکات ، بنیادەم نییە

دڵێ کە نە گۆڕێت دڵ نییە .

هاپۆ کامیل ڕووی گرژ بوو ، ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما ، چاوەکانی تەژی ڕوندک بوون ، بەڵام شێخ دەروێش بە بێ موبالاتی هەر دوو شانی تەکاندا و لە کاتێکا هێشتا هەرچاوی لە بن میچەکە بوو، گوتی :

ئەوەی ئاشقە دەبێ بە خەمەوە بمرێ

ئەشق چییە گەر ئاکامەکەی مەرگ نەبێ !

ئەوجا ئاهێکی هەڵکێشا و بە دەنگێکی گیراو لە سەری ڕۆیی :

– ئەی خانمی خانمان ... ئەی دابینکەری پێویستیان ... ڕەحمەت ڕەحمەت ئەی ئەهلی بەیت ، بە خوایەتی خوا تا ماوم سەبر دەکەم . ئایا هەموو شتێک کۆتاییەکی نییە ؟! با هەموو شتێک کۆتاییەکی هەیە ... کە بە ئینگلیزی (end ) ی پێدەڵێن و سپێڵەکەشی دەکاتە : ئی . ئێن ، دی .

***

ڕۆژی ٢٠١٨/٩/٩ لە سلێمانی ، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە ...ح.ع

حەمە کەریم عارف

❊ کەرکووکییە و لەساڵی ١٩٥١دا لەدایک بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

❊ جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووک،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

❊لە ساڵی ١٩٧٤ — ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێک لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆک، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆک ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆک،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆک، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی

٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ — بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوک
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆک، چیخۆف،چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێک دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوک
٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوک
٢٥- میوان، چیرۆک،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١
٣١ —کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨
٣٢- چینی کۆن، چ١ ( )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆک بۆ منداڵان، یەلماز گونای

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێک لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی — کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١ (٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاک لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ (١)،٢٠٠٥

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزمودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەک لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١ (٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فوئاد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، (چ١) ٢٠٠٦

٧٤- شیعر کوژی..حەمە کەریم عارف، چ١/ ٢٠١٠/کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک، ژمارە (٧٠)

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆک، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوک

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم ()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، (جانتا) کۆچیرۆک، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە، حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل ال×وت و ق×× اخری، تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارک توین

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران  حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من     ڕۆمان، فریبا وفی
٩٣- نامەکانی تولستۆی
٩٤- جەمیلە، ڕۆمان     جەنگیز ئایتماتۆف
٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد
٩٦- الرحيل الدامی....تقديم وترجمه: جلال زنگابادی
٩٧- کۆڵوانە سوور... کۆچیرۆک بۆ منداڵان
٩٨- ئەو پیاوەی کە سێبەری خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ
٩٩- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
١٠٠- با خەییام باش بناسین /جەلال زەنگابادی
١٠١- دۆزەخی پیرۆز، ڕۆمان ،برهان شاوی
١٠٢- من و نەنکم و ئیلاریون و ئیلیکۆ / ڕۆمان / نودار دومبادزە
١٠٣- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستویفسکی
١٠٤-مێژووی ڕۆمانی تورکی
١٠٥- دیوار...کۆچیرۆک................کۆمەڵێک نووسەر
١٠٦- کۆکۆرۆ...............ڕومان.........ناتسومی سوسکی
١٠٧- کانییە قارەمان....کۆچیرۆک بۆ مێرمنداڵان /حەمەکەریم عارف
١٠٨- ئەودیوی مەرگ...........حەمەکەریم عارف/چ١٢٠٠١/ موکریانی
١٠٩- قاوشی ژمارە شەش/ چیخۆف/ پێشەکی و پاچڤەی: حەمەکەریم عارف
١١٠- گەمژە، ڕۆمان، دوو بەرگ، دۆستۆیفسکی
١١١- دەربارەی هۆزان و هۆزانڤانی...
١١٢- ساڵنمای ژیان و بەرهەمی...
١١٣- تاراس بۆڵبا/ ڕۆمان/ گۆگۆل
١١٤- لە زمانی چیرۆکنووسانەوە
١١٥- جیهانی چیرۆک ( کۆمەڵێک دەق ورەخنە)
١١٦- ڕۆبینسۆن کرۆزۆ/ ڕۆمان/ دانیل دیفۆ
١١٧- هەزار پیشە...............حەمەکەریم عارف
١١٨- چیخۆف...هنری ترۆیا
١١٩- دۆنی ئارام/١
١٢٠- دۆنی ئارام/٢
١٢١- دۆنی ئارام/٣

١٢٢- دۆنی ئارام/٤
١٢٣- دەربارەی ئۆدێسە
١٢٤- دەربارەی نامۆکەی ئەلبیر کامۆ
١٢٥-ژیان و بەرهەمەکانی دۆستۆیفسکی
١٢٦-گەنجینەی ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهان
١٢٧-بەنگکێشێکی عەودالی بەهەشت"ڕۆمان"
١٢٨- سێو و سیمرغ" کۆ حیکایەت"
١٢٩- بیرەوەرییەکانی ئانا گریگۆریڤنا دۆستۆیفسکی
١٣٠-پوشکین سەرقافڵەی ئەدەبی ڕووسی
١٣١-گۆگۆڵ،دامەزرێنەری ریالیزمی رەخنەیی
١٣٢-ڕەبەنێکی ڕەشپۆش، چیخۆف
١٣٣- کەنیزۆ ،کۆمەڵێک چیرۆکی هەڵبژاردەی فارسی
١٣٤- داستانی بەرخودان ، ن: ئەشرەفی دیهقانی .
١٣٥- جیرۆکی شاریک ، رۆمان ، ئەحمەد مەحموود.
١٣٦- مردووی زندوو ، ڕۆمان ، هنری ترۆیا
١٣٧- کۆلانی میدەق، رۆمان، نەجیب مەحفوز